تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

جەمال نەبەز

زنجیرەی سەمینارەکان و کۆڕە زانستییەکان
(ژمارە ٢)

ناسنامەو کێشەی ناسیۆنالی کورد

لە چەند سەمینارو کۆڕێکی زانستیدا

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

چاپی یەکەم : بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە - (لەندەن) 2002
چاپی دووەم : بڵاوکراوەی کتێبفرۆشی سۆران - (هەولێر) 2007

کۆبەرهەم
ژمارە (٤)
زنجیرەی سەمینارەکان و کۆڕەزانستییەکان
ژمارە (٢)

جەمال نەبەز

ناسنامەوکێشەی ناسیۆنالی کورد

لە چەند سەمینارو کۆڕێکی زانستیدا

چاپی یەکەم: بلاۆکراوەی بنکەی کوردنامە - لەندەن ٢٠٠٢
چاپی دووەم: بلاۆکراوەی کتێبفرۆشی سۆران - هەولێر ٢٠٠٧

بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران - هەولێر
زنجیرەی ژمارە (٧٧)

ناوی کتێب: ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد

نووسەر: جەمال نەبەز

شوێنی چاپ: هەولێر: چاپخانەی منارە

ساڵی چاپ: چاپی یەکەم (بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە - لەندەن ٢٠٠٢)

چاپی دووەم (بڵاوکراوەی کتێبفرۆشی سۆران - هەولێر ٢٠٠٧)

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ پێی دراوە.

کتێبفرۆشی سۆران

هەولێر: بازاڕی کتێبفرۆشان - نزیک دادگا

ت: ٢٢٢١٤٢٠ - ٤٤٩٩٦٦٠

soranbook@yahoo.com

ناوەرۆک

پێوەندارێتیی کوردی 1

دۆزی ناسیۆنالی کورد 75

کوردستان 179

کورد و شۆرش 227

بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد 259

چەند وشەیەک بۆ ئەم چاپە نوێیە

لەوەتەی چاپی یەکەمی "پێوەندارێتیی کوردی" و "دۆزی ناسیۆنالی کورد" بڵاوکراونەتەوە خەڵکانێکی یەکجار زۆر داوای لەچاپدانەوەیان دەکەن، هەروەها داوای دەقی چاپکراوی سەمینارەکانی دیکە دەکەن کە هێندێکیان ڤیدیۆی ئەو سەمینارانەیان دیوە و دەیانەوێ بە نووسینیش بە دەستیانەوە بێ. لەبەر ئەوە بڕیار درا کە ئەم پێنج سەمینارە کە هەریەکەیان بەبۆنەیەکی تایبەتی و لە کاتێکی تایبەتی و لە شوێنێکی دیکەدا پێشکێش کراون، پێکەوە لە بەرگێکدا چاپ بکرێن.

ئەوەی لێرەدا گوتنی بە پێویست دەزانم ئەوەیە سوپاسێکی پڕ بەدڵی هاوبیری هێژا و خۆشەویست سیروانی کاوسی بکەم کە (بێجگە لە سەمیناری پێوەندارێتیی کوردی وسەمیناری دۆزی ناسیۆنال) هەموو سەمینارەکانی دیکەی خستە سەر کۆمپیوتەر و ئامادەی کردن بۆ چاپ بێجگە لەوەش بیری کۆکردنەوەی بەرهەمەچاپکراو وچاپنەکراوەکانم لە سەرەتاوە هەر پێشنیازی ئەو بوو کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی گرانی ئامادەکردنیانی بۆ چاپ خستە سەرخۆی، هەروەها سوپاسی هاوبیرانی هێژا و خۆشەویست جەوادی مەلا و دکتۆر ئاشتی دەکەم کە مشووری خستنە سەر کۆمپیوتەری "پێوەندارێتیی کوردی و دۆزی ناسیۆنالی کورد"یان خوارد. بنکەی کوردنامەش کە دەستکردی هاوبیر جەوادی مەلایە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی خستە سەرخۆی.

هیوام وایە بەم کارە خزمەتێکی رۆشنبیریی کوردیمان کردبێ.

بەرلین ١٦/٣/٢٠٠٢ جەمال نەبەز

جەمال نەبەز

پێوەندارێتیی کوردی
کورد کێیە و کورد بوون مانای چی؟

لێکۆڵینەوەیەکی
زانستانە
لە
ناسنامەی گەلێکی لەتلەتکراوی
نیشتمان دابەشکراوی بێ دەولەت

وتارێکی سەمینارییە، لە رۆژی ٢٧-١٢-١٩٨٥ دا لە کۆبوونەوەیەکی چەند سەت کەسی کوردە ئاوارەکانی دانیمارکدا پێشکێش کرا. ژمارەیەک کوردی دانیشتووی سوید و ئەلمانیا و بەریتانیاش بەشدارییان تێدا کرد.

چاپی یەکەمی: ستۆکهۆلم ١٩٨٦ - چاپی دووەم: لەندەن ٢٠٠٢

(١) سڵاوو کردنەوەی سەمینار

بەشدارانی بەڕێزی سەمینار! خۆشییەکی زۆر گەورەیە بۆ من کە ئەمڕۆ لێرە بە خزمەت ئێوە دەگەم. لە کانی دڵەوە سوپاستان دەکەم کەوا بەم ژمارە زۆرەوە هاتوون بۆ بەشدار بوون لە وتارەکەمدا، کە ڕەنگە بەشێکی هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ گرنگیی باسەکە خۆی بەلای ئێوەی کوردەوە. هەر لێرەدا سوپاسێکی گەرمی لکی دانیمارکی (سۆکسە) دەکەم کە منی بۆ گێڕانی ئەم سەمینارە بانگ کرد، و ڕێی داپێم تاکو وتارێک لە بارەی مەسەلەی کوردەوە پێشکێش بکەم، بێ ئەوەی لەوە پێش باسێکی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆم، منیش دەرفەتم لە سەربەستیی خۆم هانی و "پێوەندارێتیی کوردی"م هەڵبژارد، کە هیوام وایە سووتێک بە گوێگران بگەیەنێ.

(٢)- چوونە نێو باس
کورد کێیەو کورد بوون مانای چییە؟

ئەم پرسیارەی سەرەوە هەر لە دەرەوە، واتە لە "ناکورد" وە نایەت، بەڵکو زۆرجار گەلێک لە کوردەکان خۆشیان دەیکەن، بەڵام بەداخەوە وەرامێکی ژیرپێژانەی وا کەوا دڵ ئاو بخواتەوە پێی؛ نادرێ بە دەستەوە. بەڕاستی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە پێوەندیی بە ناسنامەی کۆمەڵە خەڵکێکەوە هەیە کە خۆیان نەک هەر بە "گەلێک"، بەڵکو بە "نەتەوەیەک"یش دادەنێن، ئەوجا بێگانەش هەن کە هەر بەو جۆرە تێیان دەڕوانن و تێیان دەگەن. جا ئەم "گەل"ە، یان ئەم "نەتەوە"یە؛ نەک هەر لە دەزگەی دەوڵەتیی خۆی بێ بەشەو بەس؛ بەڵکو بە سەر پێنج دەوڵەتی بێگانەی ناسیۆنالی سیستێم جیاوازیشدا دابەشکراوە. بێجگە لەوەش ئەم "گەل"ە یان ئەم "نەتەوە"یە، هەر لە سنووری ئەو نیشتمانە پارچە پارچە کراوەدا ناژی کە بە کوردستان ناسراوە، بەڵکو بڕێکی وەک "کەمایەتی" یەک لە دەرەوەی ئەو وڵاتەدا دەژی، سا یان بە پەرشو بڵاوی لەم لا و لەولا، یان بە گەلە کۆمەڵی لە هەوارێکی داخراودا، ئەمانە هەموو مەسەلەی دیاریکردنی ناسنامەی کوردبوون ئاڵۆزتر و سەختتر دەکەن.

ئێمە کە هاتینە سەر باسی ناسنامەی کوردبوون؛ مەبەستمان لەو "وەک یەکی"یە، یان ئەو "چۆن یەکی"یە پڕ بە پڕەیە کە لە نێوان پێناسەی تاکە تاکەی کورددا هەیە، و دەیانکاتە کۆمەڵگەلێکی وەک یەکی هاو ئاهەنگ. جا بۆ ئەوەی ئێمە نەخشەی پێوەندارێتییەکی کوردی بکێشین بە جۆرێکی وا گشت ئەوانە بگرێتەوە کە زاراوەی "کورد" دەیانگرێتەوە؛ پێویستە لە سەرمان جارێ پێناسە، یان پێناسەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بە "کورد" نێو دەبرێن دەستنیشان بکەین... شایانی باسە کە کاتێک مرۆڤ خەریکی ناسنامەی کۆمەڵە خەڵکێک بوو، وەک کورد، ناچار تووشی چەند زاراوەیەکی ئێتنۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و پۆلیتۆلۆژی و یاسایی وەک ئێتنۆس Ethnos و "گەل" و "نەتەوە" و "کەمایەتی" و "گەلی دەوڵەتدار" و "گەلی لاتەنیشت" دەبێ؛ کە ئەم زاراوانەش وەنەبێ هەر یەکە تاریفێکی رێکو پێکی براوەی سنوور دیاری لە هەموو لاوە دانپێدانراوی هەبێ، بەڵام ئەوەی لەم وتارە سەمینارییەدا لە هەموو شتێک گرنگتر خۆی دەردەخات، ئەو پێناسە خۆزا (طبیعي)یانەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی "کوردێک" لە "ناکوردێک" جیا بکرێتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بێژم، کاتێک بە ناسنامەیەک دەگوترێ ناسنامە، ئەگەر هاتو ئەو ناسنامەیە لە لایەن خاوەن ناسنامە و خەڵکیشەوە دانی پێدا نراو پەسەند کرا. بۆ وێنە؛ ئەگەر یەکێک نێوی "تاڤگە" بوو، دەبێ بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی بە نێوی "تاڤگە"وە بۆ دەربکرێ، جارێ ئەو کەسە خۆی خۆی بە "تاڤگە" بداتە ناسین، و ئەوجا خەڵکیش هەر بە نێوی "تاڤگە"وە بیناسنەوە. جا چونکە ئێمە ئێستە باسی "ناسنامەی کەسی" (تاکی) دەکەین، خراپ نییە ئەگەر لەسەر ئەم باسە کەمێک بڕۆین، و هێندێک لە گیروگرفتەکانی بخەینە بەر چاو، چونکە ئەوە بۆ مەسەلەی "ناسنامەی کۆمەڵی" بەکارمان دێ، بۆ ئەمەش دەمەوێ وا دابنێم، ئەو کەسەی کە نێوی "تاڤگە"یە، دێ و بە ئارەزووی خۆی نێوی خۆی لە "تاڤگە"وە دەگۆڕێ بە "رێگە"، و خەڵکیش ئەمجا بە "رێگە" نێوی دەبەن. ئەو دەمە، تایبەتکارە بابەتییەکانی ناسنامەی ئەو کەسە نایەنە گۆڕین، ئەگەرچی هێندێک لە پێناسە نابابەتی یەکانی گۆڕانیان بەسەردادێ.

چونکە بە گۆڕینی نێوەکە، سروشت و ماکی (ذات) ئەو کەسە، وەک کەس،

لەگەڵ سروشت و ماکی کەسی دیکەدا "وەک یەک"یان لێناکرێ، تەنانەت ئەگەر هێندێکیش هەبن، پاش گۆڕینی نێوەکەش هەر بە "تاڤگە" نێوی ببەن، و هێندێکیش بە "ڕێگە"؛ ئەوا مەبەست هەر هەمان کەس و هەر ئەو کەسەیە، جاری واش هەیە دەبینین هی واهەن لەماڵەوە و لەنێو خێزانی خۆیاندا نێوێکیان هەیە، کەچی لەدەرێشەوە و بە ڕەسمی نێوێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسە هەر ئەو کەسەیە و پێناسە بابەتییەکانی ئەو کەسە دەسکاری نەکراوە. وێنەیەکی دیکە: زۆر جار ڕوودەدات کاسبکارێک دەچێت چێشتخانەیەک دادەمەزرێنێ، و خۆی نێوێک دەدۆزێتەوە بۆی و بە ڕەسمی وای نێو دەنێ، کەچی خەڵکەکە نێوێکی دیکەی لێ دەنێن و هەر بەو نێوەشەوە دەیناسنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێناسە بابەتییەکانی بابەتەکە (چێشتخانەکە) هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە و نابێتە شتێکی دی، هەتا خەڵکەکە چێشتخانەکە هەر بە (چێشتخانە) بناسنەوە و بە شتێکی دیکەی نەدەنە قەڵەم، بۆ وێنە: هۆتێل، یان فرۆشگە، یان گەرماو. ئەم نموونانە بەسەر ئەو کۆمەڵگە ئێتنیيانەیشدا دەچەسپێن کە بە "ئێتنۆس" یان "گەل" یان "نەتەوە" دەدرێنە قەڵەم. بۆ وێنە ئەڵمانەکان بە خۆیان دەڵێن "Deutsch"، کەچی کورد و گەلێک خەڵکی دی پێیان دەڵێن "ئەڵمان". ئەمەش بە هیچ جۆرێک لە پێناسە بابەتییەکانی گەلی نێو براو (ئەڵمان) ناگۆڕێ، چۆنکە نێونان (واتە ناسینەوە)ی "دۆیچ" بە "ئەڵمان" لەلایەن هێندێک خەڵکەوە، هیچ تایبەتکار و سروشتێکی دیکە ناخاتە سەر "دۆیچ"... هەروەها زۆرینەی زۆری کورد بۆ نێونانی خۆیان، لەپاڵ بەکارهێنانی وشەی "کورد"دا وشەی "کورمانج"یش بەکار دەبەن، بەڵام کە تۆ "کوردێک" بە "کورمانج" بانگ دەکەیت، ئەوا بەم کارەت هیچ جۆرە پێناسەیەکی بابەتانەی کورد دەستکاری ناکەیت، و هیچ بابەتکار و سروشتێکی تازە ناخەیتە سەری، چۆنکە "کورد" و "کورمانج" هەردووکیان پڕ بە پرییەکن و بۆ یەک "بابەت" بەکار دێن. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر تۆ بە "کورد"ت نەگوت "کورمانج" بەڵکو گوتت "ترکی چیا" یان "عەرەبی چیا" یان "فارسی چیا" ؛ ئەوا دیارە ئەو دەمە پێناسە بابەتییەکانی کۆمەڵگەلێکت دەستکاری کردووە، کە لەلایەن خۆیان و خەڵکەوە هەر بە "کورد" یان

"کورمانج" دەدرێنە قەڵەم، سەبارەت بەوەی سروشت و تایبەتکاری دیکەت خستووەتە سەری، و ئەوسا ئەمەش لە مەسەلەکە دەگۆڕێ، جا کە تۆ دەبیژیت "ترکی چیا" و "فارسی چیا" و "عەرەبی چیا" ئەوا هەموو جارێک نێوی ترک و فارس و عەرەب بەکار دەبەیت، کە ئەمانە هەر یەکەیان نیشانەی کۆمەڵگەلێکن کە تایبەتکاری بابەتانەی خۆیان هەیە، جیا لە تایبەتکارە بابەتییەکانی کورد. ئەمەش خاڵانەی ئەوەیە کوردێکی گوندیی ئەرزڕۆم کە بەدرێژاییی ژیانی هەر گوندەکەی خۆی و چەند کاربەدەستێکی ترکی دیتبێ و لەپڕ بووبێ بە "کرێکاری میوان" لە ئەڵمانیا و لە کارگەیەکدا بۆ یەکەمین جار چاوی بە ئەڵمان کەوتبێ و پێیان نەڵێ "دۆیچ" یان "ئەڵمان"، بەڵکو پێیان بڵێ "ترکی ئەورووپا"، ئەو حەلە ئەمە دەبێتە دەستکاریکردنی تایبەتکارە بابەتییەکانی ئەوانەی لەلایەن خۆیان و خەڵکەوە بە "دۆیچ" و "ئەڵمان" ناسراون. هەرچەندە ناسنامەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی لەنێوان "تێڕوانینی خۆیی و تێڕوانینی بێگانەدا سەر هەڵ دەدات(١)، بەڵام بە تاقی کردنەوە دەرکەوتووە کە لە نێوان ئەم دوو تەوەرەیەدا، کارکردنە سەر یەکدی بەردەوامە و هێندێک جاریش تێڕوانینی خۆیی زۆر کار دەکاتە سەر تێڕوانینی بێگانە و بەجارێک دەیگۆڕێ. بۆ وێنە: ئەگەر یەکێک نێوی "ئازاد" بوو، بەڵام چەند کەسێک حەزیان لە نێوەکەی نەکرد و بە نێوی "مراد"ەوە بانگیان کرد، ئەوسا ئەگەر ئەو کەسە بە هیچ جۆرێک بە "مراد" وەرامی نەداوە، و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە نێوی "ئازاد"ە؛ ئەوا ڕۆژێک دێ ئەو چەند کەسە ناچار دەبن بە "ئازاد" بانگی بکەن. سوور بوونی کوردیش، لەپاڵ بوونی دەسەڵاتێکی لەباردا، لەسەر ئەوەی "ترکی چیا" یان "فارسی چیا" یان "عەرەبی چیا" نین، بەڵکو کۆمەڵگەلێکی سەربەخۆن، وا لەو بێگانانە دەکات کە بەو جۆرە نێوی دەبەن؛ زوو یان درەنگ بەو جۆرەی کورد خۆیان دەیانەوێ دەستنیشانیان بکەن. کەواتە کە ئێمە باسی کورد دەکەین مەبەستمان کۆمەڵە خەڵکێکە کە هێندێک تایبەتکاری بابەتانەی خۆیان هەیە. ئەم تایبەتکارانە ئاوێتەی یەک بوون و هەمووش پێکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەلەکەیان کردووە بە کۆمەڵگەلێکی جیاواز لە کۆمەڵگەلانی دی. ئێستە با بزانین ئەو تایبەتکارانە چین؟

(٣) - تایبەتکارەکانی کوردبوون:

(أ) - زمان

ئەوانەی بە "کورد" دادەنرێن، بەگشتی بە زمانێک قسە دەکەن کە بە "زمانی کوردی" یان "زمانی کورمانجی" بەنێوبانگە. ئەم زمانە سەرەڕای ئەوەی بووەتە دوو شێوەی سەرەکی و دوو شێوەی لاتەنیشت و چەند زارێکەوە (٢)، کە هێندێک جیاوازیی مۆرفۆلۆژییانە و فۆنێتیکیانە و لێکسیکالانەیان تێ کەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانییانەی تا ئێستا لەبارەی زمانی کوردی یەوە کراون؛ گومانیان لەوەدا نەهێشتووەتەوە کە "کوردی" زمانێکی سەربەخۆیە. هەرچەندە زانا و زانستکار و رۆشنبیرانی کورد لە سەتەکانی رابوردوودا زۆر کەمتەرخەمییان بەرامبەر زمانی زگماکی خۆیان نواندووە، و بەرهەمەکانیان بەزۆری، بە عەرەبی و فارسی نووسیوەتەوە(٣)، بەلاّم لە قوتابخانە و زانستگە ئاینییەکانی کوردستاندا، زمانی کوردی زمانی تێگەیاندن بووە، با سەرچاوە و کتێبەکانیش بە کوردی نەبووبن. هەروەها جەماوەری گەل، بەلایەنی کەمەوە، دوو هەزار ساڵەیەکە، زمانی کوردیی بۆ قسەکردن و لەیەک گەیشتن بەکار هێناوە و پاراستوویەتی.

لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ گەلێک هەوڵدراوە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی بۆ کاروباری خوێندن و رۆژنامەگەری و رادوێ، هەر لەسەرەتای ئەم سەتەیەشەوە و تا ئێستە، هەوڵدان بۆ ناسینی زمانی کوردی بەڕەسمی لەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان لە خۆیان بەشکردووە، بووە بە سەرپەڕەی داخوازییەکانی جەماوەری کورد و هەموو حیزب و رێکخراو و بزووتنەوە سیاسییەکانی. ئەمڕۆ زمانی کوردی لەلایەن جەماوەری کوردەوە زۆر نرخی پێدەدرێ، و بە پێناسەیەکی یەکجار گرنگ بۆ "بوونی کورد" و "کوردبوون": دەدرێتە قەڵەم. کوردی واش هەن پێیان وایە کە کورد هەر هێندە کوردە، تا زمانەکەی ماوە، کە زمانەکەی تەما، خۆشی نامێنێ. کەواتە یەکێک لەو تایبەتکارانەی کە کوردێک لە "ناکوردێک" جیا دەکرێتەوە پێی؛ زمانە. بەم پێیە دەبێ کورد ئەو کەسە بێ کە بە زمانی کوردی قسەدەکات. جا ئەگەر

ئەمە وابێ، و هەر کەسێک کە بە کوردی قسەی کرد، کورد بێ، دەبێ هەر کەسێک کە نەیتوانی بە کوردی قسە بکات، کورد نەبێ. وادیارە تەنانەت لە رابوردووشدا کوردی وا هەبوون، ئەگەر کوردێک زمانی کوردی نەزانیبێ، "مافی پێوەندارێتی"یان پێ ڕەوا نەبینیوە و لێیان سەندووەتەوە. بۆ وێنە: بیرکەرەوە و هۆنەری نەتەوەئەڤینی کورد بەهەشتی حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٢) لە سەتەی رابوردوودا گوتوویەتی: ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی؛ موحەققەق داکی حیزە و با بی زانی(٤). هەرچی تاقیکردنەوەی رۆژانەشە، ئەوا ئەم فەرمانە رەقو تەقە دەداتە دواوە. چۆنکە زۆری وا هەبوون و هەن کە خۆیان بە کورد زانیوە و دەزانن و رازی نابن بەوەی بە ئەندامی هیچ گەلێکی دی دابنرێن جگە لە کورد؛ کەچی زمانی کوردیش نازانن. ئەمانە بە زمانی دیکە قسە دەکەن کە ئەو زمانانە بە "زمانی خۆیان" نازانن، بەلاّم زمانی کوردی کە نایزانن و ناتوانن قسەی پێ بکەن، بە "زمانی خۆیان"ی دەزانن. نیشتمان پەروەری گەورە، شەهید دوکتۆر فوئاد بەرخۆ؛ یەکێک بوو لەو کوردانەی کە لەسەر کوردایەتی لە ساڵی ١٩٢٥ دا لەلایەن رژێمی ترکە کەمالیستەکانەوە لە سێدارە درا، بەلاّم نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکات، کەچی نەزانینی زمانی کوردی، رێی ئەوەی نەگرت لێی لەپێناو کورددا گیانی خۆی ببەخشێ. هەر ئەو "کوردی نەزانە" لەبەر سێدارەدا هەڵبستێکی بە زمانی ترکی رێکخست، لەوێ دا کوردستانی بە باخێکی بەهەشت دانا کە لە باووباپیرانەوە بۆی بەجێ ماوە و فەرمووی: کیمدر بزی منع ایلە یجک باغی جناندن، میراتی پدردر، گیررزخانە بزمدر(٥) واتە: "کێ بێ بتوانێ رێی ئەم باخی بەهەشتە لە ئێمە بگرێ، میراتی باوکمانە و بۆمان بەجێ ماوە، ماڵ ماڵی خۆمانە و دەچینە نێوی". عەلی سەیدۆی گۆرانی (٨.١٩-١٨/٨/١٩٨٢)، سکرتێری ئەنجومەنی یاسادانانی ئەردەنی؛ یەکێکە لەو کوردانەی کە لەنێو عەرەبی ئەردەندا لە دایک بووە و گەورە بووە، و بەهۆی ئەوەوە کە کوردە، هەر لەکاتی قوتابێتییەوە گەلێک خزمەتی مێژووی کوردی کردووە. لە کتێبەکەیدا "من عمان الی العمادیة او جولة في كوردستان الجنوبية" ("لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێک بە کوردستانی خواروودا") دەبێژێ. "کە لە سلەیمانی بووم

لەگەڵ بابا عەلی شێخ مەحموددا بە زمانی ئینگلیزی قسەم کرد، چۆنکە ئەو خەلە زمانی کوردیم نەدەزانی"(٦). ئەمە مانای وایە ئەم کوردە بەنێوبانگە نەتەوەئەڤینە لەسەرەتای ژیانیدا کوردی نەزانیوە. کاتێک کە خۆم لە بەغدا و بەسرە مامۆستای قوتابخانە نێوەندییەکان بووم، واتا لەو دوو شارەی کە دوو مەڵبەندی عەرەبنشینن، بەڵام لە یەکەمیاندا کەمایەتییەکی گەورە کورد هەیە و لە دووەمیشیاندا کورد زۆر هەن، گەلەک جار قوتابی وام دیوە کە بە عەرەبییەکی بێ خەوشی رەوان قسەی کردووە، یەک وشە کوردی نەزانیوە، کەچی لە منی پرسیوە ".. تکایە ئەم وشە عەرەبییە بە "زمانی خۆمان" چی پێ دەڵێن؟" گوتوومە: "مەبەستت لە "زمانی خۆمان" چییە؟ گوتوویەتی: "کوردی". گوتوومە: باشە تۆ کوردی نازانیت، چۆن کوردی زمانی تۆیە؟ بە گەرمییەوە گوتوویەتی: "خۆم کوردم، لەبەر ئەوە کوردی زمانی منە، نەک عەرەبی، ئەز نەعەرەبم"(٧). ئەوەتە ئێستەش دەبینین لە شارەکانی ئەورووپای رۆژاوادا هەزاران خەڵکی ترکیا و ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان و کوێ و کوێ هەن، کە لە ئەستەموول و ئەنقەرە و ئیزمیر و تاران و بەغدا و دیمەشق و بێرووت لە دایکبوون، و هەر بە ترکی و عەرەبی و فارسی دەپەیڤن، کوردی نازانن، کەچی خۆیان بە کورد دەناسێنن، و هەوڵدەدەن "زمانی خۆیان" کە کوردییە فێربن و قسەی پێ بکەن. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ، ئەگەر هاتو یەکێک خۆی بە کورد زانی، ئەوا زمانی کوردی بزانێ و نەزانێ، زمانەکە هەر بە زمانی خۆی دەزانێ. هەروەها ئەگەر بێتو زانینی زمانی کوردی بکرێ بە پێناسەیەکی کوردبوون، ئەوا دەبێ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەوانەی بەخۆیان دەڵێن کورد، و خەڵکیش بە کورد ناسیونی، لە پێوەندارێتیی کوردی بێ بەش بکرێن، هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی زمانی کوردی فێر دەبن، بە کورد نەزانرێن، و کە زمان فێر بوون، ئەوجا پێیان بگوترێ "کورد". ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، هی واهەن کە لە نێوچەیەکی کوردەواریدا لەدایکبوون، و بە کوردییەکی بێ گرێ و گۆڵ دەپەیڤن، ئەمجا وەنەبێ هەر لە کۆڵان و بازێر بە کوردی قسە بکەن، بەڵکو تەنانەت کوردی زمانی ماڵەوەیشیانە، بەڵام کە لێیان دەپرسیت، تۆ کوردیت؟ دەبێژن: "نە. باپیرە گەورەم کاتی خۆی هاتووەتە

کوردستان، و لە کوردستان لە دایکبووم و گەورەبووم و "زمانی خۆم لەبیر چووەتەوە". بەکورتی: ئەگەرچی زمانی کوردی پێناسەیەکی زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی "کوردیبوون"، بەڵام لە هەموو چەڵێکدا راست دەرناچێ. لەبەر ئەوە نابێتە مەرجی بێ چەند و چۆنی پێوەندارێتیی کوردی. شایانی باسە کە دانانی "زمان" بە پێناسەیەکی ناسنامەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی، بەشێوەیەکی گشتی، گیروگرفتی زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە هەموو لایەکەوە بە پێناسەیەکی یەکجار گرنگ و بگرە سەرەکی دادەنرێ. بۆ وێنە: باسی "گەلانی ترک" دەکرێ، و مەبەستیش لەو گەلانەیە کە بە شێوەکانی زمانی ترکی قسەدەکەن. ئەڵمانەکان کەمێک جیاوازی دەخەنە نێوەوە: کاتێک "گەلی ئەڵمان" لە "گەلانی ئەڵمانیزمان" جیا دەکەنەوە. عەرەبەکان هەر کەسێک کە عەرەبزمان بوو؛ بە عەرەبی دەدەنە قەڵەم. کە ئەم سەرنجەش لای عەرەب کۆنە و دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی پەیامبەر(د)؛ کاتێک محەممەد لە وەرامی ئەوانەدا کە چەند سەحابەیەکی ناعەرەبی محەممەدیان - وەک سەلمانی فارس و سوهەیبی رۆمی و بیلالی حەبەشی و...- بەسووک هاتووەتە بەرچاو، چونکە عەرەب نەبوون، لە مزگەوت گوتوویەتی: ".. خەڵکینە خودێ یەک خودێ یە، و باوکیش یەک باوکە، و عەرەبێتی هی هیچ کەسێکتان نییە، لە باوک و دایکەوە. بەڵکو عەرەبێتی زمانە، ئەوی بە عەرەبی قسەی کرد ئەوە عەرەبە(٨). راستییەکەی، ئەوی شارەزای وڵاتی عەرەب بێ! ئەڤرۆ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لوبنانی و جەزایری و مەراکیشی و تونسی و میسری و سۆدانی دەبینێ، کە بە زمانی عەرەبی قسەدەکەن، و کەچی خۆشیان بە عەرەب نازانن، بەڵکو خۆیان بە فینیقی و بەربەری و گۆشینی و قیبتی و.. هتد دەدەنە قەڵەم.

(ب) - بنەچە و رەچەڵەک

لەبارەی بنەچە و رەچەڵەکی کوردەوە گەلێک بیروڕا و وادانان (فرضية) هەیە و وتو وێژ وَ دەمەتەقێ یەکجار زۆرە. ئەمەش وەنەبێ کاری ئەڤرۆ و دوێنێ بێ، بەڵکو لە مێژوودا کۆنە و باسکردنی بنەچە و رەچەڵەکی کورد لە هەزار ساڵێک

پترە. مێژوونووسە عەرەبە کۆنەکان وەک المسعودي (کە لە سالی ۹۵۷/۹۵٦ی ف دا مردووە) لە یەکێک لە کتێبەکانیدا کە نێوی (التنبیه والاشراف)ە؛ بنەچە و ڕەچەڵەکی کورد دەباتەوە سەر عەرەب(۹) و لە کتێبێکی دیکەشدا کە نێوی (مروج الذهب و معادن الجوهر)ە؛ بنەچە و ڕەچەڵەکی کورد دەباتەوە سەر دێو و درنج و جنۆکە و شەیتان (۱۰). ئەبولقاسمی فیردەوسی (ابو القاسم فردوسی) خاوەنی (شاهنامە) کە لە ۹٤۰/۹٤۱ تا ۱۰۲۰؟ ژیاوە؛ بنەچە و ڕەچەڵەکی کوردی بردوەتەوە سەر ئەو گەنجانەی کە لە دەست سەربڕین و مێشک دەرهێنان لەلایەن زوحاک (ئەژدەهاک)ی زۆرداری نەخۆشەوە؛ بەهۆی خێرەوەمەندیی دوو چێشتکەری زوحاکەوە، ڕزگاریان بووە و ڕایان کردووە و داویانەتە کەژوکێو (۱۱). لەم سەردەمەی دواییشدا گەلێک تێبینی لەسەر بنەچە و ڕەچەڵەکی کورد خراونەتەڕوو، هێندێک لەمانە بۆ ئامانجی سیاسی بوون، وەک ئەوەی کە کورد دەبرێتەوە سەر ڕەگەزی عەرەب یان فارس یان ترک، و هێندێکیش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی یەوە پەیدابوون. بەنێوبانگترینی جۆری دووەمیان ئەو هیپۆتیزەیە کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ڤلادمیر مینۆرسکی (۱۸۷۷/۲/۵-۱۹٦٦/۳/۲۵)یەوە پێشاندراوە و کورد دەباتەوە سەر بناوانی ماد، واتە میدیاییەکان(۱۲). کوردەکان خۆشیان بەگشتی ئەم هیپۆتیزە بە ڕاست دەزانن و ئەوەتا تەنانەت مارشی کوردستان کە بە (ئەی ڕەقیب) بەنێوبانگە؛ دەست بۆ ئەم بنەمایە ڕادەکێشێ، کاتێک دەبێژێ: "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی خوسرەوین . . دینمانە، ئاینمانە، نیشتمان". بەکورتی، بنەچە و ڕەچەڵەکی کورد هەرچییەک بێ، کورد خۆی پێی وایە کە ئەم کوردانەی ئەڤرۆش هەر ئەوەی ئەوانەن کە لە ڕابوردوودا کورد بوون. لێرەدا حەز دەکەم بەسەرهاتێکی خۆش بگێڕمەوە بۆتان. بیست سالێک لەمەوبەر جارێکیان لە مەڵبەندێکی خوێندکاراندا لە مۆنیخ (ئەڵمانیا) وتارێکم لەبارەی ڕۆژهەلاتەوە دەخوێندەوە بۆ خوێندکارە ئەڵمانەکان و باس هاتە سەر بنەچە و ڕەچەڵەکی کورد. هێندێک لەو ئەڵمانانانەی لەوێ بوون چەند شتێکیان لەسەر کورد خوێندبووەوە، و حەزیان دەکرد زۆرتر دەمەتەقێ لەسەر بنەڕەتی کورد بکەن. یەکێکیان زۆر

لەسەر ئەوە سۆر بوو کە کورد دەچنەوە سەر "خۆڕییەکان". یەک دوو کوردیش لەوێ بوون، کە ڕەئیان جۆرێکی دی بوو. دەمەتەقێ کەمێک درێژەی کێشا، و ئەوجا کابرایەکی ریش ماشوبرنجی سمێڵ بابڕ کە لە سووچێکەوە تا ئەو کاتە بێ دەنگ دانیشتبوو لەپڕ سنگی دەرپەڕاند و بە ئەڵمانییەکی تێکشکاو گوتی: تکایە ئەمز ئەڵمانی باش نازانم، کەرەم کە بە کوردی بێژە بزانم ڤانا چ دەبێژن؟ گوتم کاکە تۆ کوێندەریت؟ گوتی: "دەرسیمی". مەسەلەکەم بەکورتی تێگەیاند. ئەوجا برۆی چرچ کرد و گوتی: تکایە بەم هەڤالانە بێژە لێم ببورن کەوا ئەمز نەخوێندەوارم، لەپێشەوە وامزانی کە ئەمانە دەبێژن "کورد خۆڕین" و جنێودەدەن بە کورد، لەبەر ئەوە زۆر نارەحەت بووم، چونکە تا ئێستە ئەم "خۆڕی" و "مۆڕی"یەم نەبیستووە، بەڵام ئێستە تێگەیشتم کە "خۆڕی" گەلێک بوون بۆ خۆیان، بەهەرحاڵ ئەمە ئەو هەراوهۆریایەی پێناوێ. کورد خۆڕی بووبن یان شتێکی دی بووبن، ئەوە بەکاری چی دێ؟ کورد کوردن و هیچی دی. باوەڕ بکە خۆم پێنج شەش پشتی خۆم دەناسم و دەزانم کەی و لە چ گوندێکەوە باپیرەگەورەمان چووە بۆ نێو شار، و پێنج شەش پشتم هەر کورد بوون. نە خۆڕی بوون و نە هیچ". پاشان گوتی: کورد ئەوەیە باوک و باپیر و باپیرەگەورەی کورد بووبن. ئەوجا پێش دوو سێ هەزار ساڵ چی بووە و چی نەبووە، ئەوە هەر خودێ دەزانێ، کەسیش تا ئەڤرۆ زیندوو نەبووەتەوە تا هەواڵی ئەو زەمانە بپرسین لێی". ئائەمە ڕەئیی کرێکارێکی سادەی کورد بوو کە بەخۆی دەگوت نەخوێندەوار، کە ئەوەش نموونەیەکە بۆ تێڕوانینی بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆ لەلایەن زۆربەی زۆری کوردەوە. بەمە دەمەوێ بێژم کە کوردی ئەڤرۆ، خۆی بە نەوەی ئەوانە دەزانێ کە لە رابوورووشدا هەر کورد بوون، یان کورد بوون بە نێوێکی دیکەوە. ئەوجا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە: هێندێک جار بنەچە و ڕەچەڵەک دەکرێتە دەستاوێژێک بۆ پێناسەی کوردبوون. بۆ وێنە: ئەوی باوک و دایکی کورد بێ، یان هیچ نەبێ؛ دایکی یان باوکی کورد بێ؛ بە کورد دەدرێتە قەڵەم. هێندێک جاریش هەر لەبەر ئەوەی باپیرەگەورە یان داپیرەگەورەی کەسێک کورد بووە، ئێدی ئەو کەسە لەلایەن کوردەوە بە کورد دەدرێتە قەڵەم. جاری واش هەیە یەکێک هەر باپیرەگەورەی کورد بووە، بەڵام

خۆی لە وڵاتێکی دیکەدا لەدایک بووە، و دایکیشی کورد نی یە و زمانی کوردیش نازانێ، کەچی خۆی هەر بە کورد دەزانێ و شانازی پێوە دەکات، و رێکیش دەکەوێت کە خەڵکیش هەر بە کورد بیدەنە قەڵەم. ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر لە وڵاتی عەرەبدا بن، بەزۆری، پاشنێوێکی "الکردی" دەخەنە سەر نێوەکەی خۆیان. بەهەشتی محەممەد کوردعەلی (محمد کردعلی)، کۆنە سەرۆکی ئەکادێمیای زانستیی عەرەب لە دیمەشق، و یەکێک لە زانا بەنێوبانگەکانی جیهانی عەرەب، نموونەیەکە بۆ ئەمە. هەر ئەم دیاردەشە وای کردووە کە کوردەکانی ئیسرائیل بە "ئەناکوردی" کە مانای "ئەز کوردم"ە؛ نێو ببرێن، چونکە ئەمانە هەر لەسەرەتای چوونیانەوە بۆ ئیسرائیل خۆیان بە "کورد" بە خەڵکی ناساندووە و کە لە یەکێکیان پرسیبێ تۆ چیت؟ دەست بەجێ گوتوویەتی: "ئەز کوردم" کە بە زمانی عیبری "ئەنا کوردی"یە. کەچی لەلایەکی دیکەشەوە هی وا هەیە باوکیش و دایکیشی کورد بوون یان کوردن، کەچی نەک هەر خۆی بە کورد نازانێ؛ بەڵکو پێشی ناخۆشە بێژن: "تۆ کوردیت" و خۆی بە "مەنسووب"ی گەلێکی دی دەداتە قەڵەم. هی واش هەیە بنەچە و رەچەڵەکی کورد بووە و دان بەمەشدادەنێ، کەچی دەڵێ "بەڵام خۆم کورد نیم. تازە بوومەتە عەرەب، یان ترک، یان فارس." ئەمانە لەنێو کورددا بە کوردی "تواوە" یان "ئاوەکی" دەدرێنە قەڵەم. لەلایەکی دیکەشەوە هی وا هەن، باوک و باپیرانیان کورد نەبوون، بەڵام لە کوردستاندا لەدایک بوون، و لە کۆمەڵگەی کورددا تواونەتەوە. ئەمانە خۆیان بە کورد دەزانن، و ئەگەر پێیان بڵێیت "تۆ بە بنەچە و رەچەڵەک کورد نیت" دەڵێت:"راستە. بەڵام تازە بوومەتە کورد و خۆم بە کورد دەزانم". ئەم جۆرە کوردانە لای کورد زۆر بەرێزن. وادیارە ئەمە لەلای کورد بە نیشانەی وەفاداریی بۆ نان و ئاوی کوردستان دەدرێتە قەڵەم. پێم وایە هەر ئەم هەڵوێست و تێروانینەشە کە بووەتە هۆی ئەوەی گەلێکی بێ دەوڵەتی یەکنەگرتووی وەک کورد، بتوانێت ناکورد، بەبێ بەکارهێنانی زۆر و شەڕوهەڵڵا، لەنێو خۆی دا، بە ئاشتی و هێمنی بتوێنێتەوە. شایانی باسە کە کورد، بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەتەنگ بنجو بناوانی ماڵباتی خۆیانەوەن. گەلێک تیرە و هۆز و بنەماڵەی کورد هەن

کە قەواڵەی پشتاوپشتی خۆیان دەخوێننەوە، و هێندێکیشیان پەنا دەبەنە بەر داستان و چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ پیرۆز کردنی ئەم بنچو بناوانە؛ وەک ئەفسانەی کەوتنەوەی ئێزیدییەکان لە تۆوی ئادەم خۆی، لەکاتێکدا حەووا هێشتا دروست نەبووە(١٣)، یان وەک چیرۆکی پێوەندیی بنەماڵەی فەیزوڵا بەگی لەگەڵ ساسانییەکان بەهۆی شووکردنی کچی سەرکردەیەکی کوردەوە بە ئەردەشێری پاپەکان، دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتیی ساسانی و تێکەڵبوونی خوێنی کورد بە ساسانی یەکان، و دوایی شووکردنی کچێک لە بنەماڵەی ساسانییەکان بە ئیمام حسەین، سێیەمین ئیمامی شیعەکان و ئەوجا کەوتنەوەی خێزانە کوردییە ئەریستۆکراتییەکان لەمە(١٤)، یان وەک داستانی کەوتنەوەی بنەماڵەی بابانییەکان لە فەقێ ئەحمەدی دارەشومانە و ئەو کچە ئەورووپاییەی کە فەقێ ئەحمەد بە شەرەشیر لەچنگ ئەو پیاوە ئەورووپاییانە دەریهێنابوو کە دەیانویست بەزۆر بیدەن بە شوو بە یەکێک لە خۆیان. ئەم چیرۆکە چیرۆکێکە کە کوردە بابانییەکان خۆیان بۆ زانستکار و دیپلۆماتی ئینگلیز کلۆدیۆس ریچ یان گێڕابووەوە؛ کاتێک ریچ ٢٨٥ ساڵ لەمەوبەر چووبوو بۆ سەردانی سلەیمانی پێتەختی ئەودەمەی میرنشینی بابان(١٥). هەمەوەندەکان و هۆزەکانی دیکەش هەر یەکە چیرۆکی ئەفسانەوی لەم بابەتەی هەیە. بێجگە لەوەش چیرۆک و داستانی وا هەن لافی ئەوە لێ دەدەن کە گوایە هەموو خەڵکی جیهان لە بنەڕەتەوە لە کورد کەوتوونەتەوە. وەستانی "کەشتی نووح" لەسەر چیای جوودی لە کوردستان و دەستپێکردنەوەی ژیان لەوێ وە، پاش تەفروتوونابوونی هەموو گیانەوەران، دەکرێتە هەوێنی ئەم بیرە. حاجی قادری کۆیی لە سەدەی رابوردوودا دەستی بۆ ئەوە راکێشاوە کە گوایە هەموو گەلانی جیهان لەبنەڕەتەوە دەچنەوە سەر کورد(١٦). ئەمانە هەموو بەشێکن لە میتۆلۆژیای کورد و لە ئینسیکلۆپیدیای میتۆلۆژیای کورددا کە بە زمانی ئەڵمانی نووسیومە و بەداخەوە هێشتا چاپنەکراوە، بە دوورودرێژی لێیان دواوم. بەکورتی؛ بنەچە و رەچەڵەک؛ چ راستەقینە بێ، واتە ئەو کەسە بەڕاستی لە بەرەبابێک یان بەرەداکێکی کوردبێ، یان خەیاڵی بێ، واتە ئەو کەسە خۆی وا بێتە بەرچاو کە لە بەرەبابێک یان بەرەداکێکی کوردە؛ ئەوە هەر وەک یەکە.

بەلاّم دانانی "بنەچە و ڕەچەڵەکی ڕاستەقینە"ی کورد بە پێناسەی کوردبوون؛ زۆر گیروگرفت پەیدا دەکات. هەر بۆ وێنە: ئەگەر بێتو کوردبوون بە تەرازووی بنەچە و ڕەچەڵەکی "ڕاستەقینە" بپێوری، ئەوا دەبێ سەرکردەیەکی وەک بەهەشتی شێخ مەحموود (١٨٨٢-٩/١٠/١٩٥٦) کە هەموو ژیانی لەپێناوی کوردایەتیدا بەختکرد، بە "کورد" نەزانری. چونکە شێخ مەحموود -بەحەق یان ناحەق- خۆی بە نەوەی پەیامبەری ئیسلام دەزانی، وخەڵکیش هەروایان لە قەڵەم دەدا، کە دیارە پەیامبەری ئیسلام محەممەد (د) عەرەب بووە. ئەوجا نەک هەر شێخ مەحموود، بەڵکو زۆربەی زۆری شێخ و سەییدەکانی کوردستان -ڕاست یان ناڕاست- خۆیان بە نەوەی پەیامبەر دەزانن. پڕانی سەرکردە کلاسیکییەکانی کورد؛ لەو سەییدانەن کە گوایە لە بنەڕەتدا "عەرەب" بوون، کەچی هێندێکیان لەڕێی کورد و سەربەخۆیی کوردستاندا گیراون و دەربەدەر بوون و خوێنیان ڕژاوە. پیرەمێردی هۆنەر (١٨٦٧-١٩/٦/١٩٥٠) لە لاوانەوەکەی دا بۆ شێخ قادری شەمزینی بەبۆنەی لەداردانی یەوە لەلایەن ڕژێمی ئەتاتورکەوە لە ساڵی ١٩٢٥دا، ئەوەی هێناوەتەوە بیر کە شێخ قادریش شەهیدبوونی لە حەسەن و حسەینی باپیرانی یەوە کە لە کەربەلا شەهید کراون، بە میرات بۆ ماوەتەوە. پیرەمێرد دەبێژێ: شێخ قادرە ڕەئیسی هەموو خانەدانی کورد .. میراتی جەددی کەربوبەلا بوو بە ئیرسی برد(١٧). جا لەبەر ئەوەی نەختێک لەمەوبەر باسی بنەچە و ڕەچەڵەکی شێخ مەحموودمان کرد، حەز دەکەم ئێستە چیرۆکی وتووێژێک بگێڕمەوە کە لەبارەی بنەچە و ڕەچەڵەکەوە لەنێوان شێخ مەحموود و فەیسەڵی مەلیکی عێراقدا ڕووی داوە. وەک دەزانین شێخ مەحموود و مەلیک فەیسەڵ هەردووکیان خۆیان بە نەوەی پەیامبەری ئیسلام محەممەد (د) دەزانی. ئەم چیرۆکەم لە شێخ ڕەئووفی کوڕی سەید نووری نەقیب بیستووە کە ئەویش لە خێزانی شێخەوە: پاش شەڕی دەربەندی بازیان لەنێوان هێزی کورد و هێزی بەریتانیا، شێخ بریندار کرا و بە دیل گیرا و ڕەوانەی بەغدا کرا و دادگەی لەشکری کۆلۆنیالیستی بەریتانیا فەرمانی مردنی بەسەر شێخ دا دا. بەلاّم ئەوەبوو دوایی لەسێداره نەدرا و بە دەستبەسەری ڕەوانەی هیندستان کراو پاش ماوەیەک ئینگلیزەکان ناچار بوون

لەژێر تاوی هەلومەرجدا بیگێڕنەوە بۆ سلەیمانی. شێخ لەڕێی کوێت و بەغداوە نێردرایەوە بۆ سلەیمانی و لە بەغدا چاوی بە ئەمیر فەیسەڵی هاشمی کەوتبوو کە تازە ئینگلیزەکان لە سووریاوە هێنابوویانە عێراق و کردبوویان بە مەلیک. فەیسەڵ بە شێخی گوتبوو: "ئامۆزا تۆ سەیدیت و لە خێزانی ئێمەیت. تۆ چ دەکەیت لە کوردستان و دەخڵت چییە بەسەر کوردەوە، تۆ وەک من لە بەرەبابی پەیامبەر و بەنی هاشمیت، بۆ واز لەم کوردایەتییە ناهێنیت و بێیتە بەغدا لای من". شێخ گوتبووی: "ئەوە ڕاستە کە خێزانی من و تۆ نەوەی ئیمام حەسەن و ئیمام حسەینن. بەڵام ئەوەبوو کاتێک کە حەسەن و حسەینی باپیرانمان ڕوویان کردە دەشتی کەربەلا و دەیانویست خەڵکی ڕازی بکەن کە ڕێی هەق بگرن، هەر لەلایەن عەرەبەکان خۆیانەوە کوژران و هێندێک لەوانەی لەو خێزانە بوون رزگاریان بووبوو پەنایان بردە بەر چیاکانی کوردستان، و گەلی ڕەشو ڕووتی کورد نەک هەر باووباپیرانی ئێمەیان نەکوشت و بەس؛ بەڵکو باوەشی خۆشەویستییان کردەوە بۆیان و کردنیان بە بەشێک لە خۆیان و لەوەش زێتر بە گەورەی خۆیان. ئێمە سەتان ساڵ لە باوەشی کورددا گەورە بووین و تازە دڵو دەروونمان بووەتە کورد. زۆر سوپاست دەکەم کەوا بە ئامۆزا بانگم دەکەیت و منیش تۆ بە ئامۆزای خۆم دەزانم، بەڵام وەک تۆ خۆم بە عەرەب نازانم، و لە تۆش داوا ناکەم هەر لەبەر خزمایەتیی من خۆت بە کورد بزانیت.. ئامۆزایەک کورد و ئامۆزایەک عەرەب..." بەمانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ بنەچە و ڕەچەڵەک هەموو کاتێک ناتوانن ببنە پێناسەی کورد و کوردبوون.

(ج)- نیشتمان

پێناسەیەکی دیکە بۆ دیاریکردنی "کوردبوون" نیشتمانەکەیەتی کە بە "کوردستان" نێو دەبرێ. کوردستان هەرچەندە لەسەر نەخشە سیاسییەکانی جیهان جێیەکی پێنەدراوە؛ بەڵام کوردستان زاراوەیەکی مێژوویی و جوگرافیایی و کولتوورییە، کە بەلایەنی کەمەوە لە سەتەی ١٢دا لەلایەن سوڵتان سەنجەری سەلجوقەوە بە ڕەسمی دانی پێدانراوە(١٨). بەپێی کتێبی "نزهة القلوب" کە لە ساڵی ١٣٤٠دا لەلایەن (حەمدوللا مستەوفی)یەوە نووسراوەتەوە؛ ئەو

کوردستانە ڕەسمییە لە ١٦ پارێزگە (ئوستان) پێکهاتووە(١٩). سنووری وڵاتی کوردستان لە سەتەی شانزدەدا لەلایەن مێژوونووسی کورد شەرەفەدینی بیتلیسییەوە، وەک لە دوایی دا باسی دەکەین دیاریکراوە. نێوی کوردستان بە درێژاییی سەتەکانی ١٦ و ١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئاسیاسیی دەوڵەتانی قاجاری و عوسمانی و قەیسەری ڕووسیا و ئەورووپای ڕۆژئاوادا هاتووە. لە سەتەی ١٦ بەدواوە چەند نەخشەیەکی کوردستان لەلایەن ئەورووپاییەکانەوە کێشراوە. لەم نەخشانە نەخشەیەکە کە لەساڵی ١٥٦١دا لەلایەن A. Lafreriی ئیتالیایی و یەکێکی دیکە لە سەتەی هەڤدەیەمدا لەلایەن جوگرافیازانی فەڕەنسەییی Guillaume de la Croyere (١٦٧٥-١٧٢٦)ەوە. نێوی کوردستان لەلایەن دیپلۆمات و گەشتوەرەکانی ئەڤرووپاوە لە سەتەی ١٦وە بەکارهێنراوە. ئەمڕۆ وشەی کوردستان، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوادا و تەنانەت لەلایەن هێندێک لە کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتانەشەوە کە کوردستانیان داگیرکردووە، بە شێوەیەکی ئاسایی نێو دەبرێت (٢٠). کوردستان ئەڤرۆ بە نیشتمانێک دادەنرێ کە زمان و کولتووری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ وێنە: لە داخوازینامەیەکدا کە دوو سەناتۆری بەلجیکایی، خانمی van puymbroeck و کاک p. van Roye لە ١٩٨٥/٧/١٧ دا دایان بە حکوومەتی بەلجیکا بۆ خستنەڕووی دەستدرێژییی ڕژێمی ترکیا لە دژی کورد و سنووردانانێک بۆ ئەو دەستدرێژییە، لە پێشەکی داخوازینامەکەیاندا لەبارەی کوردستانەوە ئەمەیان نووسیبوو: "کوردستان وڵاتێکە لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان دەستنیشان نەکراوە. (هەرچەندە) کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا (ترکیا و سووریا و ئێران و عێراق) بەشکراوە، بەڵام لەڕێی زمان و کولتوورەوە بە یەکەوە بەستراوە. خەڵکەکەی بە نێزیکە ٢٥ ملیۆن دەبن. کوردستان دەکەوێتە نێوجەرگەی ئاسیای نێوەڕاستەوە، و ڕەنگە بێشکەی شارستانێتیی ئێمەش بێ، و نزیکەی چوار هەزار ساڵێکە یان بەو نێوەوە، یان بە نێوێکی واوە ناسراوە (٢١)". کوردستان، کە مانای "وڵاتی کورد"ە بە نیشتمانی کورد دادەنرێ و لەم ڕووەوە ئەوانەی خەڵکی کوردستانن یان خەڵکی کوردستان بوون، بە کورد

دەدرێنە قەڵەم. جا بەم پێیە دەبێ هەموو کوردێک خەڵکی کوردستان بێ. بە سەرنجێکی سادە و سەرپێیی دەتوانین بزانین کە چەند ملیۆنێک کورد هەن لە دەرەوەی کوردستان لەدایکبوون و هێندێکیشیان بە کوردی قسە دەکەن و خۆشیان بە کورد دەزانن، بەڵام "خەڵکی کوردستان" نین. لێرەدا، ئەوانەی "نیشتمان" واتە کوردستان دەکەنە پێناسەی کوردبوون، دەبێژن: "ئەمانە هەرچەندە لە کوردستان لە دایکنەبوون، بەڵام بنەچە و ڕەچەڵەکی ئەمانە لەکاتی خۆی دا لە کوردستانەوە چوونەتە ئەو وڵاتانە و لەوێ گیرساونەتەوە، یان بەزۆر کۆچ دراون بۆ ئەو شوێنانە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن، کوردستان بە نیشتمانی خۆرسکی و بێ چەندوچۆنی خۆیان دەزانن، ئەگەرچی ڕەنگە نە خۆیان، نە باوک و باپیریان، کوردستانیان نەدیبێ، وەک فەیلییەکانی بەغدا و بەسرە (لە عێراق) و کوردەکانی ناوچەی هەیمەنە و سەقەریا و ئەستەموول و ئەنقەرە (لەترکیا) و کوردەکانی ناوچەی قەزوین و زەنگان و زەماوەند و تاران و خۆراسان (لە ئێران) و کوردەکانی دیمەشق (لە سووریا) و کوردەکانی گورجستان و ئەرمەنستان و پاکستان و ئەفغانستان و لوبنان و ئیسرائیل و.. هتد، کە بە تاقی کردنەوە دەرکەوتووە ئەم هەستەیان هەیە. بەڵێ، تۆ لە هەر وڵاتێکدا لە دایکبوو بیت، خۆت بە خەڵکی ئەو وڵاتە دەزانیت، ئەگەر بێتو باوک و دایکت خەڵکی ئەو وڵاتە بن، خۆ ئەگەر لە وڵاتێکدا لە دایکبوو بیت، بەڵام بنەچە و ڕەچەڵەکت سەر بە بنەچە و ڕەچەڵەکی خەڵکی ئەو وڵاتە نەبێ! ئەوا خۆت بە خەڵکی ئەو وڵاتە نازانیت، ئەگەر بێتو "هەستی" بنەچە و ڕەچەڵەکیت هێشتا لەلا مابێ. بۆ وێنە: زارۆ و نەوەی ئەو فەلەستینییانەی پاش ساڵی ١٩٤٨ لە فەلەستینەوە ڕەڤیان بۆ وڵاتە عەرەبییەکان، وا پەروەردە دەکرێن کە "هەست بەوە بکەن خەڵکی فەلەستین "نەک" هاونیشتمانی ئەو وڵاتانەی تێیدا لە دایکبوون و تێیدا گەورە بوون. بەڵام هەموو جارێک "نیشتمان" لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکەی کە لەو "نیشتمان"ەدا دەژین، هاوئاهەنگ ناوەستێ. بۆ نموونە: هەرچەندە دەتوانیت بێژیت هەموو کوردێک کوردستانییە، بەڵام پێنچەوانەی ئەمە ڕاست نی یە. واتە هەموو کوردستانییەک کورد نییە، بۆ وێنە: نێزیکەی پەنجا هەزار

ئاسووری تا سەت هەزار ئاسوورییەک لە کوردستاندا دەژین، و کوردستان نیشتمانی خۆیانە و کوردستانین، بەڵام کورد نین. کەواتە پێناسەی سەر بە وڵاتی کوردستان بوون، یان هاونیشتمانێتیی کوردستان، لە هەموو کاتێکدا و بێ چەندوچۆن نابێتە پێناسەی کوردبوون. لە کردنی "نیشتمان"دا بە پێناسەیەک بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی یان گەلێک، گیروگرفتێکی دیکەش دێتە پێشەوە، ئەوەش ئەو پرسیارەیە کە دەبێژێ: سنووری "راستەقینە"ی ئەو "نیشتمان"ەی باس دەکرێ چی دیاری دەکات و چۆن و لە چ کاتێکدا دیاری دەکرێ؟ زۆر "نیشتمان" هەن کە کاتی خۆی سنوورێکی رەسمی، یان خۆرسکییان هەبووە، ئەو سنوورانە بەپێی کات گۆڕاون و ئێستەش ئەو سنوورە رەسمییانە، یان خۆرسکییانە، بەجارێک نەماون. بۆ وێنە: سنوورەکانی وڵاتی عوسمانی لە سەتەی ١٦ و ١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ دا وەک یەک نەبوون و، ئەڤرۆش دەوڵەتی عوسمانی هەر بەجارێک نەماوە. سنوورەکانی ئەو وڵاتەی کە ئێستە بە "ئێران" نێو دەبرێ، لە هەزار ساڵەوە تا ئەڤرۆ گەلێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. سنووری ئەڵمانیای ساڵی ١٩٣٩ و ١٩٤٢ و ئێستەی وەک یەک نین. سنووری وڵاتێک شتێک نییە کە بەدرێژاییی مێژوو هەروەک خۆی بمێنێتەوە. شەڕ و شۆڕی نێو خۆ، و پەلاماری دەرەوە، و هەڵگیرسانی جەنگ و داگیرکردنی وڵاتان، و کۆچ و رەڤی دانیشتووانی وڵاتێک بە ئارەزووی خۆیان بێ، یان بەهۆی گواستنەوەیان بێ بەزۆر، لەلایەکەوە بۆ لایەکی دی، دەبنە هۆی گۆڕینی سنوورەکانی وڵاتانی جیهان. جا لێرەدا دەتوانین دوو جۆرە نیشتمان لە یەک جیا بکەینەوە:

(١)- جۆرە نیشتمانێک کە دەوڵەتێکی خۆی هەیە.

(٢)- جۆرە نیشتمانێک کە دەوڵەتی خۆی نییە.

(١)- ئەو نیشتمانەی کە دەوڵەتی خۆی هەیە:

ئەگەر مەبەست لە "دەوڵەت" لێرەدا دەوڵەتی ئیدیاڵ بێ، واتە ئەو دەزگەی دەسەلاتە بێ کە ئەندامەکانی کۆمەڵگەیەکی یەک زمان و یەک بنەچە و رەچەڵەک لەسەر پارچەیەک زەوی بیا بە رێوە و سنوورەکانی ئەو زەوییە بەرامبەر دەسەلاتی دەرەوە بپارێزێ، ئەوا بە رەئی من دەوڵەتی وەها ئەورۆ لە جیهاندا دەگمەنە، ئەگەر نەبێژم هەر نییە. بۆ وێنە: دەوڵەتێکی وەک سۆڤێت لە لێکدانی چەند نیشتمانێک پێکهاتووە کە چەندین گەلی جیاواز لەسەریان دەژین. ولاتێکی وەک ئەمریکا لە گەلێک گەلی جیاواز پێکهاتووە کە هێندێکیان ئێستەش هەر بە زمانی زگماکی خۆیان قسە دەکەن، نەک بە ئینگلیزی، کە زمانی رەسمیی دەوڵەتە. ولاتێکی وەک بەریتانیای گەورە لە چەند نەتەوەیەک و چەند نیشتمانێک پێکهاتووە، وەک سکۆتی و ئیرلەندەیی و ویلزی. ئیسپانیا لەگەل و نیشتمانی باسک و کەتەلان و... هتد پێکهاتووە، لە ولاتێکی فرەگەلی وەک یۆگۆسلاڤیادا؛ دژایەتیی نێوان ئەم گەلانە جارویار دەگاتە رادەی دەستدرێژیی ناسیۆنالیستانە بەرامبەر یەکدی. تەنانەت رۆژنامەکانی ئەوروپا لە سەرەتای نۆڤەمبەری ئەمساڵدا باسی بەیەکدادانی گەلاتی سرب و کروات و ئەلبانییەکانی یۆگۆسلاڤیا یان بە دوورودرێژی گێراوەتەوە(٢٢). ئەو دەوڵەتانەی کە بە دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب نێو دەبرێن، زۆربەیان لەپاڵ عەرەبەوە، بەلایەنی کەمەوە، گەلێکی دیکەیان تێدایە کە هێندێکیان "نیشتمان"ی مێژوویی و جوگرافیایی خۆیان هەیە وەک کورد و گۆشینی و بەربەر. کەواتە ئەو دەوڵەتانەی کە فرەگەلن و هەر گەلە سەر زەوی تایبەتی خۆی هەیە، ناتوانن خۆیان بکەنە دەوڵەتی ناسیۆنالی تاقە گەلێک لەو گەلانەی لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا دەژین. بەرەئی من دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵ تەنێ دەتوانێ "رەوایەتی" هەبێ لەو ولاتانەدا کە یەک گەلی تێریتۆریال دەژی تێیاندا. ئەگەنا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لە ولاتێکی فرەگەلدا کە هەر یەکەیان نیشتمانی مێژوویی و جوگرافیاییی خۆی هەبێ، مانای نەگرتنە بەرچاو و ژێرخستنی مافی ئەو گەلانەیە کە لە خاوەنێتیی دەزگەی دەوڵەتی ناسیۆناڵ بێ بەشکراون. ئەمەش

دۆخێکە لە گەلێک لە دەوڵەتەکانی ئەڤرۆی جیهاندا هەیە و، وا لە خەڵکی دەکا کە ئەم پرسیارەی خوارەوە بە حەق بزانن. ئایا بوونی دەوڵەتی ناسیۆناڵ شتێکی پێویستە؟ بێجگە لەوەش ئەڤرۆ کەم گەل هەیە کە هەمووی پێکەوە و لەژێر سایەی یەک دەوڵەتدا بژی و، بڕێکی لەژێر سایەی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی دیکەدا نەبێ. کە ڕەنگە ئەو دەوڵەتەی دیکە دەوڵەتی ناسیۆناڵی گەلێکی دیکە بێ، بۆ وێنە تیرۆڵەکان هێندێکیان بەر نەمسا کەوتوون، کە دەوڵەتی ناسیۆناڵی خۆیانە و هێندیکیشیان بەر ئیتالیا کەوتوون، کە دەوڵەتی ناسیۆناڵی گەلێکی بێگانەیە بەوان. ئا لەبەر ئەوە کە تۆ باسی دەوڵەتێکی وەک سۆدان دەکەیت، چۆنکە دەوڵەتەکەی عەرەبییە، ناتوانێت بڵێیت فیسارە کەس عەرەبە، هەر لەبەر ئەوەی خەڵکی سۆدانە یان پێوەنداری دەوڵەتی سۆدانە، لەوانەیە ئەو کەسە خەڵکی خواروی سۆدان بێ، کە نە عەرەبە و نە خۆشی بە عەرەب دەزانێ و نە دەیەوێ پێی بڵێن سۆدانی و عەرەب. هەروەها ئەگەر یەکێک لە مۆنیخ (ئەڵمانیا) لە دایک بوو بوو، و پێوەنداری دەوڵەتی ئەڵمانیای فیدەراڵی بوو، مەرج نییە لە بنەماڵەی ئەڵمان بێ. لەوانەیە باوک و دایکی ترک بووبن، وەک کرێکاری میوان هاتبن بۆ مۆنیخ، و ئەو کەسە لە مۆنیخ لە دایک بووبێ و خۆشی بە ترک بزانێ. بوون بە پێوەنداری دەوڵەتێک، بە ئارەزوو بێ یان بەزۆر، مانای وا نییە کە ئەو کەسە سەر بەو گەلەیە کە دەزگەی دەوڵەتەکەی بەدەستەوەیە.

(٢)- ئەو نیشتمانەی کە دەوڵەتی خۆی نییە:

ئەو نیشتمانانەی کە دەوڵەتی خۆیانیان نییە گیروگرفتیان گەلەک مەزنترە. ئەو نیشتمانانەی دەوڵەتیان نییە، واتە ئەو گەلانەی بێ دەوڵەتن؛ وەک ئەو کەسانەن کە ماڵیان چووبێتە سەر بەشی ماڵان. چۆنکە ئەو دەوڵەتانەی نیشتمانی گەلێکی دیکەیان داگیرکردووە، ئەو سەرزەوییەی کە نیشتمانی گەلە ژێردەستەکەیە، بە بەشێک لە نیشتمانی دەوڵەتەکەی خۆیان دەزانن و ئامادە نین جیا لە سنووری ڕەسمی و تەواوێتیی خاکیی خۆیان باسی بکەن، خۆ ئەگەر باسیشی بکەن، ئەوا لام لەسەر لایی و کۆڵکراو باسی دەکەن. بۆ وێنە: لە

ئێراندا بە رەسمی؛ تەنیٚ بە نیٚوچەی ئەردەلاٚن کە پیٚتەختەکەی سنەیە دەگوتریٚ کوردستان، بەشەکانی دیکەی رۆژهەلاٚتی کوردستان وەک "ئازربایجانی رۆژاوا" و کرماشان و ئیلام بە کوردستان نیٚو نابریٚن، بەلٚکو بە نیٚوچەی کوردنشین (مناطق کردنشین). لە عیٚراق؛ کەرکووک و خانەقین وموسلٚ و بەشیٚکی زۆری هەریٚمی بادینان و مەندەلی و کووت و زەرباتییە و جەسسان و بەدرە و عەلی غەربی بە کوردستان نیٚو نابریٚن. لە ترکیا و سووریا نیٚوی کوردستان هەر بەجاریٚک ناهیٚنریٚ. لە زەمانی لیٚنیٚندا هەریٚمی کەلٚباژار کە ئیٚستە لە خاکی سۆڤیەتدایە بە کوردستان نیٚو دەبرا و ئەم راستییەش لە تەلگورافیٚکدا کە کاتی خۆی لیٚنیٚن بۆ کادرەکانی حیزبی خۆی لە قەفقاز لیٚی داوە؛ بە جوانی دەردەکەویٚ، بەلاٚم پاش دامەزراندنی کۆمارەکانی سۆڤیەت و نووساندنی خاکی کوردستان بەو کۆمارانەوە، وشەی کوردستانی سۆڤیەت بە ئەنقەست دەخریٚتە پشت گویٚ(٢٣).

ئیٚستە با بگەریٚینەوە سەر "شەرەفنامە" کە لە سالٚی ٩٧/١٥٩٦ دا نووسراوەتەوە، با بزانین سنووری کوردستانی چۆن دەستنیشان کردووە. شەرەفنامە دەبیٚژیٚ:

"کوردستان لە (تەنگەی) هورمزەوە دەست پیٚدەکات کە دەکەویٚتە کەناری زەریای هیندییەوە، و بە هیٚلٚیٚکی راست لەویٚ وە دەچیٚ تا دەگاتە مەلاتییە و لەویٚشەوە دەکشیٚ بۆ ولاٚتی مەرەش و لەویٚدا تەواو دەبیٚ. باکووری ئەم هیٚلٚە بریتییە لە نیٚوچەی فارس و عیٚراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستان و، باشووری کوردستانیش بریتییە لە دیاربەکر و موسلٚ و عیٚراقی عەرەبی" (٢٤). ئیٚستە بە هاسانی دەردەکەویٚ بۆمان؛ هیٚندیٚک لەو هەریٚمانەی کە لە زەمانی نووسینەوەی "شەرەفنامە"دا کوردستان بوون، ئەمڕۆ تەنانەت لەلایەن کوردەکە خۆشییەوە بە کوردستان نادریٚتە قەلەم. شایانی باسە کە داگیرکەرانی کوردستان ئەمە چەند سەتەیەکە لەریٚی کۆچپیٚکردنی کورد و نیشتەجیٚ کردنی ناکوردەوە هەولی گچکەکردنەوەی کوردستان دەدەن. بە پیٚویستی دەزانم ئەوەش بلٚیٚم کە لەم سالاٚنەی دواییدا هیٚندیٚک لە پیٚوەندیداران لەگەلٚ دەزگەی

ئیمپریالیستانەی رۆژاوای خاوەن بەرژەوەندیی بازرگانی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، هەروەها هێندێک لە "زانیاری فرۆشان"، بەتایبەتی لە ئەورووپا، کەوتوونەتە کێشانی "نەخشەی کوردستان"، دیارە بە پێی ئامانجی سیاسیی خۆیان دەیانەوێ کوردستان زۆر بە گچکە و کورت و کەلکراو بدەنە قەڵەم و کوردستانی راستەقینە بە "داخوازیی ناسیۆنالیستە کوردەکان" بخەنەروو(٢٥). لەوەش بترازێ هێندێک برای ئەرمەنیی کەللە رەقیش هەن، تەماشای ئەوە ناکەن کە ئەوانیش وەک کورد گەلێکی لێقەوماون، و هەر لەرێی برایەتیی کوردەوە و بە ژیرانە و هێمنی دەتوانن بگەنە ئامانجیان، کەچی دەچن نەخشەی ئەرمەنستانێک دروست دەکەن کە بە نیزیکە هەموو نێوچەکانی ژوورووی کوردستانی تێدەخەن. پێدەچێ کە هێندێک لەم کردەوە نابەرپرسیارانە، لە بنەڕەتدا، دەستی ئەوانەی تێدا بێ کە دەیانەوێ لەم رێیەوە کورد و ئەرمەنی بکەنە ناحەزی یەک و ئەوجا دوژمنی هەردوولاش بە هەردوولا پێبکەنێ. ئەمە وا، و ئەمەشم هەر لەبەر ئەوە باسکرد تا بزاندرێ مەسەلەی رێکنەکەوتن و دەمەتەقێکردن لەسەر دیاریکردنی سنووری نیشتمانێک لە هەموو جیهاندا هەیە. هەر بۆ وێنە: لە ئیسپانیادا چەند هەرێمێک هەیە کە باسکەکان بە نیشتمانی خۆیانی دەزانن، بەڵام ئیسپانیاییەکان بەهی وانی نازانن و نایەڵن بخرێتە سنووری نێوچەی ئۆتۆنۆمی باسکستانەوە. چیرۆکی سارلاند و ئەلزاس و لۆرێنیش ئاشکران. بەم راستییانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ بۆمان کە مرۆ دەتوانێ بێژێ "سەر بە نیشتمانێک بوون" (لێرەدا لەچاو کورددا کوردستان) تەنێ لە دۆخ و باری تایبەتدا دەکرێتە پێناسەی کوردبوون، و هەروەها کوردستانی نەبوونیش، واتە لە کوردستاندا لە دایکنەبوون و لە کوردستاندا گەورە نەبوون و نەژیان، ناتوانرێ بکرێتە پێناسەیەک بۆ نەبوونی کوردبوون.

(د)- ئاین

هێندێک جار ئاین -بەڵکو بە پۆپەکانیشییەوە، وەک ئاینزا (مذهب)- دەکرێتە یەکێک لە پێناسەکانی ناسنامەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی. راستییەکەی هێندێک

جار دەبینێتە ئەو پێناسەیەی کە ناسنامەی کۆمەڵگەلێک دیاریدەکات، بەڵام نەک هەموو جارێک. بۆ وێنە: سەر بە ئاینی مووسایی بوون؛ پێناسەیەکی بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی جوولەکە. ئاینی دورزیش پێناسەیەکی سەرکییە بۆ ناسنامەی کۆمەڵگەلی دورزییەکان. بەڵام هەموو کاتێک دۆزەکە وا نییە. هێندێک جار وارێکدەکەوێ کە کۆمەڵە خەڵکێکی گەورە سەر بەیەک ئاین و یەک ئاینزاش بن، بەڵام ئەو ئاین و ئاینزایە تایبەتکارێکی خۆیان نەبێ. بۆ وێنە: ترکەکان هەموو موسڵمانن، و زۆربەی زۆریان سوننی، و بگرە زۆربەی سوونییەکانیشیان سەر بە ئیمامی حەنەفین. بەڵام وەنەبێ موسڵمانەتی و سونیەتی و حەنەفێتی هەر تایبەتکارێکی ترک بێ، وەک ئەوەی ئاینی مووسایی تایبەتکارێکی جوولەکەیە. ئەوجا مەسەلەکە لەچاو کورددا گەلێک سەختترە. راستە؛ زۆر کەس هەن کە سەرپێیی تەماشای کوردیان کردووە و دەیکەن، و لەوەشەوە هەموویان کوردیان بە موسڵمانی سوننی داوەتە قەڵەم و دەیدەن، و ئەمەش لە گەلێک کتێب و سەرچاوەدا نووسراوە. بەڵام ئەمە راست نییە و سەر دەرنەچوونە لە مەسەلەکەدا. جارێ هەموو کورد موسڵمان نین، بەڵکو نێزیکەی ٦٥٪ - ٧٥٪ی کورد موسڵمانن، و ئەوی دی بریتییە لە ئێزدی و کاکەیی و عەلەوی و سارەیی و شەبەک و باجوان و هەقە و کاتۆلیک و پرۆتستانت و ئۆرتۆدۆکس، تەنانەت کەمەیەکی کەم زەردەشتی و لەوەش کەمتر بەهایی لەنێو کورددا هەن. دوایی ئەو کوردانەی کە موسڵمانن هەموو سوننی، یان هەموو شیعە نین، بەڵکو تەنێ ٢/٣ یان سوننی و ١/٣ یان شیعەیە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین، نێزیکەی نیوەی کورد موسڵمانی سوننی مەزەبن. دەدیارە ئەوەش ناکرێتە پێناسەیەکی سەرەکی بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنیی گەورەی وەک کورد. ئەو هۆکارە کە تا ئێستە وای لە هێندێک سەرنجدەر کردووە کە پێیان وابێ زۆربەی زۆری کورد موسڵمانی سوننی مەزەبن، ئەوەیە کە کوردە سوننییەکان، بەگشتی، هۆشیاریی سەر بە کوردبوونیان لەهی کوردە شیعەکان بەهێزترە، کە زۆربەی زۆریان لە رۆژهەڵاتی کوردستان؛ بەتایبەتی لە پارێزگەی کرماشان و ئیلام دا، و لەبن دەست رژێمی ئێراندا دەژین، کە رژێمێکی شیعەیەتییە، بە پێچەوانەی کوردە شیعەکانی

عێراقەوە (بەتایبەتی فەیلییەکان) کە هۆشیاری سەر بە کوردبوونیان یەکجار بەرزە، کە دوور نییە ئەمەش بەهۆی چەوساندنەوەیانەوە بێ لەلایەن رژێمی عەرەبی عێراقەوە کە رژێمێکی سوننێتییە. بەکورتی: ئاین ناتوانرێ، لە هەموو کاتێکدا و بێ چەندوچۆن، بکرێ بە پێناسەیەکی ناسنامەی کوردبوون. ئەگەرچی هێندێک ئاین هەن لەنێو کورددا، وەک ئاینی ئێزدی و هەقەقە کە هەر تایبەتکاری کوردن، و مرۆ دەتوانێ بێژێ ئەوی ئێزدییە، یان هەققەیە، دەبێ کورد بێ و هیچی دی. لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو ئاینەکانی دیکەدا کە لەنێو کورددا باون و نێومان بردن، مەسەلەکە جۆرێکی دیکەیە.

(ئە)- کولتوور

ئەگەر کولتوور بە سەرجەمی گشتیی ئەو هەڵسو کەوتە قالببەستووانە دابنرێ کە کۆمەڵگەلێکی تایبەتی - بەجۆرێکی هۆشیارانە یان ناهۆشیارانە - لە شێوەی بیروڕا و نەریت و نرخ پێداندا؛ لە خۆی دیاریدەدا، و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بەجێ دەهێڵێ، ئەوا دەبێ کولتوور بریتی بێ لە ئاوێتەیەکی پتەوی ئەو بیر و سەرنج و هونەر و زانیاری و ئاین و تاقیکردنەوانە کە لە چوارچێوەی نەریت و خووڕەوشتدا خۆیان دەنوێنن. کولتوور دەکرێ بە پێناسەیەکی گرنگ بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی، یان گەلێک. بۆ وێنە: دەگوترێ: کوردەکان هەموو کولتوورێکی وەک یەکی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ مەبەستیش لەمە ئەو بیروڕاو نەریت و نرخ پێدان و تاقیکردنەوانەیە کە بە درێژایی مێژوو لەنێو کۆمەڵگەلی کورددا جێی خۆیان کردووەتەوە. بۆ وێنە: لە نامەیەکدا کە سەرکردەی کلاسیکیی کورد، بەهەشتی شێخ عوبێدوڵای نێری لە ٥ی تیشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٠دا بۆ دکتۆر کۆچرانی ئەمریکایی نووسیبوو گوتبووی: "نەتەوەی کورد لە پێنج سەت هەزار بەرە باب پێکهاتووە و گەلێکی خۆبەخۆیە. ئاینی خۆی هەیە. هەروەها نەریت و خووڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە"(٢٦). کە کورد کولتووری تایبەتی خۆی هەیە، شتێکە لەلایەن بێگانەوە دانی پێدا دەنرێ. لێرەدا ئەو کۆپلەیەتان دێنمەوە بیر کە لە داخوازینامەی دوو سەناتۆرە بەلجیکاییەکەم وەرگرتبوو و خوێندمەوە بۆتان.

لەوێدا باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان سەرەڕای پارچە پارچەکردنیشی لە ڕێی پێوەندیی کولتوور و زمانی هاوبەشەوە پێکەوە بەستراوە.

ئەوجا ئەگەر بێتو ئێستە سەرنج لە تەواویٔ ئەو پاکەتە نەریت و نرخ پێدانەی کە کولتووری کوردیان پێکهێناوە بدەین؛ دەبینین لە هەموو ڕوویەکەوە، و لە هەموو بەشەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە بە کۆمەڵگەی کورد ناسراوە، پرپەپرپیەک نین. بۆ وێنە: کوردێکی موسڵمان شەراب خواردنەوەی پێ حەرامە، بەڵام کوردێکی ئێزدی، یان مەسیحی، شەراب دەخواتەوە. کوردێکی ئێزدی کاهوو و هێندێک جۆری سەوزە ناخوات، بەڵام کوردێکی موسڵمان و مەسیحی دەیخۆن. هۆزە کوردەکان لە هێندێک هەڵسوکەوت و شێوەی جلٍ و بەرگدا هەموو وەک یەک نین. هەڵسوکەوتی کوردە نیشتەجێکان کە بە "گۆران" نێو دەبرێن لەگەڵ هەڵسوکەوتی کوردە کۆچەرەکان؛ لە هەموو ڕوویەکەوە وەک یەک نین. جا ئەم "ناوەک یەکی" یە لە هێندێک هەڵسوکەوتی ناوچەیی دا وەنەبێ هەر لەلای کورد وابێ، بەڵکو لای گەلانی دیکەش هەر وایە. بۆ وێنە: کێ دەتوانێ بێژێ ڕەوشتوخووی ترکزمانێکی ئازەریی شیعە، یان ترکێکی قزلباشی شیعە لە هەموو ڕوویەکەوە وەک ڕەوشتوخووی ترکیی سوننیی ئەستەموولییە. یان ڕەوشتوخووی فارسزمانێکی ئەفغانی وەک ڕەوشتوخووی فارسێکی شیعەی ئەسفەهانی یە. بەڵام ئەوە هەیە دەتوانرێ بگوترێ، لە کۆمەڵگەی کورددا هێندێک تایبەتکاری کولتووری هەیە کە لە هەموو لایەک، یان بە شێوەیەکی گشتی، وەک یەکن. کورد بەپێی سروشتی جوگرافیایی وڵاتەکەی؛ گەلێکی ڕەوشت چیایی یە (هەرچەندە کورد هەموویان دانیشتووی سەرچیا، یان دەوروبەری چیا نین)، کولتوورێکی نیوە نیشتەجێیی و نیوە کۆچەری، نیوە باوک فەرمانی و نیوە دایک فەرمانی هەیە، و لە یەکدگیری و ئاوێتەبوونیان جۆرە نەریت و نرخ پێدانێکی سینکرێتیستانەی وا بۆ کورد دروست بووە ئەگەر بتوانم لێرەدا ئەم وشەی سینکرێتیستانەیە بەکار بهێنم (٢٧) کە هێندێک جار کۆمەڵگەی کوردەواری، بۆ بێگانە و ئەوانەی مەسەلەکە باش حاڵی نەبوون، لە شێوەی کۆمەڵگەیەکی سەیر و ناتەبا و ناهاوئاهەنگدا دیاریدەدات. ئەم کولتوورە سینکرێتیستانەی کورد بۆ یەکەم

جار لەو وتارە سەمینارییەدا باسکرا کە لە مۆنیخ لە ٢٣ ئەیلولی ١٩٨٣ دا پێشکێشم کرد. بەپێی لێکۆڵینەوەی من، ئەم کولتووورە دووکوچکەییە ئەنجامی ئەو نیشتەجێ کردنەیە کە بە زۆرەملی و بە شێوەیەکی ناخۆزایی (لاطبیعي) بەسەر کورددا سەپێندراوە، هەر لە رۆژانی کۆنەوە تا ئەم سەتەی بیستەمە، و تا ئێستەش، کە درێژەپێدانی ئەوەش لە چوار چێوەی ئەم سەمینارە دەچێتە دەرەوە. لەبەر ئەوە هێندە دەڵێم ئەنجامی خۆرسکی و ئاسایی ئەم کولتووورە سینکرێتیستییە ئەوەیە هێندێک رەوشتو خوو و نەرێت و هەڵسوکەوتی ناتەبا و پێچەوانە بەیەک لە کورد دیاریدەدات. بۆ وێنە: دەبینیت کورد زۆربەی موسڵمانە، کەچی ژنەکانیان تا ئەو هەندازەیەی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان نایانگاتێ، پەچە ناگرنەوە و لەچاو ژنانی گەلە موسڵمانەکاندا ئازادییان گەلێک پترە. بەجۆرێک تەنانەت ئەو بێگانە ئەوروپاییانەی لە سەتەی رابوردوودا بە کوردستاندا گەشتیان کردووە هەستیان بەمە کردووە(٢٨). دەبینیت کورد نوێژ دەکات و رۆژوو دەگرێ و موسڵمانێکی دەروێستە، کەچی هێندەی لەسەر لوتکە و قەدپاڵی چیاکانی کوردستان دێری دیانان هەیە، لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نییە، و جەماوەری کوردیش بوونی ئەو دێرانە بە شتێکی ئاسایی دەزانێ، و ئەمەش بەڵگەیە کە بۆ ئەوەی کە کورد لە رابوردووشدا و لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی ئیسلام لە نێوچەکەدا لەسەر هەموو دەسەڵاتێکەوە بووە، نەیویستووە بەزۆر ناموسڵمانێک بکاتە موسڵمان. دەبینیت کورد هیچ کاتێک لەنێو خۆی دا یەکی نەگرتووە، و بگرە بووە بە نموونە بۆ چەند بەرەکی و ناکۆکیی نێوخۆ؛ و ئەوەتا سەتان ساڵە قەوارەی یەکتای خۆی نییە و بە پارچە پارچە کراوی ماوەتەوە، کەچی بەم بندەستێتییەش، تا ئێستە خۆی لەنێو ئەو گەلە بێگانانەدا نەتواندووەتەوە کە وڵاتەکەیان داگیرکردووە.. دەبینی ئاینی ئیسلامی لە عەرەبەوە وەرگرتووە و بووەتە موسڵمان، زاناکانی، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی بیری خۆیان بە عەرەبی نووسیوەتەوە، کەچی زمانە کوردییەکەی خۆی هەر پاراستووە و قسەی هەر پێکردووە و نەیگۆڕیوەتەوە بە عەرەبی (٢٩)؛ لەکاتێکدا کە گەلانی میسر و سووریا و ژوورووی ئەفەریکا و لوبنان و

فەلەستین هەموو بوونەتە عەرەبزمان و هەتەر و پەتەری کولتووری کۆنیان نەماوە. دەبینیت کورد پێشەمییەکی یەکجار زۆر دەدات بە ئازایەتی و فۆلکلۆرەکەی نرخی ئازایەتی و سوارچاکی زۆر بەرز دەگرێ، کاتێک دەبێژێ: "دنیا مالی مەردانە" یان "ئازا جارێک دەمرێ و ترسنۆک هەزار" یان "مالا مێر لێ، کانییا زێر لێ" (٣٠). جەنگاوەریی کورد نەک هەر لە داستانەکانی دا دیارن و بەس، بەلکو کورد بە کردەوەش و بەتایبەتی لەلایەن بێگانەوە بە شەڕکەر و سوارچاک و سەربازی چاونەترس دەدرێنە قەلەم (٣١)، کە ئەمەش سروشتێکی ژیانی کۆچەرییە. کەچی سەرەڕای ئەم هەموو نرخ دانە بە ئازایەتی، هیچ پێی شەرم نییە بێگانەیەک کە لەخۆی نییە بیکات بە سەرکردەی خۆی، لەجیاتی یەکێک کە لە خۆیەتی. ئەمەش دیاردەیەکی ناکۆکیی نێوان جۆری بیرکردنەوەی کۆچەری و نیشتەجێیی دەردەخا کە لە مێژووی کورددا ئاشکرایە. هەروەها دەبینین کورد کە دوژمنایەتی کرد بەهەموو جۆرێک شەڕی دوژمنەکەی دەکا، بەلام هەر هێندە دوژمنەکە بێ هێز خۆی نیشاندا (بەوەی روویەکی خۆش یان دوو قسەی خۆشی کرد) ئەو دەمە دەستبەجێ سارد دەبێتەوە و واز لە هەموو دوژمنایەتییە خستەکەی دەهێنێ و لەوانەیە دەستیش بکاتە ملی دوژمنەکەی و رابوردووش هیچ لە خەیالیدا نەمێنێ. هەروەها دەبینیت کورد بەرامبەر بێگانە، یان بەرامبەر شتێکی تازە کە هێشتا نەیناسیبێ زۆر بەگومانە، بەلام لەگەل ئەوەشدا کۆنەپارێزانە ناکەوێتە بەربەرەکانێی، بەلکو بەرێزەوە هەلسوکەوت دەکا لەگەلی و دەیدەدات هوردە هوردە تێی بگات و لە خۆی دا بیتوێنێتەوە. ئەوەتا دەبینیت کورد سەرەڕای ئەوەی لە ولاتێکی زۆر دواکەوتوودا دەژی، بەلام بە زوویەکی زوو هۆگری "ژیانی تەکنیکاوی و مۆدێرن" دەبێ، بێ ئەوەی مۆرکی بنەڕەتی خۆی ون بکا. هەروەها دەبینیت کورد زۆر باوەڕی بە (خەرافات) و "چارەنووس" و "بەخت" و "قیسمەت" و ئەم شتانەیە (٣٢)، کەچی لە سەرێکی دیکەوە واقیعییە. ئەوەتا ئەمە لە پەندە پێشینانەکانیدا دیارە. وەک: "هەزار فاتیحا کوتێک گۆشت ناهێنێ" و "ئەگەر بە دۆعا دەبوو پشقل بە خورما دەبوو"، ئەوەتا بە کردەوەش خۆی ناداتە دەست قەدەر هەموو کاتێک، بەلکو بۆ

گەیشتنە ئامانجەکانی دەجووڵێتەوە و تەنانەت بەرخۆدان دەکا وشۆرش هەڵدەگیرسێنێ... شایانی باسە کە هێندێک لەو بێگانانەی لەنێو کورددا ژیاون و بە چاوێکی بابەتانەی بەوێژدانەوە روانیویانەتە کورد، توانیویانە ژمارەیەک لە سروشتە پێچەوانەکانی کورد بخەنەڕوو. لەوانە هەندازیاری سکۆتلەندی بەهەشتی هەملتن، دروستکەری شەقامی هەملتن لە کوردستان (۳۳) دەبێژێ:

"چۆنکە کورد چیانشینە، جۆرێکی دیکەیە (و لە عەرەب ناچێ)، کەمێک شەرمنترە، سروشتی زۆرتر لە سکۆتلەندییەک دەچێ. کەمتر لە عەرەب دڵی بە دنیاوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا حەز لە گاڵتە و گەپ دەکا، بەتایبەتی ئەگەر گاڵتەکە باسی خۆی یان گەلەکەی بێ. (کورد) نەختێک سۆفی ڕەوشت و نەختێک فەیلەسوفە، و کەمێکیش باوەڕی بە قەزاوقەدەرە. ئەگەر بێت و بتوانیت بیکەیتە هاوڕێی خۆت، تەنانەت لە عەرەب راستوڕەوانترە. کورد وەنەبێ گەوجیش بێ، بەڵکو بە چاوێکی تیژەوە دەڕوانێتە جیهان و ئارەزوویەکی هۆشیارانەی هەیە بۆ هەموو پێشکەوتنێکی زانستانەی مۆدێرن و پیشەسازی، هەرچەندێک ولاتەکەی دواکەوتە و ساکاریش بێ" (۳٤). پێم وایە، هەر ئەم سروشتە سینکرێتیستانەیەی کولتووری کوردە کە بووە بەهۆی پاراستنی کورد و رێگرتن لە تەفروتوونا بوونی. بەکورتی؛ ملدانی کورد بۆ چوونە ژێر دەسەلاتی بێگانە، بەلام بەمەرج (شرط) کە ئەمە خۆی لە خۆی دا بریتییە لە یەکد گیریی سینکرێتیستانەی کولتووری کۆچەری و کولتووری نیشتەجێیی، یاخود بە زاراوەی سیاسەت (مساوەمەیەک) لەنێوان دانەدواوەی تەواوی دەسەلاتدارێتیی بێگانە (کە ئەمەیان خووڕەوشتی کۆچەرییە)، و نێوان ئامادەبوون بۆ خۆکردنە بەشێک، یان پارچەیەک لە کۆمەڵگەی بێگانەی خاوەن دەسەلات (کە ئەمەشیان خووڕەوشتی نیشتەجێییە)، دەورێکی گەورەی گێڕاوە و دەگێڕێ لە قالببەستندا بە کولتووری سیاسیی کورد، و بووەتە هۆی ئەوەی کە کورد وەک کورد تا ئەڤرۆ لەنێو نەچێ، بەلام لە هەمان کاتیشدا هەروا وەک گەلێکی بێ دەوڵەتی یەکنەگرتوو بمێنێتەوە. کولتووزی سینکرێتیستانەی کورد هەر بەتەنێ لە هەڵسوکەوتی سیاسیانەی کورددا دەرناکەوێ. بەڵکو

تەنانەت لە رامانە ئەفسانەیی و میتۆلۆژیاییەکانی کوردیشدا دەردەکەون. ئاینە کوردییەکانی وەک ئاینی ئێزدی و ئاینی کاکەیی و.. هتد، وێنەی ئێزدانی بە جۆرێک دێننە بەر چاومان کە وەک (مساوەمەیەک) وایە لەنێوان (تصورات)ی ئێزداییی هیند و ئێرانییە کۆنەکان کە خودێی بێ گیانی بەچاو بینراویان دەپەرست (وەک خۆر و مانگ و ئەستێرە و چیا و درەخت و زێ و.. هتد) و (تصورات)ی تاکپەرستانەی بەچاو نەبینراوی زەردەشتێتی و جوولەکەیەتی و مانێتی و پاشان موسڵمانەتی دا، کە (تصورات)ی یەکەمیان هی دەورانی کۆچەرییە، دووەمیشیان هی دەورانی نیشتەجێییە. ئاینە کوردییەکان گەوهەری ئێزدانی لە شێوەی گیاندارێکدا دێننە بەرچاوی خۆیان کە لەرێی "دۆنای دۆن" یان "کراس گوهارتن" (تناسخ الارواح)ەوە لە تەنێکی بینراودا خۆی پێشان دەدات. ئەمەش باسێکی میتۆلۆژیای کوردە کە لە جێی دیکەدا لێی دواوم. بەکورتی: کولتووری کورد یەکێکە لەو پێناسە گرنگانەی کە دەبنە هۆی دیاریکردنی پێوەندارێتیی کوردبوون.

(ف)- هەستی وەکیەکی کوردبوون

ئەگەر یەکێک بە بنەچە و ڕەچەڵەک کوردبوو، و خەڵکی کوردستان بوو، و بە زمانی کوردی قسەی کرد، و سەر بە کولتووری کورد بوو، واتە هەموو ئەو مەرجانەی تێدابوو کە بە پێناسەی کوردبوون دادەنرێن، ئەوجا بۆ ئەوەی بە کورد بناسرێ، دەبێ ئەو کەسە خۆی بە یەکێک بزانێ لەو کۆمەڵگەلەی کە بە کورد ناسراوە. خۆ ئەگەر هەستی بەوە نەکرد کە کوردە و خۆی بە کورد نەدایە قەڵەم، ئەوا دانانی بە "کورد" لەلایەن خەڵکەوە سەبارەت بەوەی بە بنەچە و ڕەچەڵەک کوردە، یان بە زمانی کوردی قسە دەکات، یان خەڵکی کوردستانە، یان سەر بە کولتووری کوردە، بە هیچ جۆرێک وا لەو کەسە ناکات کە "هەستی کوردبوون" پەیدا بکات. خۆ ئەگەر یەکێکی دیکە، نە بە بنەچەو ڕەچەڵەک کوردبێ، و نە خەڵکی کوردستان بێ، و نە بە زمانی کوردی قسە بکات و نە سەر بە کولتووری کورد بێ، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک هەیە با ببێ، خۆی بە کورد بزانێ و هەست بەوە بکات کە کوردە، ئەوا لەلایەن خەڵکیشەوە

بە کورد نەدرێتە قەڵەم، وا لەو کەسە نایەت کە هەستی کوردبوونی تێدا نەمێنێ، یان خۆی بە کورد نەزانێ. **کەواتە هەستکردن بە کوردبوون واتە خۆ بە کورد زانین مەرجێکی سەرەکی و پێویستە بۆ کوردبوون.** هەر بەم پێیە ئەوی خۆی بە کورد زانی کوردە و ئەوی خۆی بە کورد نەزانی کورد نییە.. ئا لەم رووەوە بەهەشتی مستەفا بارزانی لەوەرامی پرسیارێکی رۆژنامەی Le Monde "ی فەرەنسی دا کە لێی پرسیبوو: کورد کێ یە؟" گوتبووی: "ئەوی خۆی بە کورد زانی، ئەوا ئەو کەسە کوردە" (٣٥). بەم جۆرە نیشانەکەی بەتەواوی پێکابوو. بەلاَم ئێستە ئێمە ئەگەر سەرنجێکی ئەوانە بدەین کە هەستی کوردبوونیان هەیە، واتە خۆیان بە کورد دەزانن، یان بەلایەنی کەمەوە، لای بێگانە خۆیان بە کورد دەدەنە قەڵەم، دەتوانین دوو جۆرە تیپ لەیەک جیا بکەینەوە:

(١)- تاقمێکی بەژمارە زۆر گچکە هەن خۆیان بە کورد دەزانن، و لەبەردەمی هەموو کەسێکدا دەڵێن کوردن، بەلاَم ئەگەر بێتو یەکێک لە پێناسەکانی "کوردبوون" بەربەرەکانێ بکرێ، یان بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا باکیان نییە. بەکورتی: بە پێویست و ئەرکی سەرشانی خۆیانی نازانن لەسەر پێناسەکانی کوردبوون بکەنەوە. بۆ وێنە ئەگەر خۆیان یان منداڵیان لە قوتابخانەکاندا بە کوردی بخوێنن، یان بە زمانێکی دیکە بخوێنن، ئەوا بەلایانەوە هەر وەک یەکە. خۆ ئەگەر دەوڵەتێکی ناسیۆنالی بێگانە کە کوردستانی داگیرکردووە بکەوێتە پەلاماردانی کورد و، وێران کردنی کوردستان و دەست بکا بە ترک کردن و فارس کردن و عەرەب کردنی کورد، ئەوا باکیان نییە. بەکورتی: خۆیان بە هاووڵاتی ئەو دەوڵەتانە دەزانن کە کوردستانیان بەزۆر لە خۆیان بەشکردووە، نەک بە هاووڵاتی کوردستان. جاری واش هەیە ئەم تاقمە راستەوخۆ هاوکاری لەگەڵ ئەو رژێمانەدا دەکا کە بۆ لەنێوبردنی هەموو پێناسەکانی ناسنامەی کوردی هەوڵ دەدەن و ئەم هاوکارییەش بەشتێکی ئاسایی دەزانێ. شایانی باسە کە ئەم تاقمە تەنێ دەکەوێتە قسە و بەدەنگ دێ، کاتێک بەرژەوەندیی تەسکو تروسکی تایبەتی و خۆکەسی (شخصي)ی خۆی بکەوێتە مەترسی و تەنگاوییەوە. دەتوانین بڵێین ئەم تاقمە خەڵکە،

هەرچەندە خۆی بە کورد دەداتە قەڵەم، بەڵام هەستی نێوکۆیی لەگەڵ سەرجەمی ئەواندا نییە کە خۆیان بە کورد دەزانن و بە کورد ناسراون و لە هەمان کاتدا زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کورد پێکدێنن. واتە؛ ئەمانە چارەنووسی خۆیان نابەستن بە چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردەوە. ئەم تاقمە لەنێو کوردەواریدا -وەک خۆشتان دەیزانن- بە "زۆڵە کورد" نێو دەبرێن. دیارە وشەی "زۆڵ" لە کوردیدا هەر بە مانا ئاینییەکەی بەکار ناهێنرێ کە "لەدایکبوونی ناشەرعی" یە، بەڵکو "زۆڵ" بە هەموو هاتنە جیهانێک و هەموو جۆرە پێگەیشتنێکی "ناخۆڕسکی" و "نارەوا" دەگوترێ. لە هەمان کاتدا سروشتی "زۆڵ" کە دەدرێتە پاڵ ئەو جۆرە کەسانە، وەک لە وشەی "زۆڵە کورد" دا دیارە، خۆماڵی "کوردبوون لەو کەسانە ناسێنێتەوە کە بە "زۆڵ" نێویان دەبات، واتە هەر بە "کورد" دادەنرێن، ئەگەرچی بە "کوردێکی زۆڵ" دەزانرێن. نەسەندنەوەی خۆماڵی "کوردبوون" لەوانە؛ شتێکی راستە، چونکە ئەوانە تا خۆیان بە کورد بزانن، هەر کوردن، هەرچەندە سەر بە تیپێکی تایبەتین. جا لەبەر ئەوەی ئەم وتارەی من وتارێکی زانستانەیە، دەمەوێ خۆم لە زاراوەی سەنتیمەنتالانە و کەفوکوڵی دەروون دوور بخەمەوە، لەبەر ئەوە وا پێشنیاز دەکەم کە بەم تاقمە بگوترێ "**لە خۆیاندا کوردن**". وێنەش بۆ ئەم تیپە لە رابوردوودا هێندێک لە دەرەبەگەکان و سەرۆک هۆزەکانی کوردستان بوون. لەمدواییەشدا هێندێک لە ئاغا وخاوەن زەوی و زارە گەورەکان، و ژمارەیەکیش لە هوردە بۆرژوای رۆشنبیری دەسەڵات دارن، کە ئەمانەش جاروبار ژمارەیەک لە چڵکاو خۆر و کاسەلێس و کوڕی رۆژ و هێندێ جاریش دەستەیەک لە نەزان و ساویلکەی سەر بە چینی هەژار و دەستکورتیش لەگەڵ خۆیان کێش دەکەن.

(٢)- کۆمەڵێکی دیکە هەن، بەڵام ئەمان بە ژمارە زۆر گەورە، و زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردن. ئەمانە نەک هەر خۆیان بە کورد دەزانن و، بەس، بەڵکو هەموو پێناسەکانی کوردبوون بە بەشێک لە خۆیان دەزانن. واتە، زمانی کوردی و بنەچە و ڕەچەڵەکی کوردی و وڵاتی کوردستان و کولتووری کورد بە "ملکی خۆیان" دەزانن و لەسەری بە دەنگ دێن. جا لەبەر ئەوەی ئەم

"ملْکە" هەر هی ئەوان نییە، و بەشداری دیکەشیان هەیە، کە ئەوانە هەموو ئەو کوردانەی دیکەن، دیارە هەر هەلْمەت و پەلامارێک بۆ سەر "شەریکە ملْک" بە هەلْمەت و پەلامار بۆ سەر خۆیان دادەنێن. ئا لەبەر ئەوە پاراستنی "ملْکی هاوبەش" و پاراستنی "هاوبەشکار" بە پێویستیْ سەرشانی خۆیان دادەنێن. بەکورتی؛ **چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی ئەوانە جیا ناکەنەوە کە لە خاوەنێتیی پێناسە تایبەتکارەکاندا هاوبەشکاری ئەوانن.** ئەم کۆمەڵە چارەنووسی خۆیان دەبەستن بە چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، لەبەر ئەوە ئەو ولاْتانەی کە کوردستانیان دابەشکردووە، بە ولاْتی خۆیان نازانن، بەلْکو کوردستان بە ولاْتی خۆیان دەزانن، و خۆشیان بە کوردستانی. هەروەها ئەو دەولْەتانەی کە جنسیەکانیان هەلْدەگرن بە دەولْەتی خۆیان نازانن، بەلْکو بە داگیرکەری کوردستان و کۆلۆنیالیست و دەزگەی فەرمانداریتیی ناڕەوا تێدەگەن. لە هەموو کاتێکدا دان و ستاندن و پێوەندیی گیانییان لەگەلْ کوردێک پترە وەک لە "هاوولاْتێک"ی ناکوردی ئەو دەولْەتەی جنسیەکەیان هەلْگرتووە، با کوردەکەش کوردی دەولْەتێکی دیکەش بیْ. ئەمانە وەنەبیْ هەموویان لە رێکخراوی سیاسیی کورادنەدا کاریکەن؛ یان خەریکی سیاسەت بن، نەخێر. زۆریان هەروەک کوردەکە دەبێژیْ -لە مالْی خۆیان دانیشتوون و دەست بۆ سیاسەت نابەن-. بەلاْم کە دەبینن تاقمێکی سیاسی باسی مەسەلەی کورد دەکەن، یان کۆمەلْێک پێشمەرگە لە دژی دەزگەی فەرمانداریتیی داگیرکەرانی کوردستان بەربەرەکانی دەکەن، ئەمانە بەمە دلْخۆش دەبن و ئەگەر پێشیان بکریْ یارمەتیشی دەدەن. هەر ئەم پشتگیرییەی جەماوەری کوردە کە بووەتە هۆی ئەوەی تاقمی گچکە گچکە پێشمەرگەی کورد بتوانن سالاْنی دوورودرێژ بەسەر چیاکانی کوردستانەوە بژین و بمێننەوە و سوپاکانی دەولْەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەتوانن لە نێویان ببەن؛ چۆنکە جەماوەری کورد هەرچەندە بەردەوام و چالاکانە پشتگیرییان ناکا و ناچێتە ریزەکانیانەوە - بەلاْم لەگەلْ ئەوەشدا، بەلایەنی کەمەوە، بەشێوەیەکی پاسیف یارمەتییان دەدات. سەربازێکی ترک کە نێوی س. ئینانج S. Inancە و رەڤیا بوو بۆ لای پێشمەرگەکانی پ.ک.ک. گوتبووی:

"هێندێک جار شەڕ و هەڵلا و چنگەپۆپانی لەنێو سەربازەکاندا ڕوودەدات. ئەگەر هاتوو دوو سەرباز؛ یەکێکیان کورد و ئەوی تریان ترک چوون بە گژ یەکدا، ئەوا کوردەکان پشتی کوردەکە و ترکەکانیش پشتی هاوولاتەکەی خۆیان دەگرن. جا ئەگەرچی ناهۆشیارانەش بێ، بەڵام ئەو سەربازانەی بنچە و ڕەچەڵەکیان کوردە، پێیان خۆشە کە ڕێکخراوێکی کوردی چالاکییەک بنوێنێ..." (٣٦). نموونەیەکی دی:

کە لە زستانی ساڵی ١٩٤٦دا و پاش ئەوەی نیزیکەی ساڵێک بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازربایجانی ئێراندا دوو کۆمار دروست بوو بوون، یەکێکیان بەنێوی "دەوڵەتی جمهووری کوردستان" و ئەوی دیش بەنێوی "کۆماری دیمۆکراتی ئازەربایجان"ەوە، هەڵ بۆ لەشکری شای ئێران هەڵکەوت کە بکشێ بەسەر هەردوو کۆمارەکەدا بۆ ڕووخاندنیان. هەرچی خەڵکی ئازەربایجان بوون، ئەوا بەرلەوەی لەشکری ئێران بگاتە تەوریز (پێتەختی کۆماری ئازەربایجان) هەر خۆیان کەوتنە پەلاماردان و ڕووخاندنی حکوومەتەکەی ئازەربایجان. لە کاتێکدا کوردەکان؛ بەتایبەتی خەڵکی مەهاباد (پێتەختی کۆماری کوردستان) بۆ ڕووخاندنی کۆمارەکەیان زۆر خەفەتبار و ڕەشپۆش بوون. ئەم ڕاستیانە تەنانەت کابرایەکی نانخۆری دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو دەمەی شای لێنخراوی ئێران وەک **ئیگلتن** لە کتێبەکەیدا کە لە سەر کۆماری کوردستان نووسیویەتی دانی پێدا ناوە (٣٧). لێرەدا پێشنیاز دەکەم ئەم جۆرە کوردانە وەک **"بۆ خۆیان کورد"** بناسرێنەوە. بەڵێ... ئەمە ئەو دیاردەیە (ظاهرة)یە کە بە **"هەستی نێوکۆیی"** دادەنرێ. جا ئێستە پرسیارێک دێتە گۆڕێ. ئایا ئەم هەستە نێو کۆییە کە دەبێتە هۆی خۆ بە کورد زانین، چۆن پەیدا دەبێ؟ بێگومان وەرامی ئەم پرسیارەی سەرەوە هەروا بە هاسانی نادرێتەوە؛ چونکە بەڕاستی گەلێک هۆکاری جیاواز هەن، کە دەبێ هەموو پێکەوە و لە هەلو مەرجی تایبەتی دا بکەونە کار، ئەوجا ببنە هۆی دروستکردنی ئەم هەستە نێو کۆییە. **هێندێک لەم هۆکارانە خۆیین و هێندێکیشیان دەرەکین، واتە هی بێگانەن و لە دەرەوە دێن.** هۆکارە ناخۆییەکان سەر بە هەرێمی چۆنێتیی لێتێگەیشتن و تێڕوانینی بێگانەیە

بەرامبەر بە کورد. **تێڕوانینی خۆیی کورد و تێڕوانینی بێگانە لە کورد دوو باسی زۆر گرنگی بیروڕای گشتی و سۆسیۆلۆژین** کە تا ئێستە هەر یەکجار کەوتووەتە ژێر هوردەبینی لێکۆڵینەوە، ئەوەش لەلایەن لێکۆڵەرەوەی ئەڵمان **هەنەلۆرە کوپشلەرەوە.** هەنەلۆرە لە دوکتۆرنامەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٧٨دا بە ناوی "بیروڕای گشتی- سەرنجێکی تیۆریانەی مێتۆدۆلۆژییانە و توێژینەوەیەکی نموونە لە تێڕوانینی خۆیی کورد"ەوە پێشکێشی زانستگەی بەرلینی کردووە، لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییانەی خستووەتە سەر باسکردنی پێناسەکانی تێڕوانینی خۆیی و لە وەرامی ئەو پرسیارانە کۆڵیوەتەوە کە کورد خۆیان لە خۆیانی دەکەن. بۆ ئەمەش پێشەکی دەبێژێ:

"باسی تێڕوانینی خۆیی گەلێک، یان کۆمەڵگەلێکی گەورە، بەگشتی، سێ نێوچەی بەیەکەوە بەستراو دەگرێتەوە:

یەکەمیان: بنەچەو ڕەچەڵەک، واتە ئێمە لە کوێ وە هاتووین، ئێمە کێین؟

دووەمیان: ئێمە چۆنین، واتە تایبەتکارەکانمان چییە؟

سێیەمیان: تەڵگەری پاشەڕۆژ، واتە ئێمە چیمان دەوێ" (٣٨) ئەوجا دەبێژێ:

"بەڵگە بۆ ئەوەی کە کورد تێڕوانینی خۆییان هەیە، بێجگە لە دیاردەکانی خۆی، جارێ هەر بەوەدا دەردەکەوێ کە ئەوەتە (ئەم کوردانە) نێزیکەی دوو هەزار ساڵێکە لەلایەن کۆمەڵانی بێگانەوە هەر بە کورد نێو دەبرێن. کەواتە ئەم (کوردانە) هێندە تایبەتکاری نێو کۆییان هەیە، کە بووەتە هۆی ئەوەی بێگانە هەموویان پێکەوە بە نێوی "کورد" نێو ببات " (٣٩) ئەمەش بۆچوونێکی ژیر بێژانەیە و دەبێ هەموو ئەو پێناسانەی کە لەمەو بەر لێیدواوین، پێکەوە کەوتبنە کار، و لەوەوە تێڕوانینێکی خۆییان بۆ کورد دروستکردبێ. چۆنکە ئەگەر کورد تایبەتکاری تەواو (کافی)ی وەک یەکیان نەبووایە، و لەو تایبەتکاراندا هەموویان هاوبەش نەبونایە - وەک هەنەلۆرە دەبێژێ- دیارە بێگانە هەموویانیان بە "کورد" نەدەدایە قەڵەم.

جا چۆن رستەی تایبەتکارە وەک یەکەکانی کورد کە تێڕوانینی خۆیی پێکدێنن، کار لە تێڕوانینی بێگانە دەکا و وا لە بێگانە دەکا کە کورد بە کورد بناسێ، هەروەها لەوانەیە هێندێ جاریش هەڵوێست و هەڵسو کەوتی بێگانە بەرامبەر بە تایبەتکارە وەک یەکییەکانی کورد؛ کار بکاتە سەر تێڕوانینی خۆیی کورد، و لەوەوە هەستی نێو کۆیی بەهێز بکا. جا لەبەر ئەوەی یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە چلوورە بە هەستی نێو کۆیی دەبەستێ، بەسەرهاتی نێو کۆییە، و لە نێو ئەوانەشدا تاقیکردنەوەی نێو کۆیی لە گەڵ بێگانەدا، دیارە تاقیکرنەوەی "باش و خراپ" دەوری خۆیان دەگێڕن. بۆ وێنە: هەرکاتێک فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەشکردووە، لەگەڵ کورددا کەمێک بە نەرمی بجووڵێنەوە، دەستبەجێ هەستی "جیابوونەوە خوازی" لە نێو کورددا کەمتر دەبێتەوە. بە پێچەوانەوە؛ ئەم هەستە بەرزتر دەبێتەوە کاتێک کە فەرمانڕەوایانی بێگانەی کوردستان، کە بە زۆری لە ناسیۆنالیستە شۆڤینیستەکانی ترک و عەرەب و فارس پێکهاتوون، بە توندی و تیژی بکەونە وێزەی کورد. بۆ وێنە: کە جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بە هۆی کودتایەکەوە لە ١٤ / ٧ / ١٩٥٨ دا لە عێراق هاتە سەر کار، و **کوردی لەسەر کاغەز بە "هاوبەشی عەرەب" نێو برد** -ئەگەرچی عێراقیشی بە پێی دەستوورەکەی بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دانابوو- لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆری کورد کەوتنە چەپڵە لێدان بۆی، و قاسمیان بە **"برای گەورە"** و **"سەرۆکی تاقانە"** دایە قەڵەم و عێراقیان بە **"کۆماری کورد و عەرەب"** دانا، و دەستیانکرد بە باسی **"پاراستنی تەواوێتیی خاکیی عێراق"** و **"برایەتیی کورد و عەرەب"**. هوردە بورژوای مارکسیستی کورد کە ئەو دەمە سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی رۆشنبیرانی کوردی بە دەستەوە بوو، کەوتە دژایەتیی هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی جیا بوونەوە خوازانە. **کاژیک** کە تاقە رێکخراوێکی کورد بوو کە "تەواوێتیی خاکی عێراق"ی بە دەستنێژی ئیمپریالیستەکانی رۆژاوا دەزانی و "برایەتیی کورد و عەرەب"یشی بە برایەتییەکی درۆزنە و چاو بەست لە دژی کورد دەدایە قەڵەم، چۆنکە **کاژیک** برایەتیی کورد و عەرەبیی، تەنێ بە "وەک یەکیی کورد و عەرەب لە

دەسەلأتدا" تێدەگەیشت و خۆی لە کەفو کوڵی عاتیفەوە نەد ـەوا لەلایەن ئەو هوردە بۆرژوا کوردانەوە، بەو پەڕی توندو تیژییەوە بەربەرەکانیْ دەکرا. بەلأم کە تاقیکردنەوەکانی شۆرشی ئەیلوول لە خوارووی کوردستاندا (کە لە ۱۹٦۱/۹/۱۱ەوە تا ۱۹۷۵/۳/۲٦ درێژەی کێشا) ئەو راستییانەی خستە روو، کە فەرمانڕەوایانی بێگانەی کوردستان بە پێی سروشتی کۆلۆنیالیستانەیان، کوردێکی "دڵسۆز بە خۆیان" لە کوردێکی "یاخی بوو لێیان" جیا ناکەنەوە، واتە ئەو قسەیە هاتە دی کە زۆر جار کاژیک دەیکرد و دەینووسی و بلأوی دەکردەوە، ئەوجا مەسەلەکە جۆرێکی دی لێهات، بە تایبەتی پاش هەرەسەکەی مارتی ساڵی ۱۹۷۵، رێکخراوەکانی هوردە بۆرژوای کورد وایان لێهات ناچار بوون خۆیان لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی جەماوەری کورددا بگونجێنن و چاوێک بە ستراتیژی خۆیاندا بگێڕنەوە، و ئەو جا لە تێزەکانی کاژیکەوە گەلێک سەرەتا و سەرنجیان خواست(٤٠) کە یەکێکیان **"بڕیاری چارەنووس بۆ کورد"** بوو لە جیاتی "ئۆتۆنۆمی" کە نێزیکەی چل ساڵێک بوو هوردە بۆرژوای ماکسیستی کورد پێوەی خەریک بوون. هەروەها لە نووسینەکانیاندا باسی بەربەرەکانێی جیابوونەوە خوازی و "پاراستنی تەواوێتیی خاکیی عێراق" نەما (٤١). بە کورتیْ؛ کەوتنە رووی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان لەوەدا کە **"کوردێک" و "کوردێک" لە یەک جیا ناکەنەوە،** و بە یەک چاو تەماشای هەموو کوردێک دەکەن، و لە گەڵ هەموو کوردێکدا هەر یەک جۆرە تەرازوو بەکار دێنن، ئەڤرۆ بووە بە تاقیکردنەوەیەکی نێو کۆیی کورد، و ئەم بەسەرهاتە نێو کۆییانە بە تایبەتی لە تەنگانەدا، وایان لە کورد کردووە کە هەموویان زۆرتر و زۆرتر خۆیان بە **"یەک شت"** تێبگەن و چارەنووسی خۆیان بە **"یەک چارەنووس"** بزانن. هەروەها بە تاقی کردنەوە دەرکەوت، کە زۆر لەو کوردانەی **"لە خۆیانذا کورد"** بوون، و لە عێراقدا خزمەتی دەوڵەتی بەعسییان دەکرد، پاش ئەوەی لەلایەن بەعسییەکانەوە هەر وەک ئەو کوردانە هەڵسو کەوت کرا لە گەڵیان کە **"بۆ خۆیان"** کوردن، ئەوجا وازیان لە بەعسییەکان هێنا و چوونە ریزی کۆمەڵی دووەمەوە (٤٢). ئەم جێگۆرکێیە لە دۆخی **"لە خۆدا کورد"ە وە بۆ دۆخی "بۆ**

خۆ کورد" ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت. هەر بۆ نموونە: بەر لەوەی بەعسییەکان لەڕێی کودەتاوە لە شەستەکاندا لە عێراق بێنە سەر کار، گەلێک خوێندکاری کورد هەبوون کە لە زانستگەی بەغدا زمان و ئەدەبیاتی عەرەبییان دەخوێند، دوایی دەبوونە مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی لە قوتابخانە نێوەندییەکانی کوردستان و عێراقدا. بەڵام پاش ئەوەی دەسەڵاتی شۆڤینیستانەی بە عەرەبکەرانەی بەعسییەکان کەوتە کار بەتایبەتی پاش هەرەسی شۆڕشی کورد لە ١٩٧٥دا، و دەستەکەی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە کوردستاندا کەوتە ڕوو، قوتابیانی کورد ڕوویان لە خوێندنی زمانی عەرەبی وەرگێڕا. بەڵگە بۆ ئەمەش دان پێدانانی کار بەدەستانی بەعسی خۆیانە. بۆ نموونە: ئەوەی پێی دەگوترێ **"ئەنجومەنی یاساداناني نێوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق"** لە ڕۆژی ١١/١٢/١٩٨٤دا خەریکی لێکۆڵینەوەی چارەسەری جێپڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی مامۆستایانی زمانی عەرەبی بوو لە **"نێوچەی ئۆتۆنۆمی"دا، محەممەد پیرۆز ڕۆستەم "ئەمینداری گشتی"ی** (٤٣) **بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە و خوێندنی بەرز** "کە خۆی یەکێکە لەوانەی **"لەخۆیاندا"** کوردن و کاربەدەستێکی ڕژێمی بەعسە؛ گوتی: "بۆ مەسەلەی زمانی عەرەبی، و لە دوو توێی قسەکانمدا لە سەرەتای کۆبوونەوەکەوە ڕوونمکردەوە، هیچ خوێندکارێک نییە کە خەڵکی نێوچەکە بێ و بچێتە بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلیجی پەروەردە (٤٤) ئەمجا گوتی : "... ئەم بارە ئەگەر هەروا بەم جۆرە بمێنێ، ئەوا باشترین مامۆستاکانی زمانی عەرەبی بەرەو ئەوە دەچن کە تەقاوت بکرێن، بێ ئەوەی کەسێک ببێ جێگەیان بگرێتەوە.. هتد" (٤٥). یەکێک لە هاوڕێکانی کە ئەویش ئەندامی ئەنجومەنە، ویستی تێیبگەیەنێ کە هۆی ئەمە ئەوەیە قوتابی کورد زمانی عەرەبی کەم دەخوێنن؛ لەبەر ئەوەیە ناتوانن بچنە بەشی عەرەبیی زانستگە، بەڵام **محەممەد پیرۆز ڕۆستەم** گوتی:

".. بەڵام ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە بچنە بەشی زمانی ئینگلیزییەوە... باشە، ئایا ئەو خوێندکارەی دەچێتە بەشی ئینگلیزی، خوێندنی لەوە پێشی بە زمانی ئینگلیزی بووە؟ بێگومان نە. چونکە ئەو بە زمانی عەرەبی زێتر دەخوێنێ وەک لە زمانی ئینگلیزی. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ڕوو دەکاتە ئەم بەشە. با

لەگەڵ خۆمان راستگۆیین. هێندێ جار لاوازیی (هەست)ی خۆ بە هاونیشتمان دانان دەورێکی دیاری هەیە. بۆ وێنە: خوێندنەکەی بە زمانی عەرەبییە هەر لە پلەی سەرەتاییەوە تا کۆتایی پلەی نێوەندی، و گوێ لە پرۆگرامی تەلەفزیۆن و رادیۆ دەگری بە عەرەبی، گۆڤار و رۆژنامەی عەرەبی دەخوێنێتەوە، و گۆرانی گۆرانیبێژانی ژن و پیاو بە عەرەبی لەبەر دەکات، بەلام روو ناکاتە خوێندنی زمانی عەرەبی، کەچی دەچێ زمانی ئینگلیزی دەخوێنێ، ئەو زمانەی کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە دەیخوێنێ، و بە چەند دەرزێکی کەمیش.. بیانووشیان ئەوەیە کە ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە... بەلام روو ناکەنە زمانی قورئان و ئاین و هاو نیشتمانێتی و شەرەف و ئابروو.. با رەپوڕاست بێژین، هێندێک خوێندکار وازیان لە ڕێبازی ئاین و ڕێبازی عێراق و هاونیشتمانێتیی باش هێناوە، ئەگەرنا ماوەی فێربوونی زمانی عەرەبی، وەک هەموومان دەزانین زێترە لە ماوەی فێربوونی هەر زمانێکی دی و سوپاس" (٤٦).

بەڵێ، ئەم قسانەی محەممەد پیرۆز زۆر راستن. بەلام ئەوە هەیە کوردەکە نە دژی عەرەب بووە و نە دژی عەرەبە (وەک عەرەب)، و نە دژی قورئان بووە و نە دژی قورئانە (وەک قورئان)، بەلام ئەڤرۆ کوردەکە لە عێراقدا -چونکە ئێستە قسەکە لەسەر عێراقە- هەست بەوە دەکات کە زمانی عەرەبی بە زۆرە ملی دەسەپێندرێ بە سەری دا، بۆ ئەوەی بکرێ بە عەرەب و بتوێنرێتەوە. جاران کوردەکە زمانی عەرەبی بە زمانی قورئان و ئیسلام دەزانی، و لەرێی ئایینی ئیسلامەوە هەستی بە هاوبەشییەک دەکرد لەگەڵ عەرەبدا، و بە خۆشییەوە فێری زمانی عەرەبی دەبوو، و دەیخوێند، و زانای گەورەی عەرەبیزانی تێدا هەڵدەکەوت، کە زۆر خزمەتی زمان و ئەدەب و کولتووری عەرەبیان دەکرد. گەلێک لە بە نێو بانگترین نووسەران و شاعیران و مێژوونووسان و یاسا ناسان وفەیلەسووفانی بە عەرەبی و فارسینووس، یان کورد بوون یان بە بنەچە و رەچەڵەک کورد بوون، لەمانە (ابن خلكان و ابن الاثير و ابو الفدا و دينوري و ادريسي و عباس العقاد و جميل صدقي الزهاوي و معروف الرصافي و احمد شوقي و شمس الدين الزركلي و ابن الحاجب و سوهرەوەردی و رشيد ياسمي و محمد قاضي و محمد عبده و عبدالرحمن الكواكبي و

محمد کرد علي و سەتانی دیکە...) جاران زانای وەک **شێخ مارفی نۆدێیی** (۱۷۵۳-۱۸۳۸) هەبوو کە (٤٦) کتێبی بەترخی لەبارەی زمان و ئەدەبیات و فیقهی ئیسلام و شەریعەت و چی و چییەوە بە زمانی عەرەبی و فارسی دەنووسی و تاقە یەک فەرهەنگی گچکەی عەرەبی - کوردیشی دەنووسی، کە ئەوەش وەک خۆی دانی پێدا ناوە - بۆ خزمەتی زمانی کوردی نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە **کاک ئەحمەدی** کوڕی فێری زمانی عەرەبی بکات، ئەو زمانەی کە بە زمانێکی پیرۆزی داناوە. ئەوەتا لەسەرەتای فەرهەنگۆکی "ئەحمەدی" دا بە شیعری عەرەبی و فارسی دەبێژێ: (٤٧)

الحمد لله علي ما وهب هدانا الي لسان العرب

(سوپاس بۆ خودێ بۆ ئەوەی بە ئێمەی بەخشی، ئێمەی ڕێنوێنی کرد بۆ فێربوونی زمانی عەرەب)

در این رساله به کردی زبان کنم زبان عربرا بیان

(لەم نامیلکەیەدا بە زمانی کوردی، زمانی عەرەب دەخەمە ڕوو)

تاکه فرزندم احمد بی تعب شود دانای لغات عرب

(داکو زارۆکەم ئەحمەد بێ زەحمەت وشەکانی عەرەبی فێر ببێ)

لهذا ناوم نا احمدیه والله ارجو صلاح النیه

(لەبەر ئەوە نێوم نا ئەحمەدییە، نیاز چاکی لە خودێ داواکارم)

بەڵێ جاران وابوو، ئەڤرۆش کوردەکە زمانی عەرەبی ناخوێنێ، چونکە بە زمانی داگیرکەری دەزانێ، محەمەد ڕۆستەم لە بنی مەنجەڵەکەی داوە و ڕاست دەکا، کوردەکە خۆی بە هاونیشتمانی عیراق نازانێ؛ بەڵکو خۆی بە هاونیشتمانی کوردستان دەزانێت، لەبەر ئەوە نایەوێ هیچ زمانێکی بێگانە بە زۆر بسەپێندرێ بە سەری دا. ئەم هەڵوێستەشی وەنەبێ هەر بەرامبەر بە زمانی عەرەبی وابێ، بەڵکو بەرامبەر بە فارسیش و ترکیش (٤٨) هەر وایە. ئەڤرۆ کوردەکە دەبێژێ: "ئەی بۆچی عەرەب و ترک و فارس نایەن کوردی فێربن.

ئێمە چیمان لەوان کەمترە؟" ئەمەش بە داخەوە (واقیعەکەیە) بەلاّم زۆر ناخۆشە، بە تایبەتی بۆ یەکێکی وەک من کە هەر لە منداڵییەوە تامو لەزەتی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیم چێشتووە و ساڵانێکی دوورو درێژ خەریکی مێژوو و کولتووری ئەم دوو گەلە بووم، دەزانم ئەم هەڵوێستەی ئەفرۆی کورد لە دژایەتی کردنی زمانی عەرەبی و فارسی و ترکییەوە نایەت و نەهاتووە، بەڵکو کاردانەوەیەکی ناچاریی هەڵوێست و هەڵسو کەوتی تاوانبارانەی دەسەلاّتدارە زۆردارە ملهوڕەکانی عەرەب و فارس و ترکە (٤٩) کە نەک بە ئازایەتی و ڕۆستەمی خۆیان؛ بەڵکو بە چەک و فرتوفێڵی دەوڵەتە زلهێزەکان کوردستانیان داگیر کردووە و نەتەوەی کوردیان نەک هەر لە بڕیاری چارەنووسی خۆی؛ بەڵکو لە سادەترین مافی مرۆڤ بێ بەشکردووە... بەلاّم ئێوەی کوردی دەربەدەر و هەموو کوردێکی بەشخوراوو ژێردەستەی دی، دەبێ بزانن کە ئۆباڵی ئەم دەربەدەرییەی ئێوە و هەموو ئەو خراپە کاری و تاوانباری و گوناهە زلانەی بەرامبەر کورد کراون و دەکرێن، ناکەوێتە ئەستۆی هەموو عەرەب و هەموو ترک و هەموو فارسێک. گەلی ترک هەر ئەتاترک و ترکەشی نەبووە، بەڵکو **نازم حیکمەت و سمایل بێشکچیشی** هەبووە. گەلی فارس هەر **ڕەزا پەهلەوی و هوەیدای** نەبووە، بەڵکو **سەعدی و ئیرەجیشی** بووە. گەلانی دیکەش هەر وانە. گەلی ئیتالیا هەر **مۆسۆلۆنی** نەبووە، بەڵکو **میکایل ئەنجلۆشی** بووە. گەلی ئەڵمان هەر **گۆبلز و هیتلەری** نەبووە، بەڵکو **گۆیتە و شیلەریشی** بووە. گەلی کوردیش هەمووی یەکجۆر نییە، بەڵکو بریتییە لە باشیش و لە جاشیش. **هەموو گەلێک وەک مریشک وایە، هێلکەش دەکا و ڕیقنەش دەکا**. ئەوانەی فاشیست و شۆڤێنیست و دیکتاتۆر و خوێنرێژن، سەر بە هەر گەلێک بن و ڕۆژی هەزار جاریش سنگ بۆ گەلی خۆیان بکوتن، ئەوانە نەک هیچ خزمەتێکی گەلی خۆیان ناکەن و بەس؛ بەڵکو قوڕێکی خەستیش دەگرنەوە بۆی. (٥٠) ئێستە با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان و نموونەیەکی دی بهێنینەوە: جاران لە عێراق لە نێوان عەرەب و کورددا ژن و ژن خوازی هەبوو، بەڵێ کەم بوو، بەلاّم هەر هەبوو، و کەسیش نەبوو بە کوڕێکی کورد بێژێ تۆ بۆ کچێکی عەرەبت هێناوە، یان بە کچێکی کورد بێژێ تۆ بۆ شووت بە

کوڕێکی عەرەب کردووە، بەڵام کاتێک کە حکوومەتی بەعس لە ساڵی ۱۹۸۰دا قانونێکی دەرکرد بە ئاماجی تواندنەوەی کورد و بە پێی ئەوە ئەو پیاوە عەرەبەی ژنێکی کورد بهێنێ ۵۰۰ دیناری عێراقی بەخشیش وەردەگرێ، ئەوجا ئێستە وایلێهاتووە، ئەگەر کچێکی کورد تەنانەت لە دڵخوازیشەوە شوو بە عەرەبێک بکات، هەر بە چاوی سووک تەماشا دەکرێت و کوردەکان پێی دەڵێن، ها ۵۰۰ دینارەکەتان وەرگرت؟؟ سەیر ئەوەیە بەپێی قانوونی ژمارە (۱۵۰)ی ۱۹۸۰/٦/۲۸ هەر عێراقییەک کە ژنی بێگانەی هەبێ (واتە کە ژنێک عێراقی نەبێ یان عەرەب نەبێ) لە هیچ دەزگەیەکی رەسمیدا کاری نادرێتێ. بە کورتی: کوردێکی عێراقی ناتوانێ کوردێکی ئێرانی، یان خەڵکی ترکیا، یان جێیەکی دی بهێنێ، یان شوو بکات پێی، ئەگەر وا بکا دەبێ بێ کار بمێنێتەوە.

ئەوەی لەبارەی داگیرکەرانی عەرەبەوە گوترا، لەبارەی داگیرکەرانی فارس و ترکیشەوە دەتوانرێ بگوترێ. **بەم جۆرە داگیرکەرانی کوردستان هێندێک جار لە چلوورە بەستن، و جاری واش هەیە لە پەیدا کردنی هەستی کوردایەتیی نێو کۆیدا دەورێکی کاریگەرانە دەگێڕن.** کەواتە لێرەدا قسەکەی ئێتنۆلۆژێکی فارس کە نێوی **تەقی حەبیبی شەڵانییە** راستە کە لە دکتۆرنامەکەیدا نووسیویەتی و دەبێژێ:

"ئەگەرچی هەموو ئەو هەوڵانەی کوردە ئێرانییەکان داویانە بۆ ئەوەی بە ئۆتۆنۆمی، یان هیچ نەبێ بە خۆ بەڕێوەبەرێتی بگەن، تا ئێستە سەری نەگرتووە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەموو هەوڵدانێکی حکوومەتە ئێرانییەکان بۆ کردنی کورد بە بەشێک لە خۆیان، و تواندنەوەیان لە باری کولتوورییەوە، تەنێ یەک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە بەس، ئەویش ئەوەیە کە بەمە هۆشیاریی خۆناسینی ئێتنیی کوردە ئێرانییەکان وەک خۆی بە زرتو زیندوویی ماوەتەوە." (٥١).

بەکورتی ؛ دەتوانین بێژین هەستی نێو کۆییی کوردبوون لە هەموو پێناسەکانی دی گرنگترە، و لە هەمووشیان بەهێزترە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی کوردبوون.

جا هەتا ئەم هەستە نێو کۆییە لە نێوان ئەواندا بمێنێ کە بە کورد ناسراون، ئەوا کورد وەک کورد دەمێنێتەوە. هەر کاتێک ئەم هەستە نەما، ئەوا کوردیش بەرەو نەمان دەچێ. شتێکی رێکەوت نییە کە رێبازی **"نەتەوەیی"** کە لە قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمەوە هەڵقوڵیوە **"هەستی چارەنووسی وەک یەک"**ی بە پێناسەی سەرەکی داناوە بۆ بوونی نەتەوەیەک(٥٢).

(٥)- پێناسەی کورد بوون لای کورد و لای بێگانە

لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەلێکی گەورەی خەڵک کە لە خۆرپوانینێکی دیاریکراویان هەبێ، و خۆیان بە شتێکی تایبەتی بناسن، ئێدی مانای وا نییە کە لەلایەن بێگانەوە (واتا لەلایەن ئەوانەوە کە سەر بەو کۆمەڵگەیە نین) هەر بەو جۆرە دەناسرێن، یان بەو جۆرە لە قەڵەم دەدرێن. بۆ وێنە: کە یەکێک **"لە خۆی دا کورد بوو"**، یان "بۆ خۆی" کورد بوو، مانای وانییە کە لە لایەن بێگانەشەوە هەر بە کورد دەدرێتە قەڵەم، یان هەر بە کورد دەناسرێ. راستییەکەی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەلێک لەلایەن بێگانەوە لە رێی ناسنامەیەکی تایبەتییەوە بناسرێتەوە، هەر ئەوە بەس نییە کە ئەو کۆمەڵگەلە خۆی خۆی بەو ناسنامەیە بناسێ و بداتە ناسین، بەڵکو پێویستیشە ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەلەن، هەر بەو ناسنامەیە بیانناسن، جا بەم پێیە، بۆ ئەوەی کورد هەر بە کورد بناسرێن و هیچی دی؛ پێویستە جارێ خۆیان خۆیان بە کورد بزانن، و خۆشیان هەر وەک کورد بە خەڵکی بناسێنن، و ئەوجا خەڵکیش هەر بە کوردیان بزانن. جا لەبەر ئەوەی تەفرۆ کورد و نیشتمانەکەی لە هەلو مەرجێکی تایبەتدان، ئەوا بۆ **داگیرکەرانی کوردستان - کە کۆلۆنیالیستن لە تیپێکی تازە**، نالوێ، کورد وەک چۆن خۆیان خۆیان بە کورد دەزانن، ئەوانیش هەر ئاوا بە کورد بیانناسن. چۆنکە ئەگەر وابکەن، دیارە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان دان بەوەدا بنێن کە کورد کۆمەڵگەلێکی جیاوازە و مافی ژیانی خۆی هەیە. جا بۆ ئەوەی کورد نەگا بەو مافە؛ داگیرکەرانی کوردستان پەنا دەبەنە بەر نەناسینی ناسنامەی کوردبوون. بۆ وێنە دەبێژن **"کورد ترکی چیان"** و زمانەکەشیان زارێکی ترکییە. لەم دواییەشدا

-گوایە بە نێوی لێکۆڵینەوەوە- گەلێک کتێبیان دەرکردووە، کە هەوڵیان داوە تێیاندا، کورد، یان هیچ نەبێ هێندێک تیرەی کورد ببەنەوە سەر هێندێک گەلی کۆن، کە ترکە شۆڤێنیستەکان لافی ئەوە لێدەدەن گوایە ئەوانە ترک بوون (٥٣). فارسە شۆڤێنیستەکانیش دەبێژن، **کورد تیرەیەکی فارسن** و زمانەکەشیان شێوەیەکی فارسی کۆنە (٥٤). شۆڤێنیستە عەرەبەکانیش دەبێژن، کورد لە بنەڕەتدا **"کوردی کوڕی موردی کوڕی یەعموری کوڕی سەعسەعەی کوڕی هەوازنی کوڕی حەربی کوڕی جەبەلی کوڕی ماثولسەمائن"** و لە بنەچە و ڕەچەڵەکدا عەرەبن. بەڵام زمانی خۆیان گۆڕیوە، و بۆ "تیسپاتی" قسەکەی خۆشیان هۆنراوەی هۆنەرێکی کۆنی عەرەب دێننە پێشەوە کە گوتوویەتی:

لعمرک ما الاکراد ابناء فارس ولکنهم ابناء کرد بن مرد بن یعمر

بەمەدا دەردەکەوێ، شۆڤێنیستە ترک و عەرەب و فارسەکان، **ئەگەرچی** لە مەسەلەی بەربەرەکانێ و لەنێو بردنی کورددا لەنێو خۆیاندا یەکن، بەڵام لە بارەی بنەچە و ڕەچەڵەکی کوردەوە لەنێو خۆیاندا ناڕێکن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ناڕەواییی هەڵوێستیان، و دیارە ئامانجی ئەم جۆرە جرتو فرتە سیاسییانە ئەوەیە؛ دان بە ناسنامەی کورد بوونی تەواودا نەنێن. جا ئەگەر ئێمە سەرنجێکی ئەم قسانە بدەین، دەبینین لە دووتوێی هەر یەکێک لەم بانگاشانەدا وشەی "کورد" هەیە، بۆ وێنە: کاتێک دەگوترێ "کورد ترکی چیان" یان "کورد تیرەیەکی فارسن" یان "کورد لە نەوەی عەرەبن"، ئەوەتە **هەموو جارێک وشەی "کورد" دەخرێتە حسێبەوە**. ئەمەش مانای وایە ئەوانەی بە سەرزاری و بۆ گەیشتنە ئامانجێکی سیاسی نایانەوێ دان بە ناسینی ناسنامەی کوردبووندا بنێن، کەچی هێشتا ناچارن نێوی کورد، ئەگەر هەروەک نێویش بێ - ببەن. واتە ناتوانن بە جارێک واز لەو ناسنامەیە بهێنن کە کورد خۆی بۆ خۆی دروستیکردووە و بە خۆی دەڵێ "کورد"، و ئەمەش مانای وایە کە ناڕاستەوخۆ و ناویستە، دان بە بوونی جۆرە ناسنامەیەکی کوردبووندا دەنێن. سەیر ئەوەیە هێندێک جاریش هێندە سەریان لێتێکدەچێ، کورد بە

"ترکی رەسەن" (٥٥) و زمانی کوردی بە "فارسیی رەسەن" (٥٦) و هێندێک تیرەی کورد بە **"نەوەی کۆنە خانەدانانی عەرەب"** (٥٧) دەدەنە قەڵەم. ئەگەر چی وەرامی ئەو پرسیارەیان پێ نادرێتەوە کە **"بۆچی وا شێتانە و دڕندانە بۆ لەنێو بردنی ئەو "ترکە رەسەنانە" و "ئەو زمانە فارسییە رەسەنە" و "نەوەی ئەو کۆنە عەرەبە خانەدانانە" هەوڵ دەدەن؟؟؟**

تاقیکردنەوە دەریخستووە کە بەردەوامیی کۆمەڵێک خەڵک لە خۆڕاگرتن و پێداگرتندا بۆ پاراستنی ناسنامەیەک، لە رێی پاراستنی ئەو پێناسە خۆکردە تایبەتکارانەوە کە ناسنامەکە پێکدێنن، دەبێتە هۆی ئەوەی، زوو یان درەنگ، کار بکاتە سەر جۆری تێڕوانینی بێگانە، و لە ئەنجامدا وایلێبکات کە دان بەو ناسنامەیەدا بنێ. جا لەبەر ئەوەی ئەو کوردانەی **"لە خۆیاندا"** کوردن؛ سۆر نین لەسەر بوون و مانەوەی پێناسە خۆ کردەکانی دروستبوونی تێڕوانینی خۆییی کورد، دیارە هەتا بەو جۆرە بمێنێتەوە، هیچ کارێک ناکەنە سەر گۆڕینی جۆری تێڕوانینی دەرەوە (بێگانە)، بە پێچەوانەی ئەو کوردانەی **"بۆ خۆیان" کوردن کە بە هۆی سۆر بوونیان لەسەر کوردبوونیان، زوو یان درەنگ، کار دەکەنە سەر گۆڕینی تێڕوانینی دەرەوە و لە ئەنجامدا چلوورە بەستن بە پێناسەکانی کوردبوون و لەو رێیشەوە بە ناسنامەی کوردبوون.**

بە کورتی : دەتوانین بێژین **ئەگەر هەستێکی نێو کۆیی بە چارەنووسی وەک یەک لە نێوان تاکە تاکەی کۆمەڵگەیەکدا هەبوو، ئەوا دەبێتە مۆرکێکی گرنگ بۆ ناسنامەی ئەو کۆمەڵگەلە.** جا ئەگەر ئەمە بچەسپێنین بەسەر کورددا دەتوانین بێژین، هەتا کۆمەڵگەلی کوردەواری ئەم هەستە نێو کۆیییەی بمێنێ بەوەی کە کوردە، واتە ئەو پێناسە سەرەکییەی بمێنێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێناسەکانی دیکەی کورد (وەک زمانی کوردی، و کوردستان، و کولتووری کورد، و... هتد) بە "ملکی" خۆی بزانێ و بە بەشێک لە خۆی تێبگات، ئەوا دیارە بۆ هێشتنەوەی ئەو پێناسانە تێدەکۆشێ. دیارە ئەو دەمەش ناسنامەی کورد بوون وەک ناسنامەیەکی خۆیا و جیا لە ناسنامەکانی دیکە دەمێنێ، و کورد وەکی کۆمەڵگەلێکی خاوەن ناسنامەی خۆی دەناسرێ. ئەوەتا

لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک سیاسی و رۆشنبیر و بیرکەرەوەی عەرەب و ترک و فارس، کورد نەک هەر وەک کۆمەڵگەلێکی ئێتنی، یان **"گەلێک"**؛ بەڵکو وەک **"نەتەوەیەک"** دەناسن. **هیلال ناجی (هلال ناجي)** کە یەکێکە لە ناسیۆنالیستە رۆشنبیرە نێودارەکانی عەرەبی عێراق، لە نێوەڕاستی شەستەکاندا گوتی:

"راستییەکەی مەسەلەی کورد گرنگیپێدانێکی مەزن دروستدەکا نەک لەبەر ئەوەی نێوچەیەکی چیایی کە کوردەکان تێیدا دەژین لە عێراق جیا دەبێتەوە، چونکە خەڵکەکەی دەیانەوێ دەوڵەتێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆر هەن لەو باوەڕەدان کە سەربەخۆیی کورد، مانای ئەوەیە سەرچاوە نەوتە بەپیتەکان لە عێراقی عەرەبیمان دەپچڕێ و عێراق بێ بەش دەکرێ لێی. ئا لەمەوە وایان لێ هاتووە گرنگی دەدەن بە یەکێتیی دەستکردانەی عێراق. ئەم خەیاڵەش هەر لە بنەچەوە هەڵەیە. ناسیۆنالیتەی کورد راستییەکی بەرچاوە. کوردەکانی عێراقیش کەرەسەی ئاشکرای ناسیۆنالیتەیان هەیە، و بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەوەدایە کەدان بە مافی کوردەکاندا بنێ لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا، بۆ وێنە لە سنووری یەکگرتنێکی فێدراڵیّ، یان کۆنفێدراڵیدا، کە ئەوە ببێتە سەرەتای هەرەوەزی و برایەتییەکی بەردەوام لە جیاتی ئەوەی خستنە پشتگوێی واقیع و مێژوو و ئاواتی گەلان لەلایەن ئێمەوە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم گەلە (کورد)، زوو یان درەنگ، ئازادیی خۆی بە زۆری چەک دەست خۆی بخات، خۆ ئەگەر سەر نەکەوت، ئەوا ببێتە خەنجەرێکی ناپاکی و بدرێ لە پشتی هەموو بزووتنەوە ناسیۆنالیستە عەرەبییە رزگاریخوازەکان لە عێراقدا" (٥٨). **ناجی عەلوەش (ناجي علوش)** کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی چەپیی عەرەب، لە کۆبوونەوەیەکی پرسیار و وەرامدا کە لە شوباتی ١٩٧٩ دا بۆ وتو وێژ لەسەر مەسەلەی **"نەتەوە"** و **"ناسیۆنالیزم"** و **"یەکێتیی عەرەب"** ساز کرابوو؛ لە بارەی مەسەلەی کوردەوە گوتی: "بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، ئەوا کورد گەلە و گەلێکیشە لە گەلە کۆنەکان. مێژووی عەرەب کە باسی عەرەب دەکا باسی کوردیش دەکا، تەنانەت لە پێش فتوحاتی ئیسلامیدا. لە بەر ئەوە

ناشێ بوونی ئەمانە وەک گەلێک بخرێتە پشتگوێ. (واتە) وەک گەلێک کە گیرو گرفتێکی ناسیۆنالیان هەیە وەک گیرو گرفتی عەرەبی. ئەمانە (کوردەکان) ئێستە بە سەر پێنج دەوڵەتدا بەشکراون. کوردەکان نەبوونە پارچەیەک لە عێراق هەتا ئەو پەیمانە بەسترا لە نێوان ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی و ئیمپراتۆرێتیی فارسیدا لە سەدەی رابوردوودا کە پێم وایە نێوی نرا پەیماننامەی ئەرزرۆم و یان لە ١٨٤١ یان لە ١٨٤٧ دا بوو، کە بە پێی ئەوە بەشێک لە کوردەکان خرانە سەر عێراق، و هەر بە پێی ئەوەش بڕیار درا کە عەرەبستان (خۆزستان) بۆ ئێران بێ، ئەوەش هەر تەنێ بۆ نەخشە کێشانی سنوور بوو. کوردەکان بە پێی ئەم بنچینەیە گەلێکی سەربەخۆن. جا ئەگەر ئێمەی عەرەب مافی ئەوەمان هەبێ بۆ یەکێتیی (عەرەب) تێبکۆشین، ئەوا ئەوانیش (کوردەکان) مافی ئەوەیان هەیە تێبکۆشن بۆی. ئێمە پێویستە ببینە هاوپەیمانیان و یارمەتیان بدەین و تێبکۆشین لە گەڵیان بۆ هێنانە دی ئەوە... خۆ ئەگەر بەم جۆرە بیر نەکەینەوە، ئەوا بیر کردنەوەکەمان لە یەکێتیی عەرەب لە چەشنی بیرکردنەوەی رەگەزخوازانەی شۆڤێنیانەدا دەبێ، نەک لە چەشنی بیرکردنەوەی زانستانەی خاوەن رێبازی سیاسیی پێشکەوتنخوازانە... (٥٩).

هەر لە سەمینارەکەشدا عەلوەش دەبێژێ: "ئەی باشە هەڵوێستمان چی بێ بەرامبەر بە مەسەلەی کورد؟ هەڵوێستمان ئەوەیە کە باسمکرد بۆتان. ئێمە لە گەڵ مافی کورددایین بۆ یەکێتی و سەربەخۆیی و بڕیاری چارەنووس و لەگەڵ ئەوەدایین کە پێوەندییەک ببەستریێ لە گەڵیاندا وەک هاو پەیمان، وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ. هەروەها لەگەڵ ئەوەدایین کە لە عێراقدا ئۆتۆنۆمییان هەبێ بەو پێیەی کە بەشێکن لە عێراق، چونکە هێشتا یەکێتیی ناسیۆنالیان نەهاتووەتەدی. بەڵێ لەگەڵ ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینەدایین بە هەموو مانای وشە. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بۆ برینەوەی هەموو جۆرە ناکۆکی و خراپ لە یەکگەیشتنێک لە نێوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی کورد و ناسیۆنالیستانەی عەرەبدا. بێگومان ئێستە خراپ لە یەکگەیشتن هەیە بە هۆی هەلو مەرجی رابوردووەوە. پێویستە لەسەرمان تێبکۆشین بۆ کۆتایی هێنان بەم بارە. چونکە مانەوەی ئەم بارە وەک خۆی، دەبێتە هۆی دوژمنایەتی لەنێوان

دوو گەلی دراوسێدا کە پێوەندیی مێژوویی دوورو درێژ و بەرژەوەندیی هاوبەشکاری دەیانبەستێ بە یەکەوە. مەسەلە نابێ هەروا بمێنێتەوە... هتد"(٦٠). بەڵام راستو رەوانترین و بە ویژدانترین و ئازایانەترین دانان بە ناسنامەی کوردبووندا هەتا ئەورۆ هەر ئەو قسانەیە کە **موعەممەری قەززافی** لە رۆژی ١٨/١٢/١٩٨٠ دا و بە بۆنەی کۆڕێکی جیهانییەوە لە **مەدرید** بۆ لێکۆڵینەوە لە بیری قەززافی دەربڕی. ئەوجا مرۆڤ بیروڕای هەرچییەک بێ بەرامبەر بە قەززافی، ئەگەر هاتو لە هەق لای نەدا، دەبێ دان بەوەدا بنێ کە ئەو قسانە یەکەمین دانان و تاقە داننانە بە مافی کورددا لەلایەن سەرۆک دەوڵەتێکی ئەم جیهانەوە. **قەززافی** گوتی: "ئەز عەرەبم و یەکێتیی خاکی عەرەب و یەکێتیی نەتەوەی عەرەبم لا گرنگە. بەڵام ئەمە وا لە من ناکات کە چاو لە راستی بپۆشم، یان فێڵ بکەم لێی و هەڵسو کەوتێکی ئیمپریالیستانە بنوێنم... کورد عەرەب نییە، و ئێمەش ناتوانین زۆری لێبکەین ببێتە عەرەب... ئەگەر بە ئارەزووی خۆی ویستی ببێتە عەرەب، ئەوە بەسەر چاو، بەڵام ئەگەر خۆی بە خاک و نەتەوەکەیەوە بەست، ئەوا ئازادە. بۆچی دەبێ شەڕ بکەین لە دژی؟ شەڕکردن لە دژی کورد بۆ لەنێو بردنی ئەم نەتەوەیە پێویست نییە. پێم وایە زۆر زەحمەتە کورد بە لەش (وەک بووەیەک) پاکژ بدرێ. ئەم شەڕ و گیرو گرفتیانە لە دژی کورد چارەسەر نین، چونکە خەباتی کوردانە درێژە دەکێشێ هەتا نەتەوەی کورد سەربەخۆ دەبێ و کەرتە پەرشو بڵاوەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە... چارەسەری کۆتایی بۆ مەسەلەی کورد بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستان - خاکی نەتەوەی کورد - دەکرێ. ئەز پشتگیریی خەباتی کورد دەکەم، بەڵام ئەمە بۆ بەرهەڵستیکردنی دەوڵەتە عەرەبییەکان و ترکیا و ئێران نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەک پێکدێنن کە خاکێکی خۆی هەیە... پێویستە ئێمەش وازیان لێبهێنین و ئازاد بن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکدا بۆ خۆیان لەسەر خاکی خۆیان... کورد خاکی خۆیان هەیە و نەتەوەیەکی بران، و پێویستە رێزی بگرین و ئەز دژی ئەوەم دزانە پەلاماریان بدرێ، ئەز دژی چەوساندنەوەیان و پەرشو بڵاو کردنەوەیانم لە جیهاندا... ئەز پشتگیریی خەباتی کوردەکان دەکەم

لە پێناوی نەتەوەیەکی کوردستانیدا کە جێی خۆی بگرێ لە خۆرهەڵاتی نێزیکدا لە تەنیشت نەتەوەی عەرەب و ترک و ئێرانییەوە... " هەروەها لە رۆژی ٢ی مارتی ١٩٨٥ دا و بە بۆنەی دامەزراندنی سەرکردەیەتیی ناسیۆناڵ بۆ بەرێوەبەرێتیی هێزە شۆرشگێرە عەرەبەکان لە تەرابلوس گوتی: "ئەم بەیەک گەیشتنە، پێجگە لەوەی کە لەبارەی نەتەوەی عەرەبەوە باسمکرد، پشتگیرییەکی تازەش پێک دێنێ بۆ نەتەوەیەکی لەتوپەتکراوی ئازار دراوی دی، کە ئەوەش نەتەوەی کوردی برایە و هێندێک لە رۆڵەکانی وان لەژێر ئاڵای ئەم سەرکردایەتییەدا. تەنانەت ئەو کوردە خەباتکارانەی لەگەڵ ئێمە نین، ئەڤرۆ هەست بەوە دەکەن کە شتێکی تازە لە دایکبووە بۆ سووتی ئەوان... رزگار کردنی نەتەوەی عەرەب، یەکخستنی نەتەوەی عەرەب لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازانەی گەلەمپەرانە. ئەمەش مانای لایەنگرییە، لایەنگریی نەتەوەی عەرەب بۆ خەباتی نەتەوەی خاوەن شانازیی کورد. هەروەهاش لە ئێستەوە خەباتی نەتەوەی عەرەب و خەباتی نەتەوەی کورد دەبنە پشتگیری یەکدی. ئێمە (ی عەرەب) خۆمان لەژێر باری چەوسانەوە و دەستدرێژی (ی بێگانە)دا بۆ سەر نەتەوەکەمان دەناڵێنین و هەر لە رۆژانی جەماڵ پاشاوە گاڵتە بە مێژووی دوور و درێژمان دەکرێ تا ئەڤرۆ. ئێمە ناتوانین بکەوینە ناپاکی و خۆ کێشانەوە بەرامبەر نەتەوەیەک کە هەر تووشی ئەو ژانە تاڵە بووە کە نەتەوەی عەرەب تووشی بووەو تا ئێستەش پێوەی دەناڵێنێ. وێستانی خۆکەسی (شخصي)ی من لە تەنیشت نەتەوەی کوردەوە لەبەر هۆکاری جوگرافیایی و سیاسی، یان مێژوویی نییە، واتە لەوانەیە پالپێوەنەری بنچینەییی من ئەو ئازار و ئێشە بێ کە مێژووی نەتەوەی عەرەب دەریبریوە، و منیش لێیکۆڵیومەتەوە. هەروەها (لەوانەشە) ئەو ژانە تاڵانە بێ کە ئێستە تووشی نەتەوەی عەرەب بووە، وایان لە من کردبێ هەر لە خۆمەوە خەمی نەتەوەیەکی لەتو کوتکراوی کۆلۆنیزەکراوی چەوساوەی وەک خۆمان بخۆم... خۆ ئەگەر وا نەبێ، ئەوا دیارە ناپاکی لەگەڵ خۆم و لەگەڵ هەموو ئەو نرخە نەمرانەدا دەکەم کە باوەرم پێ یانە. هیچم پێ ناکرێ ئەوە نەبێ کە بە تەواویی لایەنیی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی خاکەکەی بگرم. جا

کاتێک ئەم وتەیە ئاڕاستەی خەباتکارە کوردەکان بکرێ، تەنانەت ئەوانەی لێرە نین، ئەوا دەبێتە یارمەتییەک بۆیان، هەروەها بێگومان واشیان لێدەکات کە لایەنگیریی سەرکردەیەتیی ناسیۆنالی هێزە شۆڕشگێڕەکان بکەن و بێنە تەنیشت نەتەوەی عەرەب و مەسەلەکەیەوە، و ئەوجا خەباتیش دەبێتە خەباتێکی نێو کۆیی... و بۆ پێشەوە و خەباتی شۆڕشگێڕانە بەردەوامە" (رادیۆی تەرابلوس).

زانای سۆسیۆلۆژی بەنێوبانگی ترک **ئیسمایل بێشکچی** (لە ١٩٣٩ دا لە دایکبووە) کە چەند جارێک لەسەر ئەوەی لەبارەی کوردەوە شتی نووسیوە و لەسەر کوردی کردووەتەوە، لە کار دەرکراوە و گیراوە و ئازار دراوە. بۆ جاری دوایی لەسەر نامەیەک کە لە ١٩٨٠/٨/١٤ دا بۆ سەرکردەی یەکێتیی نووسەرانی سویسرەی نووسیبوو (١٠) ساڵ زیندانی کرا. بێشکچی لەو نامەیەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی دۆزی کورد و چەوساندنەوەی کورد لە ژووروو‌ی کوردستاندا دەکات. **بێشکچی** لە نامەیەکدا کە بۆ **یونسکۆ** نووسیویەتی، باسی بیر و کارەکانی **ئەتاترک** دەکا و دەبێژێ: "گرنگترینی بەرهەمە شانازیدارەکانی ئەتاترک جەنگی ١٩١٩-٢٢، و ئەو حیزبەیە کە بەنێوی **"حیزبی گەلی کۆمار خواز"** ەوە دروستیکردووە. هەروەها بەشداریکردنی گەورەی لە دامەزراندنی کۆماری ترکدا، بەڵام بەرهەمە شانازیدارە گەورەکانی ئەتاترک دەبێ لەگەڵ بیرەکانیدا وەک یەکەیەک وەربگیرێن. جا لەم نامەیەشدا زۆر جار لەسەر مەسەلەی کوردستان دەوەستین. واتە ئێمە کارەکان و بیری ئەتاترک بە پێی پێوەندییان بە مەسەلەی کوردستانەوە دەپێوین، واتە ئێمە کارەکان و بیری ئەتاترک بەپێی پێوەندییان بە مەسەلەی کوردستانەوە دەنرخێنین. کاتێک دێتە سەر شیکردنەوە و نرخاندنی مانا و بیرەکانی ئەتاترک، ئەو دەمە نەتەوەی کوردستانی و کوردستان هەمیشە وەک نوختەیەکی بنچینەیی دێتە پێشمان. وا بەکورتی بیری ئەتاترک لەباری سەرنجی مەسەلەی کوردستانییەوە دەنرخێنین:

(١)- "پارچە پارچە کردنی کوردستان و خستنیە ژێر رکێفی باری

دابەشکرانی ئیمپریالیستانە و خستنە کاری سیاسەتی "دابەشکە و ببە بە سەرگەورە" بەرامبەر بە نەتەوەی کورد". **بێشکچی** هەر لەو نامەیەدا دەبێژێ: "لەماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم و بەتەواوی لە کۆتاییی جەنگدا گەلێک کارەساتی گرنگی سەر بە مەسەلەی کوردستان روویان دا، یەکێک لە گرنگترینی ئەم کارەساتانە لە چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەی بیستەدا بوو دەورێکی گرنگی نواند لە مێژووی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا و کارێکی مەزنی کردە سەر ژیانمان. ئەوەش دابەشکردن و پارچە پارچە کردنی کوردستان بوو. راستییەکەی ئەمە سەرەتای کارەساتەکان بوو. خستنە کاری (سیاسەتی) دابەشکردن بەرامبەر کوردستان و خستنیە ژێر رکێفی کەرتکەرتکردنی ئیمپریالیستانە و کۆلۆنیالیستانەوە، هۆکاری گرنگن لە مێژووی رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا:

دەستگرتن بەسەر مافی نەتەوەی کورددا کە دەوڵەتی رزگار بوو و سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێ، و دەستگرتن بەسەر مافی نیشتمانی و دێمۆکراسیی کورددا، ئەمە یەکێکە لەو کارەساتە کۆمەلایەتییە گرنگانەی کە کاریان کردووەتە سەر مێژووی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و هەروەها ژیانی ئەفرۆمان... هتد. هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی کورد لە یەکدی لەرێی چاندنی لە غەم و تەلی دڕکاوی و روانگەی سەرنجدان و پاراستنی ئەم بارە و چەسپاندنی بەهۆی سەربازی لە تەپڵی سەرەوە تا بەری پێ چەکدار کراو، یەکێکە لە کارەساتەکانی ئەم سەردەمەی ئێستەمان... هتد" (نامەی بێشکچی)

(٥)- دوا وشە

بەشدارانی بەرێزی سەمینار

ئێستە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بزانین ئایا کورد نەتەوەیە، یان نەتەوە نییە؟ لە وەرامدا دەبێژم ئەوە مەسەلەیەکە، بەداخەوە، زۆرتر پێوەندیی بە سیاسەتی جیهانییەوە هەیە وەک لە زانست.

سیاسەتیش دەستکردی مرۆڤە، بە پێچەوانەی زمان و نیشتمان و کولتوور و

بنەچە و ڕەچەڵەک و هەستی نێو کۆیییەوە کە ئەمانە هەموو بەرهەمی خۆرسک و خۆزا و خۆکردن. نەتەوە، وەک لە وتاری سەمیناریی **"بیری نەتەوەییی کوردی"** (٦١) وهەروەها لە لێکۆڵینەوەی **"گۆڤاری نیشتمان و کۆمەڵەی ژێکاف"** دا (٦٢) ڕۆشن کردووەتەوە، زاراوەیەکە ئەڤرۆ بەزۆری بۆ دیاریکردنی ئەو گەلانە بەکار دەهێنرێ کە خاوەنی دەزگەی دەوڵەتیی خۆیانن. **"دەوڵەت"**یش بوویەکی دەسکردە، نەک خۆکرد و خۆزا. مێژوو پیمانرادەگەیێنێ کە زۆر گەلی دەوڵەتدار هەبوون، پاش جەنگێک دەوڵەتەکەیان لەدەستچووە، یان دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی دیکە جیا بووەتەوە لێی، و بووە بە دوو دەوڵەت یان چەند دەوڵەتێک. بۆ وێنە: ئیمپراتۆریتیی عوسمانی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم یەک دەوڵەت بوو. پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، هەموو ئەم دەوڵەتە عەرەبییانەی ئەڤرۆی لێدروستبوون. زۆر گەلی واش هەبوون کە دەوڵەتی خۆیان نەبوو؛ بەڵام پاش جەنگێک یان شۆرشێک بوون بە خاوەن دەوڵەت. ئەوجا ئێستە ئەم پرسیارەی خوارەوە دێتە گۆڕێ. ئایا ئەو گەلەی دەوڵەتی هەبووە، و **بەهۆی دەوڵەتەکەیەوە بە "نەتەوە" ناسراوە**، پاش ئەوەی دەوڵەتەکەی نەماوە، **لە شەوو ڕۆژێکدا لە "نەتەوەیەتی" کەوتووە؟** ئایا ئەگەر هاتو گەلێکی بێ دەوڵەت بەهۆی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، یان بە پێی پێویستیی بەرژەوەندیی زلهێزێکی کۆلۆنیالیست، دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەسکەوت، **ئایا ئەو گەلە لە شەوو ڕۆژێکدا دەبێتە "نەتەوە"؟** یان ئەگەر نەتەوەیەک دەوڵەتێکی هەبوو، و لە ئەنجامی جەنگێکەوە دەوڵەتەکەی بوو بە دوو دەوڵەت، ئایا ئەو نەتەوەیە **بە شەوو ڕۆژێک دەبێتە دوو نەتەوەی لە یەک جیاواز؟**

ئەوجا ئێستە ئەگەر گەلێک، یان کۆمەڵگەلێکی ئێتنی، یان با بێژین هەر کۆمەڵگەلێکی گەورە، کە بەلایەنی کەمەوە دوو هەزار ساڵێک بێ لەلایەن خۆ و لەلایەن بێگانەوە بەنێوی کوردەوە ناسرابێ، و لەسەر زەوییەک بژی کە نێزیکەی هەزار ساڵێک بێ بە **"کوردستان"** بەنێوبانگ بێ، و خاوەنی زمانێک بێ کە بەلایەنی کەمەوە ٦٠٠-٧٠٠ ساڵێک بێ پێیبنووسرێ. ئەوجا ئەم کۆمەڵگەلە گەورەیە کە نێزیکەی ٢٥ ملوێن دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەر پێنج دەوڵەتی بێگانەی سیستەم جیاوازدا بەشکرابێ، و هێندێکیشی پەڕیبێتە

ئەم پەڕ و ئەو پەڕی جیهان و هەر بەشێک لێی جنسیەی دەوڵەتێکی بێگانەی دیکەی هەبێ، کەچی ئەمانە هەموو خۆیان هەر بە پێوەنداری یەک کۆمەڵگەل و یەک زمان و یەک سەرزەوی و یەک کولتوور بزانن، و **کە لێیان بپرسیت تۆ چیت، یەر لە هەموو شتێک بێژن : "کوردم"**. ببوورن -ئەوەتا جوانترین نموونە بۆ ئەمە ئامادەبوونی ئێوەیە لەم سەمینارەدا و هەمووشتان بەنێوی کوردەوە، ئەگەرچی هەرچەند کەسێکتان پێوەنداری دەوڵەتێکی دیکەن، ئێستە لام وایە مرۆڤ، تەنانەت ئەوانەی فرە بێ ویژدانانە و نابابەتانەش بۆ شت دەچن، زۆر زەحمەت دەبینن، ئەگەر بێتو سەرەڕای ئەم هەموو راستییە بابەتانەیەش ئەم کۆمەڵگەلە کوردە؛ نەک تەنێ بە "گەلێک" بەڵکو بە "نەتەوەیەک" یش دانەنێن... بێگومان ئەم سەمینارە سەمینارێکی پۆلیتۆلۆژییانە نییە، لەبەر ئەوە لەسەر مەسەلەی "نەتەوە" پتر ناڕۆم، گوێگران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر لێکۆڵینەوەکانی دیکەم لەم بارەیەوە. لە کۆتاییدا دەبێژم دانەنانی کورد بە نەتەوەیەک، یان گەلێک، یان بە کۆمەڵگەلێکی ئێتنی سەربەخۆ، بەرەئیی من، نابێتە هۆی سەندنەوەی ناسنامەی کوردبوون لە کورد. لەم رووەوە وتارەکەم بە هۆنراوەی شەست حەفتا ساڵێک لەمەو بەری هۆنەرێکی کورد کۆتایی پێدێنم کە گوتبووی:

کورد ئەوەند کوردن بەسەت شەیتان لە کوردی ناکەون -- ئێکە خەڵکی بۆچی بۆ خۆی دەردیسەر پەیدا دەکا؟

جا لەبەر ئەوەی چەند رۆژێکی کەمی ماوە بۆ جێژنی سەری ساڵی تازە، ئەوا هەر لە ئێستەوە پیرۆزباییی ساڵی نوێتان لێدەکەم، هیوام وایە ساڵی ١٩٨٦ بەختیاری بۆ بەشخوراوانی ئەم جیهانە و سەرکەوتن بۆ بیری ئازادی و یەکسانی لەگەڵ خۆی بهێنێ. هەربژین...

(٦)- ژێدەکارەکان

(١)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە

Küchler, Hannelore: Öffentliche Meinung. Eine theoretisch-methodologische Betrachtung und eine exemplarische Untersuchung zum Selbstverständnis der Kurden. Inaugural Dissertation des Fachbereichs für Philosophie und Sozialwissenschaften der Freien Universität Berlin. 1978 Vorworts,. iii

کویشلەر، هەنەلۆرە: بیروڕای گشتی - سەرنجێکی تیۆرانەی مێتۆدۆلۆژیانە و توێژینەوەیەکی نموونەیی لە تێڕوانینی خۆیی کورد. دکتۆرنامەی بەشی فەلسەفە و زانستەکانی کۆمەڵگە. زانستگەی ئازاد لە بەرلین ١٩٧٨. پێشەکی. ل iii.

(٢)- بۆ دەستکەوتنی زانیاریی پتر لەبارەی شێوەکانی زمانی کوردییەوە گوێگری بەڕێز دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو باسانەی کە لەم بارەوە نووسیومن، وەک "زمانی یەکگرتووی کوردی" بلاوکراوەی **"یەکێتیی نەتەوەییی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" (نوکسە)**، بامبێرگ ١٩٧٦ و **"زمانی نووسینی کوردەکان"** بە ئەڵمانی لە **"ئەکتا ئێرانیکا"** دا کە ئینسکلۆپێدیایەکی ئێرانەوانییە.

وتارەکەم بەم جۆرەیە:

Jemal Nebez: Die Schriftsprache der kurden, in Acta Iranica. Encyclopädie permanent des Etudes Iraniennes, Deuxieme Serie, Monumentum H. S. Nyberg II. Diffusion Brill, Leiden 1975, S.97-122

(٣)- بیبلیۆگرافیستی ترکی عوسمانی شەمسەددین سامی (شمس الدين سامی) لە بیبلیۆگرافیاکەیدا کە بە ناوی (قاموس الاعلام) وە لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچیدا (١٨٩٦/٩٧) لە چاپ دراوە؛ دەبێژێ: **"هێندەی لەنێو کورددا زانا هەڵکەوتووە؛ هەر خەریکی زمانی عەرەبی و فارسی بوون، و گوێیان نەداوەتە زمانی خۆیان"**. (تەماشای بەرگی پێنجەمی لاپەڕە ٣٨٤٢ بکە). ئەم کۆپلەیەی سەرەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا سەرنجی راکێشا و وەرمگرت بۆ ئەو باسەی کە بە زمانی ئەڵمانی لەسەر میری کۆرەی رەواندز نووسیم لەژێر ناوی "پاشای کورد میر محەمەدی رەواندزی، بەناوبانگ بە میری کۆرە؛ لە ئاوێنەی سەرچاوە رۆژهەڵاتی و رۆژاوایییەکاندا"، هەمبورگ ١٩٧٠ - سەیری لاپەڕە ٧٢ بکە و ناوی کتێبەکەش بە ئەڵمانی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

Jemal Nebez: Der kurdische Fürst Mir Muhammadi

Rawandizi, genannt Miri Kora, im Spiegel der morgenländischen und abendländischen Zeugnisse. Ein Beitrag zur kurdischen Geschichte, Hamburg 1970.

جا لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا "قاموس الاعلام" م لەبەر دەستدا نییە: کورتەکەی نێو "قاموس الاعلام"م لە کتێبەکەی خۆمەوە وەرگرت.

(٤)- تەماشای ل ١١٢-١١٣ی دیوانی حاجی قادری کۆیی بکە کە لەلایەن چاپخانەی کوردستانەوە لە هەولێر لە ساڵی ١٩٥٣ دا بڵاو کراوەتەوە.

(٥)- ئەم هۆنراوەیەم لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە بەهەشتی رەشید شەوقی بیست (تکایە تەماشای لاپەڕە (٧٠-٧٢) بکە. هەروەها لە هۆنراوەیەکی پیرەمێردیشدا هەیە).

(٦)- علي سيدو الگوراني: من عمان الى العمادية او جولة في كردستان الجنوبية، القاهرة ١٩٣٩.

(٧)- جارێکیان قوتابییەک لەو قوتابیانەم کە کوردییان نەدەزانی، بەڵام خۆیان بە کورد دەزانی، پێمیگوت: "زمان وەک زارۆ وایە. تۆ ئەگەر بێتو ژنەکەت دووگیان بێ و بە رێکەوت دوور بکەویتەوە لێی و پاش دوور کەوتنەوەت زارۆیەکت ببێ و گەورە بێ، بێ ئەوەی تۆ دیبێتت، یان ناسیبێتت، هەرکاتێک زانیت زارۆیەکت هەیە، ئەوا ئەو زارۆکە بە زارۆی خۆت دەزانیت، با نەشتدیبێ یان نەشتناسیبێت. منیش لەو کاتەوە کە زانیومە خۆم کوردم، و کوردیش زمانێکی تایبەتیی خۆیان هەیە، زمانی کوردی بە زمانی خۆم دەزانم".

(٨)- علي حسني الخربوطلي: القومية العربية من الفجر الى الظهر، دون ذكر تاريخ الطبع، دار احياء الكتب العربية، ص ٥٢. هەروەها عبد الرحيم فودە: الاسلام والقومية العربية، دار احياء الكتب العربية ١٩٦١، ص ١٥.

هەروەها جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری "قەومیەت"ی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژاوایی یە، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ستۆکهۆلم ١٩٨٤، ل ١٩-٢٠.

(٩)- تەماشای کتێبی "التنبيه والاشراف" بکە کە لە لایەن عبد الله اسماعيل الصاوي یەوە لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٣٨ دا بڵاو کراوەتەوە (ل ٧٨). سەیر ئەوەیە لە لاپەڕە ٧٩ی هەر ئەو کتێبەدا بنەچە و رەچەڵەکی کورد دەبرێتەوە سەر "کوردی کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی مەنوچەهر..." ابن حوقل یش کە لە ٩٧٧ دا مردووە بنەچە و رەچەڵەکی کوردی بۆ سەر عەرەب بردووەتەوە.

تەماشای ابو القاسم ابن حوقل: "كتاب صورة الارض" بکە کە لەلایەن J. H. Kramars ەوە لە شاری لایدن لە ١٩٦٧ دا بڵاوکراوەتەوە، چاپی دووەم، بەشی یەکەم، ل ٢٧١.

(١٠)- تەماشای کتێبی "مروج الذهب ومعادن الجوهر" بکە کە بە نێوی Les prairies

pavet de Courtille, d' or دا لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە بێروووت لە لایەن Berbier de Meynard چاپکراوە، بەرگی دووەم، ل ٢٤٩. بە پێی هێندێک چیرۆک؛ کورد هەموویان لە **"جنۆکە"** نین بەڵکو تەنیٚ **چوار یەکێکیان** لە جنۆکە کەوتوونەتەوە. ئەمانە گوایە نەوەی **بەلقیسی ژنی سلێمانن**، کە گوایە دایکی بەلقیس **"جنۆکە"** بووە. تەماشای کتێبی "کردشناسی" (کورد ناسی) نووسینی بە فارسی مراد اورنگ، ل ٦٨ بکە.

(١١)- تەماشای ئەو شاهنامەیە بکە کە لەلایەن رۆژهەلاٚتناس Joannes Augustus Vullers ەوە لە شاری لایدن بلاٚوکراوەتەوە، بەرگی یەکەم ل ٣٦، هەڵبەستی ژمارە ٣٧ و ٣٨ بەم جۆرەی خوارەوەیە:

کنون کردزان تخمه دارد نژاد — کزاباد نیاید بدل برش یاد

بودخانهاشان سراسر پلاس — ندارند دردل زیزدان هراس

هەروەها تەماشای ل ٥٢ی هەر ئەو سەرچاوەیە بکە.

(١٢)- تەماشای بیر و ڕای مینۆرسکی بکە لەم دوو سەرچاوەی خوارەوەدا:

Minorski, V.: "Les Origines des kurdes", "Travaux de XX Congres international des Orientalistes", Bruxelles 1940, pp. 143-152.

هەروەها تەماشای وتاری مینۆرسکی "الاكراد احفاد الميديين"، بکە لە "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"دا، بەرگی یەکەم، بەغداد ١٩٧٣، ل ٥٥٢-٥٦٣. بۆ پشتگیریی قسەکانی مینۆرسکی؛ خاوەنی ئەم سەمیناره بەڵگەی زمانەوانی هێناوەتەوە. تەماشای ئەم سەرچاوەی خوارەوە بکە:

جەمال نەبەز: " ڕەخنەی زمانەوانی " لە گۆڤاری "تاسۆی زانکۆیی" دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٩) ساڵی دووەم، تەمووزی ١٩٧٨ ل ٨٦ - ٩٢.

(١٣)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Menzel, Theodor: "Yazidi", in "Handwörterbuch des Islam", Leiden 1941, S. 808

(١٤)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Rudolph, Wolfgang und Salah (Soran), Hasan: Die Feizollabegi des Hochlandes von Bukan. Zur Chronik und Geschichte einer Kurdischen Aristokratenfamilie", in: "Baessler Archiv", Neue Folge, Bd. 15 Berlin 1967, S,285

(١٥)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Rich, Claudius James: Narrative of a Residence in koordistan, vol I, London 1836-37, reprint westmead 1972, pp. 292-297.

(١٦)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Küchler, Hannelore: Öffentliche Meinung..

سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(١٧)- ئەم هۆنراوەیەم لە پەنجاکاندا لە دراوسێی کۆچکردووم بەهەشتی کاکە رەشید شەوقی لە سلێمانی بیست. (تەماشای سەرنجی ژێدەری ژمارە (٥) بکە).

(١٨)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Mustawfi, Hamd-Allah: Nuzhat al-qulub.The geographical part of Nuzhat al-qulub composed by Hamd-Allah Mustawfi of Qazwin in 740 (1340), translated by G. le Strange, Leyden 1919, Section 10, p. 105-107.

سەرنج: دوایی وەک بۆم دەرکەوت گەشتەوەری ئیتالیایی مارکۆ پۆلۆ Marco Polo گەلێک لەپێش مستەوفی دا باسی کوردستانی کردووە.

(١٩)- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢-١٠٥.

(٢٠)- هەر بۆ نموونە سەرنجی ئەو قسانە بدە کە سەددام حسەین لە رۆژی نەورۆز (٣/٢١)ی سالی ١٩٧٩ دا لە سلێمانی و هەولێر کردی (مجلة الحكم الذاتي، العدد ٤ السنة الرابعة ١٩٧٩ ص ٥ وص ٨).

(٢١)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Einjähriger Widerstand in Kurdistan, 15 august 1984 - 15 August 1985, herausgegeben von "kurdistan-komittee", Dokumentationsreihe, Nr. 1, Köln, Oktober 1985, S. 18.

(٢٢)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Gustav Chalupa: Nationalistische Ausschreitungen im Vielvölkerstaat Yugoslawien", im "Der Tagesspiegel", Nr. 12179, Berlin 5. 11. 1985, S.3.

سەرنج: ئەو کاتەی ئەم سەمینارە پێشکێش کرا یوگۆسلاڤیا پارچە پارچە نەبوو بوو ئێستەکە سالی (٢٠٠٢)ە و ئەم چاپی دووەمە ئامادە دەکەین، یوگۆسلاڤیا لەتلەت بووە و چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێداکەوتووە.

(٢٣)- مەسەلەی ئەوەی لە سنووری ولاتی سۆڤێتدا پارچەیەک کوردستان هەیە راستییەکە کە ناشاردرێتەوە، و گەلێک زانای سۆڤێتی دانیان پێدا ناوە. بۆ نموونە:

رۆژهەڵاتناسیی مەزنی سۆڤیێت خالفین لە پێشەکی کتێبەکەیدا "ململانێ لەسەر کوردستان" دەبێژێ: "لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەشێک لە خاکی کورد کەوتە ژێر دەست رووسیاوە". مینۆرسکی کە خۆی رۆژهەڵاتناسێکی رووس بوو لە وتارەکەیدا لەسەر کوردستان لە ئینسیکلۆپێدیای ئیسلامدا دەبێژێ: "کوردەکان لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەسەر تورکیا و ئێران و رووسیادا دابەشکرابوون...".

(٢٤)- بدلیسی، شرف الدین: شرفنامە، چاپی پەترسبورگ ساڵی ١٨٦٠، چاپی تازە ١٩٦٩، بەرگی (١) ل ١٣-١٤.

(٢٥)- هەر بۆ نموونە تەماشای ئەو نەخشەیە بکە کە میستەر ئێد مۆندس کۆنە ئەفسەری هێزی کۆلۆنیالیستی بەریتانیایی لە کوردستاندا و راوێژکەری وەزارەتی نێوخۆی عێراق هەتا کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەم، کێشاویەتی لە کتێبەکەیدا "کورد و ترک و عەرەب" کە بە زمانی ئینگلیزی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٥٧ دا چاپکراوە، هەروەها ئەو نەخشەیەی کە دیپلۆمات و نانخۆری دەوڵەتی ئەمریکا میستەر ئیگلتن لە کتێبەکەیدا "کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤٦" کە بە زمانی ئینگلیزی لە لەندەن لە ساڵی ١٩٦٣ دا چاپکراوە؛ کێشاویەتی. گەلێ "بەرهەمی" دیکەی لەم بابەتە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ئەورووپا دەرچوون.

(٢٦)- احمد عثمان ابوبکر: نصوص ثلاث رسائل للشیخ عبدالله النهري، مجلة "رۆژی کوردستان / شمس کردستان، العدد ٦٩، نیسان ١٩٨٥، ل٦.

(٢٧)- هیپۆتێزی کولتووری سینکرێتیستانەی کورد بیرێکی خۆمە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی کۆمەڵگەی کوردەوە پێیگەیشتووم کە بێگومان پێویستی بە توێژینەوەی پتر هەیە. شایانی باسە کە ئەم بیرەم بۆ یەکەم جار لەو وتارەدا باسکرد کە لە رۆژی ٢٣ی ئەیلولی ١٩٨٣دا لە مۆنیخ بە بۆنەی دووەمین کۆنگرەی سۆکسەوە پێشکێشم کرد. دەقی ئەو وتارە چەند سەعاتییە کە بەنێوی "ناکۆکیی نێوان ریزەکانی گەلی کورد و خاوکردنەوەی" بەوە بوو، بۆ چاپ ئامادە دەکرێ و لە هەلێکدا دەخرێتە بەر دەست خوێنەرەوە. سەرنج: هەتا ئەورۆ کە ساڵی (٢٠٠٢)ە هێشتا چاپ نەکراوە.

(٢٨)- هەر بۆ نموونە تەماشای ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Soane, E. B.: To Mesopotamia and Kurdistan in disguise, London 1912. 2. Ed. 1926, p. 395. Nikitine, Basile: Les kurdes, paris 1956, p. 99.

(٢٩)- ئەم ژێدەرە لە کاتی تایپکردندا کەوتبوو، وا لێرەدا چاپدەکرێ. بۆ وێنە هۆنەرێکی زۆر بەنێوبانگی وەک خانای قوبادی (١٧٠٠-١٧٥٠) کە سوارچاکێکی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بووە، شانازی بە زمانی کوردییەوە کردووە و گوتوویەتی:

هەرچەند مەواچان فارسی شەکرەن — کوردی جەلای من بەس شیرینترەن
مەعلوومەن جە دەور دونیای بەد ئەندێش — دڵشادن هەرکەس وەزوان وێش

هەروەها مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤) گوتوویەتی:

کوردی زوبانی ئەسڵمە، گەر تەرکی کەم بە کوڵ
بۆ فارسی، بەکوللی، ئەمن دەبمە بێ وەفا

ئەمە بێجگە لەوەی کە لە پەندی پێشینانی کوردیدا گەلێک نموونەی دی لەم بابەتە هەیە "شام شەکرە، وەڵات شیرینترە".

هەر لەم بوارەدا شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٧-١٩٠٩) گوتوویەتی:

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن ئەمما: سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو.

(٣٠)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Jemal Nebez: Sprichwörter und Redensarten aus kurdistan, Publikation der NUKSE, 1970, S. 70.

(٣١)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە بۆ نموونە:

Helmuth von Molteke: Briefe. Berlin 1841, S. 269-70.

(٣٢)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Volland: Aberglauben in Armenien und kurdistan in "Globus", 91 (1907).

(٣٣)- هەملتن دروستکەری شەقامی هەملتنە لە کوردستان و یەکێکە لەو بێگانانەی کە زۆر پەرژدان و بابەتانە سەرنجی کورد و مەسەلەی کوردیان داوە. پاش دوور کەوتنەوەشی لە کوردستان و لە گەلێک دەرفەتدا هەوڵی داوە راستیی مەسەلەی کورد بخاتە روو بۆ ئەورووپاییەکان و جیهان.

(٣٤)- تەماشای کتێبەکەی هەملتن بکە: Hamilton, A.M: "Road through kurdistan", London 1937, p.197

(٣٥)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Küchler, Hannelore: Fremdverständnis der Kurden.
(تێڕوانینی بیانیی لە کورد) چاپنەکراوە.

(٣٦)- تەماشای ئەو سەرچاوەیە بکە کە لە ژێدەری ژمارە (٢١) دا باسکراوە.

(٣٧)- تەماشای کتێبەکەی ئیگلتن بکە:

Eagleton, william Jr.: "The kurdish Republic of 1946", London 1963.

(٣٨)- کویشلەر، هەتەلۆرە: سەرچاوەی هەرە پێشوو، ل ١١٢.

(٣٩)- سەرچاوەی پێشوو؛ هەر ئەوێ.

(٤٠)- لە رۆژی ١٩٨٤/٤/١٤ دا لە بەرلین سەمینارێکم سازکرد لەژێر نێوی "رەنگدانەوەی بیری کاژیک لە ئەدەبیاتی هۆردە بۆرژوازیی کورددا". ئەم سەمینارە بەبۆنەی تێپەڕبوونی چارەکە چەرخێکەوە بەسەر دامەزراندنی کاژیکدا سازکرا.

(٤١)- جەمال نەبەز: ئۆتۆنۆمی، یان کوردستانێکی سەربەخۆ، یان بڕیاری چارەنووس لە ئازادی دا و بۆ ئازادی. وتاری سەمیناریی رۆژی ١١ی مایسی ١٩٨٥ لە ستۆکهۆلم (سوید). بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ستۆکهۆلم ١٩٨٥.

(٤٢)- ئەم ژێدەرە لەم چاپە نوێیەدا خراوەتە سەری: لە راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا دەرکەوت کە زۆربەی ئەوانەی پێیان دەگوتن جاش؛ بەرووی رژێمی سەددامەدا هەڵهاتنەوە و چوونە ریزی پێشمەرگەوە.

(٤٣)- بەعسییەکان بە وەزیرەکانی "نێوچەی ئۆتۆنۆمی" دەبێژن "ئەمین" بۆ ئەوەی وشەی "وەزیر" بەکار نەهێنن؛ نەوەک نێوچەکە لە دەوڵەتێک بچێ و تامی "فیدراسیۆنێک" بدات.

(٤٤)- مجلة الحكم الذاتي (ئۆتۆنۆمی) يصدرها المجلس التشريعي لمنطقة كردستان، العدد (٢)، السنة التاسعة، اربيل ١٩٨٥ ص ٤٧.

(٤٥)- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٤٦)- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٤٧)- لە گێڕانەوەی ئەم هۆنراوانەیەی "ئەحمەدی" دا پەنام بردە بەر بیرەوەریی خۆم. ئەم هەڵبەستانەم لە دەورانی منالیدا لەبەر کردووە و لەوانەیە بەتەواوی لەرووی وشەبەندییەوە سەتی سەت وانەبن، بەڵام لەرووی ماناوە بەتەواوی وانە. ئەمەشم بۆیە باسکرد؛ چونکە لەم کاتەدا "ئەحمەدی" م لەبەر دەستدا نییە.

(٤٨)- خاتی Corinne Taor پەیامنێری رۆژنامەی فەرەنسی Liberation لە ژمارەی رۆژی ١٩٨٤/١/١٧ی دا باسی گوندێکی کوردستانی داگیرکراوی ترکیا دەکات و دەبێژێ: "خەڵکەکەی ئەوێ هەموو پێیان وایە کە حکومەت بڕیاری داوە کە لەو کوێرەوەرییەدا بیانهێڵێتەوە، خەڵکەکە دەبێژن: "ئێمە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە ئێمە کوردین. تەماشاکە ئێمە مافمان لە هیچ شتێکدا نییە. نە شەقامان هەیە، نە کارەبامان هەیە، نە زێرابمان هەیە، ئایا ئێمە هەموومان پێشمەرگەین؟ لێرە هیچ جۆرە سەربەستییەک نییە بۆ کورد". پەیامنێر ئەوجا لەبارەی هەوڵدانی زارۆی کوردەوە بۆ فێربوونی زمانی ترکی دەبێژێ: "دیاردەیەکی دیکەی کۆلۆنیزەکردنی (کوردستان) پەروەردە کردنە؛ کە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەتەواوی رێبەند کردووە (ترکیا دان بە بوونی کورددا نانێ). لە گوندی کەمینە ئەو مامۆستایەی کە دانراوە بۆ فێرکردنی دەرزی کولتووری ترک، مامۆستایەکی لاوی

٢٧ ساڵییە نێوی ئەحمەدە. ئەحمەد هەر لەسەرەتاوە کارەکەی بەوە دەستپێکرد کە وێنەیەکی گەورەی ئەتاترک ؛ دامەزرێنەری کۆماری ترکیای بە هەموو دیوارەکانی قوتابخانەدا هەڵواسی، ئەو ئەتاترکەی کە خاوەنی ئەو قسەیەیە کە کوردەکان تیزی پێوە دەکەن و دەبێژێ: "چەند بەختیارە ئەو کەسەی کە دەتوانێ بەخۆی بێژێ ترکە"، بەڵام ئەحمەد پاش دووساڵ مامۆستاییکردنیش هێشتا هەر خۆی ئاڵای ناسیۆنالی ترک لەبەردەم پۆلی قوتابخانەکەدا هەڵدەکات. ئەحمەد دەبێژێ: "زارۆکان دێنە قوتابخانە چۆنکە بە زۆرەملێ دەیانهێنن! ئەگەنا گاڵتەیان پێیدێ. هیچ کاتێکیش خۆیان خەریک ناکەن بە فێربوونی زمانی ترکییەوە" تەماشای:

Corinne Taor: Represailles türque en pays kurde, Liberation, 17.10.1984

کۆرین تاۆر: تۆڵەسەندنەوەی ترک لە وڵاتی کوردا، رۆژنامەی لیبەراسیۆن ١٧/١٠/١٩٨٤.

(٤٩)- لێرەدا حەز دەکەم کۆپلەیەک لە قسەکانی مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی (١٨٨٠ - ١٩٤٨) بهێنمەوە بە نموونە کە لە سەرەتای کتێبی "خوڵاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان"دا نووسیوێتی و ئەو هۆیە دەخاتە روو کە بۆچی دەستی کردووە بە نووسینەوەی مێژووی کورد.

ئەمین زەکی دەبێژێ:

"کاتێک وشەی گشتگری عوسمانی لە ترکیادا نەما و دوو وشەی ترک و تورانی جێیان گرتەوە. ئەوجا منیش بەپێی سروشتی بارەکە خۆی، و وەک هەموو ئەو رەگەزە عوسمانییانەی کە ترک نەبوون، هەستێکی زۆر خستم بە نەتەوایەتیی لە ترک جیاوازی خۆم کرد. ئەمە وای لە من کرد کە هەستی ناسیۆنالیستانەی بەتین، و جۆشی بەهێزی نیشتمان پەروەرانەی خۆم دەرببڕم. بەڵام (ئەوەی راستی بێ) هیچم نەدەزانی لەبارەی ئەو گەلەوە کە سەر بەوم. چۆنکە لەپێش ئەوەدا هیچ کاتێک ئەوە نەهاتبوو بە بیرمدا کە بگەرێم بەدوای مێژووی ناسیۆنالی کورددا. نە لە سەردەمی خوێندنمدا و نە لەدوای ئەوە. ئەوەش سەبارەت بەوەبوو کە وشەی "عوسمانی" کە هەموو رەگەز و گەلێکی ژێردەستەی (ئیمپراتۆرێتی)ی دەگرتەوە، تا هەندازەیەک دەماری هەر یەکێکمانی سڕ کردبوو، ئێمەی رۆڵەی نەوەکانی دیکەی (ناترکی) نێو ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی." "خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصور التاريخية لحد الآن)- الترجمة العربية للاستاذ محمد علي عوني، الطبعة الثانية، بغداد ١٩٦١، الصفحة (ح): ئەم دانپێدانانەی ئەمین زەکی دەریدەخات کە **هۆکاری دەرەکی** لە پەیدا کردن و چلووره پێبەستنی **"تێڕوانینی خۆیی"** دا دەورێکی گەورە و هێندێک جاریش دەورێکی سەرەکی هەیە.

(٥٠)- سەددام یەکێکە لەو نموونانە.

رۆشنبیر و نیشتمان پەروەری ترک بەهەشتی ئێدیجە کریماڵ یەکێک بوو لە

ترکەکانی قرم و کەسایەتییەکی ناسراوی ترک بوو، لە شەستەکاندا لەشاری مزنیخ دەژیا و بوو بووینە دۆست و هاوڕێی یەک. پاش کودەتاکەی جەماڵ گویرسێل لە ئەنقەرە، کریماڵ بەگ لەسەردانێکی ئەنقەرەدا چاوی بە گویرسێل کەوتبوو، و باسی مەسەلەی کوردی کردبوو لەگەڵی، وەک کریماڵ بەگ خۆی گێڕایەوە بۆم بە گویرسێلی گوتبوو: وا باشترە لاپەڕەیەکی تازە لە مەسەلەی کورددا هەڵبدرێتەوە. کریماڵ بەگ گوتی : گویرسێل هەر نێوی کوردی بیست، داچڵەکی و گوتی: "چۆن چۆن؟؟" گوتم: کارێک بکەین کە کورد رابوردوویان بیر بچێتەوە و بیانکەینە براو دۆستی خۆمان. با لە کوردستاندا کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن و خۆیان خۆیان ببەن بەڕێوە. ئەوساکە مێژوو ئەمە بۆ جەنابت تۆمار دەکات... با وا بکەین ئەگەر رۆژێ لە رۆژان کوردەکان دەستیان رۆیشت وەک دوژمن هەڵسو کەوت نەکەن لەگەڵمان... کریماڵ بەگ گوتی قسەکەم تەواو نەکردبوو، گویرسێل چاوی پەڕییە پشتی سەری و گوتی: چی چی؟؟؟... باش بزانە تا ترکێک بێنێ، نە دان بە بوونی کورددا دەنێین و نە رێدەدەین زمانی کوردی بە رەسمی بناسری". کریماڵ بەگ گوتی: منیش گوتم: جا باشە کە ترکێک نەما، ئەوسا من و تۆ ترکایەتی بۆ کێ بکەین؟؟؟ گویرسێل بەسەربادانێکەوە گوتی: سەیرە، وامزانی تۆ ترکێکی ناسیۆنالیستی و ترکت یەکجار خۆش دەوێ... کریماڵ بەگ گوتی: منیش گوتم: باوەڕ بکە ئەمەی گوتم لە خۆشەویستیی ترک بوو، حەز دەکەم وا لە کوردەکان بکەین دەست بکەنە ملمان، نەک تف بکەنە روومان. ئەوەم گوت و بە تووڕەیی و دڵشکاوییەوە ماڵاوایم لێکرد".

(٥١)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Taghi Habibi Shalmani: Betrachtungen über die ethnische Identität der Iranischen Kurden, Dissertation der Universität Köln 1985, S. 112.

(٥٢)- باسی "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" م لەو نامیلکەیەدا کردووە کە بەنێوی "هێندێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" وە لەلایەن چاپەمەنیی ئازادەوە لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە ستۆکهۆڵم بڵاو کراوەتەوە. هەڵوێستی ئەم قوتابخانەیەشم بەرامبەر "نەتەوە" و "ناسیۆنالیزم" لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرخستووە کە لەژێر نێوی "گۆڤاری نیشتمان، تەمووزی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤، زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا "بە کوردی و ئەڵمانی لەلایەن **"ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر"**وە بڵاو دەکرێتەوە، تەماشای ل ٢٣-٢٧ی ئەو بەرهەمە بکە کە لەم رۆژانەدا لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی ئازادەوە لە چاپدەدرێ. سەرنج:... ئەم بەرهەمە لەچاپدراو بڵاوکرایەوە.

(٥٣)- تەماشای وتاری Necdet kurdakul بکە لە رۆژنامەی ترکی Dünya دا.

ڕۆژی ٢٨ ی ئەیلولی ١٩٦٧ لە دژی ئەو وتارەی کە لە "گۆڤاری کۆمیسیۆنی ئینتەرناسیۆنالی یاسازانان" دا لە ساڵی ١٩٦٧دا لەبارەی چەوساندنەوەی "کەمایەتیی کورد"ەوە لە ترکیا بڵاوکرابووەوە.

(٥٤)- علي اصغر شميم همداني: كردستان، تبريز ١٣١٢، ص ٥٣.

(٥٥)- سەیری پەراوێزی نمرە (٥٣) بکە.

(٥٦)- سەیری لاپەڕە (٤٦) بکە.

(٥٧)- الدكتور ناجي معروف. عروبة العلماء المنسوبين في بلاد الروم والجزيرة و شهرزور و اذربيجان الى البلدان الاعجمية. الجزء الثالث، الجمهورية العراقية - وزارة الثقافة والفنون - سلسلة كتب التراث، رقم ٦٨، بغداد ١٩٧٨، ص ٩٧-٢٠٧.

(٥٨)- جمال نبز: حول المشكلة الكردية، من منشورات الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في اوروبا (نوكسه) ١٩٦٩، ص٥٩.

(٥٩)- ناجي علوش: حوار حول الامة والقومية والوحدة، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الاولى، ايلول ١٩٨٠، ص ٨٧-٨٨.

(٦٠)- ناجي علوش: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨-٨٩.

(٦١)- سەمیناری **"بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری (قەومیەت)ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری (ناسیۆنالیزم)ی ڕۆژاواییە"** لە ڕۆژی ٨/١٨ی ١٩٨٤ دا لە ستۆکهۆڵم و بەبۆنەی سێیەمین کۆنگرەی سۆکسەوە خوێندرایەوە. سەمینارەکە لەلایەن "سۆکسەوە" بڵاوکرایەوە و لە بنکەی چاپەمەنی ئازاد لە ستۆکهۆڵم چاپکرا.

(٦٢)- تەماشای ژێدەری ژمارە (٥٢) بکە.

(٧) - چەند تێبینییەک

(١)- وشەی "پێوەندارێتی" م لەجیاتی (انتماء)ی عەرەبی کە بەرامبەر بە affiliationی ئینگلیزی و appartenanceی فەرەنسی و Zugehörigkeitی ئەڵمانییە و، وشەی "ناسنامە" شم لە جیاتی (هویة)ی عەرەبی و identityی ئینگلیزی و Identitätی ئەڵمانی داڕشتووە، هەروەها وشەی "پێناسە"م لەجیاتی (مُعَرِفة) و (مُشَخِّصة)ی عەرەبی و Merkmalی ئەڵمانی و، وشەی "باوک فەرمانی" و "دایک فەرمانی" م بۆ "نظام الابوة" و "نظام الامومة"ی عەرەبی بەکار هێناوە، هیوام وایە لەجێی خۆیاندا بن.

(٢)- سەرنجێک بدە لە ژیندەری ژمارە (٥) و ل ٧-٧٢.

لەم ژیندەرەدا ناوی بەهەشتی کاکە رەشید شەوقی هێنراوە کە بە پێویستی دەزانم چەند تێبینییەک لەسەر ئەم کەسایەتییە بنووسم، پاڵپێوەنەری سەرەکیشم بۆ ئەمە ئەوەیە ئەمساڵ (١٩٨٥) لە هەولێر نامیلکەیەک بەنێوی "مستەفا شەوقی و پەیژە "وە لەلایەن مومتاز حەیدەرییەوە بلاْوکرایەوە کە سەعید ناکام پێشەکییەکی بۆ نووسیوە. مومتاز حەیدەری هەوڵیداوە بە هۆی گەلێک کەسی گوایە "شارەزا" وە کەسایەتیی مستەفا شەوقی دیاریبکات و هەر لەوێدا بیرو ڕای هێندێکیشیانی تۆمار کردووە کە هیچیان -سەعید ناکام گوتەنی- "ترخی گوێزێکی پووچی لەمەڕ ساخ کردنەوەی مستەفا شەوقییەوە نییە". هەر لەو جێیەدا سەعید ناکام هاتووە بە سەرو گوێلاکی ئەوانەدا کە بە "زانا" نێوی بردوون و کەچی ئەو گوتەنی: ئەوەیان لەبیردا نییە "کەسایەتیی مستەفا شەوقییەک ساخ بکەنەوە کە -گوایا- چل ساڵێک دەبێ مردووە".

سەعید ناکام دەبێژێ:

لەچاپدانەوەی گۆواری (پەیژە) کە لە رۆژی خۆیدا کەلەبەرێکی گەورەی پڕ کردووەتەوە، لەگەڵ لێدوان و لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی ئەو سیپارە بەنرخە، کارێکی هێنجگار پەسەند و بەجێیە و ئەم تەقەلایەی کاک مومتاز حەیدەری سوپاسهەڵگر و شیاوی ئافەرینە.

بەلاّم ئەرێ سیپارەی (پەیژە) کێ نوسیوویەتی؟ کێ هەیە بە راشکاوی بێتە زمان و پێمان بڵێ خاوەنی ئەم هەستە پاکە و ئەم بیرە دڵسۆزانەی کوردایەتییە، کێ بووە و چۆن ژیاوە و لە کوێ سەری پڕ لە ئاواتی بەدی نەهاتووی ناوەتەوە؟

دەربڕینی رای جۆراو جۆر بو ساخ کردنەوەی بناخەی کێلە شین و ئەشکەوتی شانەدەری و شوێنەوارەکانی نارام سین لە کوردستاندا جێی خۆیەتی، بەلاّم ئایا رەوای حەقە مێژووزان و نووسەر و کوردناسەکانمان سەبارەت بە تێکۆشەرێکی جێی شانازیمان کە چل ساڵ لەمەو پێش کۆچی دوایی کردووە و ئەوانەی دیویانە هێشتا

زیندوون و ماون وەلامێکی دوودلانە بە دەمی داچەقاوەوە دووپات بکەنەوە؟

پیاو گریانی دێ. گریان بۆ مستەفا شەوقی نا کە سالی ١٩٢٦ سەرنوسەری (بانگی کوردستان) بووە و پاشان گۆواری (پەیژە)ی بلاو کردووەتەوە و بەتەما بووە پاشتر (رۆژنامەیەکی کوردی بۆ رایی بێت) ولە پرێکا وەکو بەردی بن گۆم بێ سەروشوێن چووە، گریان بۆ ئەو نا چونکو بە هیچ ناچێ... گریان بۆ نەتەوەی کوردیش نا کەوا کەلە پیاوانی پەنجا سال لەمەوبەری خۆی ناناسێت و لەبیریان دەکا، چونکە شتی لەم بابەتەمان زۆرن.

گریان بو ئەو زانایانەمان کە گوایە خەوو خواردنیان لە خۆیان حەرام کردووە و شاعیری کوردی کۆن تازە دەکەنەوە و مردووی ناوداری کورد دەژیێننەوە و بچووکترین رستەی کتێبە کۆنێک ناوی کوردێکی ئەو سەردەمەی هێنابێ، لێیدەدوێن و بنکەیێکی شانازیی نوێمان بۆ لەسەر دادەمەزرێنن. کەچی کاتێ پرسیاری مستەفا شەوقییان لێدەکرێ بە منجەمنجی واق ورمانەوە دەلێن: مستەفا شەوقی ئەفسەرێکی کوردی سوپای عوسمانی بووە و، کاتێ گەڕاوەتەوە کوردستان کاری میری نەکردووە و هەر خەریکی خەبات و تێکۆشان بووە و مستەفا شەوقی زابت تەجنیدی قەزای رەواندز بووە و سالی ٩٣٨ یان ٩٣٩ لە رەواندز مردووە، کەسیش نازانێ لە کوێ نێژراوە.

مستەفا شەوقی شاعیرێکی کوردستانی سەر بە ئێرانە و لە بنەمالەی قازییەکانە

مستەفا شەوقی ناوی راستیی (رەشید شەوقی) یەو ئەو (ناوی) مستەفایەی بۆ خۆ شاردنەوە لە خۆی ناوە و سەردەمێک بەرێوەبەری رۆژنامەی (دیاری کوردستان)ی سالح زەکی ساحێبقران بووە.

مستەفا شەوقی زابتێکی عوسمانی بوو کە هاتەوە کوردستان لە سوپای عێراقدا کرا بە زابت و گەیشتە پلەی موقەددەم، خزمی مالی (محەی دگل)ی کۆنەفرۆش بوو لە گەرەکی سەرکارێزی سلێمانی.

شاکر فەتاح. گۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە ٨٣- ل: ٥١

شەمسەدین سلێمان سلاحشور. سەرچاوەی پێشوو.

د. مارف خەزنەدار، هەر ئەو سەرچاوەیە.

کەریم شارەزا. سەرچاوەی پێشوو لاپەرە -٦١-

د. عیزەدین مستەفا رەسول، هەر ئەو سەرچاوەیە لاپەرە -٥٢-

ئەم گشت زانیاری ساخ کردنەوە و ئاگادارییە چەوت و چەواشانە کە هیچی نرخی گوێزێکی لەمەڕ ساخ کردنەوەی مستەفا شەوقییەوە نییە، لەلایەن زانا و توسەرەکانەوە دەربڕاون و بە مەبەستی رۆنکردنەوە و تیشک خستنە سەر ژیانی خەباتگێڕ و نووسەر و سیاسییێکی خوێنگەرمی کورد کە -گوایا- چل سال دەبێ مردووە!".

لێرەدا خۆم بە بەرپرسیار دەزانم ئەم گرێنکوێرەیە بڕەوێنمەوە:

راستە... هەق وا بەلای سەعید ناکامەوە، بەلام توانج تێگرتن و سەر کۆنەکردنی رووت، هیچ سووتێکی نییە. سەعید ناکام دەبوو هۆی ئەم کلۆلییەی کە ئەو بۆ ی دەگری، بێ پەردە بخستایە ڕوو. راستییەکەی ئەوەیە، ئەو دەمەی کە مستەفا شەوقی دەژیا و تێدەکۆشا، زمان و کولتووری کورد هێشتا نەبوو بووە دەسکەلایەک بە دەست هەلپەرست و خۆبژێن و کوڕی ڕۆژەوە بۆ نان پەیدا کردن و سنگ دەرپەڕاندن و ماستاو ساردکردنەوە بۆ ملهوڕان، وەک ئەمڕۆ. لەبەر ئەوە زۆربەی هەرەزۆری هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری کورد گاڵتەی بەوانە دەهات کە خزمەتی کولتووری کوردیان دەکرد. بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە کە خۆم هەر لە تەمەنی ١٨-١٩ ساڵییەوە هەڵسو کەوتم لەگەڵ ئەو بەساڵدا چووانە دەکرد کە لە دەیەکان و بیستەکان و سییەکان و چلەکاندا خەریکی کوردایەتی بوو بوون، وەک مستەفا شەوقی و عارفە سوور و رەفیق حیلمی و ئەنوەر سایب و بەشیر موشیر و مارووف جیاووک و ئەمین ڕەواندزی و عەلی کەمال و تۆفیق قەزاز و کەریم زانستی و رەفیق چالاک و جەمال عارف و محەمەد عەلی کوردی و شاکیر موجریم و ئسماعیل حەقی شاوەیس و عەبدول خالیق ئەسیری و جەمیلی ڕۆژبەیانی و عەلی باپیراغا و گیوی موکریانی و ئەنوەر مائی و مەلا محەممەدی قزڵجی و عەلائەددین سجادی و گەلێک بەرێزی دیکە کە ئێستە زۆربەی هەرە زۆریان نەماون. مەبەستیشم لەوە؛ تەنێ کۆ کردنەوەی کولتوور و زادەی بیری کورد بوو. کەچی زۆر کەس لە کوردە، گوایە رۆشنبیرەکانی ئەو دەمە، تانووتیان دەدا لێم، کە گەنجێکی وەک من لە باتی دوو رابواردنی شەوانی بەغدا و "چوار قسەی خۆش" هێندە "بێ زەوقم" کاتی خۆم لەگەڵ ئەو "پیرە خەرەفاوانە" دا دەبەمە سەر. راستییەکەی ئەو بەرێزانە منیان وەک هاوڕێیەکی خۆیان تەماشا دەکرد و بە چاوی هەرزەکارێک نەیاندەڕوانییە من. لەبەر ئەوە بەسەرهاتە سیاسییەکانی خۆیان بێ پرنگانەوە دەگێڕایەوە بۆم، کە هەر یەکەیان لاپەڕەیەکی گرنگ بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا.

دە مستەفا شەوقی یەکێک بوو لەو "پیرە خەرەفاوانە"ی کە من شانازیم بە دۆستایەتییەوە دەکرد. مستەفا شەوقی بەرێکەوت لە سلێمانی دراوسێشم بوو، و جاری وا هەبوو، لە شەوانی فێنکی هاویندا تا بەرەبەیان لە حەوشەکەی ماڵی دایکم پێکەوە دادەنیشتین و قسەماندەکرد. نێوی راستەقینەی مستەفا شەوقی کاکە رەشید برای علی ئاگا بوو، کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو لە سلێمانی و کابرایەکی زۆر قسە خۆش بوو. هەروەها خزمی قازی ئەحمەد موختار بوو کە هەردووکیان ماڵیان لە تەنیشت مزگەوتی دوودەرگا و نیزیک ماڵی هاوڕێی منالیم مەلا عەبدوولی مەلا سەعید و رۆستەمە زلەوە بوو، کە رەنگە ئێستە ئەو مزگەوت و خانووانە نەمابن. کاکە رەشید لە کۆتاییی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بوو، ماوەیەکیش لە هەورامان وەک ئەفسەر خزمەتی کردبوو. کاکە رەشید گەلێک بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە بۆم کە لە بیرەوەریەکانمدا نووسیومن. جا وەک بەهەشتی کاکە رەشید باسیدەکرد، ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری "دیاریی کوردستان" بوو بوو، بەلام دوایی ناخۆشی کەوتبووە نێوان وی و ساڵح زەکیی خاوەن گۆڤارەوە لەسەر ئەوەی ساڵح زەکی پێیگوتبوو "کاکە رەشید وتارەکانت زۆر توندو

تیژن و ئەگەر وا بکەیت ئەوا گۆڤارەکەمان دادەخەن" - لەبەر ئەوە کاکە ڕەشید هەوڵی دابوو خۆی ئیجازەی گۆڤارێک وەربگرێ، بەڵام دەستی نەکەوتبوو، لەبەر ئەوە ویستبووی کاتنامەیەک دەربکا بە نێوی "پەیژە" وە کە لە شێوەی گۆڤاردا بێ بەڵام بەنێوی گۆڤارەوە نەبێ، ئەوەشی بۆ نەچوو بووە سەر. کاکە ڕەشید پیاوێک بوو حەزی بە مەدحی خۆی و سنگ دەربەراندن نەدەکرد، لەبەر ئەوە بۆ شوێنە ونی؛ خۆی نێو نابوو "مستەفا شەوقی". سەردەمێکیش لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوو بوو. جارێکیان بە یادی ئەو کاتەوە چیرۆکێکی خۆشی گێڕایەوە بۆم و گوتی: "تازە سوپای عێراق دامەزرابوو، داواکرا لێم وتارێک بەزمانی عەرەبی لەبەردەم سەرکردەی سوپای عێراقدا بخوێنمەوە و لەوێدا باسی ئازایەتیی لەشکری عێراق بکەم، جا لەبەر ئەوەی لە عەرەبیدا زۆر کز بووم، ناچار بووم بە کوردیی بینووسم و بیدەم بە خێرە و مەندێک بیکات بە عەرەبی بۆم، بەڵام لە نووسینەکەدا دوو وشەی زۆر سەیر سەرنجیان ڕاکێشا ئەوەش "قاعا صفصفا" بوو، ئەوجا چونکە وتارەکەش بەو دوو وشەیە کۆتاییی هاتبوو وە گوترابوو "ئەگەر بێتو بێگانە پەلاماری ئەم وڵاتە بدات، ئێمەش دەچینە سەریان و خاکیان بە تووڕەکە دەبێژین"، ئەوا دوو هەفتە لەسەر یەک هەر پراوەی ئەو دوو وشەیەم دەکرد و دەمگوت و دەمگوتەوە. ڕۆژی خوێندنەوەی وتار؛ خەڵکەکەیان ڕیز کرد و گوتیان ئەوا ئەفسەرێکی کورد وتارێک بە عەرەبی دەخوێنێتەوە، ئەو دەمە منیش دەستمکرد بە خوێندنەوەی وتارەکە و هەر خوا خوای ئەوەشم بوو بگەمە سەر ئەو دوو وشەیە، کە گەیشتمە سەریان جۆش گرتمی و خۆم پێنەگیرا و تا هێزم تێدا بوو پێمدا بە ئەرزدا و گوتم: ونجعلهم صفا قنقعا"، هەر ئەوەم گوت و هەموو خەڵکەکە دایانە هارەی پێکەنین".

کاکە ڕەشید دراوسێیەکی بەوەفا و کوردێکی نیشتمان پەروەر و مرۆڤێکی هەژار دۆست و بێفیز و دەمار بوو. لە ساڵی ١٩٥٨ دا و بە پێشنیازی کاکە ڕەشید و پێکەوە لەگەڵ مامۆستایان فایەق عارف و دوکتۆر عەلی تۆفیق هەوڵی دامەزراندنی سندووقێکمان دا بۆ یارمەتیی ئەوانەی لەسەر سیاسەت نانبڕاو دەکران و دەگیران، یان لە سەر کارلادەبران و، بەتەما بووین سندووقەکە نێو بنێین "سندووقی رووتە" یان "کۆجیلەی هەژار". بەڵام کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بوو بە هۆی نەهاتنە دی پرۆژەکەمان.

کاکە ڕەشید گەلێ هۆنراوەی کۆنی لەبەر بوو کە لە هیچ جێیەک بڵاو نەکراونەتەوە. زۆربەی زۆری ئەوانەم لەلای خۆم نووسیبووەوە و لە کوردستان بە جێمهێشتبوون، دەربەدەریی خۆم و کارەساتەکانی ٦٣ بوون بەهۆی لەنێو چوونیان. لەگەڵ ئەوەشدا لە ١٩٧٩/١٢/٢٧دا لە بەرلین وتارێکم نووسی لەژێر نێوی "شاکیر موجریم و گەنجینەیەکی ون بوو"؛ هەوڵم دا هێندێک لەو هۆنراوانەی لە شاکیر موجریم و کاکە ڕەشید بیستبووم و لەبیرم مابوون بخەمە سەر کاغەز -وا ڕێککەوت لەو ڕۆژانەدا دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ لە بەرلین بوو، گوتی وتارەکەم بدەرێ دەیبەم بۆ وڵات لەوێ بۆت بڵاو دەکەمەوە، بەڵام کە پاش دوو ساڵ چاوەڕوانی، وتارەکە بڵاو نەکرایەوە و دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵم چاوپێکەوتەوە و لە وتارەکەم پرسییەوە، ڕەنگێکی هێنا و برد و گوتی: "ون بووە"... نامەوێ درۆ بکەم؛ نەمتوانی باوەڕ بە قسەکەی بکەم، دوایی دەرکەوت بۆم دابووی بە ڕۆژنامەیەک کە

بەعسییەکان لە بەغدا دەریاندەکرد و کوردێکی سەر بەو دەزگەیەی بەعس دزیبووی وبەنێوی خۆیەوە بلاوی کردبووە، ئەمسالْ جارێکی دی هەمان وتارم نووسییەوە و ناردم بۆ گۆڤاری "خوێندکاری کورد"، کە زەمانی حاڵی سۆکسە بوو، کوردۆ عەلی دەریدەکرد، بەلاّم کوردۆ عەلی دیشکەمی لە سۆکسە کرد وئێدی گۆڤارەکەی دەرنەکرد.

بەکورتی: "مستەفا شەوقی" کاکە رەشیدی برای عەلی ئاگا یە و نە زابت تەجنید بووە لە رەواندز و نە خزمی حەمەی دگلیش بووە وەک دکتۆر عیزەددین نابەرپرسیارانە فەرموویەتی. کاکە رەشید حیزب حیزبێنەی نەدەکرد تا هاورێ حیزبییەکانی بتێک دروستیکەن لێی. پاش کودەتای قاسم لە ۱۹۵۸ دا و تیژبوونی ململانێی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی عیراق لە کوردستاندا؛ دەیگوت: "نەبەز... ئەم حیزب حیزبێنەیەی ئەمرۆ هەر شەرە گەرەکەکەی دوێنێیە". هەزاران چرا لەسەر گۆری پیرۆزی...

سەرنج: وشەی "کاتنامە" م لەجیاتی (مجلة دورية) Periodical دارشتووە.

جەمال نەبەز

دۆزی ناسیۆنالی کورد

ئۆتۆنۆمی یان کوردستانێکی سەربەخۆ یان بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی

وتارێکی سەمینارییە لە ڕۆژی شەممەی ۱۱/۵/۱۹۸۵ دا لە ستۆکهۆلم ل

کۆبوونەوەیەکی کوردە ئاوارەکانی دانیشتووی سویندا خوێندرایەوە.

چەند وشەیەک بۆ چاپی دووەمی دۆزی ناسیۆنالی کورد

لەم رۆژانەدا کە ١٧ ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر پێشکێشکردنی ئەم سەمینارە و چاپ و بڵاوکردنەوەیدا، خوێنەرەوەی بەڕێز دەبینێ کە هێشتا کێشەی ناسیۆنالی کورد لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە لەنێو حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستاندا جێگیر نەبووە. بێگومان ئەو کارەسات و رووداوانەی کە لە نیوەڕاستی هەشتاکانەوە (کاتی پێشکێشکردنی سەمینار) هەتا ئەوڕۆ روویان دا؛ بەتایبەتی جەنگی دووەمی کەنداو (عێراق-کوێت) وشکانی لەشکری سەددام و راپەڕینی مەزنی بەهاری ١٩٩١؛ بوونە هۆی دامەزراندنی "هەرێمی نەفڕین" و رێکرانەوە بۆ کوردی سێ پارێزگەکە پەرلەمانێک بە هەڵبژاردنێک پێکبهێنن و حکوومەتێکی کوردستانی رێکبخەن، هەڵبژاردن بەگشتی بەشێوەیەکی دیمۆکراسیانە چوو بەڕێوە و دوو حیزبە گەورەکە بوونە حیزبی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستانیش لە ١٩٩٢ دا بڕیارێکی دا کە پێوەندیی کورد لەمەولا بە حکوومەتی نێوەندییەوە دەبێ بە شێوەیەکی فیدەرالیانە بێ. بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەم دوو حیزبە نەک هەر دەستوورێکی فیدەراڵییان لە رێی پەرلەمانەوە دەرنەکرد و هێزە چەکدارەکانیان لە لەشکرێکی یەکگرتوودا کۆ نەکردەوە؛ بەڵکو چەند ساڵێکیش بە چەک چوون بە گژ یەکدا و ژمارەیەکی زۆریان لە یەک کوشت و لەم ماوەیەدا گرێدایی ئەم دوو حیزبە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بەپێی بارو دۆخەکە توندتر بوو. بێجگە لەوەش هەر دوو حیزبەکە زۆرو کەم هەوڵیان دا پشتی حیزبی دیکە بگرن دژی ئەوەی بەرامبەریان. لەم مەیدانەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیانی لێکەوت؛ کاتێک پشتی حیزبی سۆسیالیست و پێ کێ کێ ی گرت دژی پارتی و لەو پێناوەدا تووشی شەڕ بوو لەگەڵ

لەشکری ترک و . . ٧٠ پێشمەرگەیەکی یەکێتی کوژران و بێجگە لەوەش ناچار بوو "تنازلات"ێکی یەکجار زۆر بکا بۆ ئەو ترکمانانەی کە بەنێوی "بەرەی ترکمانی"یەوە لە باشووری کوردستاندا کاردەکەن و دان بە بوونی کوردستاندا نانێن.

شایانی باسە ئەز لە سالی ١٩٩٣ ەوە لەگەڵ هەردوو حیزبەکە؛ پارتی و یەکێتی و هەموو حیزبەکانی دیکە خەریکم کە شەڕ و هەرا و بەگژ یەکدا چوون بوەستێنن و یەکبگرن و پەرلەمان و حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان زیندوو بکەنەوە. پەیمانی واشنتن کە لە پایزی ١٩٩٨ دا بە نێوبژینی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە لایەن بەرێزان مام جەلال تالەبانی و مەسعود بارزانییەوە ئیمزا کرا، سەرکەوتنێک بوو بۆ ئاشتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستە ئەو ئاشتینامەیە بە تەواوی نەخراوەتە کار.

شان بە شانی ئەمە باسی فیدەراسیۆنیش کز بووە و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانیش دژی فیدەراسیۆنن. ئەمە لەپاڵ ئەوەدا کە هەردوو حیزبەکە هەردەم بەبۆنە و بێ بۆنە باسی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتیان ناوێ، وەک ئەوەی پێیان گوترابێ دەبێ دەوڵەتتان بوێ..

ئەوەی لێرەدا ئاشکرایە کە ئەگەر ئەمریکا لە عێراق بدا و چەند "جەنەراڵێک" بتوانن لە بەغدا دەست بگرن بەسەر شارەکەدا و هێزی چەکداری کورد هیچ دەورێکی نەبێ و لەوەوپێش ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەمریکا باش باس و تاوتۆ نەکرابێ، ئەوا کورد هەتا هەتا دەیدۆڕێنێ. تەنانەت ئەگەر کورد بتوانن کەرکوکیش بگرن هیچ سوودێکی نییە، مەسەلەکە مەسەلەی دەستگرتنە بەسەر دەسەڵاتی نێوەندیدا. ئەمەش بە پیلانێکی سەربازی دەبێ کە هێزەکانی پێشمەرگەی هەموو لایەک پاش رێککەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی سوپاییی ئەمریکا ئەو دەورە ببینن. خۆ ئەگەر کەسانێک بێن وەک نەجیب سالحی و نزار خەزرەجی و وەفیق سامەرایی و خۆیان ئامادە کردبێ بۆ ئەوەی جارێکی دی بێنەوە سەر خوانی ئامادە کراو، دەبێ رێ بگیرێ لێیان.

ئەوەی باسکردنی بە پێویست دەزانم ئەوەیە، هەر لە نێوەڕاستی هەشتاکانەوە هێزێکی ناحیزبی بە سەرۆکایەتیی هاوبیری هێژا جەوادی مەلا بەنێوی "کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان"ەوە کەتووەتە کار. کۆنگرە هەوڵ دەدا بۆ سەربەخۆییی کوردستان لەڕێی دیپلۆماسیێتییەوە.

ئەوەی پێوەندیی بەم چاپە نوێیەوە هەیە ئەوەیە دوو بەندی تازەم خستووەتە سەر کە لە دەقی چاپی یەکەمدا نەبوون. ئەمەش لە لاپەڕە ــــ ەوە تا ــــ درێژە دەکێشێ.

سەرنج: وەک خوێنەرەوە دەبینێ پێشگۆتنەکەی "سۆکسە"م وەک خۆی هێشتووەتەوە بێ دەستکاری.. چۆنکە سۆکسە ئەو سەردەمە سۆکسەی ڕاستەقینە بوو، دەسکەلای دەستی هیچ حیزبێک نە بوو و، هێشتا لە ڕێی ڕاستی بیری نەتەوەییی کوردی لای نەدابوو.

بەرلین ۱۶/۳/۲۰۰۲ جەمال نەبەز

وشەی سۆکسە

میوانە بەڕێزەکان، هاوبیرە خۆشەویستەکان، خوشک و برا ئازیزەکان

بەنێوی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا (سۆکسە) لقی سوێد، سڵاوی ئازادی و یەکسانیتان ئاراستە دەکەین و هەمو لایەکتان بەخێربێن.

بە پێویستمان زانی ئەم سەمینارە بگرین بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا لە مێژووی گەلەکەمان، کە ئەوەتا وەک دەبینین ڕۆژ بە ڕۆژ جەماوەری گەلەکەمان بەوپەڕی دڵخۆشی و شانازییەوە دەچێ بە دەنگی داواکەرانی کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسانەوە. لەوەتەی بیری نەتەوەیی کوردی سەر بە قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە کوردستاندا هاتووەتە کایە بەر لە چارەکە چەرخێک لەمەوبەر، ئەوەش لەنێو چوارچێوەی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد (کاژیک)دا، قەد ڕۆژێ لە ڕۆژان جەماوەری کورد وەک ئەمڕۆ دەوری نەداوە و باوەشی نەکردووەتەوە بۆی، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیاسەتی تۆقاندن و کوشتن و بڕینەی کە داگیرکەرەکانی کوردستان لە دژی هەڵگرانی بیری نەتەوەیی بەکاریان هێناوە بەنیازی لەنێو بردنی بیری نەتەوەیی و هاوبیرانمان، دەمێک بە نێوی برایەتی و دەمێک بەنێوی چینایەتی و دەمێک بەنێوی ئاینەوە. بەڵام چۆن هەرچی تاریکایی جیهان هەیە ئەگەر کۆبێتەوە؛ ناتوانێ ڕۆشنایی مۆمێک بشارێتەوە، ئاواش بیری نەتەوەیی کورد کە لەسەر بنەمای بیری ئازادی و یەکسانی مرۆڤ دامەزراوە، ڕەسەنی و پتەوی و فیداکاریتیی سەد هەزاران شەهید و هەڵگرانی بیر و قەڵەمی دڵسۆز زیندوو ماوەتەوە تا ئەمڕۆ. ڕۆڵەی کوردی بە شەرەف لە هەموو پارچەیەکی کوردستانی بریندارا کەوتوونەتە جمو جۆڵ و بەرەنگاریکردنی پیلانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکان و هەموو بیرێکی بێگانە بە کۆمەڵگەی کورد و دژ بە یەکگرتنی نەتەوەی کوردمان و هەوڵدانی هەموو لایەکی دڵسۆز بۆ ڕزگارکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەم گێژاوەیەی کە دوژمنی داگیرکەر بۆی ڕێکخستوین.

ئێمە نەتەوەیەکین هیچمان کەمتر نییە لەو نەتەوانەی دەور و بەرمان لەبارەی بوونی مەرجەکانی نەتەوەوە، ئیدی بۆچی بگەڕێین بە دوای ئۆتۆنۆمی دا و خۆمان لەو نەتەوانەی دی بەکەمتر بزانین و بکەوینە دووبەرەکێی یەکدی و برایەتی کردنی رژێمە داگیرکەرەکان؟ بۆ کوردستان نەبێتە کوردستانێکی ئازادی وا کە بتوانێ دۆستایەتی و برایەتیی هەمو گەلەکانی دەوروبەری خۆی و جیهان بکات.

بۆ ئەم مەبەستە هیوا دارین هەمو لایەکمان سوود ببینین لە وتاری سیمیناری مامۆستا و برامان کاک جەمال نەبەز. بفەرموون.

زۆر سوپاس

١- سڵاو و کردنەوەی سەمینار

بەشدارانی بەڕێزی سەمینار:

سڵاوێکی برایانەی شیرینتان لێ بێ، و زۆر سوپاستان دەکەم بۆ هەڵگرتنی ئەرکی بەشداریی ئەم سەمینارەی ئەمڕۆ، بەڕاستی ئەوەی زۆرتر پاڵی بە منەوە نا کە لە ماوەی نۆ مانگدا بۆ جاری دووەم لە ئەڵمانیاوە بێمە سوێد و بە خزمەتتان بگەم، ئەو هەستە بەرزە بوو کە ساڵی رابووردوو؛ لە کۆڕە ئاوارەکانی دانیشتووی سوێدم دی، کاتێک کە سەمیناری "بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری "قەومیەت"ی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژاواییە"م پێشکێش کرد. ئامادە بوونی ئەمجارەشتان بە ژمارەیەکی گەلێک پتر لە جاری پێشوو، نیشانەیەکە بۆ ئارەزوو و خواستی گەرانتان بەدوای لێکۆڵینەوە و چارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی کورددا.

بەشدارانی بەڕێزی سەمینار:

ئەو جۆش و خرۆشەی کە لە کۆمەڵانی کوردی دەبینم، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان؛ بۆ پەیداکردن و خوێندنەوەی نووسینەکانی من؛ کە بەداخەوە لەبەر بێهێزیی دەسەڵاتی ماددی، لەبارەی تەکنیک و هونەری چاپەمەنییەوە زۆر پێشکەوتووش نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا لە بازێڕدا نامێنن و ئەم دەست و ئەو دەست دەکەن؛ ئەمە وام لێدەکا کە سەرەڕای هەموو پرکاری و تەگەرە و بەرهەڵستێکی بەردەمم، تاپێمبکرێ لەسەر تێکۆشانی رۆشنبیرانەی بابەتانەی زانستانەی خۆم برۆم کە یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەوە ئەم جۆرە سەمینارانەیە کە لە ئەورووپا، چ بۆ کورد و چ بۆ رۆژهەڵاتی و چ بۆ ئەورووپایی پێکیدەهێنم. هەر لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم سوپاسێکی گەرم پێشکێش بە رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا (سۆکسە SOKSE) بکەم کە ئەم سەمینارەی رێکخست و بەمە دەرفەتی رۆنکردنەوەی مەسەلەیەک لە مەسەلانەی رەخساند کە پێوەندییان بە پاشەڕۆژی کورد و کوردستانەوە هەیە. هەر لەم هەلەشدا

دەمەوێ سوپاسێکی یەکجار گەرمی بنکەی چاپەمەنیی ئازاد بکەم کە بە خەباتێکی بێوچان و لێبڕانێکی زۆر، بەرهەمی ئەم سەمینارانە و گەلێک بەرهەمی دیکەی ڕۆشنبیری دەخاتە بەردەم خوێنەرەوە، هیوام وایە لەم فەرمانە پیرۆزەدا سەرکەوتوو بێ.

بەشدارانی بەڕێزی سەمینار:

سەمیناری ئەمڕۆمان لە "دۆزی ناسیۆنالی کورد" دەدوێ و پێوەندیی بەو پێشنیازانەوە هەیە کە لەلایەن کورد و ناکوردەوە خراون و دەخرێنە بەردەم چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە. جا بەپێی سروشتی باسەکە خۆی، ناچارم لە هەڵوێستی ئەو کۆمەڵ و ڕێبازە سیاسییانە بدوێم کە بەرەنگاری ئەم مەسەلەیە بوون و دەبن و هەوڵی چارەسەرکردنیان داوە و دەیدەن. لەبەر ئەوە وتارەکەم بابەتانە؛ واتە ڕەخنەگرانە دەبێ. ئەوانەی لەم سەمینارەدا دانیشتوون دەبێ بزانن کە مەبەستم لە باسکردنی هەڵوێستی ڕابوردوو، یان ئەمڕۆی هێندێک ڕێبازی سیاسی بەرامبەر دۆزی ناسیۆنالی کورد؛ تەنێ بۆ خزمەتی زانست و گەیشتنە ڕاستییە، نەک پاشقول گرتن لەم و لەو. بەتەواویش دڵنیام لەوەی لە هەرجێیەک دڵڕاگرتنی نابابەتانە و پێدا هەڵدانی ناشایستانە هەبوو، ئەوا زانست لەو جێیە بار دەکات و مەسەلەکەش دەبێتە قوربانی ماستاوکردن و دووڕوویی و هیواشم وایە هەموو لایەکمان لەوە بەدووربین. جارێکی دی سوپاستان دەکەم.

٢- چوونە نێوباس

ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان؛ هەروەها گەلێک لە ڕۆناکبیرانی کورد و تەنانەت ناکوردیش، لەم دە ساڵەی دواییەدا، واتە: لەپاش هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ٢٦ ی مارتی ١٩٧٥ دا، کەوتوونەتە وتووێژ و دەمەتەقێ لە بارەی دیاریکردنی ئەو پەڕی ئامانجی داخوازییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەمڕۆی کوردەوە. ئەم پارت و کۆمەڵە سیاسییانە، هەروەها ئەم ڕۆشنبیرانە، هێشتا لەنێو خۆیاندا لەسەر مەسەلەی باسکراو نەگەیشتوونەتە

یەک بڕیار. هێندێکیان دەبێژن: کورد دەبێ لە داخوازییەکانی شۆڕشی ئەیلوول لانەدات و هەر وەکو جاران داوای "ئۆتۆنۆمی" بکات لە سنووری ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستان بەستراوە پێیانەوە؛ بەڵام ئەو ئۆتۆنۆمییە کە ئەمجارە داوا دەکرێ، دەبێ "ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە" بێ. هێندێکیشیان دەڵێن: بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە "ئۆتۆنۆمی" بەکاری کورد نایەت، لەبەر ئەوە دەبێ کورد یەکسەر بۆ "کوردستانێکی سەربەخۆ" هەوڵ بدات. هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمیش کە بیرەکەیان بۆ یەکەمین جار لەکۆتایی پەنجاکاندا لە "کۆمەڵەی کاژیک" و دوای ئەوەش لە نیوەڕاستی هەفتاکاندا لە چارچێوەی "پارتی سۆسیالیستی کورد" (پاسۆک)دا خۆی رێکخست، هەر وەک جاران؛ داوای مافی بڕیاری چارەنووس دەکەن بۆ نەتەوەی کورد، و دەڵێن ئەو بڕیارە کە لەلایەن نەتەوەی کوردەوە دەدرێ، دەبێ "لە ئازادیدا و بۆ ئازادی" بدرێ. وا ئێمە لێرەدا دەمەتەقێیەک لەگەڵ ئەم بیروڕایانە دەکەین.

٣- سەرنجێکی مێژوویی/کوردستان و بیری سەربەخۆیی

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی ناسیۆنالی سەربەخۆ، وەنەبێ داخوازییەکی تازەی هێندێک لە رۆناکبیرانی ئەم سەردەمەی کورد، یان هێندێک لە رێکخراوە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کورد بێ. بەڵکو ئاواتێکی یەکجار کۆنە. وەک لە وتاری "بیری نەتەوەیی کوردی"دا باسمکرد کە لە ساڵی پێشوودا هەر لێرە لە ستۆکهۆڵم دام (١)، بەڵگەی مێژوویی هەیە بۆ ئەوەی کە بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لە کوردستاندا بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی شانزەیەمدا بوویێ. لەو وتارەدا رۆنم کردەوە کە بوونی ئەم بیرە لەنێو کورددا؛ بووە بەهۆی ئەوەی کە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بکەونە خۆیان و بەپێی پایەی تێگەیشتنی کۆمەلانی خەڵکی ئەو سەردەمە؛ بە دەستاوێژ (وسائل)ی ئایینییەوە بەربەرەکانێی ئەم بیری "جیابوونەوە خوازی"یە بکەن. یەکێک لەم دەستاوێژانە ئەو دۆگما ئایینییە بووە کەمفتی ترک خواجە سەعدەددین (١٥٣٧-١٥٩٩) لە کتێبەکەیدا "تاج التواریخ" دەیگێڕێتەوە و

دەبێژێ "پێغەمبەری ئیسلام دۆعای لە کورد کردووە کە هیچ کاتێک یەکنەگرن، چۆنکە یەکبوونی کورد دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو جیهان (٢) و هەر لەبەر ئەوەشە کە کورد لەوساکەوە و تا ئێستاش نەیانتوانیوە دەوڵەتی مەزن و فەرمانڕەواییی گەورە دابمەزرێنن" (٣). بێجگە لەوەش گوتم بیرکەرەوەی گەورەی کورد ئەحمەدی خانی (١٦٥١/١٦٥. - ١٧.٦) لە سەتەی هەڤدەیەمدا، بەکردەوە، خەڵکی هانداوە بۆ تێکۆشان لەپێناوی سەربەخۆییی کوردستاندا و داوای لە کورد کردووە کە ناکۆکی و دووبەرەکی نێو خۆیی بخەنە ئەولاوە و لەژێر سایەی شایەکی کوردا یەکبگرن و خۆیان لە ژێردەستەیەتیی ترک و عەجەم رزگار بکەن و دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ یان دروست بکەن. سەردارانی کوردی وەک جونبولات پاشا و میرەکانی موکریان و ئەردەلان و بابان و سۆران و بادینان لە سەتەکانی ١٧ و ١٨ و ١٩ دا بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی و قاجار بەرگرییان لە خۆیان کردووە؛ بۆ ئەوەی ولاتەکەیان "نیوە سەربەخۆ" بمێنێتەوە و بەجارێ نەکەوێتە ژێر چنگی عوسمانی و سەفەوی و قاجارەوە. بەدرخان پاشا (١٨.٢-١٨٦٧)ی میری بۆتان لە نیوەی یەکەمی سەتەی رابوردوودا لەشکری گەورەی دروستکردووە و دراوی بەنێوی خۆیەوە لێداوە و بانگی یەکێتیی هەموو کوردستانی داوە. شێخ عوبێدوڵڵای نیری لە ساڵی ١٨٨/١٨٨١. دا لەرێگەی رێکخستنی هێزێکی سوپاییەوە ویستویەتی کوردستان بکات بەیەک. شاعیران و رۆناکبیرانی سەتەی نۆزدە، وەک حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٢) و شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٧-١٩.٩) و کوردی (١٨١٢-١٨٥١؟) و.. هتد. بە هۆنراوەکانیان، کەمو زۆر، خزمەتی بیری سەربەخۆییی کوردستانیان کردووە. لەکۆتاییی سەتەی نۆزدە و سەرەتای سەتەی بیستەمدا هەتا هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم، شۆرشگێرانی کوردی وەک مەلا سەلیمی خێزانی و عەبدولسەلامی بارزانی بیری سەربەخۆییی کوردستانیان لە مێشکدا بووە. کۆمەڵە کوردییەکانی ئەو سەردەمە، وەک "عەزمی قەومی" و "هێڤی" و "تەعالی و تەرەقیی کوردستان" و "تەشکیلاتی ئیجتماعیە" و کۆمەڵەی "میللەتی کورد" و.. هتد لەرێی رێکخستنی سیاسییەوە و بەپشتگیریی

نوێنەرانی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ تێکۆشاون و بۆ ئەمەش هەوڵی دۆزینەوەی هاوکار و هاوپەیمانیان داوە. لەپێشدا لەرێی وتووێژەوە لەگەڵ قەیسەرەکانی رووسیا، ئەوجا پاش شۆرشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧) و شکانی دوڵەتی عوسمانییش لە ١٩١٨ دا، لەگەڵ هێزی سەرکەوتووی سوێندخۆران رێککەوتوون و توانیویانە لە ١٩٢٠ دا مافی کورد لە پەیمانی سێڤردا بەسەر سوێندخۆراندا بسەپێنن؛ ئەو پەیمانەی لە ماددەی ٦٢-٦٤ دا رێی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ خۆشکردووە. دوای بەستنی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣ دا و پاشگەزبوونەوەی سوێندخۆران لە بەڵێنی خۆیان و دابەشکردنی کوردستان بەزۆر بە سەر پێنج دەوڵەتدا، ناسیۆنالیستەکانی کورد بە راپەرینی چەکدارانەی خۆیان؛ ئەوەیان دەربڕیوە کە کوردستانێکی سەربەخۆیان دەوێ و هەر لەو پێناوەدا و لە سنووری سیاسیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا شۆرشی خوێنینیان هەڵگیرساندووە و قوربانییەکی یەکجار زۆریان داوە. ئەو شۆرشانەی لە بیستەکان و سییەکاندا بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعیدی پالۆ و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و شێخ مەحموودی پەرزنجی و قەدەم خێر و سەردار رەشید و سمایل خانی سمکۆ و ئیحسان نووری و سەیید رەزا و قۆچگیری و بارزانییەکان روویان داوە و تەنانەت ئەو بزووتنەوانەی لەماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا سەریان هەڵداوە؛ هەموو بۆ سەربەخۆییی کوردستان بوون. ئەم بیری سەربەخۆییەی کوردستان بڕبڕەی پشتی بیر و ستراتیژیی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد بوو. گەورەترین سەرکردەی کلاسیکی کورد لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا؛ بەهەشتی قازی محەممەد (١٨٩٣-١٩٤٧/٣/٣١) بوو کە بۆ سەربەخۆییی کوردستان تێدەکۆشا. ئەوانەی باوەڕ بەم قسەیە ناکەن، فەرموو با بچن دوا وتاری بەهەشتی قازی محەممەد بخوێننەوە؛ تا تێبگەن کە قازی محەممەد هەر مەهاباد و بۆکان و سنە و کرماشانی بە کوردستان نەدەزانی، بەڵکو سەربەخۆییی و یەکگرتنی هەموو کوردستانی لە خەیاڵدا بوو. کە مەڵبەندی کاری قازی محەممەد لەلایەن سوپای فارسەوە لە ١٩٤٦/١٢/٢٧ دا گیرا، کاربەدەستانی فارس نەخشەیەکیان لە ژوورەکەی دەرهێنا کە قازی هەڵیواسی بوو بە ژوور

سەری خۆیدا، ئەو نەخشەیە نەخشەی هەموو کوردستان بوو. ئەم هەواڵە یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای ئێران کە نێوی نەجەفقولی پسیان بووە و خۆی لە پەلاماردانی مەهاباددا بەشدار بووە، دەیگێڕێتەوە و نەخشەکەش پێشان دەدات (٤). بەڵێ کۆماری کوردستان لای قازی محەممەد و کوردی ئەو سەردەمە "کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی" نەبووە. ئەم دروشمەی کە ئەوەتە بە دەستمەوەیە بە ئاشکرا دەری دەخات کە نێوی رەسمی "کۆماری کوردستان" "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" بووە (٥) نەک "کۆماری مەهاباد". شایانی باسە کە سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد لە هەڵگرتنی ئەم ستراتیژەدا بەتەنێ نەبوو، بەڵکو هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کوردیش، بە ناسیۆنالیست و مارکسیستییەوە؛ تا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم پشتگیریی سەرکردەیەتیی دەستەی کلاسیکی کوردی دەکرد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان. گۆڤاری "نیشتمان" کە زمانی حاڵی "کۆمەڵەی ژ.ک (ژێکاف)" بوو، ئەو کۆمەڵەیەی کە لە ساڵی ١٩٤٢ دا لەلایەن هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیۆنالیستی کوردەوە دامەزرابوو؛ لەبارەی ئامانجی "ژێکاف"ەوە دەبێژێ:(٦)

"کۆمەڵەی ژ.ک بە پێچەوانەی هەمو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمەییکی وەکو دوژمنایەتیی خۆ بە خۆ، دووبەرەکی و خۆ خۆری، پولپەرستی و بێگانە دۆستی کە لە رێگای پێشکەوتن وە سەرکەوتنی کوردا هەیە؛ بەهەمو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتو کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و رێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژیت."

"سەربەخۆیی کوردستان" بەشێک بوو لە پرۆگرامی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق" کە بە "حیزبی شۆڕش" نێوی زۆیبوو، هەروەها بوو بە ئامانجی ئەو "بەرە" (جبهة) یەی کە لەم حیزبەوە هەڵقولی بە نێوی "حیزبی کۆمۆنیستی عێراق" / کۆمەڵی "وحدة النضال" (= یەکێتیی تێکۆشین) یش

کە لە ساڵی ١٩٤٤ دا دامەزرا. ئەویش هەر "سەربەخۆیی کوردستان"ی کردبوو بە ستراتیژی دووری خۆی. گۆڤاری "یەکێتیی تێکۆشین" کە زمانی حاڵی ئەم "لقی کورد" ە بوو؛ لە ژمارە (٣)ی ساڵی (١) دا، واتە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥ دا دەبێژێ: ئەوانەی مسئلەی کورد تأیید بکەن جهودمان لەگەل یان توحید ئەکەین وە ئەمانەی ضدی مسئلەی کورد بن بە چاونکی دوژمنانە تەماشیان ئەکەین - چی لە کورد وە چی لە غیریِ کورد - و ضد یان هەول ئەدەین»... "ایمە هەر ایشیکمان کردبیت وە هەر ایشیک بکەین پیشی هەمو شتێک تەماشای مصلحەتی نیشتمانی کوردستانو مللەتی کوردمان کردوە وە ئەکەین لەژێر روناکی ضروفی واقعی کورد و عالمی، چۆنکە ایمە پیش هەمو شتیک نیشتمان پەروەری کوردین، و حزبی سەربەخۆیی وآزادی نیشتمانی کوردستانین... ایتر بابو بەرزی وولاتی کورد و شاری مللەتی کورد و شاری مللەتی کورد بکەوینە تی کوشین! «لجنەی مرکزی لقی کورد»

بەکورتی؛ هەموو ئەو کۆمەڵە کوردییانەی کە هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کورد دایمەزراندوون، هەر لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەم، وەک حیزبی "سەربەخۆییی کوردستان" و حیزبی "خۆیبوون" و کۆمەڵەی "زەردەشت" و کۆمەڵەی "برایی" و کۆمەڵەی "یەکێتی" و کۆمەڵەی "دارکەر" و کۆمەڵەی "پشتیوانی" و کۆمەڵەی "پێشکەوتن" و کۆمەڵەی "هیوا" و کۆمەڵەی "ژ.ک" و.. هتد، کەموزۆر، بۆ "سەربەخۆییی کوردستان" تێکۆشاون. دیارە، وەک لەمەوبەر گوتمان، بە سەرکردەیەتیی رێبەرانی کلاسیکی کورد. چۆنکە دەستەی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کورد ئەو دەمە نە بەچەندایەتی و نە بە چۆنایەتی ئەوەی لە باردا نە بوو کە بتوانێ سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی کورد بخاتە ژێر دەستی خۆی و ئەمەشم لە سەمیناری "بیری نەتەوەیی کوردی"دا رۆن کردووەتەوە و بەشدارانی بەرێز دەکارن بگەرێنەوە سەری.

٤- کورد و بیری ئۆتۆنۆمی

بیری "ئۆتۆنۆمی"، یان وەک فارسەکان دەبێژن "خودمختاری"، یان وەک عەرەبەکان دەبێژن "الحکم الذاتي"، - ترکەکان جارێ نەگەیشتوونەتە باسی "ئۆتۆنۆمی" (پێکەنینی ئامادەبووان) -ئەم بیرە لە رۆژهەلاتدا، بەلام بە جۆرێکی تایبەتی لە سەتەی رابوردوودا، بووە.

ترکە عوسمانییەکان کاتی خۆی بە دیانەکانی بولگارستان جۆرە مافێکی "بەرێوەبەرێتیی خۆیی" (الادارة الذاتیة) یان دابوو، کە بەمەدیان دەگوت "ویلایەتی مومتازەی رۆم ئیلی شەرقی". هەروەها کە دەستووره بنچینەییەکەی ئێران (قانون مشروطه)یش لە سالی ١٩٠٦ دا دەرچوو، جۆرە مافێکی بەرێوەبەرێتیی خۆیی لەژێر نێوی "قانون ایالت وولایت"دا دەستنیشان کردبوو، کە هیچ کاتێک نەخرایە کار. ئەوەی راستی بێ؛ ئەم "بەرێوەبەرێتیی خۆیی"یە؛ نە لە سنووری دەولەتی عوسمانی، و نە لە سنووری ئیمپراتۆرێتیی قاجاری دا؛ مانا و نێوەرۆکێکی ناسیۆنالی نەبووە. هیچ نێوچەیەک مافی بەرێوەبەرێتیی خۆیی لەسەر بنچینەی "ناسیۆنالیتەیی" پێنەدرابوو. مەسەلەی ئۆتۆنۆمی لە رۆژهەلاتی نێزیکدا بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەی راپەرینی ئیسلامی (مؤتمر النهضة الاسلامیة)دا باسکرا کە لە مەککە بە سەرۆکایەتیی زانای ئیسلام عەبدولرەحمانی کەواکیبی (١٨٤٩ - ١٩٠٣) -کە ئەویش خۆی مەلایەکی کورد بوو- لە سالی ١٨٩٩ دا بەسترا. کۆنگرە داوای لە حکوومەتی عوسمانی کرد کە "جۆشنە سەربەخۆییەکی جۆری لە بەرێوەبەرەیتیدا بدا بە هەموو ئەو گەلانەی لە دەولەتی عوسمانیدا دەژیان، بەمەرجێک کە بگونجێ لەگەلّ رەوشتو خوو وسروشتی ولاتەکەی خۆیان، وەک میرنشینەکانی ئەلمانیا و ویلایەتەکانی ئەمەریکا و کۆلۆنییەکانی بەریتانیا و رووسیا" (٨). لێرەدا بە ئاشکرا دەبینین کە ئەم داخوازییەی "کۆنگرەی راپەرینی ئیسلامی" چاو لێکەرییەکی دۆخ و باری سیاسیی دەولەتانی رۆژاوا بووە. هەروەها لە دەستووری بنچینەیی ئێراندا؛ هەرچەندە باسی "ایالت

وولایەت" هەبوو، بەڵام باسی کورد یان ئازەری یان بلووچ یان فارس یان ترکمان نەهاتبووە پێشەوە. ئەو بەندانەی کە لە "دەستووری بنچینەییی ئێران"دا سەر بە مەسەلەی "ایالت وولایت"ن ئەمانەی خوارەوەن:

"بەندی نەوەت: لە هەموو وڵاتی لە چاوێنی بەدووری (ئێران)دا ئەنجومەنی ئەیالەتی وویلایەتی بەپێی نەریتنامەی تایبەتی دروستدەبێ و دەستوورە بنچینەییەکانی ئەو ئەنجومەنانە بەم پێیەی خوارەوە دەبێ:

بەندی نەوەتو یەک: ئەندامەکانی ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان راستەوخۆ لەلایەن دانیشتووانەوە هەڵ دەبژێررێن، بەپێی نەریتنامەکانی ئەو ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییانە.

بەندی نەوەتو دوو: ئەنجومەنە ئەیالەتی وویلایەتییەکان دەسەلاتی چاودێریی تەواویان هەیە لەو ریفۆرمانەدا کە سەر بە سووتی گشتین، ئەمەش لە سنووری دەستوورە بڕیار لەسەر دراوەکاندا دەبێ.

بەندی نەوەتو سێ: وێنەیەکی هەموو جۆرە مەسرەف و داهاتێکی ئەیالەت و ویلایەتەکان لەلایەن ئەنجومەنە ئەیالەتی وویلایەتییەکانەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە".

وەک دەبینین لەم بەندانەدا باسی گەل و زمان و تایبەتکارە ناسیۆنالەکان نەکراون.

بیری "ئۆتۆنۆمی" لەسەر بنچینەی خۆبەڕێوەبردنی گەلێکی خاوەن زمانێکی تایبەتی و کولتوورێکی تایبەتی و دانیشتووی هەرێمێکی تایبەتی، لە کاروباری نێوخۆیی خۆیدا؛ بۆ یەکەمین جار لە کوردستاندا، و بگرە لە رۆژهەڵاتی نێزیکدا، لەلایەن کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیاوە داهات کە لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم پێیان نایە بەشێک لە کوردستانی عوسمانییەوە و سەبارەت بە هەلومەرجی ناوچەکە و بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیان بیری ئۆتۆنۆمییان هێنایە کایەوە؛ بۆ ئەوەی بەرەنگاریی بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی پێبکەن. چۆنکە هاتنە کایەی دەوڵەتێکی

سەربەخۆی کورد؛ سووتی ئەوانی تێدا نەبوو، بەتایبەتی دەوڵەتێکی کورد بە سەرۆکایەتیی پیاوێکی وەک شێخ مەحموودی بەرزنجی (١٨٨٢-١٩/ ١٩٥٦/١٠) کە تەشی ڕێسی تەخت و تاجی بەریتانیا نەبوو، بە زیانی بەریتانیا و بەرەی کۆلۆنیالیستەکان تەواو دەبوو. هەر لەبەر ئەوە بوو، لەکاتێکدا کە ئینگلیزەکان شێخ مەحموودیان لە ١٩١٨/١٢/١ دا بە "فەرماندار"ی خوارووی کوردستان بەرەسمی دەناسی، کەچی چوون فەیسەڵێکیشیان لە سووریاوە هێنا و لە ١٩٢١/٨/٢٢ دا، واتە هەر لەکاتی مانداتی (انتدابی) خۆیاندا کردیان بە مەلیک بەسەر ئەو وڵاتەوە کە خۆیان پێیان دەگوت "مێزۆپۆتامیا" (٩) و دوایی نێویان نا "عێراق" و لە ١٩٢٢/١٢/٢٤ دا بەزمی ئۆتۆنۆمییان بەبای گوێی کورددا دا. ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا پەیمانی سێڤر لە کایەدا بوو. بەپێی ئەو بەیاننامەیەی کە کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیا و هاوکارە عەرەبەکانیان لە بەغدا بڵاویان کردەوە، بەڵێنیان بە "دەستەی نەتەوەکان" (عصبة الامم) و کورد دا کە:

"حکوومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیای گەورە و حکوومەتی عێراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە سنووری عێراقدا دەژین، کە حکوومەتێکی کوردیی تایبەتیی خۆیان لەو هەرێمانەدا دابمەزرێنن کە کورد زۆربەی زۆری دانیشتووەکانیان پێک دێنن. هەردووکیان هیوایان وایە، کە کەرتە جۆرجۆرەکانی کورد بە زووترین کات لە نێوخۆیاندا لەسەر شێوە و قەوارەی ئەو حکوومەتە ڕێکبکەون کە ئارەزوویانە و نوێنەرێکی ڕەسمیی خۆیان بۆ بەغدا بنێرن، تاکو پێوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆیان لەگەڵ هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراقدا باسبکەن" (١٠).

بێگومان ئەم بەیانە درۆیەکی دڵخۆشکەرە بوو لە کاتی خۆیدا لەلایەن بەریتانیای گەورە و کاربەدەستانی عەرەبی عێراقەوە کە لە گەڵ کورددا کرا. هەر پاش لەکارخستنی پەیمانی سێڤر و ئیمزاکردنی پەیمانی لۆزان لە نێوان سوێندخۆران و ترکیای کەمالی دا (١٩٢٣)، بەریتانیا و عێراق هەموو جۆرە بەڵێن و پەیمانێکیان لە بارەی ئۆتۆنۆمیی خوارووی کوردستانەوە خستە

پشتگویٰ و کە لە شوباتی ١٩٢٩ دا شەش نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عێراقدا داوای "بەڕێوەبەرێتییەکی خۆیی" (الادارة الذاتیة) یان کرد، نوێنەرانی بەریتانیا و بەردەستە عەرەبەکانیان، هەردوولا، خۆیان کەڕ کرد لێی (١١). جا وەک چۆن بەریتانیا، پاش ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤر لە ١٩٢٠ دا و هەتا بەستنی پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣ دا زوڕنای ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد لێدەدا، هەر ئاواش ژۆن ترکەکانی سەرکردەی دەوڵەتی لە جەنگدا شکاوی عوسمانی، هەر دەنگی دەهۆڵی ئۆتۆنۆمییان دەدا بەبای گوێی کورددا، و دەیانگوت کە ئامادەن "ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان" (ویلایەتێکی مومتازە) بە کورد بدەن. ئەنوەر پاشای سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی و سەرۆکی کۆمەڵی "اتحاد و ترقی" بە پەلە "لیژنەیەکی وەزیرانە"ی پێکەوە نابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەری کوردەکان بکەوێتە وتووێژ (١٢)؛ کە دیارە هەڵوێستی ژۆن ترکەکان و کاربەدەستانی ترکیا پاش پەیمانی لۆزان، نەک بەرامبەر مەسەلەی "ئۆتۆنۆمیی کوردستان"، بەڵکو بەرامبەر کورد بە گشتی، شتێکی ئاشکرایە و پێویست بە لێدوان ناکات.

لە پاش رەنگرشتن و بزمار کوتکردنی سنووری ئەو دەوڵەتە دەستکردانەی کە پاش بەستنی پەیمانی لۆزان هاتنە کایەوە و کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو، وەک ترکیای کەمالی و عێراقی فەیسەڵ و ئێرانی پەهلەوی و سووریا، زۆر و کەم؛ لە هێندێک لەم وڵاتانەدا، هەر کاتێک بزووتنەوەی کوردایەتی بەهێز ببوایە و باسی سەربەخۆیی کوردستان بهاتایەتە پێشەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گوشاریان بۆ داگیرکەران بهێنایە، باسی "ئۆتۆنۆمی" دەهاتە کایەوە. ئەمەش هەمووی بە پرس و ڕا و پیلانی بەریتانیا وفەرەنسا بوو کەلە سووریا و لوبنان و ئێران و فەلەستین و میسردا دەستیان زۆر دەڕۆی و بەرژەوەندییان وای پێویست دەکرد کە سنووری ئەم دەوڵەتانە بپارێزن. بۆ وێنە لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ٢٢ /١/١٩٤٦ دا بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد، کاربەدەستانی فارس لە تاران کەوتنە جرتوفرت و رێکخستنی پرۆژەیەکی "خودموختاری"، و ئەوەبوو قوام السلطنە ی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئێران، پاش پرس و ڕا بە بەرەی رۆژاوا و سۆڤێت، کەوتە باسی

"ئۆتۆنۆمی" بۆ کوردستان و ئازەربایجان. هەروەها ئەوەبوو باگیرۆف، سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیاتی، بەو وەفدە کوردەی گوتبوو کە لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٤٥ دا چووبوونە باکۆ بۆ وتوویژ؛ کە دەبێ جاری باسی "سەربەخۆییی کوردستان" نەکەن و بە "جۆرە مافێک" رازی بن لە سنووری کۆماری ئازربایجاندا کە ئەویش "کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی" دەبێ (١٣)، ئەوجا کە رۆژی خۆی هات، سۆڤێت پشتگیریی مەسەلەی سەربەخۆییی هەموو نەتەوەی کورد دەکات (١٤). هەروەها لە خوارووی کوردستاندا و لەپاش پەرەسەندنی شۆرشی بارزان کە لە ١٩٤١ ەوە دەستیپێکرد و تا ١٩٤٥ درێژەی کێشا؛ سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمەی عێراق نووری سەعید، کە بنکدار و باوەڕپێکراوی بەریتانیا بوو لە عێراقدا؛ پرۆژەی "بەڕێوەبەرێتییەکی خۆیی" (ادارة ذاتیة) بۆ "لیوا کوردەکانی عێراق" ئامادە کرد و ئینگلیزەکانیش کەوتنە ئامۆژگاری کردنی کورد کە بەم "بەڕێوەبەرێتییە نێوخۆیی"یە رازی بن و جاری داوای "سەربەخۆییی کوردستان" نەکەن تا شەڕ دەبڕێتەوە، کە رۆژی خۆی هات؛ ئەو کاتە بەریتانیا پشتگیریی کورد دەکات. هەروەها فەرەنسایییەکانیش لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا بەتەمای ئەوە بوون لە هێندێک ناوچەی کوردستانی سووریادا "بەڕێوەبەرێتییەکی خۆیی" دابمەزرێنن، کە ئەوە بوو ئەو "هێلکە زێڕینە" هەر نەکرا. جا لەبەر ئەوەی "ئۆتۆنۆمی"، یان "بەڕێوەبەرێتیی خۆیی" تەنێ وەرامێکی داگیرکەرانی کوردستان بوو بەرامبەر بە داخوازیی "سەربەخۆییی کوردستان" و دەخرایە بەردەم لەکاتی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کوردایەتی و مەترسیی تێکچوونی سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەشکردووە، دیارە هەر کاتێک ئەو مەترسییە نەمایە، یان کەم ببوایە، ئەوا مەسەلەی "ئۆتۆنۆمی" لەبیر دەبرایەوە. بۆ وێنە: لە ئێراندا؛ دارودەستەی موسەددیق (مصدق) و شۆڤێنیستە فارسەکانی هاودەنگی موسەددیق؛ بەربەرەکانێی پرۆژەی قوام السلطنه یان کرد و لە پەرلەماندا دایانە دواوە (١٥). هەروەها وەزیرە عەرەبەکانی وەزارەتی نووری سەعیدیش پرۆژەکەی نووری سەعیدیان لە عێراق دایە دواوە (١٦). پاش برانەوەی جەنگی جیهانیی دووەم و پاش لێدانی بزووتنەوەی کوردایەتی بە رووخاندنی

کۆماری کوردستان و تێکشکاندنی شۆرشی بارزان و پێشێلکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ترکیا بە گێڕانی قەسابخانەی دێرسیم و کوژاندنەوەی شۆرشی کوردە عەلەوییەکان لە ١٩٣٨ / ١٩٣٩ دا لەرێی بەکارهێنانی "گازی ژەهراوییەوە" و تەسلیم کردنی رۆژاوای کوردستان بە عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی سووریا لەلایەن کۆلۆنیالیستە فەرەنسایەکانەوە، ئەوجا باسی "ئۆتۆنۆمی" لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بڕایەوە. بەڵام کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی دووەم کە بوون بە هۆی شەهید بوونی سەرکردەیەکی کلاسیکی گەورەی وەک قازی محەممەد و دەربەدەربوونی سەرکردەیەکی کلاسیکی گەورەی دیکەی وەک مستەفا بارزانی (١٩٠٩؟ -١٩٧٩/٣/١) و نەبوونی سەرکردەیەکی کلاسیکی وا لە مەیداندا کە بتوانێ جێی ئەو دوانە بگرێتەوە، رێی بۆ هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کورد کردەوە؛ کە پتر بێتە سەر شانۆی سیاسەتی کوردایەتی و بە بانگاشەی چوونە ژێر ئاڵای سەرکردەیەتیی بارزانییەوە بکەوێتە چالاکی. جا هەرچەندە بارزانی لە ١٩٤٧ ەوە تا ١٩٥٨ لە سۆڤیێت پەنابەر بوو، و لەم ماوە دوور و درێژەدا هیچ پێوەندییەکی بەم رۆشنبیرانەوە نەمابوو، بەڵام ئەمانە توانیان سووت لە نێو پایەی کۆمەڵایەتیی بارزانی وەربگرن و بەنێوی وییەوە لەنێو خەڵکدا بکەونە کار کە گوایە بارزانی سەرکردەی "پارتی دیمۆکراتی کورد"ە، ئەو حیزبەی کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا لەلایەن هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کوردەوە دروستکرا. شایانی باسە کە کشانی لەشکری سۆڤیێت بەسەر بەشێک لە کوردستاندا لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە رەزامەندی، یان بە بێ دەنگیی سۆڤیێتەکان، شان بە شانی ئەو تاقیکردنەوە تفت و تاڵانەی کە کورد لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا و بەرەی رۆژاوادا هەیبوو؛ هەر لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا کۆتاییی دووەم؛ قورسایی و رێزێکی بۆ سۆڤیێت لە نێو کورددا دروستکردبوو. لەهەمان کاتدا نا هومێدییەکی زۆری لە دڵ و دەروونی کورددا بەرامبەر بە بەرەی رۆژاوا و بەتایبەتی بەریتانیا پەیدا کردبوو. هەروەها پێوەندیی رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی لە عێراق و ئێراندا، بە رۆشنبیرانی چەپ و مارکسیستی

عەرەب و فارسەوە؛ کۆمۆنیزمی بە رۆشنبیرانی کورد وەک "رەچەتەی رزگاری" ناساندبوو. هەموو ئەم هۆیانە و گەلێک هۆی دی کە لە کارەکانی دیکەمدا بە دوور و درێژی باسمکردوون، بوون بە هۆی ئەوەی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری کورد بیری مارکسێتی بکاتە ئیدۆلۆژیی خۆی، کە ئەوەتا تا ئەمڕۆش هەر وایە. جا لەبەر ئەوەی مارکسیستە عەرەب و فارس و ترکەکان؛ دژی بیری جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بوون، ئەوا یەکێک لە مەرجە پێویستەکانی نێزیک بوونەوەی هوردە بۆرژوای مارکسیستی بێهێزی بێجەماوەری کورد لە مارکسیستە عەرەب و ترک و فارسەکان ئەوەبوو، باسی سەربەخۆیی کوردستان بە هیچ جۆرێک نەکرێ، بەڵکو باسی مافی "هاونیشتمانێتی" و ئەو پەڕەکەی "ئۆتۆنۆمی" بکرێ. بێجگە لەوەش باسی "ئۆتۆنۆمی" لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە کوردستانیان بەشکردووە؛ گیروگرفتی وا یەکجار گەورەی نەدەهێنانە بەردەم، وەک بیری سەربەخۆیی کوردستان دەیهێنایە پێشەوە. چۆنکە ئەو دەوڵەتانە؛ سەربەخۆیی کوردستانیان بە "ناپاکیی مەزن" (الخيانة العظمى) دەدایە قەڵەم، و بەپێی قانوون بە توندی سزایان دەدا. لە هەموو ئەمانەش بترازێ؛ هوردە بۆرژوای کورد -بە پێچەوانەی سەرکردەیەتیی کلاسیکەوە، کە جەماوەری رەشو رووتی کورد پشتگیری دەکرد؛ خۆی هیچ جەماوەرێکی لە کوردستاندا لە پشتەوە نەبوو. بێجگە لەوەش کە جەنگی جیهانیی دووەم برایەوە -وەک لەمەوبەر گوتم- سەرکردەیەکی کلاسیکی دەسەڵاتداری خاوەن جەماوەری وەک قازی محەمەد یان بارزانی چنگ نەدەکەوت کە هوردە بۆرژوای رۆشنبیر خۆی بخاتە پاڵی. لەبەر ئەوە هوردە بۆرژوای کورد ناچار بوو ستراتیژی خۆی بگۆڕێ و لە "سەربەخۆیی کوردستان"ەوە بیکاتە "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان".

بە کورتی؛ پاش تەواو بوونی جەنگی جیهانیی دووەم؛ درۆشمی "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" لە درۆشمێکی رەشە خەڵەتێنی کاتیی داگیرکەرانی کوردستانەوە، بوو بە درۆشمێکی هەمیشەیی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری مارکسیستی کورد. ئەوجا درۆشمی هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد و درۆشمی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەشکردووە؛ بە تەواوی وەک

دروشمە فریودەرە کاتییەکەی کۆلۆنیالیستە ئەورووپاییەکان و دروشمی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی لێهات؛ واتە بوو بە دروشمی "پاراستنی یەکێتیی نیشتمانی"ی ئەو وڵاتانەی کوردستان نووسێنراوە پێیانەوە، کە ئەنجامی ئەمەش بەربەرەکانێی "جیابوونەوە خوازی" بوو. بەکورتی دروشمی هوردە بۆرژوای کورد بوو بە "پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق و ئێران و ترکیا و سووریا و ... هتد". هێندێ جاریش هوردە بۆرژوای کورد گەلێک پەرگیرتر و خستتر لە کۆمۆنیستە عەرەب و ترک و فارسەکان و گەلێک توندتر و شێتانە تر لە داگیرکەرانی کوردستان دژی ئەو کوردانە دەوەستایەوە کە باسی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، و بەنێوی بەربەرەکانێی "جیابوونەوە خوازی"یەوە دوژمنایەتی دەکردن و دەکەوتە خراپەکاری لەگەڵیان و تەنانەت جاسووسیکردن بە سەریانەوە؛ و ئەم دژایەتیکردنی "جیابوونەوە خوازی"یەش لە پرۆگرامی حیزبەکەیاندا دەیاننووسی و لە رۆژنامەکانیاندا بە ئاشکرا بڵاویان دەکردەوە و بە بۆنە و بێ بۆنە، باسیان دەکرد کە "جیابوونەوە خواز" نین و "یەکێتی"ی ئەو دەوڵەتانەیان دەوێ کە کوردستانیان بەشکردووە. بۆ وێنە لە مانگی ئابی ١٩٥٨دا مێشیل عەفلەقی سکرتێری گشتیی پارتی بەعس و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە تەلەفزیۆنی بەغدادا بەیەکگەیشتن، ئیبراهیم ئەحمەد بە زمانی عەرەبی گوتی:

"ئەو هاوبەشییەی رۆڵەکانی کورد و عەرەب هەڵیانبژاردووە، باوو باپیرانیشمان هەر هەڵیان بژاردووە، کاتێک لە چاخە جۆر جۆرەکانی مێژوودا پێکەوە وەستاون و بەرگرییان لەم وڵاتە (عێراق) کردووە... برا کوردەکانتان شانازی بە راپەڕینی ناسیۆنالیستانەی عەرەبەوە دەکەن لە خەباتە رزگاریخوازانەکەیدا و دڵنیاشن هەر هەنگاوێک کە عەرەب بینێ بەرەو یەکگرتن، یان یەکێتیی عەرەبی و گەشە پێدانی هێزی عەرەب، دەبێتە خێر و بێر و دەڕژێ بەسەر کورددا". (تەماشای رۆژنامەی "الجمهورية" ی بەغدا بکە، سالی یەکەم، ژمارە (١٣)، هەینی ١١ی ئابی ١٩٥٨.

پرۆگرامی پارتی کە لە کۆنگرەی چارەمی حیزبدا کە لە ٦ی تشرینی یەکەمی

١٩٥٩ دا لە بەغداد بەسترا، لە مادده (٦)ی بەندی (أ)ی دا دەبێژێ:

"أ- بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی پرایانە و دۆستانە لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد و هەموو کەمایەتییە ناسیۆنالەکانی وەک ئاسووری و ترکمان و ئەوانی دیدا تێدەکۆشین، هەروەها بۆ بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانی تێدەکۆشین و کار بۆ فراوانکردنی مافە ناسیۆنالەکانی گەلی کورد دەکەین لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی لە چارچێوەی یەکێتیی عێراقی و جێگیرکردنیدا لە دەستووری هەمیشەیی و بەربەرەکانیی بیروڕای شۆڤێنیانە و کۆسمۆپۆلیتییانە و جیابوونەوە خوازانە (دەکەین)".

هەروەها لایەنگرانی جەلال تاڵەبانی، پاش جیابوونەوەیان لە سەرکردەیەتیی بارزانی لە ١٩٦٤ دا و لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە "کۆنگرەی شەشەمی پارتی" نێونرا و لە کۆتاییی مارتی ١٩٦٥ دا سازکرا، پرۆگرام و پێڕۆیەکی نێوخۆییان دەرکرد، لە برگەی دووەمی بەندی چوارەمیدا دەبێژێ:

"٢- بەهێزکردنی خەباتی عەرەبی-کوردی لەسەر بنچینەی پێوەلکانی هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان و کوردییەکان لە چارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا، لەگەڵ بەربەرەکانیی جیابوونەوە خوازانە و پێوە نووسێنەرانە".

شایانی باسە کە لەو پرۆگرامەی پارتیدا کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ١٩٦٤ دا بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها لەو پرۆگرامەدا کە لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب لە ١٩٧٠ دا بڕیاری لەسەر دراوە، باسی "یەکێتیی نیشتمانیی عێراق"ی تێدایە، بەڵام وشەی "بەربەرەکانیی جیابوونەوە خوازی" تێدا نابینرێ. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چینی هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد بە سەرۆکایەتیی تاڵەبانی پاش ئەوەی لە ١٩٦٤ بەو لاوە لە نێو پارتیدا دەسەڵاتیان کەمبووەوە، پارتی کەوتبووە ژێر رکێفی بارزانی و لایەنگرەکانییەوە. دیسانەوە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد؛ ستراتیژی خۆی واتە "سەربەخۆییی کوردستان"ی هەر بەسەر زاری گۆڕیبوو، نەک لە کانی دڵەوە، ئەگەرچی بە ناچاری، لە دەمەدەمی

کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەمەوە و، لەبەر خاتری پێکەوە کارکردن لەگەڵ هوردە بۆرژوای رۆشنبیری مارکسیستی کورد و رەچاو گرتنی هەلومەرجی جیهانیدا، بە ئاشکرا باسی سەربەخۆییی کوردستانی نەدەکرد.

جا هەرچەندە دەستەی هوردە بۆرژوای کورد، بەوپەڕی تیژی و زۆر بە گەرمییەوە؛ دژی "جیابوونەوە خوازی" دەوەستا، بەڵام هێشتا هەر لە تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی"، چ لەلایەن چەپییەکانی عەرەب و ترک و فارسەوە، و چ لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە؛ رزگاری نەدەبوو. ئەم "تۆمەتە"، بەتایبەتی لە دەورانی قاسمدا، زوو زوو دەخرایە پاڵ هوردە بۆرژوای کوردی سەر بە "پارتی دیمۆکراتی کوردستان" و "گوناهبار" دەکرا بەوەی گوایە دەیەوێ "دەوڵەتێک بە یارمەتیی ئەمریکا دابمەزرێنێ". رۆژنامەی "اتحاد الشعب" زمانی حاڵی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ١١ی مایسی ١٩٥٩ دا دەینووسی: "دەزگەکانی پەیمانی بەغدا بە سەرۆکایەتیی ئیمپریالیستە ئەمریکاییەکان کەوتوونەتە چالاکی بۆ ئامادەکردنی کەینوبەین و دەستدرێژکردنە سەرکۆمارە ساوا پاڵەوانەکەمان و جارێکی دی پەنایان بردووەتە بەر قاو داخستن و نۆکەر کڕین و چەک و پارە دابەشکردن و دامەزراندنی بنکە بۆ کۆبوونەوەی دار و دەستەی بە کرێگیراوو دەرەبەگە کوردەکان و ... هتد لە ژێر دروشمی گوایە "حکوومەتی کوردی" دا و "ئامادەییی ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی گەلی کورد بۆ وە دەستهێنانی سەربەخۆیی" و گوایە ئەو "مەترسییەی کە کۆماری عێراق بۆ پاشە رۆژی نەتەوەی کورد دروستیدەکات". لەپاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولەوە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دا هەتا هەرەسهێنانی شۆڕش لە ٢٦ ی مارتی ١٩٧٥ دا دروشمی هوردە بۆرژوای کورد بەرەبەرەکانێی بیری سەربەخۆییی کوردستان بوو.

لە ساڵی ١٩٦٣ دا و کاتێک جەلال تاڵەبانی چوو بۆ میسر بۆ هاوبەشیکردن لە کۆنگرەی "یەکێتیی عەرەبی" دا کە لە نوێنەرانی عێراق و میسر و سووریا پێکهاتبوو، و لە قاهیرە بەسترا. مام جەلال لە بیرخەرەوەیەکدا کە لە ١٩٦٣/٤/٨ دا دابووی بە کۆنگرەکە، لە پاڵ باسکردنی مەسەلەی کورددا،

گوتبووی ئەو مافەی دەدرێ بە کورد دەبێ جۆرێک بێ کە رێی "مەترسیی جیابوونەوەی کورد" بگرێ (١٧). بەلاّم لەگەلْ ئەمەشدا مام جەلال لە تۆمەتی جیابوونەوە خوازی رزگاری نەبوو بوو. سەرنووسەری رۆژنامەی "الاهرام" محەممەد حەسەنەین هەیکەل (محمد حسنين هيكل) لە ژمارەی رۆژی ٢٨/٦/١٩٦٣ی ئەم رۆژنامەیەدا نووسیبووی":

"... هێندەی کارەکە پێوەندیی بە هەلْوێستی کۆماری یەکگرتووی عەرەبەوە هەیە بەرامبەر مەسەلەکە (مەسەلەی کورد)، ئەوا جەمال عەبدولناسر رەئیی خۆی بۆ جەلال تالەبانی ئاشکرا کرد و گوتی: "حەز دەکەم بەر لە هەموو شتێک پێتبێژم، کەوا ئەز دژی هەموو جۆرە کردارێکی جیابوونەوە خوازانەم لە هەر نیشتمانێکی عەرەبدا بێ، و کۆماری یەکگرتووی عەرەب بەربەرەکانێی هەموو جۆرە رێبازێکی لەم بابەتە دەکات، ئەوجا هەلْ و مەرج هەرچی چۆنێک دەبێت با ببێت".

پرۆگرامی دەستەی لایەنگرانی تالەبانیی سالْی ١٩٦٧ مان باسکرد کە ئاشکرا دژی "جیابوونەوە خوازی" دەدوێ. ئەوجا دەبێ بزانین کە بەربەرەکانێی مەسەلەی "جیابوونەوە خوازی" لەلایەن ئەم دەستەیەوە لەپاش هاتنەوە سەر کاری بەعسییەکان لە ١٩٦٨ دا و پێکەوە کارکردنی هەردوو لایان لە دژی شۆرشی ئەیلوول بە سەرکردەیەتیی بارزانی، گەیشتە هەندازەیەک تامی تێدا نەما. پاش ئەوەی رژێمی بەعس ئیجازەی رۆژنامەیەکی بە زمانی عەرەبی بە نێوی "النور"ەوە بەم دەستەیە دا، رۆژنامەکە بوو بە زمانی حالْی رژێمی بەعس و دەستاوێژێک بۆ پەلاماردانی "جیابوونەوە خوازی". جا ئەمە وەنەبێ هەر رەوشی رۆژنامەی "النور" بووبێ. بەلْکو دەزگەی راگەیاندنی لایەنگیرانی تالەبانی کە هەتا بەستنی پەیمانی مارتی ١٩٧٠ لە نێوان بارزانی و بەعسدا، هەر بە نێوی "پارتی دیموکراتی کوردستان"ەوە چالاکییان دەنواند، بەگشتی بەم جۆرە بوو. بۆ وێنە: گۆڤاری "رزگاری" کە ئەویش زمانی حالْی ئەم دەستەیە بوو، و لەلایەن نەوشیروان مستەفا وشازاد سائیبەوە لە سلێمانی لە سالْی ١٩٦٩ دا دەرچوو، لە ژمارە (٢)ی دا کە لە رۆژی ٢٧/٤/١٩٦٩ دا

دەرچووە، لە ژێر سەر نێوی "بۆچی دژی جیابوونەوەین" دەنووسێ: (تەماشای فۆتۆکۆپی ئەو نووسینە بکە) لە لاپەرە ١٠٢ ی ئەم سەمینارەدا.

ئەمە وا، و پاش تێکشکانی شۆرش، لە گەلێک رووەوە هەلو مەرجێکی تازە لە رۆژهەلاتی نێوەراستدا هاتە پێشەوە و پێبەپێی ئەوە هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد کەوتە حالێکی واوە کە ئێدی نەیتوانی لەسەر بەزمی کۆنی بروا بەرێوە. لەبەر ئەوە هەرەسەکە، لە چاو هوردە بۆرژوای کورددا، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەرچوو:

(١) پاش ئەوەی هوردە بۆرژوای کورد سی سالی رەبەق (١٩٤٦-١٩٧٦) پروپاگەندەی بۆ "حیزبی تاقانە" و "تاکە نوێنەر" و "تاکە پێشرەو" دەکرد، و کاتی خۆی جەنگێکی چلێپایی (صلیبی) لە دژی کاژێک هەلگیرساندبوو، چونکە کاژێک تاکە حیزبێک بوو لە کوردستاندا بێجگە لە "پارتی"، ئەمجا پاش هەرەسەکە بۆیدەرکەوت کە بوون و مانەوەی تاقە یەک رێکخراوی سیاسی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، کارێکی نەشیاوە. بەتایبەتی، چونکە هوردە بۆرژوا دەیویست خۆی لەسەرکردەیەتیی کلاسیک جیا بکاتەوە و خۆی سەربەخۆ بکات، لەبەر ئەوە ناچار بوو بە نابەدلی دان بەوەدا بنێ کە "پلورالیزم" مافێکی خەلکی کوردستانە. ئەم رێبازەش لە نووسینەکانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" و "سەرکردەیەتیی کاتیی پارتی دێموکراتی کوردستان" (سەردەمی کاک سامی) (١٨) و نووسینەکانی "لیژنەی ئامادەکردنی پارتی دێموکراتی کوردستان" (١٩) و نووسینەکانی حسیک و حسک (٢٠) و ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٢١) و زۆربەی هەرە زۆری رێکخراوە کوردییەکاندا بەدی دەکرێ. ئەم رێبازە تازەیە، واتە بوونی پلورالیزم لە ریزەکانی هوردە بۆرژوای کورددا "رەوایەتی"یەکی پەیدا کرد بۆ ئەوەی چەند رێکخراوێک دروست بێن پاش هەرەسەکە. بەلام هەر زوو دەرکەوت کە ئەم "پلورالیزم"ە لە باوەرەوە نەهاتبوو، چونکە هەر زوو ئەم رێکخراوانە لە سەر سەرکردەیەتی و رێبەریتی و تاکە پێشرەویتی کەوتنە گیانی یەک و ئەمەش هەتا ئەمرۆ هەر وایە: لەنێو ئەو کۆمەلانەدا "ی.ن.ک"

لە هەمـــوو لایەکـــیـــان پتـــر روو بەرەو بیـــری تۆتالیـــتـــێـرانەی ئەڤانگاردیستانەیە(٢٢).

(٢) بەرەی هوردە بۆرژوای کـورد تێکڕا، لـە "بیـری نەتەوەیی کـوردی"یەوە گەلێک درۆشم و سەرەتا و شێوازی کار و بنەمای ئیدیۆلۆژییانەی وەرگرت کە لە وتاری "ڕەنگدانەوەی بیری کاژیک لـە ئەدەبیاتی هوردە بۆرژوازیی کورددا" (٢٣) بە دووروودرێژی باسمکردوون. بەڵام لێرەدا هەر پەنجە رادەکێشم بۆیان:

(أ)- مـەسـەلـەی "مـافی بڕیاری چارەنووس" بۆ کـورد، لای هێندێک لە ڕێکخـراوە هوردە بۆرژواکـانەوە، پاش هەرەسـەکـە هاتە پێشـەوە، بەڵام وەک دەردەکـەوێ لای هێندێکیـان؛ یان تاوی مـژدەیە، یان بۆ تەفـرە دانە. بۆ وێنە "یەکێتیی نیشتـمانیی کوردستان" لە سەردەمێکی تایبـەتیدا باسی "مـافی بڕیاری چارەنووسی کـورد" ی دەکـرد، (تەمـاشـای بەیانی ی.ن.ک بکـە هی رۆژی ١٨/١/١٩٨٣ بە زمانی عەرەبی و لە ژێر نێوی "بیان الاتحاد الوطني الكردستاني حول اوسع حملة تقوم بها قوات الفاشية في كردستان" کە لە دێڕی دوایدا دەبێژێ: "فـاننا ندعـو مـرة اخـرى الى ضـرورة تجـاوز كل الخـلافـات والتناقـضـات الثانوية و توحيد كل الجهود الوطنيـة للنضـال المشـترك لاسـقـاط السلطة الفـاشـيـة لتـحـقـيق حكم الائتـلاف الوطني الديمقـراطي الذي يضـمن الاسـتقـلال والديمقراطيـة للعراق وحق الشعب الكردي في تقرير مصيره بنفسـه". کەچی کـە سەرکـردەکانی لەگەڵ کاربەدەسـتـانی رژێمی بەغدا کـەوتنەوە وتووێژ، ئەو رژێمـەی کـە خـۆیان بە فـاشـسـتـیـان دادەنا و دەیانویست بیـرۆخـێنن؛ وتووێژەکـەیان بەوە پاسـاو دا کـە لەبەر خـاتری "سوپای عێراق" و "یەکـێتـیی نیشتـمانیی عێراق؛ واتە پاراستنی "سنووری عێراق" کردووە. ئەوجا "بڕیاری چارەنووسی نەتەوەی کورد" -واتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان- لە کوێ و "خاتری سوپای عێراق" و "یەکێتیی نیشتـمانیی عێراق" و پاراستنی سنوورە دەستکردەکانی لە کوێ؟ هەروەها راستـیی ئەم تەفـرەدانە لە خوێندنەوەی ئەو پیـلانەدا دەردەکـەوێ کـە "ی.ن.ک" لە سـاڵی ١٩٨٤ دا لە بارەی "ئۆتـۆنۆمی کـوردستـان"ەوە دابووی بە رژێمی بەعس، و تـەنانەت باسی کـەرکـووکی تێدا

نەکردبوو (٢٤) شایانی باس لێرەدا ئەوەیە هەرچەندە هوردە بۆرژوای کورد پاش هەرەسەکە، دروشمی "بڕیاری چارەنووس" ی لە "نەتەوەییەکانەوە" وەرگرت، بەلاّم نەتەوەییەکان هەر باسی بڕیاری چارەنووس بە رووتی ناکەن، بەڵکو دەڵێن دەبێ ئەو بڕیارە "لە ئازادی دا و بۆ ئازادی" بدرێ کە لە شوێنی خۆیدا باسیدەکەم.

(ب)- هێندێک دەستەی هوردە بۆرژوای کورد، پاش هەرەسەکە، دانی بەوەدا نا کە کوردستان کۆلۆنییەکە و لەلایەن داگیرکەرانی ترک و عەرەب و فارسەوە دادەدۆشرێ. تەنانەت "کۆمەڵەی مارکسیی لینینی" دانی بەوەشدا نا کە چینی کرێکاری کوردستان هیچ جۆرە "بەرژەوەندییەکی نێو کۆیی" لەگەڵ چینی کرێکاری ترک و عەرەب و فارسدا نییە (٢٥) کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بیری کاژیکە و چارەکە چەرخێک لەمەوبەر گوتراوە.

(جـ)- هوردە بۆرژوای کورد تێکڕا دانیان بەوەدا نا کە دەبێ بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی پشت بە جەماوەری کورد و دەسەلاّتی گەلەکەی خۆیان ببەستن (٢٦)، نەک بە بێگانە. کە ئەمە یەکێک بوو لە بنچینە بیرییەکانی کاژیک و لە کاژیکنامەدا باسکراوە (٢٧).

(د)- دان بەوەدا نرا کە داگیرکەرانی کوردستان هەموو بەرامبەر مەسەلەی کورد یەک هەڵوێستیان هەیە، با لە نێو خۆشیاندا ناکۆک بن. ئەمەش بەندێکە لە بەندەکانی کاژیکنامە (٢٨).

(هـ)- هەڵبژاردنی شێوەی کارکردنی نهێنی لە جیاتی کارکردنی ئاشکرا(٢٩). کە ئەمەش شێوەی بنەڕەتی کارکردنی کاژیک و بیری نەتەوەییە(٣٠). بەلاّم دەبێ ئەوە بزانین؛ هەرچەندە بۆرژوای کورد دوای هەرەسەکە بە ناچاری رووی لەم جۆرە شێوازە نهێنییە کرد، بەلاّم ئەوەی راستی بێ، هەر کاتێک ماوەی درابێتێ بە ئاشکرا کاریکا کردوویەتی. هەرچی بیری نەتەوەییی کوردییە، پێی وایە هیچ کاتێک بە ئیجازەی داگیرکەرانی کوردستان کار بۆ مەسەلەی کورد و کوردستان ناکرێ.

(و)- مارکسیستە هوردە بۆرژواکان پاش ئەوەی چل ساڵی رەبەق پێڕەویی هیپۆتیزی ستالینیان کرد لەبارەی "نەتەوە"وە، ئەمجا هاتنە سەر ئەوەی وەکو کاژێک و بە پێچەوانەی هیپۆتیزی ستالینەوە - "ئابووریی نێوکۆیی" بە مەرجێک دانەنێن لە مەرجەکانی نەتەوە- بۆ وێنە، ئەو راپۆرتە سیاسییەی کە کاک سامی کاتی خۆی بۆ کۆنفرانسی بەڕێوەبەرێتیی کاتی (قیادەی موقت) لە ساڵی ١٩٧٦ دا ئامادەی کرد بوو و کۆنفرانس بڕیاری لەسەر دابوو بە دانانی بە پرۆگرامی پارتی / بەڕێوەبەرێتیی کاتی، لە.ل .٨ دا دەبێژێ:

"فالارض المشتركة واللغة الواحدة والتأريخ المشترك والنفسية المشتركة التي تظهر في الادب والتراث التي هي من شروط الامة الواحدة كلها واضحة بينة في الامة الكردية".

بە کوردی: "سەرزەوینی نێوکۆ ویەکێتیی زمان ومێژووی نێوکۆ وهەستی دەروونیی نێوکۆ کە لە وێژە و کەلە پۆردا دەردەکەوێ و لە مەرجەکانی نەتەوەیەکن، هەموو ئاشکرا ودیارن لە نەتەوەی کورددا".

وەک دەبینین باسی "ئابووریی نێوکۆیی" خراوەتە پشتگوێ، ئەگەرچی پرۆگرامی بەڕێوەبەرێتیی کاتی پارتی "وەک حیزبێکی مارکسی لینینی" تاریف دەکات.

هەروەها راپۆرتی کۆمیتەی نێوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی چارەم دەبێژێ:

"در نتیجه کرد تمام شرایط لازم یک ملت را داراست.. زیرا که سه علت مهم و بنیادی وجود یک ملت که عبارتند از زبان مشترک، سرزمین مشترک، خصلت وشیوهء زندگی مشترک که کاملا در مورد کرد صدق میکند، والبته زندگی مشترک اقتصادی هم اغلب به یک شرط مهم برای یک ملت بحساب نمی اید".

بە کوردی: "لە ئەنجامدا کورد هەموو مەرجە پێویستەکانی نەتەوەیەکی هەیە

چۆنکە سێ هۆی گرنگ وبنچینەییی بوونی نەتەوەیەک کە، بریتین لە زمانی نێوکۆیی وخو ورەشت وهەڵسوکەوتی وەک یەک لە ژیاندا، هەموو بە سەر کورد دا دەچەسپێ. دیارە ژیانی ئابووریی نێوکۆیی بەزۆری بە مەرجێکی گرنگ بۆ بوونی نەتەوەیەک نایەتە ژمارە"

(٣)- دروشمی "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" و "دیمۆکراسی" بۆ ئەو وڵاتەی پارچە کوردستانەکە نووسێنراوە پێوەی، وەک عێراق، یان ئێران، یان... هتد، کە شۆرشی ئەیلوول هەڵیگرتبوو، هەروەک خۆی مایەوە. بەڵام ئەم جارەبە شێوەی "ئۆتۆنۆمیی راستەقینە"، ئەگەرچی سنوور و تایبەتکارەکانی "ئۆتۆنۆمیی راستەقینە" هەتا ئێستە دیارینەکراون.

٥- ئەو بەڵگانەی کە لە دژی سەربەخۆبوونی کوردستانن

أ- کورد تا ئێستە دەوڵەتی نەبووە، لەمەو دواش نابێ بیبێ

یەکێک لەو بەڵگانەی کە لە دژی سەربەخۆییی کوردستان دەخرێتە پێش چاو ئەوەیە کە گوایە کورد لە کۆندا هیچ کاتێک دەوڵەتێکی نەبووە، جا لەبەر ئەوەی لە رابوردوودا و تا ئێستەش هەروا بووە، دەبێ لەمەولاش هەر وابێ. ئەم بەڵگەیە بە تایبەتی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان و ئەو هێزانەوە دەهێنرێتە پێش کە پشتی ئەم داگیرکەرانە دەگرن. بۆ وێنە لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە ساڵی ١٩٦٥دا لە قاهیرە بە سەرۆکایەتیی ناسر کرا؛ بۆ ئاڵوگۆر کردنی بیری ناسیۆنالیستە عەرەبەکان. سەرۆکی وەفدی عێراق دکتۆر عەبدولعەزیز دووری مامۆستای مێژوو لە زانستگەی بەغدا گوتی:

"تا ئێستە لە مێژوودا هیچ میرنشینێک یان دەوڵەتێکی کوردی پەیدا نەبووە و نێوی کوردستانیش نێونکە لەم دواییەدا پەیدا بوو... هتد" (٣١).

بۆ دەمەتەقێ لەگەڵ ئەم بەڵگەیەدا جارێ دەبێ بزانین کە "دەوڵەت" لە رۆژانی کۆندا؛ مانا و واتە (مفهوم)ی ئەمڕۆی بە هیچ جۆرێک نەبووە. دەوڵەتی کۆن، بە تایبەتی لە رۆژهەلاتدا، بریتی بووە لە فەرمانڕەواییی تاکە کەسێک، یان تاکە خێزانێک بەسەر نێوچەیەکدا، یان بریتی بووە لە فەرمانڕەوایی و

سەرکردەییی تیرەیەک بەسەر چەند تیرەیەکی دیدا. ئەوجا پەیدا بوونی ئەم دەزگەی فەرمانڕەواییە؛ بەهۆی سەرکردەیەتیی خێزانێکی خانەدانەوە بووبێ، یان بە هۆی سەرکردەیەتیی بەرەبابێکی ئاینییەوە بووبێ، یان بەهۆی سەرکەوتنێکەوە بووبێ لە مەیدانی شەڕدا، ئەوا ئەو دەوڵەتەی لە ئەنجامدا دامەزراوە، بەزۆری بەناوی ئەو خێزانەوە، یان ئەو تیرەیەوە، یان ئەو بەرەبابەوە نێونراوە کە فەرمانڕەوایی کردووە. بۆ وێنە: دەوڵەتی ئەمەوی (٦٦١/٦٦٢-٧٥٠) و عەبباسی (٧٥٠-١٢٥٨) بەناوی بنەماڵەی ئەمەوییەکان و عەبباسییەکانەوە بووە؛ نەک بەناوی گەلی عەرەبەوە. هەروەها دەوڵەتی عوسمانی (١٢٩٩-١٩٢٤) و سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) و قاجاری (١٧٩٤-١٩٢٥)یش بەناوی بنەماڵەی عوسمان و سەفی ددین و قاجارەوە بوون نەک بەناوی ترک و فارس و ترکمانەوە. جا ئەگەر ئەمانەی نێومان بردن دەوڵەتی کۆن بووبن لە رۆژهەڵاتدا، ئەوا کورد دەوڵەتی لەم بابەتەی گەلێک هەبووە: وەک دەوڵەتی حەسنەوییە کە لە دەوروبەری ٩٥٩ دا دروستبووە، و دەوڵەتی دۆستەکی (٩٩٠-١٠٩٦) کە ئەمەی دواییان پێوەندیی سیاسی و سوپایی بە دەوڵەتی بیزانتینەوە بووە. هەروەها لەم چەند سەتەیەی دواییشدا، کورد دەوڵەتی وەک سۆرانی بووە کە بە شایەتیی ئەو ئەورووپاییانەی بەوێدا تێپەڕیون وەک دوکتۆر رووس ی ئینگلیز، جۆری بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتی سۆران لە هی دەوڵەتی عوسمانی گەلێک رێکو پێکتر بووە (٣٢). هەروەها کورد دەوڵەتی وەک دەوڵەتی بۆتانی بووە کە لەشکری رێکو پێک و تۆپی گەورە و تفاقی جەنگی باشی بووە- و پێوەندیی بە ئەورووپاوە هەبووە، و بۆ یەکگرتنی هەموو کوردستان تێکۆشاوە. شایانی باسە کە هەتا ساڵی ١٥١٥ لە کوردستاندا گەلێک دەوڵەت هەبوون لە شێوەی میرنشیندا، کە بە سەربەخۆیی تەواوەوە فەرمانڕەواییان کردووە و مێژووی ئەم دەوڵەتانە لە "شەرەفنامە"دا بە دوور و درێژی باسکراوە. ئێمە کە باسی ئەو دەوڵەتە کوردییانە دەکەین چاو لەوە دەپۆشین کە بنەماڵەی ئەییوبییەکان بە سەرکردەیەتیی سەلاحەددین، کە بنەماڵەیەکی کورد بوون لە میسر و سووریا و گەلێک وڵاتی دیکەدا، دەوڵەتی بە دەسەڵاتی ئەییوبییان دامەزراندووە، و بنەماڵەی براخۆییەکان لە

بلووجستاندا دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراندووە. چۆنکە ئەم دوو دەوڵەتە لە کوردستاندا نەبوون. هەروەها چاو لەوەش دەپۆشین کە لە کوردستانی ئەمڕۆدا و حەوت سەت ساڵێک پێش هاتنی عیسا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە بە ناوی "ماد"ەوە دروستبووە، کە مادەکان بە قسەی گەلێک لە کەڵە رۆژهەڵاتناسەکانی وەک مینۆرسکی (١٨٧٧-١٩٦٦)، باوو باپیری کوردی ئەمڕۆ بوون. ئێمە باسی ئەمانە ناکەین و بەنێو بردنی ئەو دەوڵەتانەی لەم هەزار ساڵەی دواییەدا لە کوردستاندا دروستبوون بەس دەکەین. ئەوەش دەخەینە بەر چاو کە دەوڵەتی خوارووی کوردستان کە بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحمود لە ١٩١٨/١١/٢ دا دامەزرا و بەریتانیای گەورە لە ١٩١٨/١٢/١دا بە رەسمییەت ناسی، ئەمە چەند ساڵێک لەپێش ئەوەدا بوو کە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی ترکیا دروست بێن.

بەڵام ئەگەر ئێمە بەم حسێبە و بەڵگەیە لێکیبدەینەوە، هەر کەسێک کە لە کۆندا دەوڵەتی نەبوویێ، ئەمرۆش نابێ دەوڵەتی ببێ، ئەوا دەبوو ئەمڕۆ ترک دەوڵەتی نەبووایە، چۆنکە ئەم دەوڵەتەی ترک لە ١٩٢٣ دا دروستبوو، و ئەو دەوڵەتەی کە بەنێوی ئیمپراتۆریتیی عوسمانییەوە لە ١٢٩٩ ەوە تا ١٩٢٤ ژیا؛ دەوڵەتی ترک نەبوو، بەڵکو دەوڵەتێکی بنەماڵەیی بوو کە لە چەندین گەل و تیرە و ئایینێک پێکهاتبوو، و ئەوانەی بە ترکی قسەیان دەکرد، لە چاو عەرەب و کورد و ئەرمەن و لاز و چەرکەس و یۆنانی و بولگاری و ئەلبانی و.. هتد دا کەمایەتییەکی یەکجار کەم بوون. ئەمە بێجگە لەوەی لە کاتی ئیمپراتۆریتیی عوسمانیدا و هەتا کۆتاییی سەتەی نۆزدەیەمیش بە ترک دانە قەڵەم وەک جنێو وەها بوو کە بە یەکێکیان بگوتایە "تۆ ترکیت" زۆر پێی ناخۆش بوو دەیگوت "ئەز نەترکم، ئەز عوسمانیم". هەروەها لە پێش کودەتای رەزا خاندا لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەوڵەتێک بەنێوی "دەوڵەتی فارس"ەوە نەبوو. دەوڵەت بەنێوی بنەماڵەی قاجارەوە بوو. بنەماڵەی قاجارەکان ترکمان بوون، فارس نەبوون. لەپێش قاجارەکانیشدا زەندییەکان کە بنەماڵەیەکی کورد بوون؛ فەرمانڕەوا بوون. ئەوجا پێش ئەوانیش نادر شای هەوشار و سەفەوییەکان بوون؛ کە نادر شا کوردی هەوشار و سەفەوییەکانیش لە بنەماڵەیەکی شێخی

دەروێشی کورد بوون و فارس نەبوون. دەوڵەتی ناسیۆنالی ترک و فارس و عەرەب لەم سەتەیەدا دامەزران. ترکیا -وەک گوتمان- لە ١٩٢٣/١٩٢٤ دا دروستبوو. دەوڵەتی ناسیۆنالی فارس لە ئێراندا لە ١٩٢٥ دا دروستبوو. تەنانەت نێوی "ئێران" بە ڕەسمی لە ئەورووپا لە ساڵی ١٩٣٤ەوە خرایە کار. عێراق لە ١٩٢١دا دروستبوو، پاکستان لە پێش ساڵی ١٩٤٨دا پارچەیەک بوو لە هیندستان، و بەنگلادێشیش تا سەرەتای هەفتاکان پارچەیەک بوو لە پاکستان. گەلێک دەوڵەتی ئەفریقایی هەن کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دامەزران. جا ئەگەر ئەمە وابێ، هەر کەسێک لە کۆندا دەوڵەتی نەبووبێ، نابێ ئێستەش دەوڵەتی بێ، ئەوا دیارە هەر لەبەر ئەمە، نەدەبوو، نەک هەر ترک و فارس، بەڵکو دەبوو عێراق و پاکستان و بەنگلادێش و زۆر لە ئەفریقاییەکان دەوڵەتیان نەبێ. هەروەها ئەو کاتە پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاست دەبوو. با ئێمە لە کورد بگەڕێین کە باوو باپیرانیان ئیمپراتۆرێتییەکی وەک میدیایان دروستکردووە و بێینە سەر خەڵکی دی... مادام سریانەکانی ئەمڕۆ و ئەرمەنییەکانی ئەمڕۆ و قیبتییەکانی ئەمڕۆ و ئەوانەی لە لوبنان خۆیان بە فینیقی دەزانن، ئەمانە هەموو؛ نەوەی ئەو سریان و ئەرمەنی و قیبتی و فینیقییانەن کە لە کۆندا دەوڵەتی گەورە گەورەیان هەبووە، ئەی باشە بۆچی ئەمڕۆ دەوڵەتیان نییە و بۆچی ڕێگەیان نادرێ دەوڵەتیان بێ؟ ئەوجا جوولەکەکانیش کە چەند هەزار ساڵێک لەمەوبەر دەوڵەتی بەنی ئیسرائیلیان دامەزراندووە، زۆریش بەهێز بوون و لە قورئانیشدا نێویان هەیە، ئەی بۆچی هەر ئەو عەرەبە شۆڤێنیستانەی وەک عبدالعزیز الدوری کە ڕێ لە کورد دەگرێ بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە کورد لە کۆندا دەوڵەتی نەبووە، ئەمڕۆش نابێ بیبێ، ئەی بۆچی هەر ئەو عەرەبە شۆڤێنیستانە نایانەوێ ئیسرائیل دەوڵەتی هەبێ؟ خۆ ئیسرائیل لە کۆندا دەوڵەتی هەبووە! ئەوجا ترکە شۆڤێنیستەکانیش کە دەڵێن تا ئێستە کورد دەوڵەتی نەبووە، ئەی خۆ دەزانن کە ئەرمەنییەکان دەوڵەتیان هەبووە، ئەی بۆچی ڕێ نادەن بەوان کە ئەمڕۆ دەوڵەتێکیان هەبێ؟؟!

کەواتە ئەم بەڵگەیەی کە دەبێژێ ئەوەی لە کۆندا دەوڵەتی نەبووە، نابێ

ئەمرۆش دەوڵەتی هەبێ، تەنێ بیانووە و بە کورد دەگیرێ و بەڵگەیەکی بێ سەر و بنە، و راستییەکەشی ئەوەیە کە کورد لە کۆندا دەوڵەتی هەبووە، ئەگەر چی دەوڵەت بە نێوی کوردەوە نەبووە و بنەماڵەیی بووە. بەڵام ئێستەش با بێینە سەر ئەوەی بزانین ئایا ئەم بەڵگەیە خۆی لە خۆیدا ژێر بێژانەیە؟

ئەوی دەڵێ هەر گەلێک لە کۆندا دەوڵەتی نەبووبێ، ئەمرۆش نابێ بیبێ، دیارە "پێوانە"ی ئەو کەسە "کۆنی"یە و لای وی هەموو شتێک دەبێ "کۆن" بێ و "لەکۆنەوە" بووبێ، ئەگەنا مافی ژیانی نییە. راستە کورد دەڵێ "هەر کۆنە بەگیرە"، بەڵام ئەمە لە هەموو بارێکدا راست نییە. هەموو "کۆنەیەک" وەک "شەراب" نییە، تا کۆنتر بێ نرخی پتر بێ. خواردن و خواردنەوە تا کۆنتر بن؛ خراپتر و بێکەڵکتر دەبن. مرۆڤ هەتا پیرتر بێ، بێهێزتر و پەرپووتتر دەبێ. خانوو بینا تا کۆنتر بن زووتر دەتەپێن. بەڵام دوور نییە هێندێک بڵێن: "دەوڵەت" شتێکی "مەعنەوی"یە وەک ئەمانەی سەرەوە ماددی نییە. بەڵێ... ئەگەر "دەوڵەت" بە شتێکی "مەعنەوی" ، واتە بە "ویستەی کۆمەڵێک خەڵک" بدرێتە قەڵەم بۆ پێکەوە ژیان، ئەوا دەبێ بزانین کە پێویستە ئەو "ویستە"یە سەرەتایەکی دەربڕین، واتە کاتێکی دەستپێکردنی هەبێ. ئەوانەی چەند هەزار ساڵێکە دەوڵەتیان هەیە، وەک یۆنانییەکان، رۆژێک لە رۆژان دەستیانکردووە بەوەی ویستەی خۆیان دەربڕیوە، و هەموو کارێکیش دەبێ سەرەتای دەستپێکردنی هەبێ، و هەموو هاتنە بوونێکیش سەرەتایەکی دەستپێکردنی پێویستە، هەموو مرۆڤێک کاتێکی لەدایکبوونی هەیە و کەس ناتوانێ بەڵگە بهێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی تا ئێستا لە دایک نەبوون، نابێ ئێدی لە دایک ببن. ئەو شتەی کە سەرەتای دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی نییە، واتە لە "ئەزەل"ەوە تا "ئەبەد" (لە هەتاوە تا هەتا) بووە و هەیە و دەبێ، ئەوە هەر خودێیە. جا لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەستکردێکی مرۆڤە، دەبێ سروشتێکی مرۆڤانەی پێوە بێ، نەک سروشتێکی ئێزدانی. واتە دەبێ سەرەتایەکی دەستپێکردنی بێ کە ئەو سەرەتایەش ویستەی دەستپێکەران دیاریدەکات.

دروستکردنی دەوڵەت، هەر دەوڵەتێک بێ و هەر گەلێک دروستی بکات هەر

مانای سەربەخۆییە. سەربەخۆییش بەبێ بوونی ئازادیی بڕیاردان و ئازادیی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بەکردەوە، نایەتە دەست. بوونی ئازادیش پێویستی بە بوونی دەسەڵاتە. ئەوی بێ دەسەڵات بێ، دیارە ئازاد نییە و ئەوی ئازاد نەبێ، دیارە دەسەڵاتیشی نییە. ئازادی و دەسەڵات تەواوکەری یەکن، لەبەر ئەوە ئەوانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن، مانای ئەوەیە دژی ئەوەن کە کورد ، دەسەڵاتی بەقەد دەسەڵاتی ئەو گەلانە بێ کە کوردستانیان دابەشکردووە و دەوڵەتی خۆیان هەیە. بەکورتی ئەوانە دژی ئەوەن کە ئازادیی کورد هێندەی ئازادیی ئەو گەلانە بێ کە کوردستانیان لە خۆیان بەشکردووە. واتە ئەوانە گەلی کورد لە گەلانی ترک و فارس و عەرەب بە کەمتر دەزانن، ئیدی با هەزار و یەک جار باسی "برایەتی" بکەن.

جا لەبەر ئەوە ئەو بەڵگەیەی کە دەبێژێ؛ ئەوی لە کۆنەوە دەوڵەتی نەبووە، نابێ ئەمڕۆش بیبێ، مانای وایە ئەوی لە کۆندا لە سەربەخۆییدا ئازاد نەبووە، ئەمڕۆش نابێ لەوەدا ئازاد بێ. ئەمەش بەڵگە دەداتە دەست ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە و لەو ڕووەوە ئازادن، تا ڕێ بە گەلە بێدەسەڵاتەکان نەدەن دەسەڵات پەیدا بکەن و ئازاد بن، و هەر بەم بەڵگەیەش بەربەرەکانێی ئەو گەلە بێدەسەڵاتانە بکەن. بەڵام تاقیکردنەوە پێشانیداوە کە ئەم بەڵگەیە هەتا ئەو کاتە بڕ دەکات کە ئەو گەلە جارێ نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دروستبکات. کاتێ ئەو گەلە بێ دەوڵەتە دەوڵەتی خۆی دروستکرد، ئەو دەمە بەڵگەکە، یان دەستبەجێ، یان بەرەبەرە، نامێنێ و هەر ئەو دەسەڵاتدارانەی کە دوێنێ دەیانگوت ئەوی دەوڵەتی نەبووە نابێ بیبێ، کاتێک دەبینن تێکۆشانی گەلە بێدەوڵەتەکە گەیشتووەتە هەندازەیەک کە بەری دەسەڵاتی ناگیرێ، دەچن دان بە واقیعدا دەنێن و ئەم بەڵگەیە ئیدی ناهێننە پێشەوە. بۆ وێنە: فەرەنسایییەکان لە سەرەتاوە بە هەموو جانەوەرێتییەکەوە دژی گەلی جەزائیر دەجەنگان، کاتێک زانییان پێیاناناکرێ، ناچار بوون دانبنێن بە سەربەخۆیی جەزائیردا و ئەو بەڵگەیەی کە دەیگوت جەزائیریەکان "کۆن" دەوڵەتیان نەبووە و "پارچەیەک" بوون لە فەرەنسا، ئەو بەڵگەیە نەما. کاتێک کە بەنگالییەکان ویستیان لە پاکستان جیان ببنەوە، پاکستانییەکان بە هەموو جانەوەرێتییەکەوە

دژی گەلی بەنگالی وەستان. کە هیندستان لەشکری نارده بەنگالەوە و لەشکری پاکستانی بەزاند، پاکستان ناچار بوو دانبنێ بە سەربەخۆیی بەنگالدا و ئەو بەڵگەیەی کە دەیگوت بەنگال "بەشێک" بووە لە پاکستان و "دەوڵەتی" نەبووە و نابێ ببێ، نەما. هەروەها ترکە شۆڤێنییەکان بە سەرۆکایەتیی ژۆن ترک جەمال پاشای سەففاح، لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ژمارەیەکی زۆر عەرەبیان لە سووریا خنکاند لەبەر ئەوەی داوای سەربەخۆیی وڵاتی عەرەب و جیابوونەوەی لە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانییان دەکرد، کەچی کە عەرەبەکان سەربەخۆیی خۆیان دەسکەوت، ئەوجا ژۆن ترکەکان ناچار بوون دانبنێن پێیاندا و بەڵگەی باسکراو نەما. کە ئیسرائیل خەریک بوو ببێ بە دەوڵەت لە ١٩٤٨/٥/١٤ دا هەموو عەرەب بەربەرەکانێیان کرد، و بە تایبەتی میسر، بە بیانووی ئەوەوە کە دەوڵەتی نەبووە و نابێ ببێ، کەچی ئەوەتە ئەمڕۆ میسر لەگەڵ ئیسرائیل پەیمانی کەمپ دیڤیدی بەستووە و گەلێک لە دەوڵەتە عەرەبەکانی دی دەمودوانییان بەرامبەر ئیسرائیل وەک جاران نەماوە و هاکا ئەوانیش لەگەڵی ڕێککەوتن.

بەمەی سەرەوەدا دەردەکەوێ؛ ئەو بەڵگەیەی کە دەبێژێ: "ئەوی دەوڵەتی نەبووبێ، نابێ لەمەو دواش ببێ"، هەر پاش دامەزراندنی دەوڵەتەکە، زوو یان درەنگ، نامێنێ. واتە ئەو بەڵگەیە تەنێ مەسەلەی دەسەڵاتە. دەبێ ئەوەش بزانین کە هەموو جۆرە سەربەخۆییەک -وەک لەمەوبەر گوتم- بریتییە لە دەستکەوتنی جۆرە دەسەڵاتێک. بۆ وێنە: تەنانەت مەسەلەی "ئۆتۆنۆمی"ش هەر وایە. "ئۆتۆنۆمی" کە بریتییە لە سەربەخۆییەکی کەچوکەڵ، لە دەسەڵاتێکی سنووردار بەولاوە چی دی نییە. ئەو بەعسییانەی کە لە نێوەڕاستی پەنجاکانەوە هەتا کۆتایی پەنجاکانیش دژی ئەوە بوون کە نێوی کورد بە هیچ جۆرێک ببرێ، ناچار بوون لە ١٩٦٣ دا لە ترسی پێشمەرگەی کورد و لە بێهێزی خۆیان، باسی "لامەرکەزییەت" بکەن و لە ١٩٧٠ دا ناچار بوون باسی "ئۆتۆنۆمی"ش بکەن. ئەوەش بە ڕۆنی دیارە کە کورد هەر لە عێراقدا -درۆ یان ڕاست- بۆیە دەتوانێ باسی "ئۆتۆنۆمی" بکات، چۆنکە هەر لە عێراقدا توانیویەتی تا هەندازەیەک "دەسەڵات"ی خۆی بسەپێنێ بەسەر

داگیرکەرانی وڵاتەکەیدا.

ب- سەربەخۆیی کوردستان مانای بێهێزی پرۆلیتاریای ترک و فارس و عەرەب و کوردە

ئەوانەی ئەم بەڵگەیە دەهێننە پێشەوە، دەبێژن کە سەربەخۆیی کوردستان، مانای جیاکردنەوەی پرۆلیتاریای کوردە لە پرۆلیتاریای ترک و فارس و عەرەب و، ئەمەش مانای بێهێزکردنی چینی پرۆلیتاریای ئەو وڵاتانەیە کە کوردستان نووسێنراوە پێیانەوە، ولە ئەنجامدا خزمەتێکە بۆ ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و کۆنەپەرستی.

ئەم بەڵگەیە: بەتایبەتی بەڵگەی کۆمۆنیست و مارکسیستەکانە، و زۆر بە تایبەتی تر، هی ئەو داوودەزگە کۆمۆنیست و مارکسیستانەیە کە لەسەر هێڵی سیاسەتی حیزبە کۆمۆنیستەکانی عێراق و ئێران و ترکیا و سووریا دەچن بەرێوە: کە هەر لەکۆنەوە خۆیان بە هاوهێڵی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت و یەکێتیی سۆڤێت زانیوە و دەزانن. بۆ توێژینەوەی ئەم بەڵگەیە جارێ با ئێمە لەوە بگەرێین کە ئایە لە کوردستان یان لە عێراق یان لە ترکیا یان لە ئێران یان لە سووریا چینێکی "پرۆلیتاریا"ی، بەو جۆرەی مارکس بۆی چووە، ئەمرۆ هەیە یان نا؟ جارێ لەوە بگەرێین، بەڵام ئەوەی زۆر ئاشکرا و رۆنە ئەوەیە، ئەم چوار دەوڵەتەی نێومان بردن -وەک لەمەوبەر گوتم- هەموو لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم دروستبوون: عێراق لە ١٩٢١دا، ترکیا لە ١٩٢٣/١٩٢٤دا، ئێران لە ١٩٢٥دا، سووریا لە ١٩٤٦دا، واتە کوردستان هەر پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لەم دەوڵەتە ناسیۆنالانە بەشکرا. جا ئایا ئەو کاتەی کە کوردستان بەسەر ئەماندا بەشکرا، پرۆلیتاریای پیشەسازی -وەک چینێک- لەم وڵاتانەدا هەبووە؟ بێگومان، نا. ئەم وڵاتانە هەموو وڵاتی کشتوکاڵی و هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی بوون و سەرمایەداری و پیشەسازییان تێنەکەوتبوو. لە جێیەکیشدا کە سەرمایەدار و فابریقە نەبێ، دیارە پرۆلیتاریای کارکەر دروستنابێ. دوایی ئەوی مێژوو بزانێ، دیارە ئەوەش دەزانێ کە ئەم ترکیایەی ئەمرۆ بەپێی پەیمانی لۆزان دروستبووە؛ کە ئیمزاکەرەکانی ئینگلیز و فەرەنسا

و ئیتالیا بوون. ئەوی سووریای ئەمڕۆی دروستکرد، فەرەنسا بوو. ئەوی عێراقی ئەمڕۆی دروستکرد؛ بەریتانیا بوو. ئایە، بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا کە سێ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست بوون، ئەم چوار دەوڵەتەیان لە ڕۆژهەڵاتی نێزیکدا دروستکرد و کوردستانیان دابەشکرد بە سەریاندا، بۆ خزمەتی پرۆلیتاریای عەرەب و ترک و فارس و کورد ئەمەیان کرد؟ ئایە کۆلۆنیالیستەکان ئەم دەوڵەتە دەستکردانەیان بۆ ئەوە دروستنەکرد کە لە هەموو ولاتێکیاندا چەند گەلێک هەبن، هێندێکیان زۆرێتی و خاوەن دەزگەی دەوڵەتی و دەسەلاتدار، و کوردیش لە نێوانیاندا وەک "کەمایەتی"یەکی بێدەوڵەت و بێدەسەلات، تاکو شەر و ئاژاوەی نێوخۆیی هەڵبگیرسێ و ئەم نەتەوانە بەربەرەکانێی یەکدی بکەن و ببنە دوژمنی یەک، و ئەوجا ئەو دەمە پرۆلیتاریای کورد و عەرەب و کورد و ترک و کورد و فارس بە چاوی دوژمنایەتی و کینەوە تەماشای یەک بکەن، نەک بە چاوی هاو چینایەتی و هاودەردی؟ ئەوانەی کە لەو باوەڕەدان کە ئەم دۆخەی ئێستە هەیە و بووەتە هۆی تێکرژانی گەلانی نێوچەکە، خزمەتی پرۆلیتاریای ئەو گەلانە دەکات و هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێ سنووری ئەم دەوڵەتانە وەک خۆیان بمێننەوە، دیارە ئەوانە دەبێ دان بەوەشدا بنێن کە بەرەی کۆلۆنیالیستەکانی ڕۆژاوا، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، کارێکی زۆر باشیان کردووە کە کوردستانیان وا بەشبەشکردووە و هەر بەشەیان خستووەتە سەر دەوڵەتێک، و ئەمەشیان بۆ خزمەت و بەهێزکردنی پرۆلیتاریای ئەو گەلانە کردووە، و ئەوجا کە ئەمەشیان گوت، ئەو دەمەش هیچ هەقێکیان نامێنێ کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمی بەرەی ڕۆژاوا بە خراپ و تاوانبار بدەنە قەڵەم، بەڵکو دەبێ ئافەرینیان لێبکەن.

دوایی، ئایا ئەو هێزەی کە سالانی سال و هەتا ئەمڕۆش، بە هەموو ڕێیەکی قانوونی و نا قانوونی، هەر لە ڕێی ڕاستەوخۆ بەکارهێنانی هێزی سوپاوە بیگرە تا دەگاتە ڕێی بەستنی پەیمانی سەعد ئاباد و پەیمانی بەغدا و ئەوجا سەنتۆ وە؛ سنووری دەستکردی ئەم دەوڵەتانەی پاراستووە، بەریتانیا نەبووە و نییە؟ ئایا ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ بە هەرەشەو گوڕەشە و زۆری چەک سنووری ترکیا و ڕژێمە دژ بە ئازادییەکەی دەپارێزن، هێزەکانی ناتۆ و لە پێش

هەمووشیانەوە ئەمریکا نییە؟ ئەوجا ئایە ئێستە بەریتانیا و ئەمریکا و هەموو لایەنەکانی پەیمانی ناتۆ، ئەم سنوورە دەستکردەی ترکیا لەبەر خاتری چاوی کاڵی پرۆلیتاریای ترک و کورد دەپارێزن؟ کە ئەمریکا و فەرەنسا لەم دواییەدا کەوتوونەتە یارمەتیی سەدام و دەیانەوێ بە دەست و بە دان و بە پێ لە کەوتن بیپارێزن، لەبەر خاتری "پرۆلیتاریای عێراقی" ئەمە دەکەن؟ ئایا ئەمریکا هەر خۆی نەبوو کە تا ساڵی ۱۹۸۰ رژێمی بەعسی عیراقی خستبووە لیستەی تیرۆریستەکانەوە؟ ئایا ئەم هەڵوێستە تازەیەی ئەمەریکا بۆ خزمەتی پرۆلیتاریای عێراقە؟ یان بۆ خزمەتی عەرەبە زۆنگاونشینەکانی دەور و بەری جبایش و تەرپابەیە؟

ئەمجا ئەوانەی پێیان وایە کە دامەزراندنی کوردستانێک، گەلی کورد لە گەلانی عەرەب و ترک و فارس جیا دەکاتەوە، و پرۆلیتاریای کوردیش بێهێز دەکات، دەبێ ئەوانە بزانن کە پێکەوە ژیان و دەوڵەت پێکەوەنان و تێکۆشانی نێوکۆیی، بە زۆرەملێ نابێ. کە شەش کەس لە خانوویەکی شەش ژووریدا ژیان و رێی ئەوەیان نەدرایە هەر یەکەیان ماڵی خۆی جیا بکاتەوە، مانای وا نییە کە تێپەرپوونی کات دەیانکاتە برا و هەڤاڵی یەک، یان دوو کەس کە ماڵیان جیابوو، مانای ئەوە نییە کە حەز لە چارەی یەکدی ناکەن و نایانەوێ پێکەوە هاوکاری بکەن. دوایی وەک کوردەکە دەڵێ: "کوێر کوێر نابات بەرێوە"، هەروەها دیلێکیش ناتوانێ یارمەتیی دیلێکی دی بدات. گەلێکی کوردی ئازاد کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادی هەبێ، واتە دەسەڵاتی هەبێ، ئەو گەلەیە کە دەتوانێ یارمەتیی گەلانی ژێر دەستە بدات، بەتایبەتی گەلانی دەرو دراوسێی کوردستان، وەک ترک و عەرەب و فارس بە تایبەتی زەحمەت کێشان و بەشخوراوانی ئەو گەلانە کە لە چارەرەشیی خۆیان، دووچاری فەرمانڕەوایانی تۆتالیتێر و ملهوڕ بوون. ئازادیخوازانی عەرەب و ترک و فارس و هەموو ئەوانەی لە بەرەی بەرهەڵستکەرانی ئەم گەلانەن، و لەنێو ئەوانەشدا تەنانەت هی واش هەبووە و هەیە کە دژی سەربەخۆیی کوردستان و ئازادیی کوردن، ئەمانە هەموو زۆرباش دەزانن؛ کە لە ماوەی بیست ساڵی رابوردوودا، هەر کاتێک لێیان قەوما بێ و لەلایەن رژێمی دەوڵەتەکانی

خۆیانەوە راوەدوو نرابن، پەنایان بردووەتە بەر پێشمەرگەی کورد و چیاکانی کوردستان، و نەتەوەی کورد باوەشی بەزەیی کردووەتەوە بۆیان و دالدەی داون، بێ ئەوەی بنوارێتە هەڵوێستی ساسییان، یان رووبەرەی رابوردوویان.

جا ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمڕۆ کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و ئەو یارمەتییەی پێشکێش کردووە بەو پەنابەرانەی کە لە رۆژانی هاویندا لەژێر سێبەری دار گوێزەکانی کوردستاندا پێرادەکێشن و هێندێکیشیان خەون بەجێنشینێتیی سەددام و خامەنەییەوە دەبینن، و لە زستاندا دەچنە نێو کۆختەی جۆتکارە رووتەکانی کوردستانەوە و نانەرەقەکەیان لەگەڵ دەکەن بە دوو کەرتەوە، و هێندێکیشیان کوردستان بە خاکی عەرەب و فارس و ترک دەدەنە قەڵەم، ئەمە بێ ئەوەی تۆزقاڵێک لە مافی پەنابەرێتییان کەمبووبێتەوە. ئەمە ئەمڕۆ وایە، ئەوجا ئەگەر کوردستان سبەی رۆژێک ببێتە دەوڵەتێکی ئازادیخوازی سەربەخۆ، دەبێ ئەو دەمە چ خزمەتێک بە گەلانی نێوچەکە و مرۆڤی بەشخوراوی ئەم جیهانە پێشکێش بکات. دوایی کێ دەڵێ سەربەخۆیی کوردستان مانای جیابوونەوە و ئاشتو ماشتی گەلی کوردە لەو نەتەوانەی لە نێوچەکەدا دەژین؟ ئەوانەی ئازادیخوازیش نین، لە یەک خانووی خڕداخراویشدا بژین بەر دەبنە گیانی یەک.

جا کە کۆمۆنیستەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، و بەتایبەتی کۆمۆنیستە عێراقییەکان، لەم رووەوە و بەو بەڵگەیەی لە سەرەوە باسمکرد، زۆر بە کوڵ و دڵەوە لە دژی سەربەخۆبوونی کوردستان بوون و لە نێوەراستی چلەکانەوە تا نێوەراستی پەنجاکان دەیانگوت: کورد "نەتەوە" (امة) نییە -وەک دوایی باسی دەکەم- و جاری واش بووە، گەلێک خستو خۆڵتر لە راستڕەوە شۆڤێنیستەکانی عەرەب و ترک و فارس دژی ئەو کوردانە وەستاون کە باسی سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە، بەو بەڵگەیەی گوایە "جیابوونەوەی کوردستان" و "سەربەخۆبوونی کوردستان" پیلانی ئیمپریالیستەکانە" بۆ "بێهێزکردنی خەباتی پرۆلیتاریا"ی ئەم گەلانە، لە کاتێکدا کە -وەک خستمە بەر چاو- هەڵوێستی ئیمپریالیستەکان هەموو دژی

سەربەخۆبوونی کوردستان بوو، و تا ئەمرۆش. جا لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستەکان، بە پێچەوانەی شۆڤێنیستە راستڕەوەکانەوە، جارو بار لەباری سەرنجی خۆیانەوە، باسی "مافی بڕیاری چارەنووسی گەلان" دەکەن، ئەوا ناچار بوون لە مەسەلەی کورددا، رێیەک بدۆزنەوە، کە بکەوێتە نێوان ئەو شتانەوە کە بە دەم باسی دەکەن و ئەو شتانەی کە بە کردەوە دەیخەنە روو. بۆ ئەمەش -وەک لەمەوبەر گوتم- باسی "یەکگرتنی بە ئارەزوو"ی کورد و ئەو گەلانە دەکەن کە کورد لە ژێر سایەی دەوڵەتەکانیاندا دەژی، بۆ وێنە: هەرچەندە کۆمۆنیستەکانی عێراق لە کۆنفرانسی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٦ یاندا باسی ئەوەیان کرد کە "کورد نەتەوەیەکە مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی هەیە لە رزگاربوون و یەکێتیی ناسیۆنالدا وەک عەرەب"، هەروەها کۆنفرانس "سەربەخۆیی نێو خۆیی" (الاستقلال الذاتي)ی کوردستانی بە "چارەسەرکردنێکی کاتی" دانا کە "ناتوانێ جێی مافی بڕیاری چارەنووسی نەتەوەی کورد بگرێتەوە" (٣٣) کەچی لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، پاش کودەتای قاسم لە ١٩٥٨/٧/١٤ دا و دوای ئەوەی لە عێراقدا دەسەڵاتیان بۆ پەیدا بوو، ئەوجا نەک هەر باسی "بڕیاری چارەنووس و جیابوونەوە"یان نەکرد و بەس، بەڵکو تەنانەت دژی "ئۆتۆنۆمی"ش وەستان و کەوتنە باسی "یەکگرتنی بە ئارەزوو" و دەیانگوت کورد و عەرەب لە عێراقدا بە ئارەزووی خۆیان یەکیان گرتووە لە ژێر سەرکردەیەتیی قاسم دا. لە کاتێکدا دەیانزانی کە عێراق بەریتانیا دروستیکردووە و لەو گشتپرسی (استفتاء)یەدا کە "دەستەی نەتەوەکان" (عصبة الامم) لە ١٩٢٥ دا کردی؛ خەڵکی سلێمانی و کەرکووک بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەنگیاندا و خەڵکی هەولێر و مووسڵیش، بە مەرجێک دەنگیاندا بۆ عێراق؛ کە کورد حکوومەتێکی خۆیی هەبێ. ئەوجا لەو کاتەشەوە و تا ئەمرۆش، هیچ گشتپرسییەک لە کوردستاندا نەکراوە تا بزانرێ ئایە کورد بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ عەرەبدا و لە سنووری عێراقدا یەکدەگرێ یان نا؟ ئەمە تا ئێرە هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بوو، حیزبی توودەی ئێرانیش لە دەورانی شادا جارو بارێک باسی مافی کوردی دەهێنایە پێشەوە، بەڵام لە پاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی؛ بە هەموو هێزێکەوە

بوو بە دەسکەلای دەستی رژێم و کەوتە خراپەکاری دژی نەتەوەی کورد و دەستێکی بالاشی هەبوو لە دوو کەرتکردنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا. حیزبی کۆمۆنیستی ترکیاش کە لە بیستەکاندا بە خۆی و رۆژنامەکەیەوە Aydinlik کوتەکی دەستی ئەتاترک بوو دژی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کورد و بەتایبەتی "ئایدنلک" شۆرشی ساڵی ١٩٢٥ ی دیاربەکری بە فیتی بەریتانیا دەدایە قەڵەم، و بەلای هەڵوێستی دیکتاتۆرانەی ئەتاترکدا دایدەتاشی. خۆ ئەوە حیزبی کۆمۆنیستی سووریا هەر بە جارێ باسی مەسەلەی کورد ناکات، وەک ئەوەی لە سووریا نە کورد هەبێ و نە کوردستان. بەرامبەر بەم قورو قەپە لە مەسەلەی کورد، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی سووریا خالید بەگداش لە ساڵی ١٩٦٦دا، بە رۆژنامەی "اخبار الیوم"ی گوتبوو "یەکێتیی عەرەبی بڕبڕەی پشتی سیاسەتی کۆمۆنیزمە" (٣٤). ئەمە لە کاتێکدا کە حیزبی کۆمۆنیستی سووریا لە حکوومەتی بەعسیدا بە سەرۆکایەتیی یوسف زعین هەتا ١٩٦٨/١٠/٢٩ وەزیرێکی هەبوو بەنێوی سمیح العطیە، بەلام یەک وشەی لە دژی سیاسەتی "پشتێنی عەرەبی" (الحزام العربي) بە دەمدا نەهات.

شایانی باسە کە هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانی ئەو ولاتانەی کوردستان نووسێنراوە پێیانەوە، هەرچی چۆنێک بووبێ بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، رژێمی ئەو دەولەتانە زۆر دڕندانە پەلاماری کۆمۆنیستەکانیان داوە. ئەتاترک و رەزاخان لە کۆتاییی سییەکاندا هەریەکەیان قانوونێکیان دەرکرد بۆ راوەدوونان و سەرکوتکردنی هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستانە. عێراق لە دەورانی شایەتی و تەنانەت دەورانی قاسم و بە تایبەتی لە دەورانی بەعسییەکاندا خوێنی سەتان کۆمۆنیستیان رژاند. ئەوەی رژێمی ئیسلامی ئێران بەسەر حیزبی تودەی هانی، وەک کوردەکە دەڵێ "با بە دەواری شڕی ناکات". لەبەر ئەوە ئەم هەڵوێستەی دژ بە سەربەخۆییی کوردستانی کۆمۆنیستەکان، تا ئێستە نە بە سووتی کۆمۆنیستەکان خۆیان بووە، و نە بە سووتی زەحمەتکێشانی نێوچەکە بووە، و تەنێ بە سووتی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ئەو ولاتانە بووە کە دوژمنی کوردیش و کۆمۆنیستیشن.

ج- هەر دەوڵەتێک شتێکی پیرۆزە، نابێ کەرتکەرت بکرێ

ئەم بەڵگەیە هی ئەوانەیە کە "دەوڵەت" بە شتێکی "پیرۆز" دادەنێن و ئەوی پارچەیەک جیا بکاتەوە لێی بە جیابوونەوە خواز (انفصالي، تجزیە طلب)ی دەدەنە قەڵەم و بە ناپاک و خایەن و نیشتمانفرۆشی دەزانن. "جیابوونەوە خوازی" یەکێکە لەو تۆمەتە قورسانەی کە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، بە جێ و بێ جێ، دەنرێتە پاڵ نیشتمانپەروەرەکانی کورد، وەک "تاوانێکی یەکجار گەورە". ئەوانەی بزووتنەوەی کوردایەتی بە "جیابوونەوە خوازی" دەدەنە قەڵەم و هەر بەو نێوەشەوە بەربەرەکانێی دەکەن، چەند دەستەیەکن:

١- دەستەی یەکەم ئەو شۆڤێنییە عەرەب و ترک و فارسانەن کە کوردستانیان داگیر کردووە و خاکی کوردستان بە بەشێک لە نیشتمانی خۆیان دەزانن نەک بە بەشێک لە وڵاتی کورد. ئاشکرایە هێندێک لەمانە، خۆشیان، لە کاتی خۆیدا "جیابوونەوە خواز" بوون، بە تایبەتی ئەو عەرەبانەی لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی جیاکردەوە و بوونە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتانی عێراق و سووریا و لوبنان و ...هتد. ئەم عەرەبانە، لەلایەن ژۆن ترکەکانەوە کە لە (٨. ١٩-١٩١٨)ەوە فەرمانڕەوای دەوڵەتی عوسمانی بوون و دەوڵەتی عوسمانییان بە "پیرۆز" دادەنا؛ بە "جیابوونەوە خواز" و "ناپاک" دەدرانە قەڵەم. بەڵام ئەم عەرەبانە خۆیان، خۆیان بە نیشتمانپەروەر دەزانی، نەک بە "جیابوونەوە خواز" و "ناپاک". جا وەک لەمەوبەر گوتم: "دەوڵەت" هەر هێندە "پیرۆز"ە تا وەک خۆی ماوەتەوە، پاش ئەوەی بوو بە دەوڵەتێکی دی، یان پارچە پارچە کرا و چەند دەوڵەتێکی دی لێجیابووەوە، ئەوا "پیرۆزێتی"ی خۆی لە دەستدەدات و دەیدات بەو دەوڵەتە یان ئەو دەوڵەتانەی جێی دەگرنەوە. ئەوەتە عەرەبەکانی ئەمڕۆی عێراق و سووریا دەوڵەتی عێراق و سووریا بە "پیرۆز" دەزانن نەک دەوڵەتی عوسمانیی ئەوسا کە عێراق و سووریا دوو پارچەبوون لێی.

٢- دەستەی دووەم لەوانەی کە بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی کورد بە "جیابوونەوە خوازی" دەزانن؛ زۆربەی زۆری هێزە چەپەکانی ئەو گەلانەن کە

کوردستانیان بەشکردووە. ئەمانە زۆر بە توندی دژی "جیابوونەوە خوازی" دەوەستن، و جاری واش هەیە؛ هەموو داخوازییەک بۆ مافی ناسیۆنالی کورد، هەرچەندە سووکیش بێ، هەر بە "جیابوونەوە خوازی" دەدەنە قەڵەم و لەمەشدا خزمەتێکی زۆر گەورەی شۆڤێنیستە راستڕەوە عەرەب و ترک و فارسەکان دەکەن. راستییەکەی، چەپییەکان، و بە تایبەتی کۆمۆنیستەکان -وەک لەمەوبەر باسمکرد- "دەوڵەت وەک دەوڵەت" بە شتێکی پیرۆز نازانن؛ بەڵام "یەکێتی"ی ئەو گەلانەی کە لە سایەی دەوڵەتێکدا دەژین، بە شتێکی "پیرۆز" دەزانن، کە بەمەش دەبێژن "یەکێتیی نیشتمانی". کە ئەمەش هورد بکرێتەوە؛ هەر پاراستنی ئەو "دەوڵەت"ەیە کە کۆمۆنیستەکان و مارکسیستەکان بە کوتەکی دەستی چینی فەرمانڕەوای دادەنێن بۆ سەر پێشێلکردنی چینی چەوساوە. کەچی هەر خۆیان بەرگری لە پاراستنی ئەو کوتەکە دەکەن وەک شتێکی پیرۆز: لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بزانین کە توندیی و هێمنیی ئەم هەڵوێستەی کە چەپییەکان هەیانە بەرامبەر مەسەلەی کورد، بەپێی هەل و مەرج و کات دەگۆڕێ. واتە بەپێی دوور و نیزیکییانەوە لە دەستەی فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتانەوە.

٣- دەستەی سێیەمیش لەوانەی دژی "جیابوونەوە خوازی" دەوەستن؛ هوردە بۆرژوای کورد خۆیەتی کە پێبەند، و هێندێ جاریش دەسکەلای دەستی فەرمانڕەوایانی ترک و عەرەب و فارسە. ئەم پێبەندییە جارو بار گەیشتووەتە رادەیەکی وا، کە هێندێک دەستە و بەرەی هوردە بۆرژوای کورد بە چەشنی داگیرکەرانی کوردستان هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی کورد دەکەن. بۆ وێنە: وەک لەمەوبەر گوتم، لایەنگرانی جەلال تالەبانی لە ساڵی ١٩٦٩/ ١٩٧٠ لە رۆژنامەکانیاندا بە ئاشکرا دەیاننووسی: "ئێمە هەموو کاتێک دژی جیابوونەوە خوازین". واتە هەموو کاتێک دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین. هەروەها گوتمان -پرۆگرامی پارتی لە دەورانی دەستڕۆیشتنی لایەنگرانی تالەبانی دا، بە ئاشکرا دژی "جیابوونەوە خوازی" دەوەستا. بەڵام وەک لەمەوبەر باسمکرد، هوردە بۆرژوای کورد پاش هەرەسەکە، نەیتوانی؛ لە لایەکەوە دژی پاشماوەی سەرکردەیەتیی کلاسیک، و لە لایەکی دیکەوە دژی

بیری نەتەوەیی کوردی بوەستێ کە لە نێوان کورددا تەشەنەی کردووە، و ریزەکانی خۆشی یەک پارچە نەبوو، لەبەر ئەوە دەبینین دژایەتیکردنی "جیابوونەوە خوازی" لە نووسینەکانیاندا ون بووە، و جارو بارێکیش باسی "بڕیاری چارەنووس" دەکەن، هەرچەندە مەبەستیان لە "بڕیاری چارەنووس" ئاشکرا نییە کە چییە. بەلاّم داخوازییەکەیان لە "ئۆتۆنۆمی"یەوە بووە بە "ئۆتۆنۆمیی راستەقینە". تەنانەت هێندێ دەستەش هەن لە نێو بزووتنەوەی هوردە بۆرژوای کورددا -وەک کۆمەڵەی مارکسی-لینینی، کە بوو بە "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"، باسی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانیش دەکەن. بەلاّم ئەوەبوو کە کەوتنەوە وتووێژ لەگەڵ رژێمی عێراقدا، سەر لەنوێ کەوتنەوە باسی "پاراستنی یەکێتیی نیشتمانیی عێراق" وەک لەمەوبەر باسمکرد.

بە کورتی بەرەبەرەکانێی بیری سەربەخۆییی کوردستان لە نێو هوردە بۆرژوای کورددا، بەرەبەرە بەرەو بێهێزی و پووچبوونەوە دەچێ. ئەگەرچی پێبەندیی هێندێک لە رێکخراوەکانی هوردە بۆرژوای کورد بەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانەوە، کارێکی وای کردووە کە نەوێرن بە ئاشکرا نێوی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بهێنن.

د- کورد "نەتەوە" نییە، بۆیە مافی "دەوڵەتی سەربەخۆ"ی نییە

ئەو بەڵگەیەی کە دەبێژێ کورد "نەتەوە" نییە، لەبەر ئەوە نابێ دەوڵەتیشی هەبێ، لە سەرەتاوە لە کۆمۆنیستەکانی عێراقەوە داهات. ئەوەش دوای دامەزراندنی "پارتی دیمۆکراتی کورد" لە ١٩٤٦/٨/١٦ دا. لێرەدا دەبێ ئەوە بێژین کە پاش راپەڕینی خەڵکی بەغدا لە کانوونی دووەمی ١٩٤٨دا؛ کە خوێندکارانی خوێندنگەو کۆلێجەکانی بەغدا دەورێکی گەورەیان تێدا گێڕا، و بوو بە هۆی رووخاندنی حکوومەتی سالح جەبر، ماوەیەک سەربەستیی رۆژنامەگەری و کۆبوونەوە درا بە خەڵک، و کۆمۆنیستەکان لە کوردستاندا دەسەلاّتیان پەیدا کرد. جا لەبەر ئەوەی "پارتی دیمۆکراتی کورد" خۆی بە حیزبێکی مارکسی و پێشڕەوی کرێکار و جوتکاری کورددا دەنا، و

کۆمۆنیستەکانیش هەر وەک ئەوان، خۆیان بە پێشڕەوی کرێکار و جۆتکار دادەنا؛ بەڵام هی هەموو عێراق، نەک هەر هی بەشە عەرەبەکەی، ئەوا رکە بەرایەتی کەوتە نێوان هەردوو حیزبەوە، کۆمۆنیستەکان دەیانگوت: کورد نابێ حیزبی پێشڕەوی تایبەتی خۆی هەبێ، چونکە کورد نەتەوە نییە، بەڵکو کەمایەتییەکە لە عێراقدا وەکو ئێزدی و ئەرمەنی و ئەمەشیان لە کۆنفرانسی شوباتی ١٩٤٤ یاندا کردبوو بە بڕیار و کۆنگرەی یەکەمی حیزبەکەیان، کە لە شوباتی ١٩٤٥ دا گیرابوو؛ ئەو بڕیارەی وەک خۆی هێشتبووەوە. بەڵگەی کۆمۆنیستەکان بۆ ئەوەی کە کورد "نەتەوە" نییە؛ ئەوە بوو کە کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئابوورییەکی نێوکۆییان نییە، کە ئەمەش نەبوو، دیارە ئەو دەمە بەپێی تاریفی ستالین بۆ نەتەوە؛ کورد یەکێک لە مەرجە پێویستییەکانی نەتەوەی نابێ، چونکە بەپێی هیپۆتیزی ستالین مەرجەکانی بوونە نەتەوە بریتین لە: زمانی نێوکۆیی و مێژووی نێوکۆیی و هەستی نێوکۆیی و زەوی نێوکۆیی و ئابووریی نێوکۆیی، و هەر گەلێک ئەم مەرجانەی نەبێ؛ ئەوا بە قسەی ستالین "نەتەوە" نییە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بەپێی قسەی لینین، "هەموو حیزبێک نێوەرۆکی چینێکە"، دیارە لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە یەک چینی کرێکار هەیە، دەبێ یەک نوێنەری هەبێ و هەر یەک حیزبی پێشڕەویشی هەبێ، نەک دوو نوێنەر و دوو حیزبی پێشڕەو. خۆ ئەگەر دوان هەبوون، ئەوا یەکێکیان هەلپەرستە. لەبەر ئەوە "پارتی دیمۆکراتی کورد" حیزبێکی پێشڕەو نییە، و نوێنەری کرێکار و جۆتکاری کورد نییە، بەڵکو نوێنەری بۆرژوازیی کوردە، بە پێچەوانەی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە، کە پێشڕەوی هەموو کرێکاران و جۆتکارانی عێراقە، بە کورد و عەرەب و کەمایەتییەکانەوە.

وەکو لەمەوبەر باسمکرد، ستراتیژی هوردە بۆرژوای کورد پاش جەنگی جیهانیی دووەم، لە "سەربەخۆیی کوردستان"ەوە بوو بوو بە "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"، و کرۆکی ئەم دروشمە تازەیەش ئەوەبوو کە هەموو پارچەیەکی کوردستان بە بەشێک لە کوردستانی گەورە نەدەدرایە قەڵەم؛ بەڵکو بە بەشێک لەو دەوڵەتە دەدرایە قەڵەم کە پارچە کوردستانەکە نوسێنراوە پێوەی. بۆ وێنە:

خوارووی کوردستــان بە بەشێک لە عێـراق دادەنرا. دە دیارە هوردە بۆرژوای کوردی سەرکردەی ئەو کاتەی پارتی کە خۆی بە خاوەنی رێکخراوێکی کوردیی عێراقیی مارکسی دەدایە قەڵەم، شتێکی هەروا ئاسان نەبوو بۆی؛ بەڵگەی مارکسیـانەی دەمکوتکەر بهێنێتـەوە بۆ ئەوەی پارتی لەسـەر هەقـە و کورد نەتـەوەیە و مـافی ئەوەی هەیە رێکخـراوی خـۆی هەبێ، چۆنکە لایەنگیـرانی پارتی بە گوێرایەڵی لە سەرکردە مارکسییەکانی ئەو سەردەمەیان؛ هەر پەنایان دەبردە بەر وتارەکەی "مەسـەلەی ناسیـۆنال"ی سـتـالین کە لە سـاڵی ١٩٤٦ دا لەلایەن خـالیـد بەگـداشـەوە کـرابوو بە عـەرەبی و بە نیـوەدزی لـە بازارەکـانی کوردستاندا دەفرۆشران.

راستییـەکەی؛ ئەوی ئەو دەورو سەردەمەی بە چاوی خۆی نەدیبێ، هەزار جار بۆی بگێـڕنەوە باوەڕ ناکـات کـە رۆشنبیـرانی کـورد بە جارێـک بووبوونە دوو تاقـمی دژ بەیەک، تاقـمێکیـان دەیگوت: کـورد "ئومە"یە و ئەوی دیش دەیگوت: کورد "ئومە" نییە، ئەوی بیگوتایە کورد "ئومە"یە ئەوە پارت بوو، ئەوی بیگوتایە کـورد "ئومە نیـیـە" ئەوە "تحـرر" بوو. ئەو زەمـانە بە کۆمۆنیستەکانیان دەگوت "تحرر"، چۆنکە بەنێوی کۆمۆنیستییەوە کە حیزبێکی قەدەغەکراو بوو نەیاندەتوانی کار بکەن. لەبەر ئەوە بە نێوی "حزب التحرر الوطني"یەوە قسەیاندەکرد. ئەمـەش حیزبێـک بوو داوای ئیجازەکەی کرابوو، بەڵام هێشتا نەدرابوو، دواییش هەر نەدرا.

ئەم سەمینارە بۆ ئەوە نەنووسراوە کە مێژووی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی کورد بخاتە روو. ئەو کارەم بە دوور و درێژی لەو باسەدا کردووە کە پار بەبۆنەی تێپـەڕبوونی چل ساڵ بەسـەر دەرچوونی گـۆڤـاری "یەکـێـتیی تێکۆشین" و تێپەڕبوونی ٥٠ ساڵ بەسەر دامـەزراندنی پارتی کـۆمۆنیـستی عێـراقدا نووسیـومـە، کـە هیـوام وایە بە هیـمـەتی "بنکەی چاپەمـەنیی ئازاد" بیخەمە بەردەستتـان. لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ لێرەدا دەست بۆ ئەوە رابکێشم، کە ئەو زیانەی بڕیاری کۆنفرانسی شوباتی ١٩٤٤ و کۆنگرەی شوباتی ١٩٤٥ لە مەسەلەی کوردی دا، تەنانەت ئەو وتارەی شەهید فەهد خۆشی نەیهێنایەوە

جیٚ، کە لە تیشرینی دووەمی ١٩٤٥دا لە ڕۆژنامەی "القاعدة"ی زمانی حاڵی حیزبەکەیدا نووسیبووی، و لەویٚدا کوردی بە "گەلیٚک" دانابوو کە "مافی جیابوونەوەی هەیە لە عیٚراق هەر کاتیٚک کە عیٚراق لە ئیمپریالیزم ڕزگاری بوو، یان لە هەر کاتیٚکدا کە زرووفی لەبار بۆ گەلی کورد هەڵکەوت و لە بەرژەوەندیی جەماوەرە زەحمەتکیٚشەکەی بوو". دەڵیٚم لەگەڵ ئەمەشدا ئەم مەسەلەیە هەتا ساڵی ١٩٥٢ و بگرە دوای ئەوەش هەر مایەوە. ئەگەرچی بەهائەددین نووری (باسم)، یەکیٚک لە سەرکردە کوردەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیٚراق، کەوتە ڕەخنە گرتن لە هەڵویٚستی حیزب بەرامبەر بە مافی بڕیاری چارەنووسی کورد و کەوتە پەلاماردانی فەهد بیٚ ئەوەی پەنجە بخاتە سەر دەوری سەرکردە عەرەبە شۆڤیٚنیستەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیٚراق، وەک ذنون ایوب کە پیٚی وابوو کوردیٚکی دیانی وەک فەهد ڕیٚزی ئەوەی نییە ببیٚ بە سەرکردەی حیزبیٚک. ئەمە لە کاتیٚکدا کە فەهد پیٚنج ساڵ بوو لەژیٚر خاکدا بوو و ڕیٚی ئەوەی نەبوو لەسەر خۆی بکاتەوە، و بیٚ ئەوەی بەهائەددین دەست رابکیٚشیٚ بۆ هیپۆتیٚزەکەی ستالین کە ئایا ئەمە ڕاستە یان ڕاست نییە!

ڕاستییەکەی هەر کۆمۆنیستەکانی عیٚراق نەبوون کە پشت بە قسەکانی ستالین؛ چەند ساڵیٚک کوردیان بە "نەتەوە" دانەنابیٚ. بەڵکو هیٚندیٚک هیٚزی ڕاستڕەوی داگیرکەرانی کوردستانیش ئەم قسەیەیان کردووە و دەیکەن. بۆ ویٚنە لە ساڵی ١٩٦٩دا کابرایەکی سەر بە دوکتۆر موسەددیق، بەنیٚوی خواستەمەنی م. ماکان ەوە کە لە ئەڵمانیای ڕۆژاوا دادەنیشت، نامیلکەیەکی بە زمانی فارسی بە نیٚوی "افسانهء خلقهای ایران" (ئەفسانەی گەلانی ئیٚران)ەوە بڵاوکردەوە، کە لەویٚدا خۆی زۆر ماندوو کردبوو، تا بە بەڵگەی مارکسیانە ئیسپاتی بکات کە کورد "نەتەوە" نییە، چونکە کورد "ئابووریی نیٚوکۆیی" نییە. لەم ڕۆژانەشدا شاپووری بەختیار و دارو دەستەی شاپەرستەکان، واتە "سلطنت طلبان" و ناسیۆنالیستە فارسەکان (ملیون) لە ئەورووپا زورنای ئەوە لیٚدەدەن کە کورد "نەتەوە" نییە، چونکە ئابووریی نیٚوکۆیی نییە. ڕۆژنامەکەی بەختیار "نهضت" لە ژمارە (٥٠)ی ڕۆژی ٤/١٠/١٩٨٣ دا دەنووسیٚ: کورد "نەتەوە" نییە. خۆش ئەوەیە ئەو بەختیارەی کە بە خویٚنی سەری کۆمۆنیستەکان

تینووە؛ لە کورد دەپارێتەوە کە باوەڕ بە تاریفی ستالین بهێنێ بۆ "نەتەوە"، چونکە ئەو دەمە کە باوەڕ بەوە بهێنێ؛ کورد نابێتە "نەتەوە" و ئێرانیش ئەو دەمە لە "فرەنەتەوە"یەتی دەکەوێ.

شایانی باسە کە لێکۆڵەرەوە زانستکارە بۆرژوازییەکان، مەسەلەی "نەتەوە" دەبەستن بە "دەوڵەتی ناسیۆنال"ەوە، واتە ئەو گەلەی دەوڵەتی ناسیۆنالی هەبێ؛ ئەوە "نەتەوەیە"، و ئەوی نەشی بێ، ئەوە "نەتەوە نییە". ئەمە وای لێهات کە ئەورووپاییەکان، ئەو گەلانەی لە ئەفریقا و ئاسیادا بۆ سەربەخۆیی خۆیان شۆرشیان هەڵدەگیرساند لە دژی کۆلۆنیالیستە ئەورووپاییەکان، و لە ئەنجامدا دەوڵەتی سەربەخۆیان دروستدەکرد، پێیان دەگوتن "نەتەوە" (٣٥). تەنانەت لە زمانی ئەڵمانیدا کە باسی "نەتەوە" دەکرێ "گەلێکی دەوڵەتدار" دێ بە خەیاڵدا (٣٦). بەڵام ستالین کە لەلای کۆمۆنیستەکان و مارکسیستەکان بە لێکۆڵەرەوەی مەسەلەی ناسیۆنال دادەنرێ، باسی "دەوڵەت" ناکات، واتە نابێژێ: ئەو نەتەوەیەی دەوڵەتی نەبوو لە نەتەوەیەتی دەکەوێ"، بەڵکو دەبێژێ: "ئەو گەلەی ئابووریی نێوکۆیی نەبوو نابێتە نەتەوە". لە کاتێکدا هەر خۆی لەمەدا خۆی بە هەڵەدا دەبا، چونکە هەر "دەوڵەت"ە کە دەتوانێ "ئابووریی نێوکۆیی" دروستبکات. کەواتە کە دەوڵەت نەبوو؛ ئابووریی نێوکۆییش نابێ، واتە "نەتەوە" دروستنابێ. بەکورتی هیپۆتێزەکەی ستالین هەر ڕەئیی زانستکارە بۆرژواکانە، بەڵام بە شێوەیەکی کەمێک بە ئەدەبانەتر نووسراوە، کە لەویدا بە ئاشکرا نێوی دەوڵەت نابا بەڵکو بە پێچوپەنا دەیبا.

کاژێکنامە، کە لە نێوەڕاستی تەمووزی ١٩٦١ دا دەرچووە؛ بۆ یەکەمین جار هەستی بەم کەلێنە کردووە لە هیپۆتێزەکەی ستالین دا و لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"ستالین بە فەیلەسووفی شیوعییەکان ئەژمێردرێ لە رووی شیکردنەوەی گیروگرفتەکانی نەتەوایەتییەوە بەپێی سەرنجی مارکسیتی. ستالین "ئابووریی هاوبەش" -الاقتصاد المشترک- بە گەورەترین نیشانەی نەتەوە دائەنێ و ئەیخاتە پێش ئەرز و زمان و مێژوو و هەستی هاوبەشییەوە. بێجگە لەوەش

ستالین "دەوڵەت" بە نیشانەی "نەتەوە" دانانێ، چۆنکە لای وایە -کە ئەمە راستیشە- هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبوو، وەنەبێ ئیتر نەتەوە نەبێ.

کەچی سەیر ئەوەیە هەر ستالین خۆی "ئابووریی هاوبەش" بە نیشانەی هەرە گەورەی "نەتەوە" دا ئەنێ. کەواتە دیارە ستالین لە ژێرەوە دان بەوەدا ئەنێ کە دەوڵەت دەستێکی زۆر باڵای هەیە لەم رووەوە. چۆنکە ئەوەی راستی بێ (دەوڵەت) و (ئابووری) لە یەک جیا ناکرێنەوە. ئەی ئەگەر وانیە بۆچی شیوعیەکان هەوڵ ئەدەن هەرچی دەوڵەتی دنیا هەیە بیخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە؟ ئەی ئایە ئەوە بۆ ئەوە نییە کە رژێمی ئابووریی ئەو دەوڵەتانە بگۆڕن لەرێگەی دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتەوە؟

خۆ ئەگەر دەوڵەتیان بە شتێکی گرنگ نەزانیایە، ئەبوو بیانتوانیایە بەبێ دەستگرتن بە سەریدا رژێمە ئابوورییەکەی بگۆڕن، ئەمجا کەوابێ ئەبێ بپرسین ئەی بۆچی ستالین بە سەرزاری ناوی "دەوڵەت" نابا؟ ئێمە بڕوامان وایە وەرامی ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ:

(١)- چۆنکە مارکسییەکان -وەک وتمان- هەموو بزووتنەوەیەک ئەبەنەوە سەر ناکۆکیی ئابووریی نێو چینەکانی کۆمەڵگا.

(٢)- چۆنکە خۆشیان ئەزانن ئەگەر ناوی "دەوڵەت" بەرن و بیکەن بە مەرج بۆ نەتەوە، دیارە ئەو نەتەوانەی دەوڵەتیان نییە بەجارێک لێیان زیز ئەبن، بەتایبەتی خۆیان لە سەت نەتەوە زیاتر وا لە ژێر دەستیاندا کە لە حەفتایان پتر تەنانەت "خودموختاری"یە درۆیینەکەشیان نییە. بەلاّم کە وتیان "ئابووری"، خۆی لە ناوەرۆکدا وەکو وتمان مانای "دەوڵەت" ئەگرێتەوە. ئیتر پێویست ناکات ناوی دەوڵەت بەرن و خۆیان بخەنە گێژاوەوە.

(٣)- چۆنکە "یەکێتی سۆڤێت" بە دەیان نەتەوەی بێدەوڵەتی تێدایە، خۆ ئەگەر بێتو هەر یەکەیان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بدەنێ، ئەوا رووسیا دەستی لە بنی هەمانەکە دەرئەچێ. هەروەها وەکو لە پێشەوە وتمان دەسکەوتی ئابووری؛ گەلێک نەتەوە بە یەکەوە ئەبەستێ و زمانی نەتەوە گەورەکە زاڵ

ئەکا بەسەر ئەوانی تردا. هەر لەسەر ئەم داوو دەزمیرەش رووسەکان ئەیانەوێ نەتەوە بچووکەکانی یەکێتیی سۆڤیێت کە دەوڵەتیان نییە لە بۆتەی نەتەوایەتیی رووسدا بیانتوێننەوە.

ئەمە وا، خۆ ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیێت سەیر بکەین، دەبینین هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە شیوعییەکان خۆیان پێی ئەڵێن "دەستکردی ئیستعمار" و لە هەمان کاتدا کوردستانیان داگیرکردووە، رووسیا هەمیشە مێچکە مێچکەیان بۆ ئەکات.و چەک و پارەیان ئەداتێ بە لێشاو و، چاو لە هەموو ئەو کوردانە ئەپۆشێ کە لە ژێر باری گرانی ئەو دەوڵەتانەدا دەناڵێنن. بۆ وێنە لەو کاتەدا کە حکوومەتی ئێران ناوچەی "جوانرۆ"ی بۆمباباران ئەکرد، رووسەکان بەوپەڕی شانازییەوە (شا)یان بانگکرد بۆ رووسیا و لەوێ مەدالیای زێرینیان کرد بە سنگیدا. ئەمە بێجگە لە پشێپشێکردن و یارمەتیدان و لەسەرکردنەوەیان بۆ کاربەدەستانی ترکیا و عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەب. ئایە ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوی دەوڵەتی هەیە بەنرختر و بەڕێزتر و لە پێشترە لەوانەی بێدەوڵەت و مایە پووچن وەک کورد؟

هەروەها ئەگەر دەوڵەت نرخی نەبووایە بەلای شیوعییەکانەوە، بەم هەموو جۆش و خرۆشەوە شەڕیان لەسەر پاراستنی "یەکێتیی عێراق" و "یەکێتیی سووریا" و... هتد نەدەکرد و نەدەچوون بەگژ ئەو کوردپەروەرانەدا کە خۆیان بە کلکی ئەو دەوڵەتانە نازانن. ئەوان کە ئەم هەرا و هۆریایە بەرپا ئەکەن بەناوی ئەوەوە کە گوایە ئەبێ خەباتی چینایەتی لەسەر بناغەی (قطریکی سیاسی) بێ و لەو سنوورە دەرنەچێ، نەک لەسەر بناغەی "نەتەوە"، وە کە ئەڵێن نابێ "حیزبی شیوعیی کوردستانی" دروست ببێ، هەر بیانوویان ئەوەیە کە کوردستان دەوڵەتێکی نەخشە بۆ کێشراوی دانپێدانراوی نییە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کاتێک ستالین ئەم مەرجانەی داناوە بۆ نەتەوە، "زمان و ئابووریی هاوبەش و مێژوو و ئەرز و هەستی هاوبەش" زۆر بە توندییەوە پەلاماری ئەو جوولەکانەی ئەدا کە ئەیان ووت "ئێمە نەتەوەین". تەنانەت ستالین لە نووسینەکانیدا ئەیوت "جوولەکە نەتەوە نین" چونکە ئەرزی هاوبەش و زمانی هاوبەش و ئابووریی

هاوبەشیان نییە". بەڵام هەر ئەو جوولەکانە بوون کە لەم دواییەدا ستالین خۆی دانیپێدانان و یارمەتیدان بۆ ئەوەی بینە دەوڵەت، ئایە ئەمە سەرشۆڕکردنە بۆ هێزی جوولەکە و کاری کراو، یان پێچەوانە جوولانەوەیە بەرامبەر دەستووری شیوعیێتی" (۳۷)

هـ- دەوڵەت دەزگەیەکە کۆن بووە، سەردەم سەردەمی گلۆبالیزمە، دەوڵەتەکان بەرەو یەکگرتن دەچن، کاتی دروستکردنی دەوڵەتی کورد بەسەرچووە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم قسەیە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێ کە دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان هەیە و بە هەموو جۆرێک دەیپارێزن، وەک ترک و عەرەب و فارس. ئێستە با بزانین ئەو بانگەشەیەی کە دەبێژێ "دەوڵەت دەزگەیەکە کۆن بووە"، واتە، "باوی نەماوە" و سەردەمی بەسەرچووە، تا چ هەندازەیەک راستە.

عەرەبەکان ۲۳ دەوڵەتیان هەیە و هەموو ئەم دەوڵەتانە سەربەخۆن و هەمووشیان باسی "برایەتیی عەرەب و عەرەب" و "هاوکاریی نێوان عەرەب و عەرەب" و "یەکێتیی گشتگری عەرەب" دەکەن، بەڵام هەتا ئێستا نەیانویستووە یەکگرن. لە مانگی شوباتی ۱۹۵۸ دا میسر و سووریا بە سەرکردەیەتیی جەمال عەبدولناسر یەکیان گرت، کەچی هەمووی سێ ساڵ بەرگەی گرت و لە ۱۹۶۱ دا هەڵوەشایەوە. هۆی ئەم یەکنەگرتنەی عەرەب ئەوەیە کە هەر یەکەیان دەیەوێ بە هەموو جۆرێک سەربەخۆیی دەوڵەتەکەی خۆی بپارێزێ. تەنانەت یەکێتییەکی فیدەرالیش کە ساڵانی ساڵە قسە دەکرێ لێی؛ هێشتا سەری نەگرتووە، ئەمەش لە ترسی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لە یەکگرتنێکی فیدەرالیدا بەرامبەر دەسەڵاتی نێوەندی کەم دەبێتەوە. تەنانەت عەرەبی بیابانی مەغریب (صحراء المغرب) کە لە چل هەزار کەس پتر نین دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان هەبێ و نایانەوێ ببنە بەشێک لە مەغریب. ئەمەش مانای وایە کە دەوڵەت لەلای گەلانی عەرەب، نەک هەر "کۆن نەبووە" و "باوی ماوە"، بەڵکو زۆر زۆر گرنگ و پیرۆزە، ئەگەرچی هەموویان عەرەبن و ئەگەر بێتو دەوڵەتێکی یەکگرتوو دروستبکەن، هەر دەوڵەتی عەرەب دەبێ.

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی ترک لە ١٩٢٣ دا بەناوی "ترکیا"وە، سەرانی ئەم دەوڵەتە بە ئاشکرا و بە نهێنی هەوڵی دامەزراندنی تورانستانێک دەدەن کە گەلە ترکزمانەکانی دەوڵەتی سۆڤیێت و دەوڵەتی چینیش بگرێتەوە. دوای رووخانی دەوڵەتی سۆڤیێت چەند دەوڵەتێکی ترکزمان لە ئاسیای نێوەڕاستدا پەیدابوون، وەک: ئازربایجان، ترکمانستان، کازاخستان، کرگیزستان و.. هتد کە ئەمانە هەموو بە بانگێشتی سەرانی دەوڵەتی ترک لە ئەنقەرە کۆبوونەوە و لیژنەیەکیان دروستکرد بە ئامانجی دامەزراندنی تورانستانێکی گەورە. ئازربایجان لە هەموو ئەمانە پتر چالاکی نواند. بێجگە لەوەی کە ئەژانسی دەنگوباسەکەی نێونا "توران"، کۆمیتەیەکیشی دروستکرد بەناوی "کۆمیتەی ئینتەرناسیونالی ئازربایجان"ەوە کە هەوڵی جیاکردنەوەی ئازربایجانی ئێرانیش دەدا (بە ئازربایجانی رۆژاوایشەوە کە بەشێکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان)، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستە هیچ جۆرە دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەنێو ئەم ترکزمانانەدا دروستنەبووە، چونکە دەوڵەتی ترک دەیەوێ خۆی بکاتە سەرگەورەی ئەم ترکانە و بێجگە لەوەش زمانی ئەم ترکانە هێندە لەیەک جیاوازە کە لە یەکدی ناگەن. تەنانەت سلێمان دەمیریل سەرکۆماری ئەو کاتەی دەوڵەتی ترک کە چوو بۆ سەردانی کازاخستان ناچار بوو وەرگێڕێک لەگەڵ خۆی ببا تا لە قسەی خەڵکەکەی ئەوێ بگا. بەمەدا دەردەکەوێ کە تورانییەکانیش کە لە هەموو ئەوانی دیکە پتر کوژراوی دامەزراندنی ئیمپراتۆرێتییەکن؛ هێشتا دڵیان بڕوێی نادا واز لە سەربەخۆیی دەوڵەتەکانی خۆیان بهێنن، ئەگەرچی هەموویان ترکن.

لێرەدا پرسیارێکی دیکەش دێتە پێشەوە. ئەگەر دەوڵەت گرنگ نییە بۆ ترک، بۆچی لەشکری ترک لە ساڵی ١٩٧٣ دا پەلاماری قوبرسی دا و ٤٠./ی خاکەکەی بەزۆری لەشکر داگیرکرد و "کۆمارێکی ترک"ی بۆ ترکەکانی ئەوێ دروستکرد و رێی نەدا کە ترکەکان وەک کەمایەتییەک لە قوبرس لەگەڵ یۆنانییەکانی ئەوێ لە سنووری دەوڵەتی قوبرسدا بمێننەوە؟ باشە! ئێستە وا یەکێتیی ئەورووپا دامەزراوە و قوبرسیش دەبێتە ئەندامێکی یەکێتیی ئەورووپا، بۆچی دەبێ لا لەوێچێک ترک لە قوبرس دەوڵەتێکی خۆی هەبێ؟؟؟ ئەگەر

"دەوڵەت دەزگەیەکە کۆن بووە" و "کاتی بەسەرچووە"؟؟؟

فارسەکانیش پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤیێت و سەربەخۆبوونی تاجیکستان کە بەشێکی خەڵکەکەی ئەویش بە شێوەیەکی فارسی قسە دەکەن، هەوڵیان دا جۆرە یەکگرتنێک لەنێو "وڵاتە فارسیزمانەکان"دا بهێننە کایە. سەرکردەکانی ئێران بیریان لە یەکگرتنێک کردەوە لە نێوانی "ئێران و ئەفغانستان و تاجیکستان"دا. دەیانویست ئەمە بەنێوی "یەکێتیی فارسیزمانانی موسڵمان"ەوە بکەن. ئەمەش سەری نەگرت لەبەر گەلێک هۆ. یەکەم زمانی فارسی زمانی هەموو گەلانی ئێران نییە، هەرچەندە زمانی فارسی زمانی رەسمی دەوڵەتی ئێرانە، ئەوەش بێپرس و راوەرگرتنی گەلانی ئێران، بەڵام فارسەکان کەمایەتییەکن لە ئێراندا. گەلانی کورد و بەلووچ و ترک و عەرەب و... هتد زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران پێکدەهێنن. ئەفغانستانیش هەمووی فارسیزمان نییە، بەڵکو پەشتوونەکان نیوەی خەڵکی ئەفغانستانن، ئەگەر لە نیوە پتر نەبن. تاجیکستانیش هەمووی فارسیزمان نییە. ئەمە بێجگە لەوەی کە فارسی ئێران شیعە و فارس و پەشتوونی ئەفغانستان سوننین و تاجیکەکانیش هەر سوننین. دیارە کە رژێمی ئێران دەیویست خۆی بکاتە دەمڕاست و سەرکردەی ئەم یەکگرتنی "فارسیزمانی موسڵمان"ە هەر لەسەرەتاوە سەری نەگرت.

هێندەک جار نوێنەرانی دەوڵەتەکانی عەرەب و ترک و فارس کە باسی یەکگرتنی دەوڵەتان و دامەزراندنی دەوڵەتی گەورە دەکەن ، هەرچەندە خۆیان بەکردەوە دەوڵەتەکانی خۆیان دەپارێزن لە هەموو یەکگرتنێک کە دەسەڵاتیان کەمبکاتەوە، یەکێتیی ئەورووپا بە نموونە دەهێننەوە. سەیرەکە ئەوەیە ئەمانە خۆیان باسی "یەکێتیی ئەورووپا" دەکەن، بەڵام چاو لە "یەکێتیی ئەورووپا" ناکەن. یەکێتیی ئەورووپا لەم پلەیەدا یەکگرتنێکی ئابوورییە لەنێوان چەند دەوڵەتێکی ئەورووپاییدا کە جارێ بە "یەکێتیی پارە" (یۆرۆ) دەستیپێکردووە. هەر دەوڵەتێک لەم دەوڵەتانە سەربەخۆیی ناسیۆنال و سنووری خۆی پاراستووە. یەکێتیی ئەورووپا نەبووە بەهۆی تواندنەوەی ئەم دەوڵەتانە لە یەک دەوڵەتدا و بەزۆر سەپاندنی زمانێک بەسەر هەموو گەلەکانی ئەورووپادا و

بندەستکردنی گەلانی ئەوروپا لەلایەن یەکێکیانەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ترک و عەرەب و فارس لە سنووری دەوڵەتەکانی خۆیاندا خاکی کوردستانیان بەزۆر بە خۆیانەوە نووساندوە و گەلی کورد دەچەوسێننەوە و زمانی خۆیان بەزۆر دەسەپێنن بەسەر کورددا، ئەوەتە دەوڵەتی ترک کە هێشتا ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا نییە، بەڵام بە زۆری ئەمریکا پاڵێوراوە بو ئەندامەتی، رازی نییە لەسەر نەرێت و دەستووری ئەوروپا بڕوا بەرێوە، کە دان بە مافی سەربەستیی بەکارهێنانی زمانی زگماکدا دەنێ.. دەوڵەتی ترک تەنانەت دان بەوەدا نانێ کە کورد مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن و رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفیزیۆنیان هەبێ. ئەوجا ئینستە "یەکێتیی ئەوروپا" لە کوێ و ترک و عەرەب و فارس لە کوێ؟ راستییەکەی، بێجگە لە جیاوازیتیی فەرهەنگی و رامیاری، جیاوازییەکی جوگرافیایی یەکجار زۆر هەیە لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپا و دەوڵەتانی ترک و عەرەب و فارسدا. دەوڵەتانی ئەوروپا سنوورەکانیان لەسەرخۆ و لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دوورو درێژەوە دروست بووە. هەرچەندە لەم دەوڵەت یان ئەو دەوڵەتدا خاکی گەلێکی جیاواز لە سنووری دەوڵەتی ناسیۆنالی گەلێکی دیکەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی دیمۆکراتی و فیدەراڵی زۆربەی زۆری ئەم دەوڵەتانە؛ تا هەندازەیەکی زۆر مافی ئەو کەمە گەلانەی پاراستووە، وەک ئەڵمانەکانی هەرێمی سویدتیرۆل لە ئیتالیا و هەرێمی باسکەکان و کەتەلانەکان لە ئیسپانیا و ڤالۆنەکان لە بەلجیکا و فەرەنسەیی و ئیتالیایی و رۆمانەکانی سویسرە. بەکورتی کێشەی ناسیۆنال لە ئەوروپا، یان بەجارێک چارەسەر بووە، یان بەرەو چارەسەرکردن دەچێ. بەڵام دەوڵەتانی ترک و عەرەب و فارس کە داگیرکەرانی کوردستانن، هیچیان لە پرۆسەی مێژوویيدا دروست نە بوون، هەموویان پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و بەپێی بەرژەوەندیی ئابووری و ستراتیژی دەوڵەتەکانی ئەوروپا، بە شێوەی ناسیۆنالی یەک گەل لەسەر خاکی کوردستان و خاکی گەلانی دیکە دروستبوون. بۆ وێنە: تا ساڵی ١٩٢٣ دەوڵەتێک بەنێوی دەوڵەتی "ترکیا"وە نەبووە. خاکێکیش بەنێوی "ترکیا"وە نەبووە. بەڵام کوردستان سەتان ساڵ پێش ئەمە هەبووە. ترکەکان لە سنووری ئیمپراتۆریتیی عوسمانیدا دەژیان و

دەوڵەتەکە نێوی "دەوڵەتی عوسمانی" بوو. لە نێوەڕاستی سەتەی نۆزدەدا چەند کتێبێک لەلایەن چەند ڕۆژهەڵاتناس و بازرگانێکی ئەوروپاییەوە دەرچوو کە باسی "ئازایەتی و هۆشیاری و ژیهاتێتی"ی ڕەگەزی ترکیان دەکرد وەک "ڕەگەزێکی جیاواز" لەوانی دیکەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی. نووسەری یەکێک لەوانە جوولەکەیەکی ئینگلیز بوو نێوی Arthur Lumley David بوو. ئەم کابرایە کتێبێکی نووسی بوو لەوێدا ترکەکانی بە "ڕەگەزێکی دانسقەی سەربەخۆ" دابووە قەڵەم کە لە "ڕەگەزی عەرەب و ڕۆژهەڵاتییەکانی دی زیرەکترن". لە نێوەڕاستی سەتەی نۆزدەدا کتێبەکانی ئەم داڤیدە کران بە ترکی. ڕۆژهەڵاتناس Bernard Lewis لەم بارەیەوە دەبێژێ: "ترکەکان بە قۆپینکردنی بەرهەمی ڕۆژاوایی، نەتەوایەتیی خۆیان دۆزییەوە". (تەماشای کتێبی: Bernard Lewis: Islam in History, London 1973, p. 132)

لە ساڵی ١٨٩٩ دا جوولەکەیەکی فەڕەنسی کە نێوی David Leon Cohun بوو پەرتوکێکی بڵاوکردەوە لەژێر نێوی Introduction Generale a L'Histoire de L'Asie لەمەدا ترکی وەک "ڕەگەزێکی یەکجار زیرەک" هەڵداوە. کە ئەم پەرتوکە کرایە ترکی؛ بوو بە خۆراکی گیانیی ژۆن ترکەکان وەک مەجید خەدوری باسی دەکا ... وشەی "ژۆن" وشەیەکی فەڕەنسییە بە مانای "گەنج، خورت" دێ. بێرنارد لیڤیس لە سەرچاوەی باسکراودا باسی ڕۆژهەڵاتناسێک دەکا بەنێوی Arminus Vambery (1832-1918) کە کوڕی جوولەکەیەکی هەنگاری بووە و بە نووسینەکانی یارمەتیی ژیاندنەوەی زمان و نەتەوایەتیی ترکی داوە. لە سەرەتای سەتەی بیستەمدا "ژۆن ترکەکان" هێندە بەهێز بوو بوون، بەتایبەتی لەنێو لەشکری عوسمانیدا، توانیان لە ساڵی ١٩٠٨ دا کودەتایەک دژی سوڵتانی عوسمانی بکەن و لە دەسەڵاتی بخەن و خۆیان حکوومەت بگرنە دەست. ئەمانە بە نیازی دروستکردنی "دەوڵەتێکی ناسیۆنال" بۆ ترک بیریان لەوە کردەوە کە نەتەوەکانی دیکە لەنێو ببەن. لە ١٩١٥ دا گەلکوژییان لە ئەرمەنییەکان کرد، لە ١٩١٦ دا گەلکوژییان لە

یۆنانییەکان کرد، لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا هەزاران کوردیان لە بتلیس و خەرپوت و وان کوشت و ۷۰۰ هەزار کوردیان لە کوردستانەوە گواستەوە بۆ رۆژاوای ئەناتۆلْ. بەلاْم ژۆن ترکەکان بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال پاش ئەمەش نەیانتوانی دەولْەتی ناسیۆنالی ترک دروستبکەن؛ چۆنکە وەک هاوپەیمانی ئەلْمانیا شەڕیان دۆڕاند و سوێندخوران پەیمانی سێڤریان بەسەر دەولْەتی عوسمانیدا سەپاند. بەلاْم دیپلۆماسیێتیی ژۆن ترکەکان و بردنەوەی شەڕ دژی یۆنانییەکان و خۆ نێزیککردنەوە لە دەولْەتی تازە دروستبووی سۆڤێت و بەستنی پەیمانی "هاوڕێیەتی" لەگەلْ سۆڤێت لە ۱۹۲۱ دا؛ مەترسی خستە دلْی دەولْەتە سوێندخورەکانەوە و ئەوجا پەیمانی "لۆزان"یان لەگەلْ مستەفا کەمال لە ۱۹۲۳ دا ئیمزا کرد و بەوە دەولْەتێک بە نێوی "ترکیا"وە وەک قارچک لە زەوی هەلْتۆقی.

دەولْەتی ئێرانیش ئیمپراتۆرێتیی قاجاری بوو. کە قاجارەکان هۆزێکی ترکمان بوون. لە سالْی ۱۹۲۱ دا رەزا میر پێنج کە فەرماندەی لەشکری قوزاقی رووسەکان بوو لە باکووری ئێران، بە چاولێکەریی مستەفا کەمال کودەتایەکی دژی حکوومەتی قاجار کرد و دوایی بە پشتگیریی بەریتانیا خۆی کرد بە "شا" و خۆی نێونا "پەهلەوی". لە سالْی ۱۹۳۷دا وشەی قاجاری گۆڕی و وشەی "ئێران"ی بە رەسمی بۆ دەولْەتەکەی بەکارهێنا و کردی بە دەولْەتی ناسیۆنالی فارس. لەکاتێکدا کە ئێران ئیمپراتۆرێتییەکی فرەگەلە، کورد، فارس، بلووچ، ترک، عەرەب... هتد لەوێ دەژین.

عێراقیش لە ۱۹۲۱دا دروستکرا وکرا بە حکوومەت لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە کە لەوێ داگیرکەر بوون، ئەو حەلە باشووری کوردستان (کە ویلایەتی مووسلْی عوسمانی بوو) لەسەر عێراق نەبوو. لە بەشێکی باشووری کوردستاندا حکوومەتێکی کوردستانی هەبوو بە فەرمانڕەوایەتیی شێخ مەحموود کە لە ۱۹۱۹ ەوە دامەزرابوو و بەریتانیا بەڕەسمی دانی پێدا نابوو. ئەوە یەکەمین دەولْەتی ناسیۆنال بوو لە هەموو خۆرهەلاْتی ناڤیندا. بەلاْم کە سیاسەتی بەریتانیا گۆڕا، باشووری کوردستان بەزۆری لەشکری بەریتانیا

خرایە سەر عێراق. لە کاتێکدا کە کوردی ئەوێ دژی ئەوەبوون بنووسێنرێن بە عێراقەوە.

رۆژاوای کوردستانیش کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بوو بە نێوچەی منداتی فەرەنسا، کە لە سووریا و لوبنان مانداتداربوون. پاش ئەوەی فەرەنسا لە ١٩٤٦ دا سووریا و لوبنانی بەجێهێشت درا بە حکوومەتی سووریا.

کوردەکانی سۆڤێتیش کە کۆماری ئۆتۆنۆمیداری "کوردستانی سۆر"یان هەبوو لە سەردەمی لێنیندا، پاش نەمانی لینین، ستالین کۆمارەکەی رووخاندن و کوردەکانی کۆچ دا بۆ سیبیریا و کازاخستان و خاکەکەیانی بە دیاری دا بە تورانییەکانی ئازربایجان.

بەکورتی ئەم دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەشکردووە لە نێو خۆیاندا، هیچیان دەوڵەتی خۆرسکی نین بەڵکو لە ئەنجامی فرتو فێڵی کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپاوە دروستکراون و هەموو دەوڵەتی دەستکردن و لەوە دەترسن ئەگەر مافێک بە کورد رەوا ببینن، دەوڵەتەکانیان لە یەک بترازێ. لەبەر ئەوە بە هەموو جۆرێ دژی سیستەمی دیمۆکراسی دەوەستن. ئەمانە دیمۆکراسی بەو هەتاوە دەبینن کە بۆگەن لە گۆشتی گەنیو هەڵدەستێنێ و شیرازەی دەوڵەتە دەستکردەکانیان هەڵدەپچڕێنێ.

و- ئێمە موسڵمانین و کوردیش موسڵمانن، ئیدی چ پێویست دەکا کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ؟

جارێ با بێینە سەر ئەو بانگەشەیەی کە دەبێژێ "کورد موسڵمانن" و ئەم بابەتە شیبکەینەوە. کوردستان بێشکەی شارستانیتیی کۆن بووە. لەم وڵاتەدا گەلێک شارستانیتیی گەورە و پرشنگداری وەک هی کاردۆخەکان و خۆرییەکان و میتانییەکان و پارتەکان و هەتیتەکان و مادەکان و ئاسوورییەکان و یۆنانەکان و گۆتییەکان وئیلامییەکان هەبووە. هێندەک لەمانە لە کوردستاندا ماونەتەوە، یان پاش ماوەیەک کوردستانیان بەجێهێشتووە. هەروەها کوردستان مەڵبەندی گەلێک رامانی ئایینیە وەک میترایی (خودێتیی

خۆر)، مەزدایی (زەردەشتێتی)، بوودایی، مووسایی، دیانی، مانێتی، یارسانی (کاکەیی، ئەهلی حەق)، ئێزدێتی، ئەلەڤیتی و... هتد.

کورد هەر لە کۆنەوە و پێش ئەوەی ئیسلامەتی بێتە کوردستانەوە لە نێوەڕاستی سەتەی هەوتەمی زاییندا، بە هۆی کێشی زەردەشتێتی و مووسایەتی و عیسایەتییەوە، خودێتیی تاک و تەنێ و نەبینراویان ناسیوە. عەرەبەکان پێش ئیسلامەتی بتپەرست بوون، لەبەر ئەوە ئاینی ئیسلامەتی، وەک ئاینێکی مۆنۆتیێزم (تاکپەرستی) بەلای کوردەوە شتێکی سەیر و نامۆ نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا کورد چەند سەتەیەک بەربەرەکانێی عەرەبە پەلامارەدەرەکانی کردووە و ئاینی ئیسلام زۆر لەسەرخۆ لە نێو کورددا بڵاوبووەوە. ئەو کوردانەی بوونە موسڵمان، چ لە ڕێی زانست و هونەرەوە و چ لە رووی سوپایی و بەرێوەبەرێتی دەوڵەتەوە خزمەتی گەورەیان بە عەرەب و گەلانی دیکەی موسڵمان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە کورد هەر لەسەر ئاینە کۆنەکانی خۆیان مانەوە. ئەورۆ لەنێو کورددا بێجگە لە ئاینی ئیسلام (کە بەسەر سوننی و شیعەدا دابەشبوون)، ئاینی یارسان، ئاینی ئێزدی، ئاینی ئەلەوی، ئاینی شەبەک، ئاینی هەققە، ئاینی بەهایی، ئاینی زەردەشتی، ئاینی مووسایی، ئاینی عیسایی هەیە. سەرژمێرێکی تەواو بۆ ژمارەی پێوەندارانی ئاینەکان لە کوردستاندا نییە، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ کە سێ یەکی کورد موسڵمان نین. ئەمە بێجگە لەوەی کە بەشی زۆری موسڵمانە کوردەکان سوننی و بەشێکی کەمی شیعەیە. داگیرکەرانی کوردستان کە موسڵمانن، کوردە موسڵمانەکان وەک دوژمن تەماشا دەکەن. لە عێراق کە حکوومەتەکەی عەرەبی سوننییە، کوردە شیعەکان چەوساوەتر و بەشخوراوترن لە کوردە سوننییەکان. سەددام حسەین لە زستانی ساڵی ۱۹۷۰ دا هەزاران کوردی شیعەی لە عێراق دەرکردە ئێران. لە ٤ی نیسانی ۱۹۸۰ دا سەددام جارەکی دیکە ملیونێک کوردی شیعەی (بەزۆری فەیلی) رەهەندەی ئێران کرد و نێزیکەی حەوت هەزار کوڕی کوردە فەیلییەکانی گرت کە تەمەنیان لە ۱٥-۲٥ ساڵیدا بوو.. هتد. ئەمانەی نارد بۆ شەری عێراق و ئێران و هێندێک ئەزموونی چەکی کیمیایی تاقیکرایەوە لەسەر لەشیان. ئەمە لە کاتێکدا کە کوردە فەیلییەکان

دانیشتووانی بنەڕەتی شاری بەغدا و دەورو پشتی بەغدان. هەر حکوومەتی سوننی عێراق بوو کە چەکی کیمیایی دژی کوردی سوننی شاری هەڵەبجە و بادینان و سەردەشت بەکارهێنا و ئەنفالی دژی کوردی سوننی کرد کە پتر لە دوو سەت هەزار کورد لەمەدا کوژران، یان بێ سەرو شوێن مان. حکوومەتی ئێران کە حکوومەتی شیعەیە، کوردە سوننییەکانی ژێردەستی دەچەوسێنێتەوە و ڕێ نادا کوردێکی سوننی یان کوردێکی شیعە ببێتە کاربەدەستێکی گەورە.

کوردی سووریا بەزۆری موسڵمانی سوننی و ئێزدین، بەڵام حکوومەتی سووریا کە بە دەستی عەلەوییەکانەوەیە، لەبەر ئەوە کوردی سووریا وەک کوردی موسڵمان و کوردی ئێزدی، لەلایەن ڕژێمی بەعسی عەلەوییەوە دەچەوسێنرێتەوە. کوردی موسڵمان لە وڵاتی ترکدا شافعین، بەڵام ترکە موسڵمانەکان حەنەفین، لەبەر ئەوە کورد لە دەوڵەتی ترکدا دەچەوسێنرێتەوە، نەک هەر لەبەر ئەوەی کوردن، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشێکیان موسڵمانی شافعین و بەشێکیشیان سەر بە ئاینی عەلەوی و بەشێکیان ئێزدین.

ئێستە با بزانین ئەم بانگەشەیەی کە دەبێژێ "کورد موسڵمانن" لە کەینییەوە پەیدابووە.

ئەم قسەیە بەزۆری لەم بیست ساڵەی دواییدا کەوتووەتە سەر زمان، بەتایبەتی پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی و دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" لەلایەن ڕۆحوڵلای خومەینییەوە لە ٢٢ی بەهمەنی ١٣٥٧ دا (شوباتی ١٩٧٩) پاش خستنی ڕژێمی شا. سیاسەتی خومەینی و ڕژێمەکەی ئەوە بوو "شۆرشی ئیسلامی" هەر لە ئێراندا گۆشەگیر نەکەن، بەڵکو بینێرنە دەرەوە. لەبەر ئەوە ڕژێمی ئیسلامی کەوتە یارمەتیدانی دامەزراندنی "حیزبی ئیسلامی" لە گەلێک وڵاتدا. لە عێراق "حیزبی دەعوەی ئیسلامی" و "ئەنجومەنی بەرزی شۆرشی ئیسلامی عێراق" (مجلس اعلای انقلاب اسلامی عراق) و لە لوبنان "حیزبی خودێ " (حزب الله) دامەزران، کە ئەمانە ڕێکخراوی شیعەن. هەروەها ڕژێمی ئیسلامیی ئێران یارمەتیی حیزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی دا لە وڵاتانی دیکەدا، وەک "حیزبی فەزیلەت"ی ئەربەکان لە دەوڵەتی ترکدا. لە باشووری

کوردستانیشدا چەند رێکخراوێکی ئیسلامی دروستکران و بە پارە و چەک ڕەختکران. جا بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێران پتر پێشانی بدا کە ئیسلامەتی دەکا، سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەستەوە بە کێشەی فەلەستین و دوژمنایەتیکردنی ئیسرائیل و ئەمریکا - کە بە "شەیتانی گەورە" نێوی دەبا - ڕژێمی خومەینی لە بەرەبەیانی شۆڕشدا باسی "ئازادی" و "وەکیەکی" و "برایەتی" دەکرد، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەو قسانە قسەی رووتن. هەر کە کورد داوای هێندەک مافی کولتووری و رامیاریی سادەی خۆیان کرد، لەشکری ئیسلامی پەلاماری کوردستانی دا و بە تۆپ و فڕۆکەی لەسەردەمی شادا لە ئەمریکا کڕاو، کوردستانی تۆپباران و بۆمبا باران کرد و تەنانەت خومەینی بانگی "جیهاد"ی دا دژی خەڵکی کوردستان بەبیانووی ئەوەوە کە "شەیتانی بچووک" لە کوردستانە. لەم ماوەیەدا، بەتایبەتی ترکە ئازەرییەکان وەک زەهیر نەژاد، خاڵخاڵی، و مەلا حەسەنی؛ دەستێکی درێژیان هەبوو لە رشتنی خوێنی کورددا بەنێوی ئیسلامەوە، بەڵام لە راستیدا لە هەستی شۆڤێنیزمی ترکەوە بوو.

لە سەردەمی ژیانی خومەینی و هەتا سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمی، کورد هەر نەک بە نێوی "بەربەرەکانێی دوژمنانی ئیسلام"ەوە لەنێو ئێراندا دەچەوسانەوە، بەڵکو دەستی رژێمی ئێران کەوتە تیرۆرکردنی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سەرکردەکانی کورد وەک قاسملو، شەرەفکەندی، عەبدولی و یەزدانپەنا و گەلێک لەو کوردە چالاکانەی کە پەنایان بردبووە بەر باشووری کوردستان و وڵاتەکانی دیکەی جیهان.

کە خاتەمی هاتە سەرکار، دەستیکرد بە بەڵێندانێکی فشو فۆڵ بە کورد. ئەنجامی بەڵێنەکەشی ئەوەیە لە سەردەمی سەرکۆمارێتی بەڕێزیدا یەک کورد (سوننی بێ یان شیعە بێ) لە کابینەکەیدا نییە. هەتا ئێستە تەنانەت لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوردستاندا بە کوردی ناخوێندرێ. چەند رۆژنامەیەک بە کوردی دەردەچن کە ئەگەر پەسنی رژێمی ئێران نەدەن، دەستبەجێ دادەخرێن. ئاو بێنە و دەست بشۆ.

باشە، ئەگەر ئەمانە موسڵمانن و موسڵمانەتی -وەک خۆیان دەبێژن- مانای

"برایەتی" و "وەکیەکی" یە بۆچی دەبێ کورد، کە بە قسەی وان "گەلێکی موسڵمانە" هیچ جۆرە مافێکی نەبێ، ئەگەر ئیسلامەتی ئیسلامەتییە، بۆچی دەبێ دەوڵەتی ئێران دەوڵەتی شیعەی فارس و ئازەری بێ و دەوڵەتی کوردە سوننی و شیعەکان و موسڵمانە سوننییەکانی بلووچستان و ترکمان سەحراش نەبێ، و موسڵمانە سوننییەکان هیچ مافێکیان نەبێ؟ باشە! ئەگەر دەوڵەتی ئێران دەوڵەتێکی ئیسلامییە بۆچی دەبێ سەرکۆمار بە "بنەچە و رەچەڵەک" ئێرانی و شیعە بێ، کەینێ لە ئیسلامەتیدا "بنەچە و رەچەڵەک" هەیە و کەینێ ئیسلام "شیعەیەتی و سوننەیەتی" لەیەک جیا دەکاتەوە؟

بەمەدا دەردەکەوێ کە موسڵمانەتیی کورد لە ژێر سایەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا هیچ کاتێک نەبووەتە هۆی پاراستنی کورد لە کوشتار و قڕکردن و کاولکردنی ولاتەکەی (کوردستان)دا بە دەستی موسڵمانە ترک و عەرەب و فارسەکان. کاتێک کە کۆنگرەی "دەوڵەتە موسڵمانەکان" دەبەسترێ، باسی موسڵمانانی هەموو شوێنێکی جیهان دەکرێ، بەلام باسی کورد بە هیچ جۆرێک، بە یەک وشەش، نایەتە پێشەوە. چۆنکە داگیرکەرانی ولاتی کورد هەموو موسڵمانن، تەنانەت پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە لە دژی کورد (بەتایبەتی هەڵەبجە) و کوشتنی هەزاران کورد؛ کۆنفرانسی دەوڵەتە موسڵمانەکان دەیگوت ئەوە درۆیە، و عێراق چەکی کیمیایی دژی کورد بەکار نەهێناوە.

دەمێنێتەوە ئەوەی کە دەبێژن "ئێمە هەموو موسڵمانین، کوردیش موسڵمانە، لەبەر ئەوە دەوڵەتی کورد پێویست نییە". باشە، ئەگەر موسڵمانەتی هۆیەک بێ بۆ ئەوەی موسڵمانان تەنێ یەک دەوڵەتیان هەبێ، کەواتە بۆچی ٢٤ دەوڵەتی عەرەب و حەوت دەوڵەتی ترک و دەوڵەتێکی فارس و گەلێک دەوڵەتی موسڵمانی دیکە هەن وەک پاکستان و ئەفغانستان و ئەندەنووسیا؟ بۆچی ئەمانە کە هەموویان موسڵمانن یەکناگرن لەیەک دەوڵەتدا و خاکی یەکدی داگیر دەکەن؟ ئێران لە سەردەمی شادا سێ دوورگەی عەرەبی لە کەنداودا بە زۆری سوپا داگیر کرد، کەچی ئێران بوو بە کۆمارێکی ئیسلامی

وعەرەبەکان داوای سێ دوورگەکەیان کردەوە، ئێران هەڕەشەی شەڕی کرد لێیان؟ بۆچی عێراقی موسڵمان لەگەڵ ئێرانی موسڵمان یەکیاننەگرت و لەجیاتی ئەوە هەشت ساڵ جەنگیان کرد دژی یەک و ملیۆنێک خەڵک کوژران، لەو شەڕانەدا؟ لەبەر ئەوە با دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان عەرەب و ترک و فارس، جارێ ببنە یەک دەوڵەت، ئەوجا داوا لە کورد بکەن کە باسی دەوڵەت نەکا. کەسێک خۆی دەوڵەتی هەبێ و بە زۆری چەک و تیرۆر سنوورەکانی بپارێزێ، مافی ئەوەی نییە کە داوا لە گەلێکی بێدەوڵەت بکا، بێدەوڵەت بمێنێتەوە. ئەگەر دەوڵەت پێویست نییە، با جارێ ئەوانەی دەوڵەتیان هەیە و ئەو قسەیە دەکەن، بچن دەوڵەتەکانیان بکەنە یەک؛ ئەوجا بە کورد بڵێن دەوڵەتت بۆ چییە!!

٦- کورد و تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی"

وەک لەمەوبەر گوتم: "جیابوونەوە خوازی" یەکێکە لەو تۆمەتە قورسانەی کە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا ئێستە، بە جێ و بێ جێ، دەنرێتە پاڵ نیشتمان پەروەرانی کورد و بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردستان. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە: تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی" بە سەر کورددا ناچەسپێ. واتە ئەگەر کوردێک هەوڵی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی دا؛ ئەوا ناتوانرێ هەوڵەکەی بە "جیابوونەوە خوازی" دابنرێ، چۆنکە "جیاکردنەوە" (فصل) مانای کردنەوەی بەشێکە لە گشت، جا ئەگەر کورد بیانەوێ وڵاتەکەیان لەو وڵاتانە جیا بکەنەوە کە پێیانەوە نووسێنراون و خۆیان بکەنە "دەوڵەتێک"؛ ئەوا ئەو دەمە هیچ "بەشێک" لە هیچ "گشتێک" جیا ناکرێتەوە، چۆنکە سەربەخۆ بوونی کوردستان هیچ بەشێک لەو وڵاتانەی ترک و عەرەب و فارس جیا ناکاتەوە. کوردستان هیچ کاتێک کەرتێکی خۆرسکی هیچ وڵاتێک لەو وڵاتانە نەبووە کە ئەمڕۆ ترنجێنراوەتە سنوورەکانیانەوە. بەزۆر لکاندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە، ئەو دوو شتە ناکات بە یەک شت. لێرەدا دەبێ ئەوەش بزانین کە تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی"، تا ئێستە سنوورێکی دیاریکراو دانەنراوە بۆی. لەبەر ئەوە زۆر جار داواکردنی مافێکی گچکەی

وەک خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، یان لەبەرکردنی جلکی کوردی، یان گۆرانی گوتن بە کوردی، یان گلدانەوەی چەند کتێبێکی کوردی لای خۆ؛ بە "نیشانەی جیابوونەوە خوازی" دەدرێتە قەڵەم و خاوەنەکەی بەتوندی سزا دەدرێ. بەکورتی تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی" کوتەکێکە بە دەست دەوڵەتانی ترک و عەرەب و فارسەوە؛ هەر کاتێک بیانەوێ بەکاریدەهێنن لە دژی هەموو جۆرە هەستێکی کوردایەتی و هەموو نیشانەیەکی کوردبوون. بێجگە لەوەش تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی" و بەربەرەکانێی لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، شان بە شانی بەهێزبوونی هەست و بزووتنەوەی کوردایەتی و داواکردنی مافی ناسیۆنالی کورد؛ تیژتر دەکرێ. بۆ وێنە: پاش کودەتای قاسم لە عێراقدا و گەڕانەوەی بارزانی و جۆش سەندنی بزووتنەوەی کوردایەتی؛ قانوونێک دەرچوو لە دژی "جیابوونەوە خوازی". قانوونەکە دەبێژێ:

"قانوونی دەستکاری کردنی قانوونی سزاکاریی بەغدادی، ژمارە (٨) ساڵی ١٩٥٩:

بەندی نۆیەم: هەر کەسێک؛ هێز یان زۆر بەکار بهێنێ بۆ کردنەوەی پارچەیەک لە عێراق و جیاکردنەوەی لێی، یان نووساندنی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە بە کوشتن سزا دەدرێ.

بەندی دەیەم: (أ)- هەر کەسێک بە هۆی یەکێک لەو دەستاوێژە بڵاوکردنەوانەی کە لە بەندی (٧٨)ی قانوونی سزاکارییەکانی بەغدادیدا باس کراون، بکەوێتە هاندان یان فێڵ گێڕان یان کەینوبەین کردن بۆ کردنەوەی پارچەیەک لە عێراق، یان جیاکردنەوەی لێی، یان نووساندنی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە؛ بە کوشتن یان بەکار پێکردنی سەختی هەمیشەیی، یان کاتی، سزا دەدرێ.

(ب)- ئەگەر ئەم تاوانانە لە کاتی جەنگدا، یان لە کاتێکدا کە چاوەڕوانی هەڵگیرسانی جەنگ بکرێ؛ روو بدات، ئەوا سزاکە کوشتن، یان کارپێکردنی سەختی هەمیشەیی دەبێ".

لە زەمانی رەزا شا و چەند رۆژێک پێش کوشتنی سمایل خانی سمکۆ بە فرو فێڵ لە ١٩٣٠/٦/٢١ دا، رەزا شا قانوونێکی سزادانی بۆ ئەوانە دەرکرد کە دژی "ئاسایش" و "سەربەخۆیی وڵات"ن. ئەم قانوونە لە ٢٢ خوردادی ١٣١٠، واتە لە ١٩٣١/٦/١٢ دا دەرچوو بەنێوی "قانون مجازات مقدمین برعلیه امنیت و استقلال مملکت" ەوە واتە "قانوونی سزادانی ئەوانەی لە دژی ئاسایش و سەربەخۆیی وڵات کار دەکەن".

بەندی دووەمی ئەو قانوونە دەبێژێ:

"هەر کەسێک بە جۆرێک لە جۆران بۆ جیاکردنەوەی بەشێک لە ئێران، یان بۆ چەپۆکدان بە تەواوێتی، یان سەربەخۆیی ئێراندا هەنگاو هەڵبهێنێ، بە زیندانی هەمیشەیی لەگەڵ کارپێکردنی سەخت، فەرمان دەدرێ بە سەریدا.

بەندی (٣) دەبێژێ:

"هەر کەسێک، سا یان بە هاودەستیی بێگانە، یان سەربەخۆ؛ دژی وڵاتی ئێران دەست بداتە چەک، فەرمانی کوشتن دەدرێ بە سەریدا".

پاش رووخاندنی کۆماری رۆژهەڵاتی کوردستان (مەهاباد)؛ هەر کوردێک داوای مافێکی کوردی بکردایە، هەرچەندە ئەو مافە گچکەش بووایە؛ هەر بە "جیابوونەوە خواز" (تجزیه طلب) دەدرایە قەڵەم.

هەروەها، پێش کودەتای ئێڤرەن لە ترکیا، لە ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ دا کە یەکێک لە هۆکار و هاندەرەکانی ترسی بەهێز بوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بوو، گەلێک بەند خرانە سەر قانوونی سزای ترکی بۆ بەربەرەکانێی ئەوانەی تۆمەتی "جیابوونەوە خوازی" دەدرێتە پاڵیان. هەر لە مانگی یەکی ١٩٨٠ دا پەرلەمانی ترک قانوونێکی دەرکرد کە رۆژنامەی "تەرجومان" لە ١٩٨٠/١/١٩ دا تێکستەکەی بڵاوکردبووەوە. بەپێی ئەو قانوونە هەموو ئەو "چالاکییانە" قەدەغەکران کە "دەتوانن ببنە هۆی تێکدان، یان هەڵوەشاندنەوەی تەواوێتیی نەتەوە و خاک". دیارە پاش کودەتای ئێڤرەن

گەلێک قانوونی دیکە دەرچوون بۆ بەربەرەکانێی "جیابوونەوە خوازی".

٧- چیرۆکی "ئۆتۆنۆمی" لە کوردستانی بە عێراقەوە نووسێنراودا

عێراق تاکە دەوڵەتێکە لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان لە خۆیان بەشکردووە و باسی "ئۆتۆنۆمی بۆ کورد" دەکات، و ئەوەتە بە کردەوەش جۆرە "ئۆتۆنۆمی"یەکی بە دڵی خۆی، دامەزراندوە، لەبەر ئەوە دەبێ چاوێک بگێڕین بە مێژووی ئەم "ئۆتۆنۆمی"یەدا. ئەوەی راستی بێ؛ بیری "ئۆتۆنۆمی" لەپاش شۆرشی ئەیلوولی ١٩٦١ ەوە و لە ئەنجامی ئەو شۆرشەوە کەوتە کەللەی هێندێک لە کاربەدەستە عەرەبەکانی عێراقەوە، ئەمەش وەک چاولێکەرییەکی کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیا کە لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەم بەپێی پێویست باسی ئۆتۆنۆمییان دەکرد. جا وەنەبێ ئەم هەنگاوەی "ئۆتۆنۆمی" هەر وا یەکسەر هاتبێتە پێشەوە. نەخێر، زۆر لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو. لەپێش شۆرشی ئەیلوولدا؛ بەعسییەکان، وەک هەموو ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی دی، بە هیچ جۆرە مافێکی کورد رازی نەدەبوون. تەنانەت دژی ئەوە دەوەستانەوە کە قوتابیانی کورد و مامۆستایانی کورد رێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبێ. بەڵام کە لە ١٩٦٣/٢/٨ دا بە کودەتا لە دژی قاسم هاتنە سەرکار و خۆیان لە بەردەم شۆرشێکی کورددا دی کە دوو ساڵ بوو هەڵگیرسابوو، نەیانتوانی چاو لە هەموو (واقیع)ێک بپۆشن، و لەپێشەوە کەوتنە باسی (لامەرکەزییەت)؛ کە بەپێی ئەوە عێراقیان کرد بە پێنج پارێزگەوە، یەکێک لەمانە پارێزگەیەک بوو بەنێوی پارێزگەی سلەیمانییەوە کە لە هەرێمەکانی سلەیمانی و هەولێر و قەزای دهۆک و قەزای چەمچەماڵ پێکهاتبوو. واتە دابڕینی کەرکووک و دیالی و خانەقین و گەلێک لە هەرێمەکانی بادینان لە کوردستان. بەڵام ئەوە بوو چۆنکە بەعسییەکان ئەم هەنگاوەیان لە ناچارییەوە هاتبوو، نەک لە باوەڕهێنانەوە بە مافی کورد، سەرکردایەتیی ئەو دەمەی شۆرش -هەرچەندە لەسەرەتاوە کەوتە وتووێژ لەگەڵ بەعسییەکان- بەڵام لە ئەنجامدا نەیتوانی بەو جۆرە "لامەرکەزییەت"ە رازی ببێ

و لە ٩ ی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا بەعسییەکان بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری کوردستانیان دا و شەڕ تازە بووەوە. بەڵام سەبارەت بەوەی سەرکردەکانی ئەو دەمەی بەعسی عێراق، جارێ لە سیاسەتدا ناشی بوون؛ لووت بەرزیی زاڕۆیانە زاڵ بوو بە سەریاندا و هەڵەیەکی یەکجار زۆریان کرد، نەک هەر تەنێ بەرامبەر کورد و کۆمۆنیستەکان و گشت ئەوانەی کە بەعسی نەبوون، بەڵکو تەنانەت بەرامبەر بە ناسریش کە ئاڵا هەڵگری ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو لەو سەردەمەدا. سەبارەت بەمە، بەعسییەکان بێهێز مانەوە و عەبدولسەلام عارفی کۆنە هاوڕێیان کە لەسەر بیری ناسر بوو، توانی تەفرو توونایان بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی عارف شۆڤێنییەکی یەکجار تەنگە تیلکە بوو، و پشتیشی بە ناسر و سۆڤێت بەهێز بوو، ریزەکانی شۆرشی کوردیش بەهۆی ئاژاوەنانەوەی لایەنگرانی جەلال تالەبانی و ماستاو ساردکردنەوەی هێندێک لەوانەی خۆیان کردبووە دۆستی بارزانی، تەواو شێوابوو، عارف هەلیدەسکەوت و باسی "لامەرکەزییەت"ەکەشی نەکرد و لە دەستوورەکەشیدا بەتەواوی کوردی خستە پشتگوێ و جارێکی دی لەشکری ناردەوە کوردستان، هەتا لە ١٩٦٦/٤/٣ دا فرۆکەکەی کەوتە خوارەوە و مرد و براکەی کە عبدالرحمن عارف بوو لە ٤/١٧ ی ئەو ساڵەدا خۆی کرد بە سەرکۆمار و لەسەر شەڕی کورد رۆی بەڵام کە زانی پێیناکرێ، ئەوجا کەوتە فرتو فێڵ و بۆ ئەوەی دان بە "ئۆتۆنۆمیی کوردستان"دا نەنێ، سەرۆک وەزیرەکەی کە بەززاز بوو راسپارد کە لەگەڵ سەرکردەکانی شۆرش رێکبکەوێ لەسەر چەند شتێک کە ئەمە بە بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەنێوبانگە، و لە چەند مافێکی سادە و بێنێوەرۆک بەولاوە چی دی نییە. دیارە ئەمەش هەر بە نیازی هەڵخەڵەتاندنی کورد بوو، چونکە هەر پاش ئەوەی بەززاز ئەم بەیانەی دەرکرد، دەست بەجێ لەلایەن سوپاییە شۆڤێنیستەکانی عەرەبەوە رووخێنرا و لەسەر کار لابرا. ئەوجا ئەو سەرۆک وەزیرانەی دوای ئەو هاتن؛ وەک ناجي طالب و طاهر يحى، بەیانی ٢٩ ی حوزەیرانیان هەر دواخست و جێبەجێنەکرد، و لەجیاتی ئەوە لەلایەکەوە کەوتنە بەهێزکردنی ئەو لایەنانەی دژی بارزانی بوون، وەک لایەنگرانی جەلال تالەبانی کە لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە کەوتبوونە بەربەرەکانێی سەرکردایەتیی

بارزانی و لە ١٩٦٦ ەوە کەوتبوونە هاوکاریکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، لەلایەکی دیشەوە؛ کەوتنە هەوڵدان بۆ رێککەوتن لەگەڵ ئێران و ترکیا و سووریا و میسر وسۆڤێت لە دژی شۆرشی کورد. لەبەر ئەوە بەیانی ٢٩ ی حوزەیران هەر لەسەر کاغەز مایەوە و تەنانەت بەززاز خۆشی دەریخست کە ئەو بەیانە بەڵێنێکی بێبنچینە بووە و پرۆگرامێکی حکوومەتەکەی وی بووە و حکوومەتێکی دی مەرج نییە ئەو بەیانە پەسەند بکات. بەززاز، کاتی خۆی، ئەمەی بە وتارێک نارد بۆ رۆژنامەی (التآخي) زمانی حاڵی سەرکردەیەتیی بارزانی کە ئەویش لە ژمارە (٦٢)ی ١٩٦٧/٧/٢ دا وەک خۆی بلاوی کردەوە. لەبەر ئەوە مەسەلەی بەیانی حوزەیران هەروا بە هەڵپەسێرراوی مایەوە، هەتا بەعسییەکان توانیان بە پشتیوانی عەبدولرەززاق نایف لە ١٩٦٨/٧/١٧ دا عەبدولرەحمان عارف بڕووخێنن و لە عێراق دەریپەرێنن، و پاش ئەوەش بۆ بنبەستکردنی جێپێی خۆیان هاتن هەر ئەو رۆژە بەیانێکیان دەرکرد و بەڵێنیان دا مەسەلەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکەن بەجۆرێک کە "یەکێتیی عێراق" بپارێزێ. بەلأم لە ١٩٦٨/٧/٣٠ دا نایفیان لەسەر کار لابرد و حکومەتیان گرتە دەست خۆیان بەتەنێ، و ئەوجا لەباتی ئەوەی مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن هاتن بە پشتی ناحەزەکانی بارزانی، وەک لایەنگیرانی جەلال تالەبانی کەوتنە ئەوەی کورد لە کورد بەربدەن و بەوە ئاگری شەڕی کوردستانیان لە جاران خۆشتر کرد. هەر لەپاڵ ئەوەشدا و بۆ شکاندنی دەسەلاتی شۆرش؛ هاتن لە ٢٥ ی ئەیلوول و ٢٤ ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩ دا دانیان بە هێندێک مافی کورددا نا: وەک کردنی نەورۆز بە جێژنێکی رەسمی لە عێراقدا، و کردنی خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، و دەرکردنی چەند گۆڤارێک بە کوردی لەلایەن حکوومەت خۆیەوە، و دامەزراندنی زانستگەیەک لە سلەیمانی. ئامانجیان لەمە ئەوەبوو کە جەماوەری کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن، و لەژێریشەوە کەوتنە جرتوفرت لەگەڵ ئێران و سۆڤێت. بەلأم لە سەرەتای بەهاری ١٩٧٠ دا دەرکەوت بۆیان کە جەماوەری کورد بەو مافانە نەخەڵەتان، و دوای ناحەزەکانی شۆرش نەکەوتن. هەروەها بۆیان دەرکەوت کە شای ئێران ئامادە نییە بچێتە شەڕێکەوە لە دژی کوردی عێراق بێ ئەوەی

ئەوان داخوازییەکانی بۆ جێبەجێبکەن. ئەمجا سۆڤیێتیش ئامادە نەبوو لەگەڵ ڕژێمێکی بەعسی تەقولەق ڕێک بکەوێت، ئەگەرچی دەیویست شەڕەکە ببڕێتەوە و بۆ ئەمەش گوشاری بۆ کوردیش و بەعسییەکانیش دەهێنا. بێجگە لەمانەش بەعسییەکان ئەو دەمە زۆر بێهێز بوون؛ چۆنکە بێجگە لە کورد، کۆمۆنیستەکان و ناسریستەکان و شیعەکان لە دژیان بوون. بەعسییەکان لە نێو خۆشیاندا تیرو شیریان لەیەک دەسوو. تاقمی عەبدولخالق سامەڕرایی و تاقمی نازم گزار دژی تاقمی بەکر و سەددام بوون. بەکورتی زرووفێک هاتە پێشەوە کە بەعسییەکان ناچاربوون دان بە جۆرە "ئۆتۆنۆمی"یەکدا بنێن، بۆ ئەوەی بتوانن جارێ شەڕ بوەستێنن، تا لەسەر خۆ هوردە هوردە خۆیان پنبەستدەکەن. خۆ ئەگەر بهاتایە و شەڕ نەوەستایە؛ بە ڕەئی من، زۆر نێزیک بوو ڕژێمی بەعسییەکان بڕووخێ. بەعسییەکان لەم هەنگاوەیاندا بە هەڵە نەچووبوون، چۆنکە سەرکردەیەتیی شۆرشیش ئەو دەمە لە بارو وێستگەیەکی زۆر خراپدا بوو لە هێندێک رووەوە. لەلایەکەوە، لایەنگرانی تاڵەبانی لە دژی بوون، لەلایەکی دیکەوە هەر لەنێو بارەگەی بارزانی خۆیدا هی وا هەبوون کە حەزیان بە وەستاندنی شەڕ دەکرد و دەیانگوت "پێشمەرگە ماندوو بووە و تاقەتی چووە لە شەڕ"، لەلایەکی دیکەوە؛ هی وەک دوکتۆر موراد عەزیزیش هەبوو کە بەنێوی بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە کەوتبووە نێوەوە و بە بیانووی ئەوەی کە گوایە هەر ئیمپریالیزم، واتە بەلای ویەوە تەنێ ئەمەریکا و بەرەی ڕۆژاوا، سووت لەم شەڕە وەردەگرێ. بە کورتی بارزانی زۆری بۆ هات و ڕاوێژکەری لێهاتوو و پرۆگرامی ڕێکو پێکی نەبوو، و بڕیاری ئاشتی دا؛ و بەوە تای تەرازووی هوردە بۆرژوای نێو شۆرش قورستر بوو، بەڵام ئەم "سەرکەوتنە" کاتییە سەرزارییە؛ دەنگی ناحەزەکانی بارزانی تا ماوەیەک کپ کرد.

دەتوانین بێژین کە ئیمزاکردنی پەیمانی "ئۆتۆنۆمی" کە بە ڕێککەوتنی ١١ی ئازار نێوی ڕۆیوە، لەلایەن کاربەدەستانی شۆرشەوە و بەو شێوەیەی کە کرا، گەورەترین هەڵەیەک بوو کە شۆرشی کورد تا ئێستە کردوویەتی، و گەورەترین سەرکەوتنێک بوو بۆ حیزبی بەعس و هەموو دوژمنانی نەتەوەی کورد. سەیر ئەوەیە ئەم ڕاستییەی کە چەند ساڵێک پاش پەیمانی ١١ی ئازار بۆ جەماوەر و

زۆربەی هەرە زۆری ساسیەکانی کورد دەرکەوت، هەر لە یەکەمین رۆژی ئیمزاکردنییەوە لای هاوبیرانی رێبازی نەتەوەیی ئاشکرا بوو. رۆژنامەی "کوردستان ئینفۆرماسیۆن" زمانی حاڵی ئەوسای "یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا" (نوکسە NUKSE) کە ئازادیخوازی تێکۆشەر بروسکە ئیبراهیم دەریدەکرد؛ تاقە دەنگێک بوو لە نێو هەموو نەتەوەی کورددا کە گومانی خۆی بەرامبەر بەم رێککەوتنە دەربڕی. "کوردستان ئینفۆرماسیۆن" لە ژمارە (١٤)ی رۆژی ٢١ مارتی ١٩٧٠ دا، و پاش ئەوەی لیستەیەکی دوور و درێژی کردبوو بۆ ئەو رێککەوتنامانەی کە لەوەپێش روویان دابوو لە نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردەیەتیی شۆرشدا، نووسیبووی "سەرنجێک لەمەی سەرەوە وامان لێناکات کە خۆشبین بین بەرامبەر بەم رێککەوتنەی دوایی، بەتایبەتی چۆنکە حیزبی بەعس لەژێر گوشارێکی نێو خۆییی حیزبی و گوشاری یەکێتیی سۆڤیێتدا ئەمەی ئیمزاکردووە... هتد".

راستییەکەی ئەم سەمینارە بۆ ئەوە پێکنەهاتووە کە شۆرشی ئەیلوول، بە هۆکارەکانی هەڵگیرسان و هەرەسهێنانییەوە، شیبکاتەوە. لەبەر ئەوە هەر هێندە باسی شۆرش دەکەین کە پێوەندیی بە سەمینارەکەمانەوە هەیە. بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو کە ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتنامەیە نە بە رەزامەندیی دڵی بارزانی و نە بە رەزامەندیی دڵی بەعس بوو، و بەسەر هەردوو لادا سەپێندرابوو. لەبەر ئەوە؛ هەر لایە بەتەمای پەلاماری ناکاوی لاکەی دی بوو و متمانە لە نێواندا نەبوو. بۆیە هەر لایەک دەیویست لە شەڕی چارەنووس بڕینەوەدا سەرکەوێ. بەڵام ئەوە هەبوو بەعسییەکان بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوی لەوەپێش تاووتۆکراوی ژیرانەیان دەنا، بەڵام سەرکردایەتیی شۆرش هەنگاوی سەر لێتێکچووانە و رێ هەڵەکردووانەی دەنا و لەمەشدا هوردە بۆرژوای هەڵپەرستی نێو سەرکردایەتیی شۆرش دەستێکی باڵای هەبوو. دەقی "ئۆتۆنۆمی" ساڵی ١٩٧٠ ی بەعسییەکان وێنەیەکی کەمێک جوانکراوی ئەو دەقی "لامەرکەزییەت"ە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ دا هاتە پێشەوە، و قۆپییەکی ئەو پێشنیازە بوو کە میستەر ئەدمونس نوێنەری سوپای کۆلۆنیالیستی بەریتانیا لە کوردستاندا لە لەندەن لە شەستەکاندا خستیەڕوو، کە بەپێی ئەوە

کەرکووک و گەلێک ناوچەی وەک خانەقین و هێندێک هەرێمی بادینان لەو نەخشەیەدا نەبوو، ئەگەرچی بە پێچەوانەی ئەدمونسەوە کە گوتبووی کوردستان دەبێ نێو بنرێ "سەلاحەددین"، بەعسییەکان لە سالی ١٩٧٠ دا ڤیرسیایان لەوەش کردبوو و نێوی "کوردستان"یان بە سەر دەمدا هاتبوو.

جارێ، یەکەمین دەسکەوتی بەعسییەکان ئەوە بوو کە بەجێهێنانی رێککەوتنەکەی خستبووە چوار سالی دی، مەسەلەی سنووری کوردستان بە دیارینەکراوی مابوو. مەسەلەی کوردی بەغدا و خوارووی عێراق (بەتایبەتی فەیلییەکان) نەخرابووە سەر کاغەز، و گەلێک بۆشایی دی لە رێککەوتنەکەدا هەبوون، کە لە بەرژەوەندیی بەعس بوون. بەعسییەکانیش هیچ کاتی خۆیان بە فیرۆ نەدا و لەپێشەوە هاتن دەسەلاتی خۆیان لەنێو سوپادا چەسپاند و هوردە هوردە ناکۆکیی نێوخۆیی خۆیان، کە بەزۆری لە هێلی نازم گزار (ناظم کزار) و عەبدولخالیق سامەڕرایی دا خۆی دەتواند، لەنێو برد، هەروەها توانییان دەمی کۆمۆنیستەکان چێشتکە بکەن، بەوەی تا هەندازەیەک کوشتاریان لابرد لەسەریان و بە گەلێک بەلێن و گفتی شیرین کە دوایی هەمووی درۆ دەرچوو، کۆمۆنیستەکانیان لە شۆرشی کورد کردەوە، و کردنیانن بە نەیاری شۆرش. هەروها توانیان لەنێو ریزەکانی شۆرشی کورددا ناکۆکی بچێنن و گەلێک کوردی وا لە شۆرش بکەنەوە و بیانکەنە دژی شۆرش کە هێندێکیان سالانی سال خزمەتکاری بەوەفای شۆرش بوون. شان بەشانی ئەوەش توانییان نەوت "تەئمیم" بکەن و خۆیان لەنێو بەرەی دەولەتاندا بە دەولەتێکی "دژ بە ئیمپریالیزم و کۆمپانییە مۆنۆپۆلیستەکان" بدەنە قەلەم. بێجگە لەوەش توانییان خۆیان زێتر لە سۆڤێت نێزیک بکەنەوە و پەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاری و پشتگیریی لەگەل یەک ئیمزا بکەن و سۆڤێتیش بکەنە نەیاری شۆرشی کورد، و بە پارەی زۆر وزەوەندەی نەوت چەکێکی زۆر لە سۆڤێت بکڕن و سوپای عێراقی پێ بەهێز بکەن. ئەوجا لە سنوورێکی نێو دەولەتاندا کەوتنە پڕۆپاگەندەی ئەوەی کە گوایە شۆرشی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی؛ بزووتنەوەیەکی شۆڤێنیستانەی کۆنەپەرستانەیە کە بە پەنجەی ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران و بەرەی ئیمپریالیزمی رۆژاوا هەلگیرساوە بۆ رووخاندنی

حکوومەتی گوایە سۆسیالیستی پێشکەوتنخوازی بەعسی کە هەموو هەقێکی داوە بە کورد. ئێمە بۆ خزمەتی راستی و مێژوو دەبێ ئەوەش بڵێین کە کۆمۆنیستەکانی عێراق و توودەییەکانی ئێران و هێندێک لەو فەلەستینییانەی کە سەر بە داروودەستەی جۆرج حەبەش و ئەو دەمە پارە و یارمەتییان لە بەعسییەکان وەردەگرت، لەم هەنگاوەدا پشتگیریی بەعسییەکانیان زۆر کرد. ئەم لایەنانەی نێومبردن کەوتنە ئەوەی بەعسییەکان بە "پێشکەوتنخواز" و شۆرشگێڕە کوردەکان بە "کۆنەپەرست" و "نۆکەری شا" بدەنە قەڵەم.

ئەمجا هەنگاوەکانی سەرکردایەتیی شۆرش -بە پێچەوانەی هەنگاوەکانی بەعسییەکان و هاوکارەکانییانەوە- هەمووی نەزانانە و ناشییانە و بێبەرنامە بوو. لەبەر ئەوە هیچی بۆ سووتی شۆرشی کورد نەبوو.

سەرکردایەتیی شۆرش زۆر چاک دەیزانی کە بەعسییەکان خەریکی خۆ کۆکردنەوەن و نایانەوێ ئەو "ئۆتۆنۆمی"یەی کە کورد دەیەوێ، بدەن بە کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیی شۆرش چوار ساڵی رەبەق وەستا و چاوەڕوانی دەکرد و دەستی نەکردەوە لێیان. تەنانەت پاش ئەوەی بەعسییەکان لە ١٩٧١/٩/٢٩ دا چەند هاوکارێکی خۆیان لە جلک و بەرگی مەلای موسڵماندا نارد بۆ کوردستان بۆ کوشتنی بارزانی؛ سەرکردایەتیی شۆرش هێشتا هەر وەستا و چاوەڕوانی دەکرد، لە کاتێکدا کە زۆر چاک دەیزانی کە بەعسییەکان لەو رۆژەدا هێشتا هێندە بەهێز نەبووبوون، و تەنانەت لەنێو خۆیاندا کەرتکەرتبوون، کە بەهێزترین کەرتیان کەرتی نازم گزار بوو و لە ساڵی ١٩٧٣ دا هەوڵی دا کودەتا بکات بەڵام سەری نەگرت بۆی. بێجگە لەوەش ئەو رۆژە پارەی نەوت وەک ئەمڕۆ نەڕژابوو، لەشکری عێراق وەک ئەمڕۆ پڕچەک نەبوو، رژێمی بەعس لەنێو دەوڵەتە گەورەکاندا هاوپەیمانی نەبوو. سۆڤیێت هێشتا پەیمانی بەرگری لەگەڵ عێراقدا ئیمزا نەکردبوو، فەرەنسای ئەوسا بەپێچەوانەی ئێستاوە؛ پشتگیریی بەعسی نەدەکرد. بەم حاڵەشەوە هێشتا بەعسییەکان لە سەرکردایەتیی شوورشی کورد زیرەکانەتر و زۆرزانانەتر هاتنە دەست. سەرکردایەتیی شۆرش زۆر باش دەیزانی کە

سەرکردایەتیی بەعس لەژێرەوە و بەئاشکرا خەریکی ڕێککەوتنە لەگەڵ شای ئێران و چەند جارێک بۆ ئەم مەسەلەیە کاربەدەستانی میسر و ترکیا و ئەردەنی کردووە بە نێوبژیکەر. تەنانەت ڕۆژنامەنووسی میسری محەممەد حەسەنەین هەیکەل ئەمەی بە دزێوە بە نوێنەری بارزانی لە قاهیرە گوتبوو. کەچی کاربەدەستانی شۆڕش لەمە نەدەسڵەمینەوە و پێیان وابوو ڕێککەوتن لەنێوان بەعس و شادا نایەتە گۆڕ.

بەمانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە پاش ئیمزا کردنی ڕێککەوتننامەی ئازار؛ سەرکردایەتیی شۆڕش دوو ڕێی لەبەردەمدا هەبوو؛ کە دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێ. یان ئەوەی لەگەڵ بەعس بۆ ماوەیەک ڕێکبکەوێ دژی شا؛ و ئەوسا لەوانەبوو، ئەو شەڕەی ئەمڕۆ عێراق دژی حکوومەتی خومەینی دەیکات لە دژی شا بیکردایە، یان ئەوەتا لە دەمەدەمی بەیەکادانی بەعسییەکان لەنێو خۆیاندا دەستپێشکەری خۆی بکردایە. خۆ کە یەکێکی لەم دوو ڕێیە هەڵنەبژارد؛ دەبوو بە هیچ جۆرێک ڕێی تازەبوونەوەی شەڕی نەدایە. چۆنکە هەموو ئەو نیشانانەی پێش تازەبوونەوەی شۆڕش لە کایەدا بوون؛ ئەوەیان دەگەیاند کە هێزی بەرامبەر و دەسەڵاتی بەرامبەر چەندین بار لە هی کورد پتر و لێدەرترە.

پاش تێکشکانی شۆڕش لە مارتی ١٩٧٥ دا، جارێکی دی بەعسییەکان لە سەرەتاوە، و کە هێشتا ئاسۆی مەسەلەکە تەواو ڕۆشن نەبووبووەوە، هەنگاوێکی زۆر زانایانەیان نا. نەهاتن بە ئاشکرا بکەونە دژایەتیی کورد، بەڵکو بەپێی نەخشەیەکی لەپێشەوە ئامادەکراو جووڵانەوە. جاری گوتیان "ئەمە سەرکەوتنێکی گەلی عێراقە، بە عەرەب و کوردییەوە".

لەکاتێکدا کە هەزاران خێزانی کوردیان دەگواستەوە بۆ خوارووی عێراق و هەزاران گوندیان کاولدەکرد، و سەتان کانییان بە کۆنکرێت دەگرت، و هەزاران درەختیان لە بنەوە هەڵدەکەند، و هەزاران عەرەبیان دەهێنایە کوردستانەوە؛ دەهاتن دەستیان دەدا بە پشتی کوردە هاوکارەکانیاندا و دەیانگوت "ئەوانە کۆنەپەرست بوون، ئێوە کوردی پێشکەوتنخوازن و کوردستان دەدەینە دەست ئێوە". ئەمجا سەتان ڕۆژنامەنووسی بێگانەیان بانگدەکرد بۆ سەردان لەو

نێوچەیەی کە بە "نێوچەی ئۆتۆنۆمی" ناسراوە. بەکورتی بەعسییەکان کە دەرزیان لە رابوردوو وەرگرتبوو، هاتن چەند مانگێک فشە کوردایەتییەکیان دروستکرد، تا مرۆڤی هەلپەرست و چڵکاوخۆر و خۆیژێن و تەنگبیر، بتوانن لە سایەیدا خۆیان مەلاس بدەن.

بەداخەوە کۆمۆنیستەکانیش هەبوون کەبۆ ئاخر شەڕییان ئەم هەنگاوەی بەعسییەکان لە یەک دوو مانگی سەرەتادا بە هەنگاوی "پێشکەوتنخوازانە" بدەنە قەڵەم. قسەکانیشیان دەچووە دڵی مرۆڤی ساویلکەوە؛ چۆنکە بەڕاستی یەکێک لە هۆکارەکانی هەرەسهێنانی شۆرش پشتبەستن بوو بە دوژمنانی نەتەوەی کورد. جا مرۆڤی ساویلکە ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات بپرسێ، بۆچی دەبێ بۆ سەرکردایەتیی شۆرش خیانەت بێ ئەگەر لەگەڵ شا و بەرەی رۆژاوا یەکبگرێ، بەهیوای ئەوەی گەلێکی ژێردەستەی لە قوڕدا چەقیو دەربکێشێ، ئەگەرچی ئەمەش هەر هیوایەک بێ و هیچی دی، بەڵام بۆ سەرکردە "سۆسیالیستەکان" ی جەزائیر و کۆمۆنیستەکان نیشتمانپەروەری و سەربەرزی بێ کە چەپڵە بۆ رێککەوتنی رژێمی بەعس و رژێمی شای ئێران لێبدەن لەسەر لاشەی کوردی قوربەسەر. بێگومان ئەم هەڵوێستە لەسەر کۆمۆنیستەکان زۆر گرانکەوت. جا کە ئەمە لێرەدا دەبێژم؛ مەبەستم تەنێ ئەوەیە کە لەگەڵ مێژوو و راستیدا ناپاکی نەکەم. درۆزن و ترسنۆک ناتوانن ببنە مێژوو نووس. بێجگە لەوەش کۆمۆنیستەکان خۆشیان دانیان بە هێندێک لە هەڵەکانیاندا ناوە، بەڵام هونەر ئەوەیە هەڵە دووپات نەبێتەوە و لە هەڵە سووت وەربگیرێ.

دیارە مەبەستی بەعسییەکان لەم سیاسەتەی باسمکرد، واتە دانانی "ئۆتۆنۆمی" و سلاوکردن لە کۆمۆنیستەکان، تەنێ تاکتیکێکی کاتی بوو، لەبەر ئەوە کە شۆرش تێکشکا -وەک گوتم- دوو سێ مانگێک وەستان، ئەوجا ئەو "مافانە"ی دابوویان؛ بەرەبەرە سەندیانەوە.

خوێندنی کوردی لە نێوچەی کەرکووک و خانەقین و بادیناندا بەجارێک لابرا، و لە بەغدا کە پتر لە نیو ملوێن کورد دەژی؛ هەروەها لە هەرێمە کوردییەکانی خواروو و نێوەڕاستی عێراق وەک کووت، بەدرە، مەندەلی، زەرباتییە،

جەسسان، عەلی غەریبی و ... هتددا، تاکە قوتابخانەیەکی کوردی نەکرایەوە. هەزاران خێزانی فەیلی دەرکران بۆ ئێران، و هەزاران کورد بێسەروشوێن لەنێوچوون، و سەتان کەس لە سێدارە دران، ٤٠٪ ی خوێندنی کوردی لەو دوو پارێزگەیەدا (سلەیمانی و هەولێر) کە گوایە سەر بە نێوچەی ئۆتۆنۆمین، کرا بە عەرەبی وەک هەنگاوێک بۆ لابردنی خوێندنی کوردی. ئەوەی کە پێیاندەگوت "کۆڕی زانیاری کورد"؛ هەرچەندە لە تێکدانی زمانی کوردی و بلاوکردنەوەی بیروڕای کۆنەپەرستیدا دەورێکی دیاری هەبوو، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هەر لابرا. یەکێتیی ژنانی کوردستان هەلّوەشایەوە و کرا بە بەشێک لە "یەکێتی ژنانی عێراق". ئەمجا دەستکرا بە هەلّوەشاندنەوەی هەموو نەقابەکان وەک نەقابەی مامۆستایانی کوردستان و نەقابەی کرێکارانی کوردستان. لەبەر هێندێ هۆی تایبەتی کە سووتی خۆیانی تێدابوو، تا ماوەیەک رێیان دا بە "یەکێتیی نووسەرانی کورد"، و ئەمجا ئەویشیان لەم دواییەدا هەلّوەشاندەوە و خستیانە سەر یەکێتیی نووسەرانی عێراق. ئەمە بێجگە لەوەی کە شارەکانی کوردستان پڕکران لە عەرەبی میسری و ئەردەنی و سۆدانی و فەلەستینی. جا چۆنکە بەعسییەکان هەر دوو سێ مانگێک دوای هەرەسەکە دەستیان بەوە کرد رووی راستەقینەی خۆیان بە خەلّکی پێشان بدەن، لەبەر ئەوە ئەو پروپالاّنتەیەی پاش ئەوە دەیانکرد لە دژی بارزانی و شۆرش، لەنێو کۆمەلاّنی خەلّکدا تاوێکی وای نەبوو، چۆنکە خەلّکەکە خۆی سیاسەتی بەعسییەکانی بەکردەوە بینی، و ئەم سیاسەتەی بەعسییەکان هۆکارێک بوو لەو هۆکارانەی کە جەماوەری کورد، تەنانەت ئەوانەی زۆر رەخنەیان دەگرت لە سیاسەتی سەرکردایەتیی شۆرشی ئەیلول، باوەڕیان بە تەواوی بە رژێمی بەعس نەمێنێ. ئەمجا کە جەنگی عێراق دژی ئێران لە سالّی ١٩٨٠ دا دەستپێکرد، و پاش ماوەیەک بۆ کاربەدەستانی بەعس دەرکەوت کە پەلاماردانی دەولّەتێکی خاوەن سوپا و دەستاوێژی جەنگ و دەسەلاّتی ماددی و دانیشتوانی چل ملوێنێ وەک ئێران، وەک ئەوە نییە کە گەلێکی بێدەسەلاّتی بێسوپای دەست و پێ رووتی وەک کورد، بێقرە و برە بتاسێنن، ئەمجا پەنایان بردەوە بەر تاکتیکە کۆنەکەیان و دەستیانکردەوە بە باسی کورد

و کوردستان. بەڵام هەر لەپاڵ ئەوەدا و لە کۆتاییی ساڵی ١٩٨٣ دا لەپڕ پەلاماری کەمپی بەرزانییەکانیان دا لە قوش تەپەی هەولێر و (٨...) کەسێکیان لێگرتن، کە ئەوانە تا ئەمڕۆ بێسەروشوێنن. بێجگە لەوەش سەدام خۆی لە کوردستان و لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩ دا ئەوەی نەشاردەوە کە کورد بە بەشێک لە عێراق دەزانێ و عێراقیش بە بەشێک لە عەرەب، واتە کورد بە عەرەب دەزانێ (٣٨).

٨- ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە تای تەرازوودا

"ئۆتۆنۆمی" هەرچی چۆنێک بێ و لە هەر شێوە و بەرگێکدا بێ و بەهەر لایەکدا لێکیبدەینەوە؛ هەر مانای کەمکردنەوەی ئازادیی ئەو گەلە دەگەیەنێ کە "ئۆتۆنۆمی" هەیە لەچاو ئەو گەلەدا کە دەزگەی سەنترالی دەوڵەتەکەی بە دەستەوەیە. چونکە ئەو گەلەی کە ئۆتۆنۆمی هەیە، مانای وایە کە هەر لە کاروباری نێوخۆییدا ئازادە، و لەو کاروبارانەدا کە پێوەندییان بە مەسەلەی نێوخۆییەوە نییە ئازاد نییە. بەکورتی؛ ئەو گەلە ئۆتۆنۆمیدارە؛ لە بەکارهێنانی هێندێک دەسەڵاتیدا بەشدارە و لە هێندێکیدا بەشدار نییە. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: داخوا چ کارێک هەیە کە پێوەندیی بە کاروباری نێوخۆیی گەلێکەوە نەبێ؟

بەر لە هەموو شتێک، جارێ دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو کە ئەوانەی لایەنگیری ئۆتۆنۆمین بۆ کوردستان، هەموویان لەسەر چارچێوەی دەسەڵات و سنووری نێوچەی ئۆتۆنۆمیداری کوردستان یەک نین. هێندێک دەڵێن دەبێ گەلی کورد تەنێ لە "کاروباری خوێندەواری"دا ئازادبێ، و مەبەستیشیان لە کاروباری خوێندەواری ئەوەیە؛ کە خوێندن لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی بێ، واتە ئەو کتێبەی قوتابییەکی عەرەب یان ترک یان فارس لە دەوڵەتێکی عەرەب یان ترک یان فارسدا بە زمانی خۆی دەیخوێنێ، کوردیش هەر ئەو کتێبە بە زمانی کوردی بخوێنێ. کە دیارە -وەک دەزانین- ئەو کتێبانە گشتیان لەلایەن

ناسیۆنالیستە عەرەب و ترک و فارسەکانەوە نووسراونەتەوە، و تایبەتکارەکانی کۆمەڵگەی کورد لەو کتێبانەدا نەخراونەتە بەرچاو. وێنەی ئەم کتێبانە لە عێراقی ئەمڕۆدا زۆرە؛ لەوانە کتێبێکە بە نێوی "جوگرافیای وڵاتی عێراق" بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی، نووسینی: بسام عبدالرحمن و هاوڕێکانی، وەرگێڕانی: جمال رشید عارف و هاوکارەکانی ١٩٨٣/١٩٨٤، لە ل ١٠ ی ئەم کتێبەدا نووسراوە: "ساڵی رابوردوو نیشتمانی عەرەبمان خوێند و زانیمان وڵاتی عێراقمان بەشێکە لە خاک و گەلی عەرەب و... هتد". جا وەنەبێ هەر ئەو کتێبانە وا بن کە بۆ هەموو عێراق دەردەچن، بەڵکو ئەو کتێبانەی کە گوایە لەبارەی زمان و ئەدەبیاتی کوردیشەوە دەردەچن، ناچارن لەسەر رێ و شوێنی ناسیۆنالیزمی ئەو گەلە برۆن بەرێوە کە خاوەن دەوڵەتە. هەر بۆ وێنە: کتێبێک بەنێوی "زمان و ئەدەبی کوردی"یەوە بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٨٢ دا لەلایەن چەند نووسەرێکی کوردی وەک خودێلێخۆش بوو عەلائەددین سەجادی و دکتۆر عێزەددین مستەفا رەسووڵ و کێ و کێ وە دانراوە؛ کە لاپەرە ١٥٩ و ١٦٠ و ١٦١ ی تەرخانکراوە بۆ وتارێکی "سەرۆکی فەرماندەی تێکۆشەر" (سەددام حسەین) بەنێوی "دیموکراتیەت و دادپەروەری" و لە ١٦٩-١٧٢ ی تەرخانکراوە بۆ وتارێک بەنێوی "بیری عەرەبی بیرێکی مرۆڤایەتی"یە کە نووسەری بەعسی دوکتۆر عەبدوڵڵا عەبدول دائیم نووسیوێتی و لێرەدا کراوە بە کوردی. و بەنێوی "زمان و ئەدەبی کوردی"یەوە دەکرێ بە گەرووی زارۆی بێتاوانی کورددا. شایانی باسە کە هێندێک هەن کە خوێندن بە زمانی کوردی بۆ کورد تەنێ لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بە کورد رەوا دەبینن، بەڵام دەبێژن پاش قوتابخانەی سەرەتایی؛ لە نێوەندی و ئامادەییدا، دەبێ بە زمانی دەوڵەت بێ. ئەگەرچی زمانی کوردیش -وەک زمان- دەبێ بخوێنرێ. تەماشای پێشنیازەکانی حیزبی تودەی ئێران بکە بۆ ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی ئێراندا کە بەنێوی "طرح پیشنهادی حزب توده ایران درباره واگذاری خودمختاری (خودگردانی) به کردستان ایران" برگەی (١٠)، تەنانەت لە برگەی (١٢) ی هەر ئەو پێشنیازانەی حیزبی تودەدا دەبێژێ:

"دەبێ لە کوردستانی ئێراندا زانستگەیەک دابمەزرێ کە خوێندن لەو زانستگەیەشدا هەر بە زمانی فارسی بێ (ل ۹۰-۹۱)". کە دێتە سەر باسی فەرمانەکانی ئۆرگانی "خودمختاری کوردستان" دەبێژێ: یەکێک لە فەرمانەکانی سەر شانی دەزگەی "خودمختار"ی کوردستان ئەوەیە "بەرگری بکات لە سەربەخۆیی و تەواوێتیی خاک و فەرمانڕەوایی ئێران بە هەموو هێزێکەوە" (ل ۹۱). هێندێکی دی هەن لە لایەنگیرانی ئۆتۆنۆمی، کەمێک بەولاوە دەچن و دەڵێن: دەبێ کاروباری کۆمەڵایەتیش هەر لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە ببرێ بەڕێوە. واتە مەسەلەی کشتوکاڵ و تەندروستیش هەر لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە بێ. هێندێکی دی هەن کە پلەیەکیش لەمە زێتر دەچنە سەرەوە و دەبێژن: دەبێ زمانی کاروباری دادگە و بەڕێوەبەرێتیی میری لە کوردستاندا کوردی بێ، و بۆ ئەمەش دەبێ کاربەدەست و فەرمانبەرانی میری کە لە کوردستاندا کار دەکەن یان کورد بن، یان زمانی کوردی بزانن. هێندێکی دی پلەیەکی دیش لەمە ژوورتر دەڕۆن، دەڵێن کاربەدەستان لە کوردستاندا دەبێ لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە هەڵ بژێررێن و ئەوجا ئەنجومەنێکی بەجێگەیاندن (مجلس تنفيذي) دروست ببێ، کە ئەو ئەنجومەنە بڕیارەکانی پەرلەمانێکی کوردیی نێوچەیی، بە دەنگی دانیشتوانی کوردستان هەڵبژێرراو، بخاتەکار. ئێمە نامانەوێ لێرەدا باسی ئەوە بکەین کە ئایا هەڵبژاردنێک لە بەشێکی وڵاتێکدا، ئەگەر ئەو وڵاتە تەواو دێمۆکراتی نەبوو، تا چ هەندازەیەک ئازاد دەبێ، بەڵکو ئێمە دەمانەوێ بەکورتی باسێکی ئەو مافە بنچینەییانە بکەین، کە هەموو ئەوانەی باسی "ئۆتۆنۆمی" بۆ کورد دەکەن، وەک گەلێک؛ دەیخەنە پشتگوێ:

١- سەربەخۆیی ئابووری: واتە کورد دەبێ لەباری ئابوورییەوە پێبەندی دەسەڵاتی کرۆکی (مرکزي)ی ئەو دەوڵەتانە بێ کە لە ژێر سایەیاندا دەژی.

٢- سەربەخۆیی سوپایی: واتە کورد نابێ هیچ هێزێکی چەکداری هەبێ.

٣- سەربەخۆیی لە پێوەندیی دەرەکیدا: واتە کورد نابێ لەگەڵ هیچ

دەوڵەتێکدا پەیمان ببەستێ و لە "کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان".و گشت داوو دەزگە جیهانییەکاندا نابێ نوێنەری هەبێ.

ئامانج لە رێنەدان بە سەربەخۆیی ئابووری ئەوەیە کە ئەو سامانەی لە کوردستاندا هەیە بە دەست کورد خۆیەوە نەبێ، چونکە کوردستان وڵاتێکی فرە دەوڵەمەندە؛ بەتایبەتی لە نەوت و کانی ژێر زەویدا، وەک: کرۆم و کۆباڵت و گۆگرد. هەروەها وڵاتێکی بەپیت و بەرەکەتە بۆ کشتوکاڵ، زەریاچە و رووبار و دارستانی زۆرن. دیارە داگیرکەرانی کوردستان نایانەوێ ئەو پاروە چەورە بۆ کوردەکان خۆیان بەجێبهێڵن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ سووربوونی داگیرکەران لەسەر ئەوەی کە کورد لەباری ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێ، هەر لەبەر تەماعکردنە سامانی کوردستان بێ. نەخێر، داگیرکەرانی کوردستان پێیان وایە؛ ئەگەر هاتو کورد لەباری ئابوورییەوە سەربەخۆ و دەستڕۆیشتوو بوو، دەتوانێ هەنگاوێک بۆ پێشەوە بەرەو ئازادی بنێ. بەکورتی داگیرکەرانی کوردستان پێیان وایە: سەربەخۆیی ئابووری هەنگاوێکە بەرەو سەربەخۆیی سیاسی. هەر لەبەر ئەوەشە وەک هاروهاج خەریکن دەوڵەتەکانیان پیشەساز دەکەن. خۆ ئەگەر پیشەسازییەکی زۆر سووکەڵە لە کوردستاندا دابمەزرێنن؛ نایەڵن بە دەست کوردەوە بێ.

ئامانجیش لە رێنەدان بە سەربەخۆیی سوپایی؛ دیارە ئەوەیە کە داگیرکەران نایانەوێ کورد هێزێکی دەستوەشێنی ببێ تا بەرگری لە مافەکانی بکات. هەر لەبەر ئەوەشە کە داگیرکەران دژی بوونی سوپایەکی کوردن. چونکە دەیانەوێ، هەر کاتێک ویستیان، بە بەیاننامەیەک هەموو ئەو "مافانە"ی کورد هەیەتی؛ بیبڕن. ئامانجیش لە رێنەدان بە پێوەندییکردنی کورد بە دەوڵەتێکی بێگانە، یان دەزگەیەکی نێو نەتەوەیی و جیهانییەوە، ئەوەیە مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی بدەنە قەڵەم و هەر بەو جۆرەش بیهێڵنەوە، نەک بە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی.

راستییەکەی، وەک لەمەوبەر گوتم، "ئۆتۆنۆمی" هەر جۆرێک بێ، چ "راستەقینە" و چ "درۆزنە"؛ ئەوا ماناکەی هەر سەربەخۆییەکی ناتەواوە. ئەو

نێوچەیەی ئۆتۆنۆمی پێدەدرێ، ناتوانێ بەجارێ لە خۆ پێوەبەستن و گوێڕایەڵیکردنی دەزگەی حکوومەتی کرۆکی (مرکزي) رزگاری ببێ. دیارە پلەی ئازادیی ئەو نێوچەیەی ئۆتۆنۆمی هەیە، بەستراوە بە جۆری رژێمی ئەو وڵاتەوە کە ئۆتۆنۆمییەکەی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و هەرچەندێک ئەو وڵاتە رژێمەکەی دیمۆکراسی و ئازادیخوازانە بێ، هێشتا ئەو هەرێمە هەر وەک پارچەیەک لەو وڵاتە تەماشا دەکرێ. بۆ وێنە: خەڵکی ئەو نێوچە ئۆتۆنۆمیدارە ناتوانن دەرگە لەسەر خۆیان دابخەن بەرامبەر رەوکردنی خەڵکی نێوچەکانی دیی وڵاتەکە بۆ نێوچە ئۆتۆنۆمییەکە. ئەم دۆخە بۆ گەلێکی ئۆتۆنۆمیدار، کە بە ژمارە کەمایەتی بێ لەچاو گەلە دەوڵەتدارەکەدا، و مەترسیی ئاوەکی بوون و تواندنەوەی لێبکرێ، ناتوانێ باری دیمۆگرافیای هەرێمەکەی خۆی رابگرێ. ئەم دۆخەش بەسەر کورددا دەچەسپێ، بەتایبەتی بەسەر کوردی "کوردستانی عێراق"دا. ئێمە دەزانین ئەگەر کوردستانی عێراق بە پارچەیەک لە عێراق دابنرێ، و عێراقیش -بەرەسمی و بەپێی دەستووری بنچینەیی عێراق- بەشێکە لە وڵاتی عەرەب، و هەر بەو پێیە هەموو عەرەبێک، چ عێراقی بێ و چ عێراقی نەبێ؛ مافی ئەوەی هەیە لە عێراقدا بژی. لەبەر ئەمە هیچ دوور نییە کە نێوچەی کوردستانی عێراق، کە سێ ملوێنێک کوردی تێدایە، لەماوەی ۲۰-۳۰ ساڵێکدا و هوردە هوردە هێندە عەرەبی تێنەچێ، کە ئەوسا کوردەکە خۆی ببێتە کەمایەتییەکی کەم. جا لەبەر ئەوە، ئەگەر بێتو کوردەکە خۆشی لە کوردستان دەرنەکرێ و کۆچنەدرێ و لەجێی خۆشی بمێنێتەوە، هێشتا هەر دەبێتە کەمایەتی. ئەمە تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی شۆڤێنیست و دیکتاتۆریش نەبێ؛ بەڵام خۆی بە بەشێک لە "نەتەوە و نیشتمانی عەرەب" بزانێ، پاشەڕۆژی کوردستانی عێراق هەر وای لێدێ. خۆ بۆ رژێمێکی وەک بەعس شۆڤێنی دژ بە دیمۆکراسی، ئەوەتە خۆی بە هەموو جۆرێک هەوڵدەدات تامی تامی عەرەبەکانی دەرەوەی عێراق بدات کە بچن لە عێراق نیشتەجێ بن و بنە هاونیشتمانی عێراق و پارەیان دەداتێ و کاریاندەداتێ و چەکیاندەداتێ و خانوویان بۆ دروستدەکات لە هەرێمەکانی کوردستاندا، و تەنانەت سەرۆکی بەعسییەکان ئەحمەد حەسەن بەکر لە ساڵی

١٩٦٨ دا گوتی: "هەمسوو عەرەبێک مافی ئەوەی هەیە لەسەر خاکی عێراق بژی" (٣٩) و لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دا فەرمانڕەوایانی بەعسی عێراق قانوونێکیان دەرکرد کە بەپێی ئەوە "جنسیەی عێراقی بدرێ بە هەمسوو عەرەبێک کە حەز بکات هەبیێت و بیەوێ لە بنیاتنانی عێراقدا بەشدار بێ". دیارە عەرەبی ئەو وڵاتانەی هەژار و رووت و برسین وەک میسر و سۆدان و ئەردەن، یان ئاوارەن وەک فەلستینییەکان و لوبنانییەکان؛ ئامادەن بچنە کوردستان و لەوێ بژین و داگیری بکەن. ئەم سیاسەتە ئەوەتە دەمێکە لە خانەقین و کەرکووک و شەنگار و گەلێک شوێنی دیدا خراوەتە کار. ئەوەی ئەم سیاسەتە و هەروەها نەخشەی وێرانکردنی سلێمانی راگرت، لە پلەی یەکەم و بنچینەدا، هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران بوو، هەروەها لە پلەی دووەمدا پەیدا بوونەوەی پێشمەرگە بە چیاکانەوە. ئەوجا کە ئەو عەرەبانە هاتنە کوردستانەوە، کورد ئەو دەمە مافی ئەوەی نییە و نابێ رێ لەو عەرەبانە بگرێ، چونکە ئەوانیش "هاونیشتمانن" وەک کورد. ئەگەر کوردێک قسەیکرد و بەرهەڵستی ئەوەی کرد ئەو حەلە پێیدەگوترێ: تۆش دەتوانیت بچیت لە بەسرە و بەغدا و ناسریە و دلێم بژیت و دانیشیت و کار بکەیت و بخوێنیت و کەسیش رێتلێناگرێ. ئەمە راستە، بەڵام ئەو کوردەی دەچێتە ئەو جێیانەی نێوبران؛ لەسەرخۆ دەبێتە عەرەب. خۆشی نەبێتە عەرەب منداڵەکانی دەبنە عەرەب و لە کولتووری کورد بێبەری دەبن. چونکە زمانی رەسمی و زمانی خوێندن لەو جێیانە تەنێ عەرەبییە، بەڵام ئەو عەرەبەی دێتە کوردستانەوە، پێویستی تەنانەت بە فێربوونی کوردیش نییە، ئەگەر خۆی نەیەوێ، چونکە زمانی عەرەبی لە کوردستاندا لەپاڵ زمانی کوردییەوە؛ زمانێکی رەسمییە و منداڵەکانی دەتوانن بە عەرەبی بخوێنن چونکە قوتابخانەی عەرەبی لە کوردستاندا هەن، و دەوڵەتیش دەوڵەتی عەرەبە و عێراقیش بە پارچە کوردستانەکەیەوە بەشێکە لە "نیشتمانی عەرەب" بەپێی قانوون. ئەوەش دەبێ بزانین کە بە عەرەبکردنی خوارووی کورستانیش هەنگاو بە هەنگاو نەخشە کێشراوە بژی. سەددام حسەین لە مانگی ئابی ١٩٨٣ دا لە چاوپێکەوتنێکی کۆمەڵێک هەولێریدا گوتی: "هەولێر – ئێستا مەڵبەندی ئۆتۆنۆمییە، پشت بە

خوا لە پاشەڕۆژدا پایتەختی هاوینەی هەموو عێراق دەبێ.. بەر لە شەڕ نەخشەمان دانابوو پایتەختێکی هاوینە بۆ هەموو عێراق دروستبکەین لە شوێنێکی هەولێر، بەجۆرێ حکوومەت لە هاویندا بگوێزرێتەوە بۆ هەولێر -.و پشت بە خوا ئەم بیرە دوای شەڕ جێبەجێ دەبێ... هتد" (٤٠)

ئەمجا ئێستە ئەگەر مەبەستی ئەوانەی باسی "ئۆتۆنۆمیی راستەقینە" دەکەن، جۆرە "ئۆتۆنۆمییەک" بێ کە بەپێی قانوون: زمانی رەسمی لە کوردستاندا هەر کوردی بێ، و عەرەب و هەر کەسێکی دی، جگە لەو کەمایەتییانەی کە لە بنەڕەتەوە خەڵکی کوردستانن و مافی ناسیۆنالی خۆیان دەبێ، ناچار بن کاروباری رەسمییان بە زمانی کوردی ببەن بە رێوە، و ژمارەی ئەوانەی کوردستانی نین و دێنە کوردستانەوە بۆ نیشتەجێبوون، لەلایەن حکوومەتی "ئۆتۆنۆمی"ی کوردستانەوە سنووردیار (تحدید) بکرێ، بێجگە لەوەش هێزێکی سوپایی وەها ببێ کە هەموو دەستدرێژییەکی دەرەوە بداتە دواوە؛ دیارە ئەو کاتەش -داوای لێبووردن دەکەم لە گوێگران و لەوانەی باسی ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە دەکەن- ئەوە نێو نانرێ ئۆتۆنۆمی و ئەوسا نێوێکی دی دەبێ، فیدەراسیۆن، یان کۆنفیدەراسیۆن، و بگرە هێندێک وڵات هەن کە رژێمەکەیان فیدەراڵییە، و هەر وڵاتێکیان سوپایەکی تایبەتیشی نییە. ئۆتۆنۆمی بریتی نییە لە یەککگرتنی چەند دەوڵەتێک بە شێوەیەکی فیدرالی؛ تا سنووری جیاواز و سوپای جیاواز هەبێ. ئۆتۆنۆمی بریتییە لە دانی هێندێک دەسەڵاتی نێوەندیی دەوڵەتی بە بەشێک لەو وڵاتە یان بە بەشێک لەو گەلە؛ بە سەرپەرشتیی حکوومەتی نێوەندی (مرکزي)، و هیچی دی.

جا کە "ئۆتۆنۆمی" بەشێک بێ لەو دەسەڵاتەی کە حکوومەتێکی نێوەندی (مرکزي) دەیدا بە حکوومەتێکی هەرێمی، ئەوا دەبێ بزانرێ کە ئەم دەسەڵاتپێدانە تەنێ لە سای سێبەری رژێمێکی دێمۆکراسیدا شێوای هێنانەدی و شێوای رێز لێگرتن و بەردەوامییە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئۆتۆنۆمی لە سای سێبەری رژێمی نادێمۆکراسی و دیکتاتۆریدا شێوای هێنانەدی نییە، و خۆ ئەگەر لەژێر تاوی هێندێک زرووفی تایبەتیشدا هاتەدی، ئەوا تاسەر بەرگە

ناگری، چۆنکە یەکێک لە سروشتەکانی رژێمی دیکتاتۆری ئەوەیە هەموو دەسەڵاتێک دەخاتە ژێر دەست خۆیەوە و لە هیچ بەشێکی نایەتە خوارێ. خۆ ئەگەر لەبەر هۆیەکی تایبەتی و.لە کاتێکی تایبەتیدا لە بەشێکی هاتە خوارێ، ئەوا هەر هەلێک هەڵکەوت بۆی، وەریدەگرێتەوە، و تاقیکردنەوەی تاڵو تفتی چارەکە چەرخێکی کورد لە عێراقدا؛ نموونەیەکی خۆیایە بۆ ئەمە.

بەکورتی؛ ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو پارچە کوردستانەی کە نووسێنراوە بە دەوڵەتێک لەم دەوڵەتانەوە؛ بەجۆری رژێمی ئەو دەوڵەتەوە بەستراوە. جا لەبەر ئەوە ئۆتۆنۆمیستەکانی کورد لەوەدا بە هەڵە نەچوون؛ کە لەپاڵ "ئۆتۆنۆمی"دا، داوای "دێمۆکراسی" بۆ ئەو وڵاتە دەکەن کە کوردستان خراوەتە سنوورەکەیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە ئۆتۆنۆمیستەکانی کورد زۆرجار هەر خۆیان خۆیان بە درۆ دەخەنەوە، کاتێک دەکەونە وتووێژ لەگەڵ ئەو رژێمە نێوەندییە دژ بە دێمۆکراسییانەوە، کە دەسەڵاتی نێوەندییان کەوتووەتە دەست و بە ملهوڕی فەرمانڕەوایی کوردستان دەکەن. جا لەبەر ئەوەی ئۆتۆنۆمی و دێمۆکراسی لە یەک جیا ناکرێنەوە؛ ئەوا هیچ کاتێک دەوڵەتێکی نادێمۆکراسی ئامادە نییە و نابێ؛ مافی "ئۆتۆنۆمی" بدات بەکورد و لەم رووەوە هەموو وتووێژێک لەگەڵ ئەو رژێمانەدا بێ ئەنجام و کات بەفیرۆدان و خۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانی رەشە خەڵکە و هیچ دیکتاتۆرێکیش بە دەمەتەقێ و ماستاو بۆ ساردکردنەوە نابێتە دێمۆکرات.

کەواتە، ئەوانەی ئۆتۆنۆمیستن؛ دەبێ لە پێشدا رژێمەکە بگۆڕن، ئەوجا داوای ئۆتۆنۆمی بکەن. نەک وەک ئێستە؛ لە رژێمی دیکتاتۆر داوا بکەن ئۆتۆنۆمی بدات بە کورد و خۆی بکاتە رژێمێکی دێمۆکراتی. هەڵگرتنی دروشمی "ئۆتۆنۆمی" بۆ کوردستان و "دێمۆکراسی" بۆ عێراق، یان ئێران... هتد قسەیەکی زێدەیە وەک ئەوەی تۆ بێژیت سوێد و ستۆکهۆلم، چۆنکە ئۆتۆنۆمی خۆی بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە دێمۆکراسی. لەبەر ئەوە کە رۆژێک لە رۆژان رژێمێکی دێمۆکراسی لەم دەوڵەتانەدا هاتە کایە، مەبەستیشم لە دێمۆکراسی دێمۆکراسییە بە هەموو مانای وشە، نەک هەر بە قسە و لەسەر

کاغەز و فرتو فیلْ، یان کلکو گویْ دروستکردن بۆ دیمۆکراسی بەنێوی "دیمۆکراسی شۆرشگێرانە" یان "دیمۆکراسی پرۆلیتارانە" یان "دیمۆکراسی ئۆتۆریتێرانە" و"ئیسلامیپانە"... ویان هتد، ئەو دەمە بە هەموو دڵنیاییەکەوە دەبێژم: کە یەکێک لەو مافە سەرەکیپانە کە ئەو رژێمە دەیدا "ئۆتۆنۆمیی کورد" دەبێ، بەڵام بەنێوی مافی "بەشێک لە هاونیشتمانان"ی ئەو دەوڵەتە، نەک مافی نەتەوەیەکی کوردی خاوەن خاکی کوردستانی خۆی. ئەمجا ئەگەر ئەو ئۆتۆنۆمیستانە بەمە دادەکەون و بۆ ئەمە هەوڵدەدەن، ئەوا جاریْ دەبیْ پێش باسی ئۆتۆنۆمی؛ بکەونە گۆرینی رژێم و دامەزراندنی رژێمێکی دیمۆکراتی، و ئەو دەمە بەنێوی "هاونیشتمان"ەوە بکەونە داواکردنی مافی ئۆتۆنۆمی لەرێی ئیمزا کۆکردنەوە و گشتپرسی و پەرلەمان و مێتۆدە دیمۆکراتییەکانی دیکەوە. خۆ کە مەسەلەش هاتە سەر گۆرینی رژێم، ئەوا دیارە پێویست ناکات کە هەر ئۆتۆنۆمیستەکانی کورد دەست بدەنە چەک و ساڵانی ساڵ بدەنە کەژ و کێو و لەشکری بێگانە ماوەی چارەکە چەرخێک بە هەموو چەکێکی قرکەر بکەوێتە دروێنەی گیانی ژن و پیاو و زارۆی کورد و کاولکردنی گوند و شار و برینەوەی دار و درەخت و دەربەدەرکردنی سەت هەزاران کورد و ئاوارە کردنیان بۆ هەندەران کە ئیوەی ئاوارەی دانیشتووی سوێد، بەشێکن لەو ماڵوێرانانە. ئەمجا سەرەرای ئەم قوربانییە قورسەش، ئەنجامەکەی ئەوەبیْ کە هەموومان دەیزانین و ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین، دەبیْ بێژین لە خوار سفرەوەیە. بەڵیْ ئەمە وایە، چونکە مەسەلەی "ئۆتۆنۆمی" مەسەلەیەکی نێوخۆیی و گۆرینی باری سیاسیی نێو خۆیی دەوڵەتێک، پێویستی بە هاودەنگی و هاوکاری هەموو دانیشتووانی ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە هەیە و بە بەشێکی دانیشتووانی ئەو دەوڵەتە؛ بەتایبەتی کە زۆریان نەروا، نایەتە گۆرین. هەر لەبەر ئەمەشە کە پێشمەرگەی کورد -سەرەرای هەموو ئازایەتی و لەخۆبوردنێکی- تا ئێستە نەیتوانیوە رژێمی عێراق بگۆرێ، بەڵکو ئەو دەورەی پێشمەرگە دیویتی؛ بریتی بووە لە شپرزەکردن و بێهێزکردنی سەرکردەکانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق، نەک خستن و هاتنە جێی. بەڵکو رێخۆشکردن بۆ رکبەرانی ئەو سەرکردانە لەنێو رژێمەکە خۆیدا، کە ئەوانیش هەلیان بۆ هەڵکەوتووە و بە کودەتایەک

جێی سەرکردە ناحەزەکانی خۆیان گرتووەتەوە و رژێمیش هەر وەک خۆی ماوەتەوە، کەر هەر ئەو کەرە و کورتانەکەی گۆڕاوە. بۆ وێنە": شۆرشی کورد لە ئەیلوولی ١٩٦١ ەوە تا شوباتی ١٩٦٣ قاسمی وا بێ هێز کرد؛ کە بەعسییەکان توانیان زۆر بە ئاسانی بە کلاوێک بیگرن و خۆیان بێنە جێی. تازەبوونەوەی شۆرش لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ دا دژی بەعسییەکان، کارێکی وایکرد کە بەعسییەکان هێندە بێهێز ببن، کۆنە هاورێکەی خۆیان عەبدولسەلام عارف توانی بە رۆژێک تەفرو توونایان بکات و خۆی ببێتە سەرگەورەی تەواو. ئەوجا شەڕی ساردی نێوان پێشمەرگەی کورد و سوپای عارف هەر لە ٦٦ ەوە تا ٦٨؛ رێی بۆ بەعسییەکان کردەوە کە عارف لە ١٩٦٨دا برووخێنن و جارێکی دی بێنە سەرکار و هەروەها... ئەوەتە لە کوردستانی ئێرانیشدا پێشمەرگەی کورد ئەمە پێنج ساڵ پترە خۆی بە کوشت دەدات، کەچی بەختیار و بەنی سەدر و رەجەوی و "رەزای دووەم"، دانی خۆیان تیژکردەوە بێنە سەرکار و هیچ کامێکیشیان دان بەوەدا نانێ کە کورد "گەل"ە. تەنانەت یەکێکی وەک مەسعوودی رەجەوی، سەرکردەی "مجاهدین خلق" کە لایەنگرە راکردووەکانی لەترسی ژیانی خۆیان، لە کوردستاندا پەنابەرن، نەتەوەی کورد بە "دانیشتوان" (مردم کرد) دەداتە قەڵەم نەک بە "گەل" یان "نەتەوەی کورد" و سەری زمان و بنی زمانی رەجەوی باسی "تمامیت ارضی" (تەواوێتیی خاک)ی ئێرانە!!!.

مەسعوودی رەجوی لە پرۆگرامی "خودمختاری"دا بۆ کوردستان، کە "شورای ملی مقاومت"یش - کە ئەو دەمە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش ئەندامی بوو، لە مانگیی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٣ دا ئیمزای کردووە باسی "خودمختاری کوردستان لە سنووری تەواوێتیی خاکیی ئێران و یەکێتیی نیشتمانی"دا دەکات، بەڵام بە ئاشکرا و هەر لە ئێستەوە دان بەوەدا دەنێ کە ئەم بڕیارەی "شورای ملی مقاومت"، وەک هەموو بڕیارەکانی "شورای ملی مقاومت" نابنە "بەشێک لە دەستووری بنچینەیی پاشپڕۆژی کۆماری ئێران؛ تا ئەو دەستوورە لەلایەن" مجلس مؤسسان"ەوە سەر ڕاست (تصدیق) نەکرێ. ئەوجا "مجلس مؤسسان" ێک کە یەک یان دوو کوردی تێدا ببێ؛ دەبێ کورد هەر لە

ئێستەوە فاتیحا بۆ "خودمختاری" ی دیاریی ڕەجەوی بخوێنێ.

خۆ لە باری بڕینەوەی سنووری کوردستانی ئێرانەوە، ڕەجەوی هەر لەو بەیانەدا دەبێژێ کە ئەوە دەبێ بە "گشتپرسی" بێ. ئەم قسەیە، واتە بڕینەوەی سنووری کوردستان بە "گشتپرسی" لە پرۆگرامی "جوقد"یشدا هەر وایە.

جارێکی دی دووپاتی دەکەمەوە، مەسەلەی ئۆتۆنۆمی مەسەلەی دیمۆکراتیزە کردنی ئەو دەوڵەتانەن کە کوردستانیان دابەشکردووە. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایە هێزی هوردە بۆرژوای کورد هەروەها هێزە بەرهەڵستکەرە عەرەب و فارس و ترکەکان کە ئەمڕۆ باسی "دیمۆکراسی" و "ئۆتۆنۆمی" دەکەن؛ ئەوەیان لەباردایە کە بەشداریبکەن لە دیمۆکراتیزە کردنی ئەو دەوڵەتانەدا ؟

بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ تەماشای قسەی زلی پفهەڵدراو و بانگاشەی رووت نەکەین؛ بەڵکو جارێ تەماشایەکی کارو کردەوەی ئەم هێزانە بکەین کە وان لەسەر شانۆی سیاسەتی کوردایەتی. ئەو هێزانەی کەوا ئەمڕۆ لەسەر کار نین و دەزگەی دەوڵەتییان بە دەستەوە نییە و هەر یەکە تەنێ ژمارەیەک پێشمەرگەیان لەگەڵە، کەچی ئەوەتە بەربوونەتە گیانی یەکدی و پێشمەرگە و لایەنگرانیان هاندەدەن پەلاماری پێشمەرگە و لایەنگرانی ئەوانی دی بدەن و دەست بوەشێنن لێیان، هەر لەبەر ئەوەی ئەوانی دی لە ڕێکخراوی دیکەدان، یان بیرو باوەڕێکی دیکەیان هەیە جیا لە خۆیان. بەڕاستی هێندەی ئەم حیزبە کوردییانە لە پێشمەرگە و لایەنگیرانی یەکدییان کوشتووە، داگیرکەرانی کوردستان بە هەموو درندەیەتییەکیانەوە نەیانتوانیوە هێندە پێشمەرگەی کورد بکوژن. ئێستە ئەمانە ئەمە هێزەکەیانە و ئەمەش دەسەڵاتەکەیانە و وا دەکەن، ئەوجا ئایە بە زەحمەت ناچێتە مێشکەوە کە ئەگەر گریمان ئەمانە سبەی رۆژێک دەسەڵاتی دەوڵەتییان گرتە دەست، کە ئەوەش شتێکی یەکجار دوورە - هەروا لەخۆیانەوە ببنە مرۆڤی دیمۆکراسی و کۆتری ئاشتی؟

دەزانم ئەم قسانە زۆر رەقن، بەڵام بەداخەوە هەقن، و وەکو عەرەبەکە دەبێژێ: "ئەوی لە هەق بێدەنگ بێ، شەیتانێکی لاڵە". جا وەنەبێ ئەمە هەر حاڵی هوردە بۆرژوای کوردی نێوچەکە بێ، بەڵکو ئەو عەرەب و ترک و فارسانەش کە لە بەرەی بەرهەڵستکەراندان و گوایە هێندێکیان لەگەڵ بەرهەڵستکەرانی کورددا بۆ "دێمۆکراسی" و "ئۆتۆنۆمیی کوردستان" هەوڵدەدەن، وە نەبێ زۆربەیان لە زۆربەی بەرهەڵستکەرانی کورد جیاواز بن، لەبەر ئەوە مرۆڤ دەبێ بە چاوێکی رەشەوە تەماشای مەسەلەی دێمۆکراتیزە کردن، و ئۆتۆنۆمیشی لەگەڵ، بکات.

٩- "بێ دەوڵەتی" بۆ گەلی کورد مانای چی

نەبوونی "دەوڵەت" بۆ هەر گەلێک؛ مانای وایە ئەو گەلە دەزگەیەکی دەسەلاتداری نییە کە هێندێک گەلی دی هەیانە. جا لەبەر ئەوەی خاوەنێتی (هەبوون) مانای هی خۆیی (مڵکایەتی)یە و هی خۆییش، مانای دەسەلاتە، دیارە ئەو گەلەی خاوەنی دەوڵەت نییە؛ بێبەشکراوە لەو دەسەلاتانەی دەزگەیەکی دەسەلاتدار هەیەتی، و بەهۆی ئەوەشەوە بێبەشکراوە لەو دەسەلاتانەی کە ئەو مڵکایەتییە بە خاوەنەکەی دەدا. جا لەبەر ئەوەی بوونی دەسەلات: مانای بوونی ئازادییە، دیارە ئەو گەلەی "دەوڵەت"ی نییە، ئەو ئازادییانەی نییە کە گەلە دەوڵەتدارەکان هەیانە. بە کورتی: گەلی بێدەوڵەت کەمترە لەو گەلەی دەوڵەتی هەیە. ئەمە لەباری نرخی مرۆڤایەتییەوە، لەباری واقعیشەوە؛ ئەو گەلەی دەوڵەتی نییە، ناتوانێ کەڵک لەو هەل و دەسەلاتانە وەربگرێ کە گەلێکی خاوەن دەوڵەت وەریدەگرێ، وەک پاراستنی ئەو ئەرزەی لەسەری دەژی، و پاراستنی زمان و کولتوور و جۆری ژیانی کۆمەلایەتیی خۆی. هەروەها لەکاتی تەنگانەدا ناتوانێ دەنگی خۆی بە شێوەیەکی کارا بگەیەنێتە دەزگە جیهانییەکان. بۆ وێنە: گەلی کورد لەو چەند دەوڵەتەدا کە ئەمرۆ لە سنوورەکانیدا دەژی، چونکە خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە؛ نرخی کەمترە لە عەرەب و ترک و فارس کە خاوەنی دەوڵەتەکانی عێراق و ترکیا و

سووریا و ئێرانن. لە ترکیا، دان بە بوونی کورددا نانرێ و بە "ترکی کێوی" دەدرێتە قەڵەم، لە عێراق و سووریادا بە بەشێک لە "نەتەوەی عەرەب"، لە ئێرانیشدا بە "تیرەیەکی کۆنی فارس" یان "برایەکی موسڵمان". هۆی ئەوەی کە کورد لە هیچ لایەک بە "گەلێکی سەربەخۆ" نادرێتە قەڵەم، ئەوەیە کە کورد دەوڵەتی نییە، و ئەو چەند دەوڵەتەی باسکران هیچیان دەوڵەتی کورد نین. ئەگەنا ئەگەر وا نەبێ بۆچی ترک و عەرەب و فارس بە "نەتەوە" دەژمێررێن بەلام کورد بە "گەلێکی سەربەخۆ" نادرێتە قەڵەم، ئەگەرچی کورد لەگەڵ ترک و عەرەب و فارسدا دەژی و هەر لە سنووری ئەو دەوڵەتانەدا دەژی، کە ئەوان تێیدا دەژین. جا لەبەر ئەوە هەموو باسێکی "برایەتی"ی کورد و عەرەب و کورد و ترک و کورد و فارس، کە هێندێک لە داگیرکەرەکانی کوردستان و هێزە چەپییەکان دەیکەن؛ هەمووی درۆیەکی رووتە و بۆ تەفرەدانە و ئەو عەرەب و ترک و فارسانەی ئازادیخوازن؛ نابێ بێژن "بژی برایەتیی کورد و عەرەب یان کورد و ترک یان کورد و فارس" چۆنکە ئەو برایەتییە نییە تا بژی، برایەتی مانای وەکیەکییە، وەکیەکیش ئەمڕۆ لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوە دەبێ جارێ هەوڵبدەن ئەو برایەتییە لەرێی وەکیەکییەوە دروستبکەن، ئەوجا باسی بکەن و بێژن "بژی"!.

نەبوونی دەوڵەتی کورد مانای وایە کە بوونی کورد خۆی لەبەر مەترسی نەماندایە، چۆنکە هەر دەزگەی دەوڵەتییە کە لە زرووفی ئەمڕۆدا دەتوانێ خاکی نەتەوەیەک بپارێزێ لە دەستدرێژکەران، و هەر ئەویشە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا دەتوانێ رەوایەتییەکی قانوونی بۆ ئەوە دروستبکات کە خاکی ولاتێکماڵی نەتەوەیەکە. نەبوونی دەوڵەتی کورد؛ مانای وایە ئەو خاکەی کوردستان کە چەند هەزارساڵێکە نیشتمانی نەتەوەی کوردە؛ بە ماڵی کورد نەدرێتە قەڵەم؛ بەڵکو بە ماڵی ئەو دەوڵەتانەی کە خاکی کوردستانیان بەشکردووە و هیچیشیان دەوڵەتی کورد نین. جا لەبەر ئەوەی خاکی کوردستان بە ماڵی کورد نازانرێ؛ دیارە هیچ جۆرە زامنێکیش نییە بۆ ئەوەی کە کورد دەتوانێ لەسەر خاکەکەی خۆی بژی و بمێنێتەوە. گەلێک لەو پرۆژانەی کە بۆ کۆچپێکردنی کورد سازکراون وەک پشتێنی عەرەب (الحزام العربي) لە سووریا کە لە ساڵی

١٩٦٢ەوە دەستپێکرا، بەوەی کورد لەسەر سنووری کوردستانی عێراق و ترکیا کۆچپێبدرێ و ئەرزەکەیان بدرێ بە عەرەب، و ئەو پرۆژانەی کە لە عێراق لەپاش هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول سازکرا کە بە قوولی ٢٠ کیلۆمەتر کورد لەسەر سنوورەکانی کوردستانی ئێران و ترکیا گوێزرانەوە و بەزۆر خرانە خانووی وەک کولانە مریشکەوە. یان رەوانە کران بۆ خوارووی عێراق.

هەروەها ئەو پرۆژەیەی کە حکوومەتی Turgut Özal لە ترکیا لە ساڵی ١٩٨٤دا خستیە کار و گەلێک گوندی لەسەر سنووری کوردستانی عێراق، کە کەوتوونەتە مەڵبەندی هەکارییەوە بەزۆر بە خەڵکەکەی چۆڵکرد، بێجگە لەوەش ئەو پرۆژانەی کە لە کۆندا هەبوون بۆ کۆچپێکردنی کوردی هەمەوەند لە زەمانی عوسمانیدا بۆ نێو ترک، و کۆچپێکردنی کوردی ژووڕووی کوردستان لە دەورانی ئەتاترکدا بۆ رۆژاوای ترکیا، و کۆچپێکردنی گەڵباخی لە زەمانی سەفەوییەکاندا، و کۆچپێکردنی گەلێک هۆزی کورد لە زەمانی رەزا شادا و... هتد. شان بەشانی ئەمانە نیشتەجێکردنی ترک لە ژووڕووی کوردستاندا لە زەمانی ئەتاترکدا و تا ئێستەش، و نیشتەجێکردنی عەرەب لە حەویجە و شارەزوور لە زەمانی مەلیک فەیسەڵی یەکەمدا لە عێراق، و نیشتەجێکردنی عەرەب لە کەرکووک و خانەقین و شەنگار و .. هتد لە ساڵی ١٩٦٣ەوە تا ئێستە لە عێراقدا، و نیشتەجێکردنی فارس لە زەمانی حەمە رەزا شادا لە سنە و کرماشان و ... هتد.

ئەمانە هەموو زەنگی خەتەر لێدەدەن بۆ کورد، و نیشانەیەکی ئاشکران بۆ هەوڵدانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەشکردووە بە نیازی لەنێوبردنی کورد.

بێجگە لەوەش هەر بزووتنەوەیەکی کوردی روو بدات، یان هەر کاتێک کورد شۆرشێک هەڵبگیرسێنێ لە دژی ژێردەستەیی و چەوسانەوە، و هەر هاوارێک بکات لە دژی زۆڵمو زۆری ئەم دەوڵەتانە؛ ئەوا چونکە خۆی دەوڵەتی نییە، مەسەلەکەی بە مەسەلەیەکی "نێوخۆیی" دەدرێتە قەڵەم و دەکرێ بە ژێر لێوەوە. خۆ ئەگەر دەوڵەتی ببوایە، و لەلایەن هێزێکی بێگانەوە دەستدرێژی بکرایە

سەری، ئەوا دەستبەجێ دەیتوانی لە سنوورێکی جیهانی و نێو جیهانیدا مەسەلەکەی بهێنێتە پێشەوە، و هەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لەشکری بێگانەی لە وڵاتەکەی دەکردە دەرەوە. بۆ گەیشتنە ئەوەش دەیتوانی بە سەربەستی لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا مەسەلەی خۆی باسبکات و لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا کە ئارەزووی بێ، پەیمان ببەستێ بۆ دەسکەوتی خۆی. سەبارەت بەمەیە کە داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە هەوڵدەدەن مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی نێوخۆیی بهێڵنەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە کاژێک لە ١٣ی مایسی ١٩٦٤ دا، واتە ٢١ ساڵ لەمەوبەر لە بیرخەرەوەیەکدا کە بۆ سەرۆک بارزانی نووسی بوو، داوای کردبوو لێی کە "لە کاتێکدا شەڕ دەستپێکردەوە، دەبێ مەسەلەکەمان لە مەسەلەیەکی نێوخۆییەوە بگەیەنینە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتان" (٤١).

١٠- بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی

دروشمی "بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی" -وەک لەمەوبەر گوتم- دروشمی هاوبیران و لایەنگیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمە. ماوەیەک لەمەوبەر "بنکەی چاپەمەنیی ئازاد" لە سوێد، نامیلکەیەکی منی بڵاوکردەوە بەنێوی "هێندێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"ەوە، کە لەوێدا هێندێک لە سەرەتا بیرییەکانی ئەم قوتابخانەیەم ڕۆنکردەوە. وەک: ئازادی، یەکسانی، دەسەلات، ستراتیژ، تاکتیک، هێخۆیی، سەختگیری کوێرانە و بینایانە، لایەنگیری و بێلایەنی، زانست و هەڵوێست و ... هتد. پێدەچێ هێندێک لەوانەی لەم کۆڕەی ئەمڕۆدا بەشدارن ئەو نامیلکەیەیان خوێندبێتەوە. ئەوەی بۆ ئەم سەمینارەی ئەمڕۆ مەبەست بێ، تەنێ ئەو لایەنەی ئەم قوتابخانەیە کە پێوەندیی بە مەسەلەی نەتەوەوە هەیە کە بەو ڕێیەش دەگوترێ "بیری نەتەوەیی". شایانی باسە، کە پار لەسەر "بیری نەتەوەییی کوردی" و جیاکردنەوەی لە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی؛ سەمینارێکم لێرە، لە ستۆکهۆڵم، پێشکێشکرد، کە ئەمساڵ چاپکرا و لەم

ڕۆژانەدا بڵاوکرایەوە، و گونگری بەڕێزیش دەتوانێ بگەڕێتەوە سەری. بێجگە لەوەش لەو باسەدا، کە وەک لێکۆڵینەوەیەک بۆ گۆڤاری "نیشتمان"م نووسیوە لەساڵی ١٩٨٣ دا و بە بۆنەی تێپەڕبوونی چل ساڵ بەسەر گۆڤاری "نیشتمان"دا، هەر لەوێدا بەندێکم تەرخانکردووە بۆ "بیری نەتەوەیی کوردی" و ناسیۆنالیزم. هیوام وایە ئەو بەرهەمەش هەر ئەمساڵ بکەوێتە دەست خوێنەرە بەڕێزەکان.

بەپێی "قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"، هەموو مرۆڤێکی ژیر بیر دەکاتەوە و هەموو ژیندارێکی بیرکەرەوەش مرۆڤە. واتە: بیرکردنەوە خۆماڵێکی مرۆڤە. بیری مرۆڤی ژیر؛ خۆی لە ئازادیدا دەردەبڕێ، کە ئازادی سرووشتێکی خۆڕسکی و بنەڕەتیی هەموو مرۆڤێکی ژیرە؛ بە درێژاییی ژیانی. جا لەبەر ئەوەی ئازادی تایبەتکارێکی مرۆڤە، واتە بەشێکە لە مرۆڤ خۆی، لەبەر ئەوە شێوای کڕین و فرۆشتن و بەدیاریدان و بە میراتبردن نییە، جا لەبەر ئەوەی "مرۆڤایەتی" خۆی "یەکەیەکە" شێوای کەرتکەرتکردن نییە. دیارە ئازادی، وەک تایبەتکارێکی مرۆڤ، واتە بەشێک لە مرۆڤ خۆی، ئەویش شێوای کەرتکەرتکردن نییە. بەکورتی ئازادیی مرۆڤ زۆری و کەمی و پلە بۆ دانان هەڵناگرێ.

واتە؛ تۆ ناتوانیت بێژیت مرۆڤی (A) مافی ئازادیی پترە لە مرۆڤی (B)، چۆنکە کاتێک ئازادی تایبەتکارێکی خۆزا و خۆڕسکی مرۆڤ بێ؛ ئەوسا لەنێوان "بوونی ئازادی" و "نەبوونی ئازادی"دا سنوورێک نابێ ببێ. وەک چۆن لە نێوان "ژیان" و "مردن"دا، کە هەردووکیان دوو تایبەتکاری خۆڕسکی و خۆییی مرۆڤن، سنوورێک نییە، واتە: ناتوانیت بێژیت: "ڕۆستەم کەمێک مرد، یان نەختێک دەژی"، بەڵکو دەبێ بێژیت: ڕۆستەم مرد، یان نەمرد". هەروەها پێویستە بێژیت: "ڕۆستەم دەبێ ئازاد بێ وەک هەموو مرۆڤێکی دی، یان ئازاد نەبێ". ئەوجا کە گوتت "دەبێ ئازاد نەبێ"، دەبێ تەڤی ئەوەش بێژیت "وەک هەموو نامرۆڤێک"، چۆنکە "نەبوونیی ئازادی" مانای سەندنەوەی تایبەتکارێکی خۆڕسکییە لە مرۆڤ، کە بەبێ ئەو تایبەتکارە لە مرۆڤێتیی

ڕاستەقینە دەکەوێ.

ئەوجا "ئازادی" کە خۆی تایبەتکارێکی مرۆڤی ژیرە -مرۆڤی ژیریش هەر بەم پێیە ئەو مرۆڤەیە کە دژی ئازادی نەبێ- هەر کاتێک "ئازادی" کەوتە مەیدانی کردەوە لە کۆمەڵگەیەکدا، ئەوا خۆی لە شێوەی یەکسانیدا دەنوێنێ. واتە: یەکسانی بریتییە لە خستنەکاری تایبەتکاری ئازادیی مرۆڤ، یەکسانیش لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی دیدا تەنێ دەتوانێ لە یەکسانیی دەسەڵاتدا خۆی بنوێنێ. چونکە "یەکسانیی لە دەسەڵات"دا هەموو جۆرە مافەکانی دی لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

ئەوجا مرۆڤ ئەگەر بێتو بە تاکە تاکە بژین، یان بە کۆمەڵ کۆمەڵ بژین، ئەوا ئازادی، چونکە خۆی لە خۆیدا تایبەتکارێکی خۆرسکی و خوزاییی مرۆڤە، لە هەردوو بارەکەدا نایەتە گۆڕان. لەبەر ئەوە یەکسانیی مرۆڤێک و مرۆڤێک هەر لە دۆخی تاکە تاکەییدا نییە، بەڵکو لە دۆخی کۆمەڵ کۆمەڵیشدایە. جا چونکە نەتەوەکانی سەر زەوی، هەر یەکەیان بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێک، دیارە ئەم کۆمەڵانە هەموویان مافی یەکسانییان هەیە. کە مافی یەکسانیشیان هەبوو، دیارە دەبێ لە ڕاددەی دەسەڵاتیشدا یەکسان بن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ نەتەوەیەک مافی ئەوەی نییە و نابێ؛ پلە و سنوور بۆ ئازادیی نەتەوەیەکی دی دابنێ. بۆ وێنە: عەرەب و ترک و فارس مافی ئەوەیان نییە و نابێ بە کورد بێژن: تۆ دەبێ بە "ئۆتۆنۆمی" ڕازی ببیت؛ بەڵام ئێمە خۆمان دەوڵەتی ناسیۆنالی سەربەخۆی خۆمان هەبێ. بەڵکو دەبێ ئەو نەتەوانەی، خۆیان بە ئارەزووی خۆیان، دەیانەوێ پێکەوە بژین؛ خۆیان یەکسان بکەن. واتە دەسەڵاتی خۆیان وەکیەک لێبکەن. بە وشەیەکی دی: یان ئەوەتە نەتەوەی کوردیش وەک ئەوان دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆی هەبێ، یان ئەوەتە ئەوانیش وەک کورد بە "ئۆتۆنۆمی"، یان هەر جۆرە بەڕێوەبەرێتییەکی دی کە هەموو پێیرازیبن، هەموویان وەکیەک پێڕەوبیکەن. خۆ ئەگەر وا نەکەن، مانای وایە مرۆڤێکی عەرەب، یان ترک، یان فارس لە مرۆڤێکی کورد دەسەڵاتی زۆرترە، واتە ئازادترە، لەکاتێکدا وەک گوتم، ئازادی تایبەتکارێکی هەموو

مرۆڤێکی ژیرە و شێوای پلە بۆ دانانی نییە.

ئەمجا مەسەلەی دژ نەوەستان بەرامبەر بە ئازادی، وەنەبێ هەر مەسەلەیەکی دەرەکی بێ، واتە؛ تاکە تاکەی مرۆڤ بۆ یەکدی بسەلمێنن، یان نەتەوە جۆر جۆرەکان بە یەکدی رەوابیبینن. بەڵکو دەبێ تاکە تاکەی مرۆڤ و کۆمەڵانی مرۆڤیش دژی ئازادیی خۆیان نەوەستن. بەکورتی: ئەگەر رۆژێک نەتەوەی کورد بڕیاری چارەنووسی دەسکەوت، ئەوا بەپێی بۆچوونی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم؛ خستنە کاری ئەو بڕیارە کاتێک رەوایەتی دەبێ کە "لە ئازادیدا" بدرێ، واتە لەژێر سایەی هیچ جۆرە ترس و لەرز و فرو فێڵێکدا نەبێ. دووەم: نەتەوەی کورد هەر دەتوانێ "بۆ ئازادی" بڕیار بدا. ئەمەش مانای وایە؛ ئەگەر هاتو نەتەوەی کورد بە جۆرە سیستەمێکی حکوومەتی خواردەستانە رازی بوو کە لەبارەی دەسەڵاتەوە کەمتر بێ لە هی نەتەوەکانی دی، ئەوا دیارە لە ئازادیی خۆی کەمکردووەتەوە لەچاو ئازادیی نەتەوەکانی دیدا. خۆ ئەگەر هاتو دەنگی بۆ جۆرە رژێمێک دا کە ئەو رژێمە دژی ئازادی بوو، وەک رژێمێکی دیکتاتۆریانە، یان فاشیستانە یان تۆتالیتێرانە یان ئۆتۆریتێرانە و... هتد، ئەوا ئەو بڕیارە دژی ئازادی دراوە و "بۆ ئازادی" نەدراوە. ئەو حەلە هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم رێزی ئەو بڕیارە ناگرن و بەربەرەکانێشی دەکەن، تەنانەت ئەگەر هاتوو زۆربەی هەرە زۆری کوردیش لە پشت ئەو بڕیارەوە بوەستێ. هیچ تاکێک و هیچ کۆمەڵێک (لێرەدا هیچ نەتەوەیەک) ئازاد نییە لەوەدا کە دژی ئازادی بوەستێ. سا ئەو ئازادییە، ئازادی خۆبێ، یان خۆنەبێ. هەر بڕیارێک لەدژی ئازادی بدرێ، ئەو بڕیارە لە ژیرییەوە نەهاتووە، و هەر بڕیارێکیش لە ژیرییەوە نەهاتبێ، بە زۆری ژمارەی لایەنگیرانی بڕیارەکە "رەوایەتی" بۆ پەیدا ناکرێ.

کەواتە هەر دەوڵەتێکی کوردی، یان هەر بنکەیەکی ناسیۆنالی دی کە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری دروست ببێ؛ دەبێ "لە ئازادی"دا هاتبێتە کایە و "بۆ ئازادی" هاتبێتە کایە. چونکە "دەوڵەتی کورد" بەلای هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمەوە؛ ئامانج نییە؛ بەڵکو هۆیەکە بۆ

دەربڕین و بەکارهێنانی مافی ئازادیی مرۆڤی کورد لە بڕیاردانی چارەنووس و دەستنیشانکردنی جۆری ژیانی خۆیدا لە سنووری کۆمەڵگەیەکدا. ئەمەش مانای وایە ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دروست ببێ، و گەلی کورد ئازادیی بڕیاردان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی نەبێ، ئەوا ئەو دەوڵەتە بە دەوڵەتی هەموو کۆمەڵگەی کورد نادرێتە قەڵەم. چۆنکە ئازادی، لەباری سەرنجی ئەم قوتابخانەیەوە -وەک گوتم- تایبەتکارێکی هەموو مرۆڤێکی ژیرە. کەواتە نابێ کوردێک بە تەختێک ئازادی رازی ببێ و کوردێکی دیش بە زۆرێک ئازادی دانەکەوێ.

کەواتە مەسەلە بەلای ئەم قوتابخانەیەوە مەسەلەی ئازادییە لە بڕیاردان و لە جێبەجێکردنیدا لەلایەن کۆمەڵگەی کوردەوە، نەک تەنێ مەسەلەی بوونی ئالایەک و سەرکۆمارێک و پەرلەمانێک. چۆنکە زۆر وڵات هەن: ئالاش و سەرکۆماریش و سوپاشیان هەیە و گەلەکانیشیان لە بڕیاردان و جێبەجێکردنی بڕیاردا ئازاد نین. بوونی دەوڵەت بەتەنێ مانای ئەوە نییە ئەو گەلەی دەوڵەتەکە بەنێوییەوە دانراوە "ئازادە". بەڵام گەلێکی ئازاد ئەمڕۆ پێویستی بە بوونی دەزگەیەکی سیاسییە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی و ئارەزووەکانی لە بەندیوارێتیی کۆمەڵگەیدا. و هەروەها بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی و خاکەکەی. جا ئەو دەزگەیە دەتوانێ لە شێوەی "دەوڵەتێکی سەربەخۆ"دا بێ، یان لەشێوەی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکدا بێ، یان لەشێوەی یەکگرتنی چەند گەلێکدا بێ لە سنووری بەڕێوەبەرێتییەکی نێو کۆیدا؛ هونەر ئەوەیە لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی یەکسانیی ئەو دەوڵەتانە، یان ئەو گەلانەی بە ئارەزووی خۆیان یەکدەگرن، دامەزرابێ.

هەر لەبەر ئەمەیە کە هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، ئەمە چارەکە چەرخێک پترە باسی "سەربەخۆیی کوردستان" ناکەن، بەڵکو باسی ئازادیی کورد و کوردستان دەکەن لە بەڕێوەبردنی خۆیدا.

چۆنکە ئازادی بەلایانەوە لە سەربەخۆیی بەرزترە. سەربەخۆیی بەشێکە لە ئازادی، نەک هەموو ئازادی. چۆنکە دوور نییە گەلێک دەوڵەتێکی سەربەخۆ،

یان چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆشی هەبێ؛ جیاواز لە دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان، بەڵام ئازادیی بڕیاردان و بەجێگەیاندنی ئەو بڕیارانەی نەبێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە یەکێک لە دوو درۆشمە سەرەکییەکانی کاژیک "کوردستان بۆ کورد" بوو؛ نەک "کوردستانێکی سەربەخۆ". مەبەست لەمەش ئەوەبوو کە کورد خۆیان بە ئازادی کوردستان بیبەن بەڕێوە، دوور لە دەسەڵاتی ناکورد. هەروەها شتێکی رێککەوت نییە کە یەکێک لە دوو درۆشمە سەرەکییەکەی "پاسۆک": "کوردستانێکی ئازاد"ە، نەک "کوردستانێکی سەربەخۆ" یان "دەوڵەتێکی کوردی".

ئەمجا پاش ئەوەی کە واتەی "بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی"مان ڕۆنکردەوە، دەبێ پیچێک لەسەر ئەوە بدووین؛ تا بزانین واتەی "نەتەوە" بەلای ئەم قوتابخانەیەوە چی دەگرێتەوە:

وەک لەمەوبەر گوتم، زانستکارە بۆرژواکان و زانستکارە مارکسیستەکان، هەردوو لایان، زۆر و کەم مەسەلەی بوونی "نەتەوە" بە بوونی "دەوڵەت"ەوە گرێدەدەن، و لێرەدا مەسەلەی ئابووری نێوکۆیی و زمانی نێوکۆیی و بەسەرهاتی نێوکۆیی و سەرزەوی نێوکۆیی بە مەرج دەزانن بۆ بوونە نەتەوە. قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم پێی وایە: هەستی چارەنووسی وەکیەک گەورەترین هۆکارێکە بۆ دروستکردنی نەتەوە.

دیارە هەستکردن بە چارەنووسی وەکیەک لە خۆ بە یەکزانیندا، هەروا لەخۆیەوە دروستنابێ و لە ئەنجامی پرۆسەیەکی زۆر سەختدا دروستدەبێ. بەڵام کە کۆمەڵێک مرۆڤ هەستیان بە چارەنووسی وەکیەککرد، ئەوسا مەرجەکانی دیکەش وەک زمانی وەکیەک و پەیداکردنی سەرزەویی نێوکۆیی و دەوڵەتی هاوبەشیش دروستدەبێ. جوولەکەکان نموونەیەکی باشی ئەمەن. ئەمانە هەزاران ساڵ بوو لە وڵاتی بنەڕەتی خۆیان پچڕا بوون، و بە هیچ جۆرێک مێژوویەکی هاوبەشیان نەبوو، مەگەر مێژووی هەرە کۆنیان. بەڵام هەستکردن بە چارەنووسی وەکیەک لە خۆ بە یەکزانیندا، وایلێکردن خۆیان بناسن ورووبکەنەوە سەر زەوییە کۆنەکەی خۆیان کە چەند هەزار ساڵێک بوو بەجێیان

هێشتبوو، و لەوێ پێکەوە دەوڵەتێک بۆ خۆیان بنیات بنێن.

موسڵمانەکانی هیندستان نموونەیەکی دین بۆ ئەمە، ئەمانە بە درێژایی مێژوو هیندستانی بوون، و بەشێک بوون لە هیندستان، بەلاٌم لەبەر ئەوەی ئاینەکەیان جیاواز بوو، و هەستیان بە چارەنووسی وەکیەک دەکرد لە خۆ بە یەکزانیندا، هاتن زمانی ئۆردوویان بە تیپی عەرەبی ژیاندەوە و کردیان بە زمانی ناسیۆنالی خۆیان، و لە ئەنجامدا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ خۆیان پێکەوە نا بەنێوی "پاکستان"ەوە.

ژێدەرەکان

(١)- وتاری سەمیناری "بیری نەتەوەییی کوردی؛ نە بیری قەومیەت ی رۆژهەلاتی و نە بیری ناسیۆنالیزم ی رۆژاواییە" لە رۆژی ١٩٨٤/٨/١٨ دا لە ستۆکهۆلم درا بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی سۆکسە SOKSEەوە کە لە ١٨ - ١٩ ی ئابی ١٩٨٤ هەر لە ستۆکهۆلم بەسترا. ئەم وتارە سەمینارییە بۆ یەکەمجار لەلایەن "بنکەی چاپەمەنیی ئازاد"ەوە لە سوێد چاپکراوە و، چاپی دووەمیش لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە لایەن "بنکەی کوردنامەوە چاپ و بلاوکراوەتەوە.

(٢)- تەماشای "شەرەفنامە" بکە:

Scheref Prince de Bidlis: Scheref-Nameh ou Histoire des Kourdes, Publiee par v. Velliaminof-Zernof, Tome 1, Texte Persian, Premiere Partie, St. Petersbourg 1868, p. 16-17.

(٣)- هەر ئەوێ.

(٤)- خاوەن سەمینار ئەو نەخشەیەی پێشانی بەشدارانی سەمینارەکە دا کە لە لاپەرە (١٤٩)ی کتێبەکەی نجفقلی پسیان دایە: مرگ بود بازگشت هم بود / تأریخچه فرقه دمکرات اذربایجان وحزب کومله، کردستان. اذرماه ١٣٢٧ (نوفمبر / دیسمبر ١٩٤٨) شرکت سهامی چاپ / تهران. (لـ ٣ . ١ ئەم سەمینارە).

(٥)- خاوەن سەمینار ئەو تابلۆیەی لـ ٣ . ١ پێشانی بەشدارانی سەمینارەکە دا کە بە دەوری ئالای کوردستاندا نووسراوە: "دەولەتی جمهوری کوردستان". لە تەنیشت ئەمەشەوە وێنەیەکی ئالای کوردستان لە دەورانی "کۆماری کوردستان"دا دەبینرێ (لـ ٣ . ١ ئەم سەمینارە).

(٦)- "نیشتمان"، ژمارە (١) ساڵی (١)، پووشپەڕی ١٣٢٢ (=١٩٤٣)، ل ١-٢.

(٧)- تەماشای یەکەمین بەیاننامەی "مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق" بکە کە لە زستانی ساڵی ١٩٤٥ دا دەرچووە بە بۆنەی دروستبوونی "بەرەی رزگاری کورد"ەوە. لەوێدا "رزگارکردنی کوردستانی گەورە" بە ئامانجی حیزبەکە دادەنێ. ئەم بەیاننامەیە لە کتێبێکدا کە پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان بەنێوی خوازراوەیی "محمد شیرزاد" و لەژێر نێوی "نضال الاكراد"دا لە قاهیرە لە ١٩٤٦ دا بلاوی کردووەتەوە؛ چاپکراوە.

(٨)- سجل مذاكرات جمعية "ام القرى" ذي القعدة ١٣١٦، اي ضبط مفاوضات وقرارات مؤتمر النهضة الاسلامية المنعقدة في مكة المكرمة سنة ١٣١٦، ناشره السيد الفراتي، مركز النشر في بورت سعيد ١٣١٦، ١٤٤.

(۹)- بۆ وێنە سیر ئەرنۆلد ویلسن Sir Arnold Wilson کە "فەرمانداری گشتیی عێراق" بوو لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە، کتێبە کۆنەکەی لەسەر عێراق بە نێوی میزۆپۆتامیاوە نووسیوە:

Wilson, Lt. Col., Sir Arnold T.: Mesopotamia 1914-1917., London 1930.

Wilson, Lt. Col., Sir Arnold T.: Mesopotamia 1917-1920, London 1931.

هەروەها Haldane کتێبەکەی لەسەر عێراق بەنێوی میزۆپۆتامیاوە نووسیوە،

Haldane, A. L.: "The Insurrection of Mesopotamia, Edinburgh 1922

مێجەر سۆنیش کتێبەکەی لەسەر عێراق و کوردستان، بەنێوی میزۆپۆتامیا و کوردستانەوە نووسیوە: Soane, E.B.: To Mesopotamia and Kurdistan in Diguise, London 1912.

بەمانە و گەلێک نووسینی دی ئینگلیزەکان و ئەوروپاییەکاندا تێدەگەین کە نێوی عێراق لەلایەن ئەمانە خۆیانەوە بەکار نەدەهێنرا. بەڵام نێوی کوردستان بەکار دەهێنرا.

(۱۰)- عبد الرزاق الحسني: تأريخ العراق السياسي الحديث - الطبعة الثانية - الجزء الثالث، صيدا / لبنان ۱۹۵۷ ص ۲۶۷، هەروەها :

Rambout Lucien: Les Kurdes et le droit, Paris 1947, p51.

(۱۱)- عبدالرزاق الحسني: سەرچاوەی پێشوو، ص ۲۷۰، هەروەها: محمود الدرة: القضية الكردية، بيروت ۱۹٦٦، ص ۱۵۵-۱۵٦.

(۱۲)- رەفیق حیلمي: یادداشت. بەرگی یەکەم - بەشی دووەم، بەغدا ۱۹۵٦، ل ۱۹۳.

(۱۳)- William Eagleton JR. The Kurdish Republic of 1946, Oxford University Press, London 1963, p.44

(۱٤)- سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤ - ٤٥.

(۱۵)- "ایران و جهان"، پاریس، شمارە ۹-۱٦ / کانوونی دووەم ۱۹۸٤.

(۱٦)- Hannelore Küchler: Öffentliche Meinung: Eine methodologische Betrachtung und eine examplarische Untersuchung zum Selbstverständnis der Kurden, Berlin 1978, s. 198.

(١٧)- جلال الطالباني: كردستان والحركة القومية الكردية، بغداد ١٩٦٩ / ١٩٧٠، ص ٢٠٧-٢٠٨

(١٨)- تەماشای: الحزب الديمقراطي الكردستاني / القيادة الموقتة: البرنامج الجديد للحزب الديمقراطي الكردستاني. عن التقرير السياسي لكونفرانس الحزب المنعقد في شهر آب ١٩٧٦، ص ٥٦.

(١٩)- تەماشای: الحزب الديمقراطي الكردستاني / اللجنة التحضيرية: تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها، اوائل كانون الثاني ١٩٧٧، ص٩٩.

(٢٠)- تەماشای المنهاج والنظام الداخلي للحزب الاشتراكي الكردستاني - العراق، اقر في المؤتمر الاول للحزب المنعقد ما بين ١٢-١٥ آيار ١٩٨١، من وثائق المؤتمر (١).

(٢١)- "کوردستان" ئۆرگان "کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە ژمارە (٥٤)ی رەشەمەی ١٣٥٧=مارسی ١٩٧٩ دا نووسیبووی: "ئێمە نە بروامان بە حیزبی تاقانە لە ئێراندا هەیە و نە لە کوردستاندا، نە بڕواشمان بە پێشگیری لە تێکۆشانی دەستە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان هەیە...هتد".

(٢٢)- "ی.ن.ک." هەرچەندە پاش هەرەسەکە باسی ئەوەی دەکرد کە دەبێ لە کوردستاندا "سەربەستیی ڕێکخستن" بێ، بەڵام وەک لە کردەوەکانی و لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێ، ئەم "ی.ن.ک"ە هەوڵی "سەرکردەیی" و "خۆبەزلگرتن" و "پێشڕەوێتییەکی ئاڤانگاردیستانە" دەدا کە لە ڕێی بەکارهێنانی زۆر و لێدانی ڕێکخراوەکانی دیکەوە بیگاتێ. ئەوی نامیلکەی "حول الحركة التحررية للشعب الكردي في كردستان العراق" بخوێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٧٧دا دەرچووە، ئەم ڕێڕەوە نوێنفاشیستانەیەی "ی.ن.ک" دەردەکەوێ بۆی.

(٢٣)- بەبۆنەی تێپەڕبوونی چارەکە چەرخێک بەسەر دامەزراندنی کاژێکدا لە ١٤/٤/١٩٨٤ دا باسێکم لەژێر نێوی "ڕەنگدانەوەی بیری کاژێک لە ئەدەبیاتی هوردە بۆرژوازیی کورددا" بۆ چاپ ئامادە کردوە، ئەم باسە لە کۆبوونەوەیەکدا لە بەرلین لە ڕۆژی ١٤/٤/١٩٨٤ دا خوێندراوەتەوە و دەمەتەقێکراوە لەسەری.

(٢٤)- قانونی "ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق" گوایە "بیبرازکراو" کە لەلایەن "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"ەوە دراوە بە کاربەدەستانی بەعس، پارێزگەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ئەم قەزایانە: ئاکرێ، شەنگار، شێخان، زمار، کفری، تووز، داقوق، خانەقین، مەندلی، پردێ، قادرکەرەم، قەرەهەنجیر و لەیلان بە هەرێمی

"ئۆتۆنۆمی" دا دەنێ و چاو لە کەرکووک دەپۆشێ. لە ماددەی یەکەمی برگەی (هـ) دا دەبێژێ: "المنطقة جزء لا يتجزأ من ارض العراق. وشعبها جزء لا يتجزأ من شعب العراق". لە برگەی (و) هەر ئەو ماددەیە دەبێژێ: "هيئآت الحكم الذاتي جزء من هيئآت الجمهورية العراقية". لە ماددەی دووەم و برگەی (د) دا دەبێژێ: "يخضع التعليم في جميع مراحله في المنطقة للسياسة العامة للدولة مع مراعات الخصوصية القومية للمنطقة". بە مانایەکی دی: خوێندن بە زمانی کوردی، بەڵام بیروباوەڕ بەعسی.

(٢٥)- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان: عێراقچێتیی داگیرکەر و بۆرجوازیی کوردستانی، کوردستانی بوونی کرێکاران و رەنجدەران، نیسانی ١٩٨٣.

(٢٦)- بۆ وێنە، تەماشای : الحزب الديمقراطي الكردستاني (اللجنة التحضيرية): تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها، اوائل كانون الثاني ١٩٧٧، ص ١٠٢.

(٢٧)- لە کاژیکنامەدا هاتووە : "کورد خۆی خۆی رزگار دەکا لەرێی بیروباوەڕی پاکی کوردایەتییەوە. لەبەر ئەوە کاژیک هەر پشت بە کورد دەبەستێ و بڕوا بە هیچ بێگانەیەک ناکا و هەر کەسێک بڵێ "بێگانە کورد رزگار ئەکا" یان بە ساویلکە یان بە دوژمنی دا ئەنێ. چونکە ئاشکرایە کە بێگانەیەک دەوڵەت بۆ کورد دروست بکات لە هیچە؛ زۆر بە ئاسانی لێشی ئەسێنێتەوە". کاژیکنامە، ل ١٨.

(٢٨)- لە کاژیکنامەدا هاتووە: "کاژیک داگیرکەرانی کوردستان هەموو بە یەک چاو تەماشا ئەکا و کوردستان تەنیا بە موڵکی کورد ئەزانێ و ئەبێ کورد هەر خۆی فەرمانڕەوا بێ لە کوردستاندا. لەبەر ئەوە بڕوای بەو برایەتییە درۆزنەیە نییە کە لە رێگەیەوە سەروەت و سامانی بە تالان ئەبرێ و لە کەمترین مافی مرۆڤانە بێبەش ئەکرێ. لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایی هەموو نا کوردێک بەسەر کوردستاندا بە کارێکی ناشەرعی ئەزانێ". کاژیکنامە، ل ١٨.

(٢٩)- حیزبی سوسیالیستی کوردستانی عێراق: حیزبی شۆڕشگێڕ ل ٥-٦.

(٣٠)- تەماشای وتاری: "ئامانجەکانی کاژیک و شێوەی هێنانەدی ئەو ئامانجانە" بکە کە لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ دا لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی کاژێکەوە بڵاو کراوەتەوە، و لە ژمارەی ٥ ی رۆژنامەی "بانگی کاژیک"دا جارێکی دی چاپکراوەتەوە کە لە ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٨ دا دەرچووە. هەروەها تەماشای وتاری "چۆن هاوبیرێک بۆ کاژیک وەدەست ئەهێنیت" نووسینی رەسول بکە، کانوونی دووەمی ١٩٦٢، چاپی دووەمین- چاپی ئەورووپا ٢٥٨٠ ی کوردی و ١٩٦٨ی فەرەنگی.

(٣١)- جمال نبز: حول المشكلة الكردية، من منشورات "الاتحاد الوطني للطلبة الكرد في

ئورووپا (نوکسە)" ٢٥٨٠ ك / ١٩٦٩ م، ص ١٢.

(٣٢)- Jemal Nebez, Der Kurdische-Fürst Mir Muhammad-i Rawandizi genannt Mir-i Kora im spiegel der Morgenländischen und Abendländischen Zeugnisse, ein Beitrag Zur Kurdischen Geschichte, Hamburg 1970, s. 110.

(٣٣)- جمال نبز: حول المشكلة الكردية، سەرچاوەی پێشو ل ٤٢.

(٣٤)- تەماشای رۆژنامەی "المنار"ی بەغدادی بکە، ژمارەی رۆژی ١٣/١١/١٩٦٦.

(٣٥)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Lesikon Zur Soziologie, herausgegeben Von u.a.w. Fuchs, 2. Verbsserte und erweiterte Auflage, Westdeutscher Verlag 1978, s. 520

(٣٦)- تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Mackesen von Hollander: Universal Wörter & Fremdwört-erbuch Xenos Verlagsgesellschaft, Hamburg 1983, s.747.

(٣٧)- کاژێکنامە، فەلسەفەی کاژێک لە چەند دێڕێکدا. لە ناوەڕاستی تەمموزی ١٩٦١ دا بۆ یەکەمین جار بڵاوکراوەتەوە. ل. ٩-١٠.

(٣٨)- تەماشای "من خطاب صدام حسين في التجمع الجماهيري في منطقة قشقولي في محافظة السليمانية بتاريخ ٢١/٣/١٩٧٩" بکە لە "مجلة الحكم الذاتي"دا، العدد ٤، السنة الرابعة، ١٩٧٩، ص . وەرگێڕانی کوردی ئەو برگەیەی قسەکەی سەدام لە لاپەڕە ٤ی ئەم گۆڤارەدایە.

(٣٩)- تەماشای رۆژنامەی "النور" ژمارەی ٨، ٢٠/١٠/١٩٦٨ بکە.

(٤٠)- تەماشای رۆژنامەی "هاوکاری"، بڵاوکراوەی "دەزگەی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی"، ژمارەی ٧٠٠، پێنج شەممە ١٨/٨/١٩٨٣، ل ١ بکە.

(٤١)- تەماشای: بين كاژيک والبارزاني - سلسلة الوثائق الكاژيكية باللغة العربية - طبع من قبل فرع كاژيک في اوروبا، ٢٥٨١ كردي - ١٩٦٩م، ص ١٧، بکە.

بۆچی دژی جیابونەوەین؟

جوولانەوە کەمان بێ بەری یە لە جیا بوونەوە خوازەکان وە لە شوێنی ئەوە لایەنەکەی لری مافی چارە نووسی بە دەست خومان بێ ئەو مافە بامەبی بمانلریتی بێ بەمانلرینی نیمە جسووری مانەوەی بە ئارەزوو لە گەل گەلی عەرەب دا هەلمان بژاردووە و هەلی ئەبژێرین وە هەر لەبەر ئەو راستی یەشە کەر بەزووریش ئەو جیا بوونەوەیە بەپێتری بە سەرماندا بەرامبەری ئەوەستین چونکە شورشگێرانی کورد زور چاك لەو راستی یانە گەیشتوون و ریگەی خەباتی پێشکەوتوانەی خوشیان چاك دیاری کردووە کە خەباتی یەکگرتووی هەردوو گەلی کوردو عەرەبە بو گەیشتن بە دوا روژیکی بەختیار بو نەهێشتنی چەوسانەوەی جیایەتی چەوسانەوەی نەتەوایەتیش تامێنی بە زوور سەپاندنی بیرو هەلویست و پەیوەندی یەکی زورەملی لە ئاکامدا نامینی وە بو وەستان بەرامبەر بە هەموو تەیاری جولانەوەیەکی جیابوونەوە خوازانە پێویستە لە سەر هەردوو گەل و جەماهیریان ئەویش بە دامەزراندنی رژێمی سوشیالیزم عیلمیانە چونکە لە ژێر سایەی ئەو رژێمە جگە لەوەی کە چەوسانەوەی چینایەتی ناهێلری گەلی کوردیش بەو مافە رەوایەی کە لە پێناوی دا خەبات ئەکات کە وە دەست هێنانی مافی چارە نووسی خویەتی بە دەست خوی بێ ئەلەو کاتەشدا بێ گومان بە شیوەی یەکێتی بە ئارەزووی خوی هەلئەبژیری کە لە نوونوس بو کوردستان لە چوار چیوەی کوماری شورشگێری عیراق و ئەو رژێمە سوشیالیزمەدا ئەحەوێنەوە و کە بە هەموو مافە نەتەوایەتی یە کانیشی شاد ئەبی چونکە لە گەل هەموو ئەو کەسانەی کە ئەیانەوی یەکێتی عیراقی راستەقینە بچەسپی ئەلێین ... بە هەموو مافەکانی گەلی کورد سەلمێنری و یەکێتی یەکی بە ئارەزوو لە یەکسانی لە هەموو رووێەکەوە تیدا بێ ... ك بهێنری .

این نقشه کردستان بزرگ است که قاضی محمد خیال ایجادش را داشت و در دفتر کارش بالای سرش گذاشته بود .



جەمال نەبەز

سەمیناری کوردستان
راپۆرتێک لەسەر بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد
و
وتووێژ لەسەر باری باشووری کوردستان

وتارێکی سەمینارییە لە ئێوارێی رۆژییەکشەممەی ١٩ی مارتی ١٩٩٥دا لە شاری ستۆکهۆلم (سوێد) لەبەردەم ٢٨٧ کوردی سوێد و شوێنانی دیکەی ئەورووپادا پێشکێش کرا

بەڕێزان بەشدارانی سەمیناری کوردستان

سلاوێکی گەرمتان لێ بێ و سوپاس بۆ بەشداریتان بەم شێوە فراوانە لە سەمیناری ئەوڕۆدا کە هیوام وایە بتوانێ هێندێک ڕۆشنایی ئاڕاستەی باری ئێستەی نەتەوەی کورد بەگشتی بکا و سووتێکیش بگەیەنێ بە هەوڵدان بۆ ڕەواندنەوەی باری ئاڵۆزکاوی ئەوڕۆی باشووری کوردستان. سوپاسێکی گەرمی کاک بورهان مام تۆفیق و هەموو ئەو برادەرانەیش دەکەم کە ڕەنجیان بە دەست پێکهێنانی ئەم سەمینارەوە کێشاوە و هەموو لایەکتان بەخێرهاتن و سەرچاو.

بەڕێزان:

ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ئاستی خۆرهەلاتی نێوەڕاست و جیهاندا سەریان هەڵدا؛ وەک ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و دامەزراندنی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" (١٩٧٩) و پێ بەپێی ئەوەش بەهێزبوونی بزووتنەوەی "بنچینەگرانە"ی ئیسلامی دژ بە ئەمریکا و ئەوروپا، و هەڵپڕژانی جەماوەرانەی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕووی زۆرداری و ملهوڕیی ڕژێمی مەلا شیعەکاندا، و کودەتای سوپایی لە ئەنقەرە (ئەیلوولی ١٩٨٠) و هاتنە کایەی ڕژێمی میلیتاریستی دوژمن بە کورد و دیمۆکراسیی ئێڤرەن. هەروەها جەنگی هەشت ساڵەی کەنداو (لە نێوان عیراق و ئێراندا) (١٩٨٠-١٩٨٨) و بەهێزبوونی لە ئەندازە بەدەری ڕژێمی بەعسیی عێراق و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بیۆلۆژی، بە یارمەتیی ئەوروپا و ئەمریکا دروستکراو، بۆ تووناکردنی کورد، بە تایبەتی لە هەڵەبجە و سەردەشت و بادینان (١٩٨٨)، و نائارامی پەیدابوون لە ئەوروپا و ئەمریکا بەرامبەر بە مەترسیی چەکی کیمیایی و بیۆلۆژی، بێ نێو بردنی کوردی قڕکراو، پاش ئەوەش پەلاماری عێراق بۆ سەر کوێت و هەڵگیرسانی شەڕی چەکدارانە لە نێوان عێراق و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا و شکانی سوپای سەددام، بەلام مانەوەی خۆی و ڕژێمی لەسەر کار. ئەوجا

ڕاپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ دا و پەلامار بردنەوەی سەددام بۆ سەر کوردستان و کۆچڕەوی دوو ملیۆنی کورد بۆ دەوڵەتی ترک و ئێران. دوای ئەوەش دروستبوونی نیوچەیەکی دیفاکتۆ de facto سەربەخۆ بۆ کورد لە بەشێکی باشووری کوردستاندا بە نێوی "هەرێمی ئاسایش"ەوە بە رازی بوون و پارێزگاریی ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و خودێلێخۆش بوو تورگوت ئوزال، و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (لە هەرێمی ئاسایش دا) بە کوالیسیۆنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دامەزراندنی دەزگەی بەڕێوەبەرێتیی "هەرێمی ئاسایش" لە لایەن کورد خۆیەوە، و لەپاڵ ئەوەشدا خەستبوونی سەرهەڵدان لە باکووری کوردستاندا (کە لە نێوەڕاستی هەشتاکانەوە بە ڕێبەریی پی کی کی دەستپێکردووە)، و هەوڵدانی دڕندانەی ڕژێمی ترک بۆ بندەست هێشتنەوەی کورد، و هەر لەو کاتەدا زیندووبوونەوەی بیری سەربەخۆییی کوردستان، کە لە سەرەتاوە (واتە چەند سەتەیەک لەمەوبەرەوە) بیری سەرکردە ڕێساییەکان (تقلیدی)ی کورد بوو، بەڵام لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە لە لایەن سەرکردە هوردە بۆرژوا مارکسیستە شارنشینەکانی کوردەوە کرا بە "ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" لە چوارچێوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا. هەروەها بەهێزبوونی هەستی نیشتمانپەروەری و گوڕسەندنی بزووتنەوەی بیری نەتەوەیی لەنێو کوردا بە گشتی، و تەنانەت لەنێو ئەوانەشدا کە ڕێبازی ئاینی، یان چینایەتییان گرتووەتە بەر و لە ئەنجامی ئەوەشەوە هاتنە کایەی ڕێکخراوی ئیسلامیی کوردستانی و ڕێکخراوی ئەلەوی کوردستانی و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی کوردستانی وڕێکخراوی ئیزیدیی کوردستانی. ئەوجا زڕانی نێوی ئەو ڕژێمانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە و بە پەند بوونیان لە سنوورێکی جیهانیدا و ناسرانیان بە تیرۆریست و پێشێلکەری مافی مرۆڤ، بەتایبەتی ڕژێمی ئێران و عێراق، و پەیدابوونی کەسانێکی بەنێوبانگ و دەسەڵاتدار لە ئەورووپا و ئەمریکا و هەموو جیهاندا کە پشتگیری لە مافی ڕەوای گەلی کورد دەکەن. لەمانەش بترازێ نێزیک بوونەوەی عەرەب و ئیسرائیل لە یەک؛ پاش دوژمنایەتییکی خوێنینی نیوسەتەیی و دانانی ڕەسمی بە بوونی ئیسرائیلدا لە

لایەن چەند دەوڵەتێکی عەرەبەوە، و دەستخستنە دەستیەکی سەرکردەکانی فەلەستین و ئیسرائیل بە نیازی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین. لەمانەش هەموو گرانتر و گرنگتر، رووخانی لەشکرگەی سۆسیالیزمی ساختە بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤێت و رزگاربوونی ئەورووپای خۆرهەڵات و یەکگرتنەوە و بەهێزتربوونی دەسەڵاتی ئابووری و سوپاییی ئەڵمانیا و نێزیکبوونەوەی پتری لە رژێمی ترک و هاتنە خوارەوەی نرخی پەیمانی ناتۆ، و شان بەشانی ئەوەش کەمبوونەوەی بایەخی دەوڵەتی ترک بۆ ئەورووپای خۆراوا و ئەمریکا وەک "سەنگەرێک" بەرامبەر سۆڤێتی دواپراو، بەڵام بایەخ وەرگرتنەوەی ترک جارێکی دی وەک "پردێک" لە نێوان ئەورووپا و ئەو چەند دەوڵەتە سەربەخۆیەدا کە لەسەر داروپەردوی سۆڤێتی جاران بۆ ترکمانی ئاسیای نێوەراست دامەزران، و لە هەمان کاتدا تیژبوونی بیری رەگەزپەرستانەی فاشیستانەی تۆرانێتی و خەیاڵلێدان بە دروستکردنی "ئیمپراتۆرێتی تۆرانی"یەوە لە ئاسیاوە تا چین. لەگەڵ ئەمانەشدا هاتنە پێشەوە و خۆنواندنی ئەمریکا پاش هەرەسهێنانی سۆڤێت وەک تاکە زلهێزێک لە جیهاندا و بایەخ پەیدابوون بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بیرکردنەوە لە هێنانە بوونی "سیستەمێکی نوێ" بۆ جیهان و لەنێوچوونی رێز و پیرۆزیی "پتی" دەوڵەوت وەک "بووەیەکی نەتەکێن" (مصون) لە جیهاندا و خستنە ژێر پرسین و گومانکردن لە سەربەستیی دەوڵەت لە هەڵسوکەوتیدا بەرامبەر گەلەکەی ژێردەستی خۆی و لەمەشەوە دانانی مافی مرۆڤ بە "دۆزێکی گشتیی کۆمەڵگەی جیهانی"، نەک وەک پێشوو بە "دۆزێکی نێوخۆییی دەوڵەتێک". هەروەها دانانی "دەستتێوەردان" لە کاروباری نێوخۆییی دەوڵەتێکدا بە کارێکی "رەوا" و "بەجێ"؛ هەر کاتێک ئەو دەوڵەتە بەرامبەر گەلەکەی خۆی خراپ جووڵایەوە. هەر لەم کاتەشدا تلیسانەوە و هەرەسهێنانی چەند دەوڵەتێکی فرەنەتەوەی دەستکرد؛ وەک یۆگۆسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا، و لەمانەشەوە ترس لێنیشتن و زارەترەک بوونی داگیرکەرانی کوردستان لە دوارۆژی خۆیان و دەوڵەتە دەستکردەکانیان. کە ئەوەبوو ئەمجارە و پاش دامەزراندنی "هەرێمی ئاسایش" و پەرەسەندنی چالاکییەکانی پێ کێ کێ و پێشمەرگەکانی حیزبی

دێمۆکراتی کوردستـان لە رۆژهەلاتی ولاتدا، بە ئاشکرا کەوتنە دژایەتیی کورد (کـۆبوونەوەی دەمـدەمی وەزیرانی دەرەوەی ترک و سـووریا و ئێران بـۆ باسی ئەوەی پێـیـدەڵێن "مـەترسـیی کـورد") و بەرزبوونەوەی نرخی سـتـراتـیـژی و ئابووریی کوردستان وەک ولاتێک کە لە دوارۆژدا گاز و نەوتی ئازەربایجان و ترکمانستانی پێدا دەچێ بۆ خۆراوا...هتد.

ئەمـانەی لە سەرەوە باسـکردن و هێندێک شـتی دیکە هەمـوو رووداوی تازە بابـەتن کـە لەم دە پانزە بیـسـت سـالەی دوایـیـدا روویان داوە و بوونەتـە هۆی گـۆڕینی ژیۆپۆلیـتـیکی نێـوچەی خۆرهەلاتی نێـوەڕاست و هۆی شلەقـاندنی کێشـەی کورد لە زەنگاوی بێدەنگی شەوەزەنگی کۆمـەڵگەی نێو نەتەوەییدا، و ئێـسـتـەش داوا لە بزووتنەوەی رزگـاریخوازانەی خـەلکی کـوردسـتـان و هەمـوو نەتەوەی کـورد دەکـەن کـە لەم سـەردەمـەدا زۆر بە هۆشـیـاری و ژیرانـە بکەونە هەڵسو کەوت ؛ تاکو بتـوانن سووت لەم هەلو مەرجەنوێیە وەربگرن. یەکـەمین هەنگاویش بۆ کـەڵک وەرگـرتـن لەم بارو دۆخـە بە بیـروڕای من رێککـەوتنی ناسیۆناڵ و ئاشـتـیی نیشـتمانی و هاوئاهەنـگییە لە نێوان ئەو هێزانەدا کـە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بۆ ئەم ئامانجە کار دەکەن.

بەرێزینە:

یەکـێـک لە هۆ سـەرەکـیـەکـانی سەرکـەوتن لە ملمـلانێی ژیاندا خـۆناسین و ناخۆناسینە. جا بۆ ئەوەی خۆ و ناخۆ بە تەواوی بناسین، جارێ دەبێ لـە خۆوە دەستـپێبکەین. لە خۆوە دەستـپێـکردنیـش دەمانخاتە بەر ئەم پرسیـارانە: ئایە ئێمە کێین؟ ئێمە چۆنین، و چۆن لە خۆمان دەگەین؟ ئێمە چیمان دەوێ؟؟؟

وەرامـدانـەوەی ئەم پرسـیـــارانە بە ڕاســتی و بێ خـۆ و خـەڵـک خـاپـاندن ، یارمـەتیمـان دەدا لە خـۆ ئامـادە کـردندا بۆ هەنگاوی دووەم کە ئەوەش ناخـۆ ناسـینە. بۆ ناخـۆ ناسـینیش دەبێ بە تەواوی بزانین ناخـۆکان کـێن و چۆنن و چۆن لە خۆیان و لە ئێمەش دەگەن و چیان دەوێ و پێوەندییان بە ئێمەوە چۆنە. جا ئـەگـەر پاش ئەم پرسـیـار و بـەرسڤـانـە خۆناسین بخـەینە ئالیـیـەک و نـاخـۆ

ناسینیش بخەینە ئالییەکی دی، و بە خەیاڵ لە نێوان خۆناسین و ناخۆ ناسیندا هێڵێک بکێشین، ئەوا دەزانین لە شوێنێکی سەر ئەو هێڵەدا چارەسەرێک بۆ کێشەکەی خۆمان دەستنیشان بکەین.

ئێستە با جارێ زۆر بە کورتی باسێکی خۆ بکەین:

ئێمە کۆمەڵگەیەکی چل ملوێنین، بە خۆمان دەبێژین "کورد"، و خۆمان؛ چ لە رووی زمان و چ لە رووی مێژوو و چ لە رووی فرەهەنگ (کولتوور) و چ لە رووی هەستی پێوەندارێتیی نێو کۆیی یەوە؛ لە گەلانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی وڵاتەکەمان، بە جیا دەزانین. جا ئەگەر ئێمە هەرە کۆنترین گەلی خۆرهەڵاتیش نەبین، ئەوا بێگومان یەکێکین لە هەرە کۆنترین گەلەکانی خۆرهەڵات و ئەم جیهانە. ئەم وڵاتەی ئێمەش کە چەند هەزارساڵێک دەبێ واری (١) ئێمەیە و تێیدا دەژین، بەلایەنی کەمەوە هەزار ساڵێک دەبێ بە کوردستان نێوی رۆیوە. ئەمەش لە نووسینەکانی بازرگان و گەشتەوەری ئیتالیایی مارکۆ پۆلۆ Marco Poloدا بە جوانی دیارە. کتێبی "شەرەفنامە"ش کە چوار سەت ساڵێک لەمەو بەر لە لایەن میر شەرەفخانی بەتلیسییەوە نووسراوە؛ باسی سنوورەکانی کوردستان دەکا کە ئەو دەمە لە تەنگەی هورمزەوە دەستیپێکردووە(٢). هەروەها چیرۆکی "مەم و زین" یش کە ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستە لە لایەن بیرکەرەوە و هۆنەری کورد ئەحمەدی خانییەوە (١٦٥١ - ١٧٠٦) نووسراوە، باسی پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵی بۆ کورد کردووە، کە لەو رۆژەدا بیری دەوڵەتی ناسیۆناڵ لای گەلانی عەرەب و ترک و فارس و هەموو گەلانی دیکەی رۆژهەڵات نەبووە، و هەموو دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمە، واتا "ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی ، شانشینیی قاجاری ، قەیسەرێتیی رووسیا و... هتد دەوڵەتی تێریتۆریاڵ territorial بوون، نەک ناسیۆناڵ. تەنانەت دەوڵەتەکانی ئەورووپاش پێش شۆرشی فەرەنسا دەوڵەتی ناسیۆناڵ نەبوون. ئاشکرایە کە شۆرشی فەرەنسا ٩٤ ساڵ پاش نووسینەوەی "مەم و زین" روویداوە. بەڵام مافی ئێمەی کورد بۆ ژیانێکی سەربەخۆ، هەر لەوەوە نایەت کە ئێمە کۆنە خاوەنی ئەو وڵاتەین کە تێیدا

دەژین، و ئەم گەلانەی کە خۆیان کردووە بە ئاغامان ؛ وەک ترک و عەرەب و فارس لە چاو کورددا تازەن لەو شوێنانەدا کە تێیدا نیشتەجێ بوون (بۆ وێنە: عەرەبە کۆچەرەکان لەگەڵ فتووحاتی ئیسلامی لە دورگەی عەرەبییەوە هاتنە کوردستان و عێراق و سووریا، و هۆزە ترکەکانیش لە سەتەی دوانزەدا لە ئاسیای گچکەدا نیشتەجێ بوون، پاش ئەوەی شەڕکەرەکانیان ماوەیەک بوونە جاشی خەلیفەی عەبباسییە عەرەبەکان، و فارسەکانیش پاش مێدیکان (مادەکان، کە باوو باپیرەی کورد بوون) کەوتنە فەرمانڕەوایی، تەنانەت دەوڵەتی ساسان دەوڵەتی فارس و کورد بوو، پێتەختەکەشی (مەداین)(٣) لە نزیک جلەولاوە بوو کە ئێستەش کوردستانە) ئەرێ.... مافی ئێمە تەنێ لەمانەوە نایەت، بەڵکو مافی ئێمە لەو سەرەتا ئینتەرناسیۆنالەشەوە دێ کە دەبێژێ "هەموو گەلێک مافی بڕیاردان بۆ بڕینەوەی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەتی". جا ئەگەر ئێستە ئێمە لەوە گەڕێین کە کوردی وا هەن، یان لەبەر ترس، یان لەبەر هەلپەرستی، یان لەبەر بێهیوایی، یان لەبەر بێدەسەلاتی، یان بۆ "ڕاگرتنی ڕەوشی دیپلۆماسی"- وەک ئەوان خۆیان دەبێژن - ڕاستەوخۆ باسی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ ناکەن و دەم لە "ئۆتۆنۆمی" یەوە دەدەن، ئەوا هەموومان دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری کورد لە دڵدا ئازادی و یەکسانی و سەروەرێتیی نەتەوەی کوردیان دەوێ، و تەنانەت ئەو کوردانەی کە لەبەر هەر هۆیەک دەبێ، با ببێ، ناچار بوون خۆیان لە بەرەی داگیرکەراندا ببیننەوە وەک "فرسان" و "قۆروجو" و "پاسدار" (٤) ئەوا دیسانەوە هەر خۆیان بە "جاش" (٥)ی داگیرکەرانی کوردستان نازانن. ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشووری کوردستاندا دەریخست کە ئەمانەی پێیاندەگوتن "جاش" و "مستشار" و چی و چی، بە چ جۆرێک کەوتنە وێزەی ڕژێمی بەعس و هەڵکردنی ئالای پیرۆزی کوردستان.

ئەمەیان وا، و ئێستە دەبێ بزانین کە ئێمەی کورد هەر خۆمان نین کە خۆمان بە "کورد" دەزانین، بەڵکو ناخۆکانیش ئێمە هەر بە کورد دەناسن. شانامەی فیردەوسی (٩٣٢ز-١٠٢٠ز) و بەرهەمەکانی دیرۆکناسانی عەرەب و موسڵمان وەک "مروج الذهب" ی مەسعوودی بەر لە هەزار ساڵ باسی کوردیان کردووە.

جا هەرچەندە داگیرکەرانی عەرەب و فارس و ترک هەوڵی ئەوەیان داوە و دەدەن کە پنەچەو رەچەڵەکی کورد ببەنەوە سەر رەگەزی خۆیان، بەڵام ئەم هەوڵ و تەقەلایانە لەم سەتەیەدا کە سەتەی زانست و لێکۆڵینەوەی بابەتانەیە؛ بوونەتە قسەی قۆڕ و هۆی گاڵتە و ماکی پێکەنین و تیزەجاڕ.

بەرێزینە:

داگیرکەرانی کوردستان کە لە بەرەی "ناخۆن"، هەموو هۆڤ و ملهوڕ و کۆلۆنیالیستن. ئەمانە کوردستان بە وڵاتی ئێمەی کورد نازانن، بەڵکو بە بەشێک لە وڵاتەکانی خۆیان دەزانن. لەبەر ئەوە هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی کورد بە هەڵە بە "جیابوونەوە خوازی" دەدەنە قەڵەم. لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی کوردایەتی "جیابوونەوە خوازی" نییە، بەڵکو رزگاریخوازییە لە دەسەڵاتی ناخۆی کۆلۆنیالیستانەی ناڕەوایانەی ترک و عەرەب و فارس. جا لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان هەر پێنجیان (٦) دەستکردن و پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لەلایەن ئەورووپاوە بنیات نراون، وەک دەوڵەتی ناسیۆناڵ بۆ ترک و عەرەب و فارس و کوردستانیش بەزۆر نووسێنراوە پێیانەوە، دیارە هەموو جۆرە رژێمێکی دیمۆکراسی کە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئازادیی کورد، رەگ و ریشەی ئەو دەوڵەتانە لە بن دەردەهێنێ. ئەمەش تەنێ چارەنووسی رەشی دەوڵەتانی ترک و ئێران و عێراق و سووریا و ئازربایجان نییە، بەڵکو چارەنووسی هەموو دەوڵەتێکی دەستکردە لەم جیهانەدا، سا زوویێ یان درەنگ. یەکێتیی سۆڤێت، یۆگۆسلاڤیا، چیکۆسلۆڤاکیا و...هتد. نموونەن بۆ ئەمە. هەر لەبەر ئەمەشە کە رژێمەکانی ئەم دەوڵەتانە بە هەموو هێزێکیانەوە لە دژی دیمۆکراسی و پلووراڵیزم دەوەستن و هەموو جۆرە وتووێژێکی دیمۆکراسی یانە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە ئاشتی؛ دەدەنە دواوە. چۆنکە لەم کارەدا رووخانی بێ چەند و چۆنی دەوڵەتە ناسیۆنالە دەستکردەکانیان و مردنی فەرمانڕەواییی زۆردارانەی خۆیان دەبینن، و تاکە رێیەک کە پێیدا بچن بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، دەستووەشاندن و تیرۆر و بەکارهێنانی زۆرە. جا

لەبەر ئەوە دۆزی کورد هەرچەندە کاکڵەکەی سیاسییە و دەشیا لە رێی سیاسەتەوە چارەسەر بکرایە، بەڵام بووەتە کێشەیەکی سوپایی و جەنگ و لەشکرکێشکردن و خوێنڕشتن و گوند و باژێڕ کاولکردن و بەکارهێنانی چەکی کۆمکوژ بۆ نەهێشتنی نەتەوەی کورد و خۆ رزگار کردن لە کێشەکەی. ئەوجا وەک ئەنجامێک بۆ ئەوە؛ دەبێ ئێمە بگەینە ئەو راستییەی کە داخوازیی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە کوردییەکان لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە تا ئەوڕۆ کە "دێمۆکراتی"یە بۆ دەوڵەتی داگیرکەر و "ئۆتۆنۆمی" یە بۆ کوردستان، هەر لە بنچینەوە هەڵە و خەیاڵپڵاوییە. چۆنکە هەموو جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە، جۆرە سەربەستییەکە بۆ کورد و هەنگاوێکە بۆ خۆ کۆ کردنەوە بۆ چوونەوە باوەشی نیشتمانی دایک، واتە کوردستانی مەزن، زوو یان درەنگ. ئەوانیش خۆیان باش ئەمە دەزانن. لەبەر ئەوە هەموو جۆرە وتو وێژێکی بێدەسەڵاتانە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان مسۆگەر ناکات، مەگەر ئەوەی کە هێز و زۆری کورد بگاتە رادەیەک مافی خۆی بەسەر داگیرکەراندا بسەپێنێ و بشتوانێ بیپارێزێ و راگیری بکات، و ئەمەش لەدەست کوردی بێسوپا و بێدەوڵەت نایەت. ئەگەنا مار ناتوانێ بێژەهر و کەڵبە دەوری مارێتی بنوێنێ. هەموو دیکتاتۆرێک وەک مار وایە و بە ژەهرەکەی کە تینرۆر و ماکی زۆردارییە دەژی، و بێدەستوەشاندن لە دیکتاتۆرێتی دەکەوێ و دەبێتە جانەوەرێکی دەستەمۆ. لەبەر ئەوە تا ئەو رژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێر و میلیتاریستانە کە کوردستانیان داگیر کردووە بمێنن، کورد هیچ جۆرە ئازادییەکی دەستناکەوێ. تا کە رێیەک بۆ ئەوەی کورد بگاتە ئامانجی خۆی؛ لابردنی ئەو دەسەڵاتە دژ بە ئازادی و دێمۆکراسییانەیە لەو دەوڵەتانەدا کە ئاخی (خاک)ی کوردستانیان بەزۆر نووساندوە بە دەوڵەتەکانیانەوە. پاش نەمانی ئەو رژێمانە، ئەوجا بەکارهێنانی مافی چارەنووسە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەش لە ئازادیدا و بۆ ئازادی (٧). بە بیر و باوەڕی من باشترین شێوە بۆ دوارۆژی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هاتنە کایەی کۆمەڵە دەوڵەتێکی فێدەرالییە لەو نێوچەیەدا کە هەموو وڵاتی عەرەب و ترک و فارس و بلووچ و تەنانەت ئیسرائیلیش بگرێتە خۆی و

کوردستانیش یەکێک بێ لەو دەوڵەتە فیدرالییانە. دیارە کەسانی دیکەش هەن کە هەریەکە بیروڕای خۆی هەیە، و بڕیاری کۆتاییشی بە دەست خەڵکی کوردستانە.

بەڕێزان

ئەمەیان وا، و بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانیی دێمۆکراسی و ئازادیخواز و پلووڕالیست کە هەموو هەرێمەکانی کوردستان بە تەواوی بگرێتە باوەش خۆی و مافی هەموو ئەو کۆمەڵە ئێتنییانەش بدات کە لەو سنووورە مێژوویی و جوگرافیاییەدا ژیاون و دەژین. و دەورێکی دەستپێشکەرانە بنوێنێ لە خزمەتی ئاشتیی جیهان و مافی مرۆڤدا، چارەسەری کێشەی نەتەوەی کورد بە تەواوی ناکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە نێزیکەی ۱۰-۱۵ ملوێن کوردمان هەیە کە لە بازێڕە گەورەکانی ئەو دەوڵەتانەدا دەژین کە کوردستانیان داگیر کردووە. ئەم کوردانە هەر ئەوانە نین کە بەزۆر لە کوردستانەوە کۆچپێدراون بۆ ئاوەکیکردن و تواندنەوەیان، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆریان سەتان ساڵە لەو شوێنانەدا دەژین، و هی واشیان هەیە سەردەمی نیشتەجێبوونیان لەو شوێنانە لە سەردەمی نیشتەجێبوونی ترک و عەرەب و فارس کۆنترە. ئەو کوردانە خەڵکی ئەو شوێنانەن و دیارە دەیانەوێ لەو شوێنانە بژین و بمێننەوە، و ئەوەش مافی خۆیانە. بۆ وێنە ٤-٥ ملوێن کوردی ئەستەموول و چەند ملوێنێک کوردی ئەنقەرە و ئیزمیر و قۆنیە، زۆربەی زۆریان پاشماوەی ئەو کوردانەن کە چەند سەت ساڵێکە، و هێندێکیشیان لەپێش ترکەکاندا لەو وڵاتانە ژیاون. لە ملوێنێک زێتر کوردی فەیلی لە بەغدا و لە ملوێنێک پتر کوردی سوننی هەر لە بەغدا، لە نیشتمانی خۆیاندا دەژین. بەغدا لە پێش فتوحاتی ئیسلامیدا وڵاتی کورد بووە؛ وشەی بەغدا لە "بەگەدات" واتە (خودێ داو)ی کوردیی ئێرانی کۆنەوە هاتووە. زمانی کوردیی فەیلی پاشماوەی زمانی کوردیی پەهلەوییە کە زمانی ڕەسمیی ئیمپراتۆرێتیی ساسانی بووە و وشەی فەیلی لە پەهلەوییەوە هاتووە (٨) پتر لە ملوێنێک کورد کە ئەورۆ لە خۆراسان دەژین و ئێستەش بە کوردی

(کرمانجیی ژووروو) دەپەیڤن و هەرێمەکەیان بە کوردستانی خۆراسانی بەنێوبانگە هەزار ساڵ پترە لەوێ دەژین. راستە لە سەردەمی سەفەوی یە شیعە پەرستە تەنگەتیلکەکاندا هەزاران کورد کۆچپێدراون بۆ خۆراسان، بەلاّم خۆراسان هەر لە کۆنەوە ولاّتی کورد و فارس بووە. سەرداری کورد ئەبو موسلیمی خۆراسانی کە لە ساڵی ٧٥٠ ز دا دەوڵەتی ئەمەوییەکانی رووخاند و دەوڵەتی عەباسی دامەزراند، کوردی خۆراسان بوو (٩). لە تاران دوو ملوێن کورد دەژین. هەروەها سەتان هەزار کورد هەن لە هەر یەکێک لە لوبنان و ئیسرائیل و پاکستان و هیندستان و ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا. جا ئەگەر ئەم کوردانە خۆیان ویستیان بێنە کوردستانەوە، ئەوا کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، بەلاّم ئەگەر نەیانویست، یان نەیانتوانی، کە زۆر دوورە بتوانن، ئەوا پێویستە لە جێی خۆیان تەرە و پەرەوازە نەکرێن، و فەرمانی سەرشانی نەتەوەی کورد ئەوەیە مافیان بپارێزێ، سا لە شێوەی ئۆتۆنۆمیدا بێ، یان لە شێوەیەکی دیکەدا. کوردستانی دوارۆژ کە دەبێ بە تەنگ دانی مافی کەمایەتیی عەرەبی مووسڵ و کووت و دیالە و کەمایەتیی فارسی هەمەدان و ترکمانی ورمێ و کەرکووکەوە بێ، دەبێ بە تەنگ مافی ئەو کوردانەشەوە بێ کە دەکەونە سنووری سیاسیی دەوڵەتانی بیانییەوە. ئەم پرنسیپە گرنگە تا ئێستە لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە پێشەمی پێنەدراوە. بۆ نموونە: دوو ملوێن کوردی فەیلیی بەغدا و خوارووی عێراق لە وتووێژی "ئۆتۆنۆمی" نێوان بەعسییەکان و پارتی دێمۆکراتی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٧٠ دا خرانە پشتگوێ. ئەوەبوو رژێمی بەعسیش بە سەت هەزارانی لێدەربەدەر کردن و ماڵ و ملکی لێسەندن.

بەرپێزینە

ئێستە با درێژە بە باسەکەمان بدەین و بنوارینە کوردستانی داگیرکراو، و ئامانجی نەتەوەی کورد. ئاشکرایە ئەگەر ئامانج مافی نەتەوەی کورد و وەدەست هێنانی فەرمانرەوایی نەتەوەی کورد بێ بەسەر کوردستاندا، ئەوا پێویست بە بوونی سەروەرێتییەکی کوردستانی هەیە. جا شێوەی ئەو

سەروەریتییە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ ، یان دەوڵەتێکی فیدرالی بێ، ئەوە گرنگ نییە. مەرج سەروەریتیی تەواوە بەسەر خاکی کوردستاندا و مافی وەک یەکە لە دەزگە ئینتەرناسیۆنالییەکاندا ، بەلاّم دروستکردنی ئەو چوار چێوەیە هەرچی چۆنێک بێ، پێویستی بە کردەوەیەکی کوردانەی شارستانانە هەیە. بەبێ هەوڵ و تێکۆشانێکی شارستانانە هیچ جۆرە چوار چێوەیەکی سیاسی پێکنایەت. شارستانێتی civilization لەگەڵ نیشتەجێبوون و خانوو دروستکردندا دەستپێدەکات. کۆچەر بێخانییە و ماڵی بە کۆلییەوەیە، و هەر لەبەر ئەوەشە کە کۆمەڵگەی کۆچەریتی دەوڵەتی پێدروستناکرێ. کەواتە ئەوانەی دەیانەوێ بنیاتی چوارچێوەیەک بۆ سەروەریتیی خەڵکی کوردستان چێبکەن، واتە خانوویەک یان خانۆچکەیەک بۆ نەتەوەی کورد بنیاتبنێن، دەبێ بە شێوەیەکی شارستانانە بیربکەنەوە، بەکورتی دەبێ لە هەڵسوکەوتی سیاسی دا واز لە بیر و بۆچوون و رەوشتی کۆچەریتی بهێنن. لەنێو کۆچەردا هیچ کاتێک ملکەچکردن بۆ زاگۆن (قانون) ی نیشتەجێیی و خۆ بەستنەوە بە پەیمانی باژێرڤانییەوە لە نێویەکدا ریزی نییە. تەنێ ژیانی نیشتەجێی، واتە شارستانێتییە کە پێویستیی بە لەگەڵ یەک رێککەوتن و پەیمان لەگەڵ یەک بەستن و پێکهاتنە لەسەر رێکخستنی پێوەندییەکانی پێکەوە ژیان، و لە ئەنجامی ئەمەشدا واز هێنانی لایەنە لەگەڵ یەک رێککەوتووەکانە لە هێندێ داخوازیی دەستەیی و کۆمەڵی و حیزبایەتی لە پێناوی رێککەوتندا لەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە. حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد و هەموو خەڵکی ناحیزبی کوردستانیش، ئەگەر دەیانەوێ بگەنە هێنانەدی ئامانجی نەتەوەی کورد لە رزگاری و ئازادیدا ، دەبێ بزانن کە ناگەنە ئەم ئامانجە هەتا رێی نەریتی شارستانێتی نەگرن. کورت و کرمانجی؛ دەبێ هەموو حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان لەم رۆژەدا لەسەر بنچینەی کەمترین مافی نەتەوەیەک کە هەموو جیهانی پێشکەوتوو دانی پێدا ناوە، کە ئەوەش مافی بڕیاردانە لەسەر دوارۆژی خۆی بەدەستی خۆی، لەگەڵ یەک پێکبێن، و هەر یەکەیان لە سنووری پاراستنی سەربەخۆیی بیر و بۆچوونی خۆیدا ، شوێنی خۆی لە چوارچێوەی ئەم ئامانجەدا بدۆزێتەوە، ئەوجا بێ هەرا و زەنا و

شەرەزرتانێ و بێ ژیاندنەوەی کولتووری کۆچەرێتیی سیاسی بەنێوی "پێشڕەوی"ی ساختە و دەمڕاستیی درۆزنەی ئەم چین و ئەو چینەوە. هەمووتان دەزانن نیوە سەتەیەک کە تەمەنێکی دوور و درێژە لە ژیانی نەتەوەیەکدا، دەرمانی بێهۆشی کرا بە گەرووی کوردی بەدبەختدا، ئەوەش بە نێوی "پێشڕەوی" و "خەباتی چینایەتی" و "سەرکردەیەتیی پرۆلیتاریا" و ئەم بەزمانەوە. ڕاستییەکەی نە کەس مافی "پێشڕەوی" هەیە و نە کەسیش بە کوڵ و دڵەوە بە "پاشڕەوی" ڕازییە. خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو و زارۆ و لاو و پیر و کرێکار و جوتکار و سەپان و کاسپکار و خوێندەوار و نەخوێندەوار و کورد و ناکوردییەوە؛ هەموو بەشخوراو و بندەستن و هەمووش خاوەن مافن و ئەندامی کۆمەڵگەی کوردستانن کە ئەو کۆمەڵگەیەش تەنێ و تەنێ لەژێر ئاڵای ئازادی و یەکسانی و ڕێز لە یەک گرتندا سەربەرز دەبێ. هەتا نەتەوەی کوردیش ئاوا دیل و بندەست و وڵاتەکەی داگیرکراو بێ، هیچ کوردێک و هیچ کوردستانییەک سەربەرز نییە و نابێ. سەربەرزیی هەموو کوردستانییەک لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە بای ئازادی سەر و دڵیان فێنک بکاتەوە.. با زۆر لەسەر قسە نەڕۆین. دەبێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە زووترین کات هەوڵی هاتنە کایەی کۆڕێکی سەروەرێتیی هەڵبژێردراو بدەن بۆ سەرپەرشتی و هاوئاهەنگکردن و بەڕێوە بردنی تێکۆشینی گشتییان بەرەو ئەو ئامانجەی باسکرا. ئەمەش پێویستیی بە بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی کوردستانیی بەرفراوان هەیە کە لەڕێی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەوە ئەندامانی ئەو کۆڕە، کە ئەوەش جۆرە پەرلەمانێکە، دەستنیشان بکات. شایانی باسە خەباتکاری کورد؛ برای خۆشەویست جەوادی مەلا کە داهێنەری بیری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانە لە دەرەوەی وڵات، توانی یەکەمین کۆنگرە لە ساڵی ١٩٨٩ و دووەمین کۆنگرەش لە ساڵی ١٩٩١ دا لە لەندەن بە کردەوە بهێنێتە دی. لەو کۆنگرانەدا نوێنەرانی زۆربەی زۆری حیزبەکانی کوردستان و کۆمەڵانی کورد لە دەرەوەی وڵات بەشدارییان تێدا کرد. ئێستە خۆی و برادەرەکانی بەتەمان زەوی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێیەم لە هەلسنکی (فینلەندە) ئامادە بکەن و سەرجەمی حیزب و کۆمەڵە

سیاسییەکانی کوردستانیش بانگێشتن بکەن. جا لەبەر ئەوەی کاکی بەڕێز ڕەهبەر مامەش کە یەکێکە لە نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەکە لەم کۆبوونەوەی ئەوڕۆماندا بەشداره زۆر لەسەر ئەم باسە نادووم، با ئەو خۆی بفەرموێ و لەم بارەیەوە زانیاریمان پێ بدات. (.١).

بەڕێزینە:

سەبارەت بەوەی نیو سەتەیەکە حیزب و حیزبایەتی، بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسمکرد، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەورێک دەگێڕێ، بە پێویستی دەزانم هەر لەم بوارەدا چمکێکی دیکەی ئەم حیزب و حیزبایەتییەی کوردستان بخەمە بەر رەخنەی رۆشنبیرانە و شیکردنەوەی بابەتانە:

زۆربەی زۆری ئەو حیزبە کوردییانەی لە پاش کۆتابوونی جەنگی جیهانیی دووەمەوە دروست بوون کە سەرەتاکەی بە پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ دا دەستیپێکرد، نە بە تەواوەتی کوردستانین و نە بە تەواوەتی حیزبی ئەو دەوڵەتەن کە ئەو پارچەیەی کوردستانی داگیرکردووە. ئەمەش زیانێکی گەورەی بەو حیزبانە خۆیان و بە سەرچەمی بزووتنەوەی کوردایەتیش گەیاندووە. دیارە هۆی ئەوەی کە ئەم حیزبانە خۆیان بە حیزبی "کوردستانی عێراق" یان "کوردستانی ئێران" یان "کوردستانی ترکیا" یان "کوردستانی سووریا" دەدەنە قەڵەم، بەشێکی لە ترسی ئەوەیە کە نەک بە "جیاوازیخواز" بدرێنە قەڵەم. بەڵام بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە داگیرکەرەکانی کوردستان کە هەموو -وەک گوتمان- رژێمی دیکتاتۆر و میلیتاریست و تۆتالیتێرن، هەروەها هەموو ئەو حیزب و کۆمەڵە عێراقی و ترکیایی و سوورییایی و ئێرانییانەی ئەو وڵاتانە، تەنانەت ئەوانەی کە لەسەر کاریش نین، یان حیزبی بەرهەڵستکەرانی رژێمەکانیانن، ئەوجا چەپییەکانیشیان و کۆمۆنیستەکانیشیان لەگەڵ، ئەوانیش ئەو حیزبە کوردییانەیان هەر بە "جیاوازیخواز" و "کلکی ئیمپریالیزم" داناوە و دادەنێن. جا ئەم حیزبە کوردییانە، چونکە خۆیان تەنێ بە حیزبی ئەو بەشە کوردستانە دادەنێن کە بەستراوە بەو وڵاتەوە، نەک بە حیزبی دەوڵەتەکە هەمووی (واتە با بڵێین حزبێکی عێراقی، یان ترکیایی، یان

سووریایی، یان ئێرانی)، ئەوا دیارە ئەمانە هەر لە سەرەتاوە و بە دەستی خۆیان ، خۆیان گچکە دەکەنەوە و خۆیان دەکەنە حیزبی پارچەیەک و بەمەش خۆیان بە حیزبی "کەمایەتییەک" دەدەنەقەڵەم و ڕێچۆڵدەکەن بۆ دەستڕۆیشتووان و بەرهەڵستکەرانی گەلی سەردەستە، تا یاری بە چارەنووسی ئەوانیش و کوردیش بکات. ئەمەش مانای وایە ئەم حیزبە کوردییانە هیچ کاتێک و لە هیچ دەوڵەتێک لەم دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەشکردووە ، ڕێی ئەوەیان نابێ کە بێنە سەر کاری فەرمانڕەوایی. واتە ئەو دەورەی ئەمانە دەیبینن لە شەڕی چەکداری و رامیاری دا؛ هۆیەکە بۆ بێهێزکردنی رژێمی فەرمانڕەوا و پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ بەرهەڵستکەرانی رژێمی گەلی سەردەستە کە بکەونە چاوو ڕاو و کەینو بەین و بە هاسانی بێنە سەر کار و ئەوجا بکەونەوە شەڕی کورد و بەمە دۆزی کورد وەک کورتانەکەی جەجاڵ هەموو جارێ، دەبێ لەسەرەوە بدوورێتەوە... خۆ ئەگەر بهاتایە و ئەم حیزبانە بەو دەسەڵاتە سوپایی و ئابووری و سیاسییانەوە کە هەیانە (و بێگومان بەرهەڵستکەرانی ترک و عەرەب و فارس نییانە) بەنێوی ڕێکخراوێکی عێراقی، یان ئێرانی، یان ترکیایی، یان سووریاییەوە کاریان بکردایە، یان هیچ نەبێ ڕێکخراوێکی جەماوەری لەو بابەتەیان دروست بکردایە و پێ یان بهاویشتایە بۆ نێو سوپا و پۆلیس و جەماوەری گەلی سەردەستە، ئەوسا لەوانەش بوو بتوانن چارێک بۆ دۆزی کورد بدۆزنەوە. ئەمەش ڕێیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەرەوە. ئەوەش شتێکی سەیر و سەمەرە، یان راوی کێوی رەش نییە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

یەکەم: کورد بە کەمایەتی دانانرێ، چۆنکە تا ئێستە سەرژمێرێکی راستەقینە نییە کە بزانین کورد چەندە و عەرەب چەندە لە عێراق و سووریادا، یان کورد چەندە و ترک چەندە لە ترکیادا، یان کورد چەندە و فارس چەندە لە ئێراندا. گەلێکی دە هەزار کەسی لە وڵاتێکی دە ملوێنیدا کەمایەتییە، بەڵام گەلێکی (٨) ملوێنی لە وڵاتێکی (١٨) ملوێنیدا کەمایەتی نییە.

دووەم: کە ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە خۆیان بە یەک پارچە بزانن، دیارە

هەموو کەسێک مافی فەرمانڕەوایی هەیە بە نێوی پێوەنداری ئەو دەوڵەتەوە، سا هەر کەسە کە تێیدا دەژی، سا ئەو کەسە کورد بێ، یان کورد نەبێ گرنگ نییە. چۆنکە ئەگەر کورد ڕێ نەدرێ پێی لە دەوڵەتەکە جیا ببێتەوە، بە بیانووی ئەوەوە کە ئەو دەوڵەتە یەک دەوڵەتە و گەلەکەشی یەک پارچەیە، دیارە دەبێ ڕێی ئەوە بدرێ پێی کە لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا گەشە بکا، بجووڵێتەوە و مافی یەکسانی هەبێ لەگەڵ هاووڵاتییەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتەدا، ئەگەر وانەبێ هاووڵاتێتیش دەبێتە کۆیلەیەتی.

سێیەم: لە هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان لە خۆیان بەشکردووە، هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستەش هەر کەمایەتی فەرمانڕەوا بوون. بۆ وێنە: بەعسییە عەلەوییەکانی سووریا کەمایەتین، بەعسییە سوننییەکانی عێراق کەمایەتین، ترکە تۆرانییە سوننییەکانی ترکیا کەمایەتین، شیعە فارسەکانی ئێران کەمایەتین. بەڵێ ئەمانە هەموو کەمایەتیشن و کەچی جڵەوی دەوڵەتیشیان لەو وڵاتانەدا بە دەستە. بێجگە لەوەش کورد دەیەوێ لەم ڕێیەوە بگا بە مافی خۆی ، نەک ڕێگرتن لە مافی خەڵک. سەیر ئەوەیە لە "هەرێمی ئاسایشدا" کە دیفاکتۆ de facto دەوڵەتێکی کوردە، چەند پەنابەرێکی عەرەب لەوێ میوانن، بەڵام خۆیان کردووە بە دەمڕاست و سەرۆکی ئەوەی پێی دەڵێن "کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق"، نەک یەکێکی وەک کاک مەسعوود بارزانی، یان مام جەلال تالەبانی کە ئەمانە هێزی سەرەکیی ئەو "کۆنگرە" عێراقییەن و دەبوو یەکێک لەمان سەرکردەی کۆنگرە بێ، بۆ ئەوەی دواڕۆژ ببێتە سەرکۆماری عێراق.

ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە چۆنکە ئەم حیزبە کوردییانە خۆیان بە نوێنەری پارچەیەک دادەنێن لە دەوڵەتی گەلی سەردەستە، دیارە ناچارن کێشەی کوردیش هەر بە بەشێک لە کێشەی نێوخۆیی ئەو دەوڵەتە دابنێن کە پارچە کوردستانەکەی داگیر کردووە، و دیارە چارەسەرکردنیش هەر دەبێ بە دەست ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە بێ کە پارچەکەی داگیرکردووە، کە خۆیایە چارەسەر ناکرێ وەک لەسەرەوە باسمان کرد.

ئەوجا بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئەگەر بهاتایە و ئەم حیزبانە شێوەی دووەمیان وەربگرتایە لە سیاسەتدا، واتە: هەر یەکەیان حیزبێکی کوردستانیی تەواو بووایە، ئەوا دەیانتوانی کێشەی کورد بکەنە کێشەیەکی سەربەخۆ، واتە ئینتەرناسیۆنالی. ئەو دەمەش زوو یان درەنگ هێز و بیر و دلۆڤانیی ئینتەرناسیۆنالیان لەگەڵ دەبوو. دڵنیام ئێستە زۆر هەن دەڵێن کە ئەوە بە دەست حیزبە کوردییەکان نییە، بەڵکو جیۆپۆلیتیکی نێوچەکە رێی ئەوە نادات کە کوردستان بە بوویەکی جیا لەو دەوڵەتانەی داگیریان کردووە، لە قەڵەم بدرێ... بەڵێ.. راستە جیۆپۆلیتیک دەورێکی گرنگ دەگێڕێ، بەڵام جیۆپۆلیتیک ئایەتی قورئان و ئینجیل و ئاڤێستا و تەورات نییە نەیەتە گۆڕان. جیۆپۆلیتیک لە ئاسمانەوە ناکەوێتە خوارێ بۆ سەر زەوی. هەلو مەرج شێوەی جیۆ پۆلیتیک دیاری دەکات و دەشیگۆڕێ، و دروستکردنی هەلو مەرجیش بەدەست مرۆڤ خۆیەتی. بۆ وێنە: کاتێک جەنگی جیهانیی یەکەم بە رووخاندنی ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی تەواو بوو، جیۆپۆلیتیکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان هیچ لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە دەوڵەتێکی ترک دروست ببێ بە تایبەتی بەرپەرێتیی مستەفا کەمالی "ئەتاترک". بەڵام هەوڵ و تەقەڵای "جۆن ترکەکان" کارێکی وای کرد پەیمانی سێڤر بخرێتە پشتگوێ و ئەم دەوڵەتە دەستکردەی ئەوڕۆی "ترکیا" دابتاشرێ. بە لێکۆڵینەوەیەکی کوور (قووڵ)ی بارودۆخی نێوچەکە و جیهان و بە تاوتۆکردنی ئەو هێز و بەرژەوەندییانەی کە کار دەکەنە سەر نێوچەکە، و بە خۆ ئامادەکردن و دابەشکردنی دەور بەسەر ئەوانەدا کە بەرپرسیاریان پێدەسپێردرێ لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، هەلو مەرجی نوێی وا دێتە کایەوە کە بە دڵی کورد بێ. وەک دەزانن پاش شکانی لەشکری سەددام، ئەمەریکا رازی نەبوو "هەرێمێکی ئاسایش" بۆ کورد دروست ببێ، دوایی نەک هەر رازی بوو بە دامەزراندنی، بەڵکو سەربازی خۆشی نارد بۆ پاراستنی، و لەم رۆژانەشدا نوێنەری نارد بۆ باشووری کوردستان کە بکەونە نێوبژیی کورد و کورد(١١). گۆڕانی دیکەش دێتە کایەوە، بەڵام کورد دەبێ ئامادە بێ و دەورێکی ئەرێتی (ایجابی) هەبێ لە ئاڕاستەکردنی رێبازی ئەو گۆڕینەدا، تا بتوانێ سووت لەو

گـۆڕانانە بۆ بەرژەوەندیی خـۆی وەربـگرێ. لەو گـۆڕانانەی کـە لەوانەیە لە نێوچەکەدا روو بدەن گۆڕانی رژێمی ئێران و عێراقە. بە تایبەتی چونکە دوو هێزی گەورەی وەک ئەمریکا و بەریتانیا ئەو گۆڕانەیان بە دڵە و بە ئاشکرا و نهێنی دژی ئەو دوو رژێمەن. هەروەها ئەمریکا و ئیسرائیل ترسێکی زۆریان لە رژێمی ئێـران هەیە، بەتایبـەتی لەوەی کـە ببـێـتـە دەوڵەتێکی ئەتۆمی. هیچ دووریش نییە کە سەددام حسەین جارێکی دیکە پەلاماری ئێران بداتەوە لەسەر ئەو حسـێبـەی کـە خۆی بەو شـێوەیە لای ئەمریکا و ئیـسـرائیل و بەریتـانیـا خۆشەویست بکاتەوە. بەکـورتی هەوڵ و تەقەلای وا دێنە پێشـەوە کـە رژێمی ئێران و عـێراق بگۆڕن.(١٢) بێگومـان گـۆڕینی ئەو دوو رژێمـە بە دەسـتی بەرهەڵستکەرانی عەرەب و فارس شتـێکی هاسان نییە، لەبەر ئەوە ئەو عەرەب و فـارسانەی کـە بەرهەڵسـتکەری ئەو دوو رژێمـەن پێویسـتییـەکی ژیاریـان بە هێزی کـورد هەیە. بۆیـە پێویستـە جارێ ئەم بەرهەڵسـتکەرانە بناسین و بزانین کێن؟ ئەگەر ئێستە عـێراق بکەینە نموونە دەبینین کە بەرهەڵستکەرانی عەرەبی عێراق بریتین لەو چەند ناسیۆنالیستە شۆڤێنیستە عەرەبە بەعسییەی کە سەر بە سـووریا و لە سووریـا پەنابەرن، هەروەها لەو رێکخراوە شیعـەیەی کە نێـوی نراوە "المجلس الاعلی للثورة الاسلامیـة في العراق" بە سەرۆکـایەتیی سید باقر الحکیم کە ئەمانە لە ئێران پەنابەرن،(١٣) و بێجگە لەمـانەش چەند کەسێکی دیکەی کەم هەن وەک سعد صالح جبر (کوڕی سالح جەبر)....ئەمانە هیچیان دەسەڵاتی لابردنی سەدامـیان نییە. خۆ ئەگەر چەند عـەرەبێکی شۆڤێنی دیکە هەبن کـە لە سوپای سـەددامـدا مـابنەوە، ئەوا ئەوان ناتوانن دەست لـە سـەددام بوەشێنن، چونکە بە دەمی خۆیان دەڵێن کـە "لابردنی سـەددام لەم بارودۆخەدا؛ مانای "سەربەخۆ بوونی کوردستان"ە، و ئەوانیش ئەوەیان ناوێ. چونکە هەموو کاتێـک مـانی سەددامیان پێ باشترە لەوەی کورد بگاتە هێندێک مـافی خۆی. لەبەر ئەوە دەکەونە فرت و فێڵ لە کورد. تا لەم رۆژانەدا کە لەشکری سەددام پەلامـاری کفـری و هێندێک شـوێنی دیکـەی "هەرێمی ئاسایش"ی داوە؛ و بە پێی ئەو دەنگو باسـانـەی گـەیشـتـوون، هێـزی پێـشـمـەرگـەی کـورد ئازایانە رێـپێـگرتوون و زیانێکی زۆری لێداون، ئەوەتا دەبینین بەعسییەکانی سەر بە

سووریا و پیاوەکانی رژێمی مەلاکانی ئێران چوونەتە "ژووروویی عێراق" - وەک ئەوان نێوی باشووری کوردستان دەبەن - و چوونەتە سڵاوی مام جەلال و کاک مەسعوود و خەریکن بە قسەی لووس بیانخاپێنن. تەنانەت رژێمی مەلاکان گوایە "هۆشیارکردنەوە" یەکی ناردووە بۆ "ئەوانەی دەچن بە گژ حیزبی تاڵەبانیدا؛ کاتێک حیزبی تاڵەبانی لە شەڕدایە دژی سەددام". ئێمە لێرەدا بە کوتە مەلاکانی ئێران دەڵێین کە نە مام جەلال و نە کاک مەسعوود و نە هیچ کوردێکی دی پێویستی بە ئامۆژگاریی ئێوەیە ، و نە کەسیش هێندە گێل و گەوجە تەفرەی "هۆشیارکردنەوە" ی ئێوە بخوات.

ئەمەشیان وا، و بەڵام با بێینەوە سەر باسی بەرهەڵستکەرانی رژێمەکانی عێراق و ئێران و دەوڵەتی ترک و سووریا لە عەرەب و فارس و ترک و با بزانین ئەمانە چۆنن:

بەرهەڵستکەرانی ئەو رژێمانەی نێو بران لە عەرەب و فارس و ترک، خۆیان لە خۆیاندا بە ژمارە کەم و بێهێز و کەمدەسەڵاتن. ئەگەر دەسەڵاتێکیشیان هەبێ، ئەوا لەم دەوڵەت و لەو دەوڵەتی دوژمن بە دەوڵەتەکەی خۆیانەوە دێ، و لەبەر ئەوە لە بڕیاردانا سەربەخۆ نین. لەمەش بترازێ، و وەک تایبەتکارێکی گرنگی ئەم بەرهەڵستکەرانە ئەوەیە کە ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا دێمۆکرات و ئازادیخواز و سەر بە رەوشی پلوورالیزم نین. بەڵکو ئەوانیش کۆپییەکی ئەو رژێمە ملهوڕانەن کە لەسەر کارن. با جارێ ئێران وەک نموونەیەک بهێنینەوە. با بزانین لە ئێران بەرهەڵستکەران کێن؟

بەهێزترین کۆمەڵی بەرهەڵستکەرانی رژێمی ئێران دار و دەستەی "موجاهدینی خەڵک"ن (مجاهدین خلق) بە سەرۆکایەتیی مەسعوودی رەجەوی (مسعود رجوی) و ژنەکەی مەریەمی عەزدانلوو (مریم عضدانلو). "موجاهدین" پاش ئەوەی ماوەیەکی باش لەگەڵ رژێمی خومەینیدا هاوکاریی تەواویان کرد، ئەوجا لێیجیا بوونەوە و کەوتنە بەربەرەکانیی رژێمی خومەینی بە چەک و بە سیاسەت. ماوەیەکیش لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ئێران) دا هاوکارییان کرد بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکرات رێیان بدا لە رۆژهەڵاتی

کوردستـاندا بژین و بنکەی چالاکیی دژ بە رژێمی خومـەینی دابنێن. ئەوجا کەوتنە هاوکارییەکی خستو خۆڵ لەگەڵ رژێمی سەددام، و کە هەستیان بەوە کرد شەهید ئەوڕەحمانی قاسملو رێیان نادات دەست بخەنە نێو کاروباری کوردەوە، کەوتنە بەربەرەکانیی قاسملو و حیزبی دێمۆکرات و دوژمنایەتی کردن لەگەڵ کورد. "موجاهدینی خەڵک" وەک خۆیان دەبێژن دەیانەوێ لە جیاتی رژێمی ئێستەی ئێران "کۆماری دێمۆکراتی ئیسلامیی ئێران" دابمەزرێنن. "دێمۆکراتی ئیسلامی" ی ئەوانەش هەر لە ئێستەوە دیارە. ئەوەتا مەسعوودی رەجەوی، مریمی ژنی کردووە بە "سەرکۆمار"ی ئێران بەبێ پرسو ڕا کردن بە نەتەوەی کورد، یان گەلانی ئێران. بێجگە لەمەش لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا نەتەوەی کورد رژێمی "دێمۆکراتی ئیسلامی" ی موجاهدینی باشتر تاقیکردەوە کاتێک چەتەکانی "مۆجاهدینی خەڵک" شان بە شانی پیاوەکانی سەددام و فەلەستینییەکان کەوتنە کورد کوشتن لە خوارووی کوردستاندا، و زورنا ژەنەکانیشیان لە ئەورووپا کەوتنە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە لە دژی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە گوایە ئەمانە پیاوی رژێمی ئێرانن، چۆنکە "یەکێتی" لەو رۆژانەدا بەرهەڵستی دەستدرێژییەکەی "موجاهدین" ی کردبوو (١٤).

جا وەنەبێ بەرهەڵستکەرە ئێرانییەکانی دیکە وەک "کۆمار خوازان" (جمهوری خواهان" یان بەرەی ناسیونال (جبهه ملی) وشاپەرستان (سلطنت طلبان) و کۆنە ساواکییەکان و تەنانەت چەپهاژۆکانی وەک فیدائیانی خەڵک (فدائیان خلق) (اکثریت) و کۆنە توودەیی یەکانیش لە "موجاهدینی خەڵک" جیاوازبن. نەخێر. ئەوانیش هەرچەندە هەموو هەوڵی رووخاندنی رژێمی مەلاکان دەدەن، و هەوڵی ئەوەش دەدەن کە لەلای کاربەدەستانی ئەمریکا و ئەورووپا خۆیان خۆشەویست بکەن و نێوی "موجاهدین" خراپ بکەن و بە تیرۆریست باسیان بکەن و پەیتا پەیتایش داوای یارمەتی لە ئەمریکا و ئەورووپا دەکەن بۆ رووخاندنی رژێمی مەلاکان، بەڵام ئەمانەش هەموو لە یەک خاڵدا لەگەڵ "موجاهدین" و رژێمی ئێستەی ئێران یەکدەگرنەوە. ئەوەش ئەوەیە کە کورد نابێ وەک گەل هیچ جۆرە ئازادییەکی دەستبکەوێ، تەنانەت ئۆتونۆمیش کە

فارسەکان "خود موختاری" (خودمختاری) پێدەڵێن، ئەوەش نابێ ببێ. ئەمانە هەموویان وەک "موجاهدین" و کاربەدەستانی رژێمی مەلاکان سەری زمان و بنی زمانیان "تمامیت ارضی" واتە (تەواویەتیی خاک)ە، کە بەپێی ئەمە لەم ئێرانەی ئەورۆ کە پارچەیەک کوردستان و پارچەیەک ئازربایجان و پارچەیەک عەرەبستان و پارچەیەک بلووجستان و پارچەیەک ترکمانستانی بە خۆیەوە لکاندووە، نابێ هیچ بەشێکی لێکەمببێتەوە. لەوەش بترازێ هەموو ئەم دەستانەی سەرەوە کە نێومان بردن، زمانی فارسی کە تەنێ زمانی گەلی فارسە، بە زمانی ناسیۆناڵ "ملی" ئێران دادەنێن، نەک هەر هی فارسەکان، و داواش لە هەموو ئێرانییەک دەکەن کە زمانی فارسی بە "زمانی ناسیۆناڵ" ی خۆی بزانێ. رۆژنامەی "کیهان" کە لە لەندەن لە لایەن چەند کۆنە شاپەرست و ساواکییەکەوە دەردەچێ، بووەتە زمانی حاڵی هەموو ئەمانە و بەردەوام پرۆپاگەندەی ژەهراوی دژی کورد بلاو دەکاتەوە، ئەوجا نەک هەر کوردی رۆژهەلاتی کوردستان کە نووسێنراوە بە ئێرانەوە بەڵکو لە دژی کوردی هەموو لایەک. تەنانەت لەو رۆژانەدا کە دکتۆر شەرەفکەندی و برا کوردەکانی لە چێشتخانەی میکۆنۆس لە بەرلین شەهید کران، لە کاتێکدا لە تەنیشت گوایە" بەرهەڵستکەرانی ئێرانییەوە "دانیشتبوون - کە هیچ کامێک لەم "بەرهەڵستکەرانە" گوللەیەکیان لێنەدرا، ئا ئەم "کیهان"ە چەند وتارێکی بلاوکردەوە کە هەرکەسێک بیخوێندایەوە هەستی بەوە دەکرد کە ئەم رۆژنامەیە و نووسەرەکانی بە کوشتنی ترسنۆکانەی تیرۆریستانەی بێرۆمەتانەی شەرەفکەندی و هاورێ کوردەکانی زۆر کەیفخۆش بوون. دەبێ ئەمەش بزانین یەکێک لە نووسەرەکانی "کیهان" بە نێوی خواستەمەنیی "کتانە سلطانی" یەوە سالانی ساڵ لەو "کیهان"ەدا وتاری بلاودەکردەوە کە بە ئاشکرا داوای کوشتن و لەنێو بردنی کوردی دەکرد. ئەوجا نەک هەر لە ئێراندا بەڵکو لە هەموو جێیەک.

لێرەدا با چەند وێنەیەک وەک نموونە پێشانبدەین:

"وەزیری دادخوازی"ی پێشووی ئێران (لە سەردەمی شای لێنخراو دا) محەممەد

باهیری (محمد باهری) لە وتوویژێکدا کە لەگەڵ رۆژنامەی "کیهان" کردبووی، گوتی: "پیاو نابێ گلەیی لە پاسدارانی رژێمی ئیسلامی بکات کاتێک گوللەی تفەنگەکەیان دەگرنە سنگی کوردێکی جیاوازیخواز". لەبەر ئەوە گلەیی لە هێندێک فارس کردبوو کە بێزاریی خۆیان بەرامبەر بە کوشتنی دوکتۆر قاسملو و دوکتۆر شەرەفکەندی و سەرۆکە کوردەکانی دیکە دەربڕیبوو، چۆنکە ئەمانە بە قسەی وی "جیاوازیخوازن" و جیاوازیخوازیش لەلای وی "تاونبار"ە و دەبێ وەک "تاوانبار" هەڵسوکەوت بکرێ لەگەڵی. (کیهان، ١٩٩٣/٦/٣).

نموونەیەکی دی:

لە ژمارە (٥٤٤)ی رۆژنامەی "کیهان"دا کە لە رۆژی ١٩٩٥/٢/١٦ (بەرامبەر بە ٢٧ی بەهمەنی ١٣٧٣ ی فارسیی شیعەیی) بڕێک لە نامەی کوردێکی بە نێوی سەعیدی کرماشانی (سعید کرمانشاهی) بڵاوکردبووەوە، کرماشانی رەخنەی لەوە گرتبوو کە زمانی فارسی بە "زمانی ناسیۆنال"ی ئێران دادەنرێ و نووسیبووی: "زمانی فارسی زمانی رەسمی ئێرانە نەک زمانی ناسیۆنال، چۆنکە لە دەوڵەتێکدا کە خەڵکەکەی بە چەند زمانی جیاواز دەپەیڤن، زمانی ناسیۆنال بوونی نییە. دووەم ناسیۆنال بە شتێک دەگوترێ کە هەموو دانیشتووانی یەک دەوڵەت بە ئارەزووی خۆیان پەسەندیبکەن و بە هەموو دڵ و گیانەوە خۆشیانبوێ و بە هەموو هێزێکیانەوە لە پێناوی پاراستن و هێشتنەوەیدا تێبکۆشن. لە کاتێکدا ئەگەر ئێوە کەمێک راستیبین (واقعی) بن، هەست بەوە دەکەن کە زمانی فارسی لە نێو گەلانی ئێراندا بەم جۆرە نییە، و لە سەردەمی دەستپێکردنی فەرمانڕەواییی پەهلەوییەوە بەم شێوە کلاسیکەی ئەورۆی بەسەر "گەلانی ئێراندا سەپێنراوە". لە وەرامی ئەم قسە راستەدا "خیراندیش" نێوێک کە هەموو ژمارەیەک وتارێک دەنووسێ وەک "حکیم حق نظر" کە وەک دەڵێن ئەم دوو نێوە نێوی خواستەمەنین و هەر یەک کەسە، هەر لەو ژمارەیەدا و لەو شوێنەدا وتارێکی نووسیبوو لەژێر نێوی "مرده باد زبان فارسی" واتە "بمرێ زمانی فارسی" و ئەم قسە هەقانەی بەوە داناوە کە کورد هەوڵدەدەن بۆ زیندوو کردنەوەی زمانی خۆیان و مراندنی زمانی

فارسی، وەک راگرتن و خزمەتکردنی زمانی کوردی لەلایەن کوردەوە مردنی زمانی فارسی بێ. لەم رووەوە دەبێژێ: "ئەز دیکتاتۆر نیم و باوەڕم بە دیکتاتۆریتی نییە. بەڵام لە کاتێکدا کە دیکتاتۆریتی بۆ پاراستنی یەکێتیی ناسیۆنال و زمانی ناسیۆنال پێویست بێ، پشتگیریی دیکتاتۆریتی دەکەم". ئەمەش ئەو دێمۆکراسییەیە کە بەرهەڵستکەرانی ئێران دەیخەنە کار ئەگەر هاتو رۆژێ لە رۆژان جێی مەلاکانیان گرتەوە.(١٥)

ئەوجا بام بێینەوە سەر بەرهەڵستکەرانی رژێمی عێراق و گوێ رابگرین لەو قسانەی کە سید محمد باقر الحکیم؛ نوێنەری ئەوەی نێوی نراوە "ئەنجومەنی بەرزی شۆرشی ئیسلامیی لە عێراق" (المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة في العراق) کە لە مانگی شوباتی ١٩٩٢ دا کردی. الحکیم لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ رۆژنامەی "الحیاة" کە لە لەندەن دەردەچێ کردبووی، داوای "یەکێتیی عێراق"ی دەکرد بە "گەل و خاک و حکومەت"ەوە (شعبا وترابا وحکومة) وەهەر لەوێدا گوتی: "عێراق ولاتێکی عەرەبیی ئیسلامییە و بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی موسوڵمان" (... بلدا عربیا اسلامیا و جزء من الامة العربیة الاسلامیة) (رۆژنامەی "الحیاة" ١٩٩٢/٢/٢٥). ئەمەش هەر قسەکانی بەعسە بەڵام ئیسلامەکەی چووەتە سەر، و خودێ هەڵناگرێ لەم دواییەدا سەددام بۆ خۆرێکخستن لەگەڵ ئەمانە و رژێمی ئێران، ئەوەتە دەستی هەژار و برسی دەبڕێ ئەگەر بێتو بچن بیر لە دزینی هێلکەیەک بکەنەوە و برسێتی خۆیانی پێ دەربکەن.

شایانی باسە کە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی دژ بە سەددام وەک دار و دەستەی سید الحکیم، دان بە "کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق" (المؤتمر الوطني العراقي)دا نانێن، چۆنکە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی تێدایە، و ئەو عەرەبانەش کە لە "المؤتمر الوطني العراقي" دان؛ هەلی ئەم براکوژییەی نێوانی پارتی و یەکێتی بەکار دەهێنن و داوای ئەوە دەکەن کە بەڕێوەبەریتیی حکوومەتی کوردستان بدرێتە دەستیان، لە کاتێکدا ئەمانە خۆیان لە خوارووی کوردستان (هەرێمی ئاسایش) پەنابەرن و لەنێو عەرەبیشدا هیچ جۆرە بنکەیەکی جەماوەرییان نییە.

ئەوجا عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی دژ بە سەددامیش کە لە سوپای عێراقدان، بە ئاشکرا دەریدەبڕن کە بۆیە نایانەوێ دەست لە سەددام بوەشێنن، چۆنکە لەوە دەترسن کە کورد هەلیان بۆ هەڵ بکەوێ و "ژووررووی عێراق" جیا بکەنەوە و بیکەنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

بەکورتی "بەرهەڵستکەرانی ئێرانی" مانی رژێمی مەلاکانیان پێ باشترە لە سەربەستیی کورد و "بەرهەڵستکەرانی عێراق و عەرەب"یش مانی رژێمی سەددامیان لەسەر کار، پێ باشترە لە سەربەستیی کورد.

ئەوجا ئەمانەی باسکران هەموو درۆیێکن لە زەریایەک دوژمنایەتی و شۆڤێنێتی و کین و رک و بیری تۆتالیتێرانە و دیکتاتۆرانە و شەڕخوازانەی بەرهەڵستکەرانی عێراق و عەرەب بە گشتی و فارس و ئێران بەگشتی و هەر بەو جۆرەش بەرهەڵستکەرانی حکوومەتی تانسو چیللەر لە دەوڵەتی ترکدا وەک حیزبی ANAP بە سەرۆکایەتیی مەسعوود یلماز و حیزبی رەفاهی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتیی ئەربەکان و حیزبی C.H.P بە سەرۆکایەتیی بولەند ئێجەڤیت، هەموو دژی چیللەرن، بەلام لە کێشەی کورددا هەموو پشتگیریی چیللەر دەکەن بۆ پێشێلکردنی مافی کورد (١٦).

هەر لەکاتی پەلاماری لەشکری ترکدا بۆ سەر خوارووی کوردستان لە بەهاری (نەورۆزی) ١٩٩٥دا ، دوو بەرهەڵستکەری حکوومەتی چیللەر، مەسعوود یلمازی سەرۆکی ANAP و بولەند ئێجەڤیتی سەرۆکی CHP ؛ پشتگیریی هەڵوێستی رژێمی چیللەریان کرد لە پەلامارداني خوارووی کوردستاندا بە نیزیکەی (. . . . ٤) سەرباز کە گەلێک کوردی لە هیچدا نەبوو لە زارۆ و پیر و ژن بوونە قوربانی ئەو پەلامارە.

لە سووریاش دوو حیزب هەن بەرهەڵستی رژێمی بەعسیی سووریا دەکەن، یەکێکیان "برا موسوڵمانەکان" (الاخوان المسلمون) کە حیزبی عەرەبە سونییەکانی سووریایە، و ئەوی دیکەیان حیزبی کۆمۆنیستی ریازولترک (ریاض الترک) ە کە خۆی ئەمە چەند ساڵێکە لە بەندیخانەی سووریایە،

هەردووکیان دژی کوردن. "برا موسوڵمانەکان" (الاخوان المسلمون) کورد بەوە گوناهبار (متهم) دەکەن کە گوایە "دارو دەستەی حکوومەتی حافیز ئەسەدن". هەموو کەسێکیش دەزانێ کە هەڵوێستی رژێمی ئەسەد بەرامبەر کوردەکەی ژێردەستی خۆی چۆنە. ئەوجا حیزبی ریاض الترک یش کورد بەوە تاوانبار دەکەن کە گوایە هەموو سەر بە خالید بەگداشن. خالید بەگداشیش بەوە گوناهبار دەکەن کە گوایە کوردێکی دژ بە عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەب و یەکێتیی عەرەبە. ئەمە لە کاتێکدا کە خالید بەگداش لە هیچ سەردەمێکی ژیانیدا هیچ جۆرە کوردایەتییەکی نەکردووە، و کە حیزبەکەشی لە حکوومەتی ئەسەددا هاوبەش بوو هیچ رۆژێک لە رۆژان دژی "پشتێنی عەرەبی" (الحزام العربي) یەک وشەی لە دەم دەرنەهاتووە و داوای هیچ جۆرە مافێکی کوردی نەکردووە.

بەکورتی: بزووتنەوەی کوردایەتی ناتوانێ پشت بە هێزی بەرهەڵستکەرانی نێو ئەو دەوڵەتانە ببەستێ کە کوردستانیان داگیر کردووە. سەبارەت بەم راستییە، ریندان بەو هێزە بەرهەڵستکەرانە بۆ هاتنە سەرکار بە تەنێ: زیانێکی یەکجار گەورەیە بو کورد. لەبەر ئەوە کورد نابێ "کەرێک بگۆڕێتەوە بە کەرێ"، بەڵکو دەبێ رووخاندنی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان کاتێک بێ کە هێزە کوردستانییەکان بتوانن جێیان پڕبکەنەوە. بەتایبەتی لەم رۆژەدا کە لە گەلێک لایەنی نێوچەیی و جیهانییەوە هەوڵدەدرێ بۆ رووخاندنی رژێمی سەددام (لە عێراق) و رژێمی مەلاکان (لە ئێراندا). پێویستە هەموو کوردێک لە خۆی بپرسێ، و بێژێ: ئەم دوو رژێمە هەردووکیان دوژمنی کورد و دێمۆکراسی و ئازادین، بەڵام پاش ئەوەی ئەو دوانە بە یارمەتیی کورد رووخێنران، کێ دێتە سەر کار؟ ئایا ئەوەی کە وەک ئەو دوو رژێمە و بگرە لەوانیش خراپتر هەڵسوکەوت لەگەڵ کورد دەکات، ئەگەر هاتە سەرکار رژێمێکی دێمۆکراسیی لە عێراق یان لە ئێراندا دادەمەزرێنێ؟ بێگومان نا.... کەواتە بۆچی دەبێ کورد رێ بە چوار پیاو خراپی عەرەب، یان چوار پیاو خراپی ئێرانی بدات، ئەو دوو رژێمە بە پشتگیریی کورد، یان بەبێدەنگیی کورد لەسەر کار لا ببەن و خۆیان بە هاسانی بێنە سەرکار و ژەهری مار بکەن بە گەرووی کورددا؟

ئێستە با سەرنجێکی کورت لەو هێزە دەرکییانە بدەین کە پێوەندییان بە کێشەی کوردەوە هەیە:

(١) ئەوروپا

ئەوروپا ئەو ولاّتانەن کە سەتان ساڵ ولاّتەکانی خۆرهەلاّتیان کردووە بە کۆلۆنی خۆیان و شیلەی ژیانی ئابووریی گەلانی خۆرهەلاّتیان دەمژی و یارییان بە چارەنووسیان دەکرد. بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا کە سێ دەوڵەتی کولۆنیالیستی ئەوروپا بوون، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و شکاندنی ئیمپراتۆریتیی عوسمانی، ولاّتی کوردستانیان پارچە پارچە کرد و دابەشیان کرد بەسەر چەند دەوڵەتێکی داتاشراوی دەسکرددا، و نەتەوەی کوردیان لە مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، بێبەش کرد، و لە ئەنجامی ئەوەدا رۆژی کورد گەیشتە ئەم رۆژە ناخۆشەی ئەورۆ.

ئێمە کە ئەم باسە دەکەین، مەبەستمان لە گێڕانەوەی دیرۆکی خۆمان و باسی ئیمپریالیزم و کولۆنیالیزمی ئەوروپایی، ئەوە نییە بمانەوێ رکی کورد هەستێنین و هانیان بدەین بۆ تۆڵە سەندنەوە. چونکە ئەو ئەوروپاییانەی ئەو رۆژە، ئەوروپایی ئەورۆ نین و لە هەموو گەلێکیشدا باش و خراپ هەیە. بەلاّم دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو ئەوروپایەی کە ئەورۆ لەنێو خۆدا گەیشتووەتە دامەزراندنی رژێمی دیمۆکراسی و پلووڕالیزم ؛ چەندان شەڕی کورت و درێژی لەنێو خۆیدا دیوە، کە جەنگی جیهانیی دووەم تەنێ نموونەیەکە لەوانە.

ئەوروپا لە چەند دەوڵەتێک پێکهاتووە کە لە باری ژیانی ئابووری و چڕیی دانیشتووان و دەسەلاّتی پیشەسازییەوە وەک یەک نین. لە پێش هەرەسهێنانی رژێمی سۆڤێتدا، ئەوروپا دوو لەت بوو. لەتێکی سەر بە بەرەی سۆڤێت بوو، لە باری ئابوورییەوە دواکەوتوو و تا هەندازەی هەژاری. و لە باری ئازادیشەوە رژێمی تۆتالیتێر و گرێدراو بوو بە سۆڤێتەوە. لەتەکەی دیکەش بریتی بوو لە ئەوروپای رۆژاوا، هێندێکیان زۆر بەهێز و دەوڵەمەند وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا

و بەریتانیا و هێندێکیشیان نیوە بەهێز وەک ئیتالیا و نەمسا و وڵاتانی ئەسکەندینافیا و بەلجیکا، و هێندێکیشیان کەمهێز وەک ئیسپانیا و پرتوگاڵ. رووخانی رژێمی سۆڤیێت کارێکی وای کرد کە ئەورووپا بەرەو یەکگرتن بچێ و هەوڵ بدا جیاوازیی ئابووریی نێوان دەوڵەتەکانی کەمتر بکاتەوە، کە بێگومان ئەوەش کارێکی یەکجار سەختە و کاتێکی زۆری دەوێ، کە لەوانەشە سەر نەگرێ.

یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی رووخانی سۆڤیێت یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بوو. ئەڵمانیا بەم یەکگرتنە؛ لە لایەکەوە گەورەتر و بەهێزتر بوو، لە لایەکی دیکەوە تووشی گەلێک کێشە بوو؛ وەک نا یەکسانیی ژیانی ئابووری لە هەردوو لاکەی ئەڵمانیادا و سەختیی نێزیککردنەوەی ئەم دوو گەلە لە یەک کە نێزیکەی پەنجا ساڵێک لە یەک پچڕا بوون و لە ژێر دوو رژێمی بەتەواوی جیاواز لە یەکدا دەژیان.

یەکێک لەو پرنسیپە گرنگانەی کە ژیانی ئەورووپای لەسەر دامەزراوە بازرگانی و چاو چنۆکییە بۆ پارە و دەسکەوتی ماددی. ئەورووپا لە چەند دەوڵەتێکی پیشەسازی و بازرگانی پێکهاتووە کە پێویستییان بە بازاڕ و کڕین و فرۆشتنە. بازاڕیش لە هەلو مەرجی پشێوی و ئاژاوەدا سەر ناگرێ؛ بەتایبەتی چۆنکە سەرمایە پێویستی بە خستنەکارە بۆ گەشەکردن و قازانج هێنان. جا کە سەرمایەدارانی ئەورووپا بیانەوێ لە وڵاتێکی دواکەوتوو، یان پێشکەوتوودا سەرمایە بخەنە کار بە نیازی قازانج، بەر لە هەموو شتێک بۆ شوێنێک دەگەڕێن کە شەڕ و هەڵلاو پەشێوی تێدا نەبێ. لەبەر ئەوە چاویان لە رژێمێکە کە لە جێی خۆی دامرکابێ. ئەوجا ئەو رژێمە؛ دیکتاتۆرە، ئایینییە، ناسیۆنالیستە، دیمۆکراتییە، چییە، ئەوە بەلایانەوە گرنگ نییە. هەر لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتەکانی ئەورووپا و هەموو دەوڵەتە گەورەکان زۆرجار پشتی ئەو رژێمانە دەگرن کە ملهوڕ و خوێنڕێژن و بەزۆری زۆردارەکی خۆیان راگرتووە، و گەلێک جاریش چەک و یارمەتیی دیکە بە رژێمە دکتاتۆریەکانی ئەو دەوڵەتانە دەدەن بۆ ئەوەی لەسەر کار بمێنن و بەزۆری تفەنگ ئاسایش رابگرن.

یارمەتیی ئەورووپا و ئەمریکا و سۆڤیێت و ژاپۆن و چین بۆ رژێمەکانی سەددام و شا و خومەینی و ئەسەد و رژێمە تۆرانییەکانی ترک، هەر یەک نموونەن بۆ ئەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە زۆرجار شۆرشی رەوای کورد بۆ ئازادی؛ بە چەک و تفاقی جەنگیی ئەم دەوڵەتە پیشەسازییانە لە خوێن و خوڕدا پێشێلکراوە. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەوڵەتەکانی ئەورووپا هەرچەندە لەنێو خۆیاندا بەتەنگ راگرتنی سیستەمی دیمۆکراسییەوە دێن، بەڵام لە سیاسەتی دەرەوە یاندا ئامادەن لەگەڵ هەموو سیستەمێکی نادیمۆکراسی و تۆتالیتێر و تیرۆریست هاوکاری بکەن هەر بۆ پێشخستنی دەسکەوتی ماددی خۆیان. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە بۆ ئاژاوەی نێو خۆیی و کودەتای سوپایی و شەڕ و بە یەکدادان لە جیهاندا هاوتایان کەمە، زۆرجار لەلای ئەورووپاییەکان؛ کورد بە چەند "هۆزێکی ئاژاوە گێڕ" و شەڕفرۆش و لەنێو خۆدا ناکۆک و "گێرەشێوێن" دەدەنە قەڵەم بۆ ئەوەی دەوڵەتانی ئەورووپا و دەوڵەتە پیشەسازە بەهێزەکانی جیهان والێبکەن کە کورد بە کۆمەڵگەیەکی وا بناسن کە پشتی پێنەبەسترێ و کەس رووی تێنەکات. جا لەم رووەوە هەموو شەڕ و بەیەکدادانێکی نێوخۆیی کورد خزمەتێکی گەورەیە بۆ داگیرکەرانی کوردستان. ئەورووپا کەسێکی ناوێ کە کێشە و گیروگرفتی زۆر بێ و هەژار و بێدەسەلات بێ. دەبێ کورد لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ ئەورووپا ئەوە بگرنە بەرچاو، کە شتێکیان پێ بێ پێشکێش بە ئەورووپای بکەن تا ببنە هەڤاڵی وتووێژ لە گەڵیان.

رووسیا :

رووسیا ئەو وڵاتەیە کە یەکەمین بەردی بناخەی زانستی کوردناسی تێدا دانراوە، ئەوەش لە سەتەی هەڤدەیەمدا. دراوسێتیی ئەم وڵاتە لەگەڵ کوردستان، و شەڕ و شۆڕی ئیمپراتۆرێتیی رووسیای قەیسەری لەگەڵ دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، وای لە رووسیا کردبوو کە سووت لە ژنهاتێتیی سوپایی کورد وەربگرێ و هێزێکی کوردیی دەستوەشێن دروستبکات بەرامبەر بە هێزی "حەمیدییە" ی عوسمانی (حمیدیە آلایلی) کە

لە سەرەتای ئەم سەتەیەدا لە هۆز و سەرەک هۆزەکانی هێندێک نێوچەی کوردستان پێکهاتبوو. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە پێوەندیی رۆشنبیرانی کورد و سەرۆکەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بە رووسیاوە لە کۆتاییی سەتەی نۆزدەهەم و لە دەمەدەمی سەتەی رابوردوودا وای لە رووسیای قەیسەری کردبوو کە سیاسەتی نێزیکبوونەوە لە کورد پێڕەوی بکات و بیر لەوەش بکاتەوە کە ئایە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ کورد دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسیی عوسمانی و گەلە ترکە موسڵمانەکانی قەفقاسی ژێردەستەی رووسیا یان نا!. ئەم رێبازە لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەلای قەیسەری رووسیاوە بەرەو پێش دەچوو، بەڵام هێشتا بڕیاری تەواوەتی لەسەر نەدرابوو کە شۆرشی کۆمۆنیستانەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ رووی دا. هاتنە سەرکاری رژێمی کۆمۆنیستی لە رووسیا و دامەزراندنی سۆڤێتستان ئەم نەخشەیەی بەجارێک پووچکردەوە.

دەوڵەتی سۆڤێت کە نێزیکەی ٧٠ ساڵێک ژیا، سیاسەتێکی نادۆستانە و تەنانەت دوژمنانەشی بەرامبەر بە کورد گرتبووە بەر. ئەم سیاسەتە نادۆستانەیە هەر لە "کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵات"ەوە دەستپێکرد کە لە ١-٨/٩/١٩٢٠ لە شاری باکۆ بەسترا و هەشت کوردیش بەشدارییان تێدا کرد. کۆنگرە هەرچەندە بۆ ئەوە بەسترا بوو کە باسی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی خۆرهەڵات بکات، ئەمەش کاتێک بوو کە دەوڵەتی عوسمانی رووخابوو، وَ پەیمانی سێڤریش لەو رۆژەدا لە کایەدا بوو بۆ دەستنیشانکردنی دوارۆژی کورد، بەڵام "کۆنگرە" بە یەک وشە باسی کوردی نەکرد. بە پێچەوانەی ئەمەوە کۆنگرە پشتگیریی خۆی بۆ ئەتاترک و "حکوومەتی ئەنقەرە" دەربڕی کە ئەو دەمە هێشتا هیچ دەوڵەتێک دانیپێدا نەنابوو. لە ١٩٢١/٣/١٦ یشدا یەکێتیی سۆڤێت بە سەرۆکایەتیی لێنین پەیمانێکی "هاوڕێیەتی" لەگەڵ "حکوومەتی ئەنقەرە" بەست.

جا هەرچەندە لە سەردەمی لێنیندا کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیدار "لەنێوچەی لاچین و قوبادلی و کەڵبەژار و .... و هێندێ شوێنی دیکەی کوردنشینیدا بەنێوی

"کوردستانی سۆر"ەوە دامەزرا، بەڵام هەر پاش نەمانی لێنین و هاتنە سەرکاری ستالین و دارو دەستەکەی، ئازەرییە خۆ بە ترک زانە مێشک تۆرانییەکان چاویان بڕییە خاکی کورد و ستالینیان لە کورد هاندا، بەنێوی ئەوەوە کە گوایە کورد دژی کۆمۆنیزم و یەکێتیی سۆڤێتن و "کرێگرتە"ی بەرەی خۆراوان. ستالین وەک سەرکردەیەکی فاشیست و تێرۆریست کۆچی بە کوردەکان کرد بۆ کازاخستان و سیبریا. ئەوجا ئازەرییەکان توانیان نێوچەی کوردەکان لرف بدەن و بە هەمـوو جـۆرێک بکەونە تواندنەوەی کـورد، و لەم کـاتە بە دواوە لە ئازربایجان زمانی کوردی رێبەند کرا. لە چلەکاندا و لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا جارێکی دی کورد لە لایەن ستالین و ئازەرییەکانەوە کۆچپێدران و ئەوجا کوردەکانی "کوردستانی سۆر" بوونە ئاردی نێو دڕکی چەند کۆمارێکی سۆڤـێتی و لە هەمـوو لایەک تووشی بندەسـتی و بێبـەشی بوون. تەنێ لە کۆماری رووسیا و کۆماری ئەرمەنستاندا توانیان تا هەندازەیەک خزمەتی زمان و کولتووری خۆیان بکەن. هێندەی ئەمە پێوەندیی بە ئەرمەنستانەوە هەیە، ئەوا ئەم رێدانە بە خـزمـەتکردنی زمـانی کـوردی سـیـاسـەتێکی ئەو دەمـەی کـاربەدەسـتانی ئەرمەنی بوو، نەک هی دەوڵەت و رژێمی سۆڤێت. ئەمەش راستینەکە کە لەم ساڵانەی دواییدا پێیگیشتووم..

شایانی باسە ستالین و ئازەرییە تۆرانییـەکان هەر لە تەفروتوونا کـردنی "کوردسـتـانی سۆر"دا چالاک نەبوون، بەڵکو لە هەوڵدانیشدا بۆ دەستبڕینی کورد لەکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە دەمە دەمی کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەمدا چالاک بوون. ئازەرییەکان نەیاندەویست کە کورد کۆمارێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن؛ بەڵکو دەیانویست ببنە پارچەیەک لە کۆماری ئازربایجان، بۆ ئەوەی ئەو پارچە کوردستانەش وەک "کوردستانی سۆر" لرف بدەن. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ئەم پیلانە گلاوەی پووچکردەوە. ئەوجا کە کۆماری کوردستان دامەزرا، ئەوەبوو ستالین لە پشت سەری کوردەوە لەگەڵ رژێمی شای ئێران رێککەوت کە لەشکرەکەی لە کوردستان بکشێنێتەوە بەرامبەر وەرگرتنی مافی گەڕان بە دوای نەوتدا لە ژووروویی ئێران. کشاندنەوەی لەشکری سۆڤێت بوو بە هۆی رووخانی

کۆماری کوردستان، چۆنکە کۆماری کوردستان سوپایەکی پڕ چەکی نەبوو. ئەوجا پێشەوا و چەند سەرکردەیەکی دیکەی کورد لە سێدارە دران.

پاش تۆپینی ستالین، سیاسەتی سۆڤێت بەرامبەر بە کورد نەهاتە گۆڕان. لە سەردەمی خرۆشێڤ دا هێندێک لە کوردە کۆچپێکراوەکانی "کوردستانی سۆر" گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بەلام ئازەرییەکان ڕێیان نەدان حکوومەتەکەی خۆیان دابمەزرێننەوە. لەم کاتەدا سەرۆک مستەفا بارزانی کە ئەو دەمە لە سۆڤێت پەنابەر بوو، و لە سەردەمی ستالیندا خرابووە زیندان، بەرەللا کرا. لەگەڵ ئەوەشدا کورد هەر بە زۆرلێکراوی مانەوە، چۆنکە سیاسەتی سۆڤێت لەسەردەمی خرۆشێڤ و پاش خرۆشێڤ، هەتا هەرەسهێنانی سۆڤێت ڕوویکردە دۆستایەتیی سیاسی و بازرگانیکردن لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرییانەی کوردستانیان داگیر کردووە، بە تایبەتی عێراق و سووریا و فرۆشتنی چەکی قورس و قرکەر بە ڕژێمە خوێنڕێژەکانیان. ڕژێمی سۆڤێت سەرچاوەی چەک و تفاقی جەنگی هەردوو ڕژێمی بەعسیی عێراق و سووریا بوو، هەر لە ۱۹۷۰وە تا ڕمان و گۆڕبەگۆڕ بوونی. شایانی باسە کە لە دەمە دەمی گیانەلای ڕژێمی سۆڤێتدا باسی ئەو گەلانە دەکرا کە لە سەردەمی ستالیندا کۆچپێدرابوون و پەرتەوازە کرابوون و لەنێو ئەوانەشدا گەلی کورد. ئا لەو ڕۆژانەدا جارێکیان خانم دانیال میتران ژنی سەرکۆماری فەرەنسا فرانسوا میتران لە گۆرباچۆڤی پرسیبوو "ئایە کوردە کۆچپێدراوەکان دەتوانن بگەڕێنەوە کوردستانی سۆر و لەوێ کۆمارێک بۆ خۆیان پێکەوە بنێن"؟ گۆرباچۆڤ لە وەرامدا گوتبووی : "کوردستانی سۆر" لە کوێیە؟. ئەمە نموونەیەکە بۆ ناسینی گۆرباچۆڤ ، و پێموایە پێویست بە هیچ جۆرە لێدوانێک ناکات.

پاش ئەوەی ڕووسیا بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ و یەلتسین بوو بە سەرۆک وەزیران و توانی بەرامبەر گەلێک شەپۆلی کورسیبزوێن و ئاژاوە خۆی ڕابگرێ، ڕووسیا هەروەک زلهێزێک لە جیهاندا مایەوە، ئەگەرچی نەک بە ڕاددەی ئەمریکا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو لایەک حسێبی زلهێزێکی بۆ دەکرێ. بەلام ڕووسیا گەلێک کێشەی ئابووری هەیە بۆ وێنە : بێکاری و برسێتی لە

سنوور بەدەرن، دزی و جەردەیی و پیاو کوشتن و چالاکیی مافیایی هەر باس ناکرێ. بێجگە لەوەش چەچانستان داوای جیابوونەوە دەکات لە کۆماری رووسیا. گوناهی بەشێکی ئەو کێشانە کە رووسیا بەدەستیانەوە دەناڵێنێ دەکەوێتە ئەستۆی جیهانی خۆراوا و بەتایبەتی ئەورووپا و بەتایبەتتر ئەڵمانیا. چۆنکە رووسیا پاش هەرسهێنانی کۆمۆنیزم زۆر دۆستانە لە جیهانی رۆژاوا هاتە پێشەوە و ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی دایە دەست کاربەدەستانی ئەڵمانیای رۆژاوا، و ئەورووپای رۆژهەڵاتیشی بەرەڵڵا کرد کە ببێتە هاوپەیمانی ئەورووپای رۆژاوا. بەڵام جیهانی رۆژاوا بەتایبەتی ئەڵمانیا هەڵوێستەکانی بەرامبەر رووسیا راستبێژانە و بە ویژدانانە نەبوو، بەڵکو زۆربەی زۆری بەڵێنەکانی درۆ و دەلەسە و گوتەی پووچ بوون. ئێستەش ئەوەتە ئەمریکا رێ نادا بە رووسیا چەکی نێوکاکلی بە ئێران بفرۆشێ، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەمریکا خۆی تا ئێستە چەک و کەرەسەی جەنگی بە ئێران فرۆشتووە و مەسەلەی ئێران - گێت یەکێکە لەو بەزمانە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەمریکا چەک و کەلو پەلی جەنگی بە گەلێک رژێمی شەڕخوازی وەک سەددام و جونتای ترکیا فرۆشتووە و دەفرۆشێ. بەڵام ئەمە بۆ رووسیا بە ڕەوا نازانێ. لەبەر ئەوە رووسیا هەستی خۆشبینی بەرامبەر جیهانی رۆژاوا و ئەو دەوڵەتانەش نییە کە سەر بە جیهانی رۆژاوان کە دیارە دەوڵەتی ترکیش دەگرێتەوە. بۆیە دوور نییە کە رووسیا لە ژێر کارکرد (تأثیر) ی ئەم بارە و گوشاری ئەو هێزە ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستانەدا کە رۆژ بە رۆژ لە رووسیا دەسەڵاتیان فراوانتر دەبێ، سیاسەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆی خۆی بگرێ، لە جۆری سیاسەتی سەردەمی قەیسەر و دووریش نییە خۆی بکاتە هەڤاڵبەندی عێراق و ئێران، کە ئەمەش مەترسییەکی زۆری تێدایە بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەتی گەلی کورد و ئاشتیی جیهان بەگشتی. لە هەمووش مەترسی تر ئەوەیە کە زانست و تەکنیکی رووسیا یارمەتیی عێراق و ئێران بدەن بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و پێشبردنی زانستی بەرهەمهێنانی چەکی کۆمکوژ وەک چەکی میکرۆبی و کیمیایی کە تا ئێستا چەند جارێک دژی خەڵکی کوردستان بەکار هێنراون.

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە کوردەکانی کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤێت لەپاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت کەوتنە جموجۆڵ و کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا کە مەڵبەندەکەی لە مۆسکۆیە.

لەسەرەتای نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٤ دا کۆنفرانسێکی گەورە بۆ لێکۆڵینەوەی دۆزی کوردستان بە دەستپێشکەریی پ. ک. ک لە مەڵبەندی کولتووریی کورد لە مۆسکۆدا گیرا. رژێمی ترک لەم هەڵوێستەی رووسیا زۆر بەگومانە و چەند جار پێوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی رووسیا گرتووە بۆ بەستنی ئەو "چالاکی یە کوردانە" یەی کە رژێمی ترکیا بە چالاکیی تیرۆریستانەی پ. ک. کێی دەداتە قەڵەم. دەبێ ئەوەش بزانین کە پ. ک. ک لە مۆسکۆ نوێنەری هەیە. ماهیر وەلات Maher Welat نوێنەری ERNK یە لە رووسیا. رووسیا لەوە دەترسێ کە دەوڵەتی ترک خۆی بکا بە دەمڕاستی ئەو کۆمارە ترکزمانانەی کە پاش هەرەسی سۆڤێت دروست بوون وەک ئازربایجان و ترکمانستان و .. هتد. سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی ترک تانسو چیللەر بە ئاشکرا هەوڵی یەکێتیی "دەوڵەتە ترکزمانەکان" دەدا بە "سەرۆکایەتیی ترکیا". دەوڵەتی ترک تا ساڵی ١٩٩٥ نیزیکەی ٥،٦ ملیارد مارکی ئەڵمانی بەخت کردووە لە قازاخستان و قرخیزستان و ترکمانستان و ئۆزبەکستاندا.

بەمەی پێشوودا دەردەکەوێ بۆمان کە دەوڵەتی رووس چە لەسەردەمی قەیسەردا و چ لە سەردەمی سۆڤێتیدا و چ لە سەردەمی رووسیای فیدەراڵی ئێستەدا؛ هیچ چاکەیەکی بەسەر کوردەوە نییە بەڵکو هەمیشە هەوڵیداوە کورد دابدۆشێ بۆ بەرژەوەندیی خۆی. لەبەر ئەمە کورد دەبێ لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ دەوڵەتی رووسیا زۆر هۆشیارانە بجووڵێنەوە.

ئیسرائیل:

دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ جووان بەنێوی "ئیسرائیل" ەوە لە ساڵی ١٩٤٨ دا، لە ئەنجامی راستەوخۆی بەڵێنی "بەلفوور" و کەینوبەینی "دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی رۆژاوا"؛ یان "بەرەی سەرمایەدارانی رۆژاوا" ەوە نەبوو؛

وەک عەرەبە ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان و کوردە خۆ بە چەپیزانەکان دەیانگوت و ئێستەش زۆربەیان هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە، بەڵکو پێوەندیی مێژوویی مووساییەکان بە "خاکی پیرۆز" واتە "ئۆرشەلیم" یان "قودس" ەوە، و هەروەها پلەی پێشکەوتنی شارستانێتیی مووساییەکان لەچاو گەلانی عەرەب و موسوڵماندا و دەسەڵاتی رۆشنبیرانیان بەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپایی و ئەمریکاوە، دەوری سەرەکی لەم کارەدا گێڕا. واتە مووساییەکان خۆیان دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروستکرد، نەک "ئیمپریالیستە خوێنمژەکانی ئەوروپا". کەس دەوڵەت بۆ کەس دروست ناکا. هەر ئەو ئەوروپاییانە بوون کە بە ملوێن جوویان بە گاز خنکاند. خۆ ئەگەر مووساییەکان خۆیان هیچ نەبوونایە، ئەوا بەڵێنی "بەلفوور"یش مینا بەڵێنەکەی پەیمانی "سیڤر" کە بە کورد درا، وەک تری بن گۆمی لێدەهات. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە تەنگە تیلکەییی عەرب و خۆ گیفکردنەوە و فیشاڵکردنیان بە قڕکردنی جوولەکە و هەڕەشە کردنیان بەوەی فڕێیان دەدەنە نێو زەریاوە، دەورێکی گەورەی گێڕا لە سەختگیریی مووساییەکاندا. خۆ ئەگەر عەرەبەکان هەر لە سەرەتاوە بە گیانێکی رۆشنبیرانەی تێگەیشتووانەوە بکەوتنایە کار، ئەوا ئیسرائیل هەر لە یەکەم رۆژەوە لە سنوورێکی تەنگ و خاکێکی گچکەدا و لە تەنیشت دەوڵەتێکی فەلەستینیی عەرەبەوە و لە نێو زەریایەک عەرەبدا وەک دوورگەیەک دروست دەبوو. ئەوساش شەڕی ١٩٤٨ و ١٩٥٦ و ١٩٦٧ و ١٩٧٣ هەڵنەدەگیرسان و ئیسرائیلیش ئەو وڵاتە فراوانەی داگیر نەدەکرد و ئەورۆش عەرەبەکان پاش نیو سەتەیەک ماڵوێرانی و دوای ئەو هەموو هەڕەشەو گورەشە و هاشو هووش و خۆ بە زلگرتن و قسە پف هەڵدراوانە و کوشتن و لەسێدارەدانی خەڵکی بێگوناە بە تۆمەتی "سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل" و کودەتای سوپایی و دیکتاتۆرێتیی بەنێوی خۆ ئامادە کردنەوە بۆ "رزگارکردن"ی فەلەستین، ناچار نەدەبوون بچنە سڵاوی ئیسرائیل کە تا دوێنێ بوو بە "ئیسرائیلی بێژی" (اسرائیل اللقيطة) و "زیۆنیستی تاوانبار" (الصهاينة المجرمون) و چی و چی. نێویان دەبردن.

ئەمەیان وا، و ئەوجا دەبێ بزانین کە سیاسەتکارانی کورد، کە هەموو چاویان لە بیری مارکسیێتیی سۆڤێتانە دەکرد، هەر بە وێنەی ناسیۆنالیست و

کـۆمـۆنیـسـتـە عـەرەبەکـان بۆ دۆزی فـەلسـتین دەچوون و بگرە توندتر و خەستتریش لەوان. ئەوەی راستی بێ: یەکێتیی سۆڤێت وەک دەوڵەتەکانی بەرەی خـۆراوا لـەسـاڵی ۱۹٤۸دا، واتە لـەسـەردەمی سـتـالینـدا دەنگی بۆ دابەشکردنی فەلستین لە نێوان عەرەب و جوولەکەدا دابوو، بۆیە کۆمۆنیستە عەرەبەکان لە سەرەتاوە بە پێرەویکردنی سیاسەتی سۆڤێت پشتگیریی دابەشکردنی فەلەستین و لایەنگیریی "برایەتی عەرەب و جوولەکە" یان دەکرد، بەڵام دوایی بە ناچاری و لە ترسی تیرۆری ناسیۆنالیزمی عەرەب؛ بایان دایەوە، و لەگەڵ گۆرانی سیاسەتی سۆڤێت بەرامبەر بە ئیسرائیل لە پەنجاگاندا و بەتایبەتی لە سەردەمی خرۆشێفدا کە سۆڤێت هەڵوێستێکی دژ بە ئیسرائیلی گرتبوو، کۆمۆنیستە عەرەبەکان (بەتایبەتی لە عێراق و سووریا وکوردە مارکسییەکانی ژێردەستەی ئەم دوو وڵاتەشیان لەگەڵ) کەوتنە جنێو دان بە ئیسرائیل و پەلاماردانی بە قسە. دیارە ئەو کوردانەی هەڵوێستێکی نەیارێتییان بەرامبەر بە ئیسرائیل هەبوو، هێندێکیان لەرووی ترسەوە بوو، هێندێکیشیان لە هەلپەرستییەوە، یان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان، یان لە گەوجی و نەزانییەوە بوو. ئەمە کارێکی وای کرد کە بزووتنەوەی کوردایەتی نەتوانێ هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێ. ئەوجا ئەگەر ئێمە ئەو ماوە کورتەی لێدەربکەین کە خودێلێخۆش بوو سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی لەرێی عیسمەت شەریف وانلی و سامی عەبدولرحمانەوە پێوەندییەکی بێحسێبی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، ئەوا هیچ جۆرە پێوەندییەکی دیکە نەبوو، تەنانەت ئەم پێوەندییەش هیچ بەرهەمێکی نەبوو. چۆنکە نە ئەو کوردانەی سەر بە بارزانی بوون و دەستیان لەم کارەدا بوو، مرۆڤی سیاسەتکار بوون و نە ئەو کوردانەی لە ریزەکانی بارزانی جیا بووبوونەوە و بەربەرەکانییان دەکرد، رێیان دا ئەم پێوەندییە پەرە بسێنێ و رێکو پێک بکرێ. پاش هەرەسی بەهاری ۱۹۷۵ و هەتا ئەم دواییەش باسکردنی ئیسرائیل شتێکی بڤە و تابوو tabu بوو.

دیارە ئیسرائیل لە سیاسەت و پێوەندییەکانیدا بە خەڵکی ئەم جیهانەوە، بە دوای دەسکەوت و بەرژەوەندیی خۆیدا دەگەرێ. بەڵام کێ هەیە وا نەکات ،

مەگەر کورد، لەگەڵ ئەمەشدا لەوانە بوو ئیسرائیل لە دەیەکانی رابوردوودا پێوەندییەکی توند و تۆڵ بە بزووتنەوەی کوردایەتییەوە ببەستێ ئەگەر بهاتایە و بیزانیایە کە بزووتنەوەیەکی کوردایەتیی یەکگرتووی وا لە کایەدایە پشتی پێببەستری. چونکە ئەگەر پێوەندییەکی وا لەسەر بنچینەیەکی پتەو ببوایە، دوور نەبوو زۆر سووتی بە بزووتنەوەی کوردایەتی بگەیاندایە، چ لە باری سوپایی و چ لەباری دیپلۆماسییەوە. من پتر لە سیساڵێک لەمەو بەر ئەم قسانەم دا بە بای گوێی سەرکردە کوردەکانی ئەو سەردەمەدا، بەڵام هەر ئەوەندەی مابوو بمکەن بە کێو دا. راستییەکەی ئەمز دەمزانی سیاسەتی دەوڵەتان و گەلانی عەرەب (و کوردە کۆمۆنیست و مارکسیستەکانیشیان لەگەڵ) بەرامبەر ئیسرائیل و جوولەکە سیاسەتێکی شۆڤێنیستانەی چەوت و چەوێڵە و خزمەتی دۆزی فەلستین و گەلی فەلستین ناکا، و دەشمزانی کە سەرکردە عەرەبە شۆڤێنیستەکان رۆژێ لە رۆژان ناچار دەبن بچنە سلاوی ئیسرائیل، لەبەر ئەوە نەمدەویست گەلی کورد، بە کەرێتی و شۆڤێنێتی ئەوان زیان بهێنێ، بۆیە لە سەمینارێکدا کە لە ١٩٨٥/٥/١١ دا لە شاری ستۆکهۆڵم بەسترابوو بۆم بە ئاشکرا گوتم: "هاکا عەرەبەکان لەگەڵ ئیسرائیل رێککەوتن" (جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالی کورد - ئۆتۆنۆمی، یان کوردستانێکی سەربەخۆ، یان بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی" سوێد ٢٦٨٥ ک / ١٩٨٥ ز، ل ٣٧).

بەکورتی نیو سەتەیەک ماوە هەبوو بۆ کورد ئاوڕێک لە ئیسرائیل بدەنەوە و سووتێک لە شەڕی نێوان شۆڤێنیزمی عەرەب و ئیسرائیل وەربگرن، بەڵام ئەوا ئەو هەلە لە دەستچوو. چونکە ئێستە ئیسرائیل دەیەوێ تا پێیدەکرێ خۆی لەگەڵ عەرەبەکان رێکبخا و چارێک بۆ کێشەی فەلستین بدۆزێتەوە و لەم مەیدانەشدا کەمێک هاتووەتە پێشەوە. ئیسرائیل ئێستە لەگەڵ میسر و ئەردەن و مەغریب پێوەندیی دیپلۆماسی هەیە و لەگەڵ سووریاش وتووێژی هەیە. بێجگە لەوەش لەگەڵ PLO بە سەرۆکایەتیی یاسر عەرەفات پەیمانی بەستووە بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە هێندێک نێوچەی فەلستیندا. لە هەمان کاتدا ئیسرائیل دەیەوێ پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ترک باش بکات، چ لە

باری سوپایی و چ لە باری ئابوورییەوە، گوایە بەنێوی "بەربەرەکانیی تێرۆریزم" ەوە، کە دیارە "تێرۆریست" بەلای ئیسرائیلەوە ئەو عەرەبە فەلەستینییە ناسیۆنالیستە سەختگیرانەن (وەک "بەرەی گەلێر" (الجبهة الشعبية) و "کۆڕی شۆرشگێڕ (المجلس الثوري)ی ئەبوو نیزال (ابو نضال) هەروەها موسڵمانە بنچینەگرەکانی وەک کۆمەڵەی "حەماس" (حماس) و "جیهادی ئیسلامی" (الجهاد الاسلامي) و..هتد. "تێرۆریست"یش بە لای ترکەوە PKK و هەموو کوردێکە کە داوای مافی کورد بکات، یان هەر کەسێکی دیکە کە کورد نەبێ، بەلاّم لەسەر مافی کورد بەدەنگ بێ وەک ترکی رۆشنبیر و ئاشتیخواز کە دژی کورد کوشتنن. بەلاّم نە دەوڵەتی ترک دەتوانێ بەرەیەکی نوێ بۆ شەڕ دژی عەرەبە ناسیۆنالیست و موسڵمانە بنچینە گرەکانی عەرەب بکاتەوە لەبەر خاتری ئیسرائیل ، و نە ئیسرائیلیش دەتوانێ بەرەیەکی نوێ دژی کورد ، بەتایبەتی پێ کێ کێ بکاتەوە لەبەر خاتری ترک. لام وایە ئیسرائیل هێندە نەزان نەبێ کە بە خوتو خۆڕایی نەتەوەی کورد بکاتە دوژمنی خۆی، یان بچێ پەلاماری پێ کێ کێ بدات و ناچاری بکات تۆڵە بستێنێتەوە لێی . بەلاّم رەنگە لە سنووری هەواڵگوزاری و جاسووسێتیدا پشتی دەوڵەتی ترک بگرێ، کە دیارە ئەمەش دژی بەرژەوەندیی کوردە و کوردیش دەبێ و مافی خۆیەتی کە لەم رووەوە زۆر وریا بێ (١٧).

بەکورتی دوور نییە ئیسرائیل ئەورۆ خۆی لە بارێکی وادا ببینێ کە پێی وابێ هێندەی جاران کاری بە کورد نەبێ. بەلاّم دەبێ ئەوە بزانین کە چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی فەلەستین هەروا بە هاسانی و بەم زووانە لە دەسەلاّتی ئیسرائیلدا نییە. چۆنکە نە ئیسرائیل دەتوانێ واز لەو هەموو خاکە بهێنێ کە فەلەستینییەکان و سووریا و عەرەبەکان بەگشتی داوای دەکەن و نە فەلەستینی و سووری و عەرەبەکان بەگشتی بە شتێکی کەم لە ئیسرائیل خۆش دەبن. ئەمە بێجگە لە دوژمنایەتیی مێژوویی عەرەب و جوولەکە و بەربەرەکانیی موسوڵمانە بنچینەگرەکان لە هەموو لایەکی جیهاندا و یارمەتیدانیان لەلایەن کاربەدەستانی ئێران و سۆدان و ئەفغانستانەوە.

ئەمریکا:

ئەمریکا ولاتێکی گەورەی ٠..٢ ملیۆنییە. لەباری ئابوورییەوە پیشەسازییەکی یەکجار گەشە کردوو، و کشتوکاڵێکی فراوان و هەموو جۆرە و، لەباری رامیاریشەوە رژێمێکی دیمۆکراتیی پەرلەمانییە. ئەمریکا تا ماوەیەک لەمەو بەر یەکێک بوو لە دوو زلهێزەکەی ئەم جیهانە. بەلام پاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت، ئەمریکا بوو بە زلهێزی یەکەم لە جیهاندا. ئەمریکا چ لەباری سیاسی و چ لە باری ئابووری و چ لەباری ستراتیژیی سوپاییەوە بەرژەوەندییەکی ژیاری هەیە لە گەلێک شوێنی ئەم جیهانەدا کە یەکێک لەوانە نێوچەی خۆرهەلاتی نێوەڕاستە، کە کوردستانیش دەگرێتەوە. تێکەڵبوونی ئەمریکا لەگەڵ سیاسەتی خۆرهەلاتی نێوەڕاست لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا دەستیپێکرد، کاتێک ئەمریکا هەولی دا خۆی لە دەولەتی ترک و ئێران نێزیک بکاتەوە بۆ بنکە دانان لەو ولاتانە بە مەبەستی بەربەرەکانیی دەسەلاتی رژێمی کۆمۆنیستی سۆڤێت. لەکاتی کشانی "لەشکری سۆر" بەسەر ئازربایجانی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستاندا کە بوو بەهۆی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان، ئەمریکا لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا، یارمەتیی ئێرانیان دا بۆ دەرکردنی لەشکری سۆڤێت لە ئێران، کە ئەنجامەکەی بە رووخانی کۆماری کوردستان تەواو بوو. لەپاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە ئەمریکا توانی لە ئێراندا دەسەلاتێکی زۆر پەیدا بکا و زۆر یارمەتیی رژێمی حەمە رەزا شای ئێرانی دا بۆ پاراستنی تەختەکەی و تەنانەت کودەتای جەنەراڵ زاهیدی دژی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق بە پشتی دەزگەی نهێنی ئەمریکا (سیا) سەرکەوت، کە لە ئەنجامدا شای راکردوو توانی بگەڕێتەوە ئێران. پاش ئەوەش ئەمریکا بە چەک و تەکنەلۆژی و هەواڵگوزاری یارمەتیی رژێمی شای دا و لە بەهاری ساڵی ١٩٧٥ دا کاتێک شای ئێران لە جەزائیر لەگەڵ سەددام حسەین رێککەوت و پەیمانی جەزائیری دژی کورد و شۆڕشی ئەیلول بەست، ئەمریکا پشتیکردە کورد، هەرچەندە لەوەو پێش بەڵێنی بە سەرکردەکانی شۆڕش دابوو کە یارمەتیی کورد بدا، بەلام لە کۆتاییی هەفتاکاندا و پاش ئەوەی شای ئێران ویستی خۆی بکاتە هێزی

پێنجەم لە جیهاندا و ببێتە سەرکردەی نێوچەی کەنداو، ئەمریکا پشتی شای بەرەڵڵا کرد، و پاش ئەوەی کە شا ئێرانی بە جێهێشت و خومەینی سەرکەوت؛ تەنانەت ڤیزەیەکی نەدەدا بە شا کە بچێ بۆ ئەمریکا چاری نەخۆشییەکەی بکا.

هەرچەندە ئەمریکا لە سەرەتاوە زۆر پشیپشی بۆ رژێمی خومەینی کرد، بەڵام رژێمی خومەینی زۆر دوژمنانە لەگەڵ ئەمریکا هەڵسو کەوتی کرد. و تاقمێ خوێندکار کە بە خۆیان دەگوت "خوێندکارانی هێڵی ئیمام" پەلاماری سەفارەتخانەی ئەمریکایان دا لە تاران و کاربەدەستانی سەفارەتخانەیان ٤٤٤ رۆژ وەک دیل گرت. کاتێک هێزێکی ئەمریکایی ویستی ئەم دیلانە بەرەڵڵا بکا فڕۆکەکەیان لە تەبەس کەوتە خوارەوە و هەر کەسێکی تێدا بوو مرد. خومەینی تا مابوو ئەمریکای نێو نابوو "شەیتانی گەورە". پاش مردنی خومەینیش سەید عەلی خامەنەیی جێنشینی خومەینی، ئەویش وەک خومەینی دوژمنایەتیی ئەمریکا دەکا. ئەمریکاش رژێمی ئێران بە دوژمنی هەرە گەورەی خۆی دەزانێ. لە مانگی شوباتی ئەمسالە (١٩٩٥)دا سەرۆکی کۆنگرەی ئەمریکا لە وتارێکدا کە بۆ ئەفسەرەکانی هەواڵگوزاری و پاراستنی ئەمریکا لە واشەنتن دای، بنچینەگریی ئیسلامی وەک "مەترسییەکی گەورە" دانا بۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتان و گوتی دەوڵەتی ئەمریکا دەبێ تێبکۆشێ بۆ لە بنجهەڵکەندنی کۆماری ئیسلامیی (ئێران). ئەمە لە کاتێکدا کە ئێرانییە کۆچکردوەکان بۆ ئەمریکا (فارس و ئازەری) لە هەرە دەوڵەمەندترین کەسانی ئەمریکا دەژمێردرێن. پتر لە ... ٥ مامۆستای زانستگەکانی ئەمریکا ئێرانین (کیهان - چاپ لندن ش ٥٤٥ ، ١٩٩٥/٢/٢٣ ص ٧).

سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا بەرامبەر ئێران و ئێران بەرامبەر ئەمریکا، ئەمریکا هیچ یارمەتی بە گەلی کوردی ژێردەستەی رژێمی ئێران نادا بو خۆ رزگار کردن لە چنگی ئەو رژێمەی کە ئەمریکا بە رژێمێکی "تیرۆرپەستی" دادەنێ.

دەبێ ئەوەش بێژین کە پاش دامەزراندنی "هەرێمی ئاسایش" و "نێوچەی

نەفرین" ئەمریکا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ئەو نیوچەیە لە هێرشی سەددام دەپارێزێ، بەلاّم لە کوشتن و برین و دەربەدەر کردنی کوردی کەرکووک و مووسڵ و دیالە و بە عەرەب کردنی ئەو نیوچانە لە لایەن سەددامەوە بێدەنگە.

ئەمریکا پشتی دەوڵەتی ترک دەگرێ؛ هەرچەندە دەزانێ کە دەوڵەتی ترک دەوڵەتێکی میلیتاریستی رەگەز پەرستی دوژمن بە کوردە و بە هەموو جۆرێ یارمەتیی دەوڵەتی ترک دەدا کە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و بە پارە و تەکنۆلۆژی بەهێزی دەکا. بەر لەوەی سەددام پەلاماری کوێت بدا ئەمریکا زۆر یارمەتیی سەددامی دا دژی ئێران.

چی بکرێ باشە:

بە بیروڕای من پێویستە کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازەکەی لەباری ئێستەدا بە پێی پرۆگرامێکی تایبەتی و دەرزکراو بکەوێتە کار و لەم کاتەدا ئەم خالانەی خوارەوە بگرێتە بەرچاو:

١- کورد پێویستە ستراتیژ و تاکتیکی خۆی هەبێ و هیچ کاتێک ستراتیژی خۆی کە ئازادی و یەکسانیی کوردە بە پێی گۆڕانی بارودۆخی نیوچەکە و جیهان نەگۆڕێ، بەلاّم تاکتیکی خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا بگونجێنێ کە روو دەدەن، بێ ئەوەی دووریی تاکتیک لە ستراتیژەوە هیچ دەستکارییەکی بنچینەیی بەسەردا بێ.

٢- لە سنووری بەپەند کردن و ریسوا کردنی ئاژاوەی حیزب حیزبێنە و شەڕە گەڕەکی سیاسی و براکوژیدا (کە خۆ کوژییە) پێویستە هەوڵ بدرێ جۆرە هاو ئاهەنگییەک لە سنووری ستراتیژیی هاوبەشدا لەنێو حیزبەکانی کوردستاندا چێ بکرێ و ئەو هێزە سوپاییانەی کە حیزبەکان هەیانە رێکوپێک و دەسکەنە بکرێ و لە شێوەی سوپایەکی کوردستانیی مۆدێرندا بپارێزرێ.

٣- پێویستە لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆنالدا ببرێتە مێشکی دەسەلاّتدارانی

ئەم جیهانەوە کە تاکە جێگر (ئالتەرناتیف) ێک بۆ ئەم رژێمە دیکتاتۆر و تێرۆرپیست و تۆتالیتێرانەی رۆژهەلاتی نێوەڕاست (بە تایبەتی ئەو ٦ ولاتەی کوردستانیان داگیرکردووە) دەسەلاتێکی کوردیی ئازادیخوازانەی دێمۆکراتی پلووراڵیستانەیە کە ئاشتی و پێکەوە ژیانی بە هێمنی و ئاسایش لە نێوچەکەدا مسۆگەر بکات. ئەگەنا هەر هێزێکی دیکە، بێجگە لە کورد، هەر بەو رێیەدا دەڕوا کە ئەم رژێمانەی ئێستە پێیدا رۆیشتوون و دەڕۆن.

٤- پێویستە ئەو پێوەندییەی لە نێوان هێندێک دەوڵەت و کورددا دروست بووە لە رێی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو هێزانەوە کە "هەرێمی ئاسایش" لە کوردستاندا دەپارێزن، بکرێتە پێوەندییەکی درێژخایەن بۆ بەرژەوەندیی کورد و ئەو لایەنانە. لەبەر ئەوە پێشەمیدان بە چالاکیی دیپلۆماسیی سەروەری رۆشنبیرانە لە هەموو جیهاندا، بە تایبەتی لە ئەمریکا و ئەورووپا و رووسیا و ئوستراليا و ئیسرائیل یەکجار پێویستە، بێ ئەوەی ولاتەکانی دیکە بخرێنە پشتگوێ.

پەراوێزەکان

(١)- وشەی "وار" کە بەمانای "جێ" و "شوێنی لێدانیشتن" و "نیشتمان" دێ، لە وشەی "هەوار"ەوە هاتووە، وشەی "هەوار" بەشی دووەمی "کوم هەوار"ە؛ واتە "هەوار" یان "هەوارگەی کۆمەڵگە" کە بووەتە "کۆمار" و ئەورۆ بەمانای "جمهورية" بەکاردێ. وشەی "جمهور"ی عەرەبی و فارسی و ترکی لە "کوم هەوار"ەوە هاتووە، کوم هەوار >کۆمهوار>گومهور>جمهور. چونکە دەنگی "گ" لە زمانی عەرەبیدا نییە. دەنگی "ک" و "گ" زۆرجار لە کوردیدا لە جیاتی یەک بەکاردێن. سەرنجی وشەی "سک" و "زگ" بدە، هەروەها وشەی "باوکم" لە زاراوەی سۆرانی و "باوگم" لە زاراوەی فەیلیدا. هەر لەسەر ئەم دەستوورە"بزرگمهر"ی فارسی لە عەرەبیدابووە بە"بزرجمهر".

(٢)- بەپێی ئەم بەڵگەنامە مێژوویییە ئەو کەنداوەی کە فارسەکان پێی دەبێژن "کەنداوی فارسی" و عەرەبەکان پێی دەبێژن "کەنداوی عەرەبی"، کەنداوی کوردیشە.

(٣)- وشەی "مداین" (مادایین) کە عەرەبەکان بەکاریان هێناوە لە گەڵی وشەی "مدينة" (شار)ەوە نەهاتووە. وشەی "مادایین" (لەسەر کێشی وشەی "زەراین")، کە گوندێکە لە ستانی سلێمانی.. بڕگەی یەکەمی کە "ماد"ە ئاماژە بۆ بنەچەو رەچەڵەکی وشەکە دەکا.

(٤)- ئەمانە وشەی عەرەبی و ترکی و فارسین، یەکەمیان بەمانای "سوارە" و دووەمیان بەمانای "پارێزەر" و سێیەمیان بەمانای "پاسەوان" دێ بۆ شاردنەوەی مەبەستی راستینەی بوونی ئەم دەستانە وەک بەکرێگیراوی داگیرکەران.

(٥)- وشەی "جاش" لە زمانی کوردیدا هەر بە مانای بێچووی کەر بەکار ناهێنرێ، بەڵکو جاش بەمانای "دەستی دووەم" و "ساختە" و "ناڕاست" و "نارەسەن"یش بەکاردێ، وەک "جاش پۆلیس" واتە کابرایەک پۆلیسێتی دەکا بەڵام پۆلیسی راستینە نییە، "جاش کەوش" واتە "کەوشە و لەپێ دەکرێ" بەڵام "کەوشی راستینە" نییە.

(٦)- ئەم پێنج دەوڵەتە، بریتین لە: دەوڵەتی ترک و عێراق و سووریا و ئێران و ئازربایجان (کەپاش هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێت دروست بوو). جا لەبەر ئەوەی پاش شەڕی ئەرمەن و ئازەری، بەشێکی کوردستانی سۆر کەوتە دەست ئەرمەنەکان و بەشێکی دیکەی هەر بەدەست ئازەرییەکانەوە ماوەتەوە، ئەوا کوردستانی ئەورۆ بەسەر شەش دەوڵەتدا دابەشکراوە.

(٧)- مافی بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی لە سەمیناری "دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئۆتۆنۆمی یان کوردستانێکی سەربەخۆ، یان بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا

بۆ ئازادی" بە ڕێنی شیکراوەتەوە، کە لە ڕۆژی ۱۹۸۵/۵/۱۱دا لە ستۆکهۆڵم (سوێد) پێشکێشم کردووە.

(٨)- دەنگی (پ p) و (ف f) لە زمانە ئێرانییەکاندا جێی یەک دەگرن. شایانی باسە دەنگی (پ p) لە دەنگی (ف f) کۆنترە. ئەم کۆنێتییە لە زمانی کوردیدا باش پارێزراوە، بەڵام لە زمانی فارسیدا کەمتر پارێزراوە، بۆ وێنە: پیرۆزە (کوردی) / فیروزە (فارسی)، پەرپووت (کوردی) / فرتوت (فارسی)، سپی (کوردی) / سفید (فارسی). وشەی "فەیلی" هیچ پێوەندییەکی بە وشەی "فیل"ەوە نییە وەک هێندێک کەس دەبێژن، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە دەبێژن کە فەیلییەکان هەموو وەک فیل بەهێزن.

(٩)- لە نێوچەی خۆراسان هەرێمێکی گەورە هەیە بەنێوی "کوردستانی خۆراسانی" (سەرنجی وتاری مینۆرسکی بدە لەبارەی "کورد"ەوە لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا چاپی یەکەم) یەکێک لە ڕۆشنبیرە بەتەنگەوە هاتووەکانی ئەوێ، کە نێوی کەلیموللای تەوحودی (کلیم الله توحدی)یە لەپاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ چەند بەرگێک لێکۆڵینەوەی لەبارەی مێژوو و ڕەوشتوخوو و فەرهەنگی ئەو کوردانەوە بڵاوکردەوە، کە بوو بەهۆی گرتن و ئازاردانی زۆری لەلایەن ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێرانەوە. نووسەرە ئاوارەکانی ئێران لە ئەورووپا و ئەمریکا کە بۆ گرتنی هەر یەکێک لە خۆیان هەرایان دەگاتە ئاسمان، کەچی بۆ گرتنی تەوەحودی، یەک وشەیان لەدەم نەهاتە دەرەوە. شایانی باسە کە کوردەکانی خۆراسان هەر ئەوانە نین کە لە سەردەمی سەفەوییەکاندا کۆچپێدراون بۆ ئەوێ، بەڵکو کوردی نیشتەجێی ئەوێشن. بێجگە لەوەش کوردێکی یەکجار زۆر هەن لە دەوروبەری زەریای خەزەر، چونکە لە ئێرانی کۆندا کورد لە هەموو لایەکی ئێراندا ژیاون، نەک هەر لە کوردستان. ئەوی کتێبە کۆنەکانی عەرەب بخوێنێتەوە دەزانێ کە لە نێوچەی شیرازدا گەلێک هۆزی کورد ژیاون.

(١٠)- هاوبیری جوانەمەرگ ڕەهبەر مامەش لەو جێژنەدا قسەکانی خۆی کرد و بە خەستی باسی ئامانجەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی کرد، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەوڵ و تەقەلای نامەردانەی کوردی هەڵپەرست و کوڕی ڕۆژ بۆ سەرنەگرتنی کۆنگرەکە، کۆنگرە لە فیللەندا نەبەسترا، بەڵکو لە پاریس لە ١٨ تا ١٩٩٦/٩/١٩ بەسترا. لە پاریسیش دوو دەستە زۆر بەتوندی دژی بەستنی کۆنگرە وەستان. دەستەی یەکەم داروودەستەی پێ کێ کێ کە پێیان ناخۆش بوو باسی کۆنگرەی نیشتمانی و نەتەوەیی بکرێ، تەنیا ڕژێمی سووریا دڵی بێشێ لێیان. یەشار کابای سەر بە پێ کێ کێ داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆنگرەی دەکرد، بەنێوی ئەوەوە کە کۆنگرە بەهۆی کابرایەکی سیخوڕی فەرەنسا (ئەمە قسەی یەشار

کایایە) وەک کەندال نەزان لە پاریس دەبەستری، بۆیە کاربەدەستانی فەرەنسا سالۆنێکیان لە مەڵبەندی پەرلەمانی فەرەنسا داوە بە کۆنگرە. کەندال نەزانیش چوو بووە لای کاربەدەستانی فەرەنسا و فەرمووبووی ئەم کۆنگرەیە لەلایەن پ.ک.ک.وە ڕێکخراوە، لە ئەنجامی ئەوەوە حکوومەتی فەرەنسا سالۆنەکەی لە کۆنگرە سەندەوە. بەڵام هاوبیرانی کۆنگرە توانیان لە جێیەکی دیکە کۆنگرەکە ببەستن و رووی نامەرد رەش و هەزاران چرا لەسەر گۆڕی هاوبیر رەهبەر مامەش کە لە رۆژی ١٩٩٨/٤/٦دا کۆچیدوایی کرد.

(١١)- هەوڵ و تەقەلای ئەمریکا لەگەڵ پارتی و یەکێتی بۆ ئاشتبوونەوە درێژەی کێشا، هەتا لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا بەسەرپەرشتیی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مادلین ئۆلبرایت "پەیمانی واشنتن" لەنێوان بەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تالەبانی ئیمزا کرا، بەڵام تا ئەوڕۆ کە ئەم پەراوێزە دەنووسم (ئۆکتۆبەری ٢٠٠١) هێشتا بە تەواوی نەخراوەتە کار.

(١٢)- لایەکی ئەم گۆڕانە "زاگۆنی رزگارکردنی عێراق"، (قانون تحرير العراق) بوو کە لەلایەن کۆنگرەی ئەمریکاوە ئیمزا کرا.

(١٣)- بنەماڵەی حەکیم و ئاسەفی و شاهروودی، هەموویان بە بنەچەوڕەچەڵەک ئێرانین؛ بەڵام لە عێراق لەدایکبوون. ئەمانە بوونە سەرکردەی "المجلس الأعلى للثورة الاسلامية في العراق" کە رژێمی ئێران لە تاران دایمەزراند.

(١٤)- بەبۆنەی ئەو دوژمنایەتییەوە کە لە سەرەتای هەشتاکاندا لەنێوان ئەمریکا و رژێمی خومەینیدا دروستبوو، ئەمریکا رووی خۆشی کردە "مجاهدين خلق"، بەڵام لەبەر ئەوەی "مجاهدين خلق" بوو بە دەسکەلای دەستی سەددام و کاری تیرۆریستانەی زۆر نواند، دەوڵەتی ئەمریکا و دوای ئەویش دەوڵەتی بەریتانیا "مجاهدين خلق"یان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دایە قەڵەم.

(١٥)- وشەکانی کرماشانی بە فارسی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

"نمی دانم شما از کدام پایگاه فکری-اجتماعی برخاسته اید که این چنین برای تمام اقلیت های قومی ایران تعیین تکلیف می کنید وانچه را به عنوان یک فارس وظیفه خودتان است بر آن ها هم واجب می دانید... نکته مهمی که قبل از هر چیز باید یاد آور حضور مبارکتان شوم این است که زبان فارسی زبان رسمی ایران است نه زبان ملی. زیرا اولا درکشور یکه مردمانش به چندین زبان مختلف صحبت می کنند، اصلا زبان ملی وجود ندارد. دوم این که صفات ملی را انسان به چیزی می دهد که تمام ساکنان یک کشور و با رضایت آن را قبول کنند، با تمام

وجودشان به آن عشق بورزند و با همه توان برای حفظ و نگهداری آن بکوشند درحالی که اگر کمی واقع بین باشید به این مسئله پی خواهید برد که زبان فارسی در بین اقوام ایرانی چنین وضعیتی ندارد واز زمان شروع سلطنت پهلوی به صورت کلاسیک امروزین بر دیگر اقوام ایران تحمیل شده است".

وەرامی "خیراندیش" بە فارسی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

"من دیکتاتور نیستم و به دیکتاتوری عقیده ندارم ولی دیکتاتوری را در آنجا که برای حفظ وحدت ملی و زبان ملی ضرورت داشته باشد تأیید می کنم".

ئەوە گوایە نە دیکتاتۆرە و نە باوەڕی بە دیکتاتۆریتی هەیە، بەڵام بەدەمی خۆی پشتگیریی دیکتاتۆریتی دەکا بۆ ئەوەی کورد زمانی خۆی بەرەسمی بەکار نەهێنێ.

(١٦)- چەند ساڵێک دوای ئەوەی ئەم سەمینارە پێشکێش کرا، ئەربەکان بوو بە سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی ترک بە هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەڵام سەرکردەیەتیی سوپای ترک ئەربەکانی ناچار کرد دەست لە سەرۆک وەزیرانی هەڵگرێ و بەشێوەیەکی ناڕەوا و نادێمۆکراتی؛ کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ریسواییەشدا کە لە رژێمی ترک بەسەری هاتبوو، کاتێک لە هەولێر ئاڵای کوردستان بۆ ماوەیەک هەڵکرا، ئەربەکان لە پێش سیاسەتکارەکانی دیکەی ترکدا دژی ئاڵای کوردستان قسەی کرد و رک و کینی خۆی بەرامبەر بە کورد و ئاڵاکەی پێشان دا.

(١٧)- وەک لە دواییدا دەرکەوت رژێمی ئیسرائیل یارمەتی رژێمی ترکی دا بۆ فڕاندنی سەرکردەی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە پاییزی ١٩٩٨ دا. کە دەستەیەک کورد لە بەرلین لەبەردەم سەفارەتی ئیسرائیلدا خۆپێشاندانیان سازکرد، کاربەدەستانی سەفارەتخانە لە پشتەوە دەستڕێژیان لە خۆپێشاندەرەکان کرد و چوار کوردیان کوشت کە یەکێکیان کچ بوو. ئەمە لەکاتی سەرۆک وەزیرانیی نەتەن یاهوودا بوو. حکوومەتی ئەڵمانیا هیچ جۆرە هەڵوێستێکی وەرنەگرت بەرامبەر بەم تاوانەی ئیسرائیل و، کورد کوژەکان بێ ئەوەی سزا بدرێن گەڕانەوە ئیسرائیل.

جەمال نەبەز

کورد و شۆڕش

وتارێکی سەمینارییە کە بۆ یەکەمجار

لە لەندەن لە رۆژی ٢٤/١/١٩٩٨دا بە بانگیشتی

کۆمەڵەی رۆژاوای کوردستان پێشکێش کراوە

لە جیاتی سەرەتا

خوێنەرەوەی بەڕێز!

ئەو بابەتانەی لەم بەرگەدا جێگەیان کراوەتەوە، بریتین لە چەند سەمینارێك، لەو ریزە سەمینارانەی کە لە کات و شوێنی جیاوازدا و، بە بۆنەی جیاوازەوە، چ لە ئەڵمانیا و چ لە شوێنەکانی دیکەی ئەورووپا پێشکێش بە کۆمەڵگەی کوردی ئەورووپا کراون و زۆربەشیان لە سەر کاسێتی ڤیدیۆ و دەنگ وەرگر تۆمار کراون.

هاوبیری هێژا و خۆشەویست، بەڕێز سیروان کاووسی، ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان کە بە نوێنەرێتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان لە چوارەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا (کە لە لەندەن لە ١٠ ـ ١١/ ١٠/ ١٩٩٨ بەسترا) چالاکانە بەشداری کرد و، لە **«سەمیناری «باروودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد و پێشبینی یەکی دوارۆژی» دا** ئامادە بوو، پێشنیازی چاپکردنی سەمینارەکان و ئەو وتارانەی کرد کە هێشتا لە شێوەی پەرتۆکدا بڵاو نەکراونەتەوە و، لە هەمان کاتدا جوامێرانە دەستەبەر بوو بەوەی ئەرکی گرانی خستنە سەر دیسکێتیان بکێشێ، کە لەم دەرفەتەدا پڕبەدڵ سوپاسی هەستی بەرز و هەڵوێستی دڵسۆزانەی دەکەم.

جا ئەگەر ئەم کۆمەڵە سەمینار و کۆڕە زانستی یانە بتوانن سووتێك بە کۆمەڵگەی کورد بگەیەنن، خۆم بە بەختیار دەزانم.

بەرلین ١٩٩٨/١٢/٢٤

جەمال نەبەز

کورد و شۆڕش

تێبینی: ئەم سەمینارە بۆ یەکەمجار لە ۱۹۹۸/۱/۲٤دا لە لەندەن بەبانگێشتی کۆمەڵەی ڕۆژاوای کوردەستان پێشکێش کرا و کاسێتێکی ڤیدیۆیی لێ هەڵگیرا. بەڵام کاسێتەکە هێشتا لەنێو کامێراکەدا بوو لەماڵی بەڕێز شێرکۆ زیندلۆش لە لەندەن، کە شەوێکیان دز دایوویە بەسەر ماڵەکەی دا و کامێرا و کاسێتی پێکەوە دزی بوو. دوواپی هەر ئەم سەمینارە لە نورنبێرگ و لە شاری گۆتینگن (ئەڵمانیا) و بەرلینیش دووپاتکراوەتەوە. کاسێتێکی ئەم سەمینارەی نورنبێرگ هەیە بەڵام ناتەواوە. کاسێتەکەی لەندەن بیروبۆچوونی مامۆستایان ئەحمەد هەردی و خوالێخۆشبوو براییم ئەحمەد و حەمە رەسووڵ هاواری لە سەر بوو کە لەو سەمینارەدا ئامادە بوون.

گوێگرانی بەڕێزا

لە کاتی دڵەوە خۆشهاتن لە هەمووتان دەکەم و، سوپاسێکی گەرمیش بۆ بەشداریتان بەم ژمارە زۆرەوە لەم سەمینارەدا.

بەرێزینە

وەك دەزانن بابەتی سەمیناری ئەوڕۆمان **"کورد و شۆڕش"**ە. جا بۆ ئەوەی پێوەندیی کورد بە شۆڕشەوە بە شێوەیەکی زانستانە بخەینە بەرچاو، پێویستمان بەوە هەیە بزانین شۆڕش چی یە، واتە سنوور و چوارچێوەیەك بۆ **تێگە** (مفهوم)ی شۆڕش دەستنیشان بکەین. بەڵام با جارێ وەك سەرەتایەکی باسەکە وشەی شۆڕش لەباری زمانەوانی یەوە شی بکەینەوە.

وشەی **"شۆڕش"** چاوگی کاری تێنەپەڕ "شۆڕان" و کاری تێپەڕ **"شۆڕاندن"**ە. **"شۆر"** لە زمانی کوردی دا بەمانای تیژ (تێژ) و بڕیو دێ. (سەرنج: وشەی بڕێوم لە سەرکێشی بزێو داتاشیوە. بزێو بە کەسێك دەبێژن کە زۆر بیزوێ و بڕێویش شتێکە کە زۆر تیژ بێ و باش ببڕێ). کورد دەبێژن **"سیلاحشۆر"** واتە "چەك تیژ" کە هێندێ کەس بە هەڵە بە "سیلاحشۆڕ" دەری دەبڕن. **"شۆر"** لە زمانی کوردی دا بە مانای **"سوێر"**یش بەکار دێ. بۆ وێنە دەبێژێت: چێشتی بامێکە شۆر بوو، واتا سوێر (سۆر) بوو. وشەی "شۆرباو"ی کوردی کە لە عەرەبی دا بووە بە شوربا و لە

فارسی دا شوربا و لە ترکی دا **چوربا Çorba**، مانای "شۆر بە ئاو"ە، واتە ئاوێك کە خوێ ی تێدایە، کە دیارە ئاو لە زمانی کوردی دا هەر ئاوی خواردنەوە نی یە؛ بەڵکوو بە شلایی (سوائل **Fluids** و**Liquids**) بە گشتی؛ دەبێژن ئاو. وەك ئاوی میوە، ئاوی سەوزە، ئاوی گۆشت (گۆشتاو)، ئاوی گیانەوەر و... هتد.

ئەوجا کاری "**شۆراندن**" لە زمانی کوردی دا بە گەلێك مانا دێ، لەوانە؛ **تیژ کردن و هاندان و راپەڕاندن و گاڵدان و خرۆشاندن و خستنە سەر پلوپا و جموجۆڵ و ئاڵۆش پێ پەیدا کردن و هورووژاندن.** هەر لە زمانی کوردی دا شەڕ و شۆر هەیە کە هێندێك بە هەڵە دەبێژن شەڕ و شۆڕ. شۆر لێرەدا راپەڕینە. لە زمانی کوردی دا وشەی "**شۆرە**" هەیە کە "شۆرە" نێوە و لە "شۆر"ە وەرگیراوە. وەك چۆن وشەی "**بۆرە**" لە "بۆر"ەوە وەرگیراوە. "**شۆرە"بە مانای دۆخی هورووژاندن و توند و تیژی و تووڕەیی و تەقینەوە و جموجوڵ و هەڵچوون بەکار دێ.** ئەوەش دەبێ بزانین کە "شۆرە" مەنی **(مادە)**یە کە لە زەوی دەردەهێنرێ بەزمانی ئینگلیزی **Saltpetre** و بە زمانی ئەڵمانی **Salzpeter**ی پێ دەبێژن و بە زمانی زانست "**نەتراتی سۆدیۆم**"ە. ئەم شۆرە یە لە کوردستان لە سەردەمی کۆندا بۆ دروست کردنی باروت بەکار دەهێنرا.

ئەوجا ئەم وشەی "**شۆرە**"یە هەر بەو مانایە و بەو شێوەیە بەلآم بە "**و**"ی تەنگ " Û "واتە "**شوُرە**" چووەتە زمانی عەرەبی یەوە. هەروەها وشەی "**شۆرە**" لە شێوەی "**سەورە**" (سوْرە)دا هاتووەتە زمانی عەرەبی یەوە و بووەبە "**ثورة** " کە واتە رەگی وشەی "**ثورة** "ی عەرەبی وشەی "**شۆرە**" و "**شۆرش**"ی کوردی یە. شایانی باسە کە جێگۆڕکێی دەنگی **(ش Ş) بە (س S)** وەك چۆن لە زمانی کوردی دا باوە، لە زمانی عەرەبیشدا باوە. بۆ وێنە لە زمانی کوردی دا؛ وشەی "**شیلە**" کە لە بنەڕەتدا "**شیرە**"یە، بووە بە "**سیلە**" (سەرنجی وشەی "**بەرسیلە**" واتە **ترێ ی نەگەیو** بدەن کە "**بەرشیلە**" یە، واتە "**ترێ**" بەرلەوەی شیلە (شیرە)ی تێ بپەڕێ). هەروەها سەرنجی وشەی "**شەوتاندن**" لە کوردی باکوور و "**سووتاندن**" لە کوردی ناڤیندا بدەن کە بەك مانایان هەیە. ئەوەش دەبێ بێژین کە وشەی "**سوُر**"ی عەرەبی لە بنەڕەتدا "**شوورە**"یە. "**سوُر**" لە "**سنوور**"ەوە وەرگیراوە کە بە مانای مەرز **(حدود)**ە **(بەراوردی بکەن لە گەڵ وشەی Ceinture ی فەرەنسی** کە مانای "**پشتێن**"ە). نموونەی دیکە بۆ ئەم جێگۆڕکێی دەنگی "**س**" و "**ش**" زۆرن. یەکێك لەوانە وشەی "**شەرواڵ**"ی

کوردی یە کە زمانی عەرەبی لە کوردی یەوە وەری گرتووە و کردوویەتی بە **"سروال"** و، وشەی "**باپشتیان**"ی کوردی لە عەرەبی دا بووە بە "**بافستیان**". هەروەها وشەی "**خەمشە**" کە لە **زمانی ئارامی کۆندا** بە مانای "**پێنج**" دێ، لە زمانی عەرەبی دا وەك "**خەمسە**" (**خمسة**) دەردەکەوێ. وشەی "**شەما**" کە لە زمانی عیبری دا بە مانای "**ئاسمان**" دێ؛ لە زمانی عەرەبی دا بە شێوەی "**سماء**" (**سەما ء**)دەردەکەوێ. ئەوەی باسکردنی لێرەدا پێویستە ئەوەیە وشەی "**سماء**" و "**شەما**" **لە بنەڕەتدا لە وشەی کوردی ی ئێرانی "ئاسمان"ەوە وەرگیراون**. بناوانی وشەی "**ئاسمان**" وشەی "**ئاسۆ**" و "**مان**"ە واتە "**ئاسۆمان**". "**ئاسۆ**" مانای "**افق**"ە و **Horizont** و "**مان**"یش لە زمانی کوردی دا بە مانای "**جێ"یە**، وەك چۆن "**دارەمان**" (کە شوێنێکە لە نێزیك کەرکووکەوە) لە "**دار**" و "**مان**"ەوە هاتووە؛ واتە جێی دار و درەخت". "**هەورامان**" کە بە بۆچوونی من لە بنەڕەتدا "**ئاهورامان**"ە، مانای جێ ی "**ئاهورا**"یە؛ کە "**ئاهورا**"یش **خودێ ی زەردەشتی یەکانە**. با ئەوەش لێرەدا بێژم کە وشەی "**سەما**" واتە **دیلان، هەڵپەڕین، داوەت کردن** بە شێوەیەکی تایبەتی، لە وشەی "**ئاسمان**" ەوە وەرگیراوە، **واتە هەڵپەڕین و هەڵقوونانەوە بەرەو ئاسمان**. "**سەما**" لە "**سۆمبا**"ی خۆشکی "**ڕۆمبا**"وە نەهاتووە.

با بگەڕێینەوە سەر وشەی "**شەما**"ی عیبری. ئەم وشەیە **لە تەورات دا هەیە؛ تەورات** لە بارەی هاتنە بوونی جیهانەوە دەبێژێ: **«برێشیت بەرا ئێلۆهیم ئێت هەشەمایم و ئێت هاتارێتز»**. واتە: "**لەسەرەتاوە خودێ ئاسمانەکان و زەوی هێنایە بوون**" کە بیکەیتە عەرەبی دەبێتە: "**بالرأس (واتە: في البدء خلق الاله السماوات و الارض)**. وەك دەبینین زمانی **عیبری** و زمانی **عەرەبی** دەستە خۆشکی یەکن. لێرەدا سەرنجی وشەی "**ڕێش** ...... **ی عیبری و "راس"ی عەرەبی** بدەن؛ کە لە یەکەمدا هەمان وشە دەنگی (ش Ş)ی تێدایە و، لە دووەمدا دەنگی (سS)ی تێدایە. زۆر ڕێی تێ دەچێ کە هەر دوو وشەکە؛ **عیبری و عەرەبی**، "**مێتاتێزی**"ی یەك بن؛ واتە **عیبری و عەرەبی** کە هەردووکیان بە مانای "**بیابانی**" دێن، بەهۆی جێگۆڕکێی دەنگەکانیانەوە بوونە دوو وشە. ئەم جێگۆڕکێی دەنگە لە کوردیشدا باوە. سەرنجی وشەی **دەروێش و دەورێش، تیپ و پیت، کن و نك، زیخ و خیز... هتد بدەن**.

ڕاستی یەکەی ناتوانم بێژم سەردەمی وەرگرتنی وشەی "**ئاسمان**"ی کوردی لە

لایەن زمانی **عیبری** (واتە ئارامی کۆنەوە) و بوونی بە "**شەما**" لە کەینێ وەیە. دوور نی یە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی یەکجار کۆن؛ کاتێك کە جووەکان دەربەدەر کران بۆ **وڵاتی میدیای جاران (کوردستانی ئەورۆ)**. ئەوەتە **تەورات** چیرۆکی سەردەمی **مادەکان** دەگێڕێتەوە و **زۆر پەسنی میواندارێتی و دۆستایەتی و ڕەوشتبەرزی و لەسەر کردنەوەی لێقەوماوان و ڕێزگرتنی پەیمان و هەڵسوکەوتی بازرگانانە (مدنی)ی مادەکان دەدا.**

ئەوجا با بێینەوە سەر وشەی "**ثورة**" و "**سَورة**" لە زمانی عەرەبی دا. بەڕاستی زۆر هەوڵم دا بزانم کەینێ ئەم دوو وشەیە لە کوردی یەوە پەڕیونەتە نێو زمانی عەرەبی؛ بۆم دەرنەکەوت. شایانی باسە؛ وشەی "**ثورة**" و "سورة" نە لە **قورئان و نە لە حەدیسی پەیامبەر (د) و نە لە وێژەی عەرەبی پێش ئیسلامدا** بەرچاو دەکەوێ. دوور نی یە لە سەردەمی **ئەمەوی یەکان** دا یان **عەباسی یەکان دا** بووبێ، کاتێك شۆرش و بەرخۆدانی کورد بەرامبەر بە داگیرکەرانی عەرەب پەرەی سەند و کورد بە زنجیرەیەك بەرخۆدان و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی چەکدارانە کەوتە پەریەرەکانیی فەرمانڕەوایانی عەرەبە موسڵمانەکان و ، مەزنترینی ئەم بزووتنەوانە کە بێ دوودڵی بتوانرێ نێو بنرێ "**شۆرش**" شۆرشی هەژاران و رووتەی کورد بوو **بە سەرۆکایەتیی فەیلەسووف و پاڵەوانی نەتەوەی کورد پاپەکی خورەمدین** کە دووایی باسی دەکەین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بێژم کە **فارسەکانیش** وشەی "**شۆرش**" (شورش) بەکار دەبەن؛ بەڵام نەك بەو مانایەی کە کورد بەکاری دەبەن. وشەی "**شۆرش**" لە کوردیدا بەرامبەر بە **revolution** ی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی یە کە لە بنەڕەتدا وشەی **revolvere** ی لاتینی یە و بە مانای خولدان بۆ دوواوە و پێچدان بۆ پشتەوەیە. بەڵام فارسەکان وشەی "شۆرش"**(شورش)** بۆ ئاژاوە و **پشێوی** و سەرپێچی کردن بەکار دەبەن، کە ئەم وشەیە لە زمانی ئەڵمانی دا:

Unruhr و Aufruhr و لە زمانی ئینگلیزیدا insurrection و revolution دەگرێتەوە. ئەم وشەیە هێندێك جار لە زمانی ئەڵمانی دا دەبێتە revolte. بۆ وێنە ئەڵمانەکان لە کۆتایی شەستەکاندا بە ڕاپەڕینی خوێندکارەکانیان دەگوت:

Studentische revolte واتە سەرپێچی و **پشێوی خوێندکاران**. فارسەکان

بە "شۆڕش"ی کوردی دەبێژن "**انقلاب**". کە ئەم وشەیەیان لە زمانی عەرەبی یەوە وەرگرتووە، بەڵام بەو مانایە بەکاری ناهێنن کە زمانی عەرەبی بەکاری دەهێنێ. وشەی "انقلاب" لە زمانی عەرەبی دا بە مانای "**هەڵگەڕانەوە**"و "**ژێروژوور**" بوونەوە دێ کە بە زۆری بۆ **کودەتای سوپایی** بەکاردەبرێ، **یان بۆ دۆخێك کە کەسانێك بچن بە زۆر کاربەدەستانی رژێمێك لەسەرکار لابەن و خۆیان بچنە جێ یان، یان خەڵکێکی دیکە بخەنە شوێنیان، بێ ئەوەی دەست بدەن بۆ نرخ و نەرێتی سیستەمی لا دراو.** راستی یەکەی وشەی "انقلاب" کە لە کار (**فعل**)ی «**قلب**» واتە هەڵگێڕانەوە هاتووە؛ لە بنەڕەتدا عەرەبی نی یە؛ بەڵکو کوردی و فارسی یە. «**قلب**» هەڵگێڕانەوەیە و ئێستەش لە کوردی دا وشەی **قلپکردنەوە و قولپاندن (بە کرمانجی ی باکوور)** بەکار دەبرێ. وشەکە وشەیەکی هێند و ئەوروپایی یە و؛ پێوەندیی بە وشەی **لاتینی ی Collapsus**ەوە هەیە، کە بەمانای **داڕووخان و قلپ بوونەوەیە** و لە ئەڵمانی دا بووە بە **Kollaps** و بە ئەڵمانیی پەتی - **Zusammenbruch** ، واتە **هەرەسهێنان**.

لێرەدا حەز دەکەم بۆ پێکەنین چیرۆکێك بگێڕمەوە. پاش **کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە عێراق (١٩٥٩/٧/١٤)** رۆژێکیان لە بەغدا دەمەتەقێ یەك لە نێوان کوردێکی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و کوردێکی سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا دروست بوو. کۆمۆنیستەکە دەستوەشاندنی سوپای عێراقی لە بنەماڵەی شا فەیسەڵ و گۆڕینی سیستەمی شایەتی بە سیستەمی کۆماری بە شۆڕش دادەنا و کوردە سەر بە پارتی یەکەش دەیگوت نە، ئەمە "ئینقلابە". کە بە کۆمۆنیستەکەم گوت بۆچی وادەزانیت شۆڕشە. گوتی چونکە حکوومەتی نوێ دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەریتانیایە و دۆستی یەکێتیی سۆڤێتە و پێشکەوتنخوازە. گوتم: بۆچی پێشکەوتنخوازی ئەوەیە تۆ دۆستی یەکێتیی سۆڤێت بیت؟، گوتی : "ئا. چونکە ئەگەر تۆ دۆستی سۆڤێت نەبوویت، ئەوا بتەوێ و نەتەوێ ؛ پیاوی ئەمریکایت". ئەوجا بە کوردە پارتی یەکەم گوت: ئەی تۆ چۆن ئەم بارەی ئێستە بە "ئینقلاب" دەزانیت؟" گوتی: "پاش هەموو ئینقلابێك خەڵك لە سێدارە دەدەن، ملیان دەکەن بە پەتدا کە پەتەکەش قولاپێکی پێوەیە. "ئینقلاب" خۆی لە "قولاپ"ەوە هاتووە. واتە ملی خەڵك دەکەن بە قولاپ دا". لێرەدا واز لە فەرموودەی ئەو دوو

هاووڵاتی یە بەڕێزە دێنم و، بەر لەوەی درێژە بە باسەکەم بدەم، کەمێك لەسەر وشەی قولاپ دەڕۆم. قولاپ و قولاپە هەردووکیان بە یەك مانا لە زمانی کوردی دا هەن. بۆ وێنە پیرە مێرد دەبێژێ:

گیانە بەسیەتی، گیانە بەسیەتی ... توخوا بەسیەتی؛ دەرد و مەینەتی
هەر هێندە دەبێ تووشی و نەگبەتی ... قنیاتم تەنیا ژاراوی پەتی
لە نەحسی چارە و بەختی گومراهم ... عالەم بێزارە لە ناڵە و ئاهم
ئەجەل **قولاپەی** گیر کرد لە جەرگم ... نیشانم ئەدا نیشانەی مەرگم
ئەوا هەناسەم کەوتە ژمارە ... هێندەی نەماوە؛ وا ئەمرم دیارە

ئەم هۆنراوەیەم وەك پشتیوانەیەك بۆ وشەی **قولاپە** خوێندەوە، ئەگەنا ئەمە لەبەر خاتری هۆنراوەکە نەبوو. هەڵوێستی من بەرامبەر هۆنراوە و هۆنەران نەگۆڕاوە و، رۆژێکیش دێ بکەومە وێژەی ئەم باسە.

قولاپ یان **قولاپە** لە زمانی کوردی دا بە پارچە ئاسنێکی **گر (خڕ)** دەبێژن. ئەم وشەیە رەگێکی هێند و ئەورووپایی هەیە و ، تەنانەت لە زمانی **سلاڤی** کۆندا؛ وشەی **کولا** هەیە کە مانای **"خڕ"**ە. لە زمانی کوردیشدا دەبێژن: **قولی مست؛** واتە کە مستت **گرد (خڕ)** دەکەییەوە، هەروەها **"قولە پێ"** هەیە لە کوردی دا واتە شوێنی **خڕی پێ**. هەر لەم وشەی "کولا"یەوە کە وشەیەکی **سلاڤی کۆنە**؛ زمانی **چێکی** وشەی **کولیچەی** داتاشیوە کە کەوتووەتە زمانی **ئەڵمانی نەمسایی** و، **هەر لە ولاتی چێکەوە خۆی کێشاوە تا کوردستان.**

هاووڵاتانی بەڕێز:

تا ئێرە باسی ئێتمۆلۆژیای وشەی **شۆرش** و خزمەکانی بوو؛ خستمانە ژێر هوردە بینی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی یەوە؛ هیوام وایە کە کورد بتوانن فەرهەنگێکی ئێتمۆلۆژیا بۆ زمانی کوردی چێ بکەن. ئەوەی ئەمز لە دەستم هاتبێ لەم بارەیەوە بۆ شیکردنەوەی گەلێك وشە و بردنەوەیان بۆ سەر بنەچە و رەچەڵەکیان؛ درێغم نەکردووە؛ بەڵام نە جێ و رێ ی من و نە تەمەنی من رێ دەدەن بەوەی فەرهەنگێکی ئێتمۆلۆژیای زمانی کوردی بنووسمەوە.

ئێستە با بزانین شۆرش وەك تێگەیەکی رامیاری و کۆمەڵایەتی چییە!:

ئێمە کە دێینە سەر وشەی شۆرش یەکەم شت کە سەرنجی مرۆڤ رابکێشێ ئەوەیە

که شۆرش بزووتنەوەیەکی بەگرۆپیفە. بەلآم هەر شۆرش بزووتنەوەیەکی بە گرۆپیف نی یە، هێندێك بزووتنەوەی دیکەش هەن کـە، لەم رووەوە لە بابەتی شـۆرشن، وەك: راپەرین، ئاژاوە، هەستان، رابوون، پشێوی، بەرخۆدان، سەرهەڵدان. ئەمانە هەموو بزووتنەوەی بەگـرۆپیفن. لەبەر ئەوە دەبێ بزانین تایبـەتکاری شـۆرش چی یە کـە ئەمانەی سەرەوە لە شۆرش جیا دەکاتەوە.

شۆرش بە مانا زانستانەکەی بزووتنەوەیەکە دەبێ بە هۆی گۆڕانێکی بنچینەیی ی ئەو نرخ و نەرێتانەی کە لە کۆمەڵگەدا رەوان و، پرکردنەوەیان بە نرخ و نەرێتێکی دیی جیـاواز لە هی پێشـوو. بە مـەرجێ شێوەی ئەو گۆڕینە لە دەسـتوور و زاگـۆن (قـانون)ی ئەو وڵاتە یان ئەو دەوڵەتەی کە لە بنەوە هەڵدەتەکێنرێ؛ دەسـتیـشـان و رەچاو نەکرا بێ.

کـەواتە **شـــۆرش بزووتنـەوەیەکی نازاگــۆنی یە کـــە دەبێ بە هۆی گـــۆڕینی سیستەمێکی کۆمەلآیەتی، یان رامیاری، یان ئایینی، یان ئابووری، یان ناسیۆنال؛ لە بنچینەوە و پرکردنەوەی جێ ی ئەو سیستـەمـە بە سیـسـتـەمێکی دیکەی جیاواز لەوەی پێشـوو، بێ ئەوەی ئەو بزووتنەوەیە خۆی بیەستێ بە دەسـتوور و زاگۆنی ئەو دەوڵەتە یان ئەو کـۆمـەڵگەوە کەوا بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی دا روو دەدا.** ئەوجا کە ئەمە روون بووەوە بۆمان؛ ئەوا شێوەی هێنانە دی ئەو گۆڕینە هیچ دەورێك نـاگێڕێ لە دیاریکردنی دا. بۆ نموونـە: ئەو بزووتنەوەیەی شـۆرشـەکـە بە ئەنجـام دەگـەیەنێ، بزووتنەوەیەکی چەکـــدارانە بێ یان بێ چەك بێ. ســـوپای وڵاتێك بیکا ، یان جۆتکاران، یان کـرێکاران، یـان ژنان، یان خـوێندکـاران، یان مـەلاکـانی ئەو وڵاتە بیکەن؛ ئەوە هەمـووی وەك یەکـە. کـەواتە **شـۆرش هەر بە مـانای خوێنڕشتن و چەك وەشاندن نی یە، و هەمـوو چەك وەشاندنێکیش شۆرش نی یە.** بۆ نموونە: لە سـاڵی ١٦٨٨ ـ ١٦٨٩ دا لە ئینگلستان شۆرشێك رووی دا کە بوو بە هۆی لابردنی **شا جێمسی دووەم** و پەسندکـردنی **"دەستووری ماف"** کـە ئەم دەسـتـوورە **سەروەرێتی پەرلەمانی** لە جیاتی **مافی ئێزدانی شاکان** جێگر کرد. ئەم شۆرشە بێ چەك و بێ خوێنڕێژی رووی دا و ، هەر لەوەشـەوە نێـوی بە **"شۆرشی بێ خوێن"** بەنێوبانگە. هەروەها شۆرشی پیشەسازی لە ئەورووپا بێ چەك رووی دا. شۆرشی پیشەسازی کە بە داهێنانی مـەکـینەی هەڵم لە لایەن **جـێـمس واتەوە لە ١٧٦٦**دا دەسـتی پێکرد،

شێوەی بەرهەمهێنانی لە کۆمەڵگەی ئەورووپایی دا بێ **چەك و خوێنڕشتن لە بنچینەوە گۆڕی**، کاتێك ئامێر (آلة) جێی کاری دەستی گرتەوە و، شەمەندەفەر و پاپۆڕی هەڵم و لۆری بارهەڵگرتن داهاتن و کارخانەی گەورە گەورە کەوتنە کار و جیاوازیی نێوان چینەکان و توێژەکانی کۆمەڵگە پتر چلوورەی بەست، **چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار پەیدا بوون.**

بەڵام **شۆڕشی ئەمریکا** کە سەرەتاکەی لە ساڵی ١٧٧٥دا رووی دا و، ساڵێك دووای وی جاڕی سەربەخۆیی ی کۆلۆنی یەکانی بەریتانیای دا و، لەشکرێکی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتیی جۆرج واشەنتن پێك هێنا؛ **شۆڕشێکی چەکدارانە بوو لە** ١٧٨١/١٠/١١ دا (لەشکری نیشتمانیی ئەمریکا لەشکری **کۆلۆنیالیستە** بەریتانیایی یەکانی شکاند و بەریتانیا ناچار بوو لە **کۆنگرەی ڤێرسای** لە ١/٢٠/ ١٧٨٣دا)، دان بە **سەربەخۆیی ی ئەمریکا** دا بنێ بە سەرۆکایەتیی **جۆرج واشەنتن.**

هەروەها **شۆڕشی فەرەنساش** کە لە تەباخی ١٧٨٩دا رووی دا ؛ **بە چەك و** خوێنڕێژی یەکجار زۆر توانی گەلێك نرخ و نەریتی کۆمەلایەتی و ئایینی بگۆڕێ. شۆڕشی فەرەنسا **رژێمی شایەتیی ملهوڕی گۆڕی بە رژێمێکی کۆماریی دێموکراتی.** لیکۆڵەرەوەکان لەبارەی هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنساوە یەك نین، **بەلام هۆی هەڵگیرسانی** شۆڕشی فەرەنسا هەرچی یەك بووە! با بێ، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە جەماوەر کەوتنە بزووتنەوە و **دروشمی دادپەروەری و ئازادی و برایەتی** یان هەڵگرت، کە لەوە پێش بە خەونیش نەدەبینرا... خەڵکەکە خۆیان لە ١٧/ ٦/ ی ئەو ساڵەدا پەرلەمانێکیان بە نێوی "ئەنجومەنی دامەزرێنەر"ەوە پێکەوە نا و، لە ١٤/ ی تەمووزی ئەو ساڵەدا جەماوەر پەلاماری **بەندیخانەی باستیلی** دا و گەلێك لە پاسەوانەکان و زیندانی یەکانیش کوژران و لە ١٤/ ٨ دا **ئەنجومەنی دامەزرێنەر هەموو ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی ی لابرد** و لە ١٧٩١دا دەستوورێکی دانا بۆ وڵات کە ئەم دەستوورە دووایی بوو بە بناخەیەك بۆ داخۆیانی کردنی مافی مرۆڤ لە جیهاندا. هەروەها جەماوەر لە ١٠/٨/ ١٧٩٢دا پەلاماری کۆشکی شای دا و، گەلێك پاسەوانی کۆشك کوژران و، هەر لە ٩/٢١ی ئەو ساڵەدا **کۆنگرەی نیشتمانیی سیستەمی شایەتی لابرد و گۆڕی بە سیستەمی کۆماری** و ، لە کانوونی دووەمی ١٧٩٣دا **شا لویس** و، گەلێك کەسایەتیی ناسراوی وەك کیمیازانی

بەنێویانگ لافوازیێ بە تۆمەتی خیانەت لە سێدارە دران. جا هەرچەندە پاش ئەوە بەرەی کۆنەپارێز توانی بۆ ماوەیەك بێتەوە سەرکار، بە تایبەتی لە پاش کودەتای ناپلیۆن لە ١٧٩٩/١١/١٩دا؛ بەلام بۆرژوازیی سەرمایەداریی فەرەنسا بە تەواوی جێی خۆی کردەوە و، دەرەبەگێتی بە جاریێ نەهێشت و، کاریشی کردە سەر تەواوی ئەورووپا. هەر لەمەشەوە هوردە بۆرژوازیی فەرەنسا دەوڵەتی تێریتۆریالی گۆری بە دەوڵەتی ناسیۆنالێ و، ئەوجا هێدی هێدی لە هەموو ئەورووپادا دەوڵەتی ناسیۆنالێ دروست بوون.

لەبەر رۆشنایی ئەم باسەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەویێ کە بزووتنەوەی "جۆن ترکەکان" بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال (ئەتاترك) شۆرش بوو، چونکە سیستەمی خەلافەتی ئیسلامیی عوسمانی گۆری بە سیستەمی جیهانیی نا ئاینیی تورانێتی. ئەمە بێجگە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنالی ترك لە جیاتی دەوڵەتی تێرتۆریالی عوسمانی و گۆرینی ئەلفوبێی ترکی لە ئەلفوبێی رۆژهەلاتی یەوە بۆ لاتینی.

بزووتنەوەی چەکدارانەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ئیمپراتۆریی رووسیای قەیسەری دا شۆرش بوو، چونکە نەك هەر رژێمی قەیسەری گۆری بە رژێمی بۆلشەوێکیی سۆڤێتی، بەڵکو زەوی و زاری تایبەتیشی کرد بەماڵی دەوڵەت و سیستەمی کۆلخۆزی هێنایە پێشەوە و، باوەڕ کردن بە خودیێ و باوەڕ پێنەکردنی وەك یەك لە قەلەم دا بە پێی قانوون، بە لابردنی دەسەلاتی کلیسەی دیانی، ئەوەش لە رێی بەکارهێنانی زۆر و خوێنرێژی یەکی لە تام بەدەر و کوشتنی هەزاران کۆلاك و رێپێندکردن (منع)ی ئازادی لە هەموو رەخنەگر و بەرهەلستکەرێك.

هەروەها بزووتنەوەی پێرسترۆیکا لە ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێتیدا بەسەرۆکایەتیی گۆرباچۆف شۆرش بوو؛ چونکە سیستەمی سەرمایەداریی دەوڵەتی گۆری بە سیستەمی سەرمایەداریی تایبەتی (اهلی) و، سیستەمی تاکە حیزبی گۆری بە سیستەمی فرە حیزبی، بەلام بێ خوێنرێژی و بە خشکەیی. بێجگە لەوەش ئیمپراتۆرێتی سۆڤێتیی لە بنەڕەتەوە هەلوەشاندەوە و هێندێك لەو گەلانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆیان نەبوو؛ وەك گەلە ترکزمانەکان؛ بوونە خاوەن دەوڵەت و هێندێك گەلانی دیکە وەك گەلی کورد لە جاران بەشخوراوتر بوون و بوونە ئاردی نێو درك و

کۆچەر.

بزووتنەوەی جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨/٧/١٤دا لە عێراق، لەیەك رووەوە شۆڕش بوو. چونکە سیستەمی دەوڵەتی عێراقی لە دەوڵەتێکی نا ناسیۆنالییەوە گۆڕی بە سیستەمی ناسیۆنالی عەرەبی و، رژێمی نیوە دێمۆکراتی، نیوە ئۆتۆریتێری گۆڕی بە رژێمێکی میلیتاریستی تۆتالیتێر.

جا ئەگەرچی چەند حیزبێکیش هەبوون، بەڵام هەموو حیزبی بێ دەسەڵاتی نائازاد بوون. شۆرشی نیوەناچڵی قاسم، بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شۆرشی بەعسی و دەوڵەتی عێراق بە جارێك بوو بە دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەبی، خاوەن رژێمێکی میلیتاریستی تۆتالیتاریستیی تێرۆریستانە.

بزووتنەوەی مەلاکان لە ئێران شۆرش بوو. نەك لەبەر ئەوەی مەلاکان بەسەرۆکایەتیی خومەینی رژێمی شایەتیی چەند هەزار ساڵەیان کرد بە رژێمێکی کۆماری، بەڵکو ئەو سەنگ و تەرازووە شێوە لیبەراڵەی کە حکوومەتی شا بە کاری دەبرد لە بنەڕەتەوە گۆڕا. رژێم بوو بە رژێمێکی ئیسلامیی شیعەگەریی خومەینی یانە و، هێندێك قانوونی سزای ئیسلامی خرانە کار لە جیاتی قانوونی لیبەراڵی لە ئەورووپاوە خواستراوی سەردەمی شا. لێرەدا مەبەستم ئەوە نی یە بێژم **رژێمی حەمەرەزا شا** لیبەراڵ بوو وەك ئەوانەی ئەورووپا. نەخێر. **لەسەردەمی شادا ئازادیی رامیاری نەبوو**، بەڵام ئازادیی تایبەتی تا سنوورێك هەبوو. بۆ وێنە: هەموو کەسێك دەیتوانی چ جۆرە جلکێك بخوازێ لەبەری بکا، کراڤات لە مل ببەستێ یان نەبەستێ. ئەلکۆل بخواتەوە یان نەخواتەوە، نوێژ بکا یان نەیکا. ژنان دەیانتوانی پێچە بگرنەوە یان نەیگرنەوە، **سەربەستیی تایبەتی هەتا هەندازەیەك هەبوو.** ئەم جۆرە سەربەستی یە لە بنچینەوە نەما.

بزووتنەوەی **سوپای لیبیا** بەسەرۆکایەتیی سەرهەنگ **موعەممەری قەزافی** کە بە **شۆرشی فاتیح** بەنێویانگە و لە ١٩٦٩/٩/١دا رووی دا، شۆرش بوو،نەك لەبەر ئەوەی رژێمی شایەتیی گۆڕی بە کۆماری، بەڵکوو لەبەر ئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرێتی و حیزبایەتی لە بنچینەوە گۆڕی، بە دروستکردنی کۆنگرەی گەلیر (**موءتمرات شعبیة**) لە جیاتی حکوومەت و، **داننان بە مافی نەتەوەی کورددا بۆ سەربەخۆیی ی کوردستان.** ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ دەوڵەتێك و

هیچ سەرۆك دەوڵەتێك تا ئێستە نەیوێراوە خۆی لەو باسە بگەیەنێ. بە تایبەتی سەرکردەکانی عەرەب و ترك و فارس. **قەزافی** بەمە پەردەیەکی درۆ و دەلەسە و ترسی بەجارێك دڕاند.

بزووتنەوەی نازیتی لە ئەڵمانیادا شۆرش بوو. چونکە سیستەمی دێمۆکراتی لیبەرالی گۆڕی بە سیستەمێکی دیکتاتۆریی رەگەزپەرستانەی دژ بە هەموو کەسێك کە لە رەگەزی گوایە ئاری نەبێ و، سیستەمی چەند حیزبیشی گۆڕی بە سیستەمی یەك حیزبی، حیزبی نازی. (١)

بزووتنەوەی **رۆشنبیرانەی مرۆڤ دۆستانەی** زانای ترك **ئیسمایل بێشکچی** دژی بیرو بۆچوونی تۆرانێتی؛ لە بنەڕەتەوە بزووتنەوەیەکی شۆرشگێڕانە بوو. **بێشکچی کوردستانی بە کۆلۆنی یەکی ئنتەرناسیۆنالی داناوە** و لە رێی ئەو بەرهەمانەوە کە بە نووسین خستنیە بەرچاوی ملیونان خەڵك، **شۆرشێکی رۆشنبیری** بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە هەڵگیرساند، بەڵام بوو بە هۆی ئازاردان و گرتن و زیندانی کردنی دەیان ساڵ و تا ئەوڕۆش(٢).

بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بە نێوی "کوردستان"ەوە لە مانگی نیسانی ١٨٩٨دا واتە سەت ساڵ لەمەوبەر، شۆرشێك بوو لە مەیدانی بەکارهێنانی دەزگەی راگەیاندنی جەماوەری دا، کە هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ی سەت ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی لە هەموو لایەك دەکەم.

دامەزراندنی **یەکەمین چاپخانە** لە کوردستاندا (لە ١٩١٥ لە شاری حەلەب) لە لایەن بەهەشتی **داماوی موکریانی** یەوە شۆرشێکی گەورە بوو لە مەیدانی تێکنۆلۆژیای راگەیاندن دا، چونکە کورد پێش ئەوە چاپخانەیان بە خۆیانەوە نەدیبوو.

دامەزراندنی **تەلەفیزیۆنی مێد Med TV** لە ١٩٩٥دا شۆرشێکی گەورەی دیکە بوو لە مەیدانی تێکنۆلۆژیای راگەیاندنی جەماوەریدا، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی بێ دەزگەی دەوڵەتی وەك کورد. مێد تی ڤی دەورێکی دیاری هەیە لە گۆڕەپانی خۆناسین و هۆشیارکردنەوەی کورد و نێزیککردنەوەی شێوەکانی زمانی کوردی دا(٣).

هاتنەکایەی فەلسەفە و رێبازی **کاژیك** لە کوردستاندا لە ١٩٥٩/٤/١٤دا

شۆڕشێکی رۆشنبیرانە بوو بۆ هەرەسپێهێنانی کۆشکی تۆتالیتاریزمی چەپاژۆ لە هەموو جیهاندا. ئەوانەی تا دوێنێ تیر و شیریان دەسوو لە کاژیك، ئەوەتە ئەورۆ وشەی "نەتەوەیی"یان کردووە بە وێردی زمانیان.

بەمانەی سەرەوەدا تێگەیشتین کە هەر شۆڕشێك بریتی یە لە بزووتنەوەیەك کە دەبێ بە هۆی گۆڕینی چمکێکی بنەما، یان تەواوی بنەمای کۆمەڵگەیەك لە رێی پڕکردنەوەی سیستەمی رەوا (راهن) وە بە سیستەمێکی دیکەی جیاواز لەوەی پێشوو. دیارە هەموو بزووتنەوەیەك کە ئاماتجی ئەم جۆرە گۆڕینە بێ و، نەگاتە ئەو گۆڕینە و لەنێو بچێ، پێی دەگوترێ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە. کەواتە هەر شۆڕشێك سەنگ و تەرازوویەك دێنێتە پێشەوە کە لە سەنگ و تەرازووی پێشوو ناچێ. بۆ وێنە: سەنگ و تەرازووی رژێمی سۆڤیاتی کۆمۆنیزمی دەوڵەتی بوو. سەنگ و تەرازووی رژێمی مەلاکانی ئێران شیعەگەرێتی یە، سەنگ و تەرازووی رژێمی ئەڵمانیای نازی رەگەزپەرستی بوو. سەنگ و تەرازووی شۆرشی فەرەنسا دێمۆکراتی لیبەرالی و هاونیشتمانی بوو. سەنگ و تەرازووی شۆرشی مستەفا کەمال ئەتاترك و هاوکارەکانی تۆرانێتی بوو. سەنگ و تەرازووی کاژیك ئازادی و یەکسانی و دەوڵەتی نەتەوەیی بوو.

ئەوجا ئێستە هەر بەم لێکدانەوەی سەرەوەمدا دەردەکەوێ کە **شۆڕش بزووتنەوەیەك نی یە کە هەر دەبێ پێشکەوتنخواز بێ. شۆڕش هەیە دووا کەوتنخوازە.** راستی یەکەشی ئەوەیە، تا ئەورۆ لە هەموو جیهاندا بە دەگمەن شۆڕش روویان داوە کە پێشکەوتنخواز بووبن، یان سەنگی لایەنی پێشکەوتنخوازی یان لە سەنگی لایەنی دوواکەوتنخوازی یان گرانتر بووبێ. **شۆڕش بە زۆری هاوڕازی رك و کینە و هەستی تۆڵەسەندنەوە و دەستدرێژی بووە بۆ سەر مافی مرۆڤ.** ئەمەش راستی یەکە نابێ چاو بپۆشرێ لێی. دەشزانم ئەم قسەیە بەدڵی گەلەك کەس نی یە.

ئێستەکە وا هاتووینەتە سەر باسی **پێشکەوتنخوازی و دوواکەوتنخوازی**، پێویستە بزانین هەر یەکێك لەم دووانە چی یە.

ئەگەر ئێمە مرۆڤ بکەین بە **تەوەرە (محور)ی ژیان**، دەبێ دان بەوەدا بنێین **کە لە نێو هەموو تایبەتکار و پێویستی یەکی مرۆڤدا؛ تاکە یەك پێویستی هەیە کە سەر دەستەی پێویستی یەکانی دیکەیە.** ئەوەش ئازادیە. ئازادی پێویستییەکی بنچینەیی

و دەست لێبەرنەدراوی مرۆڤی ژیرە. هیچ گیان لەبەرێك نی یە کە دژی ئازادیی خۆی بێ و، بیەوێ بە ئارەزووی دڵی خۆی واز لە ئازادیی خۆی بهێنێ و دەست هەڵبگرێ لێی. هیچ دڕندە و هیچ ئاژەڵ و هیچ مەلێك رازی نابێ بەوەی بە زۆر بیخەیتە کونێکەوە و دەرگە خڕ داخەی لەسەری. هەر کاتێك دەرفەت هەڵکەوت بۆی؛ دەردەپەڕێ و خۆی ئازاد دەکا. هیچ مرۆڤێکی ژیر رازی نابێ بە ئارەزووی خۆی بێتە کۆیلەی ئەم و ئەو و ئازادی لێ بگیرێ. تەنانەت ئەو دیکتاتۆر و ملهوڕانەی کە رازی نابن کەس ئازادی هەبێ، رازی نابن ئازادی لە خۆیان بستێندرێتەوە. بە کورتی: **شەڕ و هەرای ئەم جیهانە شەڕە لەسەر ئازادی و، لەبەر ئەوە بوون و نەبوونی ئازادی تاکە پێوەرێکە و تاکە سەنگ و تەرازوویەکە بۆ پێوانی پێشکەوتن و پاشکەوتن لە کۆمەڵگەی ئادەمزاددا. چونکە بوونی ئازادی؛ بوونی دەسەڵاتە و نەبوونی ئازادیش؛ نەبوونی دەسەڵاتە و هیچ گیان لەبەرێکیش نی یە بە بێ دەسەڵاتی رازی بێ. بەڵام کە ئازادی مانای دەسەڵات بێ،** دیارە ئازادی پڕ بە پڕی دەسەڵاتە و پێچەوانەش بە پێچەوانە. واتە **ئازادیی وەك یەك، خۆی لە دەسەڵاتی وەك یەك دا دەنوێنێ.** واتە؛ کاتێك دەسەڵاتی تاکەکەسێك و تاکە کەسێکی دیکە، یان دەسەڵاتی کۆمەڵە کەسێك و کۆمەڵە کەسێکی دیکە، یان دەسەڵاتی گەلێك و دەسەڵاتی گەلێکی دیکە؛ وەك یەك نەبێ، ئازادیی هەر دوو لاش وەك یەك نابێ. **جا لەبەر ئەوەی سروشتی ئازادی وەك تایبەتکارێکی بنەمایی ی هەر مرۆڤێك پێپیلکەیی نی یە، واتە لە پلەپلەکردن و بەش بەشکردن و کەم و زۆری نایێ؛** وەك چۆن سروشتی تەندروستی لە پلەپلەکردن نایێ. بۆ وێنە: مرۆڤێك یان تەندروستە یان تەندروست نی یە. کەمێك تەندروستی مانای نەخۆشی یە و کەمێك نەخۆشیش هەر نەخۆشی یە. دیارە کەمێك نائازادی هەر ژێر دەستەیی یە. بە کورتی: چۆن لە نێوان مردن و ژیاندا پلەیەکی دیکە نی یە، کەمێك ژیان، یان کەمێك مردن نی یە، لە نێوان ئازادی و بندەستی دا پلەیەکی دیکە نی یە. **لە بەر ئەوە ئازادی تەنێ لە دۆخی یەکسانی دا شیوا.(قابل)ی هاتنە دی یە.**

جا ئەگەر ئێمە ئازادی بکەینە سەنگ و تەرازووی پێوانی ئامانج و بەرهەمی شۆڕش؛ دەبینین **شۆڕشی کۆمۆنیستەکانی رووسیا بە سەرۆکایەتیی لینین و ستالین و شۆڕشی شیعەکان لە ئێراندا بە سەرۆکایەتیی ئاخوندە فارس و ئازەری یەکان و**

شۆڕشی تۆرانی یەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمالی ئەتاترك و جۆن ترکەکان و، شۆڕشی نازی یەکانی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتیی هیتلەر و، شۆڕشی جەنەراڵ کەریم قاسم لە عێراقدا و، گەلێك شۆڕشی دیکە؛ **شۆڕشی پێشکەوتنخوازانە نەبوون؛ بەڵکو پاشکەوتنخوازانە بوون. ئەم شۆڕشانە کۆمەڵگەیان بەرەو کۆمەڵگەیەکی تۆتالیتێر، یان میلیتاریست برد؛ کە دەنگی ئازادیی بیروباوەڕ دەربڕین و بڕیاری چارەنووسی تاکەکەس و کۆمەڵ و مافی کار و یەکسانیی ژن و پیاو و، گەلێك مافی دیکەیشان لە خەڵك بڕی.** بە کورتی ئەم شۆڕشانە نەبوونە هۆی ئەوەی دەسەلاّتی وەك یەك لە هیچ روویەکەوە، چ رامیاری، چ خوێندەواری، چ ئابووری، چ ئاینی، چ کۆمەلاّیەتی، چ ناسیۆنال، بۆ خەڵکەکە پێك بهێنێ، ئەگەرچی نەرێتی کۆمەڵگەکەیان سەرەوژێر کرد و، لەگەڵێك رووەوە لە بنچینەوە گۆڕییان. **بە پێچەوانەی ئەمەوە، شۆڕشی فەرەنسا، سەرەڕای هەموو هەڵە و خوێنڕێژی یەکی؛ شۆڕشێکی پێشکەوتنخوازانە بوو.** هەروەها شۆڕشی **پێرسترۆیکا**؛ سەرەڕای گەلێك لایەنی رەش و چەپەڵی، لە هێندێك رووەوە پێشکەوتنخواز بوو.

ئەوجا با ئێستە لەبەر رۆشنایی ئەم قسانەی سەرەوەدا لە کورد و شۆڕش بکۆڵینەوە:

کورد، وەك یەکێك لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی رۆژهەلاّت، ئەگەر نەبێژین یەکێك لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی جیهان، لە ولاّتێکدا دەژی کە هەر لە کۆنەوە سەرەڕێی پەلاماری گەلان و هۆزە جۆرجۆرەکانی رۆژهەلاّت و رۆژاوا بووە. بەتایبەتی **مەغۆلەکان و هۆزە ترکەکان و فارسەکان و ئەفغانی یەکان و تاجیکەکان لە** خۆرهەلاّتەوە پەلاماریان داوە. **رۆمەکان لە باکوورەوە و، عەرەبەکان و، هۆزە سامی یەکان لە** باشوورەوە پەلاماریان داوە. **دیارە کە کورد تا ئەوڕۆ ماوە، هۆی ئەوەیە کە توانیوێتی خۆی بەرامبەر بەم دەستدرێژکەرانە بپارێزێ و لە ڕێ ی بەرخۆدانەوە، چ چەکدارانە و، چ رۆشنبیرانە؛ دەستی درێژیان کورت بکا.** ئەگینا گەلێك گەل هەبوون؛ وەك **سۆمەری یەکان و بابلی یەکان و فنیقی یەکان و میسری یە کۆنەکان و ئەکەدی یەکان** کە لە خۆرهەلاّتی ناڤیندا ژیاون و کولتووری مەزنیان دامەزراندووە؛ کەچی ئەوڕۆ هەتەر و پەتەریشیان نەماوە.

بزووتنەوەی چەکدارانە و رۆشنبیرانەی کورد زۆرن، بەلاّم بە پێی ئەو

بەڵگەنامانەی کە کەوتوونەتە بەردەست: بزووتنەوەیەك کە لە کۆندا رووی داوە و، بە شـــۆرش دەدرێتـــە قـــەڵەم؛ بزووتنەوەی هەژار و رووتەی کـــورد بووە لە دژی فـەرمـانڕەوایانی عـەباسی و، بە تایبـەتی **خەلیـفەی عـەباسی مستـەعسـەم بیلا (مستعصم بالله)** کە لە ساڵانی ۷۹۰ تا ۸٤۱ ژیاوە. موستـەعسـەم کە لە ساڵی ۷۹۹ دا پاش مردنی **مەئموونی (مامون)**ی برای کرا بە خەلیفە، کابرایەکی زۆردار و ملهـوڕ بوو. لەبەر ئەوە کـورد و فـارس و رۆمـەکـان لێی راپەڕین. ئەویش چوو ژمارەیەکی زۆر **جاشی ترکی** لە ئاسیای نێوەڕاستەوە هێنایە وڵاتی خەلافەتی ئیسلام و، دەستی بەرڵڵا کـردن بۆ تاڵان و بڕۆیی و خـوێنڕێژی (شـایانی باسـە کـە **تاڵان** وشەیەکی **مەغۆلی** یە و کەوتووەتە نێـو زمـانی کوردی یەوە). دووایی ترکـەکـان کە دەسەڵاتیان سەند، کەوتنە چاوترساندنی موستەعسەم. ئەویش ناچار بوو لە جێ یەك نیشتەجێ یان بکا و، داویان دامەزرێنێ. لەبەر ئەوە شارۆچکەی **سامەرا (سامرا)**ی دروستکرد بۆیان، کە لەوێ هێدی هێدی توانەوە و بوون بە عەرەب.

شۆرشی ئەو دەمەی کورد لە نیوەی یەکـەمی سەتەی نۆیەمدا بەسـەرۆکایەتیی **پاپەکی خوڕەمدین** هەڵگیرسا. پاپەك کە مێژوونووسە عەرەبەکان بە **"بابەك"** (بابك) نێوی دەبەن؛ چونکە دەنگی پیٚ **P** لە زمانەکەیاندا نی یە، رۆشنبیرێکی گەورە و ســەربازێکی ئازا و نەترسی کـورد بوو. پاپەك کــە لە کـردەوەی جــانەوەرانەی کاربەدەستە عەرەبە عەباسی یەکان و جاشە ترکەکانی لە کوردستاندا وەڕس بوو بوو، کـەوتە کـۆکـردنەوەی ژمـارەیەك چەکـدار لە دەوری خـۆی و بانگی خـۆ جیاکردنەوەی لە ئیمپراتۆرێتیی **عەباسی** دا **بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك کە زەوی و زار مڵکی تاکەکەس نەبێ، بەڵکوو مڵکی گشتی بێ**. چونکە عـەرەبە داگیرکەرەکان زەوی و زاری کوردستانیان کردبوو بە مڵکی خۆیان و کورد وەك جۆتکار و سەپان و پاڵە کـاریان بۆ عـەرەبەکان دەکرد لە زەوی خۆیاندا. هەروەها **پاپەك** دەیگوت **دەبێ ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا مافی وەك یەکیان هەبێ**. چونکە عەرەبە داگیرکەرەکان ژنیان بە نیوەی پیاو لە قەڵەم دەدا و وەك کۆیلە و بەندە و کەنیزەك (جاریة) تەماشایان دەکـردن. ئەمـانە هەر قسـە و بەڵێن نەبوون لە لایەن پاپەکـەوە، بەڵکوو بە کـردەوەش هێنرانە دی و، دەوڵەتی پاپەك لە چیاکانی باشووری کوردستاندا نێزیکەی بیست ساڵێك بەرگەی گرت و ژیا؛ تا خەلیفەی عەباسی بە فێڵ و تەڵەکە و خیانەتی یەکێك

لە سەرکردەکانی **لەشکری پاپەك** کە نێوی **ئەفشین** بوو، توانی پاپەك بگرێ و بیکوژێ. لەشکرەکەی پاپەك هێندە بەهێز بوو، هەموو هەژار و بێ نانێك لە ریزەکەی دا بە کوڵ و دڵەوە دەجەنگی. کۆنە مێژوو نووسە عەرەبەکان زۆر بێ ویژدانانە باسی پاپەکیان کردووە، بە بوختان دەبێژن کە گوایە پاپەك ئاینێکی داناوە کەس مڵکی نەبێ و ژنیش ژنی یەك پیاو نەبێ، واتە ژنێك بتوانێ لەیەك کاتدا شوو بە چەند پیاوێك بکا بە ئارەزووی خۆی. بێگومان هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نی یە کە پاپەك وای گوتبێ. راستە لە سیستەمی فەرمانڕەوایی پاپەکدا یەکسانیی ژن و پیاو هەبوو؛ بەڵام لە هیچ جێ یەکدا باسی ئەوە نەهاتووە کە پیاو چەند ژنی هەبێ و ژن چەند پیاوی هەبێ. **شایانی باسە کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریی پێش ئیسلامدا وەك دیل تەماشا نەکراوە.** کچ بە زیندوویەتی زیندە بە چاڵ نەکراوە؛ وەك عەرەبەکان کردوویانە. ئەگەر ژنی کورد پێش ئیسلام رێز و قەدری خۆی نەبووبێ پاپەك نەیدەتوانی باسی یەکسانیی ژن و پیاو بکا. **شایانی باسە کە کورد لە کۆندا خودێ یەکی ژنیان پەرستووە نێوی ئەناهیتا** بووە کە گەورەترین پەرستگەی ئەم خودێ یە ئەوڕۆش لە **کەنگەوەری نێزیك کرماشان** ماوە. راستی یەکی دیکە کە زۆر لە کۆنەوە سەرنجمی راکێشاوە ئەوەیە کوڕی ئازا و کچی لێ هاتوو لەنێو کوردەواری دا نێوی دایکیان وەردەگرن؛ نەك نێوی باوکیان. ئەمە نەك هەر لە فۆلکلۆری کوردی دا هەیە، وەك چیرۆکی کارۆسلیقی، بەڵکوو تا ئەوڕۆش لە نێو کوردەواری دا هەر ماوە. بۆ وێنە: **خولە پیزە (٤)، گەلاوێژی نەعە خان، محەممەد لەیلا (٥)، سەعەی گەوهەر (٦).** لەمەش بترازێ دەبێ ئەوە بێژم کە زەوی و زاری بەشێکی گەورەی کوردستان تا نێوەڕاستی سەتەی رابردوو مڵکی گشتی بوو، واتە زەوی و زاری کشتوکاڵ هی هۆزێك یان هی چەند گوندێکی نێزیك بەیەك بوو. لەو ساڵانەوە کە عوسمانی یەکان زاگۆنی **"تەنزیمات"** یان داهێنا (١٨٤٣ ـ ١٨٤٩) کەوتنە داگیرکردنی زەویی کشتوکاڵیی کوردستان و نوێنەری خۆیان لەسەر دانا بۆ بەرێوەبردنی. دووایی ئەو زەوی یانە بوونە مڵکی ئەو نوێنەرانە و خێزانەکانیان و کاتێکیش **تاپۆ** داهات تاپۆ کرا لەسەریان. بەم جۆرە لە کوردستاندا چینێکی خاوەن زەوی و زاری دەرەبەگ و چینێکی هەژار و جۆتکار و پالەی بێ زەوی و زار دروست بوون کە چینە دەرەبەگەکە بە زۆری لەگەڵ حکوومەتی داگیرکەر هاوکاری دەکرد بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی یە

تایبەتەکانی خۆی. ئەم میراتە تا ئەورۆش بۆ نەوەی نوێ ماوەتەوە. سیستەمی **گوندپارێز (قزروجو)** کە تۆرانی یەکانی ئەم سەردەمە دایانهێناوە لە باکووری کوردستاندا، درێژەیەکە لەوەی رابردوو.

شایانی باسە کە شوێنەواری سیستەمی زەوی و زاری گشتی و شێوەی بەرهەمهێنانی سەردەمی کۆن هێشتا لە نێو کوردەواری دا لە هێندێك شوێندا ماوە وەك شێوەی **"هەرەوەز"** و برشت گرتن لە هێندێك زەوی کە پێیان دەگوترێ **"نێوکۆیی"** واتە ملکی هەموو لایەك **(مُشاع)** و مالی گشتی. ئەمەش ئەو راستی یە دەگەیەنێ کە **سیستەمی سۆسیالیستی** بە لای کوردەوە شتێکی نامۆ نی یە و، کورد ئەم سیستەمەی ناسیوە بەر لە ئەورووپایی یەکان.

لە سالی ١٢٥٨ ز دا **مەغۆلەکان و هۆزە ترکەکان** بە سەرۆکایەتیی **هەلاکۆ؛** پەلاماری بەغدادیان دا و بەوە سەروەرێتیی عەرەبی موسولمان بەسەر کوردستان و ولاتی فارسدا نەما. هەر چەندە مەغۆل و هۆزە ترکەکان کە بەرەو پێتەختی خەلافەتی عەباسی (بەغدا) تێپەرین؛ خوێنێکی یەکجار زۆرتریان لە کوردستاندا رژاند و، ماوەیەك بوونە فەرمانبەری هێندێك شوێنی داگیرکراوی کوردستان، لەگەلّ ئەوەشدا کوردستان هەر ونذا نەبوو. ئەوەتە **حەمدوللای مستەوفی قەزوینی لە کتێبەکەیدا "نزهت القلوب" (سەیرانی دلآن)** کە لە سالی ٧٤٠ کۆچی (١٣٣٩/٤٠ز) دا بە زمانی فارسی نووسیوێتی، **باسی کوردستانێك دەکا کە لە ١٦ ستان (پاریزگە) پێکهاتووە** و یەکێك لە کورەکانی **سولتان سەنجەری سەلجووقی** فەرمانرەوای بووە. جا لەبەر ئەوەی کورد لەم ماوەیەدا لە سنووری یەك دەولەتدا هەموو پێکەوە ژیاون؛ یا فەرمانرەواکەشیان کورد نەبووبێ، بەلآم کورد خۆی لە نێوخۆی دا بووە، پتر دەنگی بەیەك گەیشتووە، توانیوێتی هوردە هوردە خۆی لە دەسەلآتی بیانی جیا بکاتەوە و **چەند میرنشینێکی سەربەخۆ** دروست بکا. **شەرەفنامە** کە لە سالی ١٥٩٧/١٥٩٦ لەلایەن زانا و میرزادەی کورد **شەرەفەدینی بیتلیسی** یەوە نووسراوەتەوە؛ باسی ژمارەیەکی زۆر **دەولەت و فەرمانداریتیی سەربەخۆ** دەکا کە لە پێش سەردەمی **شەرەفەدینی بیتلیسی** دا دامەزراون و هێندێکیشیان هەتا سەردەمی شەرەفەدین هەر ماون. دیارە **راگرتنی ئەم سەربەخۆییەش** تا ئەو سەردەمە، واتە کۆتایی سەدەی شانزەیەم لە ئەنجامی شۆرش و بەرخودانەوە بوو دژی داگیرکەرانی

مەغۆل و عەرەب و ترك و فارس. بەڵام ئەم **میرنشینە سەربەخۆیانە** پاش ئەوەی لەگەڵ ترکە عوسمانی یەکان لە ساڵی ١٥١٥دا ڕێککەوتن و پێکەوە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی یان دامەزراند، سوڵتانەکانی عوسمانی ڕێزی سەربەخۆیی ی نێوخۆیی ئەم میرنشینانەیان نەگرت. لەبەر ئەوە کورد لە هەموو لایەکەوە کەوتنە ڕاپەڕین بۆ جیابوونەوە لە ئیمپراتۆرێتیی عوسمانی و وەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی لە ڕێی شۆڕشەوە.

بزووتنەوەی کوردایەتی لەو سەردەمانەدا بەسەرکردایەتیی سەرکردە کلاسیکەکانی کورد بوو. ئەم بزووتنەوانە لە باری ناسیۆناڵەوە شۆڕش بوون، چونکە سەرکردە کلاسیکەکان هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیان دەدا، واتە دەیانویست ئەو سیستەمی نایەکسانیی ژێردەستەیی یە؛ بگۆڕن بە سیستەمێکی یەکسانی لەباری ناسیۆناڵەوە، بەڵام لە رووی ئابووری و... هتدەوە بزووتنەوەکان بە شۆڕش دانانرێن، **چونکە هیچ** گۆڕانێکی بنچینەیی لەو رووانەوە نەخرابوونە بەرچاو. ئەم سەردەمەش، **واتە سەردەمی سەرکردایەتیی کلاسیك، هەتا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم درێژ دەبێتەوە،** پاش ئەمە هوردە بۆرژوازیی کورد کەوتە خۆ کۆکردنەوە **تا توانی لە** حەفتاکاندا، پاش هەرەسهێنانی **شۆڕشی ئەیلوول** بە سەرکردەیەتیی **سەرۆك بارزانی،** بە جارێ دەست بەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی دا بگرێ.

بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەردەمی سەرکردە هوردە بۆرژواکاندا کە دەسەڵاتیان لە پاش جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەستی پێ کرد تا گەیشتە ئەمڕۆ، لە پێشدا زۆر بە کزی و لاوازی و، لە پەنای نێو و نێوبانگی سەرکردە کلاسیکی یەکاندا وەك مەلا مستەفای بارزانی و پێشەوای شەهید قازی محەممەد دەستی پێ کرد، تا گەیشتە پلەی خۆ سەربەخۆ کردن. **بزووتنەوەکانی هوردەبۆرژوازیی کورد و ڕاپەڕینی چەکدارانەیان ناتوانرێ بە شۆڕش بدرێتە قەڵەم.** جارێ لەباری ناسیۆناڵەوە داخوازیی ئەم بزووتنەوانە لە پێشدا ئۆتۆنۆمی بوو و، ئێستە داخوازی هێندێك لایەنیان لە هێندێك شوێن، بووە بە فیدراڵێتی، کە دیارە **ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی هیچیان نابنە هۆی گۆڕینی سنووری دەوڵەتە داگیرکراوەکانی کوردستان لە بنچینەوە؛ بە پێچەوانەی سەربەخۆیی یەوە.** لەباری کۆمەڵایەتیشەوە هیچ گۆڕانێکی ئەرێنی (ایجابی) ئابووری لە پێوەندیی نێوان چین و توێکەکانی کۆمەڵگەدا بەدی ناکرێ.

بۆیە ئەم بزووتنەوانە **بزووتنەوەی ریفۆرمیستانەن** کە بۆ گەیشتنە هێندێك مافی سەرەتایی ی مرۆڤی کورد هەوڵ دەدەن لە سنووری دەستکردی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرپرسیارەبەران و کادیرانی ئەم رێکخراوانە، زۆربەی زۆریان پەروەردەی قوتابخانەکانی داگیرکەرانی عەرەب و ترك و فارسن کە هەموو تۆتالیتێر و میلیتاریست و دیکتاتۆرن، دیارە کارکردی پەروەردەی بیروبۆچوون و ئیدیۆلۆژیای نامرۆڤدۆستانەی ئەم داگیرکەرانە، زۆر بە تایبەتی لەم سەدەیەدا؛ تەزوو و شۆتێکی توندی گەیاندووە بە چینی خوێندەواری کورد و تووشی گەلێك نەخۆشیی دەروونی ی کردووە وەك: **باوەڕ بە خۆ نەکردن و پشتبەستن بە بیانی، بە تایبەتی بە داگیرکەران، شەڕی خۆکوژی لەسەر دەسەڵاتی کاتی و شەیدا بوونی خەیاڵی ستالینیستانەی "حیزبی پێشڕەو" و"تاکە حیزب" و "تاکە سەرکردە" و جیانەکردنەوەی درۆ و دەلەسە و خۆ هەڵخەڵەتاندن لە دیپلۆماسیتی و، خۆ بەکەم و بچووك زانین بەرامبەر دەرەوە و خۆ بە زلگرتن لە نێوەوە و دان نەنان بە هەڵەدا و پاساودانی گوناە بە ئۆبالْ خستنە سەر ئەم و ئەو و ئیمپریالیزمی جیهانی و هەڵگرتنی درۆشمی خاپێنەری برایەتیی درۆزنانەی کورد و عەرەب و کورد ترك و کورد و فارس.** بە بیروڕای من، کە ئەم سەرنجەشم زۆر دەمێکە بڵاو کردووەتەوە، بزووتنەوەی کوردایەتیی بەسەر کردەیەتیی هوردەبۆرژوازیی کورد، بە تایبەتی لە رۆژی ئەمڕۆدا؛ **نە ستراتیژی هەیە و نە تاکتیك.** واتە نازانێ چی دەوێ، لەبەر ئەوە هەر هەنگاوێك کە دەنێ وەك لیسی کوێرانە هاویشتن وایە. چونکە لەسەر هەموو بزووتنەوەیەك پێویستە هەر لەسەرەتاوە بزانێ چی دەوێ و ئامانجی دوور و نێزیکی چی یە، ئەگە نا ناتوانێ تاکتیکێکی راست بەرەو ئەو ئامانجە بخاتە کار. **دووا بزووتنەوەی چەکدارانەی کورد کە لە ٩ یان ١١ی ١٩٦١دا دەستی پێ کرد، پاش ماوەیەك لە باری ناسیۆنالەوە بوو بە شۆرش بە تایبەتی هەتا کۆتایی شەستەکان،** هەرچەندە سەرکردەکانی شۆرش باسی ئۆتۆنۆمی یان دەکرد، **بەڵام پێشمەرگەی کورد بۆ سەربەخۆیی ی کوردستان شەڕی دەکرد.** گوێ بگرن لە بەشێك لە سروودی **پێشمەرگە** کە **خالید دلێر** لە وێستگەی رادیۆی ئەو سەردەمەی کوردستانەوە بڵاوی دەکردەوە:

پێشمەرگین، بە هەڵمەتین شێری رۆژی زیللەتین

لە پێناوی سەربەخۆیی ی کوردستان بەخت دەکەین ژیانمان و ماڵ و گیان

لە پێناوی سەربەخۆیی ی کوردستان، کوردستان

پێ بنێتە خاکمان دوژمنی کافر دار و بەرد و خۆڵی لێ دەکەین بە ئاگر

هەڵگڕاوە لەم کێوانە بوونەتە پەندی زەمانە

ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە

کورت و کرمانجی پێشمەرگەی ئەو سەردەمە **دەیویست سنووری دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بگۆڕێ. ئا لەم رووەوە بزووتنەوەی ئەیلوول شۆڕش بوو،** بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتیی ئەوڕۆ، ئەوەتە لە هەموو بۆنە (مناسبە) و نابۆنەیەکدا دەبێژێ **"ئیمە لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دا نین"** راستە، ئەم بزووتنەوانە کە لە هێندەك لایەنەوە بە راپەڕینێك دەژمێردرێن بە رووی زۆردارانی بێگانەدا دیارە دەورێکی سەرلێشواندنی داگیرکەرەکانی کوردستان دەگێڕن، نەك خستنی ئەو داگیرکەرانە، بەڵام ئەگەر بێتو تەماشایەکی بەرنامەی ئەو حیزبانە بکەین کە هێندێك چەکداریان هەیە و بۆ راگرتنی چەکدارەکانیان پێویستی یان بە "یارمەتی"ی داگیرکەرەکانی کوردستانە، دەبینین هیچیان لە **پرۆگرامەکەیاندا سەربەخۆیی ی کوردستانیان نەکردووە بە ئامانج.** بەڵکو لە هەموو نووسینەکانیاندا سوورن لەسەر ئەوەی کە نایانەوێ سنووری ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە تێك بدەن. تەنانەت **پێ کێ کێ** کە پاش دامەزراندنی لە ١٩٧٨/١١/٢٧دا و هەتا ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی **باسی سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد**، وازی لەو ستراتیژە هانی و گۆڕی بە فیدراسیۆن لە سنووری دەوڵەتی ترکدا **(٧). بە کورتی حیزبە گەورە چەکدارەکانی کوردستان لە باری ناسیۆنالەوە "شۆڕشگێڕ" نین و بزووتنەوەکەیان "شۆرش" نی یە بەڵکوو "ریفۆرمە". ئەوجا کە کورد هەروا لە سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا بمێنێتەوە، ئەوا ناتوانن بەتەنێ پێوەندی یە ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکانیش لە بنچینەوە بگۆڕن، چونکە سەربەخۆ نین. واتە ئەم بزووتنەوانە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە ئەوپەڕەکەی جۆرە دەست پێداهێنانێك دەتوانن بە ئەنجام بگەیەنن، نەك شۆڕشێك و گۆڕینی بنەڕەتی.**

هاووڵاتە بەڕێزەکان:

بۆ چارەسەرکردنی ئەو رێڕێیی و سەرلێشیواوی یە؛ بە بڕوای من، پێویستە بەر لە

هەموو شتێك هەموو حیزب و کۆمەڵە کوردی یەکان، چ نموانەی چەکداریان هەیە و چ ئەوانەی بێ چەکن، بە یارمەتیی شارەزایان و رۆشنبیرانی کورد لە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا کە لە شوێنێك بیەستریَ و دەستی داگیرکەرانی نەگاتێ، لەوە بکۆڵنەوە بزانن ئامانجی بزووتنەوەی کوردایەتی چی یە. ئەگەر ئامانجی بزووتنەوەی کوردایەتی بەلای وانەوە مانەوەیە لە سنووری ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان داگیر کردووە و مەبەستیان دەستکەوتنی هێندەك مافی دێمۆکراتانە و مرۆڤ دۆستانەیە بۆ کورد، وەك **ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی، یان مافی کولتووری** و **"بەرزکردنەوەی پلەی ئابووریی نێوچە کوردی یەکان"ە**، ئەوا ئەوە پێویستی بە راگرتنی چەکدار و ئەم هەموو قوربانیی ژیان و ماڵوێرانی و دەربەدەری و کاول بوونی هەزاران گوند و کۆچپێدانی ملیۆنان کورد و لە نێوچوونی سەت هەزاران کورد نی یە و ئەو ئامانجە تەسکو وتروسکە ئەم قوربانیی یە گەورەیە ناهێنێ. لە سەمینارێکدا کە لە رۆژی شەممەی ١١/٥/١٩٨٥دا لە ستۆکهۆلم بە نێوی **"رۆژی ناسیۆنالی کورد، ئۆتۆنۆمی یان کوردستانێکی سەربەخۆ، یان بڕیاری چارەنووس لە ئازادی دا و بۆ ئازادی"** وە پێشکێشم کرد بە بەشداربوونی چەند سەت کەسێك و وتووێژێکی چەند سەعاتی، رەپوڕاست گوتم: ئەو مافە ئەم قوربانییە ناهێنێ و تەنانەت ئەو مافەش کاتێك دەست دەکەوێ کە ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە ببنە دەوڵەتی دێمۆکراتیی راستەقینە، ئەوەش پێویستیی بە پشوویەکی درێژ و پێکەوە خەباتی کورد و ئەو هێزە دێمۆکراتی یانە هەیە کە سەر بە گەلانی عەرەب و ترك و فارسن و ئەوەش خەباتێکی درێژخایەنی گەرەکە، ئەوەش هەیە کە جارێ ئەو هێزە دێمۆکراتانە، لە نێو عەرەب و ترك و فارس دا نین.

ئەمەیان وا! خۆ ئەگەر کۆنگرەکە بڕیاری دا کە کورد دەبێ بۆ سەربەخۆیی ی کوردستان هەوڵ بدەن وەك نەتەوەیەك کە خاوەنی خاکی خۆی و تایبەتکاری نەتەوەیی ی خۆی و مافی بڕیاری چارەنووسی خۆیەتی؛ ئەوا دیارە دەبێ ئەو کاتە چاوێك بەو سەنگ و تەرازووانەدا بگێڕدرێتەوە کە تا ئێستە بۆ کێشان و پێوانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەکار هاتوون، ئەوەش بە پێڕەویی کردنی ئەم پنتانەی خوارەوە:

١) ــ یەکەمین سەرتا لەمەدا ئەوەیە کە بەرژەوەندیی گشتی (نەتەوە) بخرێتە

پێش بەرژەوەندیی تاکەکەس و بنەماڵەیی و حیزبایەتی و هۆزایەتی و نێوچەیی، واتە دەبێ لە بەرژەوەندیی گشتیی دا؛ بەرژەوەندیی تاك و بنەماڵە و حیزب و هۆز و نێوچە ببینرێ، نەك لە بەرژەوەندیی خۆ و بنەماڵە و حیزب و هۆز و نێوچەدا؛ بەرژەوەندیی گشتیی ببینرێ.

۲)ـــ دەبێ لەو باوەڕەوە بچین بۆ کێشەکە کە هەموو جۆرە ئارەزوو و خەونێکی مرۆڤ کە ژیریێژی (منطق) پشتی بگرێ، هەرچەندە سەخت و گرانیش بێ دێتە دی، بە مەرجێ کەسی وا هەبن کە لێوەشاوەی ئەو کارە بن و، بی کۆڵدان و پشت سارد بوونەوە و دوودڵی هەوڵ بدەن بۆی و کات و مەرج و دەستاوێژی لەبار و پێویست ئامادە بووبێ بۆ کارەکەیان و، ئەوجا هیچ هەلێکیش لەدەست نەدەن و، خەڵکیش پشتگیری یان بکەن، یان هیچ نەبێ بەربەرەکانێ یان نەکەن. ئەوەش پێویستی بەوە **هەیە کە گیانی خۆویستی و خۆپەرستی و بە دەوری خۆدا خولانەوە و خۆ تەوەریی لە رێی پەروەردەی نەتەوەیی یەوە کز بکرێ و خەڵکەکە فێری ئەوە بکرێن کە فێری بەخشین بن و بێژن "هانێ" نەك ئەوەی هەر داوا بکەن و بێژن "کوانێ"؟.**

۳)ـــ دەبێ ئەوە بخرێتە بەرچاو کە هەموو دەستکەوتێك لە بوونی سەرمایەوە پەیدا دەبێ. ئەگەر سەرمایە نەبێ دەسکەوتیش نابێ. مروڤی بێ سەرمایە مرۆڤی بێ دەسکەوتە. ئەوجا سەرمایەش هەر پارە نی یە، بەڵکو گەلەك جۆری هەیە. جارێك پارەیە، جارێکی دی مرۆڤی لێوەشاوە و رۆشنبیر و کادری ژێهاتی یە. جارێکی دی زانست و هونەرە. جارێکی دی دەسەلاتی لەش و وزەی کارکردنە. جارێکی دی شوێن و جێ یە (جیوپۆلیتیك). بۆ گەیشتنە ئامانج دەبێ هەموو جۆرە سەرمایەیەك بەشێوەیەکی هاوئاهەنگانە بخرێتە خزمەتی ئامانجەوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە سەرمایەی تەکنۆلۆژی هێدی هێدی لە هەموو جیهاندا لە سەرمایەکانی دیکە دەسەلاتی خورتتر دەبێ. جا ئەگەر سەتەی بیستەم بەراست سەتەی هێزی کارەبا (ئەلەکتریك) بووبێ، ئەوا سەتەی بیستوویەکەمین سەتەی ئەلەکترۆنیك دەبێ. لە سەتەی بیستویەکەمدا هێندە شتی نوێ و تازە بابەت دێتە گۆرێ و پێ بە پێی ئەوەش گەلەك سەنگ و تەرازوو کە ئێستە بۆ کێشان و دەستنیشانکردنی نرخ و نەرێت بەکار دەبرێن، دێنە گۆران. بەڵام **شەڕ لەسەر دەسەلات، واتە شەڕ لەسەر ئازادی (بوون و نەبوون) درێژ دەکێشێ و توندوتیژتر دەبێ.** ئەگەرچی بەشێوەیەکی دیکە دەبێ لەوەی

پێشتر. ئەمەش هەر وا دەڕوا هەتا دەسەڵاتی وەك یەك جێی دەسەڵاتی ناوەك یەك دەگرێتەوە، واتە **کۆمەڵگەی یەکسان** دروست دەبێ. کەینێ کۆمەڵگەی یەکسان دروست دەبێ، ئەوە مرۆڤ ناتوانێ هەر لە ئێستەوە رمڵ لێ بدا بۆی. بەڵام ئەوەی بە دڵنیاییەوە پێشبینی دەکرێ، ئەوەیە ئەوانەی لە مەیدانی تەکنۆلۆژیای ئەلەکترۆنیکدا دوواکەوتوو بێننەوە، جێ یان لەم خرەی زەوی یەدا نابێتەوە. لەبەر ئەوە کورد دەبێ هەر لە ئێستەوە **بناخەی شۆڕشێکی تەکنۆلۆژی لەسەر بنچینەی رۆشنبیریی نەتەوەیی و ئامانجی نەتەوەیی بنیات بنێ و خۆی ئامادە بکا تاکو لە کاروان بەجێ نەمێنێ**. دوژمنانی نەتەوەی کورد و داگیرکەرانی کوردستان چاوچنۆکانە خەریکی کارن لەم ڕووەوە. ئەوەتە دەوڵەتێکی وەك **هیندستان و پاکستان** کە گەلەکانیان لە برساندا دەمرن، چەکی ئەتۆم دروست دەکەن. نموونەیەکی دی ئێرانە کە مانگانەی کاربەدەستەکانی پێ نادرێ، بەڵام مووشەکی دوورهاوێژ (١٥٠٠) کیلۆمەتری"شیهاب" دروست دەکا. **سەددام چەکی کیمیایی و میکرۆبیۆلۆژی دروست دەکا**. دەوڵەتی ڕووسیا لە باتی پارە ویسکی دەبەشێتەوە بەسەر کاربەدەستەکانی دا و خەڵکەکەی لە ئەورووپایی یەکان درۆزە دەکەن، کە چی راکێت دەنێرێ بۆ ئاسمان. کورد نابێ چاو لەم کەرێتی یەی ئەمانە و خۆ بەزلگرتنی فیشاڵکەرانە بکا، بەڵکو دەبێ لە مەیدانی تەکنۆلۆژی دا هەنگاوی ژیرانە بنێ. کورد دەبێ بزانێ کە **شۆڕش نە تەقوتۆقی تفەنگە و نە قسەی زلی نێو کتێبە. شۆڕش کردن هەوڵدانێکی ژیرانەی شێلگیرانەیە بۆ هێنانە دەستی گۆڕینێکی بنچینەیی ی پێوەندیی یەکانی نێو کۆمەڵگە لەباری نرخ و نەرێتەوە و، پڕکردنەوەی جێگەکەیان بەنرخ و نەرێتێکی دی**. ئەوجا ئەگەر کورد دەیانەوێ **شۆڕشێکی پێشکەوتنخوازانە** هەڵگیرسێنن، ئەوا پێویستە **ئازادی بکەنە تەوەرە** (محور)ی بزووتنەوەکەیان. هەر لەسەر ئەو بنچینەیەش بکەونە گۆڕینی سەنگ و تەرازوو و نرخ و نەرێت لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا.

٤)ــ کوردستان ماڵی نەتەوەی کوردە (واتە ماڵی کوردە جا ئەو کوردە لە کوردستان دا بێ، یان لە دەرەوەی کوردستان بێ، لە کوردستان لە دایك بووبێ، یان لە جێ یەکی دی). چونکە هەموو کوردێك پێوەندارێتیی کولتووری و هەستی دەروونی بە کوردستانەوە هەیە. هەروەها کوردستان ماڵی هەموو ئەو ناکوردانەیە کە

لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە کوردستاندا دەژین و خۆیان بە کوردستانی دەزانن. کوردستان پێویستی بە هەموو کوردستانی یەکە، ژن بێ یان پیاو بێ، کارکەر بێ یان جوتکار بێ، مامۆستا بێ یان خوێندکار بێ، شاری بێ یان گوندی بێ، سەر بە هەر ئاین و هۆز و تیرەیەك دەبێ با بێ؛ کوردستان پێویستی پێیەتی و، کوردستانیش بە تێکۆشین و تەقەلادانی یەکگرتووی کوردستانییان رزگار دەبێ و سەربەخۆ دەبێ. لەبەر ئەوە خەباتی هەر حیزب و کۆمەڵە و هۆز و بنەماڵە و ئاین و تاکێکی کورد بۆ لەنێوبردنی حیزب و کۆمەڵە و هۆز و بنەماڵە و ئاین و تاکێکی دیکەی کورد، کارێکی بێ مێشکانە و گەوجانەیە و رۆژی رزگاریی کوردستان دوورتر دەخاتەوە.

٥) ــ گورز و خەنجەر وەشاندن لە یەکدی و بەکارهێنانی زۆر و چاوترساندن و تۆقاندن و خەڵك خاپاندن رێی راست نین بۆ چارەسەرکردنی هیچ جۆرە کێشەیەك، بە تایبەتی کێشەیەکی ئاڵۆزی وەك کێشەی کورد.

٦) ــ سەربەرزیی هەموو ئەندامێکی نەتەوەی کورد و هەموو کوردستانییەك هەر لە سەربەرزیی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستاندا جێی راستەقینەی خۆیان دەگرن. هیچ کوردێك و هیچ کوردستانییەك سەربەرز و بە رۆمەت نییە و نابێ هەتا کوردستان سەربەخۆ نەبێ و نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان نەگەنە پلەی ئازادی و یەکسانی. سەرکوتکردنی هاوولاتانی کوردستان لەلایەن هاوولاتانی دیکەی کوردستانەوە و کوێخایەتی کردن بۆ داگیرکەرانی کوردستان و خۆهەڵکێشان بە پێوەندیی توندوتۆڵەوە لەگەڵ داگیرکەراندا، بەڕاستی سەربەرزی نییە، کو سەرشۆڕییە.

پەراوێزەکانی سەمیناری
«کورد و شۆڕش»

(١) ـ دانانی گەلی ئەڵمان بە گەلێکی **«ئاری»** هەڵەیەکی گەورە و ساختەکارێتییەکی بێ وێنە بوو لە مێژوودا کە لە پەنای ئەوەدا تاوانی قەڵاچۆکردنی جووەکان و تاوانی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی دووەم لە لایەن **حیزبی نازی** یەوە سازکران. ڕاستییەکەی گەلی ئەڵمان لە باری سەرنجی زانستەوە، هەرچەندە گەلێکی هێندوئەورووپاییە، بەڵام لە خێزانی **«گەلانی ئاری»** نییە، بەڵکو لە خێزانی **«گەلە جەرمەنی یەکان»**ە. **«ئاری»** نێوێکە بۆ کۆمەڵە زمان و فەرهەنگی ئێرانی یە کۆنەکان و هێندییە کۆنەکان و، **«ئاری»** پێناسەیەکی زمانی و فەرهەنگییە، نەك پێناسەیەکی ڕەگەزی.

(٢) ـ **(ئەم ژێدەرە ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٩ نووسراوە!)**

ـ لە ڕۆژی **١٩٩٨/١/٩** دا و، بەبۆنەی یادی هونەر و نووسەر و سیاسەتکار و خەباتکاری کۆڵنەدەری کورد **ئاپۆ عوسمان سەبری** (١٩٠٥/١/٧ ـ ١٩٩٣/١٠/١١) یەوە، نێزیکەی شەست نووسەر و هونەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری کورد لە شاری **دیمەشق** کۆبوونەوە و، لە ئەنجامی ئەوەدا بڕیاریان دا خەڵاتێك بەنێوی **خەڵاتی عوسمان سەبری** یەوە لە شێوەی نیشانێکدا دروست بکرێ و، هەر چەند ساڵێك جارێ بدرێ بە بێگانەیەك کە لە مەیدانێکدا خزمەتی نەتەوەی کوردی کردبێ. ئەو بەڕێزانە ڕوویان لە من نا کە سەرپەرشتی ئەو کارە بگرمە دەست خۆ. جا لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٦ەوە ئاپۆ عوسمان وەك تێکۆشەرێکی ڕەوشت بەرزی نەگۆڕ دەناسم، تکاکەیانم نەدایە دوواوە. بەڵام ئەوەم کرد بە مەرج بەسەریانەوە کە دەبێ لە کۆمیتەکەدا **(کۆمیتەی خەڵاتی عوسمان سەبری)** چەند ژنێکی ڕۆشنبیری تێدابێ. ئەوانیش گوتیان **«باشە»**. پاش پێوەندیکردن بە بەڕێز **دایکی جوان** (ام جوان) کە یەکێکە لە نووسەر و هونەر و ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها بە پێشمەرگەی ئازا و ڕۆشنبیری کورد **دوکتور خەجێ یەشار** ەوە و، ڕازی

بوونیـان بەوەی ببنە ئەندامی کۆمیتەکە، کۆمیتـەکەمان لە حەوت کەس پێکهات. ئەوجا کۆمیتەکەمان بڕیاری دا کە خەڵاتی یەکەم بدا بە زانا و مرۆڤدۆستی گەورەی ترک **پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی**. هەڤاڵی بەڕێزمان نووسەر و چیرۆك نووس و وەرگێڕ (مترجم) **دلاوەری زەنگی** بە تایبەتی چووبۆ **ئەنقەرە** و خەڵاتەکەی بە دەستی خـۆی لە ڕۆژی ۲۰۰۰/۷/۱۲ پێـشکێش بە بەڕێز **ئیسماعیل بێشکچی** کـرد. بێشکچی تا ئەو ڕۆژە خەڵاتی هیچ لایەکی پەسند نەکردبوو و، ئەمە یەکەمین جارە کە خەڵات پەسند دەکات. هەر پاش ئەوە گەلێك کەسایەتی و نووسەر و ڕۆژنامـەوانی کـورد پیـرۆزبایی یان لە **بەڕێز بێشکچی** کـرد بەو بۆنەیەوە. ڕۆژنامــەی **Yeni Gündem** کە لە **ئەنقەرە** بە ترکی دەردەچێ لە ڕۆژی ۲۰۰۰ /۷/۱۷ دا وێنەی **بێـشکچی و دلاوەری زەنگی** بلاو کـردبووەوە لە کـاتێکدا کـە **بەڕێز بێشکچی خەڵاتەکەی بەدەستەوە گرتبوو.**

شایانی باسە کە **کۆمیتەی خەڵاتی ئاپۆ عوسمان سەبری** لـە ڕۆژی ۱۳/۱/ ۲۰۰۱ دا لە شـاری **باد سالتزئوفلن** لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا سەمینارێکی سازکرد بۆ وتار خـوێندنەوە و وتووێژکـردن لە بارەی ژیان و بەرهەمی ئاپۆ عـوسـمـانەوە. لەم سەمینارەدا نێزیکەی شەست کەسایەتی زانست و هونەر و نووسین و ڕۆژنامەوانی و هاوبیران و دۆستانی ئاپۆ عوسمان بەشداریيان کرد.

(۳) ـ (ئەم ژێدەرەی خوارەوە لە مانگی یەکی ساڵی ۲۰۰۱ دا نووسراوە)

ـ تەلەفزیۆنی **MED** کە لە ساڵی ۱۹۹۵ دا کەوتە کار، یەکەمین تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کورد بوو. سەرەڕای هەمـوو کەموکورتی و ناتـەواوی و خۆبەستنێك بە ڕێبازی **PKK** وە، زۆر خزمەتی بە زمان و هونەری کورد و هۆشیـاریی کورد کرد. بەڵام پاش گرتنی سەرکردەی PKK **بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان (ئاپۆ)** تەلەفزیۆنەکەش بەداخەوە پلەی نرخی هاتە خوارەوە و بوو بە داردەستی سەرکردەکانی PKK.

(٤) ـ **خولە** پیزە کوڕی بنەماڵەیەکی جۆتکاری دانیشتووی گوندێکی سەر بە ستانی سلێمانی بوو. **دایکی خولە ناوی پیزە بوو کە کورتەی «پیرۆز»**ە. خولە گەنجێك بوو کە هەر لە منداڵی یەوە بە ئازایەتی و جوامێری لە نێو خەڵکی گوندەکەدا ناسرابوو. ڕۆژێکیان بەردەستی دەزگەیەکی میری یان پۆلیسێك دێ بۆ ماڵی **خولە** و دەیەوێ خولە ببا لە گەڵ خۆی بۆ ئەو دەزگەیە (لەبیرم نەماوە بۆ چ مەبەستێك دەبێ)،

بەڵام **خولە** لەوکاتەدا نەخۆش و لەنێو جێگەدا دەبێ. پیرەی دایکی خولە بە **بەردەستەکە** یان **پۆلیسەکە** دەبێژێ: **«خولە نەخۆشە ناتوانێ لە گەڵت بێ»**، بەڵام کابراکە زۆر بەشێوەیەکی ناشیرین بەرەورووی پیرە دەبێتەوە و کە **پیرە** دەیەوێ رێ لە کابرا بگرێ کە نەیەتە ژوورێ، بەشەق بەردەبێتە **پیرە**. **خولەش** لەو کاتەدا لە جێگە راست دەبێتەوە و هێندە لە کابرا دەدا بریندراری دەکا و ناچاری دەکا بە پەلەپرووسکێ خۆی بگەیەنێتەوە دەزگەکە، ئەوجا چەند پۆلیسێك دەچنە سەرماڵی خولە و لەبەر دەرگەوە هاوار دەکەن لێی کە خۆی بدات بەدەستەوە ئەگەنا دەکوژرێ. لەمەوە دەبێتە شەرە تفەنگ لەنێوان خولە و پۆلیسەکاندا و پۆلیسەکان دەکوژرێن و خولە رادەکا و دەداتە کەژوکێو. کورت و کرمانجی **خولە** لە ماوەی ساڵێکدا توانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر پۆلیس کە چووبوونە سەر خولە بۆ گرتن یان کوشتنی، لەنێو ببا. ئەمز ئەوکاتە لە دووایپۆلی قوتابخانە بووم، کە هەموو رۆژێ لە قوتابخانە باس هەر باسی **خولە پیزە** بوو. ئەوەی کە هەمووکەس باوەڕیان پێ هێنابوو ئەوە بوو کە خولە پیزە هەر پۆلیس و کاربەدەستی میری دەکوشت، نەك هەژار و خەڵکی سادە. بگرە دەیانگوت کە کاربەدەستێکی دەکوشت پارە و شت و مەکەکانی دەدا بە گوندیەکان. رۆژێکیان لە باوکم پرسی **«بابە ئەم خولە پیزەیە کێیە وا نێوی دەرکردووە؟»**، باوکم گوتی: **«رۆڵە خولە پیزە جەردەیەکی بەهەشتی یە، رووی حکوومەت رەش بێ»**. راستییەکەی حکوومەت دامابوو بەدەست **خولە پیزەوە** تا بە هۆی فێڵ و تەڵەکەوە و حیزانە بەدەستی یەکێك لەوانەی بەدرۆ خۆیان کردبوو بەهاوکاری **خولە**، خولە لەنێو برا. باش لەبیرمە کە خەڵکەکە هەموو خەفەتبار بوون بۆ نەمانی **خولە پیزە**.

ژیان و بەسەرهاتی خولە پیزە نموونەیەکە بۆ دڕندەیەتیی داگیرکەرانی کوردستان و شەرفرۆشتنیان بەخەڵك و ناچارکردنی مرۆڤی دڵپاك و ئاشتیخواز بەدەست وەشاندن لێیان. **خولە پیزە** دەهێنێ چیرۆکێکی شانۆیی لەسەر بنووسرێتەوە و بکرێتە فیلمێکی سینەمایی.

(٥) ــ (ئەم ژێدەرە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠١ دا نووسراوە)

ــ **محەمەد لەیلا** لە رۆژی ١٩٣١/٣/٩ دا لە **تاخی کوردان (حی الاكراد)** لە شاری **دیمەشق (دمشق)** لە **سووریا** لە دایك بووە. خوێندنی

سەرەتایی و نێوەندیی و دووانێوەندیی و خوێندنگەی پەروەردەی هەرلەوێ تەواو کردووە و لە ئەزموونی بەکەلۆریای دووانێوەندیی دا بەرزترین نمرەی لە هەموو سووریادا هێناوە. لە ماوەی سالآنی خوێندن و ژیانی دا لە سووریا وەك کرێکار و دارتاش و مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی کاری کردووە. بەهۆی کوردایەتی یەوە لە لایەن کاربەدەستانی سووریاوە راوەدوو نراوە و ناچار کراوە کە برەڤێ بۆ دەرەوە و لە سالی ١٩٦٥ دا وەك **پەنابەری رامیاری** لە ئەلمانیا وەرگیراوە. ئەوجا خەریکی خوێندنی هەندازیاری بووە و لە **زانستگەی تەکنۆلۆژیی براون شڤایك** دیپلۆمی هەندازیاریی وەرگرتووە. پاش دامەزراندنی **ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر** لە سالی ١٩٨٥ دا بووە بە ئەندامی ئەکادێمیا و لە کۆنگرەی یەکەمی ئەکادێمیادا کە لە شاری **ڤیەننا** بەسترا باسێکی خەستی لەبارەی **بارستایی** یەوە پێشکێش کرد. شایانی باسە کە **پرۆفیسۆر بارام رەسوول**، کە ئەندامێکی دیکەی ئەکادێمیایە و داهێنەری دەرمانی (**Xalatan**) ە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ئاوی رەشی چاو کە دەبێتە هۆی کۆربوون، ئەویش هەرلەو کۆنگرەیەدا وتارێکی زۆر بەنرخی بەزمانی ئینگلیزی پێشکێش کرد.

محەممەد لەیلا بلیمەتێك بوو لە **ماتماتیك و فیزیکدا** و، ئەنجامی لێکۆلینەوەکانی خۆی لە بارەی رەوشی **بارستایی (Massismus)**یەوە کە لە ١٩٥٧ەوە تا کۆچی دوایی پێوەی خەریك بوو، لە چەند بەرگێکدا بەزمانی ئەلمانی بلاوی کردووەتەوە. **تیۆری محەممەد لەیلا ئەمەیە کە بنەماکانی نیوتن و ئاینشتاین لەبارەی راکێشانی بارستایی یەوە لە بنچینەوە هەلەن.** محەمەد لەیلا ماوەی بیست سال پتر بیروبۆچوونەکانی خۆی چەندین جار خستە بەردەمی زاناکانی ئەورووپا، بەلآم هیچ کامێکیان **نەگوتیان راستە و نەگوتیان ناراستە**، بەکورتی دامابوون بەدەست ئەوەوە کە بتوانن ئازایانە بیروڕایەك دەرببڕن. بەڕاستی ئەگەر **محەممەد لەیلا** کورد نەبووایە، چەند جارێك پێشنیاز دەکرا کە خەلآتی نۆبێلی بدرێتێ. **محەممەد لەیلا** لە رۆژی ٣٠/ ٩/ ٢٠٠٠ دا پاش ئەوەی ماوەی دە رۆژ لە نەخۆشخانە کەوت، لە شاری **براون شڤایك (ئەلمانیا)** کۆچی دوایی کرد، گیانی پیرۆزی بەبەهەشت شادبێ.

(٦) ــ **سەعی گەوهەر** کوڕی خێزانێکی نیشتمانپەروەری کوردستان بوو. **دایکی سەعی، گەوهەر خان** ژنێك بوو بە ئازایی و ژیرەکی نێوی دەرکردبوو. **سەعی**

هەر لە منداڵییەوە بە چاونەترسی و سەربەرزی و لە سەرکردنەوەی مرۆڤی لێقەوماو ناسرابوو. **سەعی** خاوەنی چاپخانەیەك بوو لە **سلێمانی** کە بووبووە مەڵبەندی نیشتمانپەروەران. **سەعی گەوهەر** لە کۆتایی پەنجاکاندا بوو بە هاوبیری **کاژێك** و هەتا کۆچی دوایی هەر لەسەر ئەو رێیە مایەوە. **سەعی گەوهەر** لەماوەی ژیاندا و لەسەر کوردایەتی **هەژدەجار** خراوەتە زیندانەوە. **هەرسەهێنانی شۆرشی ئەیلوول و** پاش ئەوەش کارساتەکانی **هەڵەبجە و ئەنفال و ئەوجا گەلرەوەکەی بەهاری ۱۹۹۱** و **پەرەوازەبوونی منداڵەکانی** هەریەکە بۆ لایەك کارێکی گەورەیان کردەسەر هەستی نازك و دەروونی زیندووی سەعی و لە شەوی ۲۲ـ۲۳/۲/۱۹۹۲ دا بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. هەزاران چرا لەسەر گۆری پیرۆزی بێ.

(۷) ـ (ئەم ژێدەرەی خوارەوە لە مانگی یەکی ۲۰۰۱ دا نووسراوە)

ـ ئەوکاتەی کە ئەم سەمینارە پێشکێش کرا هێشتا **بەرێز ئۆجەلان** لە **سووریا** دەرنەکرابوو و نەهاتبووە **ئەورووپا**. کە هاتە ئەورووپا لەبارەی مافی کوردەوە پرۆژەیەکی پێشنیاز کرد وەك **ئۆتۆنۆمی کولتووری** وابوو. دوایی کە گیرا و خرایە زیندانی **ئیمرالی** یەوە، وازی لە ئۆتۆنۆمیش هێنا و داوای **«مافی خوێندن و نووسینی کوردی کرد لە سنووری کۆماری دێموکراتی ترك دا»**.

جەمال نەبەز

بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد وپێشبینییەکی دووارۆژی

وتارێکی سەمینارییە لە رۆژی یەک شەممەی ١١/١٠/١٩٩٨دا لە لەندەن پێشکێش کرا بە بۆنەی کۆتایی هاتنی جوارەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانەوە کە لە ١٠-١١/١٠/١٩٩٨ لە لەندەن بەسترا. تەواوی ئەم سەمینارە لە سەر ڤیدیۆ ولە مەڵبەندی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن دەست دەکەوێ.

بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کورد و پێشبینی یەکی دووارۆژی!

وتارێکی سەمیناری یە لە رۆژی یەك شەممەی ١١/١٠/١٩٩٨ دا لە **لەندەن پێشکێش کرا بە بۆنەی کۆتایی هاتنی چوارەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە کە لە ١٠-١١/١٩٩٨ لە لەندەن بەسترا. تەواوی ئەم سەمینارە لە سەر ڤیدیۆ و لە مەڵبەندی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەن دەست دەکەوێ.**

\- - -

هاوولاتە خۆشەویستەکان

زۆرم پێ خۆشە کە وا ئەم ئێوارەیە لە خزمەت ئێوەی بەرێزدام. سوپاسێکی گەرم بۆ بەشداریتان لەم سەمینارەدا، کە پاش تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان پێشکێش دەکرێ. بەڕاستی چوارەمین کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان جێژنێکی خۆش بوو، هیوام وایە ئەم سەمینارەش جێی پاشەلەقەی ئەو جێژنە خۆشە بگرێتەوە. سوپاسێکی شیرینیش بۆ هەموو ئەو هاوبیر و دۆست و هاوڕێیانەی کە بەدەست رێکخستنی ئەم جێژنە و ئەم بەیەك گەیشتنەوە ماندوو بوون. هەموو لایەك بەخێرهاتن و سەرچاوان.

هاوولاتە بەرێزەکان

بەرلەوەی بچینە نێو کرۆکی باسەکەوە، دەخوازم بێژم کە مەبەستم لە گرتنی ئەم سەمینارە جۆرجۆرانە کە سەر بە فەرهەنگ و کێشەی رامیاریی کوردن، چ لە ئەلمانیا و چ لە ولاتەکانی دیکەی ئەورووپادا و، بەدرێژایی سالانی ساڵ، ئەوەیە، کەش و هەوایەکی ئازاد بۆ هاوولاتە بەرێزەکان بهێنمەدی، بێ گوێدانە هەڵوێستی تایبەتی و رامیاری و پێوەندیی حیزبایەتی یان، تاکو بتوانن لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتانەدا کە دەیخەمە بەردەستیان، بیروڕای خۆیان بەسەربەستی دەرببڕن و بەیەکی بگەیەنن، بەنیازی ئەوەی هەموو بەهەڤڕا هەوڵی لەیەك گەیشتن و لەیەك نێزیکبوونەوە بدەین

و، ئەگەر پێمان کرا، ئەوا بەشداری یەکیش بکەین لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ژیرانە بۆ دۆزی ئاڵۆزی کورد. ڕێی ڕاستیش ئەوەیە کە بێ سڵەمینەوە پەنجە بخەینە سەر کەموکورتی و ناتەواوی و هەڵەکانمان، بەڵام بەنیازی پڕکردنەوەی کون و کەلەبەری هەڵوێست و کردار و ڕاستکردنەوەی باری لاسەنگ و چاکەخوازی، نەك بەنیازی ملشکاندنی یەکدی.

هاووڵاتە خۆشەویستەکان!

وەك دەزانن، ئەوا خەریکە سەتەی بیستەم بەرەو تەواوبوون دەچێ. پێم وایە سەتەی بیستەم گرنگترین سەتەی ئەم دووهەزار ساڵەی ساڵژمێری فەرەنگی بووە. سەتەی بیستەم سەتەی داهێنانی مەزن بوو لە دەڤەری زانست و تەکنۆلۆژی و پیشەسازی دا. سەتەی بیستەم سەتەی شەڕە زرتانێی سارد و گەرمی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بوو بۆ سەروەرێتیی ناسیونالی و، وەدەسهێنانی دەسەڵاتی ئابووری و ستراتیژی، لە پاڵ خۆشاردنەوەدا لە پشت پەردەی ئیدیۆلۆژیای ڕەنگاوڕەنگەوە. سەتەی بیستەم سەتەی هەڵگیرسانی دوو جەنگی جیهانیی تەفروتووناکەر و چەند جەنگێکی سەختی نێوچەیی بوو، کە جەنگی جیهانیی یەکەم، بەنەمانی ئیمپراتۆرێتیی حەوت سەت ساڵەی عوسمانی و دروستبوونی ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێت و، دووەمین جەنگیش بەفراوان بوونی ئیمپراتۆریی سۆڤێت کۆتایی هات، کە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە. سەتەی بیستەم سەتەی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ئیدیۆلۆژیای کۆمۆنیستێتی و نازێتی و بەهێزبوونی ئیدیۆلۆژیای ئیسلامەتی بوو. سەتەی بیستەم ئەو سەتەیە بوو کە عەرەب و ترك و فارس توانیان بەیارمەتی بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، دەوڵەتی ناسیونالی خۆیان دروست بکەن و کوردستان لە نێوخۆیاندا زۆرکارانە و داگیرکەرانە دابەش بکەن. جا هەتا ئەو هەندازەیەی کێشەکە پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ، دەتوانین بێژین کە سەتەی بیستەم، سەتەی دامەزراندن و ڕووخاندنەوەی سێ کیانی کوردیی کەم خایەن بوو. هەر لەم بوارەدا دەتوانین بێژین کە دامەزراندنی هەرێمێك بە نێوی **«هەرێمی ئاسایش»**ەوە بۆ پاراستنی بەشێك لە کوردی باشووری کوردستان، پاش پەلاماردانی **عێراقی سەددام** بۆ سەر **کوێت** و دەرپەڕاندنی لە لایەن **ئەمریکا** و هاوپەیمانەکانییەوە، گرنگترین و تاك هەڵکەوتووترین ڕووداوی ئەم سەتەیە بوو لە

کوردستان و لە خۆرهەڵاتی ناڤین و بگرە لە جیهانیشدا، پاش دروستبوونی دەوڵەتی **ئیسرائیل لە ١٩٤٨**دا. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە ئیسرائیل لە کوردستان بچوێنم. نەڤ. بەهیچ جۆر. مەبەستم لەم بەراوردە تەنێ خستنە بەرچاوی سەختی و زەحمەتی لەدایکبوونی دەوڵەتێکە بە نێوی ئیسرائیلەوە لە نێو زەریایەك دوژمن و ناحەزدا. ئەگەر لەوەش بگەڕێین کە ئیسرائیل یەکان بەر لە هەموو شتێك خاکێکیان پەیدا کرد لەسەری بژین و، زمانێکی مردوویان زیندوو کردەوە قسە بکەن پێی. هەمووشیان چەند ملیۆنێکی کەم بوون و، بەتەواوی جیهاندا پەرشوبلاو. ئەمە لە کاتێکدا کە کورد خاکێکی پان و فراوان و بەپیتی خۆی هەیە لەسەری دەژی و، زمانێکی زیندووی هەیە بەکاری دەهێنێ و، بە ژمارەش دەهێندەی خەڵکی دەوڵەتی ئیسرائیلە. کە واتە لێرەدا مەبەستم بەراوردکردن نییە بۆ وەك یەکی، بەڵکوو بۆ نیشاندانی سەختیی هاتنە کایەی دەوڵەتی ئیسرائیلە.

شایانی باس ئەوەیە، چ فەرمانداریێتیی باشووری کوردستان کە دووایی بوو بە شانشین بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی (حەفید)، کە ئەویش یەکەمین کیانی ناسیونالْ بوو لە هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین دا و، چ حکوومەتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوای شەهید قازی محەممەد، چ حکوومەتی کوردستانی سۆر (١) بە سەرۆکایەتیی کوردی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت، هەروەها حکوومەتی **«هەرێمی ئاسایش»** بە سەرۆکایەتیی پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، **هەرچواریان پاش جەنگ و لە ئەنجامی جەنگەوە هاتنە کایە.** فەرمانداریێتیی باشووری کوردستان و حکوومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی سۆر پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەمیان بە پشتگیریی بەریتانیا و ئەوی دیکەشیان لە لایەن سۆڤێتەوە بوو. حکوومەتی کۆماری کوردستان پاش جەنگی جیهانیی دووەم، بەچاوپۆشیی سۆڤێتەکان و، **«هەرێمی ئاسایش»** یش راستەوخۆ لە لایەن هێزەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە تایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و، بە یارمەتی ئەمریکا و دەوڵەتی ترکی تورگوت ئۆزاڵ، هاتنە دامەزراندن. بەکورتی: **سازبوونی ئەم کیانانە بەهۆی هەل و مەرجی دەرەکییەوە بوو، نەك لە رێی سەرکەوتنی شۆرشێکی کوردیی گەلێر، یان دیپلۆماسێتیی کورد، یان لە ئەنجامی دەنگ وەرگرتنێکی**

دێمۆکراتییەوە لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان دابەشکردووە.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە، خودێ نەخوازە، بێژم نەتەوەی کورد خەباتی نەکردووە و تێ نەکۆشاوە. نە. مەبەستم ئەوە نییە. بێ گوێدانە شێوە و کاکڵی خەباتی کۆمەڵ و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و پێشمەرگە و گێریلا و راستی و ناڕاستیی کار و کرداریان، ئاشکرایە کە رەشوڕووت و هەژاری کورد، بەتایبەتی لەم سەتەیەی دوواییدا، قوربانی زۆر گەورە و گرانیان داوە، بەڵام ئەوەی کە ئەوڕۆ دەستکەوتووە بەرویووی راستەوخۆی ئەو قوربانییە نییە و، بە هیچ جۆرێکیش لە گەڵ چەندایەتیی ئەو قوربانییە هاوسەنگ نییە. **«هەرێمێکی ئاسایش»** بەبێ کەرکووک و دیالە و مووسل و کووت، کە تەنێ ٤٠٪ی سەرزەوی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، **بەرامبەر بە دوو ملیۆن شەهید لەم سەتەیەدا: شەهیدی «ئەنفال» و گازی ژەهراوی و گەلکوژی لە دەرسیم و هەڵەبجە و زەردیئاوا (قەراخ) و بادینان و سەردەشت و کەرکووک و خانەقین و مەهاباد و ئامووده و سنە و قامیشلی و ئامەد (دیاربەکر) و شرناخ و لجێ و لاچین و، ماڵکاولی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و، وێرانکردنی نێزیکەی دەهەزار گوند و، بە عەرەب و ترک و فارس کردنی گەلێ نێوچەی کوردستان لە باکوور و لە باشوور و لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستاندا و، دەرپەراندنی چەند ملیۆنێك کورد لە وڵاتەکەی و، هاشیکردن و ناچارکردنیان بەژیانی دەربەدەری و کوڵەمەرگی و سووکایەتی، دیارە «هەرێمێکی ئاسایش» پاداشی ئەم هەموو قوربانییە گەورە و گرانە نییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دیارییەکی چاوەڕوان نەکراوی یەکجار بەنرخ و هەڵکەوتووە و، برشتی بەپێزی هەل و مەرجی دەرەکی کوردستانە، کە دەبێ بەهای بەتەواوی بزانرێ و، سووت وەربگیرێ لێی! ئەگەرنا ئەویش لە دەست دەچێ و «سێمینەی حەدیس» روو دەدا لێمان (٢).**

هاوولاتە بەڕێزەکان!

کورد لەم سەتەیەدا سێ جار هەل هەڵکەوت بۆی کە خۆی سەربەخۆ بکا، بەڵام هەلی یەکەم و دووەمیانی بەتەواوی دۆڕاند. **سەردەمی بیستەکان، سەردەمی رووخانی ئیمپراتۆرێتی ی عوسمانی، سەردەمی شێخ مەحموودی نەمر و سەید رەزا و قۆچگیری و شێخ سەعیدی پیران و شێخ قادری مەزن، سەردەمی پەیمانی سێڤر، لە دەست چوو.** هەروەها سەردەمی نیوەی یەکەمی چلەکان، واتە سەردەمی داگیرکردنی

ئێران لە لایەن سوێندخۆران (بەریتانیا و سۆڤیێت) و دەرفەتی دامەزراندنی **کۆماری کوردستان، سەرۆکی پێشەوا قازی محەممەد** ... ئەمانە تێ پەڕین. واخەریکە هەلی سێیەمیش لە دەست دەچێ، بەهۆی ناکۆکی ی حیزبەکانی کوردستان و کەمی هەستی بەرپرسیاری و کورت بینی دەسەڵاتدارانی کورد.

ئەم نابەرپرسیارێتییە، ناکۆکی و دوژمنایەتییەکی شێتگیرانەی لە نێوانیاندا پەیدا کردووە و، گەیشتووەتە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی لەدەستدا بوو لە دژی یەك و، ڕەوابینیی ناشیرینترین نێو و نەتۆرە و جنێوی سارد و سووك بەرامبەر یەك و، پەنا بردنە بەر هەزاران بوختان و درۆ و دەلەسە، هەر یەکە بۆ نزمکردنەوە و ریسواکردنی براکەی خۆی.

ئەز لە کاتێکدا دڵخۆشی خۆم بەرامبەر بەم رێککەوتنەی دوایی پارتی و یەکێتی لە واشنتۆن لە ١٧ی ئەیلوولی ئەمساڵدا دەربڕیوە و دەردەبڕم، خەفەت و دڵە ڕاوکە و پەژارەی خۆشم ناشارمەوە، چونکە دەزانم هەموو کاتێك فریشتەی بەخت یاری کورد نابێ، تاکو زلهێزێکی وەك دەوڵەتی ئەمریکا بکەوێتە نێوان سەرکردەکانی کوردەوە و ئاشتیان بکاتەوە لە گەڵ یەك و پێیان بێژێ **«یەك بگرن، بۆئەوەی بتوانین بتان پارێزین»!** ئایە ئەم قسەیە مانای ئەوە نییە ئەگەر بێتوو شەڕ و بشێوی هەڵگیرسێتەوە، مانی **«هەرێمی ئاسایش»** و لە گەڵ ئەویشدا ئەو پزیسکە هیوایەش دەکوژێتەوە کە ئەورۆ کەوتووەتە گیانمان؟ ئایە پێویست نییە جەماوەری کورد ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی تفێك لە نێوچەوانی هەموو شەڕخوازێك بکەن و، رێ لە هەموو تێکڕژان و ئاژاوەیەکی نێوخۆیی بگرن، تا ئەمجارەش مایەمان نەبێتە مایەی پیڤاز فرۆش؟

هاوولاتە بەڕێزەکان

ئێمە ئەورۆ لەم سەمینارەدا ـ وەك پێویستی یەکی سەرشانمان ـ خۆمان بە ڕۆنکردنەوەی بارودۆخی ئێستەی نەتەوەی کوردەوە خەریك دەکەین، تا بزانین ئێمە لە نێوخۆماندا لە چ ئاستێکدا وەستاوین و، شان بە شانی ئەوەش بزانین هەڵوێستی هێزە دەرەکی یەکان بەرامبەرمان چییە، تا لەو گۆشەیەوە تەماشایەکی دوارۆژی خۆمان بکەین.

بەر لە هەموو شتێك دەبێ بزانین، کاتێك گەلێك یان نەتەوەیەکی ژێردەستەی

وەك کورد ، دەیەوێ خۆی لە بندەستی رابسکێنێ، پێویستە جارێ بزانێ چ دەخوازێ، ئەوجا بەدووای رێیەکدا بگەرێ بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە. راستە، **نەتەوەی کورد بە گشتی، وەك هەموو نەتەوەیەکی رووی زەوی، دەیەوێ بە ئازادی بژی و سەربەخۆ بێ و هیچی لە خەڵکی دیکە کەمتر نەبێ. ئەمەش ئاواتی راستە خەڵکەکەیە.** بەڵام نەتەوەی کورد، وەك کۆمەڵگە، خاوەنی ڤین «ارادە» ی خۆی نی یە و رێکخراوەکانی کوردستانن کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان گرتووەتە دەست و، بە نێوی نەتەوەی کوردەوە قسە دەکەن و، خۆیان بە نوێنەرانی نەتەوەی کورد دەژمێرن. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە رێکخراوەکانی کوردستان تا ئێستە رێك نەکەوتوون لەسەر ئەوەی بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد چی باشە و چی لە دەست دێ و چ دەبێ بکرێ و کەینێ بکرێ و چ رێ یەك دەبێ بگیرێتە بەر.

هاوولاتە بەرێزەکان!

ئەم بارە نالەبارەی ئەورۆی کورد، لە لایەکەوە پێوەندیی یەکی راستەوخۆی بە رەوشی دەروونی ی کۆمەڵگەی کوردەوە هەیە، کە رێ رێ یی و دوودڵی و باوەڕ بەخۆنەکردن و خۆ بەکەم زانینی لای کورد بە گشتی و، لای سەرکردەکانی بەتایبەتی، دروستکردووە. لە لایەکی دیکەشەوە ، ئاسنامەی ئاست و جۆری رۆشنبیری ئەوانە پێشان دەدا کە رێکخراوەکانی کورد دەبەن بەرێوە. چونکە هەر رۆشنبیری یە، کە شێوەی هەڵسووکەوتی تاك و کۆمەڵگە و، دان و ستاندنیان لە گەڵ رووداوەکانی ژیاندا دیاری دەکا.

ئەگەر سەرنجێکی رابردوو بدەین، کە ناچارین بیدەین، دەبینین سیاسەتکارانی کورد و رێکخراوەکانی لە باشوور و لە باکوور و لە رۆژهەڵات و لە رۆژئاوا دا، لە کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەمەوە تا پەنجا ساڵ دووای ئەوەش، ئەگەر باسێکی مافی کورد کرابێ، پێیان لە ئۆتۆنۆمی بەولاوە رانەکێشاوە و، زۆر بە توند و تیژی و بێ ویژدانانە بەربەرەکانێی هەموو ئەوانەیان کردووە، کە وێراویانە دەم لە سەربەخۆیی کوردستان بدەن. جا ئەم رێکخراوانە هەر چەندە بە نێوی کوردستانەوە نێو نراون، بەڵام هێندێك لە کاربەدەستەکانیان لە داگیرکەرانی ترك و عەرەب و فارس توند و تیژتر و بە پەرۆشتر بوون بۆ پاراستنی سنوورە دەستکردەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە. **ئەگەرچی هەر خۆشیان ئەو سنوورانەیان بەکار و کرداری**

نارەوای ئیمپریالیستەکان داوەتە قەڵەم. لە گەڵ ئەوەشدا چەپڵەیان بۆ برایەتیی ئاغا و نۆکەرانەی کورد و داگیرکەرانی وڵاتەکەی لێ داوە. هەر لە ئەنجامی ئەو رۆشنبیری یە نابابەتانە و نارەسەن و خواستراوەشەوە، پشت بەخۆ نەبەستووانە، وەك دەروێشی حاڵ لێهاتوو، سڵاوآتیان لە دیاری رژێمی تێرۆریست و دوژمن بە ئازادی و دوژمن بە کوردی سۆڤێت و هاودەستەکانی داوە و، مرۆڤ خۆر و کورد کوژێکی وەك **ستالین یان بە رێبەر و پێشرەوی گەلان و رزگارکەری کورد داوەتە قەڵەم.** فەرموو، وەرن گوێ بگرین بزانین دوو هۆنەری ناسراوی کورد **هەژار** و **دڵزار**، کە هەردووکیان تەمەنێکیان لە سیاسەتکاری دا بردووەتە سەر، لە بارەی ستالین و رژێمی سۆڤێتەوە چی یان گوتووە:

هەژار دەفەرمێ:

کوردە! دەتەوێ ببی سەربەخۆ؟
هەستە، راپەڕە، رووکەرە مۆسکۆ،
درۆ و هەلاتە سانفرانسیسکۆ،
بژی ستالین، خۆش بێ چەکوش و داس،
لە ژێر ئیستبداد کوردی کرد خەلاس (٣)

دڵزاریش فەرموویەتی:

ئەرێ ئای ستالین، ستالین، ستالینی بەرز
پێشڕەو و رێبەری گەلانی رووی ئەرز

هەروەها فەرموویەتی:

ستالین پێشەوایە، بۆ کورد وەك قەڵایە
دەسا هەڵکەن ئاڵایە، ئەورۆ بەرلین گیرایە

سیاسەتکاران و خوێندەوارانی خۆ بە رۆشنبیرزانی کورد، هەڵگری ئەم بیروبۆچوونە بوون. واتە بە پیرۆزدانان و بردنە ئاسمانی رێبازی مارکسێتی. ئەوجا چ مارکسێتی یەك؟ ئەمانە وەنەبێ چووبن مارکسێتی یان لە سەرچاوەکەیەوە وەرگرتبێ، واتە لە ئەورووپاوە، **چونکە سەرچاوەی مارکسیزم ئەورووپایە، نەك ئەنقەرە و بەغدا و تاران و دیمەشق و باکۆ.** ئەمانە لە باتی ئەوەی بچن، لە

بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەورووپایی ئەو سەردەمە بکۆڵنەوە کە **مارکس و ئەنگلز** تێیدا ژیاون و، **ئەوجا ئەو مارکسیێتی یە بە بیری کورد و بە پێی کۆمەڵگەی کورد چەکوشکاری بکەن و بیگونجێنن لە گەڵ بارودۆخی کوردستان** و، بەو پێیە **«حیزبێکی کۆمۆنیستی کوردستانی»** دروست بکەن، چوون لە باتی ئەمە بیری مارکسیزمی ساختەی سۆڤێتی یان لە دەسکەلا عەرەب و ترک و فارسەکانی مۆسکۆوە وەرگرت، کە ئەمانەش بەدەم مارکسیست و بەکردەوە ئیمپریالیست و شۆڤێنیست و دوژمنی کورد بوون. ئەریّ، ئاوا ئەم مارکسیێتی یە زرکە زڕەیان کرد بە بەر بزووتنەوەی کوردایەتی دا و، ئەوە بوو پەنجا ساڵ ئەم بیرە تاریکە پووچەڵە، بوو بە قورئانە ڕەشەی بن هەنگڵی چینی خوێندەوار و سیاسەتکاری کورد و بنەمای ڕۆشنبیری یان و، ئەمەش ڕاستینەیەکی ڕوونە و زۆر شەرم و شوورەیی یە کە ئێمە چاوپۆشین لێی و، ئازایانە دانی پێدا نەنێین. **چاوپۆشین لە ڕاستینەی ڕووداو، خەیانەتە لە مێژوو.**

ئێستە تکایە گوێ بگرن بزانن **پارتی دێمۆکراتی کورد** (ئەو دەم هێشتا پارتی دێمۆکراتی کوردستان دانەمەزرابوو)، چۆن دەوڵەتی سۆڤێتی بە ئاڵاهەڵگری سۆسیالیزم دادەنا و، بەرژەوەندیی کوردی دەکرد بە قوربانی بەرژەوەندیی سۆڤێت، ئەوەش بە شایەتیی یەکێك لە دامەزرێنەران و سەرکردە ناسراوەکانی پارتی، بەڕێز **عەلی عەبدولاّ** کە دەبێژێ:

«سێ یەمین کۆنگرەی پارتی دێمۆکراتی کورد کە لە ۱۹۵۳/۱/۲٦ دا لە کەرکووك بەسترا، بڕیاری دا بیری «مارکسیزم لینینیزم» بکاتە ئیدیۆلۆژی خۆی و، دانی نا بەوەدا کە هەر کاتێك (بەرژەوەندیی) بزووتنەوەی کوردایەتی لە گەڵ بەرژەوەندیی بزووتنەوەی سۆسیالیزم و ئێونەتەوەیی جیهان (واتە بەرژەوەندیی دەوڵەتی سۆڤێت! ج. ن) پێچەوانەی یەك وەستان، ئەوا پێویستە واز لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کوردایەتی بهێنرێ» (عەلی عەبدولاّ: مێژووی پارتی دێمۆکراتی کوردستان، لە لایەن ڕێکخراوی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە ئەورووپا بڵاو کرایەوە، مارتی ۱۹۷۱، ل ٤۹).

ئەز کە ئەم ڕاستی یانە وا بێ پەردە دەخەمە بەرچاو، مەبەستم ئەوە نییە سەر و گوێلاکی کەس بکوتم، یان پاشقول لە کەس بگرم. ئەم قسانە بۆ ئەوە ناکەم کە کای کۆن بەبا بدەم، بەڵکوو دەمەوێ گزی و فزی لە مێژوو نەکەم. ئەو شتانەی ڕوویان

داوە، چاك بن یان خراپ بن، هەموو بەشێکن لە مێژووی نەتەوەکەمان و، ئەزژی بە فەرمانی ویژدان و هەستی زیندووی خۆم تۆماریان دەکەم، ئەگەرنا مەبەستم ئەوە نییە بێژم سەرکردەکانی کورد و خوێندەوارانی کورد هەموو ناپاك و خاین و خۆفرۆشن. نەخێر. سەرکردەکانی کورد، ئەگەرچی هێندێکیان دەوری هەلپەرستانەیان نواندووە و دەینوێنن، بەلاّم ناپاك و سیخوڕ و خۆفرۆش نەبوون و نین. ئەمانە پێیان وابووە و پێیان وایە، ئەو رێیەی ئەوان گرتوویانە راستە و، لەم رێ یەشدا گەلێك زەحمەتیان کێشاوە. زانا و دیپلۆمات و سەرکردەی کورد، **ئەورەحمانی قاسملوو**، لە پێناوی کورد دا شەهید کرا. هەزاران چەپکە گوڵی گەش پێشکێش بە گیانی پیرۆزی بێ. ئەز لە کاتێکدا کە بیری ئەو رۆژانە دەکەمەوە کە لە **قوتابخانەی دووانێوەندیی موسەلاّی کەرکووك مامۆستا بووم و شەهید ئەورەحمانی قاسملوو** بە دەستێ جلکی چلکن و جووتێ کڵاشی شڕەوە، بە پێ، رێی دوور و درێژی ترسناکی بڕی بوو، هاتبووە لام بۆ باسی یارمەتیدانی حیزبی دێموکرات، بە مەبەستی دەرخستنەوەی رۆژنامەی **«کوردستان»** کە بە پشتگیریی ئێمەی کوردی نەتەوەیی ی ئەو رۆژە، جارێکی دی ژیایەوە (٤)، قەدری خەباتی ئەم کوردە هەڵکەوتووە بەرز رادەگرم، بەلاّم کە باسی لایەنی باش و کردەوەی چاکی شەهید قاسملوو دەکەم، نابێ چاو لەوە بپۆشم کە **شەهید قاسملوو** ماوەیەکی ژیانی خۆی وەك ئەندامی حیزبی توودەی ئێرانی سەربە سۆڤیێت و دژ بە کورد بردە سەر و، هەتا دوواڕۆژی ژیانی لە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، پتر نەچوو بەولاوە. بێجگە لەوەش، چۆن دەبێ چاو لەوە بپۆشم کە سەرکردەیەکی زانا و ناسراو و جیهان دیتووی وەك **قاسملوو**، هێندە خۆی سووك بکا، لە گەڵ سیخوڕێکی گچکەی رژێمی داگیرکەر بکەوێتە وتووێژ، ئەویش بێ پاسەوان و لە کۆنە خانوویەکی ڤیەننادا، تا نامەردانە بیکوژن و خوێنی ون بکەن. هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری کوردی هەیە بە سەر قاسملوودا دەچەسپێ:

**نە شێرێ کوشتی و نە شێرەوانێ		هەتیوێك کوشتی، لە لا کۆلاّنێ**

جا ئێستە ئەگەر ئەمە خۆکەم ببینین و خۆ بە بچووك زانین نەبێ و، بەرەی بەرامبەر بە گەورە و زل دانان نەبێ، چی یە؟

مام جەلال و کاك مەسعوود هەر دووکیان دوو سەرکردەی سادە و بێ فیز و بێ

هەوا و خاکین، لە گەڵ هەموو کەسێك ئامادەی هەڵسوکەوتن. خۆ ئەگەر کاربەدەستێکی بیانی گچکە بێتە لایان، ئەوا رێزێکی زۆری لێ دەنێن. بەلام دەبێ **دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ئەمریکا** تکایان لێ بکا، ئەوجا بچن بۆ **واشەنتن** و، لەوێ دەست بدەنە دەستی یەك و پێکەوە دابنیشن. بەڕاستی جێی داخە کە کورد براکەی خۆی بە هیچ نازانێ، با براکەشی زانا و ئازا و کار لەدەستهاتووش بێ، چونکە کورد خۆی بە کەمتر دەزانێ لە بێگانە و بە بچووکتر لە داگیرکەرانی ولاتەکەی.

ئەرێ، ئەنجامی ئەم خۆکەم بینیە بوو کە سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژوای کورد کەوتە وەرگرتنی ئەم بیروبۆچوونە خواستراوە و، لەوەشەوە **فەریکە مارکسێتی** بوو بە بەرگی بەلەشەوە چەسپیوی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ ماوەی نیو سەتە و، **بیری سەربەخۆیی ی کوردستان** کە تا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم درۆشمی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد بوو، هاتە گۆڕان و بوو بە ئۆتۆنۆمی، کە ئەمەش مانای وایە کە سەرکردەیەتیی هوردەبۆرژوای کورد دەستی لەو مافە هەڵگرت کە کورد نەتەوەیەکی بەزۆر دیلکراوە و ولاتەکەشی بەزۆر دابەشکراوە و کراوەتە کۆلۆنی یەکی ئینتەرناسیونالی و، کوردی کرد بە **«کەمایەتییەك» و «برابچووکێکی» داگیرکەرانی خاکەکەی و، دۆزەکەشی کرد بە دۆزی «نێوخۆیی ی» دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، نەك دۆزێکی کۆلۆنیالیستی ئینتەرناسیۆناڵ و داخوازیی مافی بڕیاری چارەنووس.** لێرەدا ببوورن کە ئەم باسە درێژە پێ نادەم، چونکە لە گەلێك شوێنی دیکەدا بەدووروودرێژی بە رەچەڵەکیدا چوومەتە خوارێ. گوێگری بەڕێز دەتوانێ تەماشای ئەو باسە بکا کە بە کوردی و ئەڵمانی لە بارەی **«گۆڤاری نیشتمان»** و **کۆمەڵەی «ژێکاف»** ـەوە لە ساڵی ١٩٨٥ دا بلاوم کردووەتەوە، هەروەها ئەو باسەی لە سەر **«گۆڤاری یەکێتیی تێکۆشین»** و بیروبۆچوونی هوردەبۆرژوای مارکسیستی کورددەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دا بلاو کراوەتەوە.

بەڵێ ... ئەم بارە نالەبارە درێژەی کێشا هەتا دەوڵەتی سۆڤێت، پاش حەفتا ساڵ درۆ و دەلەسە و خاپاندنی ملیۆنان خەڵك، لە پڕ تلیسایەوە و، وەك شێرە بەفرینە توایەوە و، بەناخی زەوی دا چووە خوارەوە. ئەوەش چارەنووسی هەموو دەوڵەتێکی دەستکردە و، نوخشەش بێ لەوانی دیکە، بەتایبەتی دەوڵەتە دەستکردە داگیرکەرەکانی کوردستان. **ئەوجا لە ورگی ئەو سۆڤێتە زلهێزە، ئەم رووسیایەی ئەوڕۆ**

دەرفرتا، کە خەڵکەکەی خەریکە لە برساندا دەمرن. بۆریس یەلتسین یش هەر رۆژە نارۆژێك سەرۆك وەزیرێك دەردەکا و یەکێکی دیکە دێنێ و هیچیشیان باری کەوتووی دەوڵەتیان پێ هەڵناگیرێتەوە.

خوێندەوارە، گوایە مارکسیستەکان و سیاسەتکارانی کورد، پاش هەرەسهێنانی کەڵەکەترەی سۆڤێت و دەسکەلاکانی لە رۆژهەلاتی ئەورووپادا، سەری لووتیان دای لە بەردی رۆژگار و ئەوجا هەڵپەرستانە بایان دایەوە و کەوتنە رەخنەگرتن لە یەکێتی سۆڤێت و رژێمی سۆڤێتی و روویان کردە **بەرەی رۆژئاوا، ئەو بەرەیەی کە تا دوێنێ بە ئیمپریالیست و سەرمایەداری خوێنمژ و بەرەی شەڕ هەڵگیرسێن دایان دەنا**. هێندێکیان زۆر بێ شەرمانە هەموو گۆتارۆی کەوتنی سۆڤێتیان خستەملی **گۆرباچۆفی گوایە «خاین»**، بێ ئەوەی بەدوو ووشە رەخنە لە خۆیان و لە پێکهاتەی بیروڕای زرك و زۆڵەکەی خۆیان بگرن کە سالانی ساڵ ناوی **کوردستانی سۆریان نەدەهێنا**، نەوەك دەوڵەتی سۆڤیەت، خودێ نەکا، بەداگیرکەر بدرێتە قەڵەم. ئەوەتە زۆربەی گەلانی سۆڤێت گەیشتنە دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان، کورد نەبێ، کە **خاکەکەی ئازەرییەکان و ئەرمەنیەکان لرفیان دا**. پاش ئەوەش، پتر لە جاران، خۆیان بەستەوە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە و، هەر لایەکیان بەلایەکەوە گیرسانەوە، وەك ئەوەی رزگاری ی کورد بەلای داگیرکەرانی کوردستانەوە بێ و، ئێستەش پاش پەنجا ساڵ و پاش ئەم هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموونە چرووپرانە، بە بۆنە و بێ بۆنە ئاشکرا دەبێژن کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ناکەن، چونکە دامەزراندنی کوردستان بەلای ئەوانەوە خەیاڵە و هەموو باسێکیان باسی **«یەکێتیی خاك»** ی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانە. هەر با بە نموونە گوێ رابگرین لە بەرێزێك کە ناوی **«شەمیران عیزەت»** ە و ئەوەی لە رۆژنامەی **«کوردستانی نوێ»** (چاپی دەرەوە، ژمارە ٥٦ی رۆژی ١٩٩٨/٩/١١) دا فەرموویەتی:

«شەمیران عیزەت» پاش باسکردنی پیلان و نەخشەی بەعەرەبکردنی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا، دەنووسێ: «... ئەمەش سووربوونی عێراق دەگەیەنێ لە سەر ئەوەی کە لە ڕاستیدا و بە پێی تێڕوانینی رەگەزپەرستانەی، کورد بە میوان دەزانێ لە عێراقدا و پێویستە لەو ناوچانە نەمێنێ کە تێی دا دەژین. ئەم تێڕوانینەش دژی

بیروبۆچوونی برایەتی کورد و عەرەب و خزمەتی یەکپارچەیی خاکی عێراق ناکات کە مەبەستی هەموومانە».

سەیرکەن، ئەم بەرێزە بۆ برایەتی یەك فرمێسك هەڵدەرێژێ کە هیچ کاتێك نەبووە و ئێستەش نییە و تا عێراقیش وا بەم شێوەی ئەورۆ بمێنێ ناتوانێ ببێ. ئەم بەرێزە خەفەت بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراقێك دەخوا، کە ئەوەتە بەعس بە هەموو هێزێکی یەوە هەوڵ دەدا بژی ... **ئەو یەکپارچەیی یەی عێراق، کە ئەگەر نەبوایە نە «ئەنفال» دەبوو و نە هەڵەبجە و زەردیشاوا و بادینان و سەردەشت و گەلێك شوێنی دیکەی کوردستان دەکەوتنە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی و، نە شەنگار و کەرکووك و مووسل و مەخموور و خانەقین و کووت دەکران بە عەرەب.** سەرەرای ئەمەش ئەم بەرێزە هێندە زات دەداتە بەرخۆی کە بێژێ **«یەکپارچەیی خاکی عێراق ئاواتی هەموانە»** واتە، هێشتا هەر بە بیروبۆچوونی **«حیزبی پێشرەو»**، بە نێوی هەموانەوە قسە دەکا، بێ پرس و را بەکەس.

شایانی باسە کە لەم پەنجا ساڵەی دوایی پڕ لە خاپاندن و سەرلێشێواندن و رێ پێهەڵە کردنی جەماوەری کورددا، حیزبەکانی کوردستان جاروبار لە بلاڤۆکەکانیاندا باسی **«بریاری چارەنووسی کورد»** یان کردووە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم مافەشیان هەر بە سنووری ئەو دەوڵەتەوە بەستووەتەوە کە بەشە کوردستانەکەی داگیر کردووە. واتە مافی بریاری چارەنووس لە سنووری عێراق، یان دەوڵەتێکی دیکەدا. کە ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، گاڵتە کردنێکە بە مافی بریاری چارەنووس کە دەبێ بۆ ویستەی گەلی کورد خۆی بە جێ بهێڵرێ. بێجگە لەوەش هەر لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا دوو رێباز خۆیان لە هێزەکانی دیکەی کوردستان جیا کردەوە، یەکێکیان **رێبازی کاژیك** بوو، ئەوی دیکە **رێبازی پی کی کی.**

کاژیك هەر چەندە وەك رێکخراو لە ١٩٥٩/٤/١٤ دا بریاری دامەزراندنی درا، بەڵام وەك بیروبۆچوون و فەلسەفەیەکی رامیاریی و رێبازێکی رۆشنبیریی و کۆمەلایەتی لەم کاتە کۆنترە و دەگەرێتەوە بۆ نێوەراستی پەنجاکان و، بنەماکەی لە سەر بنچینەی قوتابخانەیەکی رۆشنبیریی کوردی دامەزرا کە لە نێو خەڵکدا بە **«هێزی سێ یەم» (واتە نە پارتی و نە کۆمۆنیست)** و لە نێو هاوبیرەکانی خۆیدا بە **«قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم»** نێو دەبرا. ئەم قوتابخانەیە لە پرۆسەی

تووێژینەوەی بیروبۆچوونی سۆسیالیستانە و ڕەخنەگرتن لە ڕژێمی سۆڤێت و هاودەستەکانی هاتە کایە. **بە پێی ئەم قوتابخانەیە تاکە تایبەتکار و سروشتێکی مرۆڤ کە نەمر و جیهانی و گشتگر بێ، تەنێ ئازادییە. جا چونکە ئازادی وەك تەندروستی وایە، دیارە پلە پلە ناکرێ و زۆر و کەمی هەڵناگرێ.** واتە کاتێك ئازادی بوونی هەیە، کە لە شێوەی تەواوەتی دابێ، وەك تەندروستی. **بۆوێنە هەر کەسێك کەمێك ناتەندروست بێ، نەخۆشە. ئەو کەسەی کەمێکیش نائازاد بێ، دیلە.** کە واتە: ئازادی کاتێك بوونی دەبێ کە لە دۆخی یەکسانی دا بێ. بە کورتی: ئازادی و یەکسانی لە یەك جیا ناکرێنەوە و، هەردووکیان تەواوکەری یەکن، وەك پارچە پارەیەك کە هەر دوو دیوەکەی پێویستی یەك و تەواوکەری یەکن. جا ئەگەر ئەم بیروبۆچوونە لە بارەی نەتەوەکانی جیهانەوە بخرێتە کار، مانای وایە نەتەوەکانی جیهان کە هەموویان مافی ئازادییان هەیە، دەبێ لە بارەی دەسەڵاتەوە وەك یەك بن، واتە یەکسان بن، تا ئازادی مانای هەبێ. چونکە ئازادی کەم و زۆری هەڵناگرێ، بۆ وێنە: **تۆ ناتوانی بێژێت ژنەکەت کەمێ زگی پڕە، چونکە زگ پڕی شتێکە یان هەیە یان نییە، کەموزۆری تێدا نییە. هەروەها ناتوانیت بێژیت باوکم کەمێك مردووە، چونکە مردن شتێکە یان هەیە یان نییە، کەموزۆری تێدا نییە. کورت و کرمانجی: کاتێك کورد دەتوانێ دەست لە سەربەخۆیی و دەوڵەتی ناسیۆناڵی خۆی هەڵبگرێ و، بە ئۆتۆنۆمی ڕازی بێ، کە عەرەب و ترك و فارسیش بە "ئۆتۆنۆمی" ئەو نێوچانە ڕازی بن کە خۆیان لە سەری دەژین. ئەگەر وانەبێ، مانای پلە پلەکردنی ئازادییە، چونکە "سەربەخۆیی" بۆ وان(ترك و فارس و عەرەب) و "ئۆتۆنۆمی" بۆ کورد، مانای نایەکسانییە، واتە نەبوونی ئازادی بۆ کورد و بوونی ئازادییە بۆ وان (ترك و عەرەب و فارس) و، کوردیش دیارە بۆ دیلێتی مل نادا. ئەمەش پوختەی بیری کازێکە لە بارەی بابەتی نەتەوەوە.**

جا لە بەر ئەوە، کاتێك کازێك باسی بڕیاری چارەنووسی دەکرد، لە ئازادییەوە دەستی پێدەکرد، واتە دەنگدانی نەتەوەی کورد بۆ بڕیاردان لەسەر دیاریکردنی دوارۆژی خۆی، کە ئەو بڕیارەش دەبێ لە ئازادیدا بێ و بۆ ئازادی بێ. مەبەست لە دەنگدان لە ئازدی دا ئەوەیە کە جەماوەری کورد نەکەونە ژێر شەوت (تاثیر) و کارکردی هیچ جۆرە گوشارێکی دەروونی، یان تەنی، وەك ترسی تۆڵە لێسەندنەوە،

هەروەها فریودان و ڕێ پێ هەڵەکردن. بێجگە لەوەش ئەو بڕیارەی کە دەدرێ دەبێ هەر بۆ ئازادی بدرێ. جا چونکە ئازادی ناتوانێ دژی ئازادی بێ، واتە دژی خۆی بێ، دیارە مرۆڤی ئازاد بۆی نییە دژی ئازادی خۆی بێ، یان دژی ئازادی کۆمەڵگەکەی خۆی دەنگ بدا. بە کورتی، دەبێ بڕیاری چارەنووس لە لایەن کوردەوە لە دژی ئازادی نەبێ، واتە بۆ یەکسانی بێ. دیارە بە پێی ئەم ڕێبازە هەر بڕیارێك کە لە لایەن کوردەوە بدرێ بۆ نایەکسانیی نێوان کورد و گەلانی دەوروبەری، یان هێنانە پێشەوەی سیستەمێکی دیکتاتۆری و ملهوڕی دژ بە ئازادی، **"ڕەوایەتی"** نابێ. **ڕەوایەتیش بنچینەی هەموو جۆرە مافێکە.**

جا هەتا ئەوەندازەیەی کە باسەکەی ئێمە پێوەندیی بە بۆچوونی ئەم ڕێبازەوە هەیە لە بارەی چینەکانی کۆمەڵگەوە، ئەوا کاژێك جیاوازیی چینایەتی بە نیشانەی نەخۆشی کۆمەڵگە و نایەکسانیی کۆمەڵگە دادەنا. بەڵام پێی وابوو کە جیاوازی چینایەتی لە ڕێی دیکتاتۆرێتی یەوە، وەك **«دیکتاتۆرێتی پرۆلیتاریا» یان «دیکتاتۆرێتی ئایینی»** لاناچێ، بەڵکوو لە ڕێی دێمۆکراتی و سەربەستیی ڕادەربڕین و بەرزکردنەوەی پلەی ڕۆشنبیریی یەوە بەرەو نەمان دەچێ. هەر بەلای کاژێکەوە ـ بەپێچەوانەی مارکسیستەکانەوە کە تەنێ جیاوازیی دەسەڵاتی ئابووری، جیاوازیی چینایەتی دروست دەکا ـ جیاوازیی پلەی خوێندەواری و بنەماڵەیی و زانستیش جیاوازیی چینایەتی دروست دەکا. واتە خوێندەواران و تەکنۆکراتان و بنەماڵە بەگزادە و ئاغاکانیش هەر یەکە چینێکی تایبەتن، وەك چینی سەرمایەدار و چینی هوردەبۆرژوا و چینی دەرەبەگ. هەر بۆ وێنە ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە جیهانی سێیەمدا کاربەدەستن، زۆربان کوڕە هەژار و بەلەنگاز بوون و، پاش ئەوەی چوونە بەر خوێندن، توانییان دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پەیدا بکەن و، هێندێکیشیان لە ڕێی کوودەتای سوپایی و هێندێکیشیان لە ڕێی حیزب حیزبێنەوە بوونە فەرمانڕەوا و میری سەربڕ. **سەددامی عێراق و عومەرولبەشیری سۆدان و مەلا عومەری ئەفغانستان و خامنەیی ئێران و دەمیرێلی ترك و زیائولحەقی پاکستان و ساداتی میسر**، چەند نموونەیەکی کەمن بۆ ئەمە.

ئەو نموونانە لە ئەورووپاش زۆرن. بۆ وێنە **گێرهارد شرۆیدەر** کە دەسنیشانکراوی کانسلەری ئەڵمانیایە (٥) وەك کوڕی کرێکارێکی هەژار لە دایك بوو، باوکیشی لە

جەنگی جیهانیی دووەمدا کوژرا، دایکی گێرهارد کورەکەی بە کارەکەرێتیی مالأن بەخێو دەکرد، گێرهارد چووە قوتابخانە و کەوتە خوێندنی زاگون «قانوون» و چووە نێو حیزبی سۆسیال دێموکراتەوە و پلە پلە لە حیزبدا سەرکەوت تا لە رێی حیزبەکەیەوە ئەورۆ بووە بە یەکەمین کەسایەتیی دەولەتی ئەلمانیا.

جا وەك دەزانن، **کاژێك وەك رێکخراوە**، لە پاش هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوول نەما، بەلأم **وەك رێباز**، کە بە رێبازی نەتەوەیی ناسراوە، جێی خۆی لە نێو فراوانترین جەماوەری کورددا کردووەتەوە و، ئەوەتە تەنانەت حیزبەکانیش باسی **رێبازی نەتەوەیی** دەکەن و، بە راستترین رێبازی دەزانن بۆ گەیاندنی کورد بە ئامانجەکانی، ئەگەرچی بەکردەوە نایخەنە کار. شایانی باسە مەبەست لە زاراوەی **«نەتەوەیی» ـــ «قەومی یەت» ـــ یان «ناسیۆنالیزم» ـــ نییە، بەلکوو نەتەوەیی مانای بیروبۆچوون و سیاسەتکردنێکە کە پڕ بە پڕی بەرژەوەندیی هەموو نەتەوە بێ، نەك بۆ بەرژەوەندیی یەك کەس، یان یەك بنەماڵە، یان یەك حیزب، یان یەك هۆز، یان یەك نێوچە. بیری نەتەوەیی بیرێکی گشتگرە و دژی تیرەگەری و نێوچەپەرستی و رەگەزپەرستی و حیزب حیزێنە و بنەماڵە پەرستییە.**

ئەمە کاژێك بوو، هەرچی پێ کێ کێ یشە، ئەوا لە سەرەتای دامەزراندنییەوە (لە ۱۹۷۷/۱۱/۲۷ دا) بیست ساڵێك لەمەوبەر و، هەتا دوو سێ ساڵی پێش ئەورۆ، هەر باسی سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد و، زورتریش بۆ کوردستانێکی کۆمۆنیستی هەولی دەدا، بێ ئەوەی خۆی بە یەکێتیی سۆڤێت یان چین یان مەلبەندێکی دیکەی کۆمۆنیستییەوە ببەستێتەوە و پرۆپاگەندە بکا بۆی.

پێ کێ کێ بە هۆی هەلگرتنی درۆشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان و خەباتی سەخت و قوربانیدەرانەی لە پێناوی بەرزکردنەوەی رادەی هەستی خۆبەکورد زانین دا، لە لایەن جەماوەری باکووری کوردستان و کوردی ئەورووپاوە، بەتایبەتی ئەلمانیا رێز و قەدرێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد. هێندێك هەلەی گچکە و هێندێك هەلەی زلی پێ کێ کێ بوونە هۆی بیانوودان بە دوژمنانی و گەلێك زیانیان پێگەیاند. لە گەڵ ئەوەشدا پێ کێ کێ وەك بەهێزترین و دەستڕۆشتووترین حیزبی کوردستانی هەرما و توانی خۆی لە هێندێك کەسایەتیی و هێندێك سیاسەتکارانی دەولەتانی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی نێزیك بکاتەوە، بەلأم گۆرینی ستراتیژی حیزبەکە لە

سەربەخۆیی کوردستانەوە بۆ فیدەرالی و لە فیدەرالیشەوە بۆ ئۆتۆنۆمی و، ئەوجا بۆ مافی ناسیۆناڵ لە سنووری دەوڵەتی ترکدا و، گۆڕینی پارلەمانەکەی لە برۆکسل لە **"پارلەمانی هەموو کوردستان لە دەرەوەی وڵات" ەوە بۆ "پارلەمانی باکووری کوردستان"** هەروەها توند و تیژی نواندن بەرامبەر هەموو بەرهەڵستکەرێك و رەخنەگرێك و تەنانەت دەستوەشاندن لێیان، ئەمانە هەموو بەبارێکی زۆر خراپەدا بۆ پ‌ێ کێ کێ شکاونەتەوە.

جا ئەگەر پەیمانی واشەنتن سەربگرێ و پارتی و یەکێتیی پێکەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن و پ‌ێ کێ کێ و پارتی و یەکێتیی هەوڵی رێککەوتن لە گەڵ یەك نەدەن و، شەڕ و بەیەکدادان دەست پێ بکاتەوە، ئەوا پ‌ێ کێ کێ زەربەی توندی بەردەکەوێ و بەرژەوەندیی کوردیش بەجارێ دەکەوێتە مەترسییەوە. (٦)

دەمێنێتەوە ئەو بڕیارەی کە پارلەمانی هەڵبژێردراو لە لایەن ٢ ملیۆن کوردی هەرێمی ئاسایش ەوە لە رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دا، دای بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رامیاریی کورد لە عێراقدا لە سەر بنچینەی فیدەرالی. ئاشکرایە کە بڕیاردان بۆ فیدەرالیزم لە دەسەڵاتی خەڵکی بەشێکی دەوڵەتێکدا نییە. چونکە فیدەرالیزم کاتێك دادەمەزرێ کە هەموو خەڵکی نێو دەوڵەتەکە دەنگی بۆ بدەن و، دەوڵەتەکە ئەو سیستەمە پەسند بکا. بێگومان هەر وەك لە ئێستەوە دیارە، عەرەبەکانی عێراق بە فیدەرالیزم رازی نابن و، ئەمەش بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز دەبێژن و نایشارنەوە. لە بەر ئەوە بڕیاردانی پارلەمانی کوردستان بۆ فیدەرالیزم بێ ئەنجامە. ئەمە بێجگە لەوەی کە فیدەرالیزم، ئەگەر لە سنووری دەوڵەتێکدا بخرێتە کار، شتێکی هەروەك ئۆتۆنۆمی وایە. تەماشەی ئەڵمانیا بکەن وەك نموونە، ئەوسا تێدەگەن کە ئەم جۆرە فیدەرالیزمە لە سنووری دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستاندا لە خەون و خەیاڵ بەولاوە هیچی دی نییە. جا ئێستا یەك رێ دەمێنێتەوە بۆ رێزگرتن لە بڕیاری پارلەمانی کوردستان لە هەرێمی ئاسایشدا، ئەویش ئەوەیە کە پارلەمانی نوێ کاتێ هەڵبژێردرایەوە لە ساڵی ١٩٩٩دا ـ وەك پێشبینی کراوە ـ **داخوییانی سەربەخۆیی هەرێم بکا، لە کاتێکدا کە عێراق نەیەوێ بێتە «دوو کۆماری فیدەرالی»، هەریەك خاوەنی نوێنەری خۆی لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و،**

هەریەك خاوەنی سوپای خۆی. خۆ ئەگەر ئەمەش نەکرا، ئەوا با پارلەمانی کوردستان بڕیار بدا کە **«هەرێمی ئاسایش» ببێتە پرۆتێکتۆراتێکی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.** ئەمەیان هەزار جار باشترە لەوەی کورد بچێتەوە ژێردەستی **سەددام،** یان عێراق، ئەوجا هەر عێراقێك دەبێ با ببێ.

بە سەرنجدانی ئەم باسەی تا ئێستا پێشکێش کرا، دەردەکەوێ بۆمان کە کورد خۆی ئەورۆ لە بەردەم بارودۆخێکدا دەبینێ کە دۆزەکەی هاتووەتە سەر دۆزی ئۆتۆنۆمی، یان شتێکی وەك ئۆتۆنۆمی، واتە کێشەیەکی نێوخۆیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، نەك کێشەیەکی ئینتەرناسیۆناڵی نەتەوەیەکی چل میلۆنی نیشتمان داگیرکراوی ماف پێشێلکراو. بەکورتی: دروشمی راستەقینەی حیزبەکانی کوردستان لە گەڵ گۆڕەپانی رامیاری لەم پەنجا ساڵەی دواییی دا بە موو نەهاتووەتە گۆڕان، ئەگەرچی جیهان بەنێزیکە لە هەموو لایەکەوە گۆڕاوە، بەڵام کورد بەدەست سەرلێشێوان و دوودڵی و خۆکەم بینینەوە دۆشی داماوە.

بەرێزینە

ئەوانەی نووسینەکانی منیان خوێندووەتەوە و شارەزای بیروبۆچوونی **منن،** دەزانن کە ئەز لەم ٢٥ ـ ٣٠ ساڵەی دوواییدا زۆرتر هەوڵمداوە رۆنی بکەمەوە کە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد خەون و خەیاڵە. نەك هەر لە بەر ئەوەی دەسکەوتنی زۆر زەحمەتە، چونکە ئۆتۆنۆمی بەرهەمی سیستەمی دەوڵەتێکی دیمۆکراتی ئازادیخوازە کە بەشێك لە دەسەڵاتی نێوەندیی (مرکزی) خۆی دەداتە دەست پارچەیەك لەو دەوڵەتە، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەشکردووە هەموو رژێمی دیکتاتۆرین و هیچ رژێمێکی دیکتاتۆریش ئامادە نابێ دەست لە هیچ بەشێك لە دەسەڵاتی خۆی هەڵبگرێ، جا ئەو دەسەڵاتە دەرەکی بێ یان نێوخۆیی بێ، ئەوە هەر یەکە، مەگەر لە ژێرباری زۆری گوشاردا. بەڵام مەسەلەکە هەر لێرەدا ناوەستێ، **چونکە لەوانەیە داگیرکەرێکی کوردستان لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دان بە «ئۆتۆنۆمی» دا بنێ، بەڵام هەرکاتێك هەل هەڵکەوت بۆی، دەیسێنێتەوە. تاقیکردنەوەی فەرمانداریتیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود کە جۆرە دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی دار بوو،** کۆلۆنیالیستەکانی بریتانیا دابوویان، ئەوە بوو هەر لە لایەن بریتانیاوە وەرگیرایەوە. **کوردستانی سۆر** کە دەوڵەتی دیکتاتۆری سۆڤیێت

دابووی، لە لایەن ستالینی تیرۆریستەوە هەڵوەشێنرایەوە و بەخشرا بە ئازەرییە فاشیستەکان. ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان، کە بەپێی رێککەوتننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بەعسییە عەرەبەکان دابوویان، هەر لە لایەن بەعسییەکان خۆیانەوە هەنگاو بە هەنگاو وەرگیرایەوە و دەفن کرا. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە **ئۆتۆنۆمی لەوانەیە دەست بکەوێ، بەڵام لە سنووری دەوڵەتێکی ملهوڕ و دیکتاتۆردا ناپارێزرێ و راناگیرێ**. چونکە کورد دەسەڵاتی سوپایی و هێزێکی دەستوەشێنی وای نییە کە ئەو ئۆتۆنۆمییە بپارێزێ. کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی داریش مافی ئەوەی نییە، وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ببێتە ئەندامی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، تاکوو بتوانێ داوا لە ئەنجومەنی زێرەوانی نێونەتەوەیی بکا بیپارێزێ. ئەمە بێجگە لەوەی کە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی داری کوردستان، لە سنووری دەوڵەتانی عەرەب و ترك و فارس دا، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتانە دێموکراتیش بن، کە نابن، ئەوا هەرێمە ئۆتۆنۆمی دارەکە بەرە بەرە پڕ دەبێ لە عەرەب و ترك و فارس و لە سەرخۆ و، بە پێی پێویستی یە نابوورییەکان، دێموگرافی نێوچە کوردییەکە دەگۆڕدرێ و، ئەو دەمە جیابوونەوەی زۆر زەحمەت دەبێ.

کە واتە یەکەمین هەنگاو بەرەو ئامانج ئەوەیە، کورد جارێ لە سەر ئەوە رێکبکەون کە چییان دەوێ. خۆ ئەگەر مەبەست ئۆتۆنۆمییە، ئەوا هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی و، چاوەڕوانی ئەوە بکا تا ئەم دەوڵەتانە دەبنە دەوڵەتی دێموکراتی، ئەوجا هەوڵی ئۆتۆنۆمی بدرێ. بەڕاستی نەك هەر حەیف و مخابنە کە بۆ ئۆتۆنۆمی ئەم هەموو قوربانییە بدرێ، بەڵکوو نابەرپرسیاری و بگرە تاوانباریشە بەرامبەر جەماوەری کورد کە نابێ درێژەی پێ بدرێ.

لەوانەیە هەبن بێژن کە حیزبەکانی کوردستان ناتوانن باسی سەربەخۆیی بکەن، چونکە هیچ لایەك لە نێوچەکە و لە جیهاندا بە سەربەخۆیی کوردستان رازی نابێ. ئەم بیانووە هەتا ئەندازەیەك ژیربێژانە دیارە، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە، ئایە ئێمە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە خەڵك، بە تایبەتی داگیرکەرانی کوردستان، بێن باسی سەربەخۆیی وڵاتەکەمان بکەن و، هەوڵ بدەن بۆی، ئەوجا ئێمە زات بکەین باسی بکەین؟ یان ئەوەی ئێمە خۆمان داوای سەربەخۆیی وڵاتەکەمان بکەین و تێبکۆشین بۆی و بیکەین بە ماڵ بەسەر خۆمانەوە و بیبەینە

مێشکی خەڵکەوە کە ئەم داخوازییە شتێکی ئاسایی و ڕەوایە؟ لە گەڵ ئەمەشدا ئەگەر بێژین حیزبەکانی کوردستان لەبەر هەر هۆیەك هەیە با ببێ، ناتوانن، **ئەی خۆ دەتوانن باسی بڕیاری چارەنووس بکەن، بێ ئەوەی مەرج دابنێن بۆی**، یان ببەستنەوە بە سنووری دەوڵەتێکەوە لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان. بڕیاری چارەنووس پرنسیپێکی نێونەتەوەییە و کەس ناتوانێ بە ئاشکرا لاری هەبێ لێی. کە ئەمان باسی بڕیاری چارەنووسیان کرد، ئەوجا هەر لایەنە دەتوانێ بەجۆرێك لێکی بداتەوە وەك خۆی دەیەوێ. خۆ حیزبەکان ئەمەیان لە دەست دێ و دەشبێ بیکەن. چونکە ئەگەر نەیکەن، ئەوا دیارە ڕەنجی کورد و ڕەنجی چەند ساڵەی خۆشیان بەفیڕۆ دەدەن. شتێکی دیکەش هەیە پێویستە بێژم، باشە، وا ئەوان ناتوانن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، خۆ ئەوەیان لە دەست دێ کە **«پاکانە»** بۆ خۆیان نەکەن کە داوای دەوڵەتی کوردستان ناکەن، وەك دەوڵەت دروستکردن بۆ کوردی خاوەن مێژووی چەند هەزار ساڵە و لە سەر خاکی خۆی ژیاو تاوان بێ و ئەمان «بێز» بکەنەوە لێی. پێ دەچێ بێژن، باشە ئەگەر هاتوو پرسیار کرا لێمان لە بارەی «دەوڵەت» دروستکردنەوە، ئەوسا چی؟ باشە ئەگەر هاتوو یەکێك پرسیاری کرد لێیان، ئایە حیزبەکەیان داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا یان نا، پێی بێژن کە سەربەخۆیی کوردستان بڕیارێکی چارەنووسانەیە و ئەوەش بە دەست نەتەوەی کوردە، نەك بەدەست یەك حیزب و ئەم بڕیارە دەبێ دابنرێ بۆ نەتەوەی کورد. ڕاستییەکەشی هەر وایە. حیزبێك هەر چەندە جەماوەری زۆر بێ و پان و پۆڕ بێ، ناتوانێ ببێ بە نوێنەری چل ملیۆن کورد و بە ناوی کوردەوە بڕیاربدا.

لەبەر ئەوە دەبێ حیزبەکان و کۆمەڵەکان و ڕێبازەکانی کوردستان بە زووترین کات لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا ساخی بکەنەوە چییان دەوێ و بە تەمای چین، تا ئەوەش ساغ نەکرێتەوە، قسە لە ڕێ و شوێن ناکرێ بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجە.

ئەمە یەکەمین هەنگاوە کە دەبێ حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان و کورد بینێن. دووەمین هەنگاویش کە تەواوکەری هەنگاوی یەکەمە، ئەوەیە کە حیزبەکان و ڕێبازەکان هەموویان خەریکی کاری رامیاریی بن. واتە دەست لە کاری سوپایی و پێشمەرگەیتی و گیریلایەتی بکێشنەوە.

کۆتایی سەدەی بیست، وەك ساڵەکانی پەنجاکان و شەستەکان و تەنانەت حەفتاکانیش نییە. لەو سەردەمانەدا دەتوانرا بە **هێزی پێشمەرگەیەتی (لێدە و راکە)** گەلێك دەسکەوتی سوپایی بهێنرێتە دەست. ئەورۆ تەکنیکی سوپایی زۆر پێشکەوتووە و، شەڕ شەڕی ئازایەتی و رۆستەمی نییە، بەڵکوو شەڕی تەکنیکە. ئەوی ئەو تەکنیکەی نەبێ و پێی هەڵ نەسووڕێ، ئەوا شەڕ دەدۆڕێنێ. لە شەستەکاندا کە سوپای رزگاری کوردستان بە رێبەری **بەهەشتی سەرۆك بارزانی** کەوتبووە کار، لەوانە بوو گەلێك سەرکەوتن بهێنێتە دەست، ئەگەر هێزە رامیارییەکانی کوردستان لە نێوخۆیاندا یەکگرتوو بوونایە و، هێندێکیان بە فروفێڵی دوژمنی داگیرکەر هەڵنەخلەتانایە و نەچوونایەتە پاڵی و، هەروەها لە سەرکردایەتیی بارزانی دا مرۆڤی خراپ و دووڕوو و دووزمان و هەلمەتە کاسە و ئاژاوەگێڕ و برا لە برا هاندەر نەبوونایە و، شۆڕشیش هەموو گیانێکی بە یارمەتیی دەرەوە نەبووایە و، پشتی بە خۆی و بە دەسەڵاتی ماکی و میناکی خۆی ببەستایە. بەڵام ئێستە ئەوە بووە بە مێژوو و، لێرە جێی ئەو باسە نییە. ئەوەی پێویستی بە گوتنە لێرەدا ئەوەیە، تاقیکردنەوەی ئەم چل ساڵەی دوایی کە شەڕی پێشمەرگەیەتی لە گەلێك لای کوردستاندا هەڵگیرساوە و درێژەشی هەیە، دەری خست کە کورد لە باری سوپاییەوە زۆر دوواکەوتووە، وێنەیەکی ئەم دوواکەوتنەش ئەمەیە، ئەوەتە کورد لەم ماوە دوور و درێژەدا کە حیزبەکان سەریان کردووە بە کۆشی گەلێك دەوڵەت و رژێمدا، کەچی تا ئەورۆ نەیانتوانیوە نەك هەر تاکە یەك فڕۆکەوان، یان بەکارهێنەری چەکی قورس پەروەردە بکەن، بەڵکوو فیشەکێکیشیان پێ دروست ناکرێ. **لە کاتی پەلاماردانی هێزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆسەر پێگە (پادگان)ی مەهاباد و دەست گرتن بەسەر گەلێك چەکی قورس دا، دەرکەوت کە کادری سوپایی نەبوو ئەو چەکانە بەکار بهێنێ. ئەم داماوییە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا جارێکی دی رووی دایەوە، بەڵام ئەمجارە لە باشووری کوردستاندا دووبارە بووەوە، کاتێ کە راپەڕینی خەڵکی باشوور** رێی کردەوە بۆ دەستگرتنی جەماوەر بەسەر چەکی قورسدا، وەك تۆپی دوورهاوێژ و تەنانەت فڕۆکەی جەنگی لە کەرکووك و سلێمانی و هەولێر. ئەوەبوو لە بەر بێ کادری هێندێك لەو چەکانە سووتێنران و شکێنران و هێندێکیشی لە کاتی گەلرەوەکەی خەڵکی باشووردا بە جێمان و جارێکی دی کەوتنەوە دەست لەشکری

عێراق. لێرەدا شتێکم دێتەوە بیر کە لەو کتێبەدا خوێندمەوە کە بە نێوی **"مۆساد لە عێراق و دەولەتەکانی دراوسێیدا، هەرەسهێنانی ئاواتەکانی کورد و ئیسرائیل"** باسکراوە. ئەم کتێبە لەلایەن **«شلۆمۆ نەکدیمۆن»**ەوە نووسراوە کە یەکێکە لە شیکەرەوە سیاسیە یەکانی ئیسرائیل و یەکێکە لە بەرێوەبەرانی رۆژنامەی **"یەدیعوت ئەحارۆنوت"**. کتێبەکە بە زمانی عیبری نووسراوە و لە لایەن **بەدر عەقیلی** (بدر عقیلی) یەوە کراوە بە عەرەبی و لە **عەممان (ئەردەن)** لە لایەن **"دارالجلیل"**ـەوە لە ۱۹۹۷ دا چاپکراوە. نووسەر دەبێژێ: **«کوردەکان نەیاندەتوانی نەخشەی سوپایی بخوێننەوە. لە نێو سوپای پێشمەرگەیەتی سەرۆك بارزانی دا تاکە یەك ئەفسەر هەبوو کە بتوانێ نەخشەی جەنگی بخوێنێتەوە، ئەویش عەقید روکن ئەزیز رەشید ئەکرەیی (عزیز عقراوی) بوو. هەروەها دەبێژێ «کورد ئازا و شەرکەرن بەلاَم لە تەکتیکی شەر بێ ئاگان.»**

ئەرێ ...؛ زۆری و بۆری چەکدارانی کورد هەر لە سەرەتای شۆرشی ئەیلوولەوە کە لە ۹ یان ۱۱ی ئەیلوولی ۱۹٦۱ەوە دەستی پێکرد و هەتا ئەورۆ درێژەی هەیە، گەلێك گێرە و کێشەی بۆ حیزبەکانی کوردستان دروستکردووە. راکردنی زۆرکەس بۆ نێو پێشمەرگە، نەك هەر خزم و کەس و کارەکانی راکردووەکانی تووشی گرتن و شکەنجە و کۆچ پێدان و نان برین و راگواستنەوە کردووە، بەلکوو حیزبەکانی کوردستانیشی ناچار کردووە کە پتر چاوەروانی دەستی داگیرکەرانی کوردستان بن بۆ مسۆگەرکردنی نان و جلك و چەك و تەقەمەنی و خزمەتی پزیشکی بۆ پێشمەرگەکانیان. **لە بەر ئەوە هەتا هێزی چەکداری کورد بەو شێوەیەی ئێستەی بێ و، جیا نەکرێتەوە لە حیزبەکان و نەکرێتە هێزێکی سەربەخۆی رێك و پێکی نەختوپوخت، بە سەرکردەیەتی ئەفسەر و فەرماندار‌ی سوپایی راستەقینە کە تەکتیکی سوپایی یان خوێندبێ و، بە بیروبۆچوونێکی نەتەوەییەوە بجوولێنەوە، ئەوا هێزی چەکداری کورد هیچ سوودێکی نابێ، بەلکوو زیانیشی دەبێ. بەتایبەتی هەر کۆمەلە پێشمەرگەیەکی سەر بە حیزبێك دێتە بەکارهێنان و دەخرێتە دەستوەشاندن لە دژی پێشمەرگەی حیزبێکی دیکە و دەکرێتە تەلاَشی خۆشکردنی ئاگری شەری براکوژی.**

هەر لەم بوارەشدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ راستییەك بکەم، ئەمەش

ئەوەیە کە **کێشەی کورد راستە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی رامیارییە و کورد خۆشیان هەروای تێدەگەن و تێی گەیشتوون، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان بە کێشەیەکی رامیاری نازانن، بەڵکوو بە کێشەی یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە لە رووی دەوڵەت و بە چەردەیی دەدەنە قەڵەم و، زۆر بێشەرمانە بە «تیرۆریزم» ـی دادەنێن و، لە رێی بەکارهێنانی زۆرەوە چارەسەری دەکەن، واتە کردوویانەتە کێشەیەکی سوپایی.** لێرەدا دەمەوێ بەرپەرچێکی ئەو قسەیەش بدەمەوە کە لە نێو کورددا باوە کە گوایە **«کورد هیچ کاتێک بەشەڕ نەیدۆڕاندووە و، هەر لە گۆڕەپانی رامیاری دا دۆڕاندوویەتی.»** ئەم قسەیە درۆ و پووچەڵ و چەواشە کەرانەیە، کورد بە زۆری لە مەیدانی شەڕدا دۆڕاندوویەتی، هەر کاتێکیش لە مەیدانی جەنگدا پێشڕەوی کردبێ، ئەوا دوژمنەکانی ناچاربوون بە راست بێ یان بە درۆ، سەر بۆ هێندێك لە داخوازییەکانی شۆڕ بکەن. سەرکەوتنی کورد لە شەڕی چیای هەندرێن و کۆڕەك دا لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٦٦ دا ـ ئەو شەڕەی کە سوپای عێراق هەر لە باپشتیان(بافستیان) ی نێزیك دیانە ١٩٩٦ لاشەی سەربازەکانی ناشت و لە ١٩٦٥/٤/٤ ەوە تا ١٩٦٦/١/١٧ شەش هەزار سەربازی عێراق لەوانە ١١٥ ئەفسەر کوژران، وای لە حکوومەتی عێراق کرد بە سەرۆکایەتی **مامۆستا ئەورەحمان بەزاز (عبدالرحمان البزاز) کە لە ١٩٦٦/٦/١٥ دا کۆنفرانسێکی رۆژنامەیی بگرێ و بەزاز بە دەمی خۆی بێژێ: «عێراق هەر وڵاتی عەرەب نییە، وڵاتی عەرەب و کوردە» (رۆژنامەی «العرب» ژمارە ٦٠١، بەغدا ١٩٦٦/٦/١٦**، بەڵام هەر ئەو بەزازە بەرێزە پاش چەند مانگێك دووای ئەوە، پاش ئەوەی شەڕ وەستێنرا و رژێمی عێراق تیشکی کەسکی لە مۆسکۆوە بۆ هات، بۆ یارمەتیدانی عێراق بە چەك و، بەزازیش لە سەر کار لابرا لە لایەن ئەفسەرە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە، هەر ئەو بەزازە گوتی: **«ئەو مافانەی ئەو بەڵێنی دانی بە کورد داوە، پرۆگرامی حکوومەتەکەی وی بوون، حکوومەتێکی دی کە پاش ئەو هاتووەتە سەرکار، دەروێستی (ملتزم) ئەوە نییە ئەو پرۆگرامە جێ بە جێ بکا» (التاخي)** ژمارە ٦٢ ساڵی (١) بەغدا ١٩٦٧/٧/٢). **هەروەها سەرکەوتنی پێشمەرگەی کورد بە سەر لەشکری تاوانباری عێراقدا لە زستانی ١٩٦٩/١٩٧٠ دا، رژێمی بەعسی عێراقی ناچار کرد، دان بە «مافی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق» دا بنێ کە تا ئەو دەمە بەعس وشەی کوردستانی بە**

سەردەمدا نەدەهات. هەر دووای ئەو رێککەوتنە بەعسی یەکان کەوتنە وەرگرتنەوەی ئەو مافانە. **جارێك بە هەوڵدان بۆ کوشتنی سەرۆك بارزانی و جارێك بە چوونە مەکۆوە بۆ ئیدریسی کوڕی** و، هەتا ئەوەی لە بەهاری ۱۹۷٤ دا شەڕیان تازە کردەوە و، بە هەرەسهێنانی شۆڕش لە بەهاری ۱۹۷٥ دا، ئۆتۆنۆمیش هێدی هێدی وەك رێککەوتننامەکە گۆڕی ون بوو.

جا وەك لەمەو بەر گوتم، **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**، پاش شۆڕشی ئیسلامی دەستی گرت بە سەر **پێگەی مەهاباد** دا و گەلێك چەکی قورسی دەستکەوت و ژمارەیەکی زۆر شەڕکەری لە دەور کۆبووەوە و، بۆ ماوەیەك تەنگیان بە رژێمی خومەینی هەڵچنی. رژێمی خومەینی ناچار بوو بکەوێتە باسی **«خودگەردانی» واتە (خۆگێڕان)**، بەلاّم کە حیزبی دێمۆکرات لە ئەنجامی شەڕی نێوخۆیی نێوان دێمۆکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق و هەڵوێستی دوژمنانەی حیزبی توودە و دەستێوەردانی دووزمانانەی **«فەدای یانی خەڵك» (فدائیان خلق)**، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە باری سوپایی یەوە بێ هێز بوو، ئەوسا باسی **«خۆگێڕان»** یش پێچرایەوە. لێرەدا دەبێ ئەو راستییەش بخەینە بەرچاو کە سەرکەوتن لە مەیدانی چەکداری دا یارمەتییەکی گەورەیە بۆ سەرکەوتن لە مەیدانی رامیاری و دیپلۆماسێتی دا. چونکە بەرەی سەرکەوتوو پتر قسەی دەڕوا لە بەرەی ژێرکەوتوو. هەر لەبەر ئەوەشە داگیرکەرانی کوردستان دەیانەوێ **بەهێزی چەك** بزووتنەوەی کوردایەتی سەرکوت بکەن و ناچنە ژێرباری دیالۆگ (وتووێژ)ـەوە، چونکە دەزانن بەشەر هەموو کاتێ دەرەقەتی کورد دێن. **ئەوەش دەزانن کە رازی بوون بە وتووێژ لە گەڵ کورد، بەمانای دانانە بە بوونی دژی کورددا وەك هێزێکی لە وتووێژدا بەشداربوو بەرامبەر بە خۆیان.** دیارە کە وابوو، ئەوڕۆش نەبێ، سبەینێ ناچار دەبن مافێك بۆ کورد دەسنیشان بکەن. شەهیدکردنی زانا و سیاسەتکاری کورد **عەبدوڕەحمانی قاسملوو** لە سەر مێزی وتووێژ، بەڵگەیەکی گەشە بۆ راستی ئەم بۆچوونە. **کە واتە داگیرکەرانی کوردستان وتووێژیان ناوێ، تا ناچار نەکرێن بە وتووێژ کردن. لەبەر ئەوە پێویستە کورد هەوڵی ئەوە بدا ئەم دەوڵەتانە ناچار بێن بە وتووێژ کردن لە گەڵ کورد وەك لایەنێك لە کێشەکەدا.** بەلاّم وتووێژ نەك بە دژی و

فزی و لە چاوگە خانوویەکی شاری ڤیەننا، یان پێتەختەکانی داگیرکەراندا، ئەوەی سەرکردەیەکی کورد لە گەڵ سیخوڕێکی تاوانباری دەوڵەتێکی داگیرکەردا بکەوێتە چرپە چرپ، بەڵکوو وتووێژ دەبێ بە ئاشکرا لە نێوان سەرکردایەتیی هەردوو لادا بێ و بە بەشداربوونی چاودێرە ئینتەرناسیۆنالییەکان و گەرەنتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، بە نووسینی رەسمی بێ (٧). جا چونکە دەسەڵاتی سوپایی کورد ئەورۆ بایی ئەوە نییە بە زۆر داگیرکەرانی کوردستان ناچار بکا بکەونە وتووێژی لەم بابەتەی باسمان کرد، پێویستە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد رێ یەکی دیکە بدۆزێتەوە و بیگرێتە بەر بۆ گەیشتنە ئەم ئەنجامە. ئەو رێیەش بە بیری من ئەوەیە کورد سووت لە هەل و مەرجی هەرێمی و نێوچەیی و جیهانی وەربگرێ کە ئەورۆ رەخساوە بۆی. بە تایبەتی بوونی **«هەرێمی ئاسایش»** وەك هەرێمێك بەدەست کوردەوە بە برِیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و، بە پارێزگاریی لەشکری ئەمریکا و بریتانیا، دەرفەتێکی باشە بۆ کەوتنە سەر رێی بەرەو ئەو ئامانجە. **بۆیە ئەو رێککەوتننامەیەی کە لە نێوان پارتی و یەکێتی دا لە واشنتن لە ١٧ی ئەیلوولی ئەمساڵدا ئیمزا کرا بە بەشداری رەسمیی دەوڵەتی ئەمریکا، هەنگاوێکی یەکجار گرنگە لەم رووەوە، کە دەبێ بپارێزرێ و بەهێز بکرێ و بکرێتە بناخەی گەلێك کاری مەزن.** جا بۆ ئەوەی ئێستا باشتر لەو دەرفەتانە بگەین کە دەتوانن لە دوارۆژ دا برەخسێن بۆمان، پێویستە لە سەرمان سەرنجێکی ئەو هەل و مەرجانەش بدەین کە هاتوونەتە گۆرێ، واتە چاوێك بگێرین بە بارودۆخی ئەو هێزە دەرەکییانەدا کە پێوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەیە.

دیارە نێزیکترین هێزی دەرەکی کە راستەوخۆ پێوەندیی بە بارودۆخی کوردەوە هەیە، داگیرکەرانی کوردستانن. واتە: دەوڵەتی ترك، لە پشت ئەویشەوە، ترکە تورانییەکانی ئازەربایجانی ئێران و ئازەربایجانی کۆنە سۆڤێت و تورانییەکانی باشووری کوردستان و قوبرس. ئەوجا دەوڵەتی عێراق و سووریا و لە پشت وانیشەوە شۆڤێنییە عەرەبەکانی هەموو دەوڵەتە عەرەبەکان و، هەروەها رژێمی ئێران و لە پشت ویشەوە فارسە تەنگەتیلکە شۆڤێنییەکان کە سەری زمان و بنی زمانیان **«تمامیت ارضی» (تەواوێتیی خاك)** ە و، لەم دواییەشدا فارسە شۆڤێنییەکانی تاجیکستان و ئەفغانستان و شیعە تەنگە تیلکەکانی پاکستان و، ئەوجا هەموو ئەو موسوڵمانانەی

کە بە موسوڵمانی بنچینەگر (فوندامەنتالیست) ئێویان رۆیوە و، هەوڵی دامەزرانی **رژێمێکی مەلا فەرمانی دەدەن.**

یەکێک لە تایبەتکارەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و، تەنانەت هێندێک لەو دەوڵەتانەش کە پشتگریان دەکەن، وەک پاکستان و ئەفغانستان و ئازەربایجان، ئەوەیە کە هەموویان دەوڵەتی ناسیۆنالی گەلێکی بچووکن لەو گەلانەی لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا دەژین و، هەمووش دەوڵەتی دەستکردن، واتە هیچیان بە شێوەیەکی خۆڕسکی نەهاتوونەتە بوون. **کوردستان، بەپێچەوانەی ئەو دەوڵەتە دەستکردانەوە، مێژوویەکی چەند هەزار ساڵە و کولتوورێکی چەند هەزار ساڵەی هەیە و، بەشێوەیەکی خۆڕسکی و لە سەرخۆ هاتووەتە بوون. کوردستان راستینەیەکی دیرۆکی و جوگرافیایی و فەرهەنگی یە، لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتە ناسیۆناڵە دەستکردانە هیچیان تەمەنیان لە ٨٠ ساڵێک تێپەڕناکا و، هەموو بەشێوەیەکی ناخۆزا و لە ئەنجامی فرتوفێڵی کۆلۆنیالیستەکانی ئەورووپا و دەوڵەتە پیشەسازەکانەوە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم تەپکە تەپکە سازدراون و لە هێندێ لاوە سنوورە ساختەکانیان بە راستە بۆ کێشراوە. تکایە تەماشایەکی سنووری عێراق و ئەردەن و سووریا و ... هتد بکەن. جا لەبەر ئەوەی ئەم سنوورانە دەستکرد و نائاساییین، ئەوا هەموو کاتێک مەترسیی هەڵوەشاندنەوە دەکرێ لێیان. ئاشکرایە تاکە رێیەک بۆ پاراستنی ئەم سنوورانە، بەکارهێنانی زۆر و لەشکرکێشی و خوێنڕێژییە. هەر سەبارەت بەوەشە کە لەم دەوڵەتە ناسیۆنالانەی عەرەب و ترک و فارس دا، سیستەمی دێمۆکراتی و پلۆرالیستی نایەنە سەرکار و ناشتوانن بێنە سەرکار. خۆ ئەگەر بێنە سەرکار، ئەوا ئەو دەوڵەتانە، وەک دەوڵەتی ناسیۆنالی عەرەب و ترک و فارس لە ئێو دەچن. داگیرکەرانی کوردستان ئەوە باش دەزانن، بۆیە نەلە رابوردوودا و نەلە کاتی ئێستەدا، رێیان بە هیچ سیستەمێکی دێمۆکراتی نەداوە و نایدەن و لەمەو بەدوواش هەر نایدەن. ئەوە باش دەزانن کە تەنانەت ئەگەر دێمۆکراتیتی یش نەبێ و، کورد بەم جۆرەی ئێستەی لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، ئەوا رۆژێک دێ کە ژمارەی کورد لە ژمارەی گەلە داگیرکەرە سەردەستەکانی پتر دەبێ. بۆوێنە، بەپێی سەرژمێرێک کە کراوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ دا ژمارەی کورد لە نێو دەوڵەتی ترک دا لە ژمارەی ترک پتر دەبێ. لەبەر ئەوە ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانە تاکە**

چارەیەك بۆ مـان و راگـرتنی دەوڵەتی ناسیـۆنالّی خۆیان لە تەفـر و تووناکـردنی کـورددا ، واتە لە گـەلکوژی دا دەبینن. کـورت و کـرمانجی: کێشـەی کورد بووەتە کێشەیەکی سوپایی کە هەوڵدەدرێ لە رێی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژەوە، وەك گازی ژەهراوی و چەکی میکرۆبی و تیشکی لێزەر و کۆچ پێکردن و زەوی سووتاو و کانی یە ئاوی بە چیمەنتۆ داخراوەوە لە رەگوڕیشەوە بنبڕبکرێ.

داگیرکەرانی کوردستان لە پالّ بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ و تووناکەردا ، رێیەکی رامیـاریش بەکـار دەبەن، بەوەی هەر دەوڵەتە لە گـەلّ کـوردی بەشـێك، یان چەند بەشێکی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستاندا ، پێوەندی دەبەستێ. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کـە دەوڵەتە داگیـرکـەرەکـانی کـوردسـتـان بە پێی پێکهـاتەی دەستکردانە و رژێمی دیکتاتۆرانە و سروشتی شۆڤێنیستانەیان، لە نێوخۆیاندا دوژمن بەیەکن، دوژمنایەتییەکی وا کـە تاکە نموونەیەکی لە جـەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و لە ئاشتوماشتی (٢٥) ساڵەی دەوڵەتی سووریا و عێراق و هەڕەشە و گوڕەشەی دەوڵەتی ترك لە دەوڵەتی سووریا بەدی دەکرێ. جا پێوەندی هەر دەوڵەتێك لەم دەوڵەتانە بەکـوردی ژێردەسـتـەی دەوڵەتەکـانی دیکەوە، بەلای دەوڵەتە داگیـرکـەرەکانەوە، تاکتیـکێکی کـاتییـە و ئامـانجی ئەوەیە کـورد بکا بەگژ دەوڵەتی دراوسێ نەیارەکەیدا و، کـوردی دەوڵەتی دراوسـێش بکا بەگژ کـوردی ژێردەستـەی خۆیدا . خۆ ئەگەر ئەمەشی پێنەکرا ، ئەوا بیکا بە سیخوڕ (جاسووس) بەسەریانەوە، یان هـەر نـەبێ بیـانکا بە گـژ یەکـدیدا . ئەم تاکـتـیـکە شـەیتـانـانەیەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەلای سیاسەتکاران و حیزبەکانی کوردستانەوە لەسەر بناخەی رفۆکی ئەو بیرۆکە قرچۆکە پووچەڵە دامەزراوە کە دەبێژێ «دوژمنی دوژمنم دۆستمە» بۆیە کەوتوونەتە پێشبڕکێ بۆ خۆنێزیك کردنەوە لەم دەوڵەتانە. راستی - یەکـەی جـارێ هیچ مـەرج نیـیـە دوژمنی دوژمنەکـەی تۆ دۆستی تۆ بێ. دووایی دوژمنایەتی ئەم دەوڵەتانە لە نێوخۆیاندا هەرچەندێك بەتین بێ، بەلای وانەوە هێندە زیانبار نییە وەك ئەوەی دەوڵەتێکی کوردی دروست ببێ. ئەوجا ئەو دەوڵەتە لە هەر کونێـەك دەبێ با ببێ. ئەم سیـاسـەتەی دەوڵەتە داگـیـرکـەرەکـانی کـوردسـتـان پاش دامەزراندنی «هەرێمی ئاسایش» رۆنتر کەوتە ڕوو. هەر چەندە ئێستـە دەوڵەتی ترك لە گەلّ پارتی دێموکراتی کـوردستانی عێراق و، دەوڵەتی ئێران لە گـەلّ یەکێتی

نیشتمانیی کوردستان و پێ کێ کێ و، دەوڵەتی سووریا لە گەڵ پێ کێ کێ و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق و، دەوڵەتی عێراق لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و پێ کێ کێ پێوەندییان هەیە، **بەڵام ئاشکراتر لە جاران دەریدەبڕن کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردن**، ئەوە بوو هەر سێ دەوڵەتەکە **(ترک و ئێران و سووریا)** کە هەرسێکیان بەقسە گوایە دەیانویست پارتی و یەکێتی ئاشت بکەنەوە، کەچی وەزیرەکانی دەرەوەیان، هەرسێکیان لە ١٩٩٤/٨/٢١ دا لە دیمەشق نارەزایی و ناپەسەندی خۆیان بەرامبەر بە **ڕێککەوتنی پاریس لە نێوان پارتی و یەکێتی** دا بە ئاشکرا دەربڕی. ئەوەتە لەم رۆژانەدا و پاش ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی و بەستنی **پەیمانی واشەنتن**، دەوڵەتی ترک بەجارێ حاڵی لێهاتووە و دیسانەوە لەشکری کشاندووەتەوە **«هەرێمی ئاسایش»** تەنانەت دەوڵەتی ترک لە داخی ئەوەی کە پارتی و یەکێتی لە واشەنتن ڕێککەوتوون، بێ بەشداربوونی ترک، نوێنەری خۆی ناردووەتە لای سەددام و دەیەوێ سەفیر بنێرێ بۆ بەغدا و پشی پشی بۆ سەددام دەکا، هەرچەندە سەددام بە ترک باوەڕ ناکا و دەست دەنێ بەڕوویانەوە. بێگومان دەوڵەتی ترک بەم کردەوە گەوجانەیەی وا بە ئەمریکا رادەگەیەنێ کە پشت بە رژێمی ترک نابەسترێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کێشەی کورد بەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لە هەموو کێشەیەکی دی گرنگترە و هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە دەکرێنە قوربانی. لە هەمان کاتیشدا مانای وایە کە رژێمی ترک دەسکەلای دەستی ئەمریکا نییە، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە کۆمۆنیستەکان و هوردەبۆرژوا مارکسی یەکان پەنجا ساڵ دەیانڕست، بەڵکوو رژێمی ترک دادۆشەری ئەمریکایە بۆ بەرژەوەندیی شۆڤێنیستانە و کۆلۆنیالیستانەی خۆی.

بەرێزینە!

یەکێك لە تایبەتکارەکانی ئەم جۆرە پێوەندییە لە نێوان کورد و داگیرکەرانی وڵاتەکەیدا ئەوەیە کە «هەڤالبەندی» یەکی کاتییە لە نێوان دەسەڵاتدارێکی داگیرکەر و کەم دەسەڵاتێکی ژێردەستەدا، بەنیازی خاپاندن لە لایەن داگیرکەری دەسەڵاتدارەوە و، بەهیوای دۆستایەتییەکی ئاسەر لە لایەن کەم دەسەڵاتەوە. داگیرکەران ئەم «هەڤالبەندی» یە وەك پێوەندییەکی کەم خایەن تەماشا دەکەن،

بەڵام هێزە کوردستانییەکان ئەم جۆرە هەڤاڵبەندییە وەك داگیرکەران نابینن، بەڵکوو وەك یەککرتنێکی ستراتیژانە تێی دەڕوانن. لەبەر ئەوە ئامادەی هەموو جۆرە قوربانی - یەکن لە پێناوی راگـرتنیـدا، زۆر جاریش لەسەر حسێبی شکاندن و کەرتکردنی ریزەکانی گەلی کورد، کە بێگومان کەرتوپەرتبوونی ئەو ریزانە یەکێکە لە ئامانجە بنچینەیی یەکانی داگیرکەرانی کوردستان کە بەدەستی کورد خۆی بەئەنجامی دەگەیەنن، بێ ئەوەی هیچ جۆرە داکەوتن (تنازل) ێکی بنچینەیی بۆ کورد بکەن. بۆ وێنە: لە کاتێکدا کـە پارتی دێمـۆکراتی کـوردسـتـان و پێ کێ کێ لە شـەڕێکی خـوێناویدان لە دژی یەك و **بەڕێز مـەسـعـوود بارزانی** سـەرۆکی پارتی لە لای پەیامنێری رۆژنامەی **«تورکیش دێلی نیووز»** پەسنی هاوکاری خۆی دەدا لە گەڵ لەشکری ترك و دەبێژێ **"بەختیارم بەهاوکاری کردن لە گەڵ لەشکری ترك دژی پێ کێ کێ"**، دەوڵەتی ترك دان بە حکوومەتی باشووری کوردستاندا نانێ و حکوومەتی ترك وەزیرەکانی پارتی بە وەزیر ناناسێ و، پاش رێککەوتنی پارتی و یەکێتی لە واشەنتن، بە رەسمی بلاوی دەکاتەوە کە **"ئەم رێککەوتنەی بەدڵ نییە و دانی پێدا نانێ و رێ نادا حکوومەتێکی کوردی لە باکووری عێراقدا تاسەر بچەسپێ و ببێتە هۆی پارچە پارچەکردنی عێراق"**. ئەمەش **ئیسماعیل جەم** وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی ترك هەر پاش رێککەوتنی واشەنتن دەستبەجێ بەرەسمی بلاوی کردەوە. ئەوەش لە بیرنەچێ ئەوەتی **«هەرێمی ئاسایش»** دامەزراوە، دەوڵەتی ترك تا ئێستە هەر رۆژە نارۆژێ هەڵیکوتاوەتە سەر هەرێم و کوردی باشووری قەلاچۆ کردووە و، لە نێو ئەوانەدا نێزیکەی هەشت سەت پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە یەکێتی بەرەسمی بیرۆی هەیە لە ئەنقەرە و هیچ خراپەیەکیشی دژی دەوڵەتی ترك نەکردووە. هەروەها لەشکری ترك تەنێ لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا (١٩٩٨) ٢٧ چەکداری پارتی کوشتووە (گوایە بە هەڵە). کە ئاشکرایە پارتی خزمەتی زۆری دەوڵەتی ترکی کردووە و دەکا و خراپەی نەبووە بۆی (٨).

هاووڵاتانی بەڕێز!

تایبەتکارێکی دیکەی ئەم هەڤاڵبەندییە کورت خایەنەی نێوان کورد و داگیرکەرانی وڵاتەکەی ئەوەیە کە هێزە کوردستانییەکان لە هیچ لایەکی کوردستاندا زاتی ئەوە ناکەن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن و هەوڵ بدەن بۆی. چونکە

داگیرکەرانی کوردستان هەموو لە سەر ئەوە یەکن کە نابێ لە هیچ جێیەکی کوردستاندا سەربەخۆیی هەبێ. **دەمیرێل**، کۆنە سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی ترك و سەرکۆماری ئێستەی دەوڵەتی ترك هەر لە ساڵی ١٩٩٤دا گوتی **«دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کۆرەوەرییەکی هەرێم گیرە»**. ئاشکرایە هەر پاش دامەزراندنی **«هەرێمی ئاسایش»** هەرسێ دەوڵەتی داگیرکەر، ترك و سووریا و ئێران، سەرەڕای هەموو دوژمنایەتییەکی نێوانیان، ناوبەناو کۆدەبنەوە بۆ باسی ئەوەی کە نێویان ناوە **«مەترسی کورد لە باکووری عێراقدا»** و گوایە بۆ **«پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق»**. وادیارە میراتگرەکانی **«ئەتاترك»** لەم دواییەدا بوونەتە **«ئەتا عێراق»**. شایانی باسە، کاتێك کە پارتی و یەکێتی بەربوونە گیانی یەك، ئەو کۆبوونەوانەی سێ دەوڵەتەکە دواخران، چونکە شەڕی خۆکوژی کورد مەترسیی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دوور دەخاتەوە. بەڵام پاش ڕێککەوتنی واشنتن بێگومان ئەو سێ دەوڵەتە و بەتایبەتی دەوڵەتی ترك زۆر هەوڵی خۆنێزیك کردنەوە لە ئێران و عێراق و تەنانەت لە سووریاش دەدا، **خۆ ئەگەر سووریا ئامادەی هاوکاری نەبوو لە گەلی بەو نرخەی کە دەوڵەتی ترك دەیەوێ، ئەوا دەکەوێتە شەڕ پێ فرۆشتنی**. جا دەوڵەتی ترك تا چ هەندازەیەك لەو هەوڵە دیپلۆماسییە، یان لەو دەستدرێژیکەرییەی دا سەردەکەوێ، ئەوە پێوەندی بەبارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و خۆنێزیك کردنەوەی حکوومەتی **خاتەمی** ئێران لە ئەورووپا و ئەمریکا و سەرکەوتن یان ژێرکەوتنی دیپلۆماسێتیی کورد و، یەکگرتنی ریزەکانی گەلی کورد، بەتایبەت حیزبەکانی کوردستانەوە هەیە. ئەمەش دەبێ بزانین کە **خاتەمی و داروودەستەکەی، وەك، عەتائوڵڵای موهاجرانی و عەبدوڵڵای نووری و غوڵام حسەینی کەرباسی، دەستەیەك فارسی شۆڤێنیستی فێڵبازن**. ئەمانە هۆقەبازانە هەوڵ دەدەن بۆ پاگژکردنەوەی پاشڵی پیسی ڕژێمی ئێران بەرامبەر ئەورووپا و ئەمریکا. بەڵام لە هەمانکاتدا دژی دەوڵەتی ترك و هەڤالبەندیی ئیسرائیل و ترکن. **راستییەکەی ئەز کە کردەوەکانی خاتەمی دەبینم، ئەو ڕۆژانە دەهێنمە بەرچاو کە ڕێوییەکی وەك ڕەزمارا سەرۆك وەزیرانی ئێران لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا گاڵتەی بە ریشی ستالین کرد و کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی فت کرد و ئێرانی لە سەرەنگرێ بوون ڕزگار کرد. خاتەمی بوو بەهۆی پاراستنی ئێران لە**

دەستوەشاندنی ئەمریکا لە دژی. هەمووشی بە قسەی زلی پف هەڵدراوی درۆ (٩).

لە بەر رۆشنایی ئەمانەی کە باسمان کردن دەردەکەوێ بۆمان کە ئەو **«هەڤاڵبەندی»** یەی لە نێوان کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دا هەبووە هەتا ئەورۆ و بەو شێوەیەی کە هەیە، هیچ سووتێکی بە کورد نەگەیاندووە لە زیان پتر. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بێژم کوردستان، کە وەك دوورگە (جزیرە) یەك وایە لە نێو زەریایەکی پڕ لە دوژمندا، نابێ هیچ جۆرە پێوەندییەکی تاکتیکانەی لە گەڵ ئەم داگیرکەرانەدا هەبێ و، هەوڵ نەدا سووت لە ناکۆکیی نێوان بەرژەوەندییەکانیان وەربگرێ. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو پێوەندییە هەبوو، دەبێ بۆ سووتی کورد بێ. بەڵام سووت وەرگرتنێکی لەو جۆرە پێوەندییانە، زانایی یەکی پلەبەرز و وەستایی ـ یەکی تەواو لە دیپلۆماسێتی و سیاسەتکاری دا دەخوازێ، کە وەك دەردەکەوێ تا ئێستە هێزە کوردستانییەکان لە باریاندا نەبووە و نییە، ئەو دەورە بگێڕن. بێجگە لەوەش، سووت وەرگرتن لەو جۆرە پێوەندییانە پێویستی بە هاوئاهەنگییە لە نێوان هەموو هێزە کوردستانییەکانی گشت لایەکی وڵاتدا و، رێککەوتنیانە لە نێو خۆیاندا لە سەر دابەشکردنی رۆڵی تاکتیکانە. **ئەم هاوئاهەنگییەش کاتێك دروست دەبێ کە هەموو هێزە کوردستانییەکان لە بەر رۆشنایی بیروبۆچوونی نەتەوەیی دا کێشەی کورد لە هەموو لایەك بە یەك کێشەی لە یەك دانەبڕاو و کەرت کەرت نەکراو بزانن و، هەر بەشێکی هێزە کوردستانییەکان بە بەشێك لە سەرجەمی هێزی یەکگرتووی کوردستان بزانن. هێزێکی رامیاری، با نێوی خۆشی بنێ کوردستانی، کاتێك باوەڕی بە بەرژەوەندیی وەك یەك و دوواڕۆژی وەك یەك و چارەنووسی وەك یەك و هاوسەنگەریی وەك یەك نەبێ و، خۆی بە بەشێك لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بزانێ، نەك بە بەشێك لە سەرجەمی خاك و نەتەوەی خۆی، ناتوانێ خۆی لە گەڵ هێزێکی دیکەی کوردستانیدا هاوئاهەنگ بکا، کە ئەویش خۆی بە بەشێك لە دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکە بزانێ. بۆ گەیشتنە ئەم هاوئاهەنگییە، پەروەردەیەکی نەتەوەیی لە سەر دەستی کادری نەتەوەیی دا پێویستترین شتە لەم رۆژەدا. ئەوەش دەبێ بزانین کە کادری نەتەوەییمان زۆر کەمە.**

جا لە بەر ئەوەی خستنە گەڕی بیروبۆچوونی نەتەوەیی بەکردەوە لە سیاسەتدا، لە لایەن هێزە کوردستانییەکانەوە نییە، یان زۆر کزە، ئەوا دیارە ئەم هێزانە بەرامبەر بە

داگیرکەرانی کوردستان سیاسەتێکی چەوت و چەوێلیان گرتووە. ئاشکراترین دەرهاوێشتەی ئەو سیاسەتە چەوێلە ئەوەیە کە تا ئێستە نەیانتوانیوە لە هیچ سەردەمێکدا دوژمنی سەرەکی کورد و نەیار و بەرهەڵستکەری سەرەکی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی دەسنیشان بکەن، تاکوو هەموو پێکەوە وزەی خۆیان بۆ بەربەرەکانی تەرخان بکەن. **مەبەستم لە دوژمن و نەیار و بەرهەڵستکەری سەرەکی لێرەدا دوژمن و نەیار و بەرهەڵستکەرێکە کە لە هەموو دوژمنان و نەیاران و بەرهەڵستکەرانی دیکە بەهێزتر و کارامەتر و پرچەکتر و، لە سنووری ئینتەرناسیۆنالیدا پشتووپەنا دارتر بێ.** لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا، ئەو دوژمنە سەرەکییە رژێمی عێراقی سەددام بوو. ئەورۆ ئەو دوژمنە سەرەکییە رژێمی سەددام نییە، کە لە لایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کەوتووەتە ژێرباری سزادان و گەمارۆدانی ئابووری و سنوور بۆدانانی بزووتنەوەی سوپایی. ئەوەتە کۆنگرەی ئەمریکا بە ئاشکرا و بەرەسمی چەند سەت ملیۆنێك دولار تەرخان دەکا بۆ پشتگیریی **"بەرهەڵستکەرانی عێراقی"** و بەربەرەکانێی سەددام بەنیازی رووخاندنی . هەروەها رژێمی مەلاکانی ئێرانیش دوژمنی سەرەکی کورد نییە، ئەو رژێمەی کە لە جیهاندا بە تێرۆریست نێوی رۆیوە و، دوژمنی گەورە گەورەی وەك ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەفغانستان و گەلێك لایەنی دیکەی هەیە و، حکوومەتەکەی ئێران لە باری ئابوورییەوە لە تەنگانەیەکی وادایە کە مانگانەی کاربەدەستەکانی پێ نادرێ. ئەگەرچی هاتنی خاتەمی فێلزان و زمانلووس بۆ سەرکار ـ وەك لەمەو بەر باسکرا ـ ئەو مەترسییەی ئەمریکا و ئەورووپای تا هەندازەیەکی زۆر لە سەر ئێران خاو کردووەتەوە. **خاتەمی شۆڤێنیستێکی زۆرزانی فارسە کە خۆی لە پاڵ قسەی مرۆڤدۆستانەی بێ نێوەرۆکی بێ گوومرگدا شاردووەتەوە، بەپێچەوانەی خامنەیی ـ یەوە کە شۆڤێنیستێکی ترکە (١٠) و، خۆی لە پاڵ ئیسلامی شیعەگەریی خومەینی یانەدا شاردووەتەوە و بە ئاشکرا دوژمنایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکا. بەڵام وەك دەردەکەوێ لە ژێرەوە لە گەلێك شتدا لە گەڵ خامنەیی هاودەنگە. کێشەی سەلمان روشدی کە خاتەمی هەر بە قسە لێفەیەکی پێدا دا، نموونەیەکی ئەمەیە.**

هەروەها رژێمی سووریا، هەر چەندە رژێمی بەعسیی عەرەبی شۆڤێنیستانە و

دژ بە کوردە، بەڵام بە دوژمن و نەیاری سەرەکی دانانرێ. چونکە دەوڵەتی سووریا لە باری ئابوورییەوە زۆر دەستکورت و، لە باری نێونەتەوەییەوە دوژمندار و، لە تەنیشتییەوە بە دوو دوژمنی بەهێزی وەك **ئیسرائیل و ترك** گەمارۆ دراوە و، لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆنالیشدا بە رژێمێکی تێرۆریست ناسراوە و، سۆڤێتەکەی جارانیش نەماوە بکەوێتە فریای.

بەبیروباوەڕی من، دەوڵەتی ترك، هەر چەندە لە باری ئابوورییەوە لە پلەیەکی نزمدایە و دوژمنانێکی دەرەکی زۆری هەیە، بەڵام لە باری نێوخۆیی یەوە حیزبەکانی ترك و دەسەڵاتدارانی ترك، هەر چەندێکیش لە نێو خۆیاندا ناڕێك بن، ئەوا بەرامبەر بە دەرەوە هەموو یەکن، بەتایبەتی بەرامبەر بە کێشەی کورد. ئەوەتە نەجمەدین ئەربەکانی موسوڵمان سەرەڕای دەرکردنی لە سەرۆك وەزیری و داخستنی حیزبەکەی و گەر و گێچەڵ پێکردنی لە لایەن لەشکری ترك و دەوڵەتی ترکەوە، کەچی پشتی دەوڵەتی ترکی گرت و هەروەك دەوڵەتی ترك کەوتە هەڕەشە کردن لە سووریا بە بۆنەی داڵدەدانی ئۆجەلانەوە. بێجگە لەوەش دەوڵەتی ترك لە باری سوپاییەوە لەشکرێکی مەشق پێکراوی بەهێز و مودێرنترین چەکی قورس و کۆکوژی هەیە و، نێزیکەی پەنجا ساڵە لە لایەن ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆوە یارمەتیی ئابووری و سوپایی دەدرێ. لەم دواییەشدا ئیسرائیلیش چووەتە بنە و پاڵی و، لە باری سوپایی و هەواڵ چینییەوە یارمەتی یەکی زۆری دەدا. ئیسرائیل گەلێك پەیماننامەی ئابووری و بازرگانی و فەرهەنگی لە گەڵ دەوڵەتی ترك بەستووە کە هەمووی دژ بە کوردن.
شایانی باسە کە ئەم یەککرتنی ترك و ئیسرائیلە دوژمنایەتییەکی توند و تیژی لە جیهانی عەرەب و ئیسلامدا بەرامبەر ترك دروستکردووە. بێجگە لەوەش زۆر لە جووەکانی ئەمریکا دژی ئەم یەکگرتنی ترك و ئیسرائیلەن و، بەزیانی ئیسرائیلی لە قەڵەم دەدەن. هەر چۆنێك بێ، دەوڵەتی ترك ئەوڕۆ بەهێزترین و سەختترین رێگرە لە بەردەم ئەوەدا کە «**هەرێمی ئاسایش**» لە باشووری کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان کۆمارێکی فیدەرالی. چونکە دەوڵەتی ترك تاکە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستانە کە لە ئەورووپا و ئەمریکا و سنوورێکی جیهانیدا قسەی دەڕوا و هەڤالبەندی بەهێزی هەیە. لەمەش بترازێ، پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤێت، چەند دەوڵەتێکی ترکزمان هاتوونەتە کایە کە هێندێکیان زۆر چالاکانە بۆ ئامانجی

تۆرانیێتی تێدەکۆشن، بەتایبەتی ئازەربایجان. تۆرانییەکانی ئازەربایجان دەیانەوێ سووت لە ڕێبازی ئیسلامەتیی شیعەگەریی دەوڵەتی ئێران و بوونی **ترکزمانێکی وەك حسەین عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی ئێران ببینن، بۆ ئەوەی جۆرە «فیدراسێون» یَك لە نێوان «کۆماری ئازەربایجان» و دەوڵەتی ئێراندا ڕێك بخەن و، ئەوجا نەك هەردوو پارچە ئازەربایجانەکە لە یەك بدەن، بەڵکوو بەشێکی کوردستانیش لرف بدەن کە بە نێوی «ئازەربایجانی ڕۆژئاوا» وە نێونراوە. دەمێکە هێندێك لە ئەندامە ئازەرییەکانی «پەرلەمانی ئیسلامی ئێران» داوای ئەم یەکگرتنە دەکەن و دەبێژن ئەم یەکگرتنە زەحمەت نییە، چونکە «ڕێبەری ئیسلامیی» خامنەیی زمانی ترکی دەزانێ.** بێجگە لەمەش **مەلا حەسەنی** کە بە **«ژەنەڕاڵ حەسەنی»** ناسراوە و، دەستێکی درێژی هەبوو لە کوشتاری کورددا لە شاری **ورمێ** و گوندی **قارنا** (١١)، کەوتووەتە پڕۆپاگەندە کردن بۆ گوایە **«ڕێبەری موسوڵمانان» خامنەیی**، چونکە هەردووکیان، ئەمیان، واتە **خامنەیی** بەخشکەیی و، ئەویان، واتە **مەلا حەسەنی** بە ئاشکرا بۆ ئامانجی **تۆرانیێتی** هەوڵ دەدەن. دیارە ئەمە **نەك هەر بە زمانی کوردە**، بەڵکوو بە زیانی فارسیشە، بەڵام فارسەکان لەبەر هەستی شیعەگەرێتی، خۆیان کەڕ کردووە لێی. **لە گەڵ ئەمەشدا لەیەکدانێك لە نێوان فارس و ترك (ئازەری) دا لەوانەیە هەڵبگیرسێ.**

تۆرانییەکانی ئازەربایجان کۆمەڵەیەکیان هەیە بە نێوی **«کۆمەڵەی ئینتەرناسیۆنالی ئازەربایجان»** ەوە کە لەم دواییەدا کۆنگرەی دووەمیان لە واشنتن بەست و چەند کاربەدەستێکی بەرزی ئەمریکایی و چەند سەناتۆرێك لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون. لەو کۆنگرەیەدا داوای جیابوونەوەی ئازەربایجانی ئێران و یەکگرتنی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجانیان دەکرد. (تەماشای ڕۆژنامەی **«کیهان»** چاپی لەندەن ـ ژمارە ٧٢٢، ١٩٩٨/٩/٣ بکە).

ئەوەتەی **«هەرێمی ئاسایش»** دامەزراوە لەشکری ترك بەبیانووی پەلاماردانی **پ.ک.ک** وە هەر ساتە ناساتێ پەلاماری **«هەرێمی ئاسایش»** دەدا و کوشتاری خەڵکی باشوور دەکا، ئەمەش بە سووت وەرگرتن لە شەڕە زرتانێی حیزبەکانی کوردستان و، **لە هەمانکاتدا خەریکە جۆرە تۆرانیێتی یەکی دەستەرێژکەرانە لە هەرێمی ئاسایش دا دروست بکا بە نێوی «ترکمان» ەوە.** ڕاستی یەکەی پاش

دامەزرانی **«هەرێمی ئاسایش»** ژمارەیەکی زۆر لە ترکمانەکانی دەرەوەی هەرێم روویان کردە هەرێم و، بەتایبەتی هەولێر و، بە یارمەتیی رژێمی ترك و سووت وەرگرتن لە شەڕی براکوژی حیزبەکانی کوردستان، دەستیان کرد بە خۆ بەهێزکردن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە هەموو مافێکی بە ترکمانەکان دا، وەك خوێندن بەزمانی خۆیان و دامەزراندنی کۆمەڵە و حیزب و تەلەفزیۆن و رادیۆ و دەرکردنی رۆژنامە، کە دیارە ئەمانە مافی رەوای هەموو کەمایەتی یەکن و قسەمان نییە لە سەری و شایانی خۆشبەختی یە کە ئەم مافانە بە **ئاشوورییەکانی «هەرێمی ئاسایش» یش دراوە.** بەڵام سەرگەورەکانی ترکمانەکان بە فیتی دەوڵەتی ترك و کورتبینی سیاسەتکارانی کورد، دەستیان کرد بە دروستکردنی **هێزی چەکدار و پرۆپاگەندە کردنی ئاشکرا بۆ رژێمی ترك و سڵاواتدان لە ئەتاترکی کوردکوژ و،** چاپکردنی نەخشەی دامەزراندنی گوایە **«کۆماری کەرکووك» کە پێکهاتبێ لە هەموو کەرکووك و هەولێر و هەموو بادینان و هەموو مووسڵ و بەشێك لە سلێمانی و دیالە و، دەستدرێژی کردن بۆ سەر پێشمەرگەی پارتی و، کاربەدەستانی حکوومەتی کوردستان** لە هەولێر، تا خەڵکی هەولێر گەیشتە تینیان و هەوڵیان دا سنوورێك بۆ دەستدرێژیی ترکمانەکان دابنێن. ئەوجا ترکمانەکان کەوتنە بلاقۆك دەرکردن لە دژی پارتی و قسەی سووك وناشیرین خستنە پاڵ **سەرۆکی پارتی بەرێز مەسعوود بارزانی.** دەوڵەتی ترکی ئاغاشیان بێ شەرمانە کەوتە هەرەشە کردن. ئەمە لە کاتێکدا کە ترکمانەکان لە هەرێمی ئاسایش دا مافیان لە مافی کورد گەلێك پترە. پتر لە ٢٠ ملیۆن کورد لە ژێر پۆستاڵی رژێمی ترکدا دەناڵێنن و تەنانەت ناوێرن بێژن **«کوردین»** کەچی رژێمی ترك لالە وێچێ ترکمان کە هەموو مافێکیان هەیە، دەکا بە بیانوو بۆ هەرەشە و گورەشە لە کورد، دەزانێ کە کورد جارێ دەسەڵاتی سوپاییان نییە وەرامی دەسدرێژی و دەمدرێژییەکانی ملهوڕانی ترك بدەنەوە.

لە بەر ئەم هۆیانەی سەرەوە دوژمنی سەرەکی کورد لە کاتی ئێستادا دەوڵەتی ترك و تۆرانێتی یە. بێگومان دیارە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەش هەر دوژمن و نەیار و بەرهەڵستکەرن، بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتی دەبێ لیستەتێك بخاتە بەرچاوی خۆی بۆ ئەم دوژمنانە. لە هەرە مەترسی دارترەوە بۆ مەترسی دارتر و لە مەترسی دارترەوە بۆ مەترسی دار، ئەمەش بە پێی هێزی ژەهری چزووەکەیان. پێڕەوی نەکردنی

ئەم لیستەیە وای لە کورد کردووە هەر حیزبە شەڕی دەوڵەتێکی داگیرکەر بکا و پاڵ بدا بە دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکەوە، بێ گوێدانە پێشەمی دان بە دوژمنێکی سەرەکی. لە سەردەمی **جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران** دا، هێزەکانی باشووری کوردستان تێکڕا پشتی رژێمی ئێرانیان دەگرت دژی رژێمی سەددام و، حیزبەکانی رۆژهەڵاتیش تێکڕا دژی رژێمی ئیسلامی بوون و پاڵیان دابوو بە رژێمی سەددامەوە و، لە هەمانکاتدا ئەم حیزبانە بە فرۆفێڵی رژێمەکانی ئێران و عێراق، بەگژ یەکدا دەچوون و خوێنی یەکدییان دەڕشت. جا ئەم هەڵوێستەی حیزبەکانی کوردستان، نە رژێمی ئیسلامی خست و نە رژێمی بەعس و، کوردیش لە هەر دوولا پتر زیانی لێکەوت. خۆ ئەگەر هاوئاهەنگییەك لە نێوان حیزبەکانی کوردستاندا ببوایە و، کوردی ئەم دیو و ئەودیو، بێ لایەنی خۆیان لە جەنگدا بپاراستایە، یان هەر دوولا پێکەوە بە گژ سەددام دا بچوونایە کە ئەو دەمە دوژمنی سەرەکی ی کورد بوو، نە کوردستان بەو شێوە کاول دەبوو و، نە ئەو هەموو کوردە دەکوژران و، لەوانەش بوو کورد بیانتوانیایە، ئەگەر بێ لایەنییان بکردایەتە هەڵوێستی خۆیان، وەك هێزێکی ئاشتیخواز و تەنانەت نێوبژیکەریش گەلێك دەسکەوتی دەسگیر ببوایە.

لەوانەیە یەکێك بێژێ، کورد ئەم لایەن و ئەو لایەنیان لە شەڕەکەدا گرتووە، تا هەر دوولای شەڕکەر، عێراق و ئێران، بێ هێز بکەن. لێرەدا بەدڵنیاییەوە دەبێژم لە بەر ئەوە نەبووە، بەڵکوو بە پێی پرنسیپی **«دوژمنی دوژمنم دۆستمە»** چوون بەڕێوە. هەر کوردەش بە تەنگ حیزبەکەی خۆیەوە بوو، نەك بە تەنگ نەتەوەی کوردەوە. پشتگیریی کورد بۆ رژێمی سەددام لە دژی رژێمی خومەینی و، پشتگیریی رژێمی خومەینی لە دژی سەددام، هیچ لایەکی لە داگیرکەران بێ هێز نەکرد، بەڵکوو لە زیانی کەم کردنەوە و، دووایش ئەوە بوو **کە لە گەڵ یەك ئاشت بوونەوە، پرسە گورگانەیەکیشیان بە «هەڤاڵبەند» ە کوردەکەیان نەکرد. هەروەك چۆن کاتی خۆی، لە مارتی ١٩٧٥ دا، کە شای ئێران لە جەزایر لە گەڵ سەددام رێککەوت، پرسی بە بەهەشتی بارزانی «هەڤاڵبەند» ی نەکرد، خومەینیش کە پیاڵە ژەهرەکەی نابە سەریەوە و شەڕی دژی سەددام وەستاند (١٢)، پرسە گورگانەیەکیشی بە هەڤاڵبەندە کوردەکانی (پارتی و یەکێتی و پاسۆك و حسیك و ...هتد) نەکرد.** لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە رۆژنامەکانی سەردەمی خومەینی بە پارتیان دەگوت «**افراد**

قیادە موقت » ئەمەش بۆ سووکایەتی پێکردن. شایانی باسە کە حیزبەکانی دیکەی کوردستان (بێجگە لە پارتی) کە کاتی خۆی هەزار و یەك رەخنەیان لە **سەرۆك بارزانی** دەگرت بۆ ئەو هەڤاڵبەندی یەی لە گەڵ شای ئێران بەستبووی، خۆشیان هەر بەو رێیەدا چوون کە بارزانی پێی دا چوو و، بەدەستی ڤالاّ (بەتاڵ) لێی گەڕایەوە.

کە واتە هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوەچوون لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا ئەوەیە کە هەموو هێزەکانی کوردستان، لە هەر شوێنێکدا بن، کێشەی کوردستان و نەتەوەی کورد، وەك یەك کێشەی پارچە پارچە نەکراو و لە یەك نەپساو تێبگەن و، تەنێ لە باری ئەم سەرنجەوە تەماشای رووداوە نێوچەییەکان بکەن لە کەرتەکانی خۆیان و، چالاکییەکانی خۆیان هەمیشە لە گەڵ یەك هاوئاهەنگ بکەن. هاوئاهەنگی Coordination لە بزووتنەوە و چالاکیدا مایەی سەرکەوتنی هەموو لایەکە. بۆ وێنە ئەم **« هەرێمی ئاسایش »** ە کە لە بەشێك لە باشووردا دامەزراوە، سوودەکەی هەر بۆ خەڵکی باشوور نییە، بەڵکوو بۆ تەواوی نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکی کوردستانە. لە بەر ئەوە دەبێ هەموو کوردێك و هەموو کوردستانییەك ئەم کیانە بە هی خۆی بزانێ و بیپارێزێ. کاربەدەستانی کوردیش لە **« هەرێمی ئاسایش »** دا دەبێ هەرێمەکە بە ماڵی هەموو کوردێك بزانن، نەك هەر بە ماڵی دانیشتووانی بنەڕەتیی هەرێمەکە، یان بە ماڵی حیزبەکانیان. بەداخەوە ئەم پرنسیپە نەتەوەییە تا ئێستە رەچاو نەکراوە، واتە، نە کاربەدەستانی هەرێم کوردەکانی دەرەوەی هەرێمیان بە هاووڵاتی خۆ زانیوە و، نە کوردەکانی دەرەوەی هەرێمیش هەرێمیان وەك ماڵی خۆیان تەماشا کردووە. **کوردەکانی دەرەوەی هەرێم دەبێ ئەو راستییە تاڵە بخەنە بەرچاویان کە هەرێمی ئاسایش دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و، ئەو هێزە چەکدارەی لە هەرێمدا هەیە بەرگەی شاڵاوێکی بێهێزترین دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان ناگرێ. هەموو کارو کردارێکی هۆشیارانە بە ئامانجی تێکدانی هەرێمی ئاسایش و ماڵۆچکەکەی کورد، بە هەر نێوێکەوە دەبێ با بێ، خیانەتێکی نەتەوەیی یە.** ئاشکرایە کە هەرێمی ئاسایش لەم باروودۆخەی ئەمڕۆدا ناتوانێ ببێتە پێگەیەك بۆ حیزبێکی رۆژهەڵاتی یان باکووری، یان رۆژئاوایی،کە لەو هەرێمەوە پەلاماری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ترك و عەرەب و فارس بدرێ. **کاربەدەستانی کوردیش پێویستە لە سەریان، دالدەی هەموو کوردێکی هەڵاتوو بدەن و بیپارێزن و بە هیچ**

جۆرێك نەیدەنەوە دەست داگیرکەران و، خۆ ئەگەر کوردێکی دەرەوەی هەرێم، تاوانێکی کردبوو، دەبێ بدرێتە دەست پۆلیس و دادپرس (حاکم)ی کورد، نەك رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان. کورد دانە دەست داگیرکەرانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە، ئەوجا هۆیەکەی هەرچی یەك دەبێ با بێ، خیانەتێکی نەتەوەیی یە.

هـاوولاتـە بـەرێزەکان!

وەك لە مەوبەر باسمان کرد، هێزی سوپایی حیزبەکانی کوردستان بایی ئەوە نییە دەرەقەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بێ. تێکرژانی پێشمەرگە و گێریلای کورد لە گەڵ لەشکرەکانی داگیرکەرانی وڵاتەکەی، لە باشترین بارودۆخدا دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی داگیرکەر و، رەنگە بێ هێزکردنی رژێمە فەرمانڕەواکانی دەوڵەتە داگـیـرکـەرەکـانی کـوردسـتـان و، لەوانەشـە دەرفـەتێك بدا بە هێـزە بەرهەڵستکارەکانی ئەو دەوڵەتانە کە بتوانن بێنە سەرکار. دیارە ئەنجامی ئەمەشیان هیچ سووتێکی کوردی تێدا نییە. چونکە حکوومەتەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەگۆڕێن، بەڵام دەوڵەتەکان وەك خۆیان دەمێننەوە. ئەو راستیەنە زەقەش کە لێرەدا دەبێ بخرێتە بەرچاو ئەوەیە، کە لە هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان داگیر کردووە، تاکە هێزێکی بەرهەڵستکەری عەرەب، ترك، فارس، کە دیمۆکراتیخوازو ئازادیخوازو ئاشتیـخـواز بێ نییـە، تاکـوو ئەگـەر هاتوو بە یارمـەتی هێـزی دەستوەشێنی کورد حکوومەتی گرتە دەست و چووە سەر کار، پشتی کێشەی کورد بگرێ و، لە بنەڕەتەوە چارەسەری بکا. بۆ وێنە: لە ئێران «موجاهیدینی خەڵك» (مجاهدین خلق) و «شاپەرستەکان» (سلطنت طلبان) و «چریکەکانی فیدائیانی خەڵك» (فدائیان خلق)و داروودەستەی تیرۆرکراو شاپووری بەختیار و کۆنە توودەیی یەکان و لە عێراق «کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق» (المؤتمر الوطني العراقي) و «حیزبی دەعوەی ئیسلامی» و «حیزبی عێراقی سەربەست» (حزب العراق الحر) و بەعسی یەکانی دژ بە سەددام و سەر بە سووریا و ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و، لە دەوڵەتی ترکدا حیزبی ئەربەکان کە هەردەم بە ناوێکی دیکەوە دێتە پێشەوە و رێبازی ئیسلامی گرتووە، حیزبی تانسوو چیلەر، چەپەکانی ترك، و لە دەوڵەتی سووریادا، کۆمۆنیستەکانی سەر بە ریاز و لترك (ریاض الترك) و

موسولمانانی سوننی سەربە کۆمەڵی برادەرانی موسوڵمان (الاخوان المسلمون) و دژ بە عەلەوییەکان. ئەمانە بۆ دوژمنایەتی کردنی کورد هیچیان لە حکوومەتەکانی دەوڵەتەکانی خۆیان نەگەڕاوەتەوە. تەنانەت ئەوە بوو لە کاتی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا **لە** باشووری کوردستان، **(موجاهیدینی خەڵکی سەر بە رەجەوی** شان بە شانی لەشکری **سەددام** کەوتنە کورد کوشتن لە باشووری کوردستاندا. لە بەر ئەوە دەبێ بیرێکی ژیرانە لە شێوازی پێکهاتەی دووارۆژی پێشمەرگە و گێریلا بکرێتەوە و بخرێتە چوارچێوەی راستەقینەی خۆیەوە، تاکوو خوێنی هەزاران کورد بە نارەوا نەرژێ. بە بیروڕای من ـ وەك لە پێشەوە گوتم ـ **دەبێ هەموو حیزبەکانی کوردستان وویکەنە سیاسەتکردن و وازهێنان لە راگرتنی پێشمەرگە.** ئەو پێشمەرگە و گێریلایانەی کە بەراستی چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ لێیان ببنە سەرباز و، مەرجی سەربازییان تێدا هەیە، سەر بە هەر حیزب و کۆمەڵێك دەبن با ببن، **بکرێنە یەك و کرۆکی سوپایەکی کوردستانی مۆدێرنی لێ دروست بکرێ، و ئەوەش لە هەرێمی ئاسایشدا**، چونکە هەر لەوێ ماوەی ژیان و بەهێزبوونی دەبێ و، سەرکردەیەتیی سوپاکەش بدرێتە دەست مرۆڤی سەربەخۆ، لەو ئەفسەرانەی کە زانستی سوپاییان خوێندووە و، شارەزای تەکنیکی سوپایین و، بە فەرمانی ئەم حیزب و ئەو حیزب ناکەونە گیانی یەك. ئەمە رێی راستە، نەك ئەوەی هەر **«گروبانێك» یان «ئۆن باشی یەك» یان «نائب عەریفێك» و کۆنە حەیتەیەك**، کێشەیەکی تایبەتی هەبوو لە گەڵ رژێمێکی داگیرکەردا و رای کردە نێو پێشمەرگەوە، بیکەنە کۆلۆنێل و ژەنەڕاڵ و **عەریف عەلی** ببێتە **«عەمید عەلی»**. سوپایەکی کوردستانیی رێك و پێك و پەروەردەکراو بە گیانی نەتەوەیی، دەبێتە نێوەرۆکی لەشکری دووارۆژی دەوڵەتی کوردستان. ئەم لەشکرە بەهێزەی کە ئەورۆ ئیسرائیل هەیەتی، لە سەرەتاوە بە دەستوەشێنەکانی **«هەگانا»** دەستی پێکرد، کە ئەوانیش تاقمێك چەکدار بوون لە شێوەی پێشمەرگەدا.

پێویستە حیزبەکانی کوردستان ئەوە بزانن کە نەتەوەی کورد (مەبەستم لە نەتەوەی کورد هەموو نەتەوەی کورد و سەرپاکی خاکی کوردستانە) مافی کوێخایەتی نەداوە بە هیچ کەس و هیچ حیزبێك کە بچێ چەند چەکدارێك لە خۆی کۆبکاتەوە و بە چەك و کەلوپەلێکی جەنگیی سووکەڵەوە شەڕێکی نەکاو لە گەڵ

داگیرکەرێکی پڕ چەك و دڕندەدا دەست پێ بکا و، هەزاران کورد بدا بە کوشت و بەزۆریش لەوانەی کە هیچیان سەر بە حیزب نەبوون و، سەتان گوندی کورد کاوڵ بکا و، ئەوجا رابکاتە نێو سنووری دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکە و، شەڕ بوەستێنێ و دیسانەوە ـ بە زۆری بە پیلانی دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کە خۆی خستووەتە پەنایەوە ـ شەڕ دەست پێ بکاتەوە و تێك بشکێتەوە و، شەڕ بوەستێنێتەوە و، جارێکی دیکە شەڕ تازە بکاتەوە و، بە ماڵکاولیی کورد درێژە بدا و، دەسکەوتیشی نەبێ، یان دەسکەوتێك کە ئەو قوربانییە زۆرە نەهێنێ. خۆ ئەگەر توانی وا لەو دەوڵەتە داگیرکەرە بکا بە فرتوفێڵ و بۆ کات بردنەوە بکەوێتە قسە کردن لە گەڵ ئەو حیزبەدا، ئەوا داگیرکەرەکە چەندین مەرجی گران و سەرپێ شۆڕکەر بەسەر حیزبە کوردییەکەدا بسەپێنێ و پێی ئیمزا بکا و ئاورووی ببا و، ئەوجا شەڕ دەست پێ بکاتەوە. ئەمەش هەمووی هەر بە نێوی نوێنەرێتی پێنەدراوی کوردەوە. **بۆیە پێویستە سنوورێك بۆ ئەم شەڕی خۆتڕێن و خۆ بە کوێخا زانینە دابنرێ. هەموو راپەڕینێکی چەکدارانەی حسێب بۆنەکراوی تاوتۆ نەکراوی ناکاو و، هەموو دەستوەشاندنێکی نەزانانەی ناشییانە و، هەموو رێککەوتنێك لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان، بێ پرس و رای نەتەوەی کورد، کارێکی نابەجێ و زیانبەخشە و لە باری زاگۆنیشەوە هیچ جۆرە رەوایەتییەکی نییە.**

جا لە بەر ئەوەی دەنگ وەرگرتن لە تەواوی کوردستاندا لە رۆژی ئەورۆدا کارێکە لە کردن نایێ، ئەوا دیارە، تاکە رەوایی یەك کە حیزبەکان و هێزەکانی کوردستان بتوانن پشتی پێ ببەستن، رێککەوتنی هەموویانە لە گەڵ کەسایەتیی زانستی و هونەری و بازاڕی و کرێکاری و جۆتکاری و خوێندکاری و ئاینی و ژنانی کوردستان لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا. تا ئەوە نەبێ هەر کارێك هەر حیزبێك بەتەنێ بیکا بە نێوی نەتەوەی کوردەوە، رەوایەتی نابێ و، دژ بە مافی سەروەرێتیی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستانە. بێجگە لەوەش هەموو جۆرە شەڕێکی نێوخۆیی لە نێوان کورد و کورددا، سا هۆیەکەی هەر چییەك هەیە با ببێ، خیانەتە بەرامبەر نەتەوەی کورد و، ئەوی لەو شەڕەشدا بێتە کوشتن بە ڕووی سوورەوە ماڵ ئاوایی لەم جیهانە ناکا.

لەوانەیە یەکێك بێژێ کورد لە باری دەوڵەتداری و تاکتیکی بەربەرەکانێی

داگیرکەرانەوە لە گاگۆلکێ دایە و، هەر هێندەی لە دەست هاتووە بیکا کە کردوویەتی. باشە. با ئەوەی تا ئێستا رووی داوە بەتاقیکردنەوەیەکی ناچاری بدرێتە قەڵەم. بەڵام لێرەدا دەبێ بیوەستێنین و خەبات بە شێوەیەکی دی درێژە پێبدەین، بە جورێ بگونجێ لە گەڵ هەل و مەرجی نوێی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناڤین و جیهان و گیانی شارستانێتی و رامیاری و تەکنیکی ئەورۆ. **پێویستە ئازایەتی و رۆستەمی لە شەڕی خۆتڕێن و، درۆ و دەلەسە لە دیپلۆماسیێتی و فێڵەکەرانە و، هۆقەبازی لە رامیاری (سیاسەت) جیا بکەینەوە، تاکو بۆنی پیڤاز بە بۆنی گوڵ** نەزانین و دەنگی جرت و شلپەی ماچمان لێ نەبێتە یەك شت.

بەرێزینە!

بەڵگە نەویستە کە هەموو کوردێك مافی ئەوەی هەیە خەریکی رامیاری بێ بەو شێوەیەی خۆی بە باشی دەزانێ، جا ئەو کوردە دێمۆکراتە، کۆمۆنیستە، سۆسیال دێمۆکراتە، سۆسیالیستە، موسوڵمانە، دیانە، جووە، ئێزدییە، کاکەیی یە، ئەلەوییە، شەبەکە، بەهایی یە، زەردەشتی یە، کرێکارە، جۆتکارە، کاسبکارە، خوێندەوارە، نەخوێندەوارە، مەلایە، فەقێ یە، وەستایە، شاگردە، ژنە، پیاوە، هەر کەسێك هەیە هەیە. مافی ئەوەشی هەیە خۆی لە سنوورێکی نەتەوەیی دا لە حیزبێکدا یان لە کۆمەڵێکدا رێك بخا، بەڵام نەخۆی، نە حیزبەکەی مافی ئەوەیان نییە، خۆیان بکەنە پێشڕەو و، خەڵکەکەی دیش بە پاشڕەو و قرە داینێن و ماف بدەن بە خۆیان کە بە ئێوی نەتەوەی کوردەوە قسە بکەن. نەتەوەی کورد کەسی نەکردووە بە نوێنەری خۆی. حیزبەکانی کوردستان دەتوانن و دەبێ بیروبۆچوونی خۆیان بە شێوەیەکی دێمۆکراتانە و ئاشتیخوازانە دەربڕن و هەوڵ بدەن جەماوەری کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن. هەموو جۆرە زۆر بەکارهێنانێك لە بلاوکردنەوەی بیروبۆچوون دا، کارێکی تێرۆریستانەیە و دەبێ بە هیچ شێوەیەك بەلایدا نەچین. بێجگە لەوەش ئەگەر حیزبەکانی کوردستان، کە هەموویان بانگەشەی خزمەتی نەتەوەی کورد لێ دەدەن، نەیانەوێ، یان ئەوەیان لە باردا نەبێ، پێکەوە دانیشن و لەسەر بەرنامەیەك لە گەڵ یەك رێك بکەون و هەموو خەریکی پاشقول لە یەك گرتن و چاڵ بۆ یەك هەڵ کەندن بن، چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ لێیان بتوانن رێبەرێتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیەکی ژێردەستەی پێنج دەوڵەتی دەسەڵاتدار بکەن؟

هـاوولاتـە بەڕێزەکـــان!

بە پێی ڕێککەوتنی **واشنتن لە نێوان پارتی و یەکێتی** دا دەبێ لە هاوینی ١٩٩٩ دا هەڵبژاردنێك لە **هەرێمی ئاسایش** دا ساز بکرێ. هیوای من ئەوەیە ئەو هەڵبژاردنە نموونەی هەڵبژاردنێکی ئازاد بێ و ڕێژەی ٧٪ لابرێ و حکوومەتێکی نەتەوەیی دروست ببێ، واتە حکوومەتێك لە هەموو حیزب و کۆمەڵ و کەسایەتییەکانی باشووری کوردستان. حکوومەتی یەك حیزبی یان حکوومەتی دوو حیزبی، یان حیزبێك زۆرینە و حیزبێك کەمینە ـ بەبیروڕای من ـ بۆ هەرێمی ئاسایش باش نابێ. باشترین حکوومەت ئەوەیە کە لە هەموو حیزب و کۆمەڵ و ڕێباز و کەسایەتییەکان پێکهاتبێ. بێجگە لەوەش، ئەگەر حیزبێك لە هەڵبژاردندا کەمتری هێنا، لە حیزبێکی دیکە، ئەوە نابێتە نیشانەی ماڵوێرانی ئەو حیزبە، یان خراپیی ئەو حیزبە، بەڵکوو پێویستە ئەو حیزبە بەبەرنامە و هەڵسوکەوتی خۆیدا چاوبگێڕێتەوە و بیانگونجێنێ لە گەڵ بەرژەوەندی و ویستی جەماوەری خەڵکەکە. جارێکی دیکەش دووبارەی دەکەمەوە بۆ باری ئەوڕۆی کوردستان واباشە حکوومەتێکی نەتەوەیی گشتگر لە هەموو حیزب و کۆمەڵ و کەسایەتییەکان دروست ببێ و هەموو لایەك بەرپرسیاری بگرنە ئەستۆی خۆیان.

هـاوولاتـە بەڕێزەکـان!

تا ئێرە باسی خۆمان و پێوەندییەکانی خۆمانمان بە داگیرکەرانەوە کرد، ئەوجا با ئێستە سەرنجێکی هەڤالبەندیی داگیرکەرانی کوردستان لە نێوخۆیاندا و، لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆنالیدا بدەین! وەك گوتمان، داگیرکەرانی کوردستان لە نێوخۆیاندا دژ بە یەکن و بە خوێنی سەری یەك تینوون، بەلام بەرامبەر بە کورد هەموو لە گەڵ یەك ڕێکن. بێگومان داگیرکەرانی کوردستان دوژمنی دەرەکییان زۆرە، بەلام دوژمنە دەرەکییەکانیان وەك یەك نین تا هەموو پێکەوە یەك بەرە پێك بهێنن دژیان، بۆوێنە: کاتێك کە ڕژێمی سۆڤێت هەبوو، عێراق و سووریا هەڤالبەندی ڕژێمی سۆڤێت بوون. سووریا دژ بە دەوڵەتی ئەمریکا بوو. دەوڵەتی ئەمریکاش دژ بە دەوڵەتی سووریا بوو. ئێران لە سەردەمی شادا پێوەندیی باشی لە گەڵ ئەمریکا و سۆڤێت هەبوو، بەلام ڕژێمی ئیسلامی ئێران دوژمنی ئەمریکایە و ڕێکە لە گەڵ سۆڤێت و دەسکەلاکانی سۆڤێت. دەوڵەتی ترك لەوەتی دامەزراوە،

هەڤاڵبەندی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە و سووتێکی زۆریشی لە ڕژێمی سۆڤێت وەرگرتووە. عێراق و سووریا و ئێران دوژمنی ئیسرائیلن، بەڵام دەوڵەتی ترک هەڤاڵبەندی ئیسرائیلە. سووریا هەڤاڵبەندی یۆنانستانە، بەڵام دەوڵەتی ترک هەڕەشەی جەنگ لە یۆنانستان دەکا و، ٤٠٪ ی خاکی قوبرسی لە یۆنانییەکانی ئەوێ داگیرکردووە. دژایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل بەرامبەر بە سووریا و عێراق و ئێران، وای لەم سێ دەوڵەتە کردووە، هەرچەندە سووریا و ئێران دژ بە عێراقیشن، جۆرە نێزیکی یەک لە نێوانیاندا دروست بێ. ئیسرائیل کە لە شەستەکانەوە هەتا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلوول (مارتی ١٩٧٥) پێوەندیی توندوتۆڵی لە گەڵ کاربەدەستانی شۆڕشی ئەیلوول هەبوو، پاش پەیمان بەستنی لە گەڵ دەوڵەتی ترک، وا کەوتووەتە دژایەتیکردنی کورد. **سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل نەتانیاهوو بێ پەردە بە پەیامنێری ڕۆژنامەی (الحیاة)ی عەرەبی گوت کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئیسرائیل زۆر سووتی لە کورد وەرگرتووە. هەزاران جوولەکەی ئێران و عێراق کە مەترسی مەرگیان لە سەر بوو لە ڕێی کوردستانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە و شۆڕشی کوردەوە ڕایان کردووە و بە یارمەتیی کورد لە کوشتن ڕزگاریان بووە.**

دەبێ ئەوەش بزانین کە هەر دەوڵەتە عەرەبەکان نین کەخەون بە یەکێتی یەکی عەرەب، واتە ئیمپراتۆرێتی یەکی عەرەبەوە دەبینن کە لە ئۆسیانی ئەتلەسییەوە تا کەنداو (خەلیج) بگرێتەوە، بەڵکوو دەوڵەتی ترکیش هەر لە سەرەتای دروست بوونییەوە خەونی دەوڵەتێکی تۆرانی دەبینێ. دەوڵەتی ترک پاش ئەوەی [illegible] جەنگی جیهانی دووەمدا لە گەڵ **ڕژێمی هیتلەر** بەدزییەوە کەوتبووە وتووێژ و بەڵێنی دامەزراندنی **دەوڵەتێکی تۆرانییان** لە ڕژێمی **هیتلەر** وەرگرتبوو، لە کاتی سەرکەوتنی ئەلمانیا لە جەنگدا، کەچی هێشتا جەنگ تەواو نەبوو بوو، بەڵام گومان لەوەدا نەمابوو کە ئەلمانیا دەیدۆڕێنێ، بای دایەوە و کەوتە داخۆیانی کردنی جەنگ دژی ئەلمانیا و، خۆی کرد بە دۆستی ئەمریکا و ئەورووپا و هێدی هێدی بوو بە ئەندامی بەرەی ناتۆ. **پاش ڕووخانی دەوڵەتی سۆڤێت و دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی ترکزمان لە سەر داروپەردووی سۆڤێتی کۆن، دەوڵەتی ترک دەیەوێ بە پشتی ئەمریکا و ئەورووپا ئەو ئەمپراتۆرییە تۆرانییە بهێنێتە دی** و، هەر بە پشتی ئەمریکاش نەوت

و گازی ئازەربایجان لە باکۆوە بە ڕێی خاکی باکووری کوردستانی ژێردەستی ترکدا بگوێزێتەوە بۆ ئەورووپا. جا هەرچەندە ئەمریکا هەڤاڵبەندی دەوڵەتی ترکە، بەلاّم بوونی **لۆبیی یۆنان و ئەرمەنی لە ئەمریکا**، کاربەدەستانی ئەمریکای هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە نە مەسەلەی **قوبرس** و نە مەسەلەی کورد بەزۆری چەکی ترک چارەسەر دەکرێ. لە گەڵ ئەوەشدا ئەمریکا هەوڵی ئەوەش دەدا کە دەوڵەتی ترک لە یەکێتیی ئەورووپادا وەربگیرێ. شایانی باسە، زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپا ڕازی نین بەوەی دەوڵەتی ترک ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا و چەند ملیۆنێك ترک بڕژێنە ئەورووپاوە، بە تایبەتی ئەلمانیا. **ترکەکان خۆیان دەبێژن ئەورووپا بۆیە ترکی ناوێ، چونکە ترك موسوڵمانن. ڕاستی یەکەی هۆیەکەی ئەوە نییە، یان هەر ئەوە نییە. بێ هێزی ئابووریی ترك، لە کاتێکدا کە دەوڵەتی ترك ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، ڕێ دەکاتەوە بۆ کۆچ کردنی ملیۆنان ترك بۆ ئەورووپای شلکە لێ کەوتووی بێکاری. هەروەها مانی کێشەی قوبرس بێ چارەسەرکردن و بوونی یۆنانستانی دژ بە ترك وەك ئەندامێکی یەکێتیی ئەورووپا، هەموو ئەمانە** بەرهەڵستییان لە ڕێی بوونە ئەندامەتیی ترکدا دروستکردووە. **جا لە بەر ئەوەیە کێشەی مافی مرۆڤ و، لە پاڵ ئەوەشدا چارەسەر نەکردنی دۆزی کورد دەکرێن بە بیانوو بۆ ڕێگرتن لە ئەندامەتیی ترك.** هەر لە بەر ئەوەشە کە دەبینین لەم دواییەدا گەلێك کۆنگرەی زانستانە و ڕامیاریانە بەستران بۆ باسی دوارۆژی دەوڵەتی ترك، وەك **کۆنگرەی ئینستیتۆی ASPEN لە بەرلین** کە لەم کۆنگرەیەدا پسپۆڕانی ئەمریکایی و ئەورووپایی و ترك بەشدار بوون و گەلێك ڕەخنە لە دەوڵەتی ترك گیرا. هەروەها کۆنگرەی سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئەورووپا کە لە هاوینی ئەمساڵدا (١٩٩٨) لە نەمسا گیرا بە تایبەتی بۆ باسی کێشەی کورد کە نوێنەری زۆربەی زۆری حیزبە گەورەکانی کوردستان بانگێشت کرابوون. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە **هەڵوێستی سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئەورووپا کە بە درێژایی ئەم سەتەیە جارویار و، بە پێی پێویست و بەرژەوەندیی خۆیان لە کێشەی کورد دواون، تا ئێستە بۆچوونیان بەرامبەر بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەگۆڕاوە، واتە هەتا ئێستەش کێشەی کورد بە کێشەی کەمایەتییەك دەدەنە قەڵەم کە بەلای وانەوە دەبێ لە سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا چارەسەر بکرێ، بە دانی مافی کولتووری بە**

کورد ، نەك وەك نەتەوەیەکی دابەشکراوی وڵات داگیرکراو.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی رووسیا لە رێی **«کۆمیتەی هاوکاری و پشتیوانیی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا»** و بە ئامادەبوونی مادڤیدکو بەرپرسیاری وەزارەتی دەرەوەی رووسیا و ئامادەبوونی نوێنەرانی **پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پی کێ کێ** لە ٦/٤/ ١٩٩٨دا کۆنفرانسێکی لە مۆسکۆ ساز کرد لە ژێر نێوی **«مەسەلەی کورد لە سەردەمی ئێستەدا»** ، کە **کێشەی کورد لە باری بەرژەوەندیی دەوڵەتی رووسیاوە باسکرا.** شایانی باسە **دەوڵەتی رووسیا، چ لە سەردەمی قەیسەردا و چ لە سەردەمی سۆڤێتدا و چ لەم سەردەمەشدا هیچ کاتێك یارمەتیی کوردی نەداوە، بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا مەسەلەی کوردی بۆ سووتی خۆی بەکار هێناوە و دەستی کوردی بڕیوە.** کە دەبێ ئەم رەوشە لە لایەن کوردەوە کۆتایی پێ بهێنرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە، وڵاتە عەرەبییەکانیش کە دژی هەڤاڵبەندێتی دەوڵەتی ترك و ئیسرائیلن و لە پارچە پارچە بوونی عێراق دەترسن، هەوڵی بەستنی کۆنفرانس دەدەن بۆ وتووێژ لە بارەی کێشەی کوردەوە. **دوکتۆر ئەحمەد حەمرووش (دکتور احمد حمروش) سەرۆکی لیژنەی هاوکاریی ئافرو ئاسیایی میسری** (رئیس **لجنة التضامن الافرواسیویة المصریة**) لە ٢٧ و ٢٨ی مایسی ئەمساڵدا (١٩٩٨) لە قاهیرە کۆنفرانسێکی بەست بە نێوی **«وتووێژی عەرەبیی کوردی» (الحوار العربی الکردی).** بەداخەوە بۆ ئەم کۆنفراسە هەر پارتی و یەکێتی و حیزبە کوردییەکانی عێراق بانگهێشت کرابوون لە گەڵ چەند کەسێك کە ئەم حیزبانە دەستنیشانیان کردبوون. ئەنجامی کۆنفرانسەکە پتر بە سووتی **«یەکێتیی خاکی عێراق»** و **«پاراستنی سنووری عێراق»** بوو نەك بە سووتی کورد. کێشەی کوردی باشووری کوردستان وەك کێشەیەکی نێوخۆیی عێراق درایە قەڵەم، لە بەر ئەوە کۆبوونەوەکە نەك هەر بە سووتی کورد نەبوو بەڵکوو زیانیشی هەبوو.

بە پێچەوانەی ئەم کۆنفرانسانەی سەرەوە کە کێشەی کوردیان وەك کێشەیەکی لاوەکی و نێوخۆیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان خستە بەرچاو، جڤینە تەلەفزیۆنییەکەی **تەلەفزیۆنی «جزیرە» لە قەتەر (قطر)** کە بە **«نێوی رێبازی پێچەوانە» (الاتجاه المعاکس)**ەوە پێشکێش کرا و لەوێ دا **مامۆستا جەواد مەلا**

وەك سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان و تەمیمی بەرازی (تميم البرازي) وەك عەرەبێکی سەربە رژێمی بەعسی عێراق و دژ بە سەربەخۆیی کوردستان کەوتنە وتووێژ، هەروەها ئەو وتووێژەی تەلەفزیۆنی **«جزیرە»**، لە گەڵ بەرێز **میشعان جبوری** (میشعان جبوری) کە لەوێ میشعان جبوری پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستانی کرد، سووتێکی یەکجار زۆریان هەبوو. هەموو وتووێژەکە کێشەی کوردیان وەك نەتەوەیەك کە داوای سەربەخۆیی دەکا بە گەلانی عەرەب گەیاند. **راستییەکەی جێی داخە، لە کاتێکدا مامۆستا جەواد مەلا ئالآی کوردستانی خستە سەر مێزەکە و گوتی «ئەمە چارسەری کێشەی کوردە» نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە سەلاحەدینەوە تەلەفۆنی کرد و گوتی «حیزبی ئێمە (پارتی) داوای سەربەخۆیی ناکا، بەڵکوو داوای مافی کولتووری کورد دەکا، لە باکووری عێراقدا».** هەر پاش ئەوەش رۆژنامەی **«المنارالکردی»** کە زمانی حاڵی **یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە ئەورووپا**، دەستی کرد بە پەلاماردانی مامۆستا جەواد مەلا و تەلەفزیۆنی جزیرە، چونکە باسی سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە. ئەم هەڵوێستانەی یەکێتی و پارتی نیشانی دەدا کە ئەو کوردانەی سەربەخۆن (ناحیزبین) و پێشمەرگەیان نییە پتر دەوێرن باسی سەربەخۆیی کوردستان و مافی کورد بکەن لەو حیزبانەی کە لە گەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا پێوەندییان هەیە. ئەوجا ئەوەش وەك شەرمەزارییەك لەو لاوە بوەستێ کە میشعان جبوری باسی سەربەخۆیی کوردستان بکا و حیزبەکانی کوردستان لە دژی سەربەخۆیی کوردستان قسە بکەن.

هاووڵاتە بەرێزەکان!

لێرەدا پێویستە باسێکی ئەوەش بکەم کە گەلانی لە لایەن دەوڵەتی ترکەوە زیان لێدراویش خۆیان لە یەك نێزیك دەکەنەوە. بۆ وێنە **ئازادیخوازانی کورد و یۆنانی و ئەرمەنی و قوبرسیش** لە بەرلین کۆنگرەیەکیان لە رۆژی ٢٤/٥/١٩٩٨ دا لە هۆڵی زانستگەی تەکنۆلۆژی لە بەرلین بەست بە بۆنەی **ساڵرۆژی گەلکوژی (جینۆساید)ی یۆنانییە پۆنتی یەکان** کە لە ٢٥ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩١٦ دا روویدا، واتە ساڵێك دووای گەلکوژی ئەرمەنییەکان کە بە دەستی حکوومەتی

«جۆن ترکەکان» رووی دا. کۆنگرە لە ژێر درۆشمی **«یەك تاوانکار، چەند گەلێکی جیاوازی قوربانی کراو، بە ملیۆن مرۆڤی تەفروتوونا کراو»** بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا سەتان پێوەنداری ئەم گەلانە ئامادە بوون، کە لەوێ دا بە نێوی **«جڤاتی کورد لە بەرلین»** **ووتارێکم پێشکێش کرد لە ژێر نێوی «هێشتا بە بەرێ یەوە ماوە کە گەلی کورد لە تەفروتوونا کردن رزگار بکرێ»**. هەر لەو سەمینارەدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی **بیری تورانیزم و گرسەندنی تورانێتیم** لە نیوەی سەتەی رابوردوودا کرد. ژمارەیەکی زۆر لە پێوەندارانی کورد و ئەرمەنی و یۆنانی و سرب و قوبرسی و ژمارەیەکی زۆر ئەلمان و ترکیش هاتبوون. وتووێژێکی زۆر گەرم و گورِ بەلاّم بابەتانە، گەلێك لایەنی کێشەی کورد و کێشەی گەلانی لە سەمینارەکەدا بەشداربووی رۆشن کردەوە. لایەنگرانی پێ کێ کێ نەهاتن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە.

بەرێزینە!

دەبێ ئەوە بزانین کە گەلێك کێشەی سووتێنەر هەن لە رۆژهەلاّتی ناڤیندا کە پێوەندیی راستەوخۆیان بە داگیرکەرانی کوردستانەوە هەیە. بۆوێنە: کێشەی قوبرس و دەوڵەتی ترك، کێشەی ئەفغانستان و ئێران کە لەوانەیە جەنگی گەورەی لێ ببێتەوە، وەك جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق. کێشەی بلووچستان و دەوڵەتی ئێران کە لەوانەیە بلووچستان بە یارمەتی ئەفغانستان و پاکستان خۆی لە ئێران جیا بکاتەوە. هەروەها دوژمنایەتی و ناکۆکی دەوڵەتەکانی ترك و رووسیا. ئیسرائیل و کێشەی فەلەستین، کە چارەسەر کردنی هەمیشەیی بەم زووانە نابێ، بەتایبەتی فەلەستینییەکان دەیانەوێ داخۆیانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین بکەن و قودس بە پێتەختی خۆیان بزانن. هەروەها کێشەی بەربەرەکان لە جەزائیر و تونس و مەراکیش لە دژی داگیرکەرانی عەرەب. هەروەها کێشەی گوشینی یەکان لە باشووری سۆدان. هەروەها کێشەی قیبتی یەکان لە میسر و کێشەی خوددامەکان (الخدام) لە یەمەن و کێشەی موسوڵمانە مەلا فەرمانییەکان لە جەزائیر و میسر. ئەوجا هەرەشەی ئێران و ئیسرائیل لە یەك کە دوور نییە شەرِ بقەومێ لێی. هەروەها کێشەی **«حەماس» (الحماس) و «جهادی ئیسلامی» (الجهاد الاسلامی) و ئەمەل (الامل) لە لوبنان و فەلەستین و ئیسرائیل.** هەروەها هەرِەشەی دەوڵەتی ترك لە سووریا کە لەوانەیە شەرِی

لێ ببێتەوە. بێجگە لەمانەش، لە جیهاندا گەلێك کێ بەرکێ هەیە وەك **یەکێتیی ئەورووپا دژی سەروەرێتیی ئەمریکا** کە جارێ بەنێوی یەکگرتوو (ئۆیرۆ) دەستی پێکردووە. هەروەها هەوڵدانی ژاپۆن بۆ پێشڕەویی ئابووری، هەوڵدانی چین بۆ بوونە زلهێزێکی وەك ئەمریکا. ئەوجا کێشەی هێند و پاکستان و هەڕەشە لەیەك بە چەکی ئەتۆمی و دۆزی **کشمیر** (١٣) ئەوەشمان لە بیرنەچێ کە کێشەی هەرەسهێنانی سیستەمی ئابووری لە رووسیا و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات، وای لە کۆنە کۆمۆنیستەکان کردووە کە جارێکی دی سەریان هەڵبڕنەوە. لە هەمانکاتدا مافیا و شرەخۆریی لەم وولاتانە بە تایبەتی لە رووسیا بووەتە بەرنامەی رۆژانە. شان بە شانی ئەمە کێشەی بێکاری کە ژمارەی بێکاران رۆژ بە رۆژ بەرەو بەرزییە لە ئەورووپای رۆژاوادا، بەتایبەتی لە ئەلمانیا گوڕوتینی داوەتە پەڕگرەکان (ئێکسترێمیستەکان) و، رەگەزپەرستان و، بزووتنەوەی نازێتی لە ئەلمانیادا بەهێزتر کردووە.

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان پێویستە هەموو ئەم کێشە جیا جیانە بخاتە ژێر هوردەبینی لێکۆڵینەوە و هەڵوێستی خۆی بەرامبەریان دەسنیشان بکا. ئەوەی هەموو خاوەن هەست و هەقویستێك پێی دەزانێ و، ئەورۆش بە بەڵگەوە باشتر رۆشمان کردەوە ئەمەیە کە **سیاسەتکارانی کورد و رێکخراوەکانی کوردستان لە ئاستی ئەو بارودۆخەدا نین کە بەسەر کوردستان و رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهان دا تێدەپەڕێ.** کوردستان پێویستی بە هەموو کوردێکە بۆ رزگاربوونی. هەوڵدانی حیزبێك، یان تاقمێك، یان دەستەیەك بە تەنێ، ناتوانێ ببێتە هۆی رزگارکردنی کوردستان. هەروەها هەوڵدانی حیزبێك، یان دەستەیەك، یان تاقمێك بۆ نەهێشتنی حیزبێك و تاقمێك و دەستەیەکی دیکە لە خۆکوژی بەولاوە هیچی دیکە نییە. ئەوجا ئێستە بۆ ئەوەی رۆنتر بیخەمە بەرچاو کە ئەم حیزب و کۆمەڵە و رێکخراوانەی کوردستان لە پایەی رووداوەکاندا نین، پێویستە ئەو کارانە بخەینە بەرچاو کە لە پاش جەنگی دووەمی کەنداوەوە، واتە لە مانگی نیسانی ١٩٩١ ەوە کە هەرێمی ئاسایش دامەزراوە بە نێوی: Operation Provide Comfort کە دەیانتوانی بیکەن، بەڵام نەیانکردووە:

(١) ــ دەیانتوانی کاتێك کە سەددام هێزەکانی خۆی لە سێ ستانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کێشایەوە، ئەوانیش دەسبەجێ بانگی سەربەخۆیی ئەو نێوچەیە بدەن. ئەوجا ئەگەر بهاتایە و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکە پەلاماریان بدایەتە سەر ئەو نێوچەیە، ئەوا ئەو دەم چونکە خۆشەویستیی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە کورد بەهێز بوو، **سەرۆك فرانسوا میترانیش** هێشتا مابوو، ئەوا لە گەلێك لاوە یارمەتی کورد دەدرا. خۆ ئەگەر سەربەخۆیی ئەو نێوچەیە سەری نەگرتایە، ئەوا هەر بە بەرژەوەندیی کورد تەواو دەبوو. **لەوانەش بوو هەرێمی ئاسایش بێتە پرۆتێکتۆراتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان هی هەر دەوڵەتێکی دیکەی رۆژئاوایی.**

(٢) ــ دەیانتوانی پاش ئەوەی **پەرلەمانی کوردستان** دەنگی بۆ **سیستەمی فیدەراڵی** دا، **کۆماری فیدەراڵی کوردستان** دەسبەجێ یەك لایەنە داخویانی بکەن و، **دەستوورێکی بنچینەیی** بۆ کۆماری فیدەراڵی کوردستان دابنێن و، لە هەڵبژاردنێکی گشتی دا سەرکۆمار دەستنیشان بکەن و، **ئاڵای کوردستان** بخەنە سەر پەرلەمان و شوێنە گشتییەکان. ئەو حەلە **کۆماری فیدەراڵی کوردستان** ئەگەر هیچ دەوڵەتێکیش بە رەسمی دانی پێدا نەنایە، **دێ فاکتۆ** Defacto دەبوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. **کۆماری ترکەکانی قوبرس**، هیچ دەوڵەتێك بێجگە لە دەوڵەتی ترك دانی پێدا نەناوە، بەڵام دێ فاکتۆ دەوڵەتێکە و هەیە.

(٣) ـ دەیانتوانی سەرژمێرێکی گشتی بکەن لەو هەرێمەدا کە بەدەستیانەوەیە، تا بزانن ژمارەی کورد و ناکورد چەندە. **ئایە ترکمانەکان بە راستی سێ ملیۆن و نیون وەك تانسووچیلەر و ترکمانەکان خۆیان دەفەرموون.** ژن چەندە و پیاو چەندە، خوێندەوار و نەخوێندەوار چەندن. داهاتی ساڵانەی تاکە سەرێك چەندە. داهاتی گشتی چەندە. ژمارەی بێکاران گەیشتووەتە چەند. رووبەری زەوی کشتوکاڵی چەندە. چەند کرێکار و چەند جۆتکار و چەند فەرمانبەر هەن. بێگومان تا **سەرژمێرێکی گشتی** نەکرێ، هیچ پلان و نەخشەیەك ناتوانێ دابنرێ.

(٤) ـ دەیانتوانی **دراوێکی هەرێمی** بۆ کوردستان دروست بکەن بۆ کاروباری نێوخۆیی هەرێم، یان هەموو کاروبارێکی دراویی بکەنە دۆلار. چونکە تا دیناری عێراقی بەکار ببەن، ریشیان هەر بە دەست سەددامەوە دەبێ و هەر کاتێك سەددام بیەوێ، دینارەکەی دەگۆڕێ، وەکوو کردی و زیانێکی زۆری لە کورد دا.

(٥) ـ دەیانتوانی **هێزی پێشمەرگە هەڵوەشێننەوە** و، لە جیاتی ئەوە **سوپایەکی کوردستانی** دروست کەن بە سەرۆکایەتیی پسپۆڕی سوپایی. ئەو دەم ئەم شەڕە گەڕەکە و کێ بەرکێی **«پێشڕەوی»** و حیزب حیزبێنەش رووی نەدەدا. رووشی بدایە چەند دەوری تێدا نەدەدی.

(٦) ـ دەیانتوانی **هێزێکی پۆلیسیی کوردستانی** دروست کەن. هێندێك لە دەوڵەتەکانی ئەورووپا ئامادە بوون پۆلیس بۆ کورد پێ بگەیەنن. ئەوکاتە جل و بەرگ و ویستەمەنی کادری پۆلیسییان بە خۆڕایی وەردەگرت. دەوڵەتی ئەلمانیا کاتی خۆی بەڵێنێکی وای بە **مام جەلال** دابوو. ئەمەش پێش ١/٥/١٩٩٤ بوو، واتە ئەو کاتەی کە هێشتا **شەڕی پارتی و یەکێتی** دەستی پێ نەکردبوو.

(٧) ـ دەیانتوانی خۆیان پتر لە ئەمریکا و فەرەنسای سەردەمی بەهەشتی میتران و، هێندێك دەوڵەتی دیکەی ئەورووپا نێزیك بکەنەوە و، چەند فرگەیەکی ئینتەرناسیۆنالی لە رێی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە سەرپەرشتیی هەرێمی باشوور دەکەن، لە هەرێمدا دروست بکەن بۆ پێوەندیکردنی راستەوخۆ بە دەرەوە. ئەوسا دەیانتوانی گەلێك کاڵا و کەلوپەلی پێویست بهێننە کوردستانەوە و بە زووترین کات و، منەتی داگیرکەرانی کوردستان هەڵنەگرن. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی دا مەسەلەی دروستکردنی فرگەی کوردستانم چەند جار بە نامە بۆ **کاك مەسعوود و مام جەلال** نووسیوە.

(٨) ـ دەیانتوانی **لە کاتی وتووێژی پاریسدا ١٦ ــ ٢٢/٧/١٩٩٤ پڕۆژەکەی بەهەشتی میتران ئیمزا بکەن** و، **بیکەنە بەڵگەیەکی ئینتەرناسیۆنالی بۆ دواڕۆژی هەرێم و فراوانکردنی.** ئەگەر وابوایە، ئێستە چوار ساڵ بوو ئاشتی بنبەست ببوو و، لەوانەش بوو کەرکووك و مووسڵ، یان هیچ نەبێ کەرکووك، بخرێتە سەر **«هەرێمی ئاسایش»**.

(٩) ـ دەیانتوانی **پڕۆژەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی ئاسایش دا بخەنە سەر پێ.** بەتایبەتی **بەڕێز سەردار پشدەری** و هاوکارەکانی، وەك خۆیان باسی دەکەن، هەلومەرجیان بۆ ئەو پڕۆژەیە ئامادە کردبوو.

(١٠) ـ دەیانتوانی **ژمارەیەکی زۆر خوێندکار بنێرنە دەرەوەی وڵات بۆ** خوێندنی بابەتی پێویست وەك **تەکنیکی کامپیووتەر و ئەندازیاریی مەکینە و**

فرۆکەوانی. لێرەدا بەتایبەتی سووت لە دەوڵەتی رووسیا و ئەورووپای رۆژهەڵات دەبینرا کە باری ئابووری یان زۆر خراپە و ئامادەن بە پارەیەکی کەم خزمەتی باش پێشکێش بکەن.

(١١) ـ پەرلەمانی هەرێمی ئاسایش یەکەمین پەرلەمان بوو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە بە شێوەیەکی دێمۆکراتی هەڵبژێردرابێ، پاش پەرلەمانی ئیسرائیل. ئەمەش بەڵگە و بناخەیەکی پتەو بوو بۆ کورد کە پێوەی بنازێ و داوای ئەوە بکا وەك **جێگرەوە (ئالترناتیڤ)** یێك بۆ رژێمە تیرۆریستەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە رەسمی بناسرێ. بەڵام شەڕ و بەگژ یەکدا چوون و خوێنڕێژی و نابەرپرسیارێتی بەرامبەر وڵات و نەتەوە، **دەمی هەموو دوژمنانی کوردی کردەوە و دەمی هەموو دۆستانی کوردی داخست.**

(١٢) ـ دەیانتوانی **لە نێو هەرێمی ئاسایش دا هیچ نەبێ کێشەی تەلەفۆن و پۆستە و کارەبا و ئاوی خواردنەوە چارسەر بکەن.** لە ئەورووپاوە تەلەفۆن دەکرێ بۆ هەرێمی ئاسایش، بەڵام **لە سلێمانی یەوە بۆ دهۆك و لە دهۆکەوە بۆ هەولێر و لە کۆیەوە بۆ چەمچەماڵ و هەڵەبجە و کەلار تەلەفۆن ناکرێ.** پۆستەش دەبێ لە دەرەوەی **هەرێمی ئاسایش** (بۆوێنە لە ئەورووپا و ئەمریکاوە) بە دەستی بچێ و لە سەر سنوورەکان پۆلیسی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دەستی بەسەردا دەگرن.

(١٣) ـ دەیانتوانی **داهاتی کوردستان دادپەروەرانە دابەش بکەن.** چونکە **داهاتەکەی مالی هەموو کوردە، نەك مالی یەك حیزب.** زۆر جێی داخە کە کاربەدەستێکی حکوومەتی کوردستان لە سلێمانی شەش مانگ مووچە وەرنەگرێ. ئافەرینیشیان لێ بێ کە بەو جۆرەش واز لە خزمەتکردن ناهێنن. مەگەر هەر دەوڵەتی رووس وای بەسەر هاتبێ کە مانگانەی کاربەدەستەکانی پێ نەدرێ. **سەرۆکی رووس بۆریس یەلتسین هیچ نەبێ لە باتی پارە ڤۆدکا دەدا بە کاربەدەستەکانی، ئەمان ماستاویش نابەشنەوە لە جیاتی پارە.**

(١٤) ـ دەیانتوانی **ئەو پارەیەی کە دەیدەن بە چەك و تفاقی جەنگی بۆ یەك کوشتن پاشکەوتی بکەن** و لە رێی دامەزراندنی ژێرخانی ئابووریدا بیخەنە کار.

(١٥) ـ دەیانتوانی ئەگەر ئەم شەڕ و هەڵلایەیان نەکردایە، پتر لە یەکدی نێزیك ببنەوە و ئەودەمە رێ ئامادە دەبوو، یان بۆ یەکگرتنی هەردوو حیزبەکە (پارتی و

یەکێتی) و **پێکهێنانی حیزبێکی سۆسیال دێمۆکراتی بەهێز**، یان یەکگرتن لە بەرەیەکی نیشتمانی دا. ئەوددمە دەیانتوانی جەماوەرێکی یەکجار فراوان کە ئێستە سەربەخۆ وەستاون، یان دژ بە هەردوو لان، بهێننە نێو ریزەکانی خۆیانەوە و، ئەوەش بە سوودی خۆیان و کورد تەواو دەبوو.

بەشدارانی بەرێز!

وەك بۆمان دەرکەوت، دوواڕۆژی نەتەوەی کورد لە بەر رۆشنایی ئەم بارودۆخەی ئەڕۆدا تەمومژاوییە. ئەوجا ئێمە بەدەست خۆمانە ئەو تەمومژە رابدەین یان پتر لە ئێستە چرەدووکەڵی شەڕەگەرەکی نێوخۆشمانی بخەینە سەر. سەرکەوتن و بەختیاریمان لە دوواڕۆژدا، **تەنێ یەك رێیە و بەس: رێی دێمۆکراتی و رێزگرتن لە بیرورِا و مافی یەك، پێکەوە تێکۆشین شێلگیرانە بەرەو ئامانج، پاراستنی ئاشتی و چارسەر کردنی کێشەکان بە وتووێژ، راگرتنی بەرژەوەندیی گشتی لە سەروو بەرژەوەندیی تایبەتی و بنەماڵەیی و حیزبایەتی و هۆزایەتی و نێوچەییەوە. ئەوەش نەك هەر بە قسە بەڵکوو بە کردەوە. بەکورتی دەبێ ئەوانەی دڵسۆزن بزووتنەوەیەکی جەماوەریی نەتەوەیی فراوان بهێننە کایە لە شێوەی دەستپێشکەریی رۆشنبیرانەدا، نەك لە شێوەی رێکخراوێکی حیزبیدا کە بانگی خۆپەرستی و خۆ بەزلزانین و بەرچاوتەنگیی سیاسی بدا بەگوێمان دا.**

بەشدارانی بەرێزی سەمینار!

بەم شێوەیە قسەکانی ئەورۆی من لەم سەمینارەدا کۆتایی هات. هیوام وایە سەرم نەیەشاندبن بەڵکوو کارێکی وام کردبێ کە زات بنێمە بەر هێندێکتان بۆ هێنانە سەر زمانی ئەو هەستەی کە لە نێو دڵ و دەروونی هێندێکتان دا پۆنگی خواردووەتەوە و رووی ئەوەتان نییە دەریببڕن. خۆ ئەگەر قسەیەکیشم کردبێ و بووبێتە هۆی دلشکانی هێندێکتان، ئەوا تکایە لێم ببوورن. **چونکە هەق رەقە و ئەز هەر کسێکم خۆش بوێ، درێخی ناکەم لەوەی لە گەڵی راست و رەوان بم.ئەوجا پێی خۆش بێ یان پێی تاڵ بێ، ئەوە بەلامەوە وەك یەکە.** لەم رووەوە بەتەنگ دڵی کەسەوە نیم. کوردیش لە کۆنەوە گوتوویانە: **«دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ و دوژمن ئەوەیە دەتکەنێنێ».** هیوام وایە پاش ئەم گریانە دووروردرێژەمان، بەم زووانە

هەمووەمان پێکەوە دەست بە پێکەنین بکەین و گاڵتەمان بە هەڵسوکەوتی رابوردووی خۆمان بێ، بەنیازی راستکردنەوە و لێ فێربوونی.

سەربەرزی بۆ بیری ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ!

سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هەموو لایەنەکانی بێ جیاوازی!

ئافەرین لە ئێوەی بەرێز کە ئەم کۆنگرەیەتان بەکردەوە خستە سەرپێ!

سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی نەتەوەی ئازادیخواز و ئاشتی پەروەری کورد!

بژی یادی هاوبیری کۆچکردوو رەهبەر جەلال مامەش!

بژی کورد و بژی کوردستان!

ژێدەرەکان

(١) ــ **کوردستانی سوور!** پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤێت، کۆمارێکی ئۆتۆنۆمی دار بە دەستپێشخەری **لێنین**، لە سەرەتای بیستەکاندا دروست بوو. ئەم کۆمارە نێوچەی **کەلباژار و لاچین و کوبادلی و زەنگیلانی** گرتبووە و، کەوتبووە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان و، هەتا **سنووری رۆژهەڵاتی کوردستان** (ئێران) درێژ بووبووەوە. پاش مردنی **لێنین**، کاربەدەستە تورانی یەکانی ئازەربایجان **ستالین** یان هاندا لە کورد بە نێوی ئەوەوە کە گوایە کورد **«دژی سیستەمی سۆڤێت و کۆمۆنیزم و داردەستی بەرەی رۆژاوان»**. **ستالین** لە کورد هار بوو و، کۆمارە ئۆتۆنۆمی دارەکەی هەڵوەشاندەوە و، بە هەزاران کوردی ئەو هەرێمەی کۆچ پێدا بۆ **سیبریا و کازاخستان** کە زۆریان لە رێ مردن. پاش ئەوە" **کوردستانی سوور**" نووسێنرا بە ئازەربایجانەوە. ئەوجا **ترکە ئازەرییەکان** زمانی کوردی یان رێنەدا بخوێنرێ و، رێشیان نەدا کە کوردەکان لە تۆماری دەوڵەتی و دەزگە بەرێوەبەرەکاندا خۆیان بە کورد نێونووس بکەن. شایانی باسە کە **کۆمۆنیستەکان و ئەو حیزبانەی بەنێوی «کوردستانی» یەوە کار دەکەن**، شان بە شانی **کۆمۆنیستە عەرەب و ترک و فارسەکان**، ئەم راستی یەیان لە خەڵك دەشاردەوە، هەتا رووخانی ئیمپراتۆریی رژێمی سۆڤێتی. ئەز وەك تاکە کوردێك باسی ئەم ناڕەوایی یەی رژێمی سۆڤێتیم دەکرد. لەبەر ئەوە زۆرناژەنەکانی **سۆڤێت** بە هەموو جۆرێك بەریەرەکانێی منیان دەکرد، چونکە نەیاندەویست رووی رەشی رژێمی تاوانباری سۆڤێت و ستالینی مرۆڤخۆر دەربکەوێ. پاش رووخانی رژێمی سۆڤێت، کوردەکانی ئەوێ، بەپێچەوانەی گەلە ترکەکانی سۆڤێتەوە کە هەموو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێکەوە نا، نەیانتوانی **کۆماری کوردستانی سۆر** دروست بکەنەوە. خاکەکەیان ئێستە بەشێکی لە لایەن **ئەرمەنی یەکان** و، بەشێکی دیکەی لە لایەن ئازەری یەکانەوە داگیرکراوە. کەچی ئەوڕۆش حیزبە کوردییەکان هەر باسی "چوارپارچە"ی کوردستان دەکەن. ئەم "**چوارپارچە**"ش شتێکی نوێیە، چونکە هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر هەر باسی "**سێ پارچە**" دەکرا، دەیانگوت "**لە سووریا**

کوردستان نییە".

(۲) — مەبەست لە **«سێمینەی حەدیس»** لە لای کورد ئەو باوەڕە گەلەکی (شعبی) یە کە بە پێی وی گوایە **پەیامبەری موسوڵمانان (د)** گوتوویەتی **ئەگەر شتێك دووجار رووی دا، ئەوا بۆ سێیەمین جاریش روو دەداتەوە.** بە عەرەبی: **«لایثنی الا وقد یثلث»**.

(۳) — پاش مردنی **هەژار** کتێبێك لە لایەن **خانی** کوڕیەوە بە نێوی **«چێشتی مجێور»**ە وە بلاو کرایەوە. چونکە هەژار وەسێتی کردبوو پاش مردنی بلاو بکرێتەوە. ئەم **«چێشتی مجێور»**ە بەسەرهاتی هەژارە. ئەز وەك مرۆڤێك کە لە رۆژانی دەربەدەری و تەنگانە و خۆشاردنەوەی هەژاردا لە شاری بەغدا دۆستێکی نێزیکی هەژار بووم و، پێویستی سەرشانی دۆستایەتیی خۆشم بەرامبەر هەژار بەجێ هێناوە و، تەنانەت هەژار ئەم دۆستایەتی یەی بەهۆنراوە باسکردووە، ئەگەرچی هۆنراوەکەی نەخستووەتە نێو پەرتۆکی هۆنراوەکانی یەوە، دیارە ئاگام لە هێندێك لایەنی ژیان و هەڵسوکەوت و، رەوشت و خووی هەژار هەیە و مافی ئەوەشم هەیە یەك دوو قسە لەو بارەیەوە بکەم.

ئەز هەژارم لە سەرەتای پەنجاکاندا لە رێی **مام جەلال**ـەوە ناسی، ئەوەش لە سەر داخوازیی هەژار خۆی، پاش ئەوەی چەند وتارێکی منی لە رۆژنامەکانی بەغدا دا خوێندبووەوە کە بە نێوی خواستەمەنی **«ج ـ کلۆڵ»** ەوە دەمنووسین. هەژار کابرایەکی یەکجار قسەخۆش و گاڵتەزانێکی کەم وێنە بوو. بەرەورووی زۆر زمانلووس و لە پاشملەش بە دەگمەن کەسێکی دەبوارد کە تیزێکی پێوەنەکا، یان کرمێك لە دەستی دا نەدۆزێتەوە. لە هۆنراوە داناندا بەهرەیەکی باش و شێوەیەکی رەوانی هەبوو. هەژار دوو تایبەتکاری هەبوو کە مرۆڤ زۆر درەنگ تێیان دەگەیشت. یەکەم: پارەپەرستی و پووڵەکێتی و، دووەم: سپڵەیی و پێنەزانی. پێموایە بەهەشتی **سەرۆك بارزانی** و بەرێز **جەلال پێتووشی** تەنێ دوو کەسن کە بەرامبەر چاکەکەیان لە گەڵ هەژار پلاری تێ نەگرتبن. لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە لە «چێشتی مجێور» بکۆڵمەوە، چونکە ئەو هەویرە زۆر ئاو دەکێشێ. بەلام ئەگەر هێندێك هەواڵ و دەنگوباس و چیرۆکی راست و ناڕاستی لێ دەربکەین، ئەوا کەسایەتیی هەژار بە هەردوو لای **ئەرێتی و نەرێتی** یەوە دەردەخا.

(٤) ــ پاش رووخانی **کۆماری کوردستان** گەلێك کوردی رۆژهەڵات دەربەدەر بوون و رایانکردە **«یەکێتی سۆڤێت»**. هەر لەو کاتەشدا گەلێك لە ئەندامان و لایەنگرانی **«فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان»** و **توودەییەکانیش** رایانکردبووە ئەوێ. ئازەری یەکان بەزۆری لە باکۆ جێگیربوون. **ئەوکاتە ستالین میری سەربەری ئیمپراتۆرێتیی سۆڤێت بوو**. ئازەری یەکـــان بە هۆی **جافەری باقرۆفەوە** کـە **«سەرکۆمار»ی** ئازەربایجانی ئەو کاتە و کابرایەکی تۆرانی بوو، توانیـان وێستگەیەکی رادیۆ بۆ خۆیان وەربگرن بە نێوی «**وێستگەی رادیۆی دێمۆکراتی ئازەربایجان**»ەوە کە هەموو شەوێك نیوکاتژمێر بە ترکی ئازەری و نیوکاتژمێر بە فارسی و نیو کاتژمێر بە کوردی پرۆگرامی بلاو دەکردەوە. **عەلی گەلاوێژ و رەحیمی قازی** کە دوو کوردی هەڵاتوو و ئەندامی **«فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان»** بوون، ئەم پرۆگرامە کوردییەیان دەبرد بەرێوە. رۆژنامەیەکیشیـان بە کـوردی بە نێوی **«کوردستان»**ەوە دەردەکـرد، کـە ئەوەش وەك پرۆگـرامی رادیۆ پرۆپاگـەندە بوو بۆ رژێمی سۆڤێت و ستالین. هاوینی ساڵی ١٩٥٣ و لە ئەنجامی ئەوەدا کە رژێمی **دوکتۆر موسەدیق** دەیویست نێوانی خۆی لە گەڵ رژێمی سۆڤێت دا چاك بکا، سۆڤێت ئەو رادیۆیەی راگـرت. بەڵام "**رۆژنامەی کوردستان**" جاروبار دەردەچوو، هەتا ئەو کـاتەی **«فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان»** و **«حیزبی توودەی ئێران»** یەکیـان گرتەوە، ئەوسا رۆژنامەی **«کوردستان»**یش وەستێنرا. لە سـاڵی ١٩٥٦دا **دوکـتۆر ئەورەحمـانی قـاسـملو** و چەند برادەرێکی خـۆی هەڵاتبـوونە باشـووری کوردستان و بەدزییەوە لە دەوروبەری سلێمانی دەژیان. خودێ لێخۆش بوو **مامۆستا تۆفێق وردی** پێـوەندیی لە گـەڵ هێندێك لەو کـوردانە هەبوو و، منیش لە رێی **مامۆستا وردی** یەوە یەك دووانێکیـانم ناسی. لە کـاتی یەکدی بینیندا باسی ئەوە کرا کە رۆژنامەی کوردستـان دەربچێتەوە. پاش ماوەیەك، لە پاییزی ١٩٥٦دا، **دوکتۆر قاسملو** هات بۆلام بۆ قوتابخانەی دووانێوەندیی «موسەڵلا» لە کەرکووك و خۆی بە نێوی **«هەباسی ئەنوەری»**یەوە بەمن ناساند و گوتی **«لە سەر راسپێری مـامۆستـا وردی هاتووم بۆ لات و، ئێمـە (واتە ئەوان ــ ج. ن) بڕیارمـانداوە کە رۆژنامـەی کـوردستـان دەربکەینەوە، بەڵام هیچ پارەمـان نییـە. لەبەر ئەوە تەمـر (پوول)مـان چاپکردووە و ئەو تەمـرانە دەفـرۆشین و بەپارەکـەی رۆژنامـەکـەمـان**

دەردەکەینەوە.تەمرەکانیشمان لای مامۆستا وردی داناوە. ئەو پارەکە کۆدەکاتەوە و دەیگەیەنێ پێمان».

لەوە بەدوواوە دەستمان کرد بە چالاکییەکی باش و پارەیەکی چاك کۆکرایەوە بۆیان و، ئەوجا **رۆژنامەی کوردستان**، یان یەك ژمارە، یان چەند ژمارەیەکی کەمی لەو ماوەیەدا دەرچوو.

(٥) ـ کاتێك ئەم سەمینارە پێشکێش کرا هێشتا **گێرهارد شرۆیدەر** نەبووبوو بە کانسلەری ئەلمانیای فیدەرال، بەلاّم دووایی بوو بە **کانسلەری ئەلمانیا** پاش سەرکەوتنی حیزبەکەی **(سۆسیال دێمۆکرات)** لە هەڵبژاردندا. **شرۆیدەر** بەرلەوەی بیێتە **کانسلەر**، خۆی زۆر بە دۆستی کورد دەدایە قەڵەم و هاوڕێتی یەکی زووی هەبوو لە گەڵ هێندێك سیاسەتکار و کسایەتیی کورد، بەتایبەتی لە گەڵ **جەلال بارزانی**، بەتایبەتی ئەو سەردەمەی کە **جەلال بارزانی لە مارکت هالەی شاری هانۆڤەر** دوکانی خواردەمەنی و خواردنەوەفرۆشی هەبوو لە نێزیك مەڵبەندی حکوومەتی هانۆڤەر و، زوو زوو چاویان بە یەك دەکەوت. وێنەیەکی ئەو سەردەمەم لاهەیە کە **جەلال بارزانی لە نێوان گێرهارد شرۆیدەر و ژنەکەی شرۆیدەرەوە نیشان دەدا**. ئێستە کە شرۆیدەر بووەتە کانسلەری ئەلمانیای فیدەرال، دیارە جەلال خۆشی هەستی بەوە کردووە کە ئەو هاوڕێیەتییەیان "مۆدێلەکەی بەسەر چووە".

(٦) ـ کاتێك ئەم سەمینارە پێشکێش کرا، هێشتا بەرێز **عەبدوڵلاّ ئۆجەلان (ئاپۆ)** لە **سووریا** بوو، بەلاّم دەنگ هەبوو کە سووریا دەیەوێ لە ژێر گوشاری **دەوڵەتی ترك** و رەچاوگرتنی هێندێك بەرژەوەندیی خۆیدا لە سووریا دەری بکا. دووایی ئەوە بوو لە سووریا دەرکرا و هاتە ئیتالیا و ماوەیەك لە ئیتالیا مایەوە و ئەوجا هێندێك ئەملا و ئەولای کرد تا لە کێنیا گیرا و کەوتە دەست رژێمی ترك و خرایە **زیندانی ئیمرالی یەوە**. بێگومان هەڵوێستی **ئاپۆ** و حیزبەکەی **(پ.ک.ک)** پێش گرتن و پاش گرتنی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی بابەتانەی هورد هەیە کە دەبێ بە سەمینارێکی تایبەتی ئەنجام بدرێ، نەك لە ژێدەرێکدا.

(٧) ـ خۆشبەختانە **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران** لەم دووایی یەدا بۆ وتووێژ کردن لە گەڵ رژێمی ئێران هێندێك لەم سەرەتایانەی کردە مەرج. وتووێژی ئاشکرا و بەسەرپەرشتی دەوڵەتێکی بێ لایەن، وەك دەبێژن مەبەستی حیزبی

دێمۆکرات لەوە دەوڵەتی فەرەنسایە.

(٨) ـ ئەم ژێدەرە پاشکۆیەکە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٠ دا نووسراوە.

فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی **ترک** بە بیانووی سەرکوتکردنی چەکدارەکانی پێ کێ کێ وە لە **رۆژانی ١٥ و ١٧ی مانگی تەباخ (ئاب)ی ٢٠٠٠ دا** کەوتنە بۆمبابارانکردنی **نێوچەی کەندەکۆ و خنێر** و دەور و پشتیان. لە ئەنجامی ئەم دەستدرێژییە تێرۆریستانەیەدا، ٤٤ کوردی خەڵکی باشوور کە زۆربەی زۆریان ژن و زارۆ و شوان بوون شەهید بوون و، لە ٧٠ کەس پتریش بریندار بوون. رژێمی ترک لە سەرەتاوە نکۆڵی دەکرد ودەیگوت «شتی وانەبووە». **کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان (K.N.C.) و پارتی دێموکراتی کوردستان (PDK) و پارتی کۆمۆنیستی کوردستان** (PKOK) کەوتنە ئاواڵە کردنی ئەم تاوانە و تەنانەت **KNC** بلاڤۆکی بە چەند زمانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەسەر دەرکرد و، رۆژنامەی سویسرەیی بەنێوبانگ Neue Zürcher Zeitung لە ژمارە (١٩٦) رۆژی ٢٠٠٠/٨/٢٤ دا ئاماژەی بۆ وتووێژێك کردبوو کە لە گەڵ نوێنەری **KNC** لەم بارەیەوە کردبووی. ئەوجا رژێمی ترک ناچار بوو بێژێ کە ئەو کارە "بەهەڵە" رووی داوە و، "لێی دەکۆڵێتەوە" و " ئامادەیە پارە بدات بە کەسوکاری کوژراوەکان".

٩ ـ ئەم ژێدەرە پاشکۆیە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٠ دا نوسراوە.

سەرتیپی پاسدار **محەممەد باقیر زولقەدر (محمد باقر ذولقدر)** «جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی ئێران» لە رۆژی سێ شەممەی ٢٠٠٠/١٠/١٠ دا بە هەواڵگوزاری **«ئیسنا»**ی گۆت:

«وێژە و زمانێك کە سەرکۆمار **(خاتەمی)** بەکاری دەبا جۆرێکە کە سەری لە رۆژئاوایی یەکان تێکداوە و فریویان خواردووە پێی». هەروەها پەسنی (مدح) خاتەمی دا و گوتی ئەم سیاسەتەی خاتەمی بووە بە هۆ **ئەوەی دژ وەستاو ببێتە پێچەوانە وەستاو و، پێچەوانە وەستاویش ببێتە لە گەڵ وەستاو!** دوایی گوتی ئەم سیاسەتەی خاتەمی بووەتە هۆی ئەوەی «رەوتە رامیارییەکانی دەرەوەی وڵات لەم سێ ساڵەی دواییدا بپەشۆکێن ... لەم رووەوە مەترسیی ئاسایشانە بۆ رژێمی

ئێران کەم بووەتەوە ... ». دەقە فارسی یەکەی بەم جۆرەی خوارەوەیە:
«ادبیات و زبانی که رئیس جمهوری به کار میبرد، بەگونەای است که غربیها را دچار اشتباه کرده و فریب خوردەاند. سیاست خاتمی در تبدیل معاند به مخالف و تبدیل مخالف به موافق ... این سیاست موجب شده که جریانهای سیاسی خارج کشور در سه سال اخیر منفعل شدەاند ... خطرات امنیتی علیه نظام از این بابت کم شدەاست». (تەماشای **رۆژنامەی «کیهان»** چاپ لندن ژمارە ٨٢٨، ١٨/١٠/ ٢٠٠٠ بکە». لەم رووەوە پێشبینی یەکامان لەبارەی خاتەمی یەوە لە سەمینارەکەدا بەڕاست ئەڕا. ئەوەتە پاش دوو ساڵ یەکێك لە خۆیان ئەم راستییەی درکاند.

لە رۆژی ٢٤/٧/٢٠٠٠ دا کاتێك **خامنەیی** لە شاری **ئەردەبیل (ئازەربایجان)** قسەی بۆ خەڵك دەکرد ماوەیەك بە شێوەی ترکی ئەو نێوچەیە قسەی کرد و گوتی ئێران لە چەند گەلێك پێکهاتووە و بەرلە هەموویان لە ترك و فارس. ترك و فارس براێن چونکە هەردووکیان موسڵمانن، ئەز بۆخۆم گوێم لە دەنگی بوو لە رادیۆ. ئەم قسانە بە چەپڵەڕێزانی ترکزمانەکانی ئەردەبیل وەرام درایەوە و دەرکەوت ئەو قسەیەی کەلەم سەمینارە و لە مانگی ئوکتۆبەری ١٩٩٨ دا لەم بارەیەوە گوترا راستی راست بوو.

(١٠) ـ ئەم مەلا حەسەنی یە کە کابرایەکی ترکی دوژمن بە کورد و نوێنەری خامنەیی یە لە ورمێ زۆر دەوڵەمەند و پارەدارە و خاوەن کێڵگە و باخ و زەوی و زارێکی زۆرە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە کۆنەپەرستی و دوواکە[وتوو]ییدا گەیشتووەتە پلەیەك کە خەڵکی ورمێ ـ کە هیچ جۆرە هۆیەکی رابواردنیان نییە ـ رۆژانی هەینی دەچن بۆ گوێگرتن لە قسەکانی کە مرۆڤ دەهێننە پێکەنین. مەلا حەسەنی لە یەکێك لە گوتارەکانی دا فەرمووی: **«ژنان سێ بەشن، ژن هەن نەسەریان دادەپۆشن و نەدەمووچاویان دادەپۆشن، ئەوانە وەك پاس وانە، هەمووکەسێك دەتوانێ سواریان بێ. ژن هەن سەریان دادەپۆشن، بەڵام دەموچاویان رووت دەکەن، ئەوانە وەك تاکسی وانە، هەر چەند کەسێك دەتوانێ سواریان بێ. بەڵام ژن هەن سەریشیان دادەپۆشن و دەموچاویشیان دادەپۆشن وەك ژندگەی بەندە، ئەوانە هێسترن، هەر یەکێك دەتوانێ سواریان بێ».**

که خەڵکەکە گوێیان لەم فەلسەفەیە بوو، هاواریان کرد "ئەللاهوئەکبەر" (الله اکبر).

(١١) ـ خومەینی لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراقدا سوور بوو لە سەر ئەوەی کە شەڕ ناوەستێنێ تا نابووتیی **سەددام** و دەیگوت **«رێی قودس بە کەربەلادا دەڕوا»**. بەڵام پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە جەنگ دەدۆڕێنێ ناچار بوو شەڕ راگرێ و بڵێ **«ئەمە پیالەیەك ژەهرە بەڵام وا دەینێم بەسەرمەوە»**.

(١٢) ـ ئەم پێشبینی یە هاتە دی و ساڵێك دووای ئەوە لەشکری هێندستان کشایە **کشمیری پاکستانەوە**.

سەرنج! ئەم پاشکۆیە درێژەپێدانە بە ژێدەری (١٢) کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠ دا نووسراوە!

رژێمی ئێران لەم رۆژانەدا (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠) لە رێی ناردنی وەزیری دەرەوەی **کەمالی خەرازی** یەوە بۆلای **سەددام حسێن تکریتی**، هەوڵی ئەوە دەدا کە رێککەوتننامەی ملهوڕانەی دژ بە کوردی **«جەزائیر»** کە لە مارتی ١٩٧٠ دا لە نێوان شای لێخراو و سەددامی تکریتی دا مۆر کرا جارێکی دی زیندوو بکاتەوە. ئەمەش هەر بۆ خراپەکاری دژی کورد و بەربەرەکانێی تێکۆشینی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان. ئەگەنا سەددام ساڵی ١٩٨٠، لەبەر چاوی ملیۆنان تەماشاکەرانی تەلەفزیۆن کاغەزی رێککەوتننامەی جەزائیری دڕاند و سووتاند و هەشت ساڵ خوێنی خەڵکی ئێرانی رشت. **خومەینی** دەیگوت: **«رێی چوونە قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ»**. ئەوجا ئێستە رژێمی ئێران باسی ئەو ملیۆنە ئێرانی یە ناکا کە لە ئەنجامی پەلاماری سەددامەوە بۆ سەر ئێران کوژران و، باسی چەند سەت ملیاردێك زیانی لێ کەوتووی خۆی ناکا، دەیەوێ پەیمانی جەزائیر زیندوو بکاتەوە، چونکە رژێمی مەلاکانیش، هەروەك رژێمی شا، هەموو شتێك دەکا بەقوربانی ئەوەی کورد هیچ جۆرە ئازادییەکی دەست نەکەوێ. بەڵام وادیارە هێندە کورتبینن نازانن ئەو سەردەمەی کە پەیمانی جەزائیری تێدا بەسترا زۆر زۆر جیاوازە لە ساڵی ٢٠٠٠. ئەوەشمان نابێ لەبیربچێ کە بەستنی «پەیمانی جەزائیر» لە گەڵ سەددامی تکریتی هۆیەك بوو لەو هۆیانەی کە رژێمی حەمەڕەزا خانیان دا بەزەویدا. ئەوەی بژی دەبینێ!.

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران – هەولێر

٧٦– ناڵەی بەفر و پشکۆی ئاگر، هیوا سەعید، سلێمانی: چاپخانەی سیما، ٢٠٠٧، ١٤١ل. (شیعر).

٧٧–ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، جەمال نەبەز، هەولێر: چاپخانەی منارە، ٢٠٠٧، ٣٢٤ل. (مێژووی کورد).

Jemal Nebez

The Kurdish Identity And The National Question of Kurdistan

in the light of five seminars
and scientific lectures
held in Europe 1984-1998